هەرێمی کوردستان ــ عێراق

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان/ خوێندنی باڵا

# تیۆری جەنگی ڕەوا و ئاشتی جیهانی

(لێکۆڵینەوە لە جەنگی دژ بە تیرۆر)

تێزی دکتۆرایە، لەلایەن خوێندکار

**زانا تۆفیق کاکەامین**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، وەک بەشێک لە پێویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی (دکتۆرای فەلسەفە) لە زانستە ڕامیارییەکاندا

بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆری یاریدەدەر

**دکتۆر ئومێد ڕەفیق فتاح**

١٤٤٢ کۆچی   ٢٧٢٠ کوردی   ٢٠٢٠ زاینی

# بەڵێننامە

من (زانا تۆفیق کاکەامین) بەڵێن دەدەم ئەم تێزی دکتۆرایە، کە ناونیشانەکەی بریتییە لە (تیۆری جەنگی ڕەوا و ئاشتی جیهانی (لێکۆڵینەوە لە جەنگی دژ بە تیرۆر)، هەمووی کاری ڕەسەنی تاکەکەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێداوە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان تویژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردوە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەرربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردوە.

واژۆ:

ناوی خوێندکار: زانا تۆفیق کاکەامین

بەروار:

# پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

دەستنوسی ئەم توێژینەوەیە، بەناونیشانی (تیۆری جەنگی ڕەوا و ئاشتی جیهانی (لێکۆڵینەوە لە جەنگی دژ بە تیرۆر)، کە لەلایەن خوێندکار (زانا تۆفیق کاکەامین) پێشکەشکراوە، بەسەرپەرشتی من لە (کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان _ زانکۆی سلێمانی) ئەنجامدراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا لە (زانستە ڕامیارییەکان)دا.

واژۆ:

ناو:پ.ی.د. ئومێد ڕەفیق فتاح

بەروار:

# پێداچوونەوەی زمانەوانی

بۆ بەڕێز: لیژنەی خوێندنی باڵا/ کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان/ زانکۆی سلێمانی

من کە ناوم (پ.ی.د.شێروان حسێن حمد)ە، هەڵگری بڕوانامەی (دکتۆرا)، لە پسپۆڕی (زمانی کوردی)، پێداچونەوەی زمانەوانیم بۆ ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدا، بەناونیشانی (تیۆری جەنگی ڕەوا و ئاشتی جیهانی (لێکۆڵینەوە لە جەنگی دژ بە تیرۆر)، لەلایەن خوێندکار (زانا تۆفیق کاکەامین) پێشکەشکراوە، سەرجەم هەڵەکانم بۆ چاککردووتەوە و لەبەرئەوەش لە خوارەوە واژۆم کردوە،

واژۆ:

ناوی سیانی: پ.ی.د.شێروان حسێن حمد

بەروار:

# پێشنیازی سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا

بەپێی ئەو پێشنیازانەی کە کراون، ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (تیۆری جەنگی ڕەوا و ئاشتی جیهانی (لێکۆڵینەوە لە جەنگی دژ بە تیرۆر)، لەلایەن خوێندکار (زانا تۆفیق کاکەامین) وە ئامادەکراوە، پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ دەکەم.

واژۆ:

ناوی سیانی:

بەروار:

# بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم توێژینەوەیەمان خوێندەوە، بەناونیشانی (تیۆری جەنگی ڕەوا و ئاشتی جیهانی (لێکۆڵینەوە لە جەنگی دژ بە تیرۆر) لەلایەن خوێندکار (زانا تۆفیق کاکەامین)وە پێشکەشکراوە، لەگەڵ خوێندکاردا، گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و گوێمان لە بەرگرییەکانی گرت، پاشان بڕیارماندا، کە شایستەیە بڕوانامەی دکتۆرای لە (زانستە ڕامیارییەکان)دا پێبدرێت بە پلەی (                    ).

سەرۆکی لیژنە

واژۆ:

ناو: پ.د. انور محمد فرج

بەروار:    /    /

ئەندام

واژۆ:

ناو: پ.ی.د.نجدت صبری اسماعیل ئاکرەیی

بەروار:    /    /

ئەندام

واژۆ:

ناو:پ.ی.د. کنعان حمەغریب عبدالله

بەروار:    /    /

ئەندام

واژۆ:

ناو: پ.ی.د. کمال عبدالله حسن

بەروار:    /    /

ئەندام

واژۆ:

ناو: پ.ی.د زمکان علی سلیم

بەروار:    /    /

ئەندام و سەرپەرشتیار

واژۆ:

ناو: پ.ی.د ئومێد رفیق فتاح

بەروار:    /    /

# ڕاستاندنی ئەنجومەنی کۆلێج

ئەنجومەنی (کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان/ زانکۆی سلێمانی) لە کۆنووسی دانیشتنی ژمارە (   ) لە بەرواری (    /    /    ) بڕیاری لیژنەی گفتوگۆی تێزی دکتۆرای خوێندکار (زانا تۆفیق کاکەامین)ی بەناونیشانی (تیۆری جەنگی ڕەوا و ئاشتی جیهانی (لێکۆڵینەوە لە جەنگی دژ بە تیرۆر) پەسەند کرد و بڕیاریدا، کە بڕوانامەی دکتۆرای لە (زانستە ڕامیاریەکان)دا پێبدرێت.

واژۆ:

ناو: پ.ی.د. عابد خالد رسول

ڕاگری کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان/ زانکۆی سلێمانی

بەروار:    /    /

## پێشکەشە بە:

- دایک و باوکم ......... ئومێدی تەمەنی درێژیان بۆ دەخوازم.
- خوشک و براکانم ......... بە ئومێدی بەختەوەریان.
- قوربانیانی جەنگ.
- هەمو ئەوانەی لە پێناو ئاشتیدا کار دەکان.

**توێژەر**

## سوپاس و پێزانین

دوای سوپاس و ستایشی یەزدان، سەرەتا سوپاسی بێپایانم بۆ مامۆستای ئازیزم (پ.ی.د. ئومێد ڕەفیق فتاح)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی تێزەکەی گرتە ئەستۆ و بە خستنەڕوی سەرنج و پێشنیار و هاندانەکانی سودمەند و هاوکارم بو. سوپاس و پێزانین بۆ هەریەکە، لە بەڕێزان (پ.د. ئەنوەر، پ.ی.د. عابد، پ.ی.د .احسان، پ.ی.د. دانا)، کە لە میانەی کۆرسی دکتۆرا وانەیان پێداین. زۆر سوپاس بۆ ڕاگریەتی کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان و سەرۆکایەتی بەش و خوێندنی باڵا. سوپاسی زۆرم بۆ مامۆستایانم لە ئەندامانی لیژنەی گفتۆگۆ، کە بە تێبینی و پێشنیارەکانیان توێژینەوەکەیان بە پێزتر کرد. هاوڕێی خۆشەویست و دڵسۆزم (م. عبدالله قادر فقێ)، کە هەمیشە هاوکار و پاڵپشتم بوە. هەروەها سوپاس و پێزانین بۆ سەرنج و تێبینیەکانی (د.ڕێباز ڕەسول). سوپاسی زۆرم بۆ هەمو ئەو هاوڕێ و مامۆستا خۆشەویستانەی، بە هەرجۆرێک بێت هاوکار و یارمەتیدەر بون.

**توێژەر**

# پوختە

مۆڕاڵی جەنگ و دەستێوەردانی سەربازی بە یەکێک لە بابەتە ئاڵۆز و پڕ مشتومڕەکانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت. لەم نێوەندەشدا، تیۆری جەنگی ڕەوا نەریتێکی فەلسەفی و ئەخلاقییە بۆ ڕەوایەتیدان بە جەنگ لە پێناو دەستەبەرکردنی ئاشتی و دادپەروەری جیهانیی. بە گوێرەی بنەما ئەخلاقیەکانی ئەم تیۆرە، ڕودانی جەنگ بەشێوەیەکی ڕەوا پێویستی بە کات و بارودۆخی دیاریکراو هەیە. بابەتی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی لە پەیوەندی نێوان مۆڕاڵ و جەنگی دژ بە تیرۆر دەبینێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە ئامانجی توێژینەوەکە گەڕانە بەدوای ئەو پرسیارەی کە ئایا جەنگی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە ڕێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە عێراقدا جەنگێکی ڕەوایە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشت بە گریمانە و لێکدانەوەکانی تیۆری جەنگی ڕەوا دەبەستێت. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بە میتۆدی جۆرایەتی، شیکردنەوە بۆ پرسەکانی ئەم کەیسە بکات. لە ئەنجامیشدا، بەپێی پراکتیزەکردنی بنەماکانی ئەم تیۆرە، گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە ئەم دەستێوەردانە ڕەوایەتی دەستپێکردنی جەنگی هەبوە بۆ بەرپەچدانەوەی مەترسی و هەڕەشەکانی تیرۆر و ڕێگریکردن لە قوربانی زیاتر. بەڵام لەهەمانکادا ناتوانین بڵێین کۆتایەکی ڕەوای هەبوە، لەبەرئەوەی دادپەروەری و ئاشتی ئەو پێوەرەن، کە ڕەوایەتی جەنگ جیادەکەنەوە لە شێوازەکانی تری دەستێوەردان. لە کۆتاییدا، ئەم جەنگە نەبۆتە هۆی هێنانەدی دادپەروەری و ئاشتی درێژ مەودا. چونکە شکستی داعش لە ڕوی سەربازییەوە بە مانای کۆتایی توندونیژی نییە. بۆیە پێشبینی ناکرێت لە داهاتوێکی نزیکدا بونیادنانی ئاشتی و سەقامگیری دەستەبەربکرێت و سەرهەڵدانەوەی گروپ و ڕێکخراوی تیرۆرستی تر ئەگەرێکی کراوەیە.



**ووشە کلیلییەکان:** جەنگ، تیۆری جەنگی ڕەوا، تیرۆر، یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی، داعش، هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی، ئاشتی، دادپەروەری، دوای جەنگ.

# ناوەڕۆک

**بابەت** **لاپەرە**


پێشکەشکردن ........ ز

سوپاس و پێزانین ........ ح

پوختە ........ ط

لیستی خشتە و هێلکارییەکان ........ ع

پێشەکی ........ ١_٨

**بەشی یەکەم: جەنگ و ئاشتی، کارەکتەر و شوناس ٩-٣٣**

١.١دەسپێک ........ ٩

٢.١ تێگەیشتن لە جەنگ ........ ١٠

١.٢.١ تێگەیشتنی سیاسی بۆ جەنگ ........ ١١

٢.١ ٢ تێگەیشتنی سۆسیۆلۆژی (کۆمەڵایەتی) بۆ جەنگ ........ ١٣

٢.١ ٣. تێگەیشتنی سەربازی بۆ جەنگ ........ ١٤

٢.١ ٤ تێگەیشتنی یاسایی بۆ جەنگ ........ ١٥

١.٢.٥ تێگەیشتنی ئابوری بۆ جەنگ ........ ١٦

٣.١ شوناسی تازەی جەنگ دوای جەنگی سارد (دەرکەوتنی جەنگە نوێیەکان) ........ ١٧

١.٣.١ ئەکتەرەکان (Actors) ........ ١٩

٣.١ ٢ ئامانجەکان (Goals) ........ ١٩

٣.٣.١ شێواز و ڕێگاکان (Methods) ........ ٢٠

٤.٣.١ پاڵپشتی دارایی (Financing) ........ ٢٠

٤.١ تێگەیشتن لە چەمکی ئاشتی (Peace) ........ ٢٧

١. ٥ ڕەگەزەکانی ئاشتی ........ ٣٠

١.٥.١ ئاسایش (Security) ........ ٣٠

٢ .٥.١ دادپەروەری (Justice) .......... ٣١

٣.٥.١ ئاشتەوایی (Reconciliation) .......... ٣١

٦ .١ ئەنجام .......... ٣٢

**بەشی دووەم: چەمک و سەرهەڵدانی تیۆری جەنگی ڕەوا ٣٤–٥٧**

١ .٢ دەسپێک .......... ٣٤

٢.٢ چەمکی جەنگی ڕەوا .......... ٣٤

٣.٢ تیۆری جەنگی ڕەوا لە قۆناغی کلاسیکیدا .......... ٣٨

٢. ٣. ١بیرکردنەوەی جەنگی ڕەوا لە یۆنانی کۆندا .......... ٣٩

٢.٣.٢ جەنگی ڕەوا لە قۆناغی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما .......... ٣٩

٤.٢ تیۆری جەنگی ڕەوا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا .......... ٤٠

٤.٢ .١ تێڕوانینەکانی ئاگۆستین (St. Augustine of Hippo) .......... ٤٠

٢. ٢.٤ تۆماس ئەکویناس (Thomas Aquinas) .......... ٤١

٤.٢ .٣ ڤیکتۆریا (Vitoria) .......... ٤٢

٥.٢ ڕێککەوتننامەی ئاشتی وێستفالیا و بە سیکۆلاربونی تیۆری جەنگی ڕەوا .......... ٤٣

٢. ٥. ١هۆگۆ گرۆشیۆس (Hugo Grotius) .......... ٤٤

٦.٢ تیۆری جەنگی ڕەوا لە قۆناغی هاوچەرخ .......... ٤٦

٢. ٦. ١مایکڵ وَڵزەر (Michael Walzer) .......... ٤٧

٢.٦.٢ حاڵەتی لە ناکاوی باڵا (Supreme emergency) .......... ٤٩

٢. ٧ بەجیهانیبونی تیۆری جەنگی ڕەوا .......... ٥١

٨.٢ دەستتێوەردانی مرۆیی و تیۆری جەنگی ڕەوا .......... ٥٢

٩.٢ تیۆری جەنگی ڕەوا و بەرپرسیاریەتی پاراستن .......... ٥٥

١٠.٢ ئەنجام .......... ٥٧

**بەشی سێیەم: بنەماکانی تیۆری جەنگی ڕەوا ٥٩– ٨٠**

١.٣ دەسپێک .......... ٥٩

٢.٣ بنەمای یەکەم: مافی چونە جەنگ (right to war) jus ad bellum ..........................................................٥٩

٢.٣ .١ هۆکارێکی ڕەوا (Just cause) ..........................................................٦٠

٢.٣ .٢ نیەتێکی دروست (Right intention) ..........................................................٦١

٣.٢.٣ کۆتا بژاردە (Last resort) ..........................................................٦٥

٣. ٤.٢ ئەگەری سەرکەوتن (likelihood of success) ..........................................................٦٦

٢.٣. ٥ دەسەڵاتێکی شەرعی (Legitimate Authority) ..........................................................٦٧

٢.٣. ٦ هاوڕێژەبون پێش دەستپێکردنی جەنگ (Proportionality ad Bellum) ..........................................................٦٨

٣.٣ بنەمای دووەم: ڕەفتار و مامەڵەی جەنگ (the conduct of war) jus in bello ..........................................................٦٨

٣.٣ .١ جیاکاری (Discrimination) ..........................................................٦٩

٣.٣. ٢هاوڕێژەبون" (تناسب) (Proportionality) ..........................................................٧١

٣. ٣. ٣ بەکارنەهێنانی چەکی قەدەغەکراو ..........................................................٧١

٣.٣. ٤ جیاکردنەوەی ئامانجی مەدەنی لە ئامانجی سەربازی ..........................................................٧٢

٤.٣ بنەمای سێیەم: دادپەروەری دوای جەنگ (Jus Post Bellum (Justice after war ..........................................................٧٣

١.٤.٣ قەرەبوکردنەوە و مافی چارەی خۆنوسین ..........................................................٧٧

٢.٤.٣ داماڵینی چەک و چاکسازیکردن ..........................................................٧٧

٣.٤.٣ دادگایکردنی تاوانباران و بەرپرسیاریەتی ..........................................................٧٨

٣. ٥ ئەنجام ..........................................................٧٩

| بەشی چوارەم: ڕەوایەتی جەنگ لە تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا | ٨١-١٠٣ |
|---|---|

٤. ١ دەسپێک..........................................................٨١

٢.٤ تیۆری ئاشتیخواز (Pacifism) ..........................................................٨٢

٣.٤ ڕیاڵیزم (Realism) ..........................................................٨٥

٤. ١.٣ ڕیاڵیزمی کلاسیک: سروشتی مرۆڤ، دەوڵەت و جەنگ ..........................................................٨٥

٣.٤. ٢ ڕیاڵیزمی نوێی: سیستەمی نێودەوڵەتی و جەنگ ..........................................................٨٦

٤.٤ تیۆری جەنگی ڕەوا وەک ئاستێکی هاوبەش ........ ٨٨
٤. ٥ لیبراڵیزم و جەنگ ........ ٩١
٦.٤ تیۆری فیمینیزم و جەنگ ........ ٩٤
٤. ٧ تیۆری بونیادگەرایی و جەنگ ........ ٩٦
٨.٤ تیۆری مارکسیزم و جەنگ ........ ٩٨
٩.٤ تیۆرە نۆرماتیڤەکان و جەنگ ........ ١٠٠
٩.٤. ١ کۆمەڵگەرایی (communitarianism) ........ ١٠٠
٩.٤. ٢ گەردونگەرایی ( Cosmopolitanism) ........ ١٠٠
٩.٤. ٣ ئەنجامگەرایی (Consequentialism) ........ ١٠١
٤. ٩. ٤ ئەرکگەرایی (Deontology) ........ ١٠٢
٤. ١٠ ئەنجام ........ ١٠٣

## بەشی پێنجەم: تیۆری جەنگی ڕەوا و تیرۆریزم ١٠٤-١٣٠

٥. ١ دەسپێک ........ ١٠٤
٥. ٢ چەمکی تیرۆر ........ ١٠٥
٣.٥ تیرۆریزمی کۆن و نوێ ........ ١١٢
٤.٥ ڕەوایەتی کردەوەی تیرۆر ........ ١١٣
٥.٥ پەیوەندی نێوان جەنگ و تیرۆر ........ ١١٧
١.٥.٥ تیرۆریزم وەک ململانێ چەکداری نێودەوڵەتی ........ ١١٨
٢.٥.٥ تیرۆریزم وەک ململانێ چەکداری نادەوڵەتی ........ ١٢١
٦.٥ تیۆری جەنگی ڕەواو تیرۆریزم ........ ١٢٤
٧.٥ شێوازەکانی ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆر ........ ١٢٦
٨.٥ ئەنجام ........ ١٢٩

## بەشی شەشەم: جەنگی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش لە عێراق ١٣١-١٦٤

٦. ١ دەسپێک ........ ١٣١

٢.٦ داعش: باكگراوندی مێژوویی، سنووری جوگرافی، بیروباوەڕ، پەیکەری خەلافەت
و قەبارەی هێزی سەربازی ........................................ ١٣٢
١.٢.٦ دەوڵەتی ئیسلامی (داعش): باكگراوندی مێژوویی ........................................ ١٣٢
٦. ٢.٢ ئایدۆلۆژی دەوڵەتی ئیسلامی ........................................ ١٣٥
٢.٦. ٣ قەبارەی هێزی سەربازی ........................................ ١٣٧
٤.٢.٦ تاوانەكانی دەوڵەتی ئیسلامی ........................................ ١٣٩
٥.٢.٦ حكومڕانی ڕێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ........................................ ١٤٢
٦.٢.٦ هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی جیهان (Threat to World Peace) ........................................ ١٤٦
٣.٦ پێكهێنان و پۆلێندبەندی هاوپەیمانەتییەكان ........................................ ١٥٣
٤.٦ هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی داعش ........................................ ١٥٩
٥.٦ ئەنجام ........................................ ١٦٣

**بەشی حەوتەم: ڕەوایەتی جەنگی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش _عێراق ١٦٤- ٢٠٦**

٧. ١ دەسپێك ........................................ ١٦٥
٧. ٢ هۆكارێكی ڕەوا ........................................ ١٦٦
٧. ٣ نیەتێكی دروست ........................................ ١٦٨
٧. ٤ دەرفەتی سەركەوتن ........................................ ١٦٩
٧. ٥ دوابژاردە ........................................ ١٧٣
٧. ٦ دەسەڵاتێكی ڕەوا (بنەما یاساییەكانی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش) لە عێراق ........................................ ١٧٦
٧. ٦. ١ بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش (U.N. Security Council Authorization) ........................................ ١٧٧
٧. ٦. ٢ ماددەی (٥١) لە پەیماننامەی نەتەوە یەكگرتوەكان ........................................ ١٨٠
٧. ٦. ١.٢ بەرگری بە كۆمەڵ (Collective Self-Defense) ........................................ ١٨١
٧. ٦. ٢.٢ مافی بەرگری ڕەوا (The Right to Self-defence) ........................................ ١٨٣
٧. ٦. ٣ ڕەزامەندی (Consent) ........................................ ١٨٧

٧. ٦. ٤ دەستێوەردانی مرۆیی ........ ١٩١

٧.٧ ئامراز و ڕەفتاری جەنگ ........ ١٩٤

٧. ٧. ١ هاوڕێژەیی ........ ١٩٤

٧. ٧. ٢ جیاکاری کردن ........ ١٩٩

٧. ٨ ئەنجام ........ ٢٠٦

**بەشی هەشتەم: دادپەروەری و ئاشتی دوای جەنگ (Jus Post Bellum) لە جەنگی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش لە عێراق ٢٠٨–٢٥٠**

١.٨ دەسپێک ........ ٢٠٨

٨. ٢ دادگایکردنی تاوانبارانی جەنگ و بنەمای لێپرسراویەتی ........ ٢٠٩

٨. ٢. ١ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (International Criminal Court) ........ ٢١٠

٨. ٢. ٢ دادگای کاتی نێودەوڵەتی (ad hoc tribunal) ........ ٢١٣

٨. ٢. ٣ دادگای تێکەڵاوی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی (Hybrid Court) ........ ٢١٥

٨. ٢. ٤ دادگا ناوخۆییەکان (نیشتمانییەکان) و دۆسیەی تاوانەکانی داعش ........ ٢١٨

٨. ٣ بونیادنانی ئاشتی و ئاسایش لە دەوڵەتێکی شکستخواردو ........ ٢٢٥

٨. ٣. ١ ئاڵنگاری بونیادنانی ئاشتی و ئاشتبونەوە ........ ٢٢٥

٨. ٣. ٢ شەرعیەتی لاواز (Poor legitimacy) ........ ٢٢٩

٨. ٣. ٣ نەبونی دەسەڵات و توانا (Lack of authority) ........ ٢٣٠

٨. ٣. ٤ پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە و چەک داماڵین (disarmament issue) ........ ٢٣٤

٨. ٣. ٥ پرسی گەڕانەوەی ئاوارەکان ........ ٢٣٩

٨. ٤ ئایندەی ئاشتی دوای کەوتنی داعش ........ ٢٤٣

٥.٨ ئەنجام ........ ٢٥٠

**دەرئەنجام و پێشنیار ........ ٢٥١**

**لیستی سەرچاوەکان ........ ٢٥٦**

**پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی ........ ٢٨٨**

**پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی ........ ٢٨٩**

# لیستی خشتە و هێلکارییەکان

**خشتەکان** **ژمارەی لاپەرە**


خشتەی ژمارە: (١-١) ژمارەی جەنگەکان لە نێوان دەوڵەتان و جەنگە ناوخۆییەکان ١٩٤٥-٢٠١٤ ..................... ١٦

خشتەی ژمارە: (١-٢) تایبەتمەندییەکانی جەنگ ١٤٠٠-٢٠٠٢: ئامانجەکان و شەڕکەرەکان .............................. ٢١

خشتەی ژمارە: (١-٣) تایبەتمەندییەکانی جەنگ ١٤٠٠-٢٠٠٢: ڕەفتار و ئامادەکاری ......................................... ٢٢

خشتەی ژمارە: (١-٤) بەشێک لە تایبەتمەندی نێوان جەنگی کۆن و جەنگی نوێ. ............................................... ٢٥

خشتەی ژمارە: (٥-١) پۆلێنبەندی تیرۆریزمی کۆن و نوێ. ................................................................................ ١١١

خشتەی ژمارە: (٥-٢) جیاوازی نێوان شێوازی ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆریزم ....................................................... ١٢٨

خشتەی ژمارە: (٦-١) ڕەوتی گەشەکردنی ناوی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ............................................. ١٣٢

خشتەی ژمارە: (٦-٢) هێرشە تیرۆرستیەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە ئاستی جیهان لە ساڵی ٢٠١٦ ................ ١٤٨

خشتەی ژمارە: (٦-٣) ڕێژەی پشتگیری ڕای جیهانی دژ بە داعش .................................................................. ١٥٠

خشتەی ژمارەی: (٨-١) بەربەستەکانی گەڕانەوەی ئاوارەکان و هۆکارەکانی ناسەقامگیری ........................... ٢٣٨


**هێلکارییەکان**


هێلکاری ژمارە: (٤-١) بنەمای جیهانی تیۆری ڕیاڵیزم و تیۆری جەنگی ڕەوا ................................................... ٨٩

هێلکاری ژمارە: (٨-١) مۆدێلی گشتی دەرکەوتنی داعش ........................................................................... ٢٣١

# پێشەکی

بەکارهێنانی توندوتیژی لە پێناو ئامانجی سیاسیی بابەتێکی نوێ نییە. ئەمەش ئەو ڕاستییە دێنێتەئاراوە، کە جەنگ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی_سیاسی لە مێژینەیە و ڕەگوڕیشەیەکی زۆر کۆنی هەیە. ئاشکرایە، بۆ ماوەی چەندین سەدەیە بابەتی جەنگ وەک دیاردەیەکی مێژوی و مرۆیی بۆتە پرسێکی پڕ مشتومڕی توێژەران. هەروەها مێژوی جەنگ بریتییە لە مێژوی پاساوهێنانەوە، بۆیە بە درێژای ئەوماوەیە بیانوی سەربازی، ئاینیی، یاسایی و ئەخلاقی بۆ جەنگ هەبون. لەم نێوەندەشدا، بابەتی ئەخلاق وەک بنەمایەکی گرنگ لە ئارگیومێنتەکان دەربارەی جەنگ و ململانێی چەکدارییەکان دادەنرێت. هەروەها ڕۆڵی ئەخلاق و پەیوەندی بە سیاسەت و هێزەوە بە یەکێک لەبەرجەستەترین بابەتەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی دادەنرێت. ئەم پرسە بۆتە بەشێکی گرنگ لە پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، یاسای دەستێوەردانی مرۆیی و ئاسایشی جیهانی. چونکە یەکێک لە تەوەرە سەرەکیەکانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان خۆی لە بابەتی بەکارهێنانی هێز و کێشەکانی پەیوەست بە جەنگ و ئاشتی لە یەکلایکردنەوە ململانێیەکاندا بینیوەتەوە. بڕیاردان لەسەر ئەوەی، کە لە چ کاتێکدا جەنگ ئەبێتە پێویستی؟ کام لە جۆرەکانی جەنگ ڕەوا دەبن؟ ئەو دەسەڵاتە کێیە، کە بڕیار لەسەر ئەمە دەدات؟ نیەت و ئامانجی جەنگ دەبێت چۆن بێت؟ هەروەها چۆن دادپەروەری لە دوای جەنگ بەدەست دەهێنرێت؟ کۆی ئەمانە پرسیار گەلێکن، کە هەریەکە لە لێکۆڵەرانی بواری یاسای نێودەوڵەتی، فەلسەفەی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە بەردەوامی لە هەوڵی ئەوەدان کە چۆن وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە.

لە ڕوانگەی تیۆرییەوە، چەندین تیۆرو ڕێبازی سەرەکی هەن بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی بنەماو تێڕوانینە گشتییەکانی ئەم بابەتە، یەکێک لەو تیۆرە سەرەکیانەی کە بنەمای ئەخلاقی دەکاتە پێوەری سەرەکی بۆ شیکردنەوەی دیاردەکانی پەیوەست بە جەنگ و ڕەوایەتیدان بە بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی لە پێناو بەدەستهێنانی ئاشتی بریتییە لە تیۆری جەنگی ڕەوا (Just war theory). بنەماو تێڕوانینەکانی ئەم تیۆرە بە چوارچێوەیەکی گشتی دادەنرێن بۆ ڕێکخستنی ململانێ و توندوتیژییەکان، هەروەها ئەم تیۆرە دەیەوێت وەڵامی ئەوە بداتەوە، کە چ شێوازێک لە جەنگ ڕەوا دەبێت. لەم چوارچێوەیەدا، تیۆری جەنگی ڕەوا بریتییە لە مۆڕاڵی سەربازی، کە تیایدا گرنگی بەلایەنی مۆڕاڵی جەنگ دەدات. بنەماکانی ئەم تیۆرە خاوەنی مێژوێکی دور و درێژن و بە پێی قۆناغە جیاوازەکان، گۆڕانکاری تێیاندا ڕویداوە، بە جۆرێک کە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئاسایشی نێودەوڵەتی بگونجێت. لە قۆناغی هاوچەرخیشدا، ئەم تیۆرە ڕەوتێکی خێرای بەخۆیەوە بینی، بنەڕەتی ئەو ڕەوتە بریتی بوە لە پێداچونەوە و پەرەسەندنی بەردەوامی بنەما مۆڕاڵییەکان. سەرەڕای تێگەیشتنی جیاواز و نەبونی کۆدەنگیەکی گشتی دەربارەی پێناسەی ئەم تیۆرە و جیاوازی کردن لە نێوان جەنگێک، کە ڕەوا و ڕاست بێت لەگەڵ جەنگێکی ناڕەوا، بەڵام زۆرینەی دەوڵەتان و سەرکردە سیاسییەکانی ئەمرۆی جیهان بنەماو پرانسیپەکانی تیۆری جەنگی ڕەوا قبوڵ دەکەن. بۆیە لە

چوارچێوەی مۆراڵی ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆر و چارەسەری ململانێکان، تیۆری جەنگی ڕەوا دەبێتە بژاردەیەکی گرنگ بۆ بڕیاربەدەستان لە ڕەوایەتیدان بە گرتنەبەری سیاسەتی سەربازی.

بۆیە جەنگ لە هەندێک حاڵەتدا دەبێتە پێویستی بۆ ڕێگریکردن و کۆتایهێنان بە وێرانکاری و هێرشکردنە سەر ژیانی مرۆڤایەتی و گێڕانەوەی بارودۆخی سەقامگیر و ئاشتی. لە ڕابردودا دیاردەی جەنگ ڕاستەوخۆ پەیوەندیدار بوە بە دەوڵەتانی خاوەن سەروەرییەوە، کە لە نێوان دەوڵەتە بەهێزەکان ڕویدەدا، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا گەورەترین و مەترسیدارترین هەڕەشەکان بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان بریتی نین لە هەڕەشەی سەربازی دەوڵەتە بەهێزەکان، بەڵکو گروپە تیرۆریستییە سنوربڕەکانن، کە وەک کارەکتەرێکی نادەوڵەتی بە هەڕەشەی سەرەکی دادەنرێن. لە ڕابردودا دەوڵەتی نەتەوەیی مۆنۆپۆڵی بەکارهێنانی هێزی کردوە، بەڵام لە ئێستادا ڕۆڵی کارەکتەر نادەوڵەتییەکان بە یەکێک لە بابەتە هەرە گرنگەکانی ململانێی چەکداری دادەنرێت. چەندین هێز و گروپی توندڕەوی سنوربڕ دروست بون، کە کاریگەریان لەسەر ڕێڕەوی ڕووداوەکان پەیداکردوە.

لەدوای ڕوداوە تیرۆریستیەکانی١١سێپتەمبەر، پێکهێنانی هاوپەیمانێتیە سەربازییەکان پێویستیەکی نوێی کۆمەڵگای نێودەوڵەتین. بۆیە دەوڵەتان هاوکاری یەکتر دەکەن بۆ قەدەغەکردن و ڕیشەکێشکردنی کردەوە تیرۆرستییەکان، کە هەڕەشەیەکی سەرەکین بۆ ئاشتی و ئاسایشی جیهان. ئەم هاوکارییە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆریزم خۆی دەبینێتەوە لە هاوپەیمانیەتی سەربازی کە زیاتر لە دەوڵەتێک بەشدارە بۆ ئەنجامدانی کردەوەی سەربازی دەوڵەتی سێیەم و ئەو ناوچانەی کە گروپە چەکدارەکان تێیدا چالاکی ئەنجامدەدەن. دەرکەوتنی ڕێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی و گەشەسەندن و فراوانبونی بەشێوەیەکی خێرای وایکرد، کە هاوپەیمانیەتەییەکی سەربازی بێتەکایەوە بۆ وەڵامدانەوەی هەڕەشەکانی ئەم ڕێکخراوە تیرۆرستیە.

**پرسیارە سەرەکیەکان و کێشەی ئەم توێژینەوەیە**

تیرۆر و چۆنیەتی وەڵامدانەوەی هەڕەشەکانی بابەتێکی گرنگی نێودەوڵەتییە، ئەوەی لەوەش زیاتر جێگەی بایەخە بریتییە لە ئاشتەوایی و بونیاتنانەوەی قۆناغی دوای جەنگ. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدەت بۆ دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارێکی سەرەکی، کە ئامانجی توێژینەوەکەی پێوەبەندە، ئەویش ئەوەیە کە چۆن دەوڵەتان و کارەکتەرەکانی تر بیانو دەهێننەوە بۆ بەکارهێنانی هێز لەچوارچێوەی جەنگی ڕەوادا؟ هەروەها ئەم پرسیارە لەسەر کەیسی دیاریکراو دەخرێتەڕو، کە تا چەند جەنگی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژ بە ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لە ڕوی ئەخلاقییەوە ڕەوایەتی وەردەگرێت؟ هەروەها پاسا و بنەماکانی تیۆری جەنگی ڕەوا چین لە ڕەوایەتیدان بە جەنگ؟

لە پێناو وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سەرەکیەدا، پێویستە قسە لەسەر چەند پرسێکی تر بکەین، بۆیە لە رێگەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە ئەم بابەتە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت:

- تێگەیشتنەکان بۆ جەنگ چین؟

- تیۆری جەنگی ڕەوا چییە؟ لە قۆناغی کلاسیک و مۆدێرندا چۆن ئەم تیۆرە گەشەی کردوە؟
- بنەما سەرەکییەکانی ئەم تیۆرە چین؟ گرنگترین ئەو مەرجە بنەڕەتیانە چین کە تیۆری جەنگی ڕەوا لە خۆی دەگرێت؟

– تیرۆریزم چییە؟ ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوان تیۆری جەنگی ڕەواو تیرۆریزم؟ ئایا کردەوە تیرۆریستییەکان ڕەوایەتیان هەیە؟

– هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی چۆن پێکهاتوە؟ گرنگترین بنەما یاساییەکانی هاوپەیمانییەتی دژ بە داعش چین؟ و چۆن گەشەیان کردوە؟

- ڕۆڵی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی لە دادگاییکردنی تاوانبارانی جەنگ چۆن دەبێت؟

– دادپەروەری دوای جەنگ چۆن بەدەست دەهێنرێت؟

– تا چەند ئەم جەنگە ئەگەری سەرکەوتنی هەیە؟ ئایا چۆن پێناسەی سەرکەوتن دەکرێت لە دوای جەنگ؟

**گریمانەی توێژینەوەکە**

دیارترین گریمانەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لەوەی کە ئەگەر جەنگی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش لە عێراق لە هەڵگیرسانیدا ڕەوایەتی هەبێت، ئەوا ناتوانین گریمانەی ئەوە بکەین، کە جەنگەکە کۆتایەکی ڕەوایی هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی پرسیار و گومان لە ڕەوایەتی ئەم دەستتێوەردانە سەربازییە. چونکە نەبۆتەهۆی دەستەبەرکردنی ئاشتی و سەقامگیری و نەهێنانەدی دادپەروەری و پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان. لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە، ئاماژەیەکی باش بۆ ڕەوشی ئاشتی و دادپەروەری لە قۆناغی دوای جەنگ بونی نییە. لەبەرئەوەی دادپەروەری و ئاشتی ئەو پێوەرانەن، کە ڕەوایەتی جەنگ جیادەکەنەوە لە شێوازەکانی تر جەنگ.

**گرنگی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر بابەتێکی فرە ڕەهەند و چەندین بواری لێکۆڵینەوە لە مافەکانی مرۆڤ، بنیادنانی ئاشتی، بە ئەنجامگەیاندی دادپەروەری و سیاسەت و ستراتیژییەکانی پاراستنی کەسانی مەدەنی لە کاتی جەنگدا لەخۆدەگرێت. لەم بارەیەوە ئەم توێژینەوەیە، لێکۆڵینەوە لە هەمبەر ئەم پرسانە دەکات، کە چۆن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە

نەگەیشتن بە بونیادنانی ئاشتیدا دوچاری بوەتەوە. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە سەرباری کارێکی زانستی و لێکۆڵینەوەیی، توێژینەوەکە دەبێتە سیاسەت (پۆڵەسی) و ستراتیژێک بۆ بڕیارِ بەدەستان لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی عێراقدا، کە لە پرۆسەی بەڕێوەچونی جەنگی دژ بە تیرۆر و قۆناغی دوای جەنگ سودی لێوەربگرن، ئەویش لە ڕێگەی هێنانەکایەوەی ڕێگەچارەی هەمیشەیی و واقیعبینانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

هەرچی ئامانجی توێژینەوەکەشە، خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە لێکدانەوەیەکی ورد و زانستیانە بۆ پرسیارە سەرەکیەکانی بخاتە بەردەست. جگە لە ئاماژەپێکردنی بە تیۆری جەنگی ڕەوا، توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ لێکدانەوەی چەمکی جەنگ و ئاشتی لە پێناو باشتر تێگەیشتن لە پرسەکانی پەیوەست بە ئەم بابەتەوە. لە میانەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، هەوڵی دەرخستن و جێبەجێکردنی گریمانەکانی ئەم تیۆرە لەسەر هاوپەیمانییەتی جەنگی دژ بە (داعش) لە دوای ساڵی ٢٠١٤ دەدرێت.

**میتۆدی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە بەپشتبەستن بە میتۆدی جۆرایەتی (Qualitative method)، شیکردنەوەیەکی فرەڕەهەند بۆ پرسەکان دەکات. میتۆدی جۆرایەتی بە یەکێک لە میتۆدە سەرەکیەکان دادەنرێت بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی توێژینەوەکان. میتۆدی جۆرایەتی گونجاوە بۆ بەکارهێنانی ئەم توێژینەوەیە بەهۆکاری ئەوەی کە جەخت دەکاتەوە لەسەر تێگەشتنەکان و ڕەخنە و شیکردنەوەکان لە پێشخستنی تیۆرەکاندا، کە ئەمەش لە کۆتایدا دەبێتە تێگەیشتنی زیاتر لە دیاردە کۆمەڵایەتیەکاندا.[1]

بە پشتبەستن بە ڕوانگەی تیۆری جەنگی ڕەوا، لێکدانەوە بۆ کەیسی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لە عێراق دەکات، چوارچێوەی مەودای توێژینەوەکەش تەنها پەیوەستە بە کەیسی عێراق. لێکۆڵینەوەی کەیس (Case studies) بە یەکێک لە میتۆدە سەرەکیەکانی توێژینەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت. لێکۆڵینەوەی کەیس کێشە ئاڵۆزەکان بە شێوازێکی ڕونتر دەخاتەڕو بەشێوەیەک کە زانیاری زیاتر و ئەزمونی زیاتر دێنێتەکایەوە و دەیخاتە پاڵ توێژینەوەکانی پێشوتر ئەنجامدراون.[2] هەر بۆیە ڕۆبرت ین (Robert Yin) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات، کە بریتییە لە تاقیکردنەوەیەکی کرداری بۆ دیاردە هاوچەرخەکان لە ناو بارودۆخی ژیانی

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم میتۆدە بروانە :

Bryman, Alan. *Social research methods*. Oxford university press, 2016 and Flick, Uwe. *An introduction to qualitative research*. Sage Publications Limited, 2018.

[2] Yin, Robert. "case study research. Beverly Hills." (1984):2.

ڕاستەقینەدان. (ڕۆبرت ین) دەڵێت لێکۆڵینەوەی کەیس وەک ستراتیژێکی توێژینەوە بەکاردەهێنرێت، کاتێ کە پرسیارەکان بە چۆن؟ بۆچی؟ دەستپێدەکات و هەروەها توێژینەوەکە پەیوەندی هەیە بە دیاردەیەک کە باکگراوندێکی واقعی هەبێت.[1]

زۆرێک لە تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بابەتی جەنگیان وەک بابەتێکی گرنگ کردۆتە بەشێکی سەرەکی لە تێگەیشتن و گریمانەکانی خۆیان. هەریەکە لەم تیۆرانە بەپێی تێڕوانینی خۆیان ڕاڤەی چەمک و سروشتی جەنگیان کردوە. دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت، کاتێک کە باسی بنەمای مۆڕاڵی دەکەین، وەک چوارچیوەیەکی گشتی بۆ شکردنەوەی چەمکی جەنگ مشتومڕو گفتۆگۆیەکی زۆر دەردەکەوێت لە نێوان سێ تیۆری سەرەکی لەوانە تیۆری جەنگی ڕەوا (Just war theory)، تیۆری ئاشتیخواز (Pacifism) و ڕیاڵیزم (Realism). هەریەکە لەم تیۆرانە تێڕوانینی جیاوازیان سەبارەت بە پرسیاری سەرەکی ئەم بابەتەوە هەیە. لێرەدا ئێمە جەخت لە گریمانەکانی تیۆری جەنگی ڕەوا وەک ڕێبازێکی پێوانەی تیۆری سیاسی دەکەینەوە، تیۆری جەنگی ڕەوا تیۆریەکی پەیوەست و بەسودە وەک ئامرازێک بۆ شیکردنەوەی گۆرانکارییە سیاسی و ئاسایشیەکان. کە بەپێی تیڕوانینی ئەم تیۆرە بێت، جەنگ لە باری مۆڕاڵییەوە ڕێگەپێدراوە لە چەند بارودۆخێکی دیاریکراو سنوردار لە چوارچێوەی ئەو بنەماو پرانسیپانەی کە ئەم تیۆرە دەیان خاتەڕو وەک پاڵنەر و سروشت و ئامانجەکانی جەنگ.

**سنوری توێژینەوەکە**

لە ڕوی بابەتی و شوێنی ئەم توێژینەوەیە، لە چوارچێوەی جەنگی دژ بە تیرۆردا پەیوەستە بە لێکۆڵینەوەی جەنگی هاوپەیمانییەتی نیودەوڵەتی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)[2] لە عێراقدا. لە ڕوی کاتیشەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕۆڵ و ڕوانگەی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی لەسەرەتای دەستپێکردنیەوە تا کۆتای دەگرێتەخۆ و هەروەها ململانێ و چەمکی دادپەروەری و ئاشتەوایی دوای جەنگ لە عێراقدا نیشان دەدات. لەڕوی ئەکتەرەکانیشەوە، ئەگەر لە ڕابردودا تیۆری جەنگی ڕەوا پەیوەست بو بێت بە سنوردانان بۆ ڕەفتاری دەوڵەت، دوای ئەو گۆڕانکاریانە، خستنەڕوی پرسی ئەم تیۆرە پەیوەست بە کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان دەبێتە شێوازێکی نوێ لە توێژینەوەی سیاسی. بۆیە پێکهێنانی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی لە ساڵی (٢٠١٤)وە دژ بە داعش لە چوارچێوە ئەم تیۆریەدا شیدەکرێتەوە.

---

[1] Yin, Robert K. "Case study research: Design and methods (Vol. 5)." (2003):5.

[2] نەتەوە یەکگرتوەکان و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و دەوڵەتانی تر، کورتکراوەی (ISIS) کە بە مانای (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) بەکاردەهێنن. بۆیە لەم توێژینەوەدا سەرەڕای بەکارهێنانی ناوی (داعش)، ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیش بەکاردەهێنرێت.

## توێژینەوەكانی پێشتر

ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بە بونی گرێدانی تیۆری و پراكتیكی لە كەیسێك، كە پێشتر بە زمانی كوردی و عەرەبی و تەنانەت بە زمانی ئینگلیزیش توێژینەوەیەكی ورد و گشتگیری لەسەر نەكراوە. بەڵام چەند كارێكی لە شێوەی وتار هەن، كە دەكرێت لێرەدا بخرێنەڕو وەك توێژەر فێرناندۆ تیسۆن (Fernando R. Tesón) لە یەكێك لە نوسینەكانی كە لە وێبسایتی (lawfareblog) بابەتێك بە ناونیشانی داعش و تیۆری جەنگی ڕەوا (ISIS and Just War Theory) دەخاتەڕو، كە تێیدا لێكدانەوەی بۆ هۆكار و نیەت و ئامانجەكانی ئەم جەنگە دەكات لە چوارچێوەی ئەم تیۆرەدا. لەم بابەتەدا تەنها بەشێوەیەكی كورت ئاماژە بە بۆچونی چەند ڕایەكی توێژەرانی تیۆری جەنگی رەوا وەك (مایكل ۆڵزەر و جێف ماكماهان) كراوە.

هەروەها هەر دوو توێژەری ئەمەریكی ڕۆبێرت شارپ و جێنفەر جێفرێز (Robert Sharp and Jennifer Jefferis) لە وتارێكیاندا لە (The National Interest) بە ناوی (A "Just" War against ISIS?)، ئەم تیۆرە بەكاردەبەن بۆ لێكدانەوەی جەنگی دژ بە داعش، لای ئەوان بە یەكەوە گرێدانی ئامراز و ئامانجەكان هەنگاوێكی گرنگە بۆ لێكدانەوەی جەنگی دژ بە داعش. بابەتێكی تر لە پەیوەندی نێوان تیۆری جەنگی ڕەوا و جەنگی دژ بە داعش پەیوەستە بە گولیەم دەیڤد بلانت (David Blunt Gwilym)، كە لە بلۆگی تایبەتی زانكۆی ئۆكسفۆرد پرسیارێك لەسەر ڕەوایەتی كەمپینی سەربازی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی خستۆتەڕو. دەیڤد بلانت زیاتر لە ڕوانگەی ڕەفتار و ئامڕازی جەنگەوە لێكدانەوە بۆ ڕەوایەتی ئەم جەنگە دەكات هەروەها پێشنیاری پاراستنی بنەماكانی تیۆری جەنگی رەوا دەكات لە پارێزگاریكردن لە كەسانی سیڤیل و جێبەجێكردنی بنەمای هاوڕێژەبون.

بۆیە بەشێوەیەكی سەرەكیش ئەم توێژینەوەیە بەپێی بەشەكان پشتی بە چەندین سەرچاوەی جیاواز بەستوە، توێژینەوەكە بەشێوەی بنەڕەتی پشتی بە هەردوو سەرچاوەی سەرەكی (primary) و سەرچاوەی دووەمی (secondary) بەستوە. لە سەرچاوە سەرەكیەكان پشتبەستراوە بە بەڵگەننامە ناوخۆیی و جیهانیەكان، دیكۆمێنتە نێودەوڵەتییەكان، بڕیارەكانی نەتەوە یەككگرتوەكان، ڕێكەوتننامەكانی جنێڤ و ئەو چاوپێكەوتنانەی كە ڕێكخراوەكان كردویانە. سەرچاوەی دووەمیش وەك تێكستە بنەڕەتییەكانی تیۆرداڕێژەران لەگەڵ بەشێكی تر لە شیكەرەوەو بیرمەندانی فەلسەفەی مۆڕاڵ و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی، هەروەها سەرەڕای ئەمانەش، توێژینەوەكە سودی وەرگرتوە لە تازەترین ئەو توێژینەوانەی لە جۆرناڵە بەناوبانگەكان بڵاوكراونەتەوە، لەگەڵ پشت بەستن بە داتا و فیگەرانەی كە توێژەران و دامەزراوەكانی توێژینەوە ئامادەیان كردوە، لەگەڵ بەكارهێنانی چەندین ڕاپۆرتی دەزگاو میدیا جیهانییەكان.

**ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە**

گومانی تێدانییە، کە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە بۆ بابەتێکی لەم جۆرە، بە ئاسانی و بێ گیروگرفت بەڕێوەناچێت. یەکێک لەو ئاڵنگاریانەی ڕووبەڕوی ئەم توێژینەوەیە بۆتەوە پەیوەستە بەفرەڕەهەندی تیۆری جەنگی ڕەوا، بۆیە لە هەندێک کاتدا توێژەر پێویست بوە خۆ بەدوربگرێت لە هەندێک بابەت، کە بەشێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیدار بوبێت بە لایەنەکانی ئەم تیۆرەوە، ئەمەش جۆرێک لە قورسی بۆ توێژەر هێناوەتەکایەوە. بۆیە هەندێک کات توێژەر ناچاربوە، خۆ بەدوربگرێت لە لێکدانەوەی زۆری فەلسەفی و یاسایی و ئاینی ئەم تیۆرە. سەرەڕای ئەوەی، کە توێژەر دەیویست بەشێکی زۆر لە داتا و زانیاریەکان ڕاستەوخۆ لە سەرچاوەی یەکەمەوە وەربگرێت، بەڵام لەبەر هۆکاری ئەمنی ناوچەکە نەتوانراوە سەردانی مەیدانی ئەنجامبدرێت. هەروەها لە بەشی کۆتای ئەو توێژینەوەیە باس لە بونی کۆتاییەکی ڕەوا لە کەیسی جەنگی هاوپەیمانان دژ بە داعش دەکرێت، بەڵام نەک بەشێوەیەکی فراوان چونکە خاوەنی ئەدەبیاتێکی زۆر گشتگیر و وردەکارییە، بەتایبەت پەیوەندی نێوان ئاشتی و دادپەروەری تاوانکاری و بابەتی بونیادنانی ئاشتی و شەرعیەتی سیاسی، کە هەریەکە لەم بابەتانەی دەکرێت وەک کەیسێکی سەربەخۆ وەربگیرێن. بەڵام لەم توێژینەوەیەدا توێژەر تەنها وەک بنەما سەرەکییەکانی بنەمای دادپەروەری دوای جەنگ، لێکدانەوەو شیکردنەوەیان بۆکراوە، ئەمەش وەک ئاستەنگێکی تر لەم توێژینەوەیەدا دادەنرێت.

**پەیکەری توێژینەوەکە**

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیە و سەلماندنی گریمانەکەی، ئەم توێژینەوەیە دابەش کراوە بەسەر پێشەکی و چەند بەشێکی سەرەکی. لەهەر بەشێکدا هەوڵدەدرێت وەڵامی چەند پرسیارێکی سەرەکی بدرێتەوە، کە پەیوەندیان بە پرس و بابەتی سەرەکی توێژینەوەکەوە هەیە بەم شێوەیە: لە بەشی یەکەمدا، جەخت لە چەمک و کارەکتەر و شوناس و گۆڕانکارییەکانی جەنگ دەکرێت و لەم بەشەدا تێگەیشتنە سەرەکییەکان بۆ جەنگ و هەمو گۆڕانکارییەکانی پەیوەست بەم چەمکە و لەگەڵ تێگەیشتن بۆ چەمکی ئاشتی و گرنگترین ڕەگەزەکانی خۆدەگرێت.

بەشی دووەم، تایبەتە بە چەمک و سەرهەڵدانی تیۆری جەنگی ڕەوا، لەم بەشدا سەرەتای دەرکەوتنی ئەو تیۆرە ڕون دەکرێتەوە لەگەڵ گرنگترین قۆناغ و پێشکەوتنەکانی، بە تایبەت قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاست کە هەریەک لە بیرمەندانی (ئاگۆستین، تۆماس ئەکویناس و ڤیکتۆریا) باسیان لێوەکردوە، لەگەڵ قۆناغی هاوچەرخ، کە بیرمەندی ئەم تیۆرە (مایکڵ وۆڵزەر) گەشەی زۆری بەم تیۆرە داوە. هەروەها پەیوەندی ئەم تیۆرە بە دەستێوەردانی مرۆیی و بەرپرسیاریەتی پاراستن لێکدانەوەی بۆکراوە.

لە بەشی سێیەمدا، جەخت لە بنەما و پرانسیپەکانی ئەم تیۆرە کراوەتەوە، کە خۆی لە سێ بنەمای سەرەکی دەبینێتەوە، لە بنەمای یەکەمدا باس لە گرنگترین پرانسیپەکانی پەیوەست بە مافی چوونە جەنگەوە (jus ad bellum) کراوە. لە بنەمای دووەمدا باس لە گرنگترین ئەو پرانسیپانە دەکرێت، کە پەیوەستن بە چۆنیەتی بەڕێوەچونی (jus in bello)، لە بنەمای سێیەمیشدا وەک بنەمایەکی گرنگ و بنەڕەتی باس لە دادپەروەری دوای جەنگ دەکرێت.

لە بەشی چوارەمیشدا، ڕوانگەی تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕەوایەتی جەنگ دەخرێتەڕو. هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە بۆ هەریەکە لە تیۆری ڕیالیزم و تیۆری ئاشتیخواز لەگەڵ پەیوەندی لیبراڵیزم و جەنگ و تیۆری فیمینزم و ئیتیکی جەنگ و تیۆری مارکسیزم و جەنگ دەکرێت. هەر لە چوارچێوەی ئەم بەشەدا، دیدو تێڕوانینی تیۆری نۆرماتیڤەکان، کە هەریەکە لە کۆمەڵگەرای، گەردونگەری، ئەنجامگەری و ئەرکگەرای دەگرێتەخۆ.

لە بەشی پێنجەمدا، پەیوەندی تیۆری جەنگی ڕەوا و تیرۆریزم دەخرێتەڕو، لە پێناو لێکدانەوە بۆ ئەو پەیوەندییە هەریەکە لە چەمکی تیرۆر و شێوازی ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆر و پرسی ڕەوایەتی کردەوەی تیرۆرستی و لەگەڵ پەیوەندی نێوان جەنگ و تیرۆر شیکردنەوەی بۆ دەکرێت.

بەشی شەشەم، پەیوەندیدارە بە جەنگی هاوپەیمانان دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، لەم بەشەدا هەریەک لە بابەتی باکگراوندی، ئایدۆلۆژی، قەبارەی هێزی، تاوانەکانی داعش لێکدانەوەی بۆ دەکرێت. هەر لەم بەشەدا باس لە دروستکردنی هاوپەیمانیەتی سەربازی دژ بە داعش بە ڕابەرایەتی ئەمەریکا وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ هەڕەشەکانی تیرۆر دەکرێت.

بەشی حەوتەم، وەک بەشێکی پراکتیکی، تیۆری جەنگی ڕەوا جێبەجێ دەکرێت بەسەر ئەم هاوپەیمانەتیەدا. بە پشت بەستن بە تێزەکانی ئەم تیۆرە شیکردنەوە دەکرێت بۆ ڕەوایەتی جەنگی هاوپەیمانان دژ بە داعش، کە تا چەند جەنگێکی ڕەوا بوە.

بەشی هەشتەم، وەک کۆتا بەشی ئەم توێژینەوەیە، تەواوکەری بەشەکانی پێشوترە، کە باس لە دەستەبەرکردنی دادپەروەری و ئاشتی دوای جەنگ لە چوارچێوەی بنەمای (jus post bellum) دا دەکرێت. هەریەکە لە پرسی دادگایکردنی تاوانبارانی جەنگ و بنەمای لێپسراویەتی لە (دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی، دادگای کاتی، دادگای هاوبەشی ناوخۆی و نێودەوڵەتی و دادگا ناوخۆییەکان) دەگرێتەوە. هەروەها چەندین پرسی تری وەک پرۆسەی ئاشتەوایی و بونیادنانی ئاشتی و چەک دامالین لە کەیسی دوای داعش (Post ISIS) و هەڵسەنگاندن بۆ چۆنیەتی کۆتاییەکی ڕەوا خراوەتەڕو. لە کۆتایی توێژینەوەکەش گرنگترین ئەنجام و ڕاسپاردەکان خراونەتەڕو.

# بەشی یەکەم

## جەنگ و ئاشتی، کارەکتەر و شوناس

### ١_١ دەسپێک

بەکارهێنانی هێزی سەربازی و توندوتیژی وەک بەشێکی سەرەکی مێژووی مرۆڤایەتی، پرسێکی کۆنە لە هەمان کاتدا بەپێی قۆناغ و گۆڕانکارییەکانی سەدە جیاوازەکان شێواز و تێگەیشتنی نوێی بەخۆیەوە بینیوە. چونکە بارودۆخی جەنگ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە دینامیکی گۆڕاوە کۆمەڵایەتی، سیاسی، سەربازی و ئابورییەکانەوە هەیە.[1] بەشێوەیەکی سەرەکی تایبەتمەندی سەرەکی مێژووی مرۆڤایەتی ڕەنگی داوەتەوە لە هەڕەشەکردن بەهێز یاخود بەکارهێنانی دژ بەیەکتر لە ڕێگەی جەنگەوە. لەم نێوەندەشدا لێکۆڵینەوە لە چەمکی جەنگ بە سەنتەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت.[2] بۆیە کۆمەڵێک پرسی سەرەکی پەیوەست بە جەنگ و بەکارهێنانی هێز دەبنە جێگەی پرسیار و لێکدانەوەی دژ بەیەکن، بە جۆرێک کە چەندین تیۆر و قوتابخانەی فکری بەدوای خۆیدا هێناوە و یەک وەڵامی هاوشێوەیە نییە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسە. ئەگەرچی زۆربەی کات جەنگ وەک دیاردەیەکی نەرێنی و کارەسات بار وێنا دەکرێت، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو تێڕاونینانەوە، بەشێکی تر لە بیرمەندان و توێژەران جەنگ وەک کردارێکی پێویست و چاکەکار دەبینن. بۆ نمونە هێگل (Hegel) پشتگیری ئەو ڕایە دەکات، کە "جەنگ پارێزگاری لە سەلامەتی مۆراڵی نەتەوەکان دەکات"، لەهەمان تێگەیشتنەوە توێژەر (H. von Treitschke) باوەڕی وایە، جەنگ "تەنها چارەسەرە بۆ نەخۆشی نەتەوەکان".[3] لەوەش زیاتر ئەو ڕای دەگەیەنێت، کە جەنگ بە یەکێک لە هۆکارەکانی پێشکەوتن و پاراستنی وڵات دادەنرێت.[4]

سەرەڕای ئەوەی، جەنگ وەک دیاردەیەکی مرۆیی پەیوەستە بە مێژووی مرۆڤایەتییەوە، تائێستاش سروشت و کارەکتەری جەنگ جێگەی پرسیار و ئارگیۆمێنتی جیاوازن لە لێکۆڵینەوەکانی جەنگ و ئاسایشیدا. بۆیە لەم بەشەدا بەشێوەیەکی سەرەکی جەخت لەسەر چەمکی جەنگ، کارەکتەر و شوناسی، جیاوازی نێوان جەنگ و فۆرم و شێوازەکانی تری توندوتیژی و پۆلینبەندنی جەنگ دەکرێتەوە. هەروەها تێگەیشتن لە ئاشتی و پەیوەندی نێوان ئاشتی بە جەنگ لێکدەدرێتەوە. لە پێناو خستەڕوی ئەم بابەتە، پێویسە وەڵامی ئەوە بدرێتەوە، کە تا چ ڕادەیەک چەمکی جەنگ گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە، یان دەکرێت قۆناغبەندی بۆ چەمکی

---

(1) Gilpin, Robert. *War and change in world politics*. Cambridge University Press, 1981.

(2) هەردوو بیرمەند ئەنتۆنی نێگرێ و مایکل هارد لە ڕێگەی کتێبی (Multitude: war and democracy in the age of empire) تێز و ئارگومێنتی بە بایەخ پێشکەش دەکەن و گۆڕانکارییەکانی سیستەی جیهانی لە ڕێگەی جەنگەوە دەخەنەڕو: Negri, Antonio. "Multitude: war and democracy in the age of empire." *Multitudes* 4 (2004).

(3) Gowans, Adam L. *Selections from Treitschke's lectures on Politics*. Gowans & Gray, Ltd. London, 1914:23.

(4) Ibid,:23.

جەنگ بکرێت لە نێوان جەنگی کلاسیک و دەرکەوتنی جەنگە نوێیەکان؟ ئایا لە ڕاستییدا هەمو ئەو گۆڕانکارییانەی لە پاش قۆناغی جەنگی سارد ڕویان داوە، بونەتە هۆکارێک بۆ شێوازێکی نوێی لە جەنگ، لە ڕێگەی لێکدانەوە و شیکردنەوەکانی ئەم بەشە وەڵامی کۆی ئەو پرسیارانە دەدرێتەوە. پرسی جەنگ و ئاشتی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا پرسێکی ئاڵۆزە، بەڵام لەم بەشەدا هەوڵی ئەوە دەدەین، کە دیدێکی گشتگیر بۆ دابڕێژین.

### ١-٢ چەمکی جەنگ:

لە دونیای ئەمرۆدا چەمکی جەنگ بوە بە یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی نێو فکر و تیۆری سیاسی و سەربازی هاوچەرخ و زیاد لە بیرمەند و تیۆریستێک سەرقاڵی تیۆرەیزەکردنین. جەنگ بەشێکی گەورەی مێژوی مرۆڤایەتی دەگرێتەخۆ. ئەزمونی ڕابردو ئەو ڕاستییەی خستۆتەڕو کە بەشێکی گەورەی گۆڕانکارییە سەرەکییەکان، بەرهەمی جەنگە گەورەکانن. جەنگ لەگەڵ شێوازەکانی تری توندوتیژی جیاواز دەردەکەوێت، بەتایبەت لە فۆرمەکانی وەک کوشتن، تاوان، توندوتیژی ڕێکخراو. بۆیە جەنگ و لێکەوت و هۆکارەکانی بە سەنتەری ئاسایش و تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت، لە بەرئەنجامی ئەمەشدا جەنگ وەک بەشێکی گرنگی سیستەمی نێودەوڵەتی بە حاڵەتێکی ئاسایی وەسف دەکرێت.[1] بەڵام لەپاڵ ئەو بۆچونەدا بەشێک لە تێگەیشتنەکان جەنگ وەک کردەیەکی تێکچونی ستراکچەر و بونیادی کۆمەڵایەتی وێنادەکەن، کە مرۆڤایەتی توشی سەرگەردانی و زیان دەکات. بۆ نمونە پێناسە دەکرێت، وەک نادڵنیایی کە لە جەوهەری سروشتی جەنگدا خۆی دەبینێتەوە لە چەند ڕەگەزێکی هاوبەشی وەک توندوتیژی، قۆرخکاری و نادڵنیایی.[2] بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیە لە بەر چاو بگیرێت، کە ئەم تێگەیشتنانە زیاتر لە ڕوانگەی قوربانی و ڕەهەندی سایکۆلۆژییەوە لەم دیاردەیە دەڕوانن، بۆیە لە ئاستی نێودەوڵەتی و بەرژەوەندیە جیاوازەکانی نێوان دەوڵەت و نەتەوەکان ڕوبەڕوی لێکدانەوەی پێچەوانەوە دەبنەوە.

بۆ چەندین سەدە دەبێت، بابەتی جەنگ و بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی بۆتە جێگەی بایەخی تیۆرداڕێژەران و بیرمەندان، هەروەها لە سەردەمی نوێشدا بە بەردەوامی لە هۆکار و شێواز و لێکەوتەکانی وردبونەتەوە وەک بەشێکی گرنگ لە گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی وێناکراوە. سەرەڕای ناڕونی ئەم چەمکە، بەڵام تێگەیشتن و پێناسەی جیاواز بۆ جەنگ و ئامانجەکانی کراوە، پەیوەندییە کارلێکەرەکانی سروشتی جەنگ پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزە پێویستی بە لێکدانەوەی ڕوانگەی جیاوازەوە هەیە. بۆیە شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ جەنگ دەکەوێتە ژێر کاریگەری دیاردە و گۆڕاوە کۆمەڵایەتی، سیاسی و

---

(1) Brown, Chris, and Kirsten Ainley. *Understanding international relations*. Macmillan International Higher Education, 2009:113.

(2) Echevarria, Antulio J. Report. Strategic Studies Institute, US Army War College, 2003.

ئابوریەکانەوە. لێرەدا پێناسەی جەنگ دەکرێت لە چەندین تێگەیشتن و ئاستی جیاوازەوە، وەک لەمانەی خوارەوەدا خراونەتەڕو:

### ١-٢-١ تێگەیشتنی سیاسی بۆ جەنگ:

لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، جەنگی نێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر، وەک شوناسێکی ئاسایی ئەو بوارە سەیر دەکرێت. بۆیە جەنگ هەمیشە بەشێکی سەرەکی بوە لە شێوەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی. لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتیەوە، جەنگ کردەیەکە بە تەنها لە نێوان دەوڵەتانی خاوەن سەروەری و کیانە سیاسیەکان وەک بەرزترین ڕێکخراوی سیاسی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دێتەکایەوە.[1] جەنگ وەک بەشێکی گرنگی ژیانی سیاسی و سیاسەتی نەتەوەیی دادەنرێت، کە کارەکتەر و سروشتی جەنگ نەگۆڕەو بە بەردەوامی بونی هەیە.[2] بەپێی ئەم تێگەشتنە بێت، جەنگ کردەیەکی بەردەوامی هەیە لە ژیانی مرۆڤایەتی و پەیوەست نییە بە قۆناغێکی دیاریکراوەو بۆیە ناکرێت بگوترێت جەنگ لە هیچ قۆناغ و سەدەیەکدا بەرەو کۆتایی دەچێت. هەروەها دەبێت ئەو ڕاستیەش بخرێتەڕو کە لەڕوانگەی ئەم دیدەوە جەنگ وەک کردەیەکی نەرێنی وێناناکرێت، بەڵکو کردەوەو پرۆسەیەکی تەواو عەقڵانییە و زۆرکاتیش بە دوبارە ژیانەوەی سیاسەت دادەنرێت، چونکە وەک بژاردەیەکی عەقڵانی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. هەر ئەم دیدەش بەرەو ئەو قۆناغە هەنگاوی ناوە کە تێنەگەیشتن لە جەنگ وەک پرۆسەیەکی تێنەگەیشتن لە سیاسەت لێکدراوەتەوە و جەنگ وەک ڕێگایەکی سەرەکی دانراوە بۆ دەستەبەرکردن و هێنانەدی ئامانجەکانی سیاسەت بە شێواز و ڕێگایەکی تر، کە دەبێت لە کات و ساتی گونجاودا پەنای بۆ ببردرێت.[3] بەم شێوازە جەنگ بریتییە لە کردارێکی سیاسی، دەوڵەت لە ڕێگەی ئامرازەکانیەوە ناتوانێت ئەو کێشانە چارەسەربکات.

لێرەدا جەنگ خۆی دەبینێتەوە لە ئامرازێکی سیاسی لە پێناو دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی دەوڵەت. لەم دیدەوە، تیۆرستی سەربازی کارڵ کلاوسـویتز (Clausewitz Carl von) لە یەکێک لە کتێبە دیارەکانی، کە لەسەر جەنگ بڵاویکردۆتەوە بە ناوی (War On) پێناسەی جەنگ دەکات وەک "کردەوەیەکی توندوتیژانە بە مەبەستی ملکەچکردنی دژەکانمان لە پێناو بەدیهێنانی خواستەکانمان".[4] جەنگ وەک "کردەیەکی توندوتیژی ڕێکخراو، کە لەلایەن یەکەو کارەکتەرە سیاسیەکان دژ بەیەکتری جێبەجێدەکرێت".[5] لە ڕێگەی ئەو پێناسەیەوە دوو خاڵی

[1] Aron, Raymond, Annette Baker Fox, and Richard Joseph Howard. *Peace and War: a Theory of International Relations; Translated... by Richard Howard and Annette Baker Fox*. Weidenfeld & Nicolson, 1966.
[2] K.v. Clausewitz, On War: 596.
[3] Simpson, Emile. "Clausewitz's Theory of War and Victory in Contemporary Conflict." *Parameters* 47, no. 4 (2017): 7-18.
[4] Von Clausewitz, Carl, and James John Graham. *On war*. Vol. 1. London, N. Trübner & Company, 1873.
[5] Ibid,.

گرنگ دێتەکایەوە، یەکەم ئەوەیە کە هەمو توندوتیژییەک بە جەنگ لە قەڵەم نادرێت، تا ئەو کاتەی کە لە ژێر ناوی یەکەیەکی سیاسیەوە جێبەجێ دەکرێت، لە هەمانکاتیشدا هەمو توندوتیژییەک کە لەلایەن یەکەیەکی سیاسییەوە ئەنجام دەدرێت، بە جەنگ سەیر ناکرێت، تا ئەو کاتەی ڕاستەوخۆ دژ بە یەکەیەکی سیاسیی تر دەبێت. هەروەها جەنگ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە توندوتیژییەکی جەستەیی لە نێوان ئەکتەرە دەوڵەتییەکاندا وەسف دەکرێت.[(1)] لە چوارچێوەی ئەم تێگەیشتنەدا لێکۆڵەر هێدلی بوڵ (Hedley Bull) پێناسەی جەنگ دەکات "بە توندوتیژییەکی ڕێکخراو، کە لەلایەن یەکە سیاسیەکان دژ بەیەکتر جێبەجێ دەکرێت".[(2)] لای (بوڵ) ئەم تێگەیشتنە بۆ جەنگ خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە هەمو جۆرە توندوتیژییەک بە جەنگ دانانرێت، بەلایەنی کەمەوە دەبێت لەلایەن یەکەیەکی سیاسیەوە، کە لە هەوڵی ئەوەدایە، هەژمونیەتی خۆی بەسەر ئەویتردا بسەپێنێت ئەنجام بدرێت.

وەک دەردەکەوێت یەکەی سەرەکی لە بیرکردنەوە لە جەنگ و بەکارهێنانی هێزدا لەم تێگەیشتنەدا خۆی دەبینێتەوە لە دەوڵەت. لەم بارەیەوە وەک (ڕیمۆند ئارۆن) لە کتێبی جەنگ و ئاشتی لە تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا باس لە پەراوێزخستنی کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان لە بەرامبەر دەوڵەت دەکات.[(3)] بۆیە وەک دەردەکەوێت لەماوەی باڵادەستی سەنتەر بونی دەوڵەتدا، کەمترین بایەخ بە ململانێی نەتەوەیی و ڕەگەزی دراوە، چونکە جەنگ پەیوەست بوە بە بەکارهێنانی هێزو توندوتیژی لە نێوان تەنها خودی دەوڵەتان، ئەمەش بەتەواوەتی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی نێودەوڵەتی ئەو قۆناغە بوە. لە تێڕوانینی (کارڵ کلاوسـویتز) دەوڵەت خاوەنی شەرعیەتی سیاسی لە بەکارهێنانی هێزدا، ئەمەش یەکانگیرە لەگەڵ قۆناغی هاتنەکایەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی و سەروەری ڕەهای دەوڵەت. ئەم دیدو بۆچونانە، بەلای زۆرێک لە توێژەران بە تێڕوانینی هاوشێوەی ڕیالیستەکان دادەنرێت، کە تێگەیشتنیان بۆ جەنگ لە چوارچێوەی سیستەمی وێستڤالیاوە لێکدەدەنەوە، بەوەی کە جەخت لە سەنتەربونی دەوڵەت و بەرژەوەندی نیشتمانی دەکەنەوە.[(4)] بۆیە لەسەر دەوڵەتیش پێویستە بە شێوازێکی بەردەوام پەرە بە هێز و توانای سەربازی بدات، وەک بەشێکی گرنگ لە جێبەجێکردنی ئامرازی سیاسەتی دەرەوە.

لەم ڕوەوە لێکۆڵینەوەی زۆر هەن، بەڵام دیارترین و باوترین تێز، لەم تێگەیشتنەدا ئاماژەدانە بە ئەو تێڕوانینەی کە جەنگ بە بەردەوامی سیاسەت پێناسە دەکات، نەک وەک کۆتایی چالاکییەکی سیاسی. بۆیە جەنگ لە تێروانینی کارڵ کلاوسـویتز " هیچ نییە جگە لە

---

(1) Evans, Graham, and Jeffrey Newnham. *The Penguin dictionary of international relations*. Penguin Group USA, 1998:567.
(2) Bull, Hedley. *The anarchical society: a study of order in world politics*. Macmillan International Higher Education, 1977:184.
(3) Aron, Raymond. *Peace and war: a theory of international relations*. Routledge, 2017.
(4) Heywood, Andrew. *Global politics*. Palgrave Macmillan, 2014: 252.

درێژەپێدانی سیاسەت بە شێوازێکی تر، یان درێژە پێدەری سیاسەتە".[1] بەڕای ئەو هەمو جەنگەکان کارەکتەر و خاسیەتی هاوبەشیان هەیە و ئامانجیشان خۆی لە بەدیهێنان و پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەییدا دەبینێتەوە، کە لە ڕێگەی سێ ئاستی هەر یەک لە دەوڵەت، سوپا و خەڵک دێتەکایەوە و دواجار بە ئامانجەکانی دەوڵەت بە کۆتا دەگا. ڕوانگەی (کارڵ) بۆ جەنگ خۆی لە کردەیەک وەک لادانێکی کۆمەڵایەتی یاخود نارێکخراوی سایکۆلۆژیی نابینێتەوە، بەڵکو ئامرازێکی عەقڵانی وەک هەمان ڕێگەکانی دیپلۆماسی و سزا ئابورییەکانە. بەڵام لە قۆناغەکانی داهاتودا ڕەخنە لە تێگەیشتنی (کلاوسـویتز) بۆ جەنگ گیراوە، کە بابەتەکانی دادپەروەری و مۆڕاڵی، جێگەی گرنگی پێدان نین و فەرامۆشکراون لە لێکدانەوەکانی ئەودا، ئەمەش بوە هۆکارێک بۆ ئەوەی تێڕوانین و بۆچونی جیاواز لە تێگەشتنی کلاوسـویتز بێتەئاراوە. بۆیە بەڕای بەشێک لە توێژەران ئەم پێناسە بە ئاڕاستە و تێگەشتنێکی تاڕادەیەک کلاسیکی دادەنرێت بۆ سروشتی جەنگ، بە تایبەت تیۆرداڕێژەرانی تێزی "جەنگە نوێیەکان" تاڕادەیەکی زۆر لە دید و تێڕوانینە کلاسیکەکان لە شیکردنەوەکانیان بۆ کارەکتەر و شوناسی جەنگ جیاواز دەردەکەون.

### ١-٢-٢ تێگەیشتنی سۆسیۆلۆژی (کۆمەڵایەتی) بۆ جەنگ:

چەمکی جەنگ ناکرێت لە یەک ڕوانگەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت، چونکە دیاردەیەکی تەواو فرەڕەهەندەو خۆی لە چەندین ئاست و شێوازی جیاواز دەبینێتەوە. لە پێناو تێگەیشتن لە جەنگ پێویستە لە سروشت و کارەکتەری جەنگ تێبگەین، کە بە پێی گۆڕانکارییەکانی قۆناغە جیاوازەکان، گۆڕانکارییان بەسەردا هاتوە. بەشێکی تر لە توێژەران و لێکۆلەرانی ئەم بوارە پێناسەی جەنگیان کردوە لە چوارچێوەی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتیانەدا. برتڕاند ڕاسل (Bertrand Russell) وەک یەکێک لە فەیلەسوفە گەورەکانی سەدەی بیستدا پێناسەی جەنگ دەکات بە ململانێیەک لە نێوان دوو گروپدا، کە هەریەکەیان هەوڵدەدات زۆرترین کەس بکوژێت یاخود زیانیان پێبگەیەنێت لە گروپی بەرانبەردا، بۆ بەدەستهێنانی هەندێک ئامانج، کە دەیەوێت بە دەستی بهێنێت، ئەو ئامانجەش کێشەکەیەو شیاوی ڕەخنەگرتن نییە.[2]

جەنگ لە چوارچێوەی ئەم تێگەشتنەدا، وەک پێدراوێکی سۆسیۆلۆژی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. هەروەها لەهەمان تێگەیشتندا جەنگ بەلای توێژەر مایکل دی والاس (Michael D. Wallace) بریتیە لە بەکارهێنانی چەکی کوشندە، وەکو سزایەک لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگایەکەوە لە دژی ئەندامانی کۆمەڵگایەکی تر، هەروەها لەلایەن ئەو کەسانەی کە ڕاهێنانیان پێکراوە و ئیش دەکەن وەک تیمێک و ئاراستە دەکرێن لە ڕێگەی گروپێکی سیاسەوە ئەنجام دەدرێت، لە دواجاریشدا پشتگیری دەکرێن بە چەندین ڕێگای جیاواز لەلایەن دانیشتوانی مەدەنیەوە. ئەوەی لەو تێگەیشتنانەی سەرەوە دەردەکەوێت، ئەوەیە ڕاستە جەنگ بەلای ئەوانەوە چوارچێوەییەکی

---

(1) K.v. Clausewitz, On War: 596.

(2) Russell, Bertrand. *Why men fight*. Routledge, 2009.

کۆمەڵایەتی هەیە بەڵام پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کارەکتەرە سیاسیەکانەوە هەیە و هەر لە ڕێگەی ئەوانیشەوە ئاڕاستە دەکرێت.[1] وەک (ئاڕۆن) باوەڕی وایە، جەنگ بریتییە لە کردەیەکی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی، کە خۆی لە چوارەچێوەیەکی نێودەوڵەتییدا دەبینێتەوە، کە دامەزراوەکانی سەر بە دەوڵەت هەڵدەستن بە ئەنجامدانی.[2] دەتوانین لەمەوە ئەوە هەڵێنجێنین، لەم تێگەشتنەدا جەنگ دیاردەکەی کۆمەڵایەتی مێژوییە، کە لەڕێگەی گروپێک یان کارەکتەرێکی سیاسیەوە بەڕێوەدەچێت.

**١-٢-٣ تێگەیشتنی سەربازی بۆ جەنگ:**

بەشێک لە لێکدانەوەکانی تر بۆ چەمکی جەنگ بە تەواوەتی خۆی دەبینێتەوە لە شیکردنەوەیەکی سەربازیانە، کە دەبێت لە ڕووی سەربازییەوە هەڵبسەنگێندرێت. بۆ نمونە جەنگ لای سۆن تزو (Sun Tzu) بریتییە لە چالاکییەکی دەوڵەت و کێشەی مان و نەمان، گەشە و وێرانبونی گەل و نەتەوەیە، بۆیە دەبێت بە وردی و لە هەمو ڕویەکەوە لە ڕوی سەربازیشەوە لێیکۆڵینەوە بکرێت.[3] هەروەها لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزی (Oxford English Dictionary) بەم شێوەیە پێناسەی چەمکی جەنگ کراوە" بەکارهێنانی هێزە دژ بە هێزێکی دەرەکی، یان دژ بە لایەنێکی دژ لە چوارچێوەی دەوڵەتدا".[4] نزیک لەم تێگەیشتنە لە فەرهەنگی یاسای نێودەوڵەتیدا جەنگ بە پرۆسەیەکی دوژمنکارانە لە نێوان دەوڵەتاندا، یاخود لە نێوخۆی دەوڵەتدا ویان لە خاکێکی دیاریکراودا، لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی سەربازیەوە دەناسرێنرێت.[5] تاڕادەیەک پێناسەی کالینش (Kallen) نزیکە لە تێگەیشتنی سەربازییانە بۆ جەنگ کە لە کاتێکدا پێناسەی جەنگ، وەک هێزێکی چەکداری ڕێکخراو لە نێوان دوو یان زیاتر لە دامەزراوەیەکی خاوەن سەروەری، کە هێزە چەکداریەکانیان بەکاردەهێنن لەپێناو ئامانجێکی دیاریکراو، گرنگترین ڕەگەز لەم پێناسەیەدا خۆی دەبینێتەوە لە ڕێکخراوبون (دامەزراوەی سەربازی ڕێکخراو) ئەم ڕێکخراویەتییە لە دژایەتی هێزە چەکدارییەکان درێژ دەبێتەوە بۆ بەرەکانی جەنگ.[6] ئەمەش گۆشەنیگاییەکی تەواوی سەربازییە، کە وێنای جەنگ دەکات، لە نێوان دوو هێزی دژ بەیەکدا ڕودەدات و لایەنێکیان لەڕوی سەربازیەوە سەردەکەوێت.

---

(1) Wallace, Michael D. *War and Rank Among Nations.-*. Lexington, Mass.; Toronto: Lexington Books, 1973.

(2) Thompson, Paul. *Peace and war: a theory of international relations*. Routledge, 2017.

(3) Tzu, Sun. *Sun-Tzu on the Art of War: The Oldest Military Treatise in the World, Sunzi for Language Learners, Volume 1*. Lulu. com, 2007.

(4) Oxford English Dictionary. (Compact Edition). Vol. II. Oxford: Oxford University Press, 1981: 3682

(5) Piano, Jack C. Olton, Roy. The International Relations Dictionary. New York: Holt, Rinehart and Winston, Inc., 1988.

(6) Kallen, Horace Meyer. "Of war and peace." *Social Research* (1939):373.

وەک دەردەکەوێت بەشێکی زۆری توێژەران باسیان لە گرنگی کاریگەری ڕەهەندی سەربازی کردوە لە ماوەی جەنگدا. لەم بارەیەوە گۆڕاوی جەنگ کاریگەری بەهێزی لەسەر قوربانیانی جەنگ هەیە. بەڵام ڕەنگە کێشەی ئەم تێگەیشتنە لەوەدا بێت، کە زیاتر سنوردارکراوە بەوەی جەنگ تەنها کورتکراوەتەوە لە تێڕوانینی سەربازییانە و لە قۆناغێکی تایبەتدا برەوی هەبو، پاشان لەگەڵ دەرکەوتنی تێگەیشتنی نوێی ئەم شێوازە لە لێکدانەوەیە، توشی پاشەکشێ بو.

**١-٢-٤ تێگەیشتنی یاسایی بۆ جەنگ:**

ئەم هەوڵە دەتوانرێت بەوە لێک بدرێتەوە، کە جەنگ بە تەنها لە نێوان یەکە سیاسیە خاوەن سەروەرییەکان ڕودەدات. لە ڕوانگەیەکی ڕونی یاسایانە، ئێمری ڕیڤیس (Emery Reves) پێناسەی جەنگ دەکات وەک یاسایەکی کۆمەڵایەتی (Social law) باوەڕی وایە، جەنگ بریتییە لە ڕوبەڕوبونەوەی نێوان دو یەکە، لە هەر کاتێک و لەهەر شوێنێک ئەم یەکانە بەریەک دەکەون، کە سەروەری یەکسانیان هەیە. لە ئەنجامی ئەم تێروانینەدا، جەنگ ئەو کاتە یەکلاکەرەوەیە کاتێک هێزی خاوەن سەروەری دەگوازرێتەوە لە ململانێی نێوان یەکەکانەوە بۆ یەکی بەرزتر، تا دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە کێشەی گواستنەوەی سەروەری بریتییە لە کرۆکی هۆکار یاخود ئامانجی جەنگەکە.[1] بە وردبوونەوە لە تێگەیشتنی یاسایانە بۆ جەنگ، بیرمەندی ئەمەریکی کوینسی ڕایت (Quincy Wright) وەک یەکێک لە لێکۆڵەرانی ئەم بوارەدا، جەنگ بە چوارچێوەیەکی یاسایدا لە بارودۆخێک یاخود کاتێک کە ڕێسایەکی تایبەتی ڕێگەپێدراوە بۆ ڕێکخستنی توندوتیژی لە نێوان حکومەتە سەرکەوتوەکان پێناسە دەکات، یاخود ڕێکارەکانی ڕێکخستنی توندوتیژی، کە دەبێتە هۆی چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی کێشەی نێوان حکومەتەکان.[2] لە یەکێک لە نوسینەکانی تریدا (ڕایت) جەنگ بە بارودۆخێکی یاسای، کە بە شێوازێکی یەکسان ڕێگەدەدا بە دوو گروپی توندوتیژ یان زیاتر بۆ درێژەدان بە کێشەکان لە ڕێگەی هێزی چەکدارەوە وەسف دەکات.[3]

لە لێکدانەوە یاساییەکان بۆ جەنگ، جۆرێک لە وێناکردنی ڕەوایەتی بۆ جەنگ هەیە، کە پشت بە شیکردنەوەی یاسای دەبەستێت، بەبێ گوێدانە پاشخانە سیاسییەکەی. لای هەندرێک سیمۆن (Hendrik Simon) جەنگ کاتێک شەرعیەت وەردەگرێت، کە تەنها لە پێناو ئامانجی گێڕانەوەی مافە پێشێلکراوەکان و دەستەبەرکردنی قەرەبوکردنەوە بێت. چونکە جەنگ ئامرازێکی سیاسی نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئامرازێکی یاساییە.[4] ئەو بۆچونەی کە پێی وایە

---

(1) Reves, Emery. *The anatomy of peace*. Pickle Partners Publishing, 2017.
(2) Wright, Quincy. "Changes in the Conception of War." *American Journal of International Law* 18, no. 4 (1924): 762.
(3) Wright, Quincy. "A study of war. 2 vols." (1942).
(4) Simon, Hendrik. "The myth of liberum ius ad bellum: justifying war in 19th-century legal theory and political practice." *European Journal of International Law* 29, no. 1 (2018): 127.

هەمو هۆکارەکانی پشت جەنگ هۆکارگەلێکی یاسایی بن، بۆچونێکە لەگەڵ تێگەیشتنی سیاسیدا پێچەوانە دەبێتەوە.

پێناسەی جەنگ لە ڕوانگەی یاساییەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە، لەلایەن پسپۆری یاسای نێودەوڵەتی جولیەس ستۆن (Julius Stone)، کە پێناسەی جەنگ دەکات بە پەیوەندی حکومەتێک یان زیاتر بەلایەنی کەمەوە بە حکومەتێکی تر، کە یەکێک لەو حکومەتانە چیتر ڕێگەنادات، پەیوەندی لەگەڵ حکومەتەکانی تر بەڕێوەبچێت بە شێوەیەکی ئاشتیانە.[1] بۆیە پێناسەی جەنگ دەکرێت وەک نەمانی پەیوەندی بەشێوازێکی ڕەسمی کە نەتەوەکانی لە کاتی ئاشتیدا بەیەکەوە پاپەندکردبو. (هۆگۆ گرۆشیۆس) بە تەواوەتی پشتگری ئەو تێگەیشتنە دەکات بۆ جەنگ، کە پێیوایە" جەنگ زۆر خراپە ... جگە لە پێویستی هیچی تر نییە، کە بە یاسا دەکرێت".[2] لە شیکردنەوەی یاسایدا، چەمکی جەنگ خۆی دەبینێتەوە لە دەستدرێژیکار و بەرگریکردن، لەم تێگەیشتنەدا توێژەری یاسای یورام دینشتاین (Yoram Dinstein) پێناسەی جەنگ دەخاتەڕو: جەنگ کارلێکێکی دوژمنکارانەیە لە نێوان دو دەوڵەت یاخود زیاتر، کە هەریەکە لە ڕەهەندی تەکنیکی یان مادی لە خۆدەگرێت. جەنگ بە مانای تەکنیکی بریتییە لە حاڵەتێکی فەرمی، کە بەرهەمی ڕاگەیاندنی جەنگە. هەروەها جەنگ بە مانا مادییەکەی خۆی دەبینێتەوە لە بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی هێزی سەربازی بەشێوەی زۆر گشتگیر.[3] ئەوەی لە تێگەشتنی یاساییدا گرنگی پێدەدرێت، خۆی لە جەنگ لە نێوان دەوڵەتان دەبینێتەوە و پرۆسەی کارلێکەکەش گشتگیر و فراوان بێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە جەنگی کارەکتەرە چەکدارییە نادەوڵەتییەکان دەکەوێتە دەرەوەی ئەم لێکدانەوانە.

### ١-٢-٥ تێگەیشتنی ئابوری بۆ جەنگ:

بۆ پشتگیرکردن لە جەنگ بەشێک لە لێکدانەوەکانی تر بەڵگەی ئەوە دەخەنەڕو، پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان جەنگ و ئابوریدا هەیە. لەم بارەیە بەشێک لە توێژەران ئەوە باوەڕیان وایە کە جەنگ بژاردەیەکی عەقڵانیە بۆ دەوڵەتێکی لاواز بۆ دەست گەیشتن بە سەرچاوەکان. بەپێی تیۆری ئابوری بێت کاری جەنگ دابینکردنی زیاترین سود یان زۆرترین سەرچاوەیە بۆ دەوڵەت. هەریەکە لە توێژەران (Nuno P. Monteiro and Alexandre Debs) بە داتاو شیکردنەوە بۆ دیاردەی جەنگ لە چوارچێوەیەکی ئابوریدا دەکەن، لەوانە جەنگی جیهانی دووەم

---

[1] Stone, Julius. *Legal controls of international conflict: a treatise on the dynamics of disputes-and war-law*. Rinehart, 1954.

[2] Hugo Grotius, The Rights of War and Peace, trans. Jean Barbayrac, London: W. Innys, 1738: 507.

[3] Meierhenrich, Jens. "Analogies at war." *Journal of Conflict and Security Law* 11, no. 1 (2006): 9.

و بەشێک لە جەنگەکانی تر پاڵنەری دەست گەیشتن بە سەرچاوە ئابوریەکان فاکتەری بڕیاردانی جەنگەکان بوە.[1]

بەم پێیە بەدیدی بەشێک لە توێژەران ئابوری بناغەی چۆنیەتی وەچەرخان و گۆڕانکارییەکانە لە ڕێگەی جەنگەوە، ئەمەش ناوەڕۆک و کارکردنی دەوڵەتە. بە هەمان شێوەش بەڵگەی ئەوە لەبەردەستە کە ئابوری دەبیتە کەمکردنەوەی توندوتیژی و جەنگ. بە تایبەت لیبراڵەکان[2] ئەوە دەخەنەڕو، کە پشت بەستنی ئابوری (economic interdependence) دەبێتە هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی جەنگ لە نێوان دەوڵەتاندا ئەویش لە ڕێگە بەهاکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی، کە جێگەی توندوتیژی و داگیرکاری دەگرێتەوە.[3] لەم بارەیەوە هەریەکە لە توێژەران دەیڤد سۆبیکا و کامیرۆن جی (David Sobeka & Cameron G. Thies) لە توێژینەوەیەکی کرداریدا، تیۆرەکانی پەیوەندنی نێوان جەنگ و گەشەپێدانی ئابوری دەخەنەڕو، بە جۆرێک کە بەپێی هەندێک لە داتاکان بێت، جەنگ دەبێتە هۆکارێک بۆ گەشەی ئابوری. بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەشەوە لە چەندین حاڵەتی تردا گەشەی ئابوری بە هۆی جەنگەوە بەرەو دابەزین دەچێت.[4] چونکە ڕونە ئەو دەستکەوتەی کە لە پەیوەندی ئابوری و بازرگانیدا دێتەئاراوە، دەکرێت لە ڕێگەی جەنگەوە کۆتایی پێبێت.

**١-٣ شوناسی تازەی جەنگ دوای جەنگی سارد (دەرکەوتنی جەنگە نوێیەکان):**

لەدوای جەنگی ساردەوە، کارەکتەری جەنگ گۆڕانکاری سەرەکی لە پەرەسەندنی جەنگە ناوخۆییەکان و کەمبونەوەی جەنگە نێودەوڵەتییەکان بە خۆیەوە بینیوە. لە ڕابردودا شوناسی جەنگ زیاتر لە نێوان دەوڵەتان و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا خۆی دەبینییەوە، بەڵام لە دوای ئەو قۆناغەوە ململانێی چەکداری سیماو کارەکتەری ناوخۆیی وەردەگرێت. چەندین دامەزاروە و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی وەک ( Correlates of War Project (COW), the Stockholm International Peace Research Institute (SPIRI), and the Uppsala University and the International Peace Research Institute (IPRI) ئەوەیان خستۆتەڕو، کە لە دوای قۆناغی جەنگی ساردەوە ژمارەی توندوتیژی و جەنگە ناوخۆییەکان زۆر زیادیان کردوە، کە لەم نەخشەیەی خوارەوە ژمارەی جەنگەکان لە نێوان دەوڵەتان و ناوخۆی دەوڵەتان بەپێی داتای ئەو دامەزراوانە خراوەتەڕو.

---

[1] Monteiro, Nuno P., and Alexandre Debs. "An Economic Theory of War." *The Journal of Politics* 82, no. 1 (2020).

[2] لە بەشەکانی داهاتودا تێروانینی تیۆری لیبراڵەکان بۆ جەنگ دەخەینەڕو.

[3] Copeland, Dale C. "Economic interdependence and war: A theory of trade expectations." *International security* 20, no. 4 (1996): 5.

[4] Thies, Cameron G., and David Sobek. "War, economic development, and political development in the contemporary international system." *International Studies Quarterly* 54, no. 1 (2010): 267-287.

**خشتەی ژمارە (١-١)**

**ژمارەی جەنگەکان لە نێوان دەوڵەتان و جەنگە ناوخۆییەکان لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥-٢٠١٤)**

| | کۆی گشتی | لەنێوان دەوڵەتان | لەناو خودی دەوڵەتێک |
|---|---|---|---|
| پێکدادانی چەکداری (١٨١٦-٢٠٠٧) | ٤٢٩ | ٩٥ | ٣٣٤ |
| پێکدادانی چەکداری (١٩٤٦-٢٠٠١) | ٢٢٥ | ٤٢ | ١٦٣ |
| پێکدادانی چەکداری (٢٠٠٠-٢٠٠٩) | ٣٣ | ٣ | ٣٠ |

**سەرچاوە:** Shala, Sebahate J. "'New Wars' with'Old'Features: ISIS War–Between Primitivism and Postmodernism'." *Available at SSRN 3006080* (2017):8.

ئەمەش وای کرد کە تێروانینی جیاواز بێنەکایەوە بۆ ڕاڤەکردنی ئەدەبیاتی جەنگ، یەکێک لەو گۆڕانکارییە سەرەکیانەی بوە هۆی دەرکەوتنی جۆرێکی نوێ لە شێوازی جەنگ، کە لای توێژەران و شیکەرەوانی بواری ئاسایش و ململانێی چەکداری بە دەرکەوتنی جەنگە نوێیەکان (New Wars) ناو دەبرێت. جیاکاری جەنگ لە نێوان تێگەیشتنی کلاسیک و نوێدا، پەیوەستە بە بونی تیۆرێک بۆ ڕێکخستن و تێگەیشت لە شێواز و چەمکی توندوتیژی لە فۆرمی جیاوازدا. تێڕوانینی جەنگە نوێیەکان خۆی دەبینێتەوە لە تێگەیشتنی توێژەری ناسراو ئەم بوارە ماری کالدۆر (Mary kaldor)، کە لە یەکێک لە کتێبە دیارەکانی بە ناوی ( New and Old Wars) بیروبۆچونەکانی خستوتەڕو. باوەڕی وایە لەم دواییانەدا ئەم جۆرە لە تێگەیشتن و ئامرازانە گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا هاتوە. لەلایەکی تریشەوە، دوای ١١سێپتەمبەری ٢٠٠١، چەمکی جەنگە نوێیەکان بەکارهاتوە بۆ وەسفکردنی جەنگی دژ بە تیرۆری نێودەوڵەتی. بۆ نمونە بە بۆچونی پاوڵ گێلبێرت (Paul Gilbert) تیرۆریزم بە جۆرێک لە لە جەنگی نوێ دادەنێت.(1)

بەشێوەیەکی گشتی ئەو قۆناغەی ئەو تیۆرەی تێیدا هاتۆتە باسکردن پەیوەستە بە دەرکەوتنی کاریگەرییەکانی جیهانگیری بە شێوەیەک کە بەشێکی سەرەکی گۆڕانکارییەکانی خستە ژێر هەژمون و لێکدانەوەی خۆی لە ئاست و پەیوەندی جیاوازەوە. بە دیدو تێڕوانینی کالدۆر بێت، جەنگە نوێیەکان لە ڕوی ئامانج و شێواز و چۆنیەتی پشتگیریەوە بە تەواوەتی

(1) Tripodi, Paolo, and Jessica Wolfendale, eds. *New wars and new soldiers: Military ethics in the contemporary world*. Ashgate Publishing, Ltd., 2012:14.

جیاوازن له فۆرمی جەنگ له ڕابردودا.[1] زۆر کات دیدی (کالدۆر) به پۆست مۆدێرن، پۆست کلاوسـویتز یاخود پۆست ویستفالیان نادەبرێت. هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتو له کاروباری جەنگدا. هەروەها دەوڵەت ڕوبەڕوی شکست بۆتەوە له وەڵامدانەوەی پێداویستی و خواستی هاوولاتیان، لەبەرئەنجامی ئەو شکستەدا، جەنگ له چوارچێوەی دەوڵەتێکدا دێتەئاراوە. جەنگە نوێیەکانیش بەشێک له شوناس و کارەکتەری جەنگە کلاسیکەکانیان هەڵگرتوە، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر له شێواز و ئەکتەر و ئامانجیان چەندین گۆڕانکاری گەورەیان له هەناوی خۆیاندا کۆکردۆتەوە. (کالدۆر) بەیەکێک لەوانه دادەنرێت، که باوەڕی بەوە هەیە سروشتی جەنگ گۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەرداهاتوە. هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ جیهانگیری و پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیاوە دەگەڕێتەوە. (کالدۆر) له ڕێگەی چوار بابەت و ڕێگەی سەرەکیەوە جیاوازی له نێوان جەنگە نوێیەکان له تێگەیشتن و تێڕوانیەنەکانی ڕابردو دەکات، که ئەمانەی خوارەوەن:

### ١-٣-١ ئەکتەرەکان (Actors):

بەپێچەوانەی قۆناغەکانی ڕابردو، که دەوڵەت کارەکتەری سەرەکی جەنگەکان بوو، له ئێستادا جگه له دەوڵەتان کۆمەڵێک ئەکتەری نادەوڵەتیش بوونەته بەشێک له جەنگەکان، چونکه جۆری ململانێیەکان له ئێستادا خۆی له نێوان دەوڵەتان و جەنگی ناوخۆیی له ناو هەناوی دەوڵەتدا دەبینێتەوە. وەک له قۆناغی پاش جەنگی ساردا دەردەکەوێت، چیتر دەوڵەت مۆنۆپۆلی توندوتیژی و جەنگەکان ناکات.[2] بەڵکو جەنگە نوێیەکان له نێوان ئەکتەرەکانی وەک دەستەو گرووپەکانی سەر به حکومەت ڕودەدەن، کارەکتەرە نادەوڵەتییە چەکدارەکان، گروپە توندڕەوەکان، جیهادییەکان، هێزی سەربازی ڕێکخراو، هێزە ناڕێکخراوەکان لەگەڵ چەندین دەستەو گروپ و ناوی جیاوازی تر.[3] دەبێت ئەو ڕاستەیە لەبەر چاوبگیرێت، که لەم شێوازە له جەنگ فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکانی وەک ئاین و شوناسی گروپ و پێکهاتەی ئیتنیکی گرنگی و بەهایان زیاترە وەک له ڕابردودا.

### ١-٣-٢ ئامانجەکان (Goals):

لەڕوی ئامانجیشەوە، جیاوازیەکی زۆر له نێوان هەر دوو شێوازی جەنگدا هەیە، له ڕابردودا بەرژەوەندی جیۆپۆلەتیکی پاڵنەری سەرەکی جەنگەکان بوە، بەڵام جەنگە نوێیەکان زیاتر ئامانجەکانیان خۆی له شوناس دەبینێتەوە، که ئامانجی ئاینی و ئیتنیکی دەگرێتەوە. بۆیە زۆر کات له قۆناغی هاوچەرخدا ئەم جەنگانە وەسف دەکرێن وەک "جەنگە شوناسیەکان (هویە)"، چونکه ئەگەر له ڕابردودا پاڵنەری پشت ئامانجی سەرەکی جەنگ بریتی بوبێت له

---

[1] Kaldor, Mary. *New and old wars: Organised violence in a global era*. John Wiley & Sons, 2013: 15-22.

[2] Münkler, Herfried. "The new wars (Cambridge." *Polity* 7 (2005): 13.

[3] Kaldor, Mary. "In defence of new wars." *Stability: International Journal of Security and Development* 2, no. 1 (2013): 2.

هۆکاری جیۆپۆڵەتیکی و ئایدۆلۆژی، ئەوا لەم قۆناغەدا جەنگەکان بە هۆکاری جیاواز تری وەک شوناس و کەلتور و ڕەگەزەوە دێنەکایەوە. شوناسی پێکهاتەیەک یان نەتەوەیەک بە هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی ململانێ و جەنگەکان، دادەنرێت.

### ١-٣-٣ شێواز و ڕێگاکان (Methods):

شێوازی ئەم جەنگە نوێیانە زیاتر خۆی لە چەند تەکنیکێکی جیاواز دەبینێتەوە، کە لە ڕوی تیۆرییەوە لە دەرەوەی ڕێساو چوارچێوەکانی یاسای جەنگ و ململانێیەکاندان، لە ئەنجامی ئەمەشدا لە شێوازی جەنگە نوێیەکاندا دەردەکەوێت کە ڕێژەی قوربانیانی کەسی مەدەنی زۆر زیاترە. سەرەڕای ئەوەی کە گۆڕانکاری سەرەکی لە جەنگە نوێیەکان خۆی لە ئەکتەر و شێوازی جەنگ و ئابوری دەبینێتەوە، بەڵام جۆر و گروپی قوربانیانی جەنگیش گۆڕانکاریی جەوهەریان بەسەردا هاتوە. بۆ نمونە (ماری کالدۆر) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە قوربانی سەرەکی لە جەنگە نوێیەکان بریتین لە هاووڵاتیانی مەدەنی و لایەنەکانی بەشدارنەبو لەشەڕ و پێکدادانی چەکداری. ئەگەر سەیری قوربانیانی جەنگ بکرێت لە ڕابردودا زیاتر پەیوەست بون بە لایەنەکانی بەشدار لە جەنگ. بەڵام لە شێوازی جەنگە نوێیەکان چەندین شێوازی قوربانی دێنەئاراوە وەک بونی کوشتنی بە سیستەماتیک، پاکتاوی ڕەگەزی، جێنوساید و کوشتنی بە کۆمەڵ. (کالدۆر) ئاماژە بەوە دەکات لە ڕێگەی داتا مەیدانییەکان دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە چۆن ژمارەی قوربانیان و دانیشتوانی ئاوارە بەرێژەیەکی بەرچاو بەرز دەبێتەوە. بۆیە زۆر کات ئەوەی لە تیۆری کالدۆر جەختی لەسەر دەکرێتەوە خۆی لە بەئامانجگرتنی کەسانی سیڤیل و بێتاوان دەبینێتەوە، کە بەشێوەی سەرەکی ئەو قوربانیانە بریتین لە هاووڵاتیانی مەدەنی و بەشدار نەبو لە ململانێی چەکدارییەکان.[1] داتاکان ئەو ڕاستیە نیشان دەدەن، کە ئەو جەنگانەی لەدوای ئەو قۆناغەدا رویانداوە، کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر هاووڵاتیانی مەدەنی هەبوە.

### ١-٣-٤ پاڵپشتی دارایی (Financing):

دەستەبەرکردن و پاڵپشتیکردنی لایەنی دارایی بەیەکێک لە جیاوازییەکانی تری نێوان جەنگی کۆن و نوێ دادەنرێت، بە جۆرێک کە لە ڕابردودا جەنگ لەلایەن دەوڵەتەوە هەڵدەگیرسێنرا بۆیە شێوازی پارەدارکردنیشی بەشێوەی سەرەکی پشتی بە دەوڵەت دەبەست لە ڕێگەی باجدان و هاریکاری دەرەکی. بەڵام لە شێوازی جەنگە نوێیەکان گۆڕانکاری سەرەکی بەسەردا هاتوە. بە جۆرێک چەندین شێوازی تری پاڵپشتیکردن هاتونەتەکایەوە، وەک کاری بازرگانی نایاسایی بە نەوت و دەرمان و ڕفاندنی کەسانی مەدەنی و هەروەها لەگەڵ چەندین سەرچاوەی تر.[2]

بەشێوەیەگی گشتی، ئەم جۆرە تێگەیشتنانە سەبارەت بە شێوازی جەنگەکان هەن، پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا ڕۆڵێکی باڵایان هەیە لە گۆڕانکارییەکانی پەیوەست بە سروشتی

[1] Münkler, Herfried. *The new wars*: 2005:13.
[2] Kaldor, Mary. "In defence of new wars." *Stability: International Journal of Security and Development* 2, no. 1 (2013).

جەنگ و یاساکانی ئیدارەدانی. هەروەها زۆرێک لە توێژینەوە و ڕاپۆرتەکان ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن، کە بونی کێشە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییە ناوخۆییەکان و ڕێزنەگرتن لە بنەماکانی مافی مرۆڤ وا دەکات بونی جەنگ و توندوتیژی ناوخۆیی زیاتر گەشەبکات. ئەمەش وای کردوە، (کالدۆر) باس لەوە بکات، کە جەنگی نێوان دەوڵەتان لە نێوان دوو دەوڵەتی خاوەن سەروەری یاخود زیاتر بەشێوە کلاسیکیەکەی بەرەو کەمبوونەوە بڕوات، لە بەرامبەردا جەنگەکان لە ناوخۆیی دەوڵەتان بەرەو بەرزبونەوە و گەشەسەندن بچن.[1] تێڕاونینی دژ بەمەش هەیە، کە پێان وایە ناکرێت، جیاوازی بکرێت لە کاتێکدا هەندێک ڕەگەزی جەنگە نوێیەکان لە جەنگە ناوخۆییەکان و جەنگی نێوان دەوڵەتان هەن، بۆیە ناکرێت ئەم جۆرە پۆلێنە بۆ جەنگ بکرێت چونکە هەمان شێواز و تایبەتمەندی جەنگە نوێیەکان لە ڕابردووشدا هەبوە بەڵام لە فۆڕمی جیاوازدا، تەنها لە ئێستادا بە هۆی بونی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە گۆڕانکاری ڕێژەیان بەسەردا هاتوە. هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەکرێت، بگەڕێتەوە بۆ کاریگەرییەکانی جیهانگیری، کە کارئاسانی بۆ لایەنە شەڕکەرەکان دەکات.

وەک پێشتر باسمان کرد، کە دید و تێروانینی دژ هەیە، سەبارەت بەوەی کە ئەم شێوازە لە جەنگ دەکرێت بە شێوازێکی نوێ لە جەنگ دابنرێت. بۆیە تەواوی لایەنگرانی ئەم شیوازە لە جەنگ کۆکن لەسەر ئەوەی کە چیتر ئێمە لەناو چوارچێوەی جەنگە کۆنەکاندا نین، چونکە لەسەر ئاستە سەرەکیەکانی جەنگ گۆڕانکاری گەورە هاتۆتەکایەوە. لە بواری پڕاکتیکیدا ئەم شێوازە ڕوبەڕوی ڕەخنەو هەڵسەنگاندنی پێچەوانەوە بۆتەوە، وەک (مارتن شاو) باوەڕی وایە، کە جەنگە نوێیەکان جەنگێکی ڕاستەقینە نین، بەڵکو لە ڕاستییدا جۆرێکن لە تاوان کە لە لایەن تاوانبارانەوە ئەنجامدەدرێت کە ئامانجێکی سیاسیان لە بیردا نییە.[2] هەروەها جۆن مولەر (John Mueller) پشتگیری ئەو بۆچونە دەکات، کە پێی وایە جەنگە نوێیەکان لە ڕاستیدا جەنگ نین وەک ئەو تێگەیشتنەی کە هەمانە بۆ جەنگ، بەڵکو کردەیەکی تاوانکاری تایبەتن، کە لە ڕێگەی گروپی نیمچە سەربازی و کارەکتەرە نا دەوڵەتیەکانەوە ئەنجام دەدرێن.[3]

بەڕای ئەو توێژەرانە بێت هیچ شێواز و قۆناغبەندیەکی نوێ نیە بۆ بابەتی جەنگ و ململانێی چەکداری لە نێوان جەنگی نوێ و کۆندا. هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە جەنگە نوێیەکان ناکرێت وەک دیاردەیەکی نوێی سەیربکرێن، بەڵکو دەکرێت لە تێگەیشتن و چوارچێوەی کۆندا، هەمان تێگەیشتن و شێوازی جەنگە نوێیەکان ببینرێن. لەڕاستیدا هەر جەنگێک لە قۆناغ و کاتێکی جیاوازدا، خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی و شوناسی خۆیەتی، چونکە جەنگ دیاردەیەکی هەمەچەشن و هۆکاری جیاوازی لە پشتەوەیە. هەر ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی، کە تێگەیشتن و شێوازەکانی جەنگ جیاواز دەرکەون. سەرەڕای ئەوەی دیاردەی

[1] Dexter, Helen. "New War, Good War and the War on Terror: explaining, excusing and creating Western neo-interventionism." *Development and Change* 38, no. 6 (2007): 1058-1059.
[2] Martin, Shaw. "War and Genocide: Organized Killing in Modern Society." (2003).
[3] Mueller, John. *The remnants of war*. Cornell University Press, 2007.

جەنگ گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە، بەڵام جەنگ لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا، دەکرێت هەڵگری بەشێکی زۆر لە تێگەیشتن و بیرکردنەوەکانی قۆناغەکانی پێشوتری بێت. بەڵام لەهەمانکاتدا، کارەکتەر و ڕەگەزەکانی، کاریگەر بێت بە پرۆسەی جیهانگیری و پێشکەوتنەکانی شۆڕشی تەکنۆلۆژیا.

جیهانگیری وەک شۆڕشێک لە پێشکەوتنی بواری تەکنۆلۆژیای زانیاری پێناسە دەکرێت، کە کاریگەری لەسەر کۆی پرۆسەی ژیانی مرۆڤایەتی هەیە. پەیوەندی نێوان جەنگ و جیهانگیری بە یەکێک لەو پەیوەندییە پڕ کێشە و ئارگیۆمێنتانەی دوای کۆتای جەنگی سارد دادەنرێت. بەجۆرێک کە ئەو کاریگەرییە خێرایانە لە ئەنجامی جیهانگیری هاتونەتەکایەوە لێکەوتەیەکی جەوهەرییان لەسەر چەمک و بنەماکانی جەنگدا هەبوە. چونکە وەک بەشێک لە توێژەران دەیخەنەڕو کە لە ڕوانگەی ئابورییەوە لێکدانەوە بۆ چەمکی جیهانگیری دەکەن بە جۆرێک کە نادادپەروەری و نایەکسانی لە داهات و سەرچاوەکان لە نێوان دەوڵەتاندا هێناوەتەکایەوە، ئەمەش بۆتە هۆکارێکی سەرەکی هەژاری و بێکاری بەشێکی زۆری دانیشتوان لەسەر ئاستی جیهاندا.[(1)] وێڕای ئەوەی کە گۆڕانکارییەکانی تەکنۆلۆژیا کاریگەری گەورەیان لەسەر ڕەفتاری جەنگ هەبوە، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەم پرۆسەیە دابڕوا نییە لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤ. بەشێوەیەکی گشتی، ئەوەی دەردەکەوێت لە پشت دیاردەی جیهانگیرییەوە خۆی لە پانتایەکی فراوان و گشتگیر بۆ زەمینەسازی و ئامادەسازی دەرکەوتنی فۆرم و شێوازێکی نوێ لە جەنگ لەم قۆناغەدا دەبینێتەوە.

**خشتەی ژمارە (١-٢)**

**تایبەتمەندییەکانی جەنگ لە نێوان ساڵانی ١٤٠٠-٢٠٠٢ (ئامانجەکان و شەڕکەرەکان)**

| سەردەمەکان | ئامانجەکان | | لایەنی شەڕکەر |
|---|---|---|---|
| **کلاسیک: ١٤٠٠-١٦٤٧** | • بڵاوکردنەوەی ئاین.<br>• پاراستنی دەسەڵاتی پشتاویشت.<br>• داگیرکاری زەوی. | | • هەڵگەڕاوەکان.<br>• شارەکان.<br>• ئەندامانی خێزانی دەرەبەگەکان. |

(1) Pieterse, Jan Nederveen. "Globalization at War: war on terrorism." *International Journal of Peace Studies* (2002): 75-93.

| | | |
|---|---|---|
| **سەرەتای مۆدێرن: ١٦٤٨-١٨٩٩** | • گرێنتی مافی بازرگانی.<br>•یەکخستنی خاک و کۆلۆنیالزم. | • دەوڵەت X دەوڵەت<br>• دەوڵەت X گروپی هەڵگەڕاوەی دژی دەسەلاتی دەوڵەت. |
| **مۆدێرن: ١٩٠٠-١٩٩٠** | •دروستکردنی ئیمپراتۆریەتی سیاسی و کۆلۆنیالی.<br>• دژە کۆلۆنیالیزم.<br>• گەشەپێدانی ئایدۆلۆژی. | • دەوڵەت X دەوڵەت<br>•دەوڵەت X گرووپە یاخیبوەکان.<br>• ڕێکخراوە فرەلایەنەکان وەک نەتەوەیە کگرتووەکان، ڕێکخراوە هەرێمەکانی تر. |
| **پۆست مۆدێرن:١٩٩٠- تائێستا** | • وەک قۆناغی مۆدێرن لەگەڵ کۆمەڵێک خاڵی تر وەک:<br>- دەستێوەردان بۆ ئامانجی مرۆیی.<br>- هەوڵدان بۆ سیستەمی جیهانی<br>- چەسپاندنی شوناسی ڕەگەزنامە لە ڕێگەی سڕینەوەی ئەوانی تر.<br>- پاراستنی پرۆژەی تاوانکاری.<br>- بەرگەگرتنی بەرپەچدانەوەی هەژمونی. | • وەک قۆناغی مۆدێرن لەگەڵ کۆمەڵێک خاڵی تری وەک:<br>- ڕێسای حکومەتی گەندەڵ (Kleptocrati).<br>- گرووپی تاوانکاری پڕ چەک.<br>- هێزی نیمچە سەربازی.<br>- هەڵگەڕاوەکان. تیرۆریست. |

**سەرچاوە:** Crawford, Neta C. "Just war theory and the US counterterror war." *Perspectives on Politics* (2003): 8.

**خشتەی ژمارە (١-٣)**

**تایبەتمەندییەکانی جەنگ لە نێوان ساڵانی ١٤٠٠-٢٠٠٢ (ڕەفتار و ئامادەکاری)**

| سەردەمەکان | ڕەفتاری جەنگ | | ئامادەکاری خەڵک و کەلوپەل |
|---|---|---|---|
| **کلاسیک: ١٤٠٠-١٦٤٧** | • ڕووبەڕو.<br>• ڕێسایەکی کەم. | | • تاڵانی و ستایش. |
| **سەرەتای مۆدێرن: ١٦٤٨-١٨٩٩** | • پێشکەوتنی باج و بەسەربازیکردن.<br>• سەرەتای ناسۆناڵیزم وەک جێگرەوەی زۆرەملێ. | | • زیادبونی دوری لە نێوان شەڕکەرەکان. |
| **مۆدێرن: ١٩٠٠-١٩٩٠** | • دروستکردنی هێزی سەربازی گەورە.<br>• پێشکەوتنی بیرۆکراسی بەشێوەیەکی فراوان بۆ باج و سەربازیکردن.<br>• پیشەسازی سەربازی قورس.<br>• ناسۆنالیزمی چڕ. | | • گەشەپێدانی چەکی ناوەکی و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی دەگمەن.<br>• گەشەپێدانی ڕێبازی ڕوبەڕوبونەوەی یاخیبوان. |
| **پۆست مۆدێرن:١٩٩٠- تائێستا** | • وەک قۆناغی مۆدێرن لەگەڵ کۆمەڵێک خاڵی تری وەک:<br>- ئامادەکاری بەردەوام بۆ ڕوبەڕوبونەوەی هەڕەشەی تیرۆرستی.<br>- زیادبونی کاری تاوانکاری بۆ پشتگیری جەنگ بۆ نمونە: بازرگانی نایاسایی بە دەرمان و ئەلماس.<br>- زیادبونی تاڵانی و ستایش. | | • بەردەوام تیرۆر.<br>• کەمبونەوەی توانای دەستەبەرکردنی پارێزبەندی ناشەڕکەر.<br>• تیرۆرستان لەناوبەرن لە ئامانجەکانیان لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی گواستنەوە و قوتابخانەو تەکنۆلۆژیا. |

**سەرچاوە:** ( Crawford, Neta C. "Just war theory and the US counterterror war." *Perspectives on Politics* (2003): 9.

وەک لە نەخشەی پێشو دەردەکەوێت، دەکرێت ئاماژە بکرێت بەو ڕاستیەی کە گۆڕانکارییە سەرەکییەکانی جەنگ گۆڕانکاری بون لە سیستەمی ئابوری سیاسی نێودەوڵەتی بۆ نمونە گۆڕانکاری لە قۆناغێ دەرەبەگایەتییەوە بۆ سەرمایەداری و لەوێشەوە بۆ جیهانگیری، کەواتە جەنگ بەرهەمی گۆڕانکارییەکانی ئابوری سیاسی نێودەوڵەتییە. بۆیە زۆرێک لە چاودێران پێیان وایە کە شۆڕشێک لە کاروباری سەربازی و جەنگ لە دوای سالآنی (١٩٨٠ –١٩٩٠) ڕویداوە، ئەویش بە هاتنەکایەوەی جەنگی ئەلیکترۆنی و چەکی زیرەک لە ژینگەی مەیدانی جەنگدا. ئەم شۆڕشە کە ڕویداوە پشت بە داهێنانی تەکنۆلۆژی دەبەستێت کە ئەمەش بەرهەمی سیستەمی ئابوری جیهانییە.[1] ئەم گۆڕانکارییانەش هەر یەکە لە شێواز و ڕەفتار و پارەدارکردنی جەنگ دەگرێتەخۆ. لێرەوە ئەم تێگەیشتنە بۆ گۆڕانکارییەکانی جەنگ یەک دەگرێتەوە لەگەڵ دیدو تێڕوانینی (ماری کالدۆر)، کە پێی وایە هۆکاری سەرەکی لە پشت گۆڕانکارییەکانی جەنگ دەگەڕێتەوە، بۆ کاریگەرییەکانی جیهانگیری. هەروەها ئەوەی ئێمە لێرەدا وەک بنەما بۆ ئارگۆمێنتەکەمان دەمانەوێت دایبرێژین ئەوەیە، کە جەنگ دادەنرێت وەک ئامرازێک، کە ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە ئامانج، نەک لە خودی خۆیدا ئامانج بێت.

گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە سروشت و بونیادی ململانێ چەکدارییەکان لە جیهاندا ڕویداوە، ئەو گۆڕانکاریانەش بریتیبون لەوەی زۆرینەی ئەو ململانێ چەکدارییانەی کە لە جیهاندا ڕوییان داوە ململانێی چەکداری نێوخۆیی بون وەک لەوەی ململانێی چەکداری نێودەوڵەتیبن. بەڵام بەشێکی زۆر لە توێژەران ئاماژە بەو ڕاستیە دەدەن، کە هیچ شێواز و قۆناغبەندیەکی نوێ نییە بۆ بابەتی جەنگ و ململانێی چەکداری لە نێوان جەنگی نوێ و کۆندا. هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە جەنگە نوێیەکان ناکرێت، وەک دیاردەیەکی نوێ سەیربکرێن، بەڵکو دەکرێت لە تێگەیشتن و هزری کۆندا، هەمان تێگەیشتن و شێواز ببینرێن. ئەوان گۆڕانکارییە مێژوییەکان وەک حاڵەتێکی ئاسایی دەبینن، کە بونی پێشکەوتن و گۆڕانکاری لە سروشت و شوناسی جەنگ نابێتە هۆی ئەوەی کە جەوهەر و ئامانجی جەنگی تێیدا بگۆڕدرێت. لەڕاستیدا هەر جەنگێک لە قۆناغ و کاتێکی جیاوازدا خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی و شوناسی خۆیەتی، چونکە جەنگ دیاردەیەکی هەمەچەشن و فاکتەری جیاوازی لە پشتەوەیە، هەر ئەمەشە بۆتە هۆی کە تێگەیشتن و شێوازەکانی جەنگ جیاواز دەرکەون.

بەشێوەیەکی سەرەکی (کالدۆر) باسی گۆڕانی چەمکی جەنگ بە هەمو ڕەهەندەکانیەوە لەسەردەمی ئەمرۆدا دەکات. بەڵام سەرەڕای گۆڕانکارییەکان بەشێک لە بنەما و ئارگومێنتەکان تێگەیشتنی کلاسیک بۆ جەنگ ماونەتەوە. بۆیە دەکرێت، خەسڵەتەکانی جەنگ بەرهەمی ئەزمون و گۆڕانکارییەکانی مرۆڤ بن. لە ڕاستیدا، تایبەتمەندییەکانی جەنگ پەیوەست نین بە تەنها گروپێک، نەتەوەیەک یان ڕەگەزێکی دیاریکراوە، بۆیە دەکرێت بوترێت کە شێواز و میتۆدەکانی

(1) Crawford, Neta C. "Just war theory and the US counterterror war." *Perspectives on Politics* 1, no. 1 (2003):8.

جەنگ بەپێی کات و سەردەمەکان لە گۆڕاندان، بەڵام بەپێچەوانەوە سروشتی جەنگ نەگۆڕە. هەروەها ئەوەی مایەی سەرنجە لە رۆژگاری ئەمرۆدا، دەوڵەتە زلهێز و ئیقلیمییەکان کەمتر راستەوخۆ رووبەڕوی یەکتر دەبنەوە، بەڵکو لە جیاتی ئەوە جەنگی بە وەکاڵەت لەسەر خاکی وڵاتانی دیکە ئەنجام دەدەن. پسپۆری بواری ئاسایش و ململانێی چەکداری ئانوک ریجتیرینک (Anouk S. Rigterink) پۆلێنبەندیەک بۆ جەنگی کۆن و نوێ دەخاتەڕو،[1] بە پشتبەستن بە ئەم نەخشەی خوارەوە، گرنگترین کارەکتەرەکانی هەر دوو شێوازەکە دەستنیشانکراون:

**خشتەی ژمارە (١-٤)**

**بەشێک لە تایبەتمەندی نێوان جەنگی کۆن و جەنگی نوێ**

| جەنگی کۆن (Old war) | جەنگی نوێ (New war) |
| --- | --- |
| شەڕکردن لە نێوان دەوڵەتان | شەڕکردن لەلایەن ژمارەیەک لە گروپە نادەوڵەتییەکان. |
| جیاکاری رون لە نێوان لایەنی شەڕکەر و ناشەڕکەردا. | بەئاسانی لایەنی ناشەڕکەر جیاناکرێتەوە |
| رێگەدان بەپێویستی سەربازی، کە مەدەنی بە ئامانج ناگیرێن. | قوربانی سەرەکی بریتییە لە کەسانی مەدەنی |
| دەستبەسەرداگرتنی خاک لە رێگەی هێرشی سەربازی راستەوخۆ. | دەستبەسەرداگرتنی خاک لە رێگەی دانیشتوانەوە (پاکتاوی رەگەزی، دەستدرێشی کردن، ئاوارەبون). |
| رونی لە هێڵی شەڕکردن | دەستبەسەرداگرتن لەلایەن گروپی جیاوازەوە |
| بونیادنانی دەوڵەت لە کاریگەری پاڵپشتیکردنی جەنگ. | پارەدارکردنی توندوتیژی لەرێگەی بازرگانی نایاسایی، تالانکاری، تۆری نێودەوڵەتی و بە بارمتەگرت. |

**سەرچاوە:** Rigterink, Anouk S. New Wars in Numbers. An exploration of various datasets on intra-state violence: 7.

یەکێک لەو بابەتانەی کە لێکدانەوەو شیکردنەوەی جیاواز و جۆراوجۆری بۆ دەکرێت پەیوەستە بە چۆنیەتی پۆلێنکردن و شێوازەکانی جەنگەوە. جەنگ بەپێی پێوەری جیاواز پۆلێنبەند دەکرێت، بۆ نمونە لە ڕوی ماوەی جەنگەوە، جەنگ دابەش دەکرێت بۆ جەنگی ڕەها و

[1] Rigterink, Anouk S. "New Wars in Numbers. An exploration of various datasets on intra-state violence.", Munich Personal RePEc Archive (2012):7.

سنوردار، یان بەپێی ڕێژەی قوربانیانی جەنگ دابەش دەکرێت، هەروەها لە سەر ئاستی لایەنی بەشداربو لە جەنگ دابەش دەبێ بۆ جەنگی تیرۆریزم، شۆڕشگێری و جەنگی بە وەکالەت. لەڕوانگەیەی جوگرافیشەوە دابەشکاری سەرەکی بۆ جەنگ دەکرێت، وەک جەنگی ناوخۆیی، جەنگی نێودەوڵەتی، جەنگی جیهانی و هەژمونی. لە ڕوانگەی ئەم پۆلێنبەندیانە، سەیری جەنگ دەکرێت وەک پرۆسەیەکی فرەڕەهەند و ئاستی جیاواز. بەشێوەیەکی گشتی گۆڕانکاری لە سروشت و ئامانجی جەنگ و ئەو کارەکتەرانەی بەشداری لە جەنگ دەکەن پۆلێنبەندی دەکرێت.

وەک دەردەکەوێت، گۆڕانکارییەکی سەرەکی لە شێواز و جۆری جەنگەکان ڕویداوە، کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە، جەنگی نێوان دەوڵەتان بەرەو کەمبونەوەیەکی سەرەکی ڕۆشتوە. بەڵام لە هەمانکاتدا لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردودا ژمارەی جەنگە ناوخۆییەکان و هێرشە تیرۆریستییەکان بەرەو بەرزبونەوەیەکی زۆر هەنگاوی ناوە. بەم پێیە لە قۆناغی ئەمرۆدا قوربانی سەرەکی ئەم جەنگ و هێرشانە بریتیین لە هاوولاتیانی مەدەنی. لەسەر بنەمای ئەم گۆڕانکارییانە، جەنگی دژ بە تیرۆریش وەک کارەکتەرێکی نادەوڵەتی کە خاوەن هەڵگری شوناس و کارەکتەر و تایبەتمەندی جیاوازە، دەکرێت لەگەڵ نەریتی ئەم گۆڕانکاریانە دەستنیشان بکرێت.

### ١- ٤ تێگەیشتن لە چەمکی ئاشتی (Peace):

چەمکی ئاشتی بە یەکێک لە چەمکە ئاڵۆزەکان دادەنرێت. گفتوگۆ و مشتومڕێکی سیاسی، فەلسەفی و یاسایی ورد لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەربارەی چەمکی ئاشتی هەیە. ئەمەش وای کردوە لە چەندین ڕەهەند و ئاستی جیاوازەوە لەم چەمکە بکۆڵدرێتەوە. هەبونی ئەم تێگەیشتنانە هۆکاری سەرەکییە بۆ نەبونی پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ چەمکی ئاشتی. کاتێک کە باس لە جەنگ دەکرێت بە بەردەوامی ئەم چەمکە دەبەسترێتەوە بە بونیادنان و بەدەستهێنانی ئاشتی. بەڵام لای زۆرێک لە توێژەران چەمکی ئاشتی دواتر دێتەناو ئەدەبیاتی جەنگەوە، چونکە پێیان وایە جەنگ دیاردەیەکی کۆنترە. لەم بارەیەوە هێنری مین (Henry Maine) باوەڕی وایە، " کە جەنگ وەک بابەتێکی کۆن لە مرۆڤایەتیدا دەردەکەوێت، بەڵام ئاشتی داهێنراوێکی مۆدێرنە".[(1)] هەروەها جەنگ وەک نۆرمێکی گەردونی لە مێژوی مرۆڤایەتیدا سەیر دەکرێت، بەڵام چەمکی ئاشتی بە ڕێگاییەکی بنەڕەتی جیاوازدا دەڕوا. ئاشتی وەک داهێنراوێکی تازەی مرۆڤایەتی پەیوەستە بە قۆناغی سەرهەڵدانی ڕۆشنگەری و بەتایبەت لە دواتردا لە فەلسەفە و کارەکانی (کانت) بەتەواوەتی ڕەنگدەداتەوە.[(2)] بابەتی ئاشتی تەوەری سەرەکی تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەگرێتەخۆ، هەر وەک ڕیمۆند ئارۆن (Raymond Aron) پێی وایە، کە

---

[(1)] Sir Michael Howard, *The Invention of Peace: Reflections on War and International Order* (New Haven: Yale University Press, 2001): 1.
[(2)] Ibid,.

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بریتییە لە زانستی جەنگ و ئاشتی.[1] پێناسەی ئاشتی دەکرێت، وەک بارودۆخێکی سیاسی کە گرێنتی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سەقامگیری لە ڕێگەی دامەزراوەکانەوە دەگرێتەخۆ.[2] بە بۆچونی ئاندرسن ڕویس (Anderson Royce) ئاشتی پێناسە دەکرێت، بە حاڵەتێک کە تێیدا، تاکەکان، خێزانەکان، گروپ و پێکهاتەکان یان نەتەوەکان ئەزمونێکیان هەیە لە کەمترین ئاست لە توندوتیژی و پەیوەندی ئاڵوگۆڕ و پێکەوەیی.[3] بەپێی ئەو پێناسەی (ئاندرسن) بێت چەمکی ئاشتی خۆی دەبینێتەوە لە چەند ڕەگەزێکی سەرەکی وەک ئەوەی، کە ئاشتی بارودۆخێکە لە پرۆسەیەکی بەردەوام دایە و شیاوی گۆڕانکارییە بەپێی قۆناغە جیاوازەکان. لەو خاڵەشەوە دەگەینە ئەوەی کە ئاشتی پرۆسەیەکی ئەزمونکردنە، کە هاووڵاتیان ئەزمونی دەکەن.

لە کورترین پێناسەدا چەمکی ئاشتی بە نەبون و ئامادەیی جەنگ دەناسێنرێت. واتە کاتێک جەنگ بونی نابێت وەک قۆناغێکی بونی ئاشتی لەقەڵەم دەدرێت. هەرچەندە ئەم تێڕوانینە بۆ ئاشتی لە ڕابردودا زۆر جەختی لەسەر کراوەتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵەری ناسراوی ئەم بوارە جوهان گاڵتۆنگ (Johan Galtung)، کە بە دامەزرێنەری و باوکی توێژینەوەی ئاشتی مۆدێرن دادەنرێت و پێناسەی چەمکی ئاشتی لە نەبونی توندوتیژی کورت دەکاتەوە.[4] هەروەها پێش جۆهان، (تۆماس هۆبز)یش ئاشتی بە نەبونی جەنگ لەقەڵەم داوە.[5] لەم تێگەیشتنەدا نەبونی جەنگ بە مەرجێکی پێشینەی دادەنرێت بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی. سەرەڕای ئەوەی نەبونی جەنگ و توندوتیژی لایەنێکی گرنگی دەستەبەر کردنی ئاشتییە، بەڵام ئەمە بە تەنها لایەنێکی بابەتەکەیە، نەک تەواوی پرۆسەی ئاشتی. پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئاشتی و جەنگدا هەیە، لەم بارەیەوە (ئاگۆستین) باس لەوە دەکات، کە ئامانجی کۆتاو یەکەمی جەنگ خۆی دەبینێتەوە لە ئاشتی و جەنگ دەستەبەری ئەو ئاشتییە هەمیشییە دەکات.[6]

لەلایەکی ترەوە، توێژەری ناسراو (جوهان گاڵتۆنگ) ئەم تێزە بەم شێوەیە بەکاردەبات، کە جیاوازییەکی گرنگ و دیار لە نێوان ئاشتی ئەرێنی (Positive peace)و نەرێنی (Negative peace) دا هەیە. ئاشتی ئەرێنی نیشانەی کۆمەڵێک خواستی داواکراوە وەک پێکەوەی،

---

(1) Aron, Raymond, Annette Baker FOX, and Richard Joseph HOWARD. *Peace and War: a Theory of International Relations; Translated... by Richard Howard and Annette Baker Fox*. Weidenfeld & Nicolson, 1966: 6.

(2) Miller, Christopher Allan, and Mary E. King. *A glossary of terms and concepts in peace and conflict studies*. San Jose, Costa Rica: University for Peace, 2005.

(3) Royce, Anderson. "A definition of peace." *Peace and Conflict*10, no. 2 (2004): 103.

(4) Galtung, Johan. *Peace by peaceful means: Peace and conflict, development and civilization*. Vol. 14. Sage, 1996.

(5) Sussmann, Naomi. "Can just war theory delegitimate terrorism?." *European Journal of Political Theory* 12, no. 4 (2013): 430.

(6) Cole, Darrell. "War and intention." *Journal of Military Ethics* 10, no. 3 (2011): 183.

دادپەروەری و یەکسانی، بەڵام ئاشتی نەرێنی کە لە مێژوێکی کۆنەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە خۆی لە نەبونی جەنگ و شێوازەکانی تری توندوتیژی لە ململانێی مرۆڤایەتیدا دەبینێتەوە.[1] بەم لێکدانەوەی (یوهان) بێت دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی بەشێکی زۆری پێناسەو لێکدانەوەکان بۆ چەمکی ئاشتی دابەش دەبن بەسەر ئەم جۆرە لە دابەشکردن و جیاوازیەی کە بۆ چەمکی ئاشتی دەکرێت.

بەشێوەیەکی گشتی، ئاشتی دابەشی چەندین ئاست و لایەنی جیاواز کراوە.[2] بۆ نمونە کاتێک باس لە ئاشتی کۆمەڵایەتی (Social peace) دەکرێت خۆی لە ئاشتی لەسەر ئاستی ناوخۆیی (Domestic peace)دا دەبینێتەوە، کە لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی ناوخۆیی دێتەکایەوە. لایەنێکی تری بە ئاشتی سیاسی (Political Peace) دادەنرێت، کە پەیوەستە بە فۆرمی ئاشتی نێوان دەوڵەتان، واتە نەبونی توندوتیژی و جەنگ لە ناوخۆی دەوڵەتدا. ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا زۆر گرنگی و بەهای خۆی هەیە بریتیە لە دەستەبەرکردنی ئاشتی لە پاش ململانێ و جەنگ. لە هەمانکاتیشدا ئاشتی نێودەوڵەتیش (International Peace)، پەیوەستە بە ئاستی نێوان دەوڵەتان، کە لەسەر ئاستی هەمو دەوڵەتان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا دێتەکایەوە.[3] ئەوەی زۆر جەختی لەسەرکراوەتەوە بریتییە لەوەی، کە چۆن ئاشتی لە ئاستی ناوخۆیی پەیوەندیدار دەبێت بە ئاشتی لەسەر ئاستێکی گەورەتر و نێودەوڵەتیدا. هەر وەک لێرەدا (ئاگۆستین) ئەم بابەتەی بە گرنگەوە باسکردوە، کە چۆن ئاشتی لە نێوان هەردو ئاستەکەدا پەیوەندیدارن بەیەکەوە و ئاشتی لە تێگەیشتنی باڵای نێودەوڵەتیدا پێویستی بە ئاستی ناوخۆی و خوارەوە هەیە.[4]

هەروەها لە پرسی ئاشتیدا، گرنگە ئاماژە بە تێگەیشتنی فەیلەسوفی ئەڵمانی ئیمانۆیل کانت (١٧٢٤-١٨٠٤) (Immanuel Kant) بدرێت، کە خاوەنی تێزی "ئاشتی هەمیشەیە"( Perpetual Peace) لە نێوان گەل و نەتەوەکاندا. (کانت) لە کتێبی "ئاشتی هەمیشەیی لە ساڵی١٧٩٥"ئامانجی دەستەبەرکردنی ئاشتی لە سێ ئاستی ناوخۆ، نێودەوڵەتی و گەردونی دەخاتەڕو. پرۆژەکەی (کانت) بۆ لابردنی جەنگ لە سیاسەتی نێودەوڵەتی پشت دەبەستێت بە ڕەتکردنەوەی یاسایی لەلایەن دەوڵەتانەوە.[5] چونکە بە ڕای (کانت) جەنگ کردەوەیەکی

---

[1] Webel, Charles, and Johan Galtung, eds. *Handbook of peace and conflict studies*. Routledge, 2007:6.

[2] بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن لە ڕێباز و ئاڕاستەکانی ئاشتی، توێژەر لە زانکۆی واشنتۆن دەیڤد باڕاش (David Barash) خاوەن تێز و بەرهەمێکی بەنرخە لە دیراساتی ئاشتیدا بڕوانە:

David, Barash. "Approaches to Peace." *Approaches to Peace: A Reader in Peace Studies* , Oxford University press (2000).

[3] Aron, Raymond. "Peace & War A Theory of International Relations, New Brunswick." *Transactions Publishers [Original edition: Paix et guerre entre les nations, 1962]* (2003):151.

[4] Augustine, *City of God* 1887: 939.

[5] Kant, Immanuel. *Perpetual peace*. BoD–Books on Demand, 2020:4-8.

نەگریسە، دەبێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕێگری لێبکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیاری جۆرێک لە حوکمڕانی جیهانی دەکات، کە پشت بە سەروەری دەوڵەتان ببەستێت و ڕێز لە ماف و ئەرکی یەکتر بگرن. تێڕوانینی (کانت) بۆ ئاشتی لەسەر سێ پایەی سەرەکی وەستاوە، ئەوانیش: دەستوری کۆماری (کە خۆی دەبینێتەوە لە دیموکراسی نوێنەرایەتی)، پشتبەیەکبەستی ئابوری و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ئەم بنەمایانە ئاشتیەکی گەردونی دێنەکایەوە.[1] ئەم ڕوانینەی (کانت) بۆ جەنگ و ئاشتی بە تەواوەتی پشت بە دەزگاو یاساو بەها ئەخلاقییەکان دەبەستێت. ئەو داوای بە یاسایی کردنی تەواوەتی و بەدامەزراوەکردنی پەیوەندییە مرۆییە نەتەوەیی و نێودەوڵەتی و جیهانیەکان دەکات. لە ڕێگەی یاساوە دەکرێت، کۆنترۆڵی جەنگ بکرێت و ئاشتی دور مەودا بێتەکایەوە.[2] دیدگای (کانت) لەمەڕ ئاشتی بە بناغەی تیۆری سیاسی ئەو دادەنرێت، کە لەڕێگەی ڕەخساندنی چەند ڕێسای گشتی دەکرێت، بگەین بە ئاشتیەکی درێژمەودا لە نێوان دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکاندا.

### ١-٥ ڕەگەزەکانی ئاشتی:

زۆر کات ئاشتی و جەنگ وەک دو بابەتی پێکەوە گرێدراو سەیر دەکرێن، چونکە ئامانجی سەرەکی لە جەنگدا دەبێت دەستەبەرکردنی ئاشتی بێت. هەروەک بەشێکی زۆری توێژەران ئەوەیان خستۆتەڕو، کە دەبێت بەرئەنجامی جەنگ لە کۆتاییدا خۆی لە هێنانەکایەوەی ئاشتیدا ببینێتەوە. پرۆسەی ئاشتیش دەبێت چەند ڕەگەزێکی سەرەکی لە خۆبگرێت، کە دەکرێت کورت بکرێنەوە لەمانەی خوارەوەدا:

#### ١-٥-١ ئاسایش (Security) :

یەکەم ڕەگەز کە چەمکی ئاشتی تێیدا پێناسە دەکرێت بریتییە لە ئاسایش. خاسیەتی ئاسایش، خۆی لە نەبونی هەستکردن بەترس لە جەنگ و ململانێی ناوخۆیی و هەڕەشەی تاوانی گەورە دەبینێتەوە. بۆیە لێرەدا دیارترین و بەرجەستەترین پێناسەی ئاسایش بریتییە لە نەبونی هەڕەشە و مەترسی.[3] بەڵام جیهانێک بەبێ هەڕەشە و مەترسی نەبونی هەیە و نەدەتوانرێت بونی هەبێت. بەڵکو جیهانی ڕاستەقینە بەڕێگەی هەڕەشە و مەترسی جیادەکرێتەوە. بەم حاڵەوە چەمکی ئاسایش بە دور نییە لە تەمومژو نادیاری. کاتێ، کە باس لە ئاسایش دەکرێت دەبێت بپرسین دەربارەی کام لە هەڕەشە و مەترسیەکان دەکرێت کەم بکرێتەوە؟ و لەلایەن کێ؟ و بە تێچونی چەند؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا ناوەڕۆکی ئاسایش بە

---

(1) Russett, Bruce, John R. Oneal, and David R. Davis. "The third leg of the Kantian tripod for peace: International organizations and militarized disputes, 1950-85." *International Organization* (1998): 441.

(2) Simon, Hendrik. "The myth of liberum ius ad bellum: justifying war in 19th-century legal theory and political practice." *European Journal of International Law* 29, no. 1 (2018): 118.

(3) Baldwin, David A. "The concept of security." *Review of international studies* 23, no. 1 (1997).

دیاردەکەوێت. لە دوای جەنگی ساردەوە گۆڕانکارییەکی گرنگ بەسەر چەمکی ئاسایشدا دێت، بەشێوەیەک کە ئەم بابەتە زۆر گشتگیرتر و فراوانتر دەبێت. بۆیە بەگشتی چەندین گفتوگۆی جیاواز دەرکەوتن سەبارەت بەم چەمکە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کۆمەڵناسی سیاسیدا. لە قۆناغەکانی ڕابردودا کاتێک کە باسی چەمکی ئاسایش دەکرا، ڕاستەوخۆ دەبەسترایەوە بە ئاسایشی دەوڵەت و بەکارهێنانی هێزی سەربازی و بیرو تێگەیشتنی باو هەر بۆ هەمان چەمک بو.

لە ئەنجامی ئەو تێگەیشتنەدا ئامانجی ئاسایش تەنها لە پاراستنی سنورەکاندا کورت دەکرایەوە، بە جۆرێک کە دەوڵەت ئەرکی سەرەکی خۆی تەنها لەو لێپرسراویەتە دەبینیەوە. بەڵام پاش ئەو قۆناغە بە تایبەت لە دوای جەنگی سارد، ئەم تێگەیشتنە بە دەرکەوتنی ئاراستە و قوتابخانە جیاوازەکانی ئەم بوارە گۆڕانکاری گەورەی بەخۆییەوە بینی و دید و تێگەیشتنی تەواو نوێ و جیاواز هاتنە پێشەوە. لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەدا، وەک ڕەهەندێکی تازە چەمک و بابەتێکی نوێ دێتەکایەوە لە بواری ئاسایشدا، کە پێی دەوترێت ئاسایشی مرۆیی (Human Security). ئەم بابەتەش پەیوەستە بە بونی کۆمەڵێک پرسی تر بۆ بونیادنانی تاکێکی تەندروست و سەرکەوتو لە کۆمەڵگادا.[1]

ئاسایش لەڕوانگەی هەڕەشەی فیزیکیەوە بۆ پێناسەکردنی ئاشتی گرنگە، چونکە بایەخی یەکەمی خەڵک لە پێش یان دوای پێکدادانە چەکداریەکان بێت خۆی لە سەلامەتی جەستەیان دەبینێتەوە. مایکل دۆیەل و نیکۆلا سامبانیس (Michael W. Doyle and Nicholas Sambanis) باوەڕیان وایە هەنگاوی یەکەم بریتییە لە ئاشتی، ژینگەی ئاسایش هەنگاوی یەکەم و سەرەکیە بۆ دەستپێیکێکی نوێی ئاشتی[2]. ئەمەش وەک پێشمەرج دێتەبەرچاو، کە بەبێ ئاسایش ناتوانرێت بیر لە تێگەیشتن لە ئاشتی بکرێتەوە.

**١-٥-٢ دادپەروەری (Justice):**

بەشێک لە توێژەران باوەڕیان وایە چەمکی ئاشتی بەبێ دادپەروەری بونی نییە. ئەمەش وای کردووە دادپەروەری بە یەکێک لە پێکهاتە سەرەکیەکانی ئاشتی لە قەڵەم بدرێت. هەروەک توێژەر پییر ئالان (Pierre Allan) باسی دەکات کە "ئاشتی ڕەوا" پێناسە دەکرێت بە ئاشتی سەقامگیر لەگەڵ دادپەروەری.[3] بۆیە بەشێکی زۆر لە توێژەران لەسەر ئەوە کۆکن کە نەبونی

---

[1] King, Gary, and Christopher JL Murray. "Rethinking human security." *Political science quarterly* 116, no. 4 (2001).
[2] Doyle, Michael W., and Nicholas Sambanis. *Making war and building peace: United Nations peace operations*. Princeton University Press, 2006:338.
[3] Allan, Pierre. "Measuring international ethics: A moral scale of war, peace, justice, and global care." (2006).

دادپەروەری هۆکارێکی سەرەکییە بۆ نەبونی ئاشتی.[1] پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئاشتی و دادپەروەریدا هەیە و قۆناغی دوای جەنگ بە پێوانەی دەستەبەرکردنی دادپەروەری دیاری دەکرێت.[2] بۆیە پەیوەندی نێوانیان لەوەوە سەرچاوەدەگرێت کە نادادپەروەری دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ ڕودانی ململانێی چەکداری، چونکە کاتێک هاووڵاتیان هەست بە نادادی دەکەن، هیچ ڕێگەیەکی تریان نامێنێت، جگە لە پەنابردن بۆ توندوتیژی و لە ئەنجامیشدا دەبێتە هاتنەکایەوەی جەنگ.

### ١-٥-٣ ئاشتەوایی (Reconciliation):

ئاشتەوایی بە یەکێک لە هەرە سەرەکترین ڕەگەزی ئاشتی دادەنرێت، ئەم بابەتە خۆی ، لە پرۆسەی بونیادنانی ئاشتی لە ڕێگەی میکانیزمەکانی پرۆسەی ئاشتەوایی دەبینێتەوە. چەمکێکی ئاڵۆزە و کەمترین کۆدەنگی لەسەرە، هێشتا بە شێوەیەکی تەواو پێناسە نەکراوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە پەیوەستە بە پرۆسەی ئاشتەوایی هەردوو ئاستی کەسی و سیاسی. پێکەوەیی و هاوکاری لە ئاستی کەسی دەبێتە هۆکارێک بۆ هاندان و زەمینەسازی پێکەوەی لە ئاستی سیاسیدا. چونکە پێکهاتەی کۆمەڵگا دابەشبوی چەندین ئیتنیکی جیاوازە لە ئاستەکانی خوارەوەدا، بۆیە پێکەوەیی لە ئاستی کەسی کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی ململانێیەکان لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکان.

لەم نێوەندەشدا دروستکردنی متمانە وەک پایەکی سەرەکی پرۆسەی ئاشتەوایی دادەنرێت، بۆ ئەوەی تاکەکان لە پاش قۆناغی پێکدادانە چەکدارییەکان هەست بە توندوتیژی و چەوساندنەوە نەکەن. جەوهەری پرۆسەی ئاشتەوایش خۆی لەو دیدگایە دەبینێتەوە، کە نابێت ڕوداوەکانی ڕابردو بەکاربهێنرێنەوە بۆ دوبارە زیندوکردنەوەی توندوتیژی.[3] لێکۆڵەر ترودی گۆڤیە (Trudy Govier) زۆر بەگرنگی باس لە بونیادنانی متمانەو چۆنیەتی پەیوەندی بە پرۆسی ئاشتبونەوە دەخاتەڕو، بەشێوەیەک کە باوەڕی وایە، پێکەوەی و گونجان تەنها لەڕێگەی ڕێژەیەکی تەواو لە متمانە بەدەست دەهێنرێت.[4]چونکە کاتێک قسە لەسەر پرۆسەی ئاشتبونەوە دەکرێت، کە تێیدا متمانە شکێنرابێت لە نێوان پێکهاتەو گروپە جیاوازەکان، بۆیە ڕێگەی دوبارە بونیادناوەو دەستەبەرکردنی قۆناغی ئاشتی لە ڕێگەی دروستکردنی متمانەوە دەبێت.[5] لاندون هانکۆک (Landon E. Hancock) باوەڕی وایە، کە ئاشتەوایی بە یەکێک لە پێشمەرجەکانی

---

(1) Parlevliet, Michelle. "Bridging the Divide-Exploring the relationship between human rights and conflict management." *Track Two: Constructive Approaches to Community and Political Conflict* 11, no. 1 (2002): 1-11.

(2) دەربارەی چەمکی دادپەروەری و ڕەهەندەکانی بڕوانە: بیرمەندی ئەم بوارە (جۆن ڕاوڵز):
Rawls, John. *A theory of justice*. Harvard university press, 2009.

(3) Bloomfield, David, Terri Barnes, Lucien Huyse, and Teresa Barnes, eds. *Reconciliation after violent conflict: A handbook*. International Idea, 2003:19.

(4) Govier, Trudy, and Wilhelm Verwoerd. "Trust and the problem of national reconciliation." *Philosophy of the Social Sciences*32, no. 2 (2002).

(5) Ibid,.185.

بونیادنانی ئاشتی دادەنرێت کە لە دوای جەنگ، بۆیە پێویستە ببێتە بەرنامەڕێژییەکی گشتگیر بۆ دەستەبەرکردنی پرۆسەی ئاشتی.[1] دەکرێت بڵێین، کە سیاسەتی ئاشتەوایی ئەوەیە، کە ببێتە دەستەبەرکردنی نەگەڕانەوەی توندوتیژی لە داهاتودا، ئەویش لە ڕێگەی هێنانەکایەی دۆخێک کە دەستەبەری ئاشتیەکی دورمەودا بکات. چەمکی ئاشتی لە بواری کرداریدا، بەشێوەیەکی گشتی پشت دەبەستێت بە کارلێک کردنی هەریەکە لە ئاسایش، دادپەروەری و ئاشتەوایی.

**١-٦ ئەنجام:**

جەنگ بریتییە لە دیاردەیەکی مرۆڤ کرد، کە لە چەندین گۆشەنیگای جیاوازی وەک سۆسیۆلۆژی، سیاسی، یاسایی و سەربازی لێکدانەوە و شیکردنەوەی بۆ دەکرێت. سەرەڕای ئەوەی هەریەکە، لەم ڕەهەندانە خاوەن دیدگا و لێکدانەوەی خۆیانن، بەڵام دەکرێت بگوترێت، کە چەمکی جەنگ خاوەنی کۆمەڵێک بونیادی هاوبەشە بەپێی سەردەمە جیاوازەکان، ئەمەش بە مانای ئەوە نایەت کە سروشت و شوناسی جەنگ ڕوبەڕوی گۆڕانکاری نابێتەوە. بەپێی ئەم ڕاڤەکارییەی سەرەوە ئەوە ڕون دەبێتەوە کە لەگەڵ کۆتایهاتنی جەنگی ساردا، سروشت و شوناسی ململانێ چەکدارییەکان لە ململانێی نێودەوڵەتییەوە گۆڕان بۆ ململانێی نێوخۆیی. بەڵکو دەکرێت باس لەوە بکرێت کە گۆڕانکارییەکانی شوناسی جەنگ بەرهەمی ئەو گۆڕانکاریانەیە کە لە سیستەمی نێودەوڵەتی هاتوونەتە ئاراوە، چونکە هەر کاتێک سیستەمی جیهانی لە قۆناغێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ قۆناغێکی تر، ئەوا گۆڕانکاری سەرەکی بەسەر دابەش بونی هێز و چۆنیەتی بەڕێوەچون و شێوازەکانی جەنگدا دێت. یەکێک لەو پەیوەندییە ئاڵۆزانەی کە هەیە، بریتییە لە پەیوەندی جەنگ بە ئاشتییەوە، کە خۆی لە ئاڕاستەی هاوبەش و پەیوەندی دژ بەیەک دەبینێتەوە. بەڵام ئەوەی ئاماژەی پێکرا جەنگ و ئاشتی لە پەیوەندیەکی هاوبەشیدان، بەوەی کە جەنگ دادەنرێت بە ڕێگایەک بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی. لەئەنجامیشدا ئاشتی لەڕێگەی پرۆسەیەکی فراوانی هەریەکە لە ئاسایش، دادپەروەری و ئاشتبونەوە دەستەبەر دەکرێت. تێپەربون لە جەنگەوە بۆ بارودۆخێک کە ئاشتی و سەقامگیری بگرێتەخۆ، یەکدەگرێتەوە لەگەڵ نەریتی تیۆری جەنگی ڕەوادا، کە لە بەشی داهاتودا بە شێوەیەکی ورد باس لە مێژو و گەشەسەندنی ئەم تیۆرە دەکەین.

[1] Hancock, Landon E. "reconciliation and Justice as Prerequisites for Peace-building." *Peace and Conflict: Journal of Peace Psychology* 8, no. 3 (2002): 291-293.

## بەشی دووەم

# چەمک و سەرهەڵدانی تیۆری جەنگی ڕەوا

### ٢-١ دەسپێک

چەمک و تێگەیشتنە جیاوازەکان بۆ جەنگ و کردەی توندوتیژی لە بەشی پێشودا خرانەڕو. جەنگ وەک دیاردەیەکی مرۆڤ کرد، چەمکێکی زێدە ئاڵۆزە و لەگەڵ بونی مرۆڤدایە، بەڵام دەکرێت شێوازی بگۆڕدرێت. ئەگەرچی ئەم کورتکردنەوەیە بە سادەی دەردەکەوێت، بەڵام ئاڵۆزییەکی زۆر لە خۆدەگرێت. بۆیە ئەوەی بە بەردەوامی بۆتە جێگەی پرسیار و لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت خۆی لە پرسێکی سەرەکیدا دەبینێتەوە، ئەویش ئەوەیە، کە ئایا دەکرێت ڕەوایەتی بە جەنگ بدرێت و پاساوی بۆ بهێنرێتەوە. ئەوەی لێرەدا زۆر جەختی لەسەر دەکرێتەوە بریتییە لە بنەما مۆڕاڵییەکان وەک چوارچێوەیەکی سەرەکی بۆ ڕەوایەتیدان بە دیاردەی جەنگ لە قۆناغ و کاتێکی دیاریکراودا. دەرکەوتنی تێز و بیرکردنەوەکانی جەنگی ڕەوا خاوەن مێژوێکی دور و درێژن، هەڵبەت لە زۆرینەی شارستانییەتەکان و ئاینە جیاوازەکاندا بە شێوازێک لە شێوازەکان باس لە ڕەوایەتیدان بەجەنگ و چۆنیەتی بەڕێوەچونی جەنگ کراوە.

سەرەتای دەرکەوتنی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانیەکان و دواتر ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، بەڵام زۆرێک لە توێژەرانی ئەم بوارە قۆناغی ڕاستەقینەی ئەم تیۆرە بە فەلسەفەی ئاینی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست گرێدەدەن. بۆیە هەر یەکە لە (ئاگۆستین) و (تۆماس ئەکویناس) بە دامەزرێنەر و بونیادنەری ئەم تیۆرە دادەنرێن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە سەدەکانی پێش ئەوانیش بە جۆرێک لە جۆرەکان بەشێک لە بنەماکانی ئەم تیۆرە باسیان لێوەکراوە. تیۆری جەنگی ڕەوا پێمان دەڵێت، کە بارودۆخێک دێتەکایەوە، کە نەک بەکارهێنانی هێز ڕەوا دەبێت، بەڵکو دەبێتە کردەیەکی پێویست کە دەبێت ڕوبدات وەک تەنها بژاردەیەک، لە پێناو پاراستنی ماف و بوونی هاووڵاتیان. سەرەڕای بونی چەندین تێگەیشتن و لێکدانەوەی جیاواز لەم بارەیەوە، لەم بەشەدا هەوڵدەدرێت، کە چەمکی جەنگی ڕەوا ڕون بکرێتەوە و گرنگترین قۆناغە مێژویەکانی ئەم بابەتە دیاری بکرێن، کە بەپێی سەردەمە جیاوازەکان گۆڕانکاری سەرەکیان بەخۆیەوە بینیوە:

### ٢-٢ چەمکی جەنگی ڕەوا:

تەنها یەک ناساندن و پێناسە بۆ چەمکی جەنگی ڕەوا نییە، چونکە توێژەران بەشێواز و تێگەیشتنی جیاواز شیکردنەوەیان بۆ ئەم چەمکە کردوە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە ئەدەبیاتی سەربازییدا، قسەکردن لە ڕەوابون یان ڕەوانەبونی جەنگ و بەکارهێنانی توندوتیژی خۆی دەبینێتەوە لە تێز و بیرکردنەوەکانی فەلسەفەی مۆڕاڵ، لە چەندین سەدەی ڕابردودا ئەوەی پانتایەکی گەورەی هێنابێتەکایەوە بریتی بوە لە پشت بەستن بە مۆڕاڵی جەنگ لە چۆنیەتی ڕوبەڕوبونەوەی پێکدادانە سەربازییەکاندا. لەو چوارچێوەیەدا ڕەگەزی سەرەکی ئەم تیۆرە بە

شێوەیەکی سەرەکی پشت بە لایەنی مۆڕاڵی لەبەکارهێنانی هێزدا دەبەستێت. لەسەرەتا دەرکەوتنی تیۆری جەنگی ڕەوادا، بیرمەندانی فەلسەفەی مۆڕاڵ هەستاون بە شیکردنەوە و لێکدانەوەی پاساوە بنەڕەتیەکانی ئەم بابەتە کە لە چ کاتێکدا جەنگ هۆکارێکی ڕەوای دەبێت، ئەوان لە گۆشەنیگای مۆڕاڵیەوە لە پرس و بابەتەکانی پەیوەست بەم لایەنەیان ڕوانیوە. بۆ نمونە توێژەر "جۆن لانگۆ" (John W. Lango) لە نوێترین لێکۆڵینەوەیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تیۆری جەنگی ڕەوا بریتییە لە تیۆرێکی مۆڕاڵی و بنەماکانیشی مۆڕاڵین. [1] بەم پێیەبێت قسەکردن لەسەر ساتەوەختی ئەم تیۆرە قسەکردنە لەسەر فەلسەفەی مۆڕاڵ لە پێناو سنوردانان بۆ جەنگ لە ڕێگەی ئامرازە ئەخلاقی و مرۆییەکانەوە.

بەکارهێنانی ئەم چەمکە پەیوەستە بە شارستانیەتی خۆرئاوا، بەمەش توێژەران جیاوازی لەگەڵ بەشێک لەو چەمکانەی تر دەکەن کە لە ڕوی بەکارهێنان و ناوەڕۆکەوە نزیک دەبنەوە لە تیۆری جەنگی ڕەوا وەک جەنگی پیرۆز، کە لە ئاینی ئیسلامدا بە جۆرێکی ڕێگەپێدراوی جەنگ دادەنرێت. لێرەدا دەکرێت ئاماژە بۆ چەند تێگەیشتن و پێناسەیەک بکرێت، کە خۆیان لە چەند خاڵێکی هاوبەشدا دەبینەوە. لای بیرمەند ئۆلیڤەر ئۆدونوڤان (Oliver O'Donovan) تیۆری جەنگی ڕەوا بریتییە لە "پرۆژەیەک کە لە ڕوی کرداریەوە پاساوی هەیە" هەروەها پەیوەندیدارە بەوەی کە چۆن هەڵسەنگاندنێکی ڕەوا "دادوەرانە" دەکەین تەنانەت لە گۆڕەپانی جەنگەکەشدا. [2] زیاتر لەوەش، پێی وایە تیۆری جەنگی ڕەوا، لە ڕێگەی برەودان بە تێزە مۆڕاڵیەکان وەکو پرۆژەیەکی کرداری ڕاستکردنەوەیەکی ڕیشەییە لە پیادەکردنی جەنگدا وەک ڕێنیشاندەرێکی مۆڕاڵی.[3] ئەمەش ئەوە دەگەنێت کە بەر لە هەمو شتێک، ئەم تیۆرە چەمکێکی ئەخلاقیە، کە نابێت لەژێر هیچ ناوێکدا سەرپێچی لە بنەماکانی بکرێت.

توێژەر (جێمس تونەر) پێی وایە، کە تیۆری جەنگی ڕەوا بریتییە لە شێوازێک لە ڕەوایەتیدانی پەیوەندیدار بە ئاین، یاسا سەربازییەکان و گوتاری سیاسی.[4] ئەم ڕوانینە ئەخلاقیە، بەسەر یەکەوە شێوازێک لە بیرکردنەوە و ڕێکخستن لە پەیوەندی هەمەلایەنە دێنەێتەئاراوە. بەپێی بۆچونی نایگل بیگار (Nigel Biggar) تیۆری جەنگی ڕەوا بریتییە لە فۆرمێک لە سزادان و وەڵامدانەوەیەکی توندە بۆ نادادپەروەری.[5] ئامانجی تیۆری جەنگی ڕەوا لای ڕیچارد میللەر (Richard B. Miller) خۆی لە جیاکاری لە نێوان کوشتن لە جەنگدا لەگەڵ کوشتنی کەسێک (یاخود کوشتن بێ هۆکاری جەنگ) دەبینێتەوە، کوشتن لە جەنگدا نابێتە بکوژ،

---

(1) Lango, John W. *The Ethics of Armed Conflict: A Cosmopolitan Just War Theory*. Edinburgh University Press, 2018.

(2) O'Donovan, Oliver. *The just war revisited*. Vol. 2. Cambridge University Press, 2003:6-8

(3) Ibid.

(4) Johnson, J. "Morality and Contemporary Warfare." *Theological Studies* 61, no. 3 (2000): 25.

(5) O'Driscoll, Cian. "No substitute for victory? Why just war theorists can't win." *European Journal of International Relations* (2019):10.

پۆلێنکردنی هەندێک کرداری مرۆڤ لە ڕوی مۆڕاڵیەوە قبوڵکراوبێ هەروەها دانانی سنورێک بۆ ئەو کردارانەی کە لە جەنگدا قبوڵکراو نین.[1] (ڕیچارد) وەکو تیۆردارێژێک شیکردنەوەکانی ئەم تیۆرەی لە ڕێگەی جیاکردنەوەی جەنگی ڕەوا بەرەو پێگەیەکی بەرزتر خستۆتەڕو. خاڵی دەستپێکی تیۆری جەنگی ڕەوا جەختکردنەوەییە لە چەمکی دادپەروەری، کە دەبێت جەنگ بەشێوەیەکی ڕاست و دادپەروەرانە بڕیاری لەسەر بدرێت. لە هەمانکاتدا، تیۆری جەنگی ڕەوا لای (کانت) وەک بابەتێکی ئەخلاقی ڕەنگدانەوەی بنەماکانی یاسای جەنگە، کە تێدا دادپەروەری نێودەوڵەتی لە خۆدەگرێت.[2]

هەروەها بەپێی بۆچونی (ماری کالدۆر) "جیاوازیەکی زۆر کەم لە نێوان کوشتنی ڕەواو و کوشتن دا هەیە، لە نێوان سەرباز وەکو تاوانبار و سەرباز وەکو پاڵەوان. تیۆری جەنگی ڕەوا بریتیە لە بەرێوەبردنی ئەم جیاوازییە کەمە".[3] ئالێکس بێلامی (Alex J. Bellamy) وەسفی تیۆری جەنگی ڕەوا دەکات بە گفتۆگۆیەکی درێژکراوەی نۆرماتیڤ دەربارەی ڕەوایەتی بەکارهێنانی هێز، کە گرنگی پێدراوە لەلایەن چەندین تیۆرداڕێژەرەوە، هەریەکەیان لایەنێکیان گەشەپێداوە.[4] لێرەدا تیۆری جەنگی ڕەوا دژ بە ئەو تێروانینە ڕادەوەستێت، کە باوەڕیان وایە توندوتیژی سیاسی هەمیشە لە پێناو بەرژەوەندی و بەشێوەیەکی نادادپەروەر بەرێوەدەچێت. تێڕوانینی مایکل وۆلزەر (Michael Walzer) بۆ تیۆری جەنگی ڕەوا بەشێوەیەکی لۆژیکی دەگاتە ئاستێکی گشتگیرتر، کە بەم شێوەیە بۆچونی خۆی دەردەبڕێت "بریتییە لە کۆمەڵێک شێواز، دابونەریت، بنەمای یاسای، پرانسیپی ئاینی و فەلسەفی و ڕێکخستنی ئاڵوگۆڕی دروستکراوە کە هەڵسەنگاندنەکانمان دیاریدەکات بۆ ڕەفتارێکی سەربازی".[5] ئەم پێناسەیە مانای ئەوەیە، کە تیۆری جەنگی ڕەوا بریتییە لە یاسای مۆڕاڵی (the moral law)[6]، کۆمەڵێک بنەما لە خۆدەگرێت پەیوەست بە جەنگەوە لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا.[7]

بۆیە لە ڕوانینی گشتییدا، تیۆری جەنگی ڕەوا بریتییە لە هەوڵێک بۆ ڕەخساندنی چوارچێوەیەک بۆ ڕێکخستنی دەسەڵات لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بە جۆرێک کە بەرژەوەندی

---

[1] Richard B. Miller, *Interpretations of Conflict: Ethics, Pacifism, and the Just War Tradition,* Chicago, University of Chicago Press, 1991:13.

[2] Orend, Brian. *War and international justice: a Kantian perspective*. Wilfrid Laurier Univ. Press, 2006.

[3] Kaldor, Mary. "Human Security: Reflections on Globalization and Intervention, Cambridge: Polity," 2007:161.

[4] Heinze, Eric, and Brent Steele, eds. *Ethics, authority, and war: non-state actors and the just war tradition*. Springer, 2009: 4.

[5] Walzer, Michael. *Just and unjust wars: A moral argument with historical illustrations*. Basic books, 2015:44.

[6] یاسای مۆڕاڵی کۆمەڵێک ڕێسا و بنەمان، کە سیفەتێکی جیهانی و نەگۆڕیان هەڵگرتوە و سەرچاوەکەیان یاسای سروشتی و مۆڕاڵییە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە بەشی پێنجەمی ئەم کتێبەی خوارەوە:

Deigh, John. *An introduction to ethics*. Cambridge University Press, 2010.

[7] Ibid,:xxvi.

هاوبەشی نێودەوڵەتی بگرێتەخۆ. هەروەها ئەم هەوڵەی (ۆڵزەر) بە چەمکی ڕێکەوتننامەی جەنگ (convention war)[1] دادەنرێت، کە کۆمەڵێک بنەما و بەهای مۆڕاڵی لە خۆدەگرێت بۆ سنوردارکردنی بەکارهێنانی هێز و دیاریکرنی شوناس و لێکجیاکردنەوەی کەسانی شەڕکەر و مەدەنی لە هێرشەکاندا. بە بۆچونی پاوڵ کۆرنیش (Paul Cornish) تیۆری جەنگی ڕەوا بریتییە لە پێکەوەبەستنی ئامراز و ئامانجەکان، پاوڵ ڕونی دەکاتەوە، کە چۆن ئامرازەکانی جەنگ لەگەڵ ئامانجەکان لە پێوەندیدایە.[2] لێرەوە دەتوانین قسە لەسەر دو جۆر لە جەنگ و دەستێوەردانی سەربازی بکەین، کە لە کرۆکی تیۆری جەنگی ڕەواوە دێتە بەرهەم، ئەویش بریتییە لە پۆلێنکردنی جەنگ بۆ ڕەواو ناڕەوا، بەکارهێنانی هێز بەشێوەی ناڕەوا لە دەرەوەی تێگەیشتنی تیۆری جەنگی ڕەوادایە. بەشێوەیەکی گشتی تیۆری جەنگی ڕەوا بریتییە لە دادوەریکردنی ئەخلاقی بۆ دیاردەی جەنگ، کە پشت بە کۆمەڵێک بنەماو ڕێسا دەبەستێت. چونکە جەنگ لە چوارچێوەی ئەم تیۆرەدا ڕێگایەکە بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی و دادپەروەری.

بەپێچەوانەی بۆچونی تیۆری جەنگی ڕەوا، تیۆری ئاشتیخواز (Pacifism Theory) تێز و لێکدانەوەکانی جەنگی ڕەوا ڕەتدەکەنەوە. لایەنگرانی ئەم تیۆرە بە بەردەوامی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە جەنگ هەمیشە کردەیەکی ناڕەوایە و بە هیچ شێوەیەک ئەوان پشتگیری ناکەن، چونکە جەوهەری مۆڕاڵ بۆ جەنگ لە بنەڕەتەوە ڕەتدەکەنەوە. هەروەها ئەوان جەنگ وەک کردەیەکی هەڵە سەیردەکەن، کە دەبێتە هۆکارێک بۆ کوشتن و سەرهەڵدانی توندوتیژی. هیچ هۆکارێکی ئەخلاقیش ڕێگە بە کوشتن نادات، بۆیە دەبێت بە بەردەوامی بە گومان بین دەربارەی بیانووەکانی جەنگ.[3] لە تێڕوانیی ئەم تیۆرەدا جەنگ و بنەما مۆڕاڵییەکان هاوتاو یەکانگیر نابن، وەک ئەوەی لە تیۆری جەنگی ڕەوادا جەختی لەسەر دەکرێتەوە. چونکە لە بنەڕەتەوە دابەشکردنی جەنگ لە نێوان دو بەرەی سەرەکی وەک جەنگی ڕەوا و ناڕەوا ڕەتدەکەنەوە.

لە سۆنگەی شیکردنەوەکانی توێژەران بۆ ئەم تیۆرە، دەگەینە ئەو تێگەیشتنەی کە تیۆری جەنگی ڕەوا بریتییە لە ڕێبازێکی مۆڕاڵی دەربارەی بەکارهێنانی هێز، کە هەریەکە لە نەریتی ئاینی، یاسای، فەلسەفی و سیاسی لە خۆدەگرێت. کەواتە دەکرێت بوترێت، کە تیۆری جەنگی ڕەوا بریتییە لە خاڵی ناوەند لە نێوان جەنگێک کە ڕەوا بێت بەپێی ئەو بنەماو خەسڵەتانەی ئەم تیۆرە دایڕشتوە لەگەڵ کۆی شێوازەکانی تری بەکارهێنانی هێز، کە ڕەوایەتیان نییە. هەروەها سەرەڕای بونی دژیەکی و نەبونی کۆدەنگەییەکی گشتگیر لەسەر ڕەوایەتیدان بە جەنگ و

[1] ڕێکەوتننامەی جەنگ بریتییە لە سیستەمێك بۆ بەڕێوەبردنی شێوازی جەنگ، کە تێیدا کۆمەڵێك ڕێسا و مەرج دەگرێتەخۆ بۆ ئەوەی جەنگ بە ڕەوا دابنرێت. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم چەمکە بڕوانە:
Zupan, Daniel S. *War, morality, and autonomy: an investigation in just war theory*. Routledge, 2017.

[2] Cornish, Paul. "The Ethics of ‚Effects-Based ‘Warfare: The Crowding Out of Jus in Bello." *The Price of Peace: Just War in the Twenty-First Century* , 2007: 190.

[3] Bellamy, Alex J. "Is the war on terror just?." *International Relations* 19, no. 3 (2005): 275.

شێوازەکانی سنوردارکردنی، جەنگی ڕەوا بە جەختکردنەوە لەو چوارچێوە مۆڕاڵییەی کە بۆ چۆنیەتی ڕاگەیاندنی جەنگ و بەڕێوەچونی هەیە، جیادەکرێتەوە.[1] لەوەوە دەکرێ ئەوە بگوترێ کە تیۆری جەنگی ڕەوا لە هەوڵی ئەوەدایە، کە شێوازێکی مامەڵەی مرۆیانە (Human) بۆ جەنگ بێنێتەکایەوە.

بۆیە دەتوانین ئەوە بڵێن، کە تیۆری جەنگی ڕەوا خۆی وەک جێگرەوەیەک پیشان دەدات بۆ ئەوەی بتوانێت کێشەکانی پەیوەست بە جەنگ و ململانێ چارەسەربکات. جەنگ لە چوارچێوەی ئەم تیۆرەدا وەک دامەزراوەیەکە، کە دەگەڕێتەوە بۆ یاسای سروشتی (natural-law).[2] بنەما و تێگەیشتنەکانی تیۆری جەنگی ڕەوایە کە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، کە تا چ ڕادەیەک جەنگ لە ڕوی مۆڕاڵیەوە ڕێگەپێدراو دەبێت. ئەم تیۆرە دانانی ڕێسای وردە بۆ بەرەنگاربونەوە و بنیاتنانی متمانە لە نێوان خەڵک و بڕیاردەرانی جەنگ، هەروەها هێنانەکایەوەی میکانیزمی گونجاوە بۆ سزاگەیاندنی سەرپێچیکاران. ڕەنگە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە کارێکی ئاسان نەبێت، بەڵام ئەم تیۆرە میکانزمێکی واقیعیانە پێشکەش دەکات بۆ ئەوەی پێشکەوتن لەم بوارانەدا ئەنجامبدرێت. بۆیە ئەم تیۆرە جۆرێکە لە هەوڵی جیاکردنەوە و دواتر بونیادنانی شێوازێکی جیاکارییە لە جەنگ. چونکە یەکێک لە گریمانە سەرەکییەکانی ئەم تیۆرە ئەوەیە، کە ڕێگری ئەخلاقی بسەپێنرێت بەسەر بەکارهێنانی هێزی چەکدار لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. ڕەهەندی مێژوی ئەم تیۆرە گرنگە، چونکە ئەم تیۆرە ڕەگ وڕیشەی هەیە. لە ئەنجامی ئەمەدا دەتوانین ڕاڤەکارییەکی مێژویی چەمکەکە بکەین، دەکرێت لەڕوی مێژویەوە هەنگاو بە هەنگاو ئەم پرۆسەیە لە تەوەرەکانی خوارەوەدا ڕاڤەبکەین.

### ٢-٣ تیۆری جەنگی ڕەوا لە قۆناغی کلاسیکیدا:

لەڕوی مێژووییەوە، ئەم تیۆرە خاوەن ئەزمون و قۆناغی جیاوازە، هەر قۆناغێک هەڵگری کۆمەڵێک پێشکەوتن و پێداچونەوە و گەشەکردنە. دەرکەوتنی ئایدیاو بنەما گشتییەکانی ئەم تیۆرە گەشەیان پێدراوە لە ئاست و لایەنی جیاوازەوە، وەک یاسای ڕۆمانی، پەیڕەویکردنی ئاینی، لایەنی سەربازی و فەلسەفەی سیاسییەوە، لە قۆناغەکانی دواتریش بە تایبەت شیکەرەوە و توێژەرە جیاوازەکانی ئاینی مەسیح گرنگیان پێداوە. ئاشکرایە کە گفتوگۆ لە پرسی جەنگی ڕەوا ڕیشەگەلێکی فەلسەفی، سیاسی، ئاینی و ئەخلاقی دورودرێژی هەیە. بەڵام زۆرێک لە توێژەرانی ئەم بوارە گفتوگۆ پڕ بایەخەکانی ئەم بابەتە دەگێڕنەوە بۆ بەها ئەخلاقیەکانی ئاینی مەسیحییەت کە لە پێناو ڕیکخستنی هۆکار و ئامانجەکانی جەنگ و توندوتیژیەکان، بیانو و ئارگیۆمێنتی ئەخلاقیان لە چوارچێوەی ئاینییدا پێشکەش کردوە، بۆیە جەنگ و دەستێوەردانە

---

[1] O'Driscoll, Cian. *Victory: The Triumph and Tragedy of Just War*. Oxford University Press, 2019:2.
[2] Neff, Stephen C. *War and the law of nations: A general history*. Cambridge University Press, 2005:167.

سەربازییەکان لە ڕوانگەیەکی پیرۆز و ئیلاهیەوە لێکدانەوەیان بۆ کراوە.[1] وەک ئەوەی دەردەکەوێت دید و تێڕوانینەکانی ئەم قۆناغەش بۆ تیۆری جەنگی ڕەوا دابڕاو نەبوە، لە قۆناغەکانی پێش خۆی بە جۆرێک کە لەژێر کاریگەری کۆمەڵێک فاکتەری تردا بوە وەک یاسای ڕۆمانی و تێزو هزری یۆنانی کۆن. بەشێوەیەکی گشتی، ئەم قۆناغە بە چەندین گۆڕانکاری ڕێژەیی بەردەوام دەبێت، تاوەکو سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست و دواتر، ئەم تیۆرە سەرەتای قۆناغێکی نوێ دەست پێدەکات و زۆرکات بە تێگەشتنی نائاینی تیۆرەکە ناوزەند دەکرێت، هاوکات یەکانگیرە لەگەڵ دەرکەوتنی یاسای نێودەوڵەتی. لە باسەکانی دواتردا ڕونکردنەوەی زیاتر سەبارەت بەم تێڕوانینە دەخەینەڕو.

### ٢-٣-١ بیرکردنەوەی جەنگی ڕەوا لە یۆنانی کۆندا:

لە هزری کلاسیکدا، بیرۆکەی ئەم تیۆرە ئامادەیی هەبوە، بۆ نمونە لایەنە جیاوازەکانی ئەم تیۆرە جێگەی بایەخی بیرمەند و فەیلەسوفانی یۆنانی بوە،[2] دەوڵەتە شارەکان لەو قۆناغەدا یەکەی باڵای بەڕێوەبردن بون. هەریەکە لە ئەفلاتون و ئەرستۆ باسی لایەنێک لە لایەنەکانی ئەم تیۆرەیان کردوە. ئەوەی لای یۆنانییەکان و بە تایبەت ئەفلاتون جێگەی گرنگیپێدان بوە پەیوەست بوە بە پاراستنی هاووڵاتیانی مەدەنی لەپێناو ئەوەی نەبنە بەشێک لە قوربانی شەڕەکان. هەروەها چۆنیەتی کۆتاییپێهێنانی جەنگ کە خۆی ببینێتەوە لە دەسەڵاتێکی گونجاو بە گرنگ دانرەوە بۆ ئەوەی جەنگ جیا بکرێتەوە لە دەستدرێژیکاری.[3] (ئەرستۆش) لە یەکێک لە بەرهەمەکانیدا بەناوی "سیاسەت" ئاماژەی بە پرس و کێشەی دادپەروەری لە کاتی بەڕێوەچونی جەنگدا کردوە. (ئەرستۆ) هاوشێوەی ئەفلاتون جەنگ وەک کردەیەکی مرۆیی بابەتێکی حەتمیە و ناتوانرێت ڕێگەی لێبگیرێت، بەڵام ئەوەی لای ئەو زۆر جێگەی بایەخ بوە لە سنوردارکردنی جەنگ بۆ کەمترین ئاست و حاڵەت. جەنگ کاتێک خاسیەت و تایبەتمەندی ڕەوایەتی وەردەگرێت، کە لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بێت.[4] ئەوەی لە تێڕوانینی ئەرستۆدا دەخوێندرێتەوە بریتییە لە مافی بەرگری ڕەوای دەوڵەتێک دژ بە دەوڵەتێکی تر.

---

[1] Douglas, Mark. "Changing the rules: Just war theory in the twenty-first century." *Theology Today* 59, no. 4 (2003): 529-545.

[2] دەربارەی یاسای جەنگ بەشێوەیەکی گشتی لە یۆنانی کۆن بگەڕێوە بۆ لێکۆڵەری زانکۆی هارڤارد، ئەدریان لانی ( Adriaan Lanni) کە تێیدا ئاماژەی بە ڕێسا و بنەماکانی جەنگ کردوە، بەشێوەیەکی سەرەکی ڕێسای عورفیبون و پشتیان بە هەڵسوکەوتی نێوان دەوڵەتە شارەکان بەستوە:

Lanni, Adriaan. "The Laws of War in Ancient Greece." *Law and History Review* 26, no. 3 (2008): 469-489.

[3] Christopher, Paul. *The ethics of war and peace: An introduction to legal and moral issues*. Englewood Cliffs: Prentice Hall, 1994: 10.

[4] Aristotle, *Politics*, trans. Benjamin Jowett (Cambridge: MIT Press, 1994), under Book I, part VI and Book II, part IX. Available at:< http://classics.mit.edu/Aristotle/politics/html > (Accessed: 28 April 2019).

## ٢-٣-٢ جەنگی ڕەوا لە قۆناغی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما:

تیۆری جەنگی ڕەوا، دەکرێت زۆر بە ڕوونی لە قۆناغی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بەدی بکرێت و بە تایبەت لای تیۆرداڕێژ و فەیلەسوف شیشرۆ (Cicero)، دیدو تێڕوانینەکانی ئەم بیرمەندە کاریگەری گەورەی لەسەر ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی هەبوە.[1] دەرکەوتنی ئارگیۆمێنتەکانی شیشرۆ دەربارەی ئەم تیۆرە قورس نییە، ئەو لە سەر هەردوو پرانسیپی سەرەکی هەریەکە لە بنەمای یاسایی و ڕەچاوکردنی بنەمای مۆراڵی کاری کردوە، بۆ ئەوەی جەنگەکان بەڕەوا دابنرێن. بنەماکانیش لە تیۆرەکەی شیشرۆ ڕەنگدانەوەی یاسای سروشتیین و لە ڕوی ئەخلاقییەوە پابەندارن. هەر وەک ئەفلاتون و ئەرستۆ، بونی دەسەڵاتیکی گونجاو بۆ بڕیاردان و کۆتایی پێهێنانی جەنگ بە یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی زانیوە، کە دەبێت جەنگ بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن دەسەڵاتێکی گونجاوەوە بڕیار لەسەر دەستپێکردن و کۆتاییهاتنی بدرێت.[2] کارەکانی (شیشرۆ) لە ئاستێکی گشتگیر و فراواندا بون، هەر وەک تیۆرداڕێژەری ئەم بوارە براین ئۆرێند (Brian Orend) پێی وایە، کە (شیشرۆ) شایەنی ئەوەیە دامەزرێنەری تیۆری جەنگی ڕەوا بێت هاوتای ئاگۆستین.[3] لەم قۆناغەدا چەند بنەمایەکی وەک دەسەڵاتێکی گونجاو بۆ ڕاگەیاندنی جەنگ بەشێوەکی گشتی، زیاتر گەشەیان پێدراوە.

## ٢-٤ تیۆری جەنگی ڕەوا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا:

بەلای زۆرێک لە توێژەران نەریتی تیۆری جەنگی ڕەوا پەیوەستە بە کەلتور و هزری فەلسەفی ڕۆژئاوا، لێرەدا پێویستە ئاماژە بە تێڕوانینەکانی ئەم قۆناغە بکەین، کە بەشێوەیەکی سەرەکی خۆی لە تیۆرداڕێژەرانی سەرەکی ئاگۆستین و تۆماس ئەکوینی دەبینێتەوە:

### ٢-٤-١ تێڕوانیەنەکانی ئاگۆستین (St. Augustine of Hippo 354-430):

ئاگۆستین بە یەکێک لە تیۆرداڕێژەرانی تیۆری جەنگی ڕەوا دادەنرێت، کە لە سەدەی پێنجەمدا، باس لەوە دەکات کە چ جۆرە کوشتنێک و جەنگێک ڕەوایەتی وەردەگرێت.[4] کاریگەرییە سەرەکییەکانی بیانوی جەنگ پەیوەست بوە بە بەشداری مەسیحییەکان لە جەنگی دژ بە ڕۆمانیەکان. ئەم کاریگەرییە جۆرێک لە تێگەیشتنی هێناوەتە ئاراوە کە لەوکاتەدا ئەم تیۆرە بە تیۆری جەنگی ڕەوای مەسیحیەت (Christian Just War Theory) ناوببرێت.[5]

---

[1] Khalife, Ryan A. "Drone Strikes: The Moral, Political, and Legal Implications of the Changing Character of War."Thesis, Oregon State University (2018):12.

[2] Harrer, Gustave Adolphus. "Cicero on peace and war." *The Classical Journal* 14, no. 1 (1918): 26-38.

[3] Orend, Brian. *The morality of war*. Broadview Press, 2013:11.

[4] Campbell, Luke Bradley. "Just war, legitimate authority and non-state actors." PhD diss., University of Missouri--Kansas City, 2011.

[5] Whyte, Jessica. "The" Dangerous Concept of the Just War": Decolonization, Wars of National Liberation, and the Additional Protocols to the Geneva Conventions." *Humanity: An*

لەم قۆناغەدا ئاگۆستین وەک چەمک باسی لە تیۆری جەنگی ڕەوای نەکردوە، بەڵام دەکرێت دیدو بنەماکانی ئەم تیۆرە لە چوارچێوەی نوسینەکانیدا بدۆزرێنەوە، کە لە گرنگترین بەرهەمی بەناوی شاری خودا (The City of God) هزرو لێکدانەوەکانی خستۆتەڕو. لێرەدا (ماری کاڵدۆر)، (ئاگۆستین) بە باوکی تیۆری جەنگی ڕەوا دادەنێت لە سەردەمی کلاسیکیدا،[1] یان ئاگوستین بە دامەزرێنەری ڕێبازی ئاینی (christian doctrine) جەنگی ڕەوا دادەنرێت. کە بەلای (ئاگۆستینەوە) جەنگ ڕێگەدراو دەبێت لە ڕێگەی دەسەڵاتێکی گشتیەوە لە پێناو ئامانجێکی گشتی، بۆیە هەبوونی دەسەڵاتێکی ڕەوا بە سەنتەری بیر و بۆچونەکانی ئەو دادەنرێت. لە ڕوانگەی ئاگۆستینەوە، جەنگ کاتێک ڕەوا دەبێت، کە لە پێناو چاکەیەکی گشتی و هاوبەشدا بێت، بە واتایەکی تر ئاشتی دەبێتە تەوەری سەرەکی بڕیاردان لە جەنگ. هەروەها باوەڕی وایە، کە ژمارەیەکی زۆر کەم لە جەنگەکان ڕەوایەتی وەردەگرن. تێڕوانینەکانی ئەو بە قۆناغێکی گرنگ دادەنرێن، چونکە ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە دورکەوتنەوەی تێڕوانینی ئاشتیخوازەکان لە چوارچێوەی ئاینی مەسیحییدا. چونکە (ئاگۆستین) جەختی لەسەر سنورداركردنی جەنگ دەکردەوە لە ڕێگەی گەڕان بە دوای دادپەروەرییەوە، کە هاوتای گەڕانە بەدوای ئاشتیدا.[2] بەم پێیە ئاگۆستین بە یەکێک لەوانە دادەنرێت، کە کاریگەری زۆری لەسەر بیرمەندانی دوای خۆی بەجێهێشتوە، تێزەکانی ئەو وەک شێوازێک و چەمکێک بە شێوەی درێژخایەن بەجێماوە.

**٢-٤-٢ تۆماس ئەکویناس** (Thomas Aquinas 1225 – 1274):

یەکێکی تر لەو بیرمەندانەی کە بە شێوەیەکی قوڵتر وردبۆتەوە لە چەمک و بنەماکانی ئەم تیۆرە تۆماس ئەکوینیە (Thomas Aquinas)، (ئەکویناس) بە سود وەرگرتن لە بۆچونەکانی ئاگۆستین ئەم تیۆرەی زیاتر بەرەوپێشەوە بردوە و پرانسیپەکانی فراوانتر کردوە. لەم پێناوەدا (ئەکوینی) چەند بنەمایەکی بنەڕەتی دادەڕێژێت بۆ ئەوەی بزانرێت، کە چ فۆرمێک لە جەنگ دەکرێت بە ڕەوا و قبوڵکراو دابنرێت. لێرەدا ئاماژە بە سێ لە بنەما سەرەکیەکانی (ئەکویناس) دەکەین، کە پێویستن بۆ ئەوەی جەنگ ڕەوا بێت:

یەکەم- جەنگ پێویستە بە سیستەمە (order) لەلایەن دەسەڵاتێکی تایبەتمەندو گونجاوەوە (competent authority) ڕێکبخرێت.

دووەم- پێویستە کەیسەکە ڕەوا بێت.

---

*International Journal of Human Rights, Humanitarianism, and Development* 9, no. 3 (2018): 314.

(1) Kaldor, Mary. New and old wars: Organised violence in a global era. John Wiley & Sons, 2013.

(2) Burke, Anthony. "Just war or ethical peace? Moral discourses of strategic violence after 9/11." International affairs 80, no. 2 (2004): 336

سێیەم- شەڕکەر دەبێت نیەتێکی باشی هەبێت و خۆ بەدور بگرێت لە هەمو کارێکی خراپە و ناڕەوا.[1] (ئەکویناس) بە درێژەپێدەری ڕێبازی ئاینی مەسیحی دادەنرێت، بەڵام ئامرازەکانی بەدیهێنانی جەنگ بە کۆمەڵێک پرانسیپ و ڕێسای ترەوە سنورداردەکرێت.

وەک ئەوەی دەبینرێت، لای (ئاگۆستین) و (ئەکویناس) سەنتەری فکر و تێڕوانینی ئەوان لە هۆکار و پرسێکی ڕەوا خۆی دەبینێتەوە.[2] هەروەها جگە لە بونی هۆکارێکی ڕەوا هەریەکە لە پرانسیپی دەسەڵاتێکی شەرعی بۆ بڕیاردان لە جەنگ و بونی نیەتێکی دروست لەلایەن ئەم بیرمەندانەوە گەشەیان پێدراوە.[3] لە ڕێگەی ئەم چەند بنەمایانەوە، دەردەکەوێت ئەم تیۆرە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا قۆناغ و پەرەسەندی باشی بڕیوە، لە گەلاڵەکردنی بنەما گشتیەکاندا.

**٢-٤-٣ فرانسیسکۆ دی ڤیکتۆریا** (Francisco de Victoria1483-1546) :

ڤیکتۆریا بە یەکێک لەو توێژەرانە دادەنرێت کە زۆر بە ڕون و ئاشکرایی باسی لە بنەما سەرەکیەکانی تیۆری جەنگی ڕەوای کردوە. بەڕای ئەو ئەم تیۆرە بە تەنها لە یەک بنەما پێک نایەت. بەڵکو زیاتر بایەخ بە قۆناغی دوای جەنگ دەدات و لەگەڵ پاراستنی هاوولاتیانی مەدەنی لە کاتی ڕودانی جەنگدا. تێڕوانینەکانی ئەو زیاتر لە ژێر کاریگەری یاسای سروشتی دا بوە، بۆیە بونی پارێزبەندیی بە پێویست زانیوە، بۆ هەمو هاولاتیانی مەدەنی و ئەوانەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشێک نین لە جەنگەکە و وەک شەڕکەری جەنگ لە قەڵەم نادرێن.[4] (ڤیکتۆریا) وەک تەواوکەری بیر و بۆچونەکانی ڕابردوی خۆی دەردەکەوێت، بەڵام زۆر گشتگیرتر گرنگی بە قۆناغی پاش جەنگ دەدات. هەروەها تێگەیشتنەکانی ڤیکتۆریا جۆریک بون لە ڕەخنە لە بیرکردنەوەکانی پێش خۆی، کارەکانی ئەو وەک سەرەتای هەنگاوەکانی دورکەوتنەوە لە هزری تەواوەتی ئاینی دادەنرێن. ئەمەش دەکرێت پەیوەست بێت بەو قۆناغەی ئەو کاتە کە لە ئەوروپادا دەسەڵاتی ئاینی بەرامبەر بونیادی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوریدا بەرەو لاوازی هەنگاوی دەنا.[5]

(ڤیکتۆریا) بونی تەنها هۆکارێکی ڕەوا بۆ خاڵی دەستپێک و بناغەی جەنگ دانانێت و پێی وایە کە دەبێت بنەمای تریش لە خۆبگرێت.[6] بە پێی تێگەیشتنی ئەو، جەنگ دەبێت وەک کۆتا

---

[1] Bowyer, Daren. "Just war doctrine: relevance and challenges in the 21st century." PhD diss, cranfield university, (2008):50.
[2] Mednicoff, David M. "Humane wars? International law, Just War theory and contemporary armed humanitarian intervention." *Law, culture and the humanities* 2, no. 3 (2006): 379.
[3] Stewart, Kerry. "Just war and terrorism: a new policy perspective." *Digest of Middle East Studies* 20, no. 2 (2011): 216.
[4] Von Elbe, Joachim. "The Evolution of the Concept of the Just War in International Law." *The American Journal of International Law*33, no. 4 (1939): 675.
[5] Burke, Ciarán. *An equitable framework for humanitarian intervention*. Bloomsbury Publishing, 2013.
[6] Bowyer, Daren. "Just war doctrine: relevance and challenges in the 21st century, (2008):52.

بژاردە سەیربکرێت و هەمو ڕێگەو شێوازە ئاشتییەکان پەنایان بۆ برابێت، هەروەها دەبێت ئەو جەنگە دەرفەتی سەرکەوتی هەبێت و نادادپەروەرییەکان لەڕێگەی جەنگەوە چارەسەربکرێن.[1] بەم پێیە (ڤیکتۆریا) جەنگ هەر بە تەنها لە مافی بەرگری خود کورت ناکاتەوە، بەڵکو ئەم چوارچێوە فراوانتر دەکات، بە جۆرێک مافی دەستێوەردانی مرۆییش لە خۆبگرێت. وەک دەردەکەوێت (ڤیکتۆریا)، لە چەند ئاستێکدا گۆڕانکاری و پێشکەوتنی لەم تیۆرە ئەنجامدا، بە هێنانە پێشەوەی چەند بنەمایەکی تر بۆ جەنگ و گرتنەخۆی نەتەوەکانی دەرەوەی پەیڕەوانی ئاینی مەسیحی لە چوارچێوەی ئەم تیۆرەدا.

ئەو بنەمایانەی کە لەلایەن فەیلەسوف و بیرمەندانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە گەشەی پێدراوە و بە تێڕوانین و تێگەیشتنی کلاسیکی دادەنرێت بۆ ئەم تیۆرە، کە خۆیان دەبینیەوە لە بیرو بۆچوونی ئاینی، فەلسەفی و ئەخلاقی بۆ ئەم چەمکە. لە تێڕوانینی کلاسیکیشدا، دوو پرسیاری گرنگ ئاماژەی پێکراوە، ئەوانیش جەنگ چۆن دادپەروەرانە دەبێت و هەروەها چۆن ئیدارەی جەنگ دەدرێت، دواتر هەمو ئەم تێگەیشتنانە بونە پێشینەیەکی گرنگ بۆ قۆناغەکانی داهاتو. هەروەها لە سەدەکانی ناوەڕاست کلێسا و دامەزراوە ئاینیەکان ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوە لە گونجاندنی ڕەوایەتی بەکارهێنانی هێز لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە، بەمانایەکی تر پاساوی ئاینی بە هۆکارێکی سەرەکی دانراوە لە دەست پێکردن و چونە جەنگەوە. واتە پاڵنەری سەرەکی توندوتیژ و جەنگەکانی سەدەی ناوەڕاست ڕەوایەتیان لە کڵێساوە وەرگرتوە، چونکە پەیوەندی تیۆری جەنگی ڕەوا لەم قۆناغەدا پەیوەندی بوە لەگەڵ ئاینی مەسیحیدا. تەنانەت لەم قۆناغەش دەسەڵاتێکی ڕەوا بۆ بڕیاردان لە ڕاگەیاندنی جەنگ پاڵنەری سەرەکی هەبوە. بۆیە توندوتیژی و دەستێوەردانە سەربازی و چەکدارییەکان دەبێت یەکانگیربن لەگەڵ کۆمەڵێک لە بنەما و بەهای ئەخلاقی لە پێناو شەرعیەتدان بەم پرۆسەیە.

## **٢-٥ ڕێککەوتننامەی ئاشتی وێستڤالیا و بە سیکۆلاربونی تیۆری جەنگی ڕەوا:**

کۆتایی شەڕی سی ساڵە و ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەی ئاشتی وێستڤالیا (Peace of Westphalia) لە ساڵی (١٦٤٨)[2]، بە یەکێک لە گۆڕانکارییە گەورەکانی گەشەسەندن و فراوانبونی بنەماکانی ئەم تیۆرە دادەنرێت. لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکاریانەدا دەوڵەتی نەتەوەیی[3] دێتەکایەوە، کە دەوڵەت شێوازی ڕێکخستنی هێزە و لە هەناوی سیستەمی نێودەوڵەتیدا دەبێتە خاوەن بڕیاری بەکارهێنانی هێز بە پشت بەست بە خاوەنداریەتی سەروەری. خەسڵەتە سەرەکیەکانی لە هزری دەوڵەت و دەستێوەرنەدان لە سنوری یەکتر و هاتنەکایەی سیستەمی

---

[1] Stewart, Kerry. "Just war and terrorism: a new policy perspective, (2011): 216.

[2] See Philpott, Daniel. "Westphalia, authority, and international society." *Political Studies* 47, no. 3 (1999): 566-589.

[3] دەوڵەتی نەتەوەی بریتییە لە کیانێکی بێ لایەنی هاوبەش، کە لە سەدەی هەژدەهەمەوە لە خۆرئاوا سەری هەڵداوە، کە هەمو جیاوازییەکان لە هەناوی خۆیدا کۆدەکاتەوە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم چەمکە بڕوانە:

Seton-Watson, Hugh. *Nations and States: an enquiry into the origins of nations and the politics of nationalism*. Routledge, 2019.

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی خۆی دەبینیەوە و دەوڵەت دەبێتە بنەمای ڕێساکانی سیستەمی نێودەوڵەتی. لەم قۆناغەدا (هۆگۆ گرۆشیۆس) بە یەکێک لەو تیۆرداڕێژەرانە دادەنرێت کە چوارچێوە و بنەما و یاساکانی ئەم تیۆرەی لە چوارچێوەیەکی سیکیۆلار داڕشتوە. ئەم تیۆرەش ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەبو، کە لە ئەنجامی ئەو ڕێکەوتنامەیە هاتەکایەوە، چونکە ئەم پەیماننامەیە قۆناغی بە سەنتەربونی دەوڵەتی چەسپاند. لەم قۆناغەدا چیتر تێڕوانینی ئاینی وەک هۆکارێک بۆ ڕەوایەتی دان بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ دانانرێت و بنەمای دەستێوەرنەدان لە سەروەری دەوڵەتان جێگەی گرتەوە. لە ئەنجامی ئەمەشدا ئەم تیۆرە پەیوەست بو بە ئێتیکی جەنگ لە نێوان خودی دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکان.[1] تێز و بیرکردنەوەکان لەم قۆناغەدا پەیوەستن بە کۆمەڵێک بیرمەند و تیۆرست، کە تێیدا ڕۆڵێکی سەرەکیان بنیوە لە پێشکەوتنی ئەم تیۆرەدا لە ناویشیاندا (هۆگۆ گروشویس) ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوە.

**٢-٥-١ هۆگۆ گرۆشیۆس** (Hugo Grotius 1583-1645):

(هۆگۆ گروشیوس) یاساناس و تیۆرداڕێژەری بەناوبانگی هۆڵەندی، کە بە دامەزرێنەری یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێت، پەرەی بە شیکردنەوەکانی تیۆری جەنگی ڕەوا داوە و هەنگاوێکی تر ئەم تیۆرەی بەرەوپێشەوە بردوە. لە یەکێک لە نوسینەکانی دا بە ناوی یاسای جەنگ و ئاشتی (The law of war and peace)، کە بە زمانی لاتینی لە پاریس بڵاوی کردۆتەوە، گرنگترین بنەما یاساییەکانی جەنگی تیدا داڕشتوە و ئاماژەی بە شەش بنەمای سەرەکی ئەم تیۆرە کردوە، وەک: هۆکاری ڕەوا، دەسەڵاتێکی سەروەری، ڕاگەیاندنی فەرمی، هاوڕێژەی، دەرفەتی سەرکەوتن و دوابژاردە.[2] لە قۆناغی مۆدێرنیشدا ئەو کارەی هۆگۆ بە جەوهەر و بنەمای یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێت و پشت بە مافە سروشتییەکان (Natural Rights) دەبەستێت. هەروەها تێزەکانی ئەم بیرمەندە بونە سەرەتا دەرکەوتنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، کە لەسەر بنەمای یەکسانی سەروەری نێوان دەوڵەتان هاتۆتەکایەوە و تێیدا دەوڵەت وەک کارەکتەی سەرەکی یاسای گشتی نێودەوڵەتی دەردەکەوێت. ئەم بنەما یاساییانە بۆ هەمو تاکەکان دانراون و لە هەمو کات و سەردەمێکدا شیاوی پەیڕەوکردنن.

تێزەکەی (گرۆشیۆس) پەیوەست بە بنەماکانی یاسای جەنگ جێبەجێ دەبن بەسەر تەواوی نەتەوە جیاوازەکان، کارەکانی ئەو بە قۆناغێکی جیاکەرەوەو گرنگ دادەنرێن. چونکە بەیەکەم تیۆرداڕێژەر دادەنرێت، کە دیدێکی نائاینی بە تیۆری جەنگی ڕەوا بەخشیوە. بەشێوەیەکی گشتی، جەنگی لە چوارچێوەیەکی تەواو سیاسی لێکداوەتەوە. ئەم قۆناغە وا دەخوێنرێتەوە کە پێگەی ئاینی لە هەناوی ئەم تیۆرەدا بەرەو لاوازبون هەنگاوی ناوەو لە جێگەی ئەودا، سەروەری دەوڵەتان جێگەی گرتۆتەوە. بەم پێیە (هۆگۆ) دژی لێکدانەوەی ئەم

---

[1] Fotion, Nick. "Two theories of just war." *Philosophia* 34, no. 1 (2006): 53-64.

[2] Gomes, Keith Jude. "A Comparative Grammar of Just War: Contrasting Augustinian Christian and Vedic Hindu Worldviews." PhD diss., Carleton University, 2014:87.

تیۆرە بو لە چوارچێوەیەکی ئاینیدا، کە لە پێش ئەودا زۆر جەختی لەسەر دەکرایەوە. ئەمەش ڕۆڵێکی زۆر گەورەی لە داڕشتنی یاسای نێودەوڵەتی و گۆڕانکاریکردن لە بنەماکلاسیکەکاندا بینی.[1] ئەو بە دامەزرێنەری بنەما پارێزبەندی شەڕنەکەر (مەدەنی) دادەنرێت (noncombatant immunity) کە لە قۆناغەکانی دواتردا وەک بەشێکی گرنگ لە تیۆری جەنگی ڕەوا جەختی لەسەر دەکرایەو، پێی وایە لە ڕوانگەی لێپسراویەتییەوە، مەدەنیەکان بە تەواوەتی کەسانی بێ تاوانن لە ململانێکاندا و ئازاردانیان کارێکی باش نییە.[2]

(گرۆشیۆس) جیاوازی لە نێوان جەنگی تایبەتی و گشتی و تێکەڵ دەکات. جەنگی تایبەتی ئەو جەنگەیە کە دێتەکایەوە لە ڕێگەی کەسە تایبەتەکانەوە بە بێ بونی دەسەڵاتی گشتی دەوڵەت.[3] بۆیە ئەم جۆرە لە جەنگ ڕێگەپێدراو نییە، تەنها لە حاڵەتی هەڕەشە بۆ بونی ئەو کەسە نەبێت. بەپێچەوانەوە، جەنگی گشتی جێبەجێدەکرێت لە ڕێگەی کەسێکەوە کە هەڵگر و خاوەنی هێزی سەروەرییە. هەروەها جۆری سێیەمیش خۆی لە بەشێک لە ئیرادەی کەسی و بەشێکی تر لە دەسەڵاتی خاوەن سەروەری دەبینێتەوە.[4] ئەم بیرمەندە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە جەنگ دەبێت گشتی بێت و لەلایەن دەسەڵاتی سەروەرییەوە بڕیاری لێبدرێت. لای (گرۆشیۆس) چوار هۆکاری سەرەکی هەیە بۆ جەنگێکی ڕەوا، ئەوانیش: بەرگریکردن لە خود (Self-defence)، سەپاندنی ماف، داواکاری قەرەبوکردنەوە بۆ بریندارەکان و سزادانی سەرپێچیکەران، لە ڕێگەی ئەو بنەمایانەوە وێنای بۆ جەنگ کردوە وەک جەنگێکی ڕەوا.[5] هەروەها (گرۆشیۆس) کاری لەسەر سنوردارکردنی مافی چونە جەنگی دەوڵەتان لە پێناو ئامانجی سیاسیی کردوە لە ڕێگەی جەختکردنەوە لە ئامانجی هاوبەشی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بۆیە ئەمەش بەسەرەتای  ئایدیای کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دادەنرێت کە ئەو لەو قۆناغەدا کاری لەسەر کردووە.

دەکرێت بگوترێت، کە بیرکردنەوە و گریمانەکانی تیۆری جەنگی ڕەوا لەگەڵ یاسای جەنگ و یاسای نێودەوڵەتی ڕەنگدانەوەی یەکترن[6] و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەیەکەوە گرێدراون. ئەمەش وای کردوە ئەم تیۆرە تەنها لە سنوری ئاینی نەمێنێتەوەو پەلوپۆبهاوێت بۆ بوارەکانی

---

[1] James Turner Johnson, *Ethics and the Use of Force: Just War in a Historical Perspective* (Ashgate, 2011).

[2] Best, Geoffrey. *War and Law since 1945*. Oxford University Press, 1997:26.

[3] Grotius, Hugo. *The rights of war and peace: Including the law of nature and of nations*. MW Dunne, 1901:55.

[4] Ibid,:56.

[5] Ibid,:58.

[6] تیۆری جەنگی ڕەوە خاڵی سەرەتایە بۆ دەرکەوتنی ساتەوەختی بەشێك لە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی، کە هەردوکیان دەیانەوێت ڕۆڵیان هەبێت لە سنووردارکردنی جەنگ و سەقامگیرکردنی سیستەمی جیهانی. بۆیە تێز و بیرکردنەوەکانی تیۆری جەنگی ڕەوا ڕێگەخۆشکەرێکی باش بون بۆ گەشەسەندن و دەرکەوتنی ڕێساکانی پەیوەست بە جەنگ و ئاشتی لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پەیوەندیان بڕوانە:

Perez, Antonio F., and Robert J. Delahunty. *War: International Law, International Relations and Just War Theory-An Interdisciplinary Approach*. Vandeplas Publishing, 2017.

تر بە تایبەت ڕێسا و یاسا نێودەوڵەتییەکان. لای ئەو بیرمەندە پرسی شەرعیەتی جەنگ (lawfulness of war) بە سەنتەری بیرکردنەوەکانی دادەنرێت،[1] کە لە میانەی پرۆسەی مۆدێرنەی خۆرئاوا ڕۆڵی گەورە دەبینێت. هۆگۆ، کە لە چەند ئاستێکدا گۆڕانکاری ئەنجامدا، یەکەم کەس نەبو کە دیدێکی نائاینی ئاشکرای هەبو، بەڵام ئەو کاریگەرتربو لە ڕوی کرانەوەو هەنگاوی گەورەی نا دەربارەی گرنگی مافەکانی مرۆڤ لە کاتی جەنگ. دواتر کانت پەرەی بەم تێگەیشتنە داوە لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا، ئەوەی خستۆتەڕو کە دەوڵەتان مافی هێرشی خۆپارێزیان (preventative attack) هەیە.[2] جێبەجێکردنی لێکدانەوەکانی (گرۆشیۆس) بۆ ئەم تیۆرە لە میانەی دۆخی پەیوەندی دەوڵەت بە دەوڵەتەوە، ڕاڤەیان بۆکراوە.

بەپێچەوانەی نەریتی سەدەکانی ناوەڕاست لە قۆناغی مۆدێرندا، بنەماکانی دەستێوەردان و ئامانج و پاڵنەرەکانی گۆڕانکارییان بەسەردا هاتوە، بەشێوەیەک پێکهاتەی ئەم تیۆرە پەیوەست دەبێت بە بونیادنان و هاتنەکایەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی لە خۆرئاوادا، کە جۆری ململانێکان و پاپەندبوونە ئەخلاقییەکان و ڕەفتاری جەنگ گۆڕانکارییان بەسەردا هاتوە. لەم نێوانەشدا تیۆردارێژەرانی سیاسی مۆدێرن زیاتر پەرەیان بەم بابەتەداوە، بەشێوەیەک کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بنەماکانی ئەم تیۆرە جیهانی و گەردونین و لەسەر کۆی مرۆڤایەتی جێبەجێ دەکرێن. لەسەر بناغەی ئەو مێژوەی کە ئەم تیۆرە هەیەتی چەند بنەمایەکی تری نوێ هاتنەکایەوە. بەڵام دەبێت دان بەوەشدابنرێت، بنەما و گریمانەکانی ئەم تیۆرە ڕوبەڕوی ڕەخنە بونەتەوە، ڕەخنەگرانی ئەم تیۆرە، بەڵگەی ئەوە دێننەوە، کە ئەم تێگەیشتنە بۆ جەنگ بە بەردەوامی بە ئاراستەی دادپەروەری ناڕوات. بۆ نمونە توێژەر ڕۆبێرت تاکەر (RobertTucker) خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی بۆ ئەم بابەتە کردوە و پاڵپشتی ئەو بۆچونە دەکات کە لە ڕوی مێژوییەوە دەوڵەتان خۆیان لێکدانەوە بۆ پرانسیپەکانی دادپەروەری لە جەنگدا دەکەن بە ڕێگایەکی نەرم، کە بگونجێت لەگەڵ هەر کردەوەیەکی جەنگدا.[3] ئەمەش ئەو واتایە دەگەیەنێت کە دەوڵەت ناچارنییە بۆ گەیشتن بە فەرمانە ئەخلاقییەکان پەیڕەو لە دامەزراوەیەکی ئاینی بکات، بەڵکو دامەزراوەی یاسایی و بەهاکانی سیستەمی نێودەوڵەتی دەبنە بنەمای ئەو نۆرمە ئەخلاقیانە.

**٢-٦ تیۆری جەنگی ڕەوا لە قۆناغی هاوچەرخدا:**

تیۆری جەنگی ڕەوا، لە قۆناغی مۆدێرندا لە ڕێگەی چەند بیرمەند و تیۆردارێژەرێکەوە زیاتر بەرەوپێشەوە بردرا. لەم نێوەندەشدا (مایکل وڵزەر) بە گەورەترین بیرمەندی تیۆری جەنگی ڕەوا دادەنرێت لە خستنەڕوی تیۆرییەکی گشتگیرو هەمەلایەنە لە ڕێگەی سود وەرگرتن

---

(1) Grotius, Hugo. *The rights of war and peace*. No. 101. MW Dunne, 1901:31.

(2) Addison, Brandi. "The War on Terror and the Question of Justice." PhD diss. Baylor University, 2014:16.

(3) Myers, Robert J. "Notes on the just war theory: whose justice, which wars?." *Ethics & International Affairs* 10 (1996): 119.

له نەریتی ئاگۆستین و بیرمەندانی کلاسیکی. هەروەها بەهەمان شێوە هەنگاوێکی تری بەرەو پێشەوەبرد. دوبارە پێداچونەوە و ژیانەوەی ئەم تیۆرە لەم سەردەمەدا دەکرێت پەیوەندیداربێت بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری پەیوەست بە خودی ئەم قۆناغە. لە پێناو ئەم مەبەستەدا دەکرێت ئاماژە بە چەند هۆکارێک بدرێت، کە لەلایەن توێژەر (Anthony F. Lang, Jr) خراونەڕو، ئەو باس لە سێ هۆکاری سەرەکی دەکات لە ژیانەوەی ئەم تیۆرەدا لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا:

یەکەم هۆکار پەیوەستە بە شکستی یاسای نێودەوڵەتی لە بەڕێوەبردنی بەرپابونی هەردوو جەنگی جیهانی، ئەمەش بوە هۆکارێک بۆ دوبارە پێویستی گەڕانەوە بۆ جێگرەوەیەک بۆ بنەما و ڕێسایەک کە جەنگ سنوردار و ڕێکبخات.

هۆکاری دووەم پەیوەستە بە بونی ئەگەری سەرهەڵدانی جەنگی ناوخۆیی و ژینگەی جەنگی سارد، وای کرد کە ژمارەیەک لە تیۆردارێژەران بگەڕێنەوە بۆ تیۆرە کلاسیکیەکان.

سێیەم هۆکاریش پەیوەستە بە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی بزوتنەوە شۆرشگێرییەکان و هێزە چەکدارییەکانی دژ بە کۆلۆنیالیزم. ئەم بزوتنەوانەی لەم قۆناغەدا دروست بون، بونە ڕێگرییەک بۆ یاسای نێودەوڵەتی، کە جەختیان لە مافی چارەی خۆنوسین دەکردوەو شێواز و تەکتیکی شەڕی وایان بەکاردەهێنا، کە لە چوارچێوەی یاسا و بەها نێودەوڵەتیەکان ڕێکنەخرابو.[1]

ئەنجامی سەرهەڵدانی ڕوداوەکان، گۆڕانکاری لە تیۆر و سیستەمەکانیش دروست دەکات و دواجار بەشێک لە تێز و بیرکردنەوەکانیش گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، بەڵام ئەمەش بە واتای ئەوە نایەت، کە بەتەواوەتی دابڕابێت لە قۆناغەکانی پێش خۆی. بەڵام لەم قۆناغەدا دۆخی ڕاستەقینەی ئەم تیۆرە دەست پێدەکات، کە هۆکار و پاساوی سەرەکی جەنگ بریتییە لە وەڵامدانەوەی تاوانی دەستدرێژیکار دژ بە دەوڵەتی نەتەوەیی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا. تیۆری جەنگی ڕەوا بیرکردنەوەیە لە چوارچێوەی فەلسەفەی مۆڕاڵ و یاسای نێودەوڵەتیدا بۆ دوبارە دارشتنەوەی ڕیساکانی پەیوەست بە سنوردانان بۆ کردەوەی جەنگ وتوندوتیژی.

[1] Lang Jr, Anthony F. "Authority and the Problem of Non-state Actors." In *Ethics, Authority, and War*, pp. 47-72. Palgrave Macmillan US, 2009: 53.

### ٢-٦-١ مایکڵ ۆلزەر (Michael Walzer)[1]:

لە قۆناغی نوێدا، (ۆلزەر) بە خاوەنی تیۆری جەنگی ڕەوا دادەنرێت، کە دوبارە بە گفتوگۆ و پاساوی تازە گریمانە و تێڕوانینەکانی ئەم تیۆرەی شیکردۆتەوە، هەروەها لەژێر کاریگەری ئەودا کۆمەڵێک توێژەری تر تێزی تیۆری جەنگی ڕەوایان تیۆریزەکردوە. ئاشکرایە جەنگی ڤێتنام و بەکارهێنانی هێزی سەربازی لەلایەن ئەمەریکاوە، قۆناغێکی نوێی هێنایە کایەوە لەسەر بنەما و تیۆرەکانی مۆراڵ وەک بنەمایەکی گشتی لەڕەوایەتیدان بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی. هەر لەو کاتەوە دیبەیت و تێروانینی جیاواز لە سەر ئاستی ڕای گشتی و لێکۆڵەرانی ئەم بوارە دروست بو، دیدو تێڕوانینەکانی (ۆلزەر) بەشێکی گرنگی ئەو قۆناغە بون. (ۆلزەر) بە یەکێک لە کاریگەرترین تیۆرداڕێژەرانی سەدەی بیستەم دادەنرێت، لە یەکێک لە کتێبە دیارو گرنگەکانی لە ژێر ناونیشانی جەنگی ڕەواو ناڕەوا (just and unjust wars) لە ساڵی ١٩٧٧ پرانسیپە سەرەکیەکانی ئەم تیۆرەی داڕشتوە.

چۆنیەتی ڕەوایەتی جەنگ تەوەرەی سەرەکی تیۆری ۆلزەر پێکدەهێنێ، کە بە یەکێک لە دیارترین تیۆرەکانی بواری فەلسەفەی ئەخلاق و سیاسەت دادەنرێت. لێرەدا ئاماژە بە پێگەی ئەو دەکەین لە تیۆری جەنگی ڕەوادا، (ۆلزەر) لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی جەنگ دەیەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، کە چۆن جەنگ ڕەوایەتی وەردەگرێت و ڕەوا دەبێت. ۆلزەر لە ڕێگەی ئەم کتێبەیەوە، گۆڕان و چاکسازی لە تیۆری جەنگی ڕەوا دا کردوە، کە دواتر گەلێک مشتومڕو ڕەخنەو ڕاڤەکردنی بەربڵاوی لەسەر کراوە. هەروەها لە میانەی ئاماژەدان بە قۆناغی هاوچەرخ، سەرەڕای ۆلزەر چەندین لێکۆڵەری تر هەن وەک جین ئێلشتەین (Jean Bethke Elshtai)[2] کە لە لێکۆڵینەوەکانیدا زیاتر تیشکیان خستۆتەسەر چەند ڕەهەندی تری

---

[1] مایکل ۆلزەر (Michael Walzer) (١٩٣٦-) بیرمەند، تیۆرداڕێژ، نوسەر و ئەکادیمی لە ئەمەریکا لە دایکبوە. تیۆری سیاسی (ۆلزەر) بەشێوەیەکی سەرەکی لە کتێبی (just and unjust war) کە لە ساڵی (١٩٧٧) دا بڵاویکردۆتەوە بەپشتبەستن بە فەلسەفەی مۆڕاڵ بەرگری لە تێزی جەنگی ڕەوا دەکات و تیۆری دەستدرێژیکردن ڕەتدەکاتەوە. بەیەکێک لە بەرگریکارەکانی دەستێوەردانی مرۆیی دادەنرێت و خاوەنی چەندین بەرهەمی تری وەک: (Spheres of Justice) لە (١٩٨٣) هەروەها (Arguing about War) لە (٢٠٠٤)دا، بۆ زانیاری لەسەر بەرهەم و ژیانی مایکل ۆلزەڕ بڕوانە:
Institute for Advanced Study, Michael Walzer, Available at:<
https://www.ias.edu/sss/faculty/walzer (Accessed: 17 March 2019).

[2] ئێلشتەین (١٩٤١-٢٠١٣) فەیلەسوفی سیاسی ئەمەریکی، کە پرۆفسیۆری مۆڕاڵی سیاسی بوە لە زانکۆی شیکاگۆ، بەیەکێك لە تیۆرداڕێژەرانی ئەم تیۆرە لە قۆناغی هاوچەرخدا دادەنرێت. (جین) لە نوسینەکانی ئەم دواییەی خۆیدا شوێنێکی زیاتر بۆ کاریگەرییەکانی ئەم تیۆرە و ڕەنگدانەوەی لە بابەتەکانی ئاشتی و جەنگدا دیاریدەکات. کارەکانی ئەم بیرمەندە زیاتر دەکەوێتە چوارچێوەی تیۆری فیمینیزم و ڕۆڵی جێندەر لە تیۆری سیاسیی مۆدێرندا، چەندین بەرهەمی ناسراوی لەم بارەیەوە بڵاوکردۆتەوە، بۆ نمونە لە ساڵی 1981 کتێبێکی بە ناونیشانی (Public Man, Private Woman)، لە ساڵی 1987 بەرهەمێکی تری بە ناوی (Women and War) بڵاوکردۆتەوە.هەروەها یەکێك لە نوسینە دیار و کاریگەرەکانی تری پەیوەستە بە شەڕی دژە تیرۆر کە بەناوی ( Just War against Terror 2003)، کە بەرگری لە جەنگی دژ بە تیرۆر دەکات کە پشت بە تیۆری جەنگی ڕەوا دەبەستێت. (جین) وەك فەیلەسوفێکی سیاسی مۆدێرن بایەخێکی زۆری بە قۆناغی پاش جەنگ و چۆنیەتی دەستەبەرکردنی دادپەروەری و بونیادنەوە و هێنانەکایەوەی ئاشتی داوە، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر تیۆری سیاسی ئێلشتەین بڕوانە ئەم بەرهەمە:
Erickson, Debra, and Michael Le Chevallier, eds. *Jean Bethke Elshtain: Politics, Ethics, and Society*. University of Notre Dame Pess, 2018.

ئەم تیۆرە. (ۆڵزەر) لەسەر هەمان ڕێچکە ڕۆشتوە کە بیرمەندانی جەنگی ڕەوا لەسەری ڕۆشتون لە سەردەمەکانی ناوەڕاست و نوێ. تیۆری جەنگی ڕەوا لای ئەو بریتییە لە کۆمەڵێک بنەماو پێوەری ئەخلاقی کە ئامراز و ئامانجەکان دیاری دەکات سەبارەت بە بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن دەوڵەتەوە. ئەم پێوەر و بنەمایانە سیفەتی پاپەندییان هەیە، چونکە پشت دەبەستن بە کۆدەنگی و لە پێوەری یاسایی و هزری ئاینی و فەلسەفی و هەروەها لە پەیڕەوی ئەخلاقی جیاوازەوە وەرگیراون.[1]

مافی تاکەکان بە بنەما لە تیۆری (ۆڵزەر) بۆ جەنگی ڕەوا وەرگیراوە لەبەرئەوەی مافەکانی دەوڵەت لە مافەکانی هاووڵاتیانەوە سەرچاوە دەگرێت، هەر وەکو دەڵێت "مافەکانی دەوڵەت و ئەرکەکانی لەوە زیاتر نیە کە تەنها بریتیین لە ماف و ئەرکەکانی ئەو کەسانەی کە پێکیدەهێنن"، مافەکانی تاکەکان بۆ ژیان و ئازادی وەردەگێردرێتە سەر مافەکانی نیشتمان لە سەروەری سیاسی و یەکپارچەی خاکی دەوڵەت. بۆیە هەر دوژمنکارییەک بۆسەر کۆمەڵگایەک دوژمنکارییە بۆ سەر مافەکانیان، لە ئەنجامی ئەمەش دەبێتە هۆی پاساوی جەنگی بەرگری کردن. [2] یەکێک لەو هۆکارە گرنگانەی (ۆڵزەر) جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە، کە دەبێت هۆکارێکی ڕەوا هەبێت بۆ ئەوەی جەنگێک بە ڕەوا دابنرێت. بەکارهێنانی هێز لە چوارچێوەی ئەم تیۆرەدا سنورداردەبێت بە مەرج و بارودۆخی دیاریکراو بڕیاری لەسەر بدرێت. چونکە (ۆڵزەر) تیۆری شەڕانگێزی (Aggressive Theory) بۆ جەنگ ڕەتدەکاتەوە، کە دەبێتە هۆکارێک بۆ کوشتن و وێرانکردنێکی زۆر.[3] چونکە ئەم شێوازە لە جەنگ پەیوەست نیە بە بونی هیچ بنەمایەکی یاسای و مۆڕاڵی، بەڵکو تەنها لە پێناو دەسکەوتنی خاک و سەپاندنی هەژموندایە. لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینە بۆ دەوڵەتی دەستدرێژیکار لەو بڕوایەدایە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرپرسیارە لە بەکارهێنانی هێز دژ بەو لایەنەی کە سەرپێچی سەروەری دەوڵەت دەکات. ئەمەش لەو خەسڵەتەوە سەرچاوە دەگرێت، کە (ۆڵزەر) وەک تاوان سەیری دەستدرێژیکەر دەکات و جەنگ بەرامبەری وەک بەشێک لە مافی بەرگری خود، ڕەوا دەبێت.

### ٢-٦-٢حاڵەتی لە ناکاوی باڵا (Supreme emergency):

بەیەکێک لەو چەمکانە دادەنرێت، کە پەیوەستە بە تێز و تێگەیشتنی (مایکل ۆڵزەر) لە چوارچێوەی تیۆری جەنگی ڕەوادا. ئەم زاراوەیە وەک بەشێکی گرنگی کارەکانی (ۆڵزەر) سەیر دەکرێت، ئاماژەیە بۆ حاڵەتێک کە تێیدا بارودۆخێک دێتەکایەوە، هیچ ڕێگایەک نییە بۆ بەرگری کردن، بۆیە پێویستی بە وەڵامدانەوەیەکی خێرا هەیە بۆ ئەو کارەسات و وێرانکاریە گەورەیە. (ۆڵزەر) لە تێزەکەی خۆیدا باس لە چەند حاڵتێک دەکات، کە یاساکانی جەنگی تێیدا جێبەجێ ناکرێت، ئەو حاڵەتانە وادەکەن، کە بێ ئاگابین لە هەمو ئەو یاسا ئەخلاقیانەی پێشتر جەختیان

---

[1] Walzer, Michael. *Just and unjust wars*: 44.
[2] Ibid,: 51.
[3] Ibid,:51.

لەسەر کراوەتەوە. هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە سودێکی گشتی دێنێتەکایەوە لەڕێگەی ئەم حاڵەتەوە. بەپێی بۆچونەکەی (ۆڵزەر) ئەو حاڵەتانە دەبنە هۆکارێک بۆ کۆتایی هاتنی بنەماکانی وەک جیاکاری و هاوڕێژە و پارێزبەندی کەسانێک کە بەشێک نین لە جەنگ.[1] (ۆلزەر) پێناسەی حاڵەتی لەناکاو دەکات بە "ململانێی لەسەر بەها باڵایەکان" شوێنێکدا کە سەرکەوتنی لایەنێک دەبێتە کارەسات بۆ ئەوانی تر.[2] بە واتایەکی تر بارودۆخێکە پەیوەستە بە مان ونەمانی ئەو لایەنەی کە ڕوبەڕوی ئەم حاڵەتە بۆتەوە و قوربانی گەورەی لێدەکەوێتەوە.

بەپێی بۆچونی (ۆلزەر) لەم حاڵەتەدا پێویستە یاساکانی ئەخلاقی جەنگ پشتگوێ بخرێن، ئەمەش لەکاتێکدایە کە دەوڵەتێک ڕوبەڕوی مەترسیەکی گەورە دەبێتەوە لە کاتی جەنگدا، ئەم بارودۆخەش ناودەبرێت بە حاڵەتی لە ناکاو. لەم قۆناغەدا دەوڵەت دەتوانێت پەنا بباتەبەر ڕێگەیەکی ڕێگەپێدراو بۆ خۆ دەربازکردن لە یاسای مۆڕاڵی جەنگ. دەکرێت ئەم بارودۆخە وەک حاڵەتێکی ڕیزپەڕ دابنرێت، چونکە ئەو بنەمایانەی پێشو سنوردار دەکات، کە وەک مەرج و بنەماکانی جەنگی ڕەوا باسیان لێوەکرا. لە ڕوانگەی (ۆڵزەر)ەوە ئەم بارودۆخە ئەوە دەخوازێت، کە زۆر بە خێرای پێویستی بە وەڵامدانەوە هەیە، بۆیە زۆر کات لەگەڵ بەشێک لەو بنەما و پرانسیپە سەرەکیانەی کە باسکران یەک ناگرێتەوە. مێژوی بەکارهێنانی ئەم چەمکە بۆ قۆناغی جەنگی دووەمی جیهانی دەگەڕێتەوە، کە بەریتانیا ڕوبەڕوی پرۆسەیەکی دوژمنکارانەی گەورە لەلایەن ڕژێمی نازیی ئەڵمانی دەبۆوە. پێش هاتنە ناوەوەی ئەمەریکا بۆ جەنگ، سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی بەریتانیا، (چەرچل) دەستی کرد بە بۆمبارانکردنی شارەکانی ئەڵمانیا، لەژێر ناوی حاڵەتی کتوپڕی باڵا کرد.[3]

ئەوەی ۆڵزەریش پێشبینی دەکات بریتییە لە وەڵامدانەوەی لایەنی دەستدرێژیکەر، دەوڵەتێک لە ژێر هەڕەشەی لە ناوچوندایە و ئەگەری بون بە قوربانی لێدەکرێت. لەو کاتەدا تەنها یەک بژاردە هەیە ئەویش وەڵامدانەوەیەکی خێرای ئەو بارودۆخەیە. لەدوای ئەم حاڵەتەی کە باسکراوە بۆ ئەم شێوازەی کە (ۆڵزەر) جەختی لەسەردەکاتەوە، لە سەردەمی تیرۆریزم لە دوای جەنگی ساردەوە، دەکرێت لە ڕوانگەی ئەمەریکاوە ڕوداوی ١١سێپتەمبەر وەک بارودۆخێکی لەناکاو سەیر بکرێت. چونکە هاوبەشیک لە نێوان گوتاری جەنگ دژ بە نازیزم لە جەنگی جیهانی دووەم و قۆناغی ڕوبەڕووبونەوەی تیرۆریزم هەیە، بە جۆرێک ئەو گوتارەی لەلایەن (جۆرج دەبلیو بۆش) و ئیدارەکەی، کە جیهانیان دابەش کرد لە نێوان بەرەی جەنگ دژ بە تیرۆریزم و بەرەی دژ، دەکرێت وەک قۆناغێکی تری بارودۆخی لە ناکاو سەیری بکرێت.

---

(1) Walzer: Just and Unjust Wars : 132, 242.
(2) Ibid,:254.
(3) Orend, Brian. *The morality of war*. Broadview Press, 2013:142.

ئەمەش بۆتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەوەی ئەم  تیۆرە لە بواری کردەیدا ڕووبەڕووی ڕەخنە بێتەوە، زۆر کاتیش ئەم چەمکە بە جۆرێک لە بیرکردنەوەی هاوشێوە لە تیۆری ڕیاڵیزم دابنرێت، کە دەوڵەتان لەپێناو بەرژەوەندی نەتەوەی خۆیان دەچنە جەنگەوە. چونکە ئەم چەمکە زۆر نادیار و ناڕونە بۆیە دەکرێت بەشێوەیەکی خراپ بەکاربهێنرێت. هۆکاری دژ بەیەک و لێکدانەوەی جیاوازیش هەر بۆ ئەم دژیەکە دەگەڕێتەوە. ئەمەش وای کردوە ئەم تیۆرە ڕووبەڕووی ڕەخنەی سەرەکی بێتەوە لە خستنەڕووی ئەم چەمکەدا. لە دیدێکی رەخنەییەوە یەکێک لە توێژەرانی ئەم بوارە (برێن ئۆرێند) وەها باس لەم تێزە دەکات "لە ڕوانگەی ئەخلاقیەوە، حاڵەتی کتوپڕی باڵا بریتییە لە تراژیدی مۆڕاڵی".[1] بە پێچەوانەی (ۆڵزەر)، (برێند) باوەڕی وایە، کە هیچ بنەما و بەهایەکی مۆڕاڵی ڕێگە بە کوشتی هاووڵاتیانی مەدەنی نادات کە لە ئەنجامی ئەم حاڵەتەدا ڕووبەڕووی دەبنەوە. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم ڕەخنانە (ۆڵزەر)  تەنها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تەنها لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراو سنوردار دەبێت دەوڵەتان بیر لە حاڵەتی کتوپڕ بۆ چونە جەنگ بکەنەوە. بەو جۆرەی کە باسکرا (ۆڵزەر) تێروانینی شیکارییانەی خۆی لەسەر ئەم تیۆرە فراواندەکات و هەر لەسەر ئەم شێوازەش بنەماکانی ڕەوایەتی جەنگ هەڵدەهێنجێ.

### ٢-٧ جیهانێتی لە تیۆری جەنگی ڕەوا:

بابەتی ئەوەی تا چ ڕادەیەک دید و گریمانەکانی ئەم تیۆرە گەردونین و لەسەر ئاستی جیهاندا جێبەجێ دەکرێن، بۆتە جێگەی مشتومڕ و گفتوگۆیەکی زۆر. لێرەدا (ۆڵزەر) جەنگ دەبەستێتەوە بە بارودۆخێکی مێژویی و کۆمەڵایەتی، بە واتایەکی تر جەنگ لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا دروست دەبێت و دێتەکایەوە. دو بنەمای گرنگ هەن کە لەم تیۆرەدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە ئەوانیش بریتین لە کۆمەڵێک پێوەری ئەخلاقی گەردونی و دادپەروەری جیهانی. چونکە ئەم تیۆرە پێک دێت لە کۆمەڵێک بنەمای مۆڕاڵی کە جەخت لە جەوهەری ماف جا مافی دەوڵەتان بێت یاخود مافی هاووڵاتیانی مەدەنی و مافی لایەنی شەڕکەر لە مەیدانی جەنگ دەکەنەوە. وەک توێژەر جەیمس دوبیک (James M. Dubik)، باس لەوە دەکات، کە تیۆرەکەی (ۆڵزەر) بۆ جەنگی ڕەوا پشت بە دو بنەمای سەرەکی مافەکانی مرۆڤ دەبەستێت، وەک مافی ژیان و مافی ئازادی، لە ڕێگەی ئەم دو بنەمایەوە ڕەوایەتی بە هاتنەکایەوەی جەنگ دەدات. (جەیمس دوبیک) باوەڕی وایە، کە ۆڵزەر مافی مرۆڤ وەک مافێکی سروشتی وێنا دەکات، کە دەبێت هەمو مرۆڤێک خاوەنی ئەم مافە بێت. لە هەمانکاتیشدا (ۆڵزەر) پێی وایە جەنگی ڕەوا سەرپێچی مافی خەڵک نیە، [2] چونکە لە تیۆرەکەیدا پشت بە مافی ئازادی و مافی ژیان دەبەستێ.

---

[1] Orend, Brian. "Is there a supreme emergency exemption?." In *Just War Theory*, pp. 134-153. Palgrave Macmillan, New York, 2005:148.

[2] Dubik, James M. *Just war reconsidered: Strategy, ethics, and theory*. University Press of Kentucky, 2016.

بانگەشەی سەرەکی لایەنگرانی ئەم تیۆرە ئەوە بو، ئەگەر لە ڕوانگەی مافەکانی مرۆڤەوە سەیری ئەم تیۆرە بکەین بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم تیۆرە خاوەنی چوارچێوەیەکی گەردونییە،[1] چونکە لە بنەڕەتدا بنەماکانی گرنگی پێدانی ئەم تیۆرە گەردونی و جیهانین و سنوردارناکرێت بۆ تەنها کۆمەڵگایەک یاخود کەلتورێک یان پێکهاتەیەکی سیاسی دیاریکراو. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جیهانی بوونی بنەماکانی مافی مرۆڤ لێکدراو و هاوتان لەگەڵ گریمانەکانی تیۆری جەنگی ڕەوا. جەین ئێلشتن (Elshtain) بە هەمان شێوە پشتگری لە بۆچونی جیهانیبونی ئەم تیۆرە دەکات، (ئێلشتن) پێی وایە کە ڕاستە ئەم تیۆرە بەرهەمی بیرکردنەوەی مۆڕاڵی خۆرئاواییە، بەڵام پرۆژەیەکە کە پەیوەستە بە سروشتی تەواوی سیستەمی نێودەوڵەتی.[2] سەرەڕای ئەوە، دەبێت ئەو ڕاستیەش لە بەرچاو بگیرێت کە تێگەیشتنی جیهانی بۆ خودی ئەم تیۆرە ڕەها نییە، چونکە بەشێکی تێز و بیرکردنەوەکانی ئەم تیۆرەش ڕوبەڕوی ڕەخنەو تێگەیشتنی جیاوازبۆتەوە لەلایەن قوتابخانەو تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

دەبێت ئەم لێکدانەوەی سەرەوە وەها بخوێنرێتەوە تێز و بنەماکانی ئەم تیۆرە بونەتە بەشێکی گرنگ لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان. وەک ئەوەی لە سەدەی بیستەمدا دەبینرێت کە هەریەکە لە ڕێکەوتننامەی لاهای (Huge Conventions) ساڵانی ١٨٩٩ و ١٩٠٧ پەیماننامەی کۆمەڵەی گەلان ١٩١٩ و پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ١٩٤٥ لە خۆدەگرێت و پێشکەوتنەکانی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی نوێنەرایەتی تێز و بنەماکانی تیۆری جەنگی ڕەوا دەکەن و بە شێوەیەکی سەرەکیش ڕەنگیانداوەتەوە لە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی بە تایبەت لە ڕێکەوتننامەکانی جنێڤی ١٩٤٩ و لەگەڵ پرۆتۆکۆڵەکانی ١٩٧٧.[3] وەک ئاماژەی پێکرا، بنەماکانی تیۆری جەنگی ڕەوا بە تەنها نۆرمی ئەخلاقی نین، بەڵکو ڕێسای یاسای نێودەوڵەتین کە ئاڕاستەی هەمو لایەنەکان دەکرێن لە پێناو دەستەبەرکردنی دادپەروەری. هەرچەندە یاسای نێودەوڵەتی گوتاری جەنگی ڕەواو ناڕەوا ناگرێتەخۆ، بەڵکو لە جیاتی ئەمە جەنگی یاسایی و نایاسایی بەکاردەهێنرێت.[4] وێڕای ئەوەی ئەم تیۆرە بەرهەمی باڵادەستی بەهاکانی خۆرئاوایە، یاخود وەها دەبینرێت، کە خەسڵەتێکی ڕۆژئاواییە. بەڵام ئەم تیۆرە بە گشتی بە تیۆرێکی گەردونگەرا دادەنرێت،[5] بەو مانایەی کە هەمو دونیا وەک یەک دەبینێت. لەم ڕوانگەیەوە

---

[1] پەیوەندییەکی بونیادی داڕێژراو لە نێوان تیۆری جەنگی ڕەواو مافەکانی مرۆڤدا هەیە، کە بەشێك لە تیۆرداڕێژەرانی ئەم تیۆرە دەگەڕێنەوە بۆ ڕەگو ڕیشەی مافەکانی مرۆڤ. لەم بارەیەوە مایکل ۆڵزەریش ڕەنگدانەوەی ئەم پەیوەندیەیە، کە بەڕای ئەو ڕەهەندی سروشتی مرۆیی ئەم تیۆرە جێگەی بایەخە.

[2] Elshtain, Jean Bethke. *Power trips and other journeys: Essays in feminism as civic discourse*. Univ of Wisconsin Press, 1990: 157.

[3] Zawati, Hilmi. "Just War, Peace and Human Rights Under Islamic and International Law." *Peace and Human Rights Under Islamic and International Law (August 31, 1997)*: 130.

[4] Luban, David. "Just war and human rights." *Philosophy & Public Affairs* (1980): 160.

[5] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر چەمکی تیۆری جەنگی ڕەوا لە ڕوانگەیەکی بەراوردکاریدا لەگەڵ دەرەوەی ڕۆژئاوا بڕوانە:
Ilesanmi, Simeon O. "Just war theory in comparative perspective: A review essay." *Journal of Religious Ethics* 28, no. 1 (2000): 139-155.

بەکاربردنی ئێمەش بۆ ئەم تیۆرە پەیوەستە بە ئەم چوارچێوەیە. هەرچەندە کە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام دیدگای سەرەکی ئەم تیۆرە ئەوەیە، کە سنور و سنوربەندی هەیە بۆ کردەوەی جەنگ. سنوربەندی بە مانای جیاکردنەوە و ڕێکخستن و لە قاڵبدانی جەنگ بۆ چەند بارودۆخێک و مەرجێکی سەرەکی.

**٨-٢ تیۆری جەنگی ڕەوا و دەستێوەردانی مرۆیی** (Humanitarian Intervention):

ئایدیای جەنگی مرۆیی خۆی لە تیۆری کلاسیکی جەنگی ڕەوا دەبینێتەوە، کە لە بواری پراکتیکیدا بەکارهێنانی هێز لە ژێر ڕۆشنای گریمانەکانی دەستێوەردانی مرۆی دەگرێتەوە. لێرەدا دەبێت ئاماژە بکەین بە چەمکی دەستێوەردانی مرۆیی، سەرەڕای ئەوەی کە لە ناوخۆی ئەم بابەتەدا لێکدانەوەی جیاواز هەیە بۆ ئەم چەمکە. چونکە لە لایەکەوە پەیوەستە بە سروشتی پرس و گریمانەکانی ئەم بابەتە و لە لایەکی تریشەوە پەیوەندیدارە بە بونی بەرژەوەندییە جیاوازەکانی دەوڵەتان کە ناڕونی و دژبەیەکی لەچوارچێوەی ئەم بابەتەدا دروست کردوە. بەڵام دەکرێت لە ڕێگەی خستنەڕوی چەند پێناسەیەکەوە، ڕەهەندەکانی ئەم پرسە زیاتر بخرێتەڕو. لە کورتترین پێناسەدا، دەکرێت ئەم چەمکە وەسف بکرێت بە بەکارهێنانی هێز دژی دەوڵەتێکی دیاریکراو لە پێناو پاراستی ماف و ئاسایشی تاکەکان، لە کاتێکدا کە ڕوبەڕوی سەرپێچی بنەماکانی مافی مرۆڤ دەبنەوە.[1]

تیۆردارێژەری ناسراوی بواری دەستێوەردانی مرۆیی هۆلزگرێڤ (Holzgrefe) پێناسەی دەستێوەردانی مرۆیی دەکات بە "هەڕەشە یاخود بەکارهێنانی هێز لە چوارچێوەی سنوری دەوڵەتێک لەلایەن دەوڵەتێکی تر، کە ئامانج لێی بریتییە لە ڕێگریکردن یان کۆتایهێنانی پێشێلکارییەکی گەورەی بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ".[2] لێرەدا دەردەکەوێت، کە پاراستنی بنەماو بەهاکانی مافەکانی مرۆڤ بونەتە بابەتێکی گرنگ و فاکتەرێک بۆ دەستێوەردانە مرۆییەکان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا. هەروەها توێژینەوەکانی لێکۆڵەر براونلی (Brownlie) پشتگیری بەیەکەوەبەستنی دەستێوەردانی مرۆیی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا دەکات، کە ئاماژە بە دەستێوەردان دەکات، وەک بەکارهێنانی هێزی سەربازی لەلایەن دەوڵەتەوە یان ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییەوە لە پێناو پاراستنی بەهاکانی مافی مرۆڤ.[3] ئەوەی لە پشت دەستێوەردانی مرۆیەوە زۆر جەختی لەسەر دەکرێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییە گرنگەی کە چەمکی ئاسایشی گرتەوە ئەویش بە گواستنەوە لە ئاسایشی دەوڵەتەوە بۆ ئاسایشی تاک و هاووڵاتی.

---

[1] Welsh, Jennifer M., ed. *Humanitarian intervention and international relations*. Oxford University Press on Demand, 2004.

[2] Holzgrefe, J.L. (2003) 'The humanitarian intervention debate' in J. L., Holzgrefe, and Keohane R. O., (eds), *Humanitarian intervention: ethical, legal and political dilemmas*, Cambridge: Cambridge University Press, 15-52

[3] Hehir, Aidan. *Humanitarian intervention: an introduction*. Palgrave macmillan, 2013.

وەک دەردەکەوێت، لە ماوەی پێش جەنگی ساردا، بە ئاسانی ناتوانرێت دەستێوەردانێکی مرۆیی بدۆزرێتەوە، کە لەپێناو پاراستن و ڕێگریکردن لە پێشێلکارییەکانی پرانسیپەکانی مافەکانی مرۆڤدا ڕوویان دابێت. چونکە لە ڕابردودا بەرژەوەندی نەتەوەی و باڵادەستی سەروەری دەوڵەتان بە تەواوەتی بەسەر ئاڵوگۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا زاڵبوە. هەرچەندە چەند دەستێوەردانێک هەن لە کاتی جەنگی سارد، وەک ئەوەی لە بنگلادیشدا ڕویدا، بەڵام ڕون نییە کە پاڵنەری سەرەکی لە پێناو بەرژەوەندیدا بوە، یان بۆ پاراستنی مافەکان بوە. بەڵام لە پاش قۆناغی جەنگی سارد و هاتنەکایەوەی سیستەمێکی نوێی نێودەوڵەتی (Order International)، گۆڕانکاریەکی گەورە دەبینرێت لە پەرەسەندنی مافەکانی مرۆڤ و وەڵامدانەوەی کارەساتە مرۆییە گەورەکان. چونکە مافەکانی مرۆڤ وەک بەهاو ستانداریکی گەردونی و پەیوەست بە کۆی نەتەوە جیاوازەکان سەیردەکەن. ئەم پەرەسەندنانەش هاوتایە لەگەڵ بەرەوپێشچونی میدیای نێودەوڵەتی، کە بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێت لە گەڵاڵەکردنی ڕایەکی گشتی جیهانی بە تایبەت ئەو کاتەی کە هاووڵاتیان ڕوبەڕوی پێشێلکاری مافەکانیان دەبنەوە.[1] لە میانەی ئەم گۆڕانکاریانەدا، (ماری کالدۆر) پێناسەی دەستێوەردانی مرۆیی دەکات بە جێبەجێ کردنی یاسای نێودەوڵەتی لەگەڵ ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و یاسای جەنگ، لە کاتێکدا، کە دەوڵەت شکستی هێناوە یاخود دەوڵەتەکە خۆی سەرپێچی یاسا دەکات.[2]

لەئەنجامی ئەمەشدا، زۆرێک لە لێکۆڵەران ئاماژە بەوە دەکەن، لێکدانەوەکانی پاش جەنگی سارد بە بەردەوامی پەیوەندیداربون بە تێز و تێڕوانینەکانی تیۆری جەنگی ڕەواوە، بۆیە زۆر کات ناودەبرێت بە جەنگی ئیتیکی (Ethical War). دەتوانرێت لە چەمک و پرانسیپەکانی ئەم تیۆرەدا بە دوای ڕەهەندە سەرەکیەکانی دەستێوەردانی مرۆیدا بگەڕێین. هەر بۆیە چوارچێوە فکرییەکانی ئەم تیۆرە بە سەنتەر و ئەجیندایەکی گرنگ بۆ هەر دو لایەنی ئەکادیمی و دروستکەرانی بڕیاری سیاسی دادەنرێن. توێژەرانی بواری دەستێوەردانی مرۆیی باوەڕەیان وایە، دەستێوەردانەکان زیاتر لە چوارچێوەی فکر و تێڕوانینەکانی گریمانە کلاسیکیەکانی تیۆری جەنگی ڕەوادا خۆیان دەبیننەوە. وەک فەیسەڵ ئەلوتایبی (Faisal Alotaibi) باوەڕی وایە، کە ڕەگ و ڕیشەی دەستێوەردانی سەربازی دەگەڕێتەوە بۆ تیۆری کلاسیکی جەنگی ڕەوا.[3] بە تایبەت تێڕوانینەکانی بیرمەندانی وەک (ئاگۆستین، ئەکوینی و هۆگۆ) کە تێگەیشتنی فراوانیان بۆ دەستێوەردانی سەربازی پێشکەش کردوە. بەمانایەکی تر دەستێوەردانەکان زیاتر دو بنەمای سەرەکی لە خۆدەگرن، کە پەیوەستن بە بڕیاردان لە جەنگ و چۆنیەتی ئیدارەدانی جەنگ،

---

(1) Wheeler, Nicholas J. *Saving strangers: Humanitarian intervention in international society*. OUP Oxford, 2000.

(2) Kaldor, Mary, Henrietta L. Moore, and Sabine Selchow. *Global Civil Society 2012*. Vol. 248. Basingstoke: Palgrave Macmillan, 2012:134.

(3) Alotaibi, Faisal, The Effectiveness of Military Intervention to Stop Human Rights Violations by Repressive Regimes, Master thesis, Newcastle university, 2018:13.

بەڕای ئەوان بنەمای سێیەم، کە پەیوەستە بە چەمکی دادپەروەری لە دوای جەنگ کەمتر بۆتە جێگەی بایەخی دەستێوەردانەکان.

یەکێک لەو پرسە گرنگانەی کە لە چوارچێوەی دەستێوەردانی مرۆیی جێگەی بایەخە، بریتییە لە بونی بنەمای مۆڕاڵی بۆ ڕەوایەتیدانی دەستێوەردانەکان.[1] سەرەڕای بونی چەندین پایە و بنەمای یاسای لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، توێژەرانی ئەم بابەتە ڕاڤەی چوارچێوەیەکی مۆڕاڵیان بۆ دەستێوەردانە مرۆییەکان کردوە. لێرەشدا (ۆلزەر) باس لە گرنگی ئەم بابەتە دەکات، ئەو باوەڕی وایە کە ئەرکی دەستێوەردانی مرۆیی پاساوکراو دەبێت، کاتێک وەڵامدانەوەیەک دەبێت بۆ "کردەیەوەیەک وەک شۆکێک لە ویژدانی ئەخلاقی مرۆڤایەتیدا".[2]

تەوەری سەرەکی هزری (ۆلزەر) بریتییە لەوەی کاتێک دەستێوەردان دەبێتە پێویستی کە مەترسی ڕودانی کارەساتێکی گەورە لە ئارادایە، لە ڕێگەی ئەو دەستێوەردانەوە دەبێت ڕێگری لە ڕودانی بکرێت. بەڕای (ۆلزەر) ئەوەی هەڵدەستێت بەم ئەرکە خۆی دەبینێتەوە لە سیستەمی نێودەوڵەتی، کە ڕێکخراوەو بونیادنراوە بۆ شکستپێهێنانی لایەنی دەستدرێژیکەر، ڕێگریکردن لە کوشتاری بە کۆمەڵ و پاکتاوی ڕەگەزی و کۆنترۆڵکردنی چەکی کۆمەڵکوژ و هەروەها زامنکردنی ئاشتی و ئاسایش بۆ هەمو هاوولاتیان لەسەر ئاستی جیهان.[3] دەردەکەوێت کە (ۆلزەر) دەستێوەردانی مرۆیی بە تەنها لە بەرژەوەندی نەتەوەیی دەوڵەتان کورت ناکاتەوە. بۆیە لایەنگرانی دەستێوەردانی مرۆیی دەیانەوێت بەرزتر لە بەرژەوەندی نەتەوەیی دەوڵەتان قسەکردنیان لە سەر دەستێوەردانەکان نیشان بدەن و هەروەها بە بابەتێکی پەیوەست بە بنەما گشتیە مرۆییەکانەوە گرێی بدەن. ئەم تێکەڵاوبونە لە گرنگترین ڕەهەندی خۆیدا هەردو بنەما سەرەکیەکانی یاسایی و مۆڕاڵی لە خۆدەگرێت. وەک چۆن (هۆلزگرێڤ) پشتگیری ئەو ڕایە دەکات، لە ڕوانگەی ئەوەوە، هەر هەوڵێک بدرێت بۆ جیاکردنەوەی پرسی یاسایی لە بابەتی ئەخلاقی، بەرەو شکست دەڕوات.[4] هەروەها زۆر کات ئەو جەنگانەی لە چوارچێوەی دەستێوەردانی مرۆیی ڕویانداوە بە جەنگی مۆڕاڵی ناودەبرێن، بۆیە دەتوانین لەمەوە ئەوە

---

[1] توێژەران مۆنا فێکسدال و دان سمێث (Mona Fixdal, Dan Smith) لە یەکێك لە توێژینەوەکانیاندا بە ناوی دەستێوەردانی مرۆیی و جەنگی ڕەوا (Humanitarian Intervention and Just War) پەیوەندییە فەلسەفییەکانی نێوان ئەم دو بابەتە بە وردی دەخەنەڕو:

Fixdal, Mona, and Dan Smith. "Humanitarian intervention and just war." *Mershon international studies review* 42, no. Supplement_2 (1998): 283-312.

[2] Walzer, Michael quoted in J. L. Holzgrefe, 'The Humanitarian Intervention Debate,' in J. L. Holzgrefe and Robert O. Keohane ed., Humanitarian Intervention: Ethical, Legal, and Political Dilemmas, Cambridge University Press, new York, 2003: 33.

[3] Walzer, Michael. *Arguing about war*. Yale University Press, 2008: 155.

[4] Holzgrefe, J. L. "The Humanitarian Intervention Debate in JL Holzgrefe and Robert O." *Humanitarian Intervention-Ethical, Legal, and Political Dilemmas (Cambridge: Cambridge University Press, 2003)* (2003): 15-52.

هەڵێنجێنین، کە بونی چوارچێوەیەکی مۆراڵی مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ هاندانی دەستێوەردانی مرۆیی.[1]

هەروەها بڕیاربەدەستانیش ڕۆڵێکی دیار و بەرجەستەیان لە بەیەکەوە گرێدانی ئەم بابەتەدا هەبوە. لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە بۆچونی تۆنی بلێر (Tony Blair) سەرۆک وەزیرانی پێشوی بەریتانیا، بدەین کە بە یەکێک لەلایەنگرە سەختەکانی نەریتی جەنگی ڕەوا دادەنرێت، لە یەکێک لە وتارێکی لە ساڵی ١٩٩٩ لە شیگاکۆ پێشکەشی کرد، دەربارەی دەستێوەردانی ناتۆ لە کۆسۆڤۆدا، بەم شێوەیە وەسفی کرد "ئەمەی کە ڕودەدات بریتییە لە جەنگی ڕەوا، کە پشت نابەستێت بە هەژمونی هەرێمایەتی بەڵکو پشت بە بەهاکان دەبەستێت.[2] ئەم تێگەیشتنەی بەشێکی زۆری بیرمەندان و دروستکەرانی بڕیار وای کردوە، نەک ڕۆڵێکی لاوەکی بەڵکو پێگەیەکی سەرەکی بداتە لایەنی ئەخلاقی، بۆیە دەکرێت باس لەوە بکرێت، کە پرانسیپی مۆراڵی تیۆری جەنگی ڕەوا بنەمایەکی بەهێزی هەیە لە بونیادنانی دەستێوەردانی مرۆییدا. بەشێوەیەکی گشتی، دەکرێت بڵێن شەرعیەتبونی دەستێوەردانە مرۆییەکان لەژێر کاریگەری گریمانەکانی تیۆری جەنگی ڕەوا دان.

### ٢-٩ تیۆری جەنگی ڕەوا و بەرپرسیاریەتی پاراستن (Responsibility to Protect):

لە دوای قۆناغی جەنگی سارد، بابەتی ڕەوایەتی دەستێوەردانی مرۆیی، لە ڕوی تیۆری و پراکتیکیەوە گۆڕانکاری گەورەی بەخۆیەوە بینی. لەلایەکی ترەوە گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە قۆناغی پێشکەوتوی دەستێوەردانی مرۆیی خۆی لە بەرپرسیاریەتی پاراستن (Responsibility to Protect) دەبینێتەوە. بەرپرسیاریەتی پاراستن وەک چەمکێکی نوێ سەیر دەکرێت لە چوارچێوەی یاسای دەستێوەردانی مرۆیی، کە قۆناغێکی پێشکەوتوترە لە تێگەشتنەکانی پێش خۆی، وەک نۆرمێکی گرنگ لە یاسای نێودەوڵەتی، کە چەند پایەکی سەرەکی وەک: بەرپرسیارێتی دەوڵەت لە پاراستن، بەرپرسیارێتی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە یارمەتیدانی دەوڵەت بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی سەرشانی بەجێ بگەیەنێت و بەرپرسیارێتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە وەڵامدانەوەدا دەگرێتەخۆ. بەرپرسیاریەتی پاراستن، دەوڵەت و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ناچار بە پاراستنی دانیشتوان لە ڕێگری ڕودانی جینۆساید، تاوانی جەنگ، پاکتاوی ڕەگەزی و تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی دەکات. بەشێوەیەکی گشتی بەرپرسیاریەتی پاراستن کۆمەڵێک بنەمای گشتی لە خۆدەگرێت، کە چەمکی سەروەری دەوڵەت لە پیرۆزی و

---

[1] بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە کتێبی:
Zehfuss, Maja. *War and the Politics of Ethics*. Oxford University Press, 2018.
[2] Speech by former Prime Minister Tony Blair, 'Doctrine of the International Community' Available at: <http://www.number10.gov.uk/output/Page1297.asp > (Accessed: 3 January 2019).

باڵادەستییەوە دەگوازرێتەوە بۆ سەروەری بەرپرسیاریەتی بەرامبەر هاووڵاتیان.[1] لە دوای شکستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە ڕێگریکردن لە چەندین جینۆساید، پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ بونە تەوەری سەرەکی بەرپرسیاریەتی پاراستن. لە ڕوی مێژوییەوە، ئەم ڕێبازە (Doctrine) بابەتێکی تازە نییە و تێز و بیرکردنەوەکانی پەیوەستە بە مێژوێکی دورەوە، بەڵام دەرکەوتنی بەشێوەیەکی ڕەسمی لە قۆناغی مۆدێرندا دەگەڕێتەوە بۆ لوتکەی باڵای ساڵی ٢٠٠٥ کە بنەماکانی بەشێوەیەکی جیهانی چەسپاند و لە ساڵی ٢٠٠٦ نەتەوە یەکگرتوەکان جەختی لەسەر بنەماکانی ئەم بابەتە کردەوە. بەرپرسیاریەتی پاراستن پشت بە گواستنەوەی سەروەری دەوڵەت بۆ سەروەری تاک و پارێزگریکردن لە مافەکانی دەکاتەوە.[2]

پەیوەندییەکی تەواوکاری هەیە لە نێوان تیۆری جەنگی ڕەواو بەرپرسیاریەتی پاراستندا، بەشێک لە توێژەران بەرپرسیاریەتی پاراستن وەک قۆناغێکی پێشکەوتوی تیۆری جەنگی ڕەوا دادەنێن. بۆ نمونە (ئەندریە ئایانکۆ) باوەڕی وایە، کە بنەماکانی بەرپرسیاریەتی پاراستن نوێنەرایەتی ژیاندنەوەی تیۆری کلاسیکی جەنگی ڕەوا دەکات، هەروەها بنەماکانی لە ناو هەناوی ئەم تیۆرەدا سەرچاوەی گرتووە، کە تێیدا بەکارهێنانی هێز لە چوارچێوەی بنەما مۆڕاڵییەکاندا لێک دەدرێتەوە. [3] لە هەمانکاتدا لێکۆڵەری ئەم بوارە ۆڵتەر دۆرن (Walter Dorn) پشتگیری ئەو لێکدانەوەییە دەکات، کە تیۆری جەنگی ڕەوا بناغەی گەشەسەندنی لێپرسراویەتی پاراستنە بۆ دەستێوەردانی سەربازی.[4]

بەشێکی زۆری ئەو بنەما سەرەکیانەی کە بەرپرسیاریەتی پاراستن جەختی لەسەر کردونەتەوە، لە چۆنیەتی بەڕێوەچونی جەنگ و بەدەستهێنانی ڕەوایەتی نێودەوڵەتی و چۆنیەتی دوبارە بونیادنانەوەی پاش جەنگ بە تەواوەتی لە تیۆری جەنگی ڕەوادا هەن، بۆیە دەکرێت بگوترێت جۆرێک لە هاوبەشی بونی هەیە لە بەکارهێنانی هێز و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی لە نێوان ئەم دو بابەتەدا. بانگەشەی سەرەکی ئەم تیۆرە ئەوەیە، کە دەیەوێت چوارچێوەیەکی مۆڕاڵی بۆ جەنگ و توندوتیژی بێنێتەکایەوە کە پشت ئەستوور بێت بە لێپرسراویەتی کە بەپێی چەند بنەماو ڕێسایەک ڕێکدەخرێت. بە تایبەتیش قۆناغی دوای جەنگ لە هێنانەکایەوەی ئاشتی و دادپەروەریدا وەک بەشێکی سەرەکی و بنەڕەتی لە نێوان هەردو تیۆردەکەدا جەختی لەسەر کراوەتەوە. بۆیە دەکرێت باس لەوە بکرێت، جەنگ لای هەر دوو ڕێبازەکە جەنگێکی لێپسراوە و لە ڕوی ئەخلاقییەوە پابەندارن.

---

(1) International Commission on Intervention and State Sovereignty, The Responsibility Protect, at VIII (2001). Available at: < http://responsibilitytoprotect.org/ICISS%20Report.pdf> (Accessed: 1 January 2020).

(2) Ziegler, Charles E. "Contesting the responsibility to protect." *International Studies Perspectives* 17, no. 1 (2016): 75-97.

(3) Iancu, Andreea. "The Responsibility To Protect. A Just War Theory Based Analysis." *SEA-Practical Application of Science*5 (2014): 341-348.

(4) Dorn, A. Walter. "The just war index: Comparing warfighting and counterinsurgency in Afghanistan." *Journal of Military Ethics* 10, no. 3 (2011): 242.

## ٢-١٠ ئەنجام:

تیۆری جەنگی ڕەوا خاوەن مێژوێکی دێرینە، لە ڕەوایەتی پێدانی کردەی جەنگدا. ئەم تیۆرە سەرەتای دەرکەوتنەکانی دەگەڕێتەوە بۆ شارستانیەتی یۆنان و ڕۆمانیەکان، کە پاساو و ئارگیۆمێنتی پشتگیریکردن بۆ جەنگ لە پێناو چاکەی گشتیدا بوە. لە قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاست و قۆناغی بالآدەستی ئاینی مەسیحیدا، ئەم تیۆرە لە چوارچێوەی دید و تێڕوانینی ئاینیدا گەشەی پێدراوە، زۆر کاتیش ئەم قۆناغە بە قۆناغی ڕاستەقینەو سەرهەڵدان و فراوانبونی ئەم تیۆرە دادەنرێت. لەم بارەیەوە هەریەکە لە (ئاگۆستین) و (تۆماس ئەکویناس) وەک دامەزرێنەرانی ئەم تیۆرە لە قەڵەم دەدرێن. لە قۆناغەکانی دواتردا بەهۆی دەرکەوتنی یاسای نێودەوڵەتی و هاتنەکایەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی و سەروەری دەوڵەت ئەم تیۆرە چوارچێوەیەکی یاسایی و نائاینی وەردەگرێت، کە هەریەکە لەتیۆرداڕێژەران (هۆگۆ گرۆشێۆس) و (ڤیکتۆریا) ڕۆڵی بەرچاویان هەبو، بە تایبەت لە داڕشتنی بنەماکانی یاسای جەنگ لە نێوان دەوڵەتاندا. قۆناغی هاوچەرخیش پەیوەست و هاوتایە لەگەڵ قۆناغەکانی پێش خۆی، بەڵام دوبارە بە پێداچونەوە و گەشەپێدانی زیاتر ئەم تیۆرە پێگەو لێکدانەوەی جیاوازتر و گشتگیرتری بەخۆیەوە بینی. لەم نێوەندەشدا فەیلەسوف و تیۆرداڕێژەری ئەمەریکی (مایکل وڵزەر) کە بە خاوەنی تیۆری مۆدێرنی جەنگی ڕەوا دادەنرێت و ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە خستنەڕوی بنەما و تێزی نوێ. وێنەیەکی نوێی بۆ ئەم تیۆرە لە چوارچێوە سیاسیی و فەلسەفەی ئەخلاقدا خستۆتەڕو، کە مافی تاک چەمکی سەرەکیی ناو تیۆرەکەیە. دوای خستنەڕوی چەمک و مێژوی گەشەسەندنی ئەم تیۆرە، لە بەشی داهاتودا گرنگترین بنەما تیۆرییەکانی تیۆری جەنگی ڕەوا بە وردی دەخەینەڕو، کە ڕەوابونی جەنگ بە ڕێککەوتن و یەکانگیربونی ئەو پرانسیپانە گرێ دەدات.

# بەشی سێیەم

# بنەماکانی تیۆری جەنگی ڕەوا

## ٣-١ دەسپێک

تیۆری جەنگی ڕەوا بە یەکێک لەو تیۆرە سەرەکیانە دادەنرێت، کە جەنگ وەک دیاردەیەکی مرۆیی لەگەڵ فەلسەفەی مۆڕاڵ یەکانگیر دەبێت، ئەمەش لە پێناو سنوردانان و خراپ بەکارنەهێنانی هێز لەنێوان گەل و نەتەوە و بەرژەوەندییە جیاوازەکاندا. بۆ ئەوەی هەمیشە کردەی جەنگ کە بۆ بەرژەوەندی سیاسی بەکارنەهێنرێت، ئەم تیۆرە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی و دواتریشدا، ئەگەر بە شێوەی سنورداریش بێت چەندین بنەمای سەرەکی لەخۆگرتوە. دەکرێت باس لەوە بکرێت کە بەپێی گەشەسەندنی ئەم تیۆرە و فراوانبونی تێگەیشتنە جیاوازەکان بۆ چەمکی بەکارهێنانی هێز و دەستێوەردانە مرۆییەکان، بنەماکانی گشتگیرتر و گەشەسەندوتر بوون. لەم نێوەندەشدا، چەمکی ئاسایش و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و بە جیهانیبونی ئەو چەمکانە بە یەکێک لە هۆکارە دیارەکانی گشتگیری پرانسیپەکانی ئەم تیۆرە دادەنرێت. بیرمەندانی کلاسیک و تاڕادەیەک توێژەرانی هاوچەرخیش کۆکن لەسەر ئەوەی، کە تیۆری جەنگی ڕەوا کۆمەڵێک بنەمای گرنگ لە خۆدەگرێت، لە پێناو ئەوەی لە بارودۆخێکی دیاریکرا و سنورداردا، بڕیار لەسەر جەنگ بدرێت و چوارچێوەیەکی مۆڕاڵی هەبێت. لەم بەشەدا وەڵامی چەند پرسیارێکی سەرەکی دەدرێتەوە وەک: بۆچی هێز بەکاردەهێنرێت؟ کێ دەسەڵاتی بەکارهێنانی هێزی هەیە؟ چ کاتێک دەکرێت هێز بەکاربهێنرێت؟ ئاستی بەکارهێنانی ئەو هێزە چۆن دەبێت؟ هەروەها چۆن ئەو هێزە بەکاردەهێنرێت؟ بەشێوەیەکی گشتی، بنەماکانی تیۆری جەنگی ڕەوا سێ بنەمای سەرەکی لە خۆدەگرن، بۆیە لەم بەشەدا بەشێوەیەکی ورد و گشتگیر، گرنگترین بنەماکانی ئەم تیۆرە بە تێگەیشتن و ئارگیۆمێنتە جیاوازەکان دەخرێتەڕو:

## ٣-٢ بنەمای یەکەم: ڕەوایەتی چونە جەنگەوە (jus ad bellum ):

چەمکی (jus ad bellum) چەمکێکی لاتینیە، کە پاڵنەرەکانی مافی چونە جەنگی تێدا جێگەبۆتەوە، بۆیە ئەم بنەمایە پەیوەستە بە دروستکەرانی بڕیارەوە بۆ بڕیاردان لەسەر جەنگ و بەکارهێنانی هێز دژی دەوڵەتێکی تر. دەبێت لێرەدا وەڵامی پرسیارێکی سەرەکی بدرێتەوە ئەویش ئەوەیە: لە چ کاتێکدا جەنگ لەڕوی ئەخلاقیەوە قبوڵکراوە؟ ڕەهەندەکانی ئەم پرانسیپە پەیوەستن بە پێش دەست پێکردنی جەنگەوە، کە پێویستە پایەکانی ئەم بنەمایە گونجاوبن بۆ بڕیاردان و ڕاگەیاندنی جەنگ. هەر کاتێک ئەم پرانسیپانە هەبون، ئەوا ئەو جەنگە لە ڕوی مۆڕاڵییەوە و زۆرکاتیش لە ڕوانگەی یاسایشەوە ڕێگەپێدراو دەبێت، هەر لێرەشەوە جیاکاری تیۆری جەنگی ڕەوا لە شێوازەکانی تری بەکارهێنانی هێز وەک دەستدرێژیکەر و دوژمنکارانە جیادەکرێتەوە. دەکرێت بگوترێت بەشێکی زۆری مەرج و تێزەکانی ئەم تیۆرە لە پەیماننامە

نێودەوڵەتییەکان و یاسای نێودەوڵەتی بە چڕی ڕەنگیان داوەتەوە. بە پێی ئەم تیۆرە، پێویستە بەرپاکردنی جەنگ لە سەر پەیڕەوکردنی ئەو بنەمایانە بوەستێ. لەم چوارچێوەیەدا کۆمەڵێک هۆکار و پایەی سەرەکی هەیە، بەپێی بۆچونی زۆرێک لە لێکۆڵەران ئەم پرانسیپە چەندین بنەمای سەرەکی لە خۆ دەگرن:

**١-٢-٣ هۆکاری ڕەوا** (Just cause):

بۆ گەرەنتیکردنی جەنگێکی ڕەوا و کردەیی سەربازی، یەکەمین بنەما بۆ ڕودانی جەنگ لە هۆکارێکی ڕەواوە دەستپێدەکات، کە تیایدا سنورو ئامانجی جەنگ پارێزراوبێت. لەڕوی مێژوییەوە، هۆکارێکی ڕەوا بە کۆنترین ڕەگەز و بنەمای تیۆری جەنگی ڕەوا دادەنرێت.[1] یەکێک لە توێژەرە ناسراوەکانی ئەم بوارە جێف ماکماهان (Jeff McMahan) ڕای وایە، ئەگەر هۆکارێکی ڕەوا نەبێت بۆ جەنگ، ئەوا مەرجی پێوانەیی و سەرەکی بونی نییە کە کردە و دەستێوەردانی سەربازی بە جەنگێکی ڕەوا دابنرێت.[2] هەروەها (ماکماهان) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: "جەنگ وەک ئەوەی تێگەیشتوم لێرەدا، بەشداریەکی پێویستە لە کوشتن و برینداربون لە ئاستێکی گەورەدا، "هۆکارێکی ڕەوا دەبێ ببێتە ئامانجی ئەم جۆرە لە ڕەوایەتی پێدانی کوشتن، تەنها ئامانجەکان تەواو گرنگن کە ڕەوایەتی دەدەن بە کوشتن بۆ هۆکاری ڕەوا". [3] لەبنەڕەتدا بنجینەی پرسێکی ڕەوا لە ڕێگەی هەڕەشەکردن بۆ سەر ئاشتی و سیستەم و ژیانی بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی مەدەنی دێتەکایەوە. بنەمای ئەم هۆکارەش چەندین ڕوانگە و تێگەیشتنی جیاوازی هەیە. یەکێک لە تێگەیشتنە سەرەکییەکان بۆ ئەم بنەمایە ئاماژەیە بۆ بوونی ئامانجێکی باڵا بۆ چونە جەنگەوە.[4]

هەروەها فرانسیس کام (Frances Kamm) پێناسەی ئەم بنەمایە دەکات بەبونی کۆمەڵێک ئامانجی سنوردار، کە ناودەبرێت بە هۆکای ڕەوا، کە تێیدا ڕەوایەتی دەستپێکردنی جەنگ دەکات.[5] ئەم بنەمایەش بەرامبەرە بە کارێکی توتدوتیژی دەوڵەتێک دژ بە دەوڵەتێکی تر، وەک ئەوەی (ۆڵزەر) بە کارێکی دوژمنکارانە (Aggressive) وەسفی دەکات، کە پێویستی بە وەڵامدانەوە دەبێت.[6] (ۆڵزەر) پێ وایە کە تاکە هۆکار بۆ پەنابردنە بەر جەنگ بریتییە لە بەرگریکردن لە دوژمنکاری کە خۆی لە پێشێلکردنێکی یەکێتی خاک و سەروەری سیاسی دەوڵەت دەبینێتەوە. هەروەها ئاماژە دەکات بەوەی کە هەمو کارە دوژمنکارییەکان یەک

---

(1) Smith, Eric. "Just War Theory and Armed Non-State Actors." PhD diss. Auburn University, 2015:26.

(2) McMahan, Jeff. "Just cause for war." *Ethics & International Affairs* 19, no. 3 (2005): 1-21.

(3) Ibid:11.

(4) Steinhoff, Uwe. "Just Cause and 'Right Intention'." *Journal of Military Ethics* 13, no. 1 (2014): 32-48.

(5) Kamm, Frances Myrna. *Ethics for Enemies: Terror, Torture, and War*. Oxford University Press, 2011:119.

(6) Walzer, Just and Unjust Wars: 51-53.

تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە ئەویش بریتییە لە سروشتێکی توندوتیژی، بۆیە لە هەردو ڕوانگەی ئەخلاقی و مادیەوە ڕەوایەتی دەدات بە بەرگری چەکداری.[1] هەروەها ئەم تێگەیشتنە لە یاسای نێودەوڵەتیدا ڕەنگی داوەتەوە، بە تایبەت ماددەی (٥١) لە ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان، کە دەڵێت: "هیچ شتێک لەو پەیماننامەدا مافی سروشتی دەوڵەت لاواز یان کەم ناکات، بە تاک یان بە کۆمەڵ لە پاراستنی خۆی ئەگەر هێرشی کرایە سەر لەلایەن دەوڵەتێکی ئەندامی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە، هەتا ئەو کاتەی کە ئەنجومەنی ئاسایش ڕێ و شوێنی پێویست دەگرێتەبەر بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی دەوڵەتان".[2] وەک دەردەکەوێت چەمکی دەستدرێژی بە سەنتەری تیۆری جەنگی ڕەوا دادەنرێت، کە مافی بەرگری ڕەوا دێنێتەکایەوە. ئەمەش لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا ڕێکخراوە و ڕێگا بە وڵاتان دراوە کە بەرگری لە خاک و سەروەرییەکانی خۆیان بکەن.

هەروەک لە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم تیۆرەدا هۆکارێکی ڕەوا، بە تێگەیشتن لە بەرگریکردن لەخود بەرامبەر دەستدرێژکردن وێناکراوە. دەکرێت چەندین هۆکاری تر هەبن بۆ جەنگ وەک بوونی بەرژەوەندی نیشتمانی، ئاینی، ئابوری و هەرێمایەتی، بەڵام هیچ یەکێک لەم هۆکارانە لە ئاستی ئەوەنین، کە ببنە هۆکارێک بۆ ڕاگەیاندنی جەنگ. بۆیە تەنها لە بونی هۆکارێکی ڕەوا، ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە پێشێلکاریەکی گەورە بۆ سەر ژیانی تاکەکان بڕیار لەسەر جەنگ دەدرێت. بەشێوەیەکی سەرەکی تێز و تێگەیشتنەکانی ئەم بنەمایە لە قۆناغی مۆدێرندا بونەتە بەشێکی گرنگ لە ڕێسا نێودەوڵەتییەکان وەک بەشێکی سەرەکی لە ڕێگری و وەڵامدانەوەی کاری دەستدرێژو دوژمنکارانە. هەروەها دەبێت باس لەوەش بکرێت، ئەم بنەمایە زیاتر پەیوەستە بە ڕوداوێک یان ئامانجێک کە بونی هەیە نەک ئەوەی کە لە داهاتودا چاوەڕوانی بەدیهێنانی بکرێت بە تایبەت لە پاش جەنگدا.

### ٣-٢-٢ **نیەتێکی دروست** (Right intention):

نیەتێکی دروست بەیەکێک لە بنەما کلاسیکەکانی ئەم تیۆرە دادەنرێت، کە ڕیشەکەی بۆ ڕوانگە و تێگەیشتنەکانی ئاگۆستین دەگەڕێتەوە. ئەم پرانسیپەش پەیوەستە بە بونی دروستکەرانی بڕیارەوە، کە بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن نیەتی دەستێوەردانەکان چۆن دەبێت. نیەتێکی ڕاست بە یەکێک لە خاسیەتە سەرەکیەکانی ڕەوایەتی دان بە جەنگ دادەنرێت. هەر وەک تیۆرداڕێژەری جەنگی ڕەوا (ئاگوستین) دەڵێت: جەنگ کاتێک بە ڕەوا دادەنرێت کە لەپێناو نیەتێکی دروستدا بێت، بەبۆچونی ئەو نیەتێکی ڕاست بە بناغەی تیۆری جەنگی ڕەوا دادەنرێت. هەر بۆیە لە ڕوانگەی کلاسیکیەکەیەوە، ئەم بنەمایە پەیوەستە بە بەدیهێنان و دەستەبەرکردنی

---

[1] Ibid,: 52.
[2] The UN Charter (adopted 26 June1945, entered into force 24 October 1945) 1 UNTS 16, Art.(51).

سیستەمێکی دادپەروەرو ئاشتتیخواز[1]، ئەمەش لە پێناو وەڵامدانەوەی هەمو ئەم نیگەرانیانەی کە هەن دەربارەی نیەتێکی خراپ لە پشت دەستپێکردنی جەنگەوە. نیەتی دروست بە هەڵسەنگاندنی پاڵنەرەکانی سەرکردەکان و ئامراز و ئامانجەکانی جەنگ دەست پێدەکات.[2]

کەواتە نیەت بە هاومانای پاڵنەر (Motive) مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بۆیە نیەت بریتییە لە ئامانجی ئەو کردەوەیەیی کە ئەنجام دەدرێت. یان بە واتایەکی تر، نیەت بەرهەمهێنەری پاڵنەر و دەرئەنجامە لەڕێگەی ستراتیژێکی گشتگیرەوە دەستەبەری ئامانجەکان دەکات. بەهەمانشێوەی (ئاگۆستین)، (ئەکوینی) نیەتێکی ڕاستی بە سێیەم بنەمای تیۆری جەنگی ڕەوا هێناوە لە پێناو هاندانی کاری باشدا.[3] هەروەها لای (هۆگۆش) جەنگ دەبێت بە جۆرێک بێت کە تێدا ئامانج و پاڵنەری مرۆیی هەبێت و هەوڵبدات لە پێناو هێنانەکایەوەی بارودۆخێکی باشتر. وەک دەردەکەوێت، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و هاوبەش لە نێوان هۆکارێکی ڕەواو بونی نیەتێکی دروستدا هەیە. ئامانجی نیەتی ڕاست بریتییە لە وەڵامدانەوەی کردەی دوژمنکاری و گێڕانەوەی نیزام و سەقامگیری.

بەپێی ئەم بنەمایە بێت ناکرێت جەنگ بڕیاری لێبدرێت لە پێناو بەرژەوەندییەکی تایبەت، بەڵکو دەبێت نیەتێک هەبێت بۆ کۆتایی پێهێنانی توندوتیژی و پاراستنی تاکەکان لە دەستدرێژی و جینۆساید و کۆمەڵکوژی. هەروەها بونی نیەتێکی دروست ڕاستەوخۆ پەیوەست دەبێت بە قۆناغەکانی دوای خۆی، جەنگ کۆتای پێ دێت. لەم بنەمایەدا دەکرێت ئاماژە بە دوو چەمکی سەرەکی بدرێت ئەوانیش دەستەبەرکردنی ئاشتی و دادپەروەریە. ئەمەش هەر لە سەرەتاکانی ئەم تیۆرەدا جێگەی کراوەتەوە، بە تایبەت لە تێزو بیرکردنەوەکانی ئاگۆستیندا زۆر بە ڕونی دەردەکەوێت.[4]

نیەت لە شەڕدا دو ڕوی پێشەکی و پاشەکی هەیە، نیەتەکە پێشەکییە بەو هەستەی کە کردارەکان لە جەنگدا هاوتا بن لەگەڵ ئامانجە دیاریکراوەکان. ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ پشکنینی پلان و تاکتیکەکانی جەنگەکە. نییتەکە پاشەکییە بەو هەستەی، کە دەتوانین لە کردارەکانی جەنگاوەردا لە جەنگدا ببینین، کە ئایا لەگەڵ ئامانجە دیاریکراوەکاندا یەکدەگرێتەوە. ئەگەر کردارەکانی جەنگاوەر پێنەدەچو یەکبگرێتەوە لەگەڵ ئامانجەکانی جەنگاوەردا ئەوا هۆکارێکی گونجاومان هەیە، کە وادابنێن جەنگاوەرەکە ئامانجێکی هەڵەی (دروستکراو)ی بۆ خۆی داناوە لە جەنگەکەدا.[5] یاخود زۆرکات ئاماژە بە دو ڕەگەزی سەرەکی ئەم بنەمایە دەکرێت: یەکەم، پەیوەستە بەو ئامانجانەی بەهۆی جەنگەکەوە دێنەدی، واتە لە کۆتایدا ئاشتی

---

(1) Cole, Darrell. "War and intention." *Journal of Military Ethics* 10, no. 3 (2011): 174.
(2) Smith, Eric. "Just War Theory and Armed Non-State Actors, 2015:263.
(3) Kellison, Rosemary. *Expanding responsibility for the just war: a feminist critique*. Cambridge University Press, 2018:107.
(4) Murphy, James G. "Just War Thought and the Notion of Peace." In *The Nature of Peace and the Morality of Armed Conflict*, pp. 105-122. Palgrave Macmillan, Cham, 2017.
(5) Cole, Darrell. "War and intention.":188.

دەستەبەردەکرێت، ڕەگەزی دووەمەیش خۆی دەبینێتەوە لەوەی، کە کێ بڕیار لە جەنگ دەدات.[1] دەکرێت ئەو مەرجە ببەسترێتەوە بە بونی ئەنجامێکی باشەوە، لەم خاڵەوە، جانزین گرێک (Janzen Greg) باوەڕی وایە کە بونی نیەتێکی دروستی ڕاگەیەنراو، دەبێتە هۆی هاتنەئارای ئامانجێکی دروست، کە ئەمەش خزمەت بە پرۆسەی ڕەوایەتی جەنگ دەکات لەلایەن دروستکەرانی بڕیارەوە.[2] ئەم بنەمایەش ڕەهەندێکی داهاتوی هەیە، کە دەبێت ئەم نییەتە خۆی ببینێتەوە لە دەستەبەرکردنی ئاشتی و پرۆسەی بونیادنانەوە و دادگایکردنی تاوانبارانی جەنگ لە ڕێگەی دامەزراوە یاساییە نێودەوڵەتییەکان. لەم چوارچێوەیەدا نیەت بریتییە لە پرۆژە و ئامادەبون لە دونیای قۆناغی دوای جەنگ. لەسەر بنەمای تایبەتمەندی ئەو نیەتە دەکرێت چاکەی گشتی و کۆمەڵگایەکی بونیادنراو لەسەر ئاشتیەکی بەردەوام بێتەکایەوە.

ئەم بنەمایە لە ڕەخنەش بەدەر نیە، بەلای بەشێک لە توێژەران گەیشتن بە بونی نیەتێکی دروست کارێکی ئاسان نییە، ئەگەر نزیک نەبێت لە مەحاڵ، چونکە بونی نیەتێکی دروست بەپێی قۆناغ و کاتە جیاوازەکان گۆڕانکاری بەسەرداردێت. توێژەران نمونە  بە چەند کەیسێک دێننەوە کە نیەتی چونە جەنگە چۆن گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە، لە دواجاردا بەو شێوەیە نەبوە کە لەسەرەتادا ئاماژەی پێکراوە، لێرەدا جەنگی عێراق لە ٢٠٠٣ دا بە یەکێک لەو کەیسانە دادەنرێت، کە نیەت و پاساوەکانی جەنگی دروست نەبوە. بەڵام ئامانج و نیەتێکی باش بڕیار لەسەر ئەوە دەدات، کە تا چ ڕادەیەک جەنگێکی ڕەوا دەبێت، چونکە دەبێت ئەم بنەمایە ببێتە سەرەتای هۆکارێک بۆ گەیشتن بە دادپەروەری و ئاشتی. بەشێکی زۆری توێژەران جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئەگەر نیەتێکی دروست لە سەرەتاوە نەبێت بۆ جەنگ ئەگەر ئەنجامەکانیشی باش بن، ئەوا لە ڕوی مۆڕاڵیەوە بە کردەیەکی باش و دروست دانانرێت.[3] بەم پێیە بۆچونی (ئالێکس بێلمە)ی ئەوەیە کە نیەتەکان لە ڕێگەی ئەنجامە مرۆییەکانەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت، بە جۆرێک کە دەستتێوەردانی سەربازی کاتێک شەرعیەتی دەبێت کە نیەتەکە ڕێگری کردن بێت لە نادادپەروەری و گێڕانەوەی ئاشتی.[4] بۆ گەیشتن بەم ئامانجانەش دەبێ پێوەر و بنەماکانی تری جەنگی ڕەوا بونیان هەبێت.

### **٣-٢-٣ ئەگەری سەرکەوتن** (likelihood of success) :

بنەمای دەرفەتی سەرکەوتن، بە ڕەهەندێکی گرنگی دیکەی تیۆری جەنگی ڕەوا دادەنرێت. ئەم بژاردەیە پەیوەستە بە بونی سەرکەوتن و زیانەکانی دەستێوەردان و جەنگ، کە دەبێت بە جۆرێک بێت دەرفەتی سەرکەوتن بە تەواوەتی یەکلای کرابێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە

---

(1) Kellison, Rosemary. *Expanding responsibility for the just war: a feminist critique*, 2018:105.
(2) Janzen, Greg. "A Critique of the Right Intention Condition as an Element of Jus ad Bellum." *Journal of Military Ethics* 15, no. 1 (2016): 36.
(3) Cole, Darrell. "War and intention.": 187.
(4) Janzen, Greg. A Critique of the Right Intention Condition as an Element of Jus ad Bellum:41.

ڕێگەی ئەو جەنگەوە دەکرێت کۆتایی بە پێشێلکارییەکان و توندوتیژییەکان بهێنێت، نەک ببێتە هۆکارێک بۆ زیان و توندوتیژی زیاتر.[1] ئەگەرچی پێشبینی کردنی ئەم بنەمایە کارێکی قورسە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت لە پێش بڕیاردان لە جەنگ بیری لێبکرێتەوە، هەروەک تیۆرداڕێژ پاول ڕامزی (Paul Ramsey) وەک یەکێک لە گەورەترین بیرمەندانی تیۆری جەنگی ڕەوا لە یەکێک لە توێژینەوەکانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دروستکەرانی بڕیار دەبێت توانای پێشبینیکردنی ڕادەی سەرکەوتنیان هەبێت، ئەو تەنها باس لە پێشبینی دەکات، نەک چەمکی گرێنتی ئەو سەرکەوتنە.[2] بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە لەم بنەمایەدا، ئەوەیە کە چۆن چەمکی سەرکەوتن ڕون دەکرێتەوە؟ بەهۆی بەشداری لایەنە جیاوازەکانەوە هەمیشە جۆرێک لە ناڕۆشنی لە خودی ئەم بنەمایەوە دەبینرێت. بۆیە هەمیشە ئەم بابەتە جێگەی پرسیارە، ئایا لە ڕاستیدا ئەو جەنگەی کە بڕیاری لەسەر دەدرێت دەرفەتی ئەوەی تێدایە بەشێوەیەکی سەرکەوتو کۆتایی پێبێت.

(ماری کالدۆر) پشتگیری ئەو ڕایە دەکات، کە لەم قۆناغەی ناودەبرێت بە قۆناغی جەنگە نوێیەکان، پشت بە نوێترین و پێشکەوتوترین تەکنۆلۆژیا دەبەسترێت چەمکی سەرکەوتن تاڕادەیەکی زۆر ناڕون و دیاری نەکراوە تێیدا. چونکە ئەگەر لە ڕابردودا پێوانەی سەرکەوتن بە ئامانجی سەربازی بوبێت، کە تا چ ڕادەیەک لایەنەکان لە ڕوی سەربازیەوە سەرکەوتو دەبن، بەڵام لە قۆناغی ئەمڕۆدا ئەم تێگەیشتنە گۆڕانکاری سەرەکی بەسەردا هاتوە.[3] بۆیە ناتوانرێت سەرکەوتنی سەربازی (Military Victory) بە پێوەری سەرەکی دابنرێت، چونکە سەرکەوتنی سەربازی زۆرکات دەستەبەری ئاشتی و ئاسایش بە تێگەیشتنە فراوانەکە ناکات، کە خۆی دەبینێتەوە لە ئاشتیەکی ڕەواو ئاسایشی مرۆیی تاکەکان. سەرکەوتنی سەربازی پرسێکی ئاڵۆزی ناو ئەدەبیاتی جەنگ و ئاشتیە، لە کورترین مانادا بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەییە کە جەنگی لەسەر دەست پیکردوە. بەڵام توێژەر ڕۆبێرت ماندال (Robert Mandel) لە کتێبی (The Meaning of Military Victory) دیدگاییەکی گشتگیر و کامڵتر بۆ چەمکی سەرکەوتنی سەربازی دەخاتەڕو، کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی جەنگ لە قۆناغی هاوچەرخدا یەکبگرێتەوە، بە جۆرێک کە سەرکەوتنی سەربازی لە چوارچێوەی پرۆسەی سیاسیدا لیکدانەوەی بۆ بکرێت.[4] بە گشتی ئەم بنەمایە پەیوەستە بە بونی ئەو دەرئەنجامانەی کە لەو جەنگە دەکەونەوە، دەبێت بە جۆرێک بێت کە کاتێت بڕیار لەسەر جەنگ بدرێت، کە

---

[1] Hurka, Thomas. "Proportionality in the Morality of War." *Philosophy & Public Affairs* 33, no. 1 (2005): 34-66.

[2] Ramsey, Paul. *The just war: force and political responsibility*. Rowman & Littlefield, 2002.

[3] Harbour, Frances V. "Reasonable probability of success as a moral criterion in the western just war tradition." *Journal of Military Ethics* 10, no. 3 (2011): 234.

[4] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە:

Mandel, Robert. *The meaning of military victory*. Boulder, Colorado: Lynne Rienner Publishers, 2006.

بەرچاوڕونی تەواو هەبێت لەسەر هاتنەکایەوەی ئەنجامێکی سەرکەوتو و باش، بەڵام بەپێچەوانە بێت، ئەوا ناکرێت بڕیار لەسەر جەنگ بدرێت.

### ٣-٢-٤ **کۆتا بژاردە** (Last resort):

پرانسیپی "کۆتا بژاردە" یەکێکی ترە لە بنەماکان، کە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کۆی بژاردەکانی تر بۆ چارەسەرکردن کۆتایان پێهاتبێت و لە چارەسەرکردنی گرفتەکەدا شکستیان هێنابێت، لێرەدا زیاتر مەبەستی بژاردە ناسەربازییەکانە (Non-Military Options). هەر لە کۆنەوە بیرمەندی ڕۆمانی (Cicero) ئەو بۆچوونە دەخاتەڕوو کە لە هەلومەرجێک کە چیتر گفتوگۆ و دانوساندن ناکرێت بەکارهێنانی هێز دەبێتە بژاردەیەکی پێویست.[1] بۆیە کۆتا بژاردە وەک ناچاری سەربازی (Military necessity)[2] سەیر دەکرێت. (جێف ماکماهان) ڕای دەگەیەنێت کە چوارەم پرانسیپ لە بنەمای (jus ad bellum) بریتییە لە کۆتا بژاردە.[3] ئەم بنەمایە ڕێگری لە دروستکەرانی بڕیار دەکات، کە ڕاستەوخۆ نەچنە جەنگەوە، بەڵکو دەرفەت بە لایەنەکان بدرێت بۆ ئەوەی سود لە بژاردەکانی تر وەربگرن بە تایبەت بژاردەی پەیوەندی دیپلۆماسی.

کەواتە کاتێک کە دەگوترێت دوا بژاردەیە، مەبەست لەوەیە کە کۆی بژاردەکانی تر تاقیکرابێتنەوە تا دەگاتە سەپاندنی سزای ئابوریش.[4] بە مانایەکی دیکە، لە هەندێک بارودۆخدا، بژاردەکانی تر زۆر زیاتر مەترسییان لێدەکەوێتەوە و مەدەنییەکان زیاتر ڕوبەڕوی قوربانی دەبنەوە، لەوکاتەدا جەنگ دەبێتە تاکە ڕێگا بۆ ڕێگری کردن لە کارەساتی مرۆیی زیاتر. ئەم بنەمایەش دەبێتە هۆکارێک بۆ سنورداربون و کەمکردنەوەی جەنگ و دەستێوەردانەکان، کە تەنها لە حاڵەتی دیاریکراو سنوردار بڕیاری لەسەربدرێت. هەروەک (ۆڵزەر) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەبێت پێش بڕیاردان و چونە جەنگە، کۆی ڕێگە دیپلۆماسییەکان تاقی کرابنەوە، و

---

(1) Mattox, John Mark. *St. Augustine and the Theory of Just War*. A&C Black, 2006:15.

(2) ناچاری سەربازی، بریتییە لە بنەمایەکی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، کە جەنگ ڕەوایەتی هەیە، لە بە دەستهێنانی ئامانجە سەربازییەکان، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Schmitt, Michael N. "Military necessity and humanity in international humanitarian law: preserving the delicate balance." In *Essays on Law and War at the Fault Lines*, pp. 89-129. TMC Asser Press, 2011.

(3) Aloyo, Eamon. "Just war theory and the last of last resort." *Ethics & International Affairs* 29, no. 2 (2015): 190.

(4) توێژەری ئەم بوارە جەیمس پاتسۆن (James Pattison) لە یەکێك لە کتێبەکانی بە ناوی ئەلتەرناتیڤەکانی جەنگ ( The Alternatives to War: From Sanctions to Nonviolence) لێکدانەوەو شیکردنەوەیەکی بە بایەخ پێشکەش دەکات دەربارەی بژاردەکانی تری جەنگ.

Pattison, James. *The alternatives to war: from sanctions to nonviolence*. Oxford University Press, 2018.

دڵنیایی ئەوە هەبێت، کە جەنگ کۆتا بژاردەیە.[1] هەروەها بەهەمان شێوە بە بۆچونی تۆماس هورکا (Thomas Hurka A) جەنگ پێویستە دوا بژاردە بێت بۆ ئەوەی بە جەنگێکی ڕەوا دابنرێت.[2]

### ٣-٢-٥ دەسەڵاتێکی شەرعی (Legitimate Authority):

ئەو کەس و لایەنانە دەگرێتەوە، کە بڕیار لەسەر جەنگ دەدەن، بە یەکێک لە بنەما سەرەکییە کلاسیکی و هاوچەرخەکان دادەنرێت. دەبێت دەسەڵاتێکی شەرعی ڕێگەپێدراو هەبێت بۆ ڕاگەیاندنی کردەی جەنگ ئەمەش لە پێناو ئەوەی بڕیاری جەنگ تاک لایەنە نەبێت و بەشێوەیەک بێت شەرعیەت وەربگرێت.[3] لەم چوارچێوەیەدا، لێپرسراویەتی لە جۆراوجۆری تاکەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ کۆمەڵ و دەستەیەکی باڵاتر.[4] لەم تیۆرەدا پێگەیەکی گرنگ بۆ دەسەڵاتێکی گشتی بۆ بڕیاردان لە جەنگ تەرخانکراوە بەمەبەستی دروستکردنی جۆرێک لە کۆدەنگی. بۆیە دەستێوەردانەکان نابێت تاک لایەنانە بن، بەڵکو بەشێوەیەک بێت شەرعی بونی بڕیارەکە لە ڕێگەی کۆمەڵەوە دەستەبەر بکرێت، بۆیە پێویستە جۆرێک لە کۆدەنگی هەبێت لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا،[5] چونکە جەنگ پرسێکی گشتیە و نابێت بە تەنها دەوڵەتێک بڕیاری لەسەر بدرێت، ئەمەش دەبێت چوارچێوەیەکی یاسای هەبێت و بە یاسای نێودەوڵەتی پشتگیریکراوبێت. تەنانەت (کانت) باوەڕی وایە، کە سەرۆکی دەوڵەت بە تەنها مافی ڕاگەیاندنی جەنگی نیە، بەڵکو لەبەرامبەرئەوەدا دەبێت ڕاوێژ لەگەڵ هاووڵاتیان بکرێت.[6] لەڕێگەی ئەو دەسەڵاتەوە، لە هۆکار و بنەمایەکانی تریش بکۆڵدرێتەوە لە پێناو گەیشتن بە بڕیارێکی دروست و ڕەوادا. یەکێک لە ڕێگەکانی سنوردارکردنی جەنگ، خۆی دەبینێتەوە لە دەسەڵاتێکی شەرعی و پەیوەست بە ڕەزامەندی و ڕێکەوتنی گشتیەوە. چونکە لە ئێستادا بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی پابەندبونێکی یاسایی بۆ ڕێگری کردن لە کوشتنی هاووڵاتیانی مەدەنی و جینۆساید و تاوانی جەنگ هەیە.

چەمکی دەسەڵات لە تیۆری جەنگی ڕەوادا بابەتێکی ئاڵۆزە. بۆیە دید و تێڕوانینی جیاواز هەیە، لەهەمبەر ئەوەی ئەو دەسەڵاتە کێیە کە بڕیار لە جەنگ و دەستێوەردان دەدات؟ هەروەها زۆرکات ئاماژە بە دەوڵەت دەکرێت بۆ بڕیاردانی چونە جەنگەوە، بە تایبەت لە تێڕوانینە کلاسیکیەکاندا بە تەنها جەخت لەسەر بە سەنتەربونی دەوڵەت و سەروەرییەکەی کراوەتەوە.

---

(1) Walzer, Michael, Just And Unjust Wars: 85.

(2) Hurka, Thomas. "Proportionality in the Morality of War, (2005): 34.

(3) Holmes, Robert L. *On war and morality*. Princeton University Press, 2014:164.

(4) Fabre, Cecile. "Cosmopolitanism, just war theory and legitimate authority." *International Affairs* 84, no. 5 (2008): 963.

(5) Calhoun, Laurie. "Legitimate authority and “Just War” in the modern world." *Peace & Change* 27, no. 1 (2002): 37.

(6) Orend, Brian. "Kant's ethics of war and peace." *Journal of Military Ethics* 3, no. 2 (2004): 170.

بەڵام لە تێڕوانینە مۆدێرنەکاندا قسە لەسەر کارەکتەری تریش جگە لە دەوڵەت دەکرێتەوە، وەک بەشێکی زۆری توێژەران جەختیان لەسەر کردۆتەوە، کە دەسەڵاتی یاسای بۆ ئەم پرسە لە ئێستادا خۆی دەبینێتەوە لە نەتەوە یەکگرتوەکان وەک دەسەڵاتێکی گشتی. سەرەڕای ئەم ڕێکخراوە، بەشێکی تر لە شیکەرەوان باس لە چەند دەسەڵاتێکی سیاسی هەرێمی و نێودەوڵەتی تر دەکەن کە بەشدار دەبن لە ڕاگەیاندنی جەنگ وەک یەکێتی ئەوروپا.[1] لە قۆناغی هاوچەرخدا، چەمکی دەسەڵات لە ویستی تاکەکەسیەوە گوازراوەتەوە بۆ سیستەمێکی دامەزراوەی باڵاتر. دەبێت ئەو ڕاستیەش باس بکرێت کە ئەم بنەمایە ڕاستەوخۆ پەیوەست دەبێت بە بنەماکانی تری تیۆرەکە چونکە دەبێت هۆکارەکانی تر لەو ئاستەدا بن، کە دەسەڵاتێکی باڵا و ڕەوا بە خێرای بڕیاری لەسەر بدات. بەڵام ئەم بنەمایە زۆر کات ڕوبەڕوی گرفت دەبێتەوە لە گەیشت بە بڕیاری کۆدەنگی بۆ دەستێوەردانی سەربازی لە هەندێک لە کەیسەکان پەیوەند بە سەرپێچی بنەماکانی مافی مرۆڤ. لێرەدا توێژەران ئاماژە بۆ چەندین کەیس دەکەن لەسەر ئاستی دەوڵەتان، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بێ وەڵام بوە، بۆ نمونە حاڵەتی پاکتاوی ڕەگەزی لە یوگۆسلاڤیادا (Yugoslavia)، کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەیتوانی بگاتە بڕیار بۆ دەستتێوەردان، هەروەها کەیسی ڕەواندا (Rwandan) کە جینۆسایدی تێیدا ڕوویدا و نەتوانرا دەستێوەردان بکرێت لە پێناو پارێزگاریکردنی هاووڵاتیانی مەدەنی.[2] چونکە بەرژەوەندی نەتەوەیی دەوڵەتان ڕاڤەی ڕەفتار و کردەوەکانیان دەکات، بۆیە دەستێوەردانە سەربازییەکان و وەڵامدانەوەکان بە پێی کەیسەکان جیاواز دەبێت. بەهەرحاڵ بنەڕەتی ئەم تیۆرە لەسەر ئەم هزرە بنیاتنراوە، کە دامەزراوەکانی بڕیاردان کە خاوەنی هۆکارێکی ڕەوان بتوانن بەشێوەیەکی ئازاد و یەکسان بەشداری بکەن. دەتوانین بگەین بە ئەنجامێک کە لە ئێستادا دەسەڵاتی شەرعی بۆ بڕیاردان لە جەنگ پشت دەبەستێت بە چوارچێوەی کە یاسا و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان دەیگرنەخۆ.

### ٣-٢-٦ **هاوڕێژەبون پێش دەستپێکردنی جەنگ** (Proportionality ad Bellum):

کاتێک جەنگ ڕادەگەیندرێت، ئەمە واتای ئەوەیە پێویستی بە ئامادەباشی سەربازی هەیە بۆ چونە جەنگەوە، ئەمەش پەیوەندیداردەبێت بە بنەمایەکی تر دەوڵەت ڕێژەی زیانەکان کەمتر بکاتەوە لە بەرامبەر بەکارهێنانی ئەو هێزەی بەکاردێت. ئەم بنەمایە جیاوازی و لێکدانەوەی جیاوازی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەت لە قۆناغی یەکەمدا، کاتێ بڕیاری چونە جەنگ دەدرێت. ئەم بنەمایە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاست و دواتر دەبێت بە بەشێکی گرنگ لە یاسای نێودەوڵەتی و ڕێکەوتننامەکانی پەیوەست بە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی. ئەم بنەمایەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پرانسیپەکانی پێش خۆیەوە هەیە، دەوڵەت و لایەنی شەڕکەر ناچار دەکرێت، کە هەڵسەنگاندن بکات بۆ تێچون و سودەکانی لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا. لە

---

[1] Martin, Rex. "Just wars and humanitarian interventions." *Journal of social philosophy* 36, no. 4 (2005): 450.
[2] Merkel, Wolfgang. "Democracy through war?." *Democratisation* 15, no. 3 (2008): 501.

تیۆری جەنگی ڕەوادا زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە ئەگەر تێچوی بەکارهێنانی هێز قورستر و زیاتر بێت لە دەستکەوتەکانی ئەوا ئەو کردەیە شکست دەهێنێت.[1]

ئەم بنەمایەش وەک یەکێک لە بابەتە قورسەکان باس دەکرێت، چونکە ئاسان نییە هەڵسەنگاندن بکرێت بۆ تێچون و دەسکەوتەکان پێش دەستپێکردنی جەنگ بەشێوەیەکی وردو ئاشکرا. بەڕای زۆرێک لە توێژەران ئەم بنەمایانە کە خاوەن مێژوێکی کۆن و بەرهەمی لێکدانەوەکانی فەیلەسوفان و لێکۆڵەرانە، کۆی ئەو گۆڕانکاریانەش بونەتە بنەما و سەرەتایەکی گرنگ بۆ یاسای نێودەوڵەتی و یاسای دەستێوەردانی مرۆیی لە قۆناغی ئەمڕۆدا. بۆیە دەکرێت بگوترێت لە ڕێگەی ئەم بنەماوە دەبێت بڕیار لەوە بدرێت، کە چ جۆرە جەنگێک ڕەوا دەبێت. ئەمانە گرنگترین ئەو بنەما تیۆرییانەن کە بۆ پاساوهێنانەوەی جەنگ بەکارهاتون تا ئەو جێگایەی کە پێوەندی بە چوارچێوەی ئەم بنەمایەوە هەیە. هەمو ئەو بنەمایانەی باس کران بناغەییەکی یاساییشیان بۆ دروست بوە، کە لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا پەیڕەویان لێدەکرێت.

**٣-٣ بنەمای دووەم: ڕەفتاری جەنگ** ( jus in bello):

چەمکی (jus in bello) لە بنەڕەتدا، چەمکێکی لاتینیە، لە تیۆری جەنگی ڕەوا وەک ئاماژەیەک بە دادپەروەری و ڕەفتاری ڕاست لە مەیدانی جەنگدا بەکاردەهێنرێت. تیۆرداڕێژەری ئەمەریکی (وۆلزەر) گەشەی بە ئەم بنەمایە داوە وەک بەشێکی گرنگ لە تیۆری جەنگی ڕەوادا.[2] ئەم پرانسیپە کار لەسەر چۆنیەتی شێوازی بەڕێوەبردنی جەنگ و ئامرازەکانی دەکات، بە واتایەکی تر بە هەمان شێوەی بنەمای یەکەم دەبێت بەڕێوەچونی جەنگیش دادپەروەری لە خۆ بگرێت. دوای پرانسیپی یەکەم پێویستە بیر لە بەدیهێنانی دادپەروەری بکرێتەوە لە کاتی جەنگدا، ئەم قۆناغە بە ناوەندی پرۆسەی دەستپێکردنی جەنگ دادەنرێت. جەنگی ڕەوا ئەو چوارچێوە ئەخلاقیەیە کە بە تەنها بەکارهێنانی هێز کورتناکرێتەوە لە مافی بەرگری و هۆکارێکی ڕەوا، بەڵکو کۆمەڵێک پێوەری مۆڕاڵی تر بۆ ڕەوایەتی لەخۆدەگرێت.[3] ئەم بنەمایەش چەند ڕەهەندێکی وەک پارێزبەندی کەسانی مەدەنی و جیاکاری دەگرێتەخۆ، کە پێویستە لە کاتی بەڕێوەچونی جەنگ هەبێت، ئامانجی سەرەکی لە پشت ئەم بنەمایەوە، کەمکردنەوەی ململانێ و توندوتیژییە چەکداریەکانە لە پێناو پاراستی هاووڵاتیانی مەدەنی. زۆر کات ئەم پرانسیپەی تیۆری جەنگی ڕەوا بە یاسای پێکدادانی چەکداری (law of armed conflict) یاخود یاسای

(1) Dolnik, Adam. "Justice Beyond Question? Military Responses to International Terrorism and Just War Theory." *Perspectives* 18 (2002): 26.
(2) Orend, Brian. "Just and lawful conduct in war: reflections on Michael Walzer." *Law and Philosophy* (2001): 1.
(3) Burkhardt, Todd. *Just war and human rights: fighting with right intention*. SUNY Press, 2017:2.

نێودەوڵەتی مرۆیی[1] (International Humanitarian Law) دەناسێنرێت. چونکە بەشێک لە بنەماکانی (jus in bello) بونەتە یاسای نێودەوڵەتی، کە بە ڕێکەوتننامەی (جنێڤ)ی ساڵی ١٨٦٤ دەستپێدەکات و هەریەکە لە ڕێکەوتننامەکانی دواتری جنێڤ و لاهای و پەیڕەوی ڕۆمای دادگای دادی نێودەوڵەتی لە خۆدەگرێت.[2]

ئەوەی دەردەکەوێت لەم قۆناغەدا پەیوەندیدارە بە شەڕکەر و لێپسراوە سەربازییەکان زیاتر لە سیاسییەکان. سەرەڕای ئەوەی کە سەرکردە سیاسیەکان پیویستە ڕێگەنەدەن بە کارێک کە ببێتە هۆی پێشێلکردنی ئەم بنەمایە. بەرپرسیاریەتی لایەنە شەڕکەرەکان بە یەکێک لە تەوەرە سەرەکیەکانی ئەم بنەمایە دادەنرێت، کە بە جۆرێک دەبێت کردەوەکانیان لە چوارچێوەی ئەو یاسا و بنەمایانە دابن، کە ئەم پرانسیپە بایەخیان پێدەدات، خاڵی سەرەکی خۆی دەبینێتەوە لە جیاکردنەوەی ئامانجی مەدەنی و سەربازی. دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی، کە بەرپرسیاریەتی لە نێوان بنەمای یەکەم و دوەمدا جیاوازە، لەبەرئەوەی لە دوەمدا پەیوەستە بە ئامراز و شێوازی بەڕێوەچونی جەنگ، بەشێکی زۆری لێپرسراویەتیەکە دەکەوێتە ئەستۆی لایەنە چەکدار و بەرپرسە سەربازیەکان بە جۆرێک دەبێت پەیوەست بن بە ئەو یاسا و نەریتانەی کە ئەم تیۆرە بۆ چۆنیەتی بەڕێوەچونی جەنگ باسی کردون.[3] لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە گرنگترین ئەو پرانسیپانە بدەین، کە ئەم بنەمایە دەیانگرێتەخۆ:

**١-٣-٣ جیاکاری** (Discrimination):

ئەم پرانسیپە بە یەکێک لە کۆنترین نەریتەکانی بەڕێوەچونی جەنگ دادەنرێت و خاوەنی مێژوێکی دوورودرێژە. لە دیدی (وۆڵزەر)ەوە جیاکاری بە گرنگترین بنەمای شێواز و ئامرازی جەنگ دادەنرێت. ئەوەی لە کاتی بەڕێوەبردنی جەنگدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە، بریتییە لە بنەمای جیاوازیکردن لە نێوان خەڵکی مەدەنی لەلایەک و شەڕکەر و بەرپرسانی جەنگ لەلایەکی ترەوە. چونکە هەمیشە خەڵکی مەدەنی پارێزبەندیان هەیە لە کاتی ململانێ چەکدارییەکان، ئەمەش بە بنەمای پارێزبەندی هاوولاتیانی مەدەنی (Civilian Immunity)[4] یان پارێزبەندی ناشەڕکەر (noncombatant immunity) وەسف دەکرێت، کە بە هیچ شێوەیەک کەسی مەدەنی نابێت بکرێنە ئامانجی توندوتیژی و کوشتن و بەکارهێنانیان لە ململانێ چەکدارییەکاندا، چونکە خەڵکی مەدەنی لێپرسراویەتی جەنگی لە ئەستۆ نییە. لەم بارەیەوە (هۆگۆ گرویشویس) باس لەو ڕیسایە دەکات وەک بەهێزترین بنەما، کە ناتوانرێت گۆڕانکاری تێیدا بکرێت لەلایەن

[1] یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی لقێکە لە یاسای نێودەوڵەتی گشتی، کە لە کۆمەڵێك ڕێسای یاسای پێکهاتوە جێبەجێ دەکرێت لە کاتی ململانێی و پێکدادانی چەکداری، کە دەبێت دەوڵەتان پێوەی پابەند بن. جەوهەری ئەم یاسایە خۆی لە بنەمای مۆریی لە پێناو پارێزگاری کردن لە قوربانیانی جەنگ دەبینێتەوە، بۆیە بە یاسای جەنگیش پێناسە دەکرێت.

[2] Morris, Michael C. "Predator Free New Zealand and the ‘War’on Pests: Is it a just War?." *Journal of Agricultural and Environmental Ethics* 33, no. 1 (2020): 98.

[3] Orend, Brian. *The morality of war*. Broadview Press, 2013:107.

[4] See Majima, Shunzo. "Ethics of civilian protection." PhD diss., University of Birmingham, 2011.

هیچ هێزێکەوە.[1] (ۆلزەر) باوەڕی وایە، کە لێرەدا سەرکردەی سیاسیی و فەرماندەی سەربازی و سەربازەکان لێپرسراویەتیان هەیە بۆ ئیدارەدانی جەنگ.[2]

بە هەمانشێوە، (جۆن ڕاولز) کە بە یەکێک لە دیارترین تیۆرداڕێژەرانی سیاسی هاوچەرخ دادەنرێت لە کتێبی "تیۆری دادپەروەری" کە لە ساڵی (١٩٧١) بڵاوبۆتەوە، جەخت لەسەر گرنگی ئەم بنەمایە دەکاتەوە، بە پێویستیەکی ڕەهای دادەنرێت لەپێناو پاراستنی کۆمەڵگای سیاسی و هاوولاتیانی مەدەنی لە کۆمەڵکوژی (wholesale massacre) و فرۆشتن و بە کۆیلەکردن[3]، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگیشە بۆ ڕێگریکردن و ڕوونەدانی تاوانی جەنگ (War Crime) و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت پێگەو شوێن و ماڵ و کەلوپەلی مەدەنی بە تەواوی جیابکرێنەوە لە ئامانجە سەربازییەکان. ئەم بنەمایەش بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ زۆرێک لە یاسا و پەیماننامە[4] نێودەوڵەتییەکانی وەک ڕێکەوتنامەی جنێڤی چوارەمی ساڵی ١٩٤٩ (Convention Geneva)[5] بۆ پاراستنی خەڵکی مەدەنی لە کاتی جەنگ و ململانێکان، کە نابێت بە هیچ شێوەیەک بکرێنە ئامانج بۆ هەر کەمپینێکی سەربازی. واتە ئامانجی سەربازی و مەدەنی وەک بەشێکی گرنگی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی لەپێناو پارێزگاریکردن لە کەسانی مەدەنی دادەنرێت. بە مانایەکی تر، کەسانی مەدەنی دەبێت بە دور بن لە هەر دەستدرێژیەک، لە هەمانکاتیشدا توندوتیژی و بەکارهێنانی هێز ڕێگەپێدراوە بۆ لایەنە شەڕکەر و جەنگاوەرکان.

بابەتێکی تر هەیە کە بۆتە بەشێک لە یاسای نێودەوڵەتی، ئەویش بە "بنەمای یەکسانی مۆڕاڵی سەربازەکان" وێنا دەکرێت. ئەمەش بریتییە لە بونی یەکسانی لە مافدا بۆ هەمو لایەنە شەڕکەرەکان، بە مانایەکی تر کە هەمو شەڕکەرەکان وەک یەک مافیان هەیە لە کوشتنی دوژمن لە کاتی پرۆسەی جەنگدا. (ۆلزەر) ئەمەش بە ناوی "یەکسانی مۆڕاڵی شەڕکەرەکان" (Moral Equality of soldiers) وەسف دەکات، بەپێی ئەو بنەمایە هەمو شەڕکەڕ و سەربازەکان وەک یەک یەکسان و خاوەنی هەمان ماف و ئیمتیازاتن.[6] شەڕکەر لە کاتی بەڕێوەچونی

---

(1) Grotius quoted in P. Christopher, The Ethics of War and Peace (Englewood Cliffs, NJ: Prentice Hall, 1994):109.

(2) Walzer, Michael. *Just and unjust wars.*

(3) Martin, Rex. "Just wars and humanitarian interventions." *Journal of social philosophy* 36, no. 4 (2005): 439-456.

(4) سەرەڕای بەشێکی زۆری تێزەکانی ئەم تیۆرە لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان ڕەنگیانداوەتەوە، بەڵام بیرمەندانی فەلسەفەی مۆڕاڵ باوەڕیان وایە، کە تێگەیشتنە مۆڕاڵییەکان فراوانتر و گشتگیرترن. وەك (ۆلزەر) ڕای دەگەیەنێت، کە ڕێکەوتنامە یاساییەکان دەستەبەر تەواوەتی ئارگۆمێنتە مۆڕاڵییەکان ناکەن.

Walzer, Just and unjust wars, preface to the 1st edn: xxiv.

(5) تەنانەت لە کاتی جەنگیش، پێویستە ڕێز لە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی بگیرێت، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پارێزگاری مەدەنیەکان لە کاتی جەنگدا بڕوانە ڕێکەوتنامەی جنێڤ:

Pictet, Jean, ed. *The Geneva Conventions of 12 August 1949: Geneva convention relative to the protection of civilian persons in time of war*. Vol. 4. International Committee of the Red Cross, 1958.

(6) McMahan, Jeff. "The sources and status of just war principles." *Journal of Military Ethics* 6, no. 2 (2007): 91-106.

جەنگدا ئەو مافەی هەیە کە لایەنی بەرانبەری بکوژێت، هەروەها بۆ لایەنەکانی تریش ئەمە ڕاستە. هاوکات دەبێت ئەو ڕاستیە لەبەرچاو بگرێت کە کاتێک باس لە بنەمای مۆڕاڵی شەڕکەر دەکرێت تەنها مەبەست ئەو لایەنانەیە کە ئەو مافەیان هەیە، بە گوزارشتێکی تر ئەم بنەمایە جێبەجێ ناکرێت بەسەر ئەو شەڕکەرانەی کە ناتوانن بەشێوەیەکی ڕەوا ئەو مافە وەربگرن وەک تیرۆرستان، کە لە بنەڕەتەوە ئەوان کردەوەکانیان لەدەرەوەی یاساو ڕێساکانی جەنگە و ڕەوایەتیان نییە و کەسی تیرۆرستیش ناتوانرێت وەک سەربازی جەنگ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. چونکە تیرۆر پێش هەموشتێک داماڵینی مرۆڤ لە بەها مرۆییەکان، بۆیە کردەی تیرۆر، ڕەوایەتی لە بەکارهێنانی هێزدا نییە. دەکرێت بگوترێت، کە لە بواری پراکتیکی دا ئەم لێکجیاکردنەوەی کەسی مەدەنی لەگەڵ ئەوانەی بەشدارن لە جەنگدا کارێکی ئاسان نییە، بەڵام لە ڕێگەی سود وەرگرتن لەم پێوەر و بنەمایانە دەکرێت تاڕادەیەکی زۆر بونی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر کەسانی مەدەنی کەم بکرێتەوە.

### ٣-٣-٢ بنەمای "هاوڕێژە" (Proportionality):

لێرەدا بنەمای دەرفەتی سەرکەوتن جیاوازە لە پرانسیپی یەکەم، چونکە ئەم پرانسیپە پەیوەست نییە بە ڕێژەی تێچوون و قازانجی جەنگەوە، بەڵکو پەیوەندیدارە بە بونی ماوەی بەکارهێنانی هێز لە کاتی جەنگدا، کە دەبێت بە جۆرێک زیادەڕۆی نەکرێت لە بەرامبەر دوژمندا. پێویستە سنورێک هەبێت بۆ بەکارهێنانی هێز و توندوتیژییەکان، کە نابێت کاتێکی زۆر بخایەنێت و لە ماوەیەکی دیاریکراودا کۆتایی پێبهێنرێت. واتە دەبێت هێزی سەربازی لە ئامانجێکی ڕەوا و دور لە ئامانجە مەدەنیەکان بەکاربهێنرێت. هەروەک چۆن (ۆڵزەر) باوەڕی وایە کە جەنگە ڕەواکان جەنگێکی سنوردارن و چەندین هۆکاری مۆڕاڵی بونیان هەیە بۆ کاربەدەستانی دەوڵەت و شەڕکەرەکان، کە بەشێوەیەکی ورد بجەنگن.[1] ئەم بنەمایە ئامراز و شێوازەکانی جەنگیش لە خۆدەگرێت، کە ناکرێت ڕێگە قەدەغەکراوەکانی جەنگ بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان پەنایان بۆ ببردرێت. هەروەها بەپێی جۆری ڕوبەڕوبونەوەکان جۆری چەکی بەکارهاتوو لە جەنگدا دیاری دەکرێت. ئەوەی لێرەدا جێگەی بایەخە خۆی دەبینێتەوە لە شێوازەکانی جەنگ و هەروەها جۆری ئەو چەکانەی بەکاردەهێنێت. دەبێت بەهەمو شێوەیەک خۆ بەدور بگیرێت لە توندوتیژی ناپێویست.

### ٣-٣-٣ بەکارنەهێنانی چەکی قەدەغەکراو:

یاساو نەریتەکانی جەنگ ڕێگە بە بەکارهێنانی هەمو جۆرە چەکێک لە کاتی پێکدادانە چەکدارییەکان نادەن. یەکێک لەو خاڵانەی کە چوارچێوەی ئەم بنەمایەدا زۆر بایەخی پێدراوە بریتییە لە قەدەغەکردنی ئەو چەکانەی کە لەگەڵ بنەما و نەریتەکانی بەڕێوەچونی جەنگدا نایەنەوە. وەک دەبینین ئەم بنەمایەش لە سەدەی بیستەمدا لە چەندین پەیماننامەی نێودەوڵەتیدا

[1] Walzer, Michael, Just and Unjust Wars: 122.

جێگەی کراوەتەوە. ئەوەی لە تێگەیشتنی تیۆری جەنگی ڕەوادا جەختی لەسەر دەکرێتەوە، دەکرێت هەمان شت لە چوارچێوەی ڕێکەوتننامەکانی پەیوەست بە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی بگرێتەخۆ. بە واتایەکی تر هەندێک لەو ڕیسا و بنەما مۆڕاڵیان بونەتە بەشێک لە ڕێکەوتنامە و پرۆتۆکۆڵی نێودەوڵەتی پابەندکەر لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا. بۆ نمونە دەکرێت، ئاماژە بە هەریەکە لە ڕێکەوتننامەکانی لاهای و جنێڤ وەک دوو پەیماننامەی سەرەکی یاسای نێودەوڵەتی بکرێت، کە بەشێک لەو چەکانەی کە زیان بە دواڕۆژی مرۆڤ و سروشت دەگەیەنن ببینین. چەکە قەدەغەکراوەکان زیاتر پەیوەست بە چەکە کیمیایانەی کە وێرانکەرن و کاریگەرییەکانیان دورمەودا دەمێنێتەوە. هەر یەکە لە ڕێکەوتننامەکانی لاهای لە ساڵی (١٨٩٩)، (١٩٠٧)، پرۆتۆکۆڵی دوەمی جنێڤ (١٩٧٧) چەکە کیمیای و بایلۆژییەکانیان قەدەغەکردوە، لەگەل چەندین جۆری چەکی تر کە لە داب و نەریتی جەنگدا ڕێگەنەدراوە.[1]

**٣-٣-٤ جیاکردنەوەی ئامانجی مەدەنی لە ئامانجی سەربازی:**

هەروەک (مایکڵ ۆڵزەر) ئاماژەی پێدەدا کە گرنگی سەرەکی ئەم پرانسیپە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە دەبێت بە هەمو شێوەیەک ئامانجە مەدەنیەکان لە ئامانجە سەربازیەکان جیابکرێنەوە لە کاتی بەڕێوەچونی پرۆسەی جەنگدا. جەنگ لە چوارچێوەی ئەم تیۆرەدا پرۆسەیەکی سنورداره، یەکێک لەو خاڵانەی کە ڕەوایەتی بە جەنگ دەبەخشێت لەم بنەمایە خۆی لە جیاکردنەوەی مەدەنی لەگەڵ ئەو ئامانجانەی کە ڕێگەدراوە وەک ئامانجی سەربازی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت دەبینێتەوە. لە یاسای نێودەوڵەتی مرۆییدا، بە پێی پرۆتۆکۆڵی یەکەمی جنێڤ ماددەی (٥٢) و برگەی (٢) پێناسەی ئامانجی سەربازی کراوە وەک ئەمەی خوارەوە: ئامانجە سەربازییەکان سنوردارکراون بۆ ئەو ئامانجانەی کە بە سروشتیان، شوێنیان، مەبەستیان یان ئەو ئامانجانە دەگرێتەوە، کە لە ڕێگەی ناو، سروشت، شوێن، ئامانج یان بەشداریەکی کارا بکات لە کردارێکی سەربازیدا وە یان وێرانکارییەکی سەرتاپایی یان بەشی، لە دەستبەسەردا گرتن یان بەرپەچدانەوە، باردۆخی زاڵ لەوکاتەدا، کە پێشنیاری سودێکی سەربازی مسۆگەر دەکات.[2] لە ڕێگەی ئەم مادە گشتگیرەوە ئامانجی سەربازی دیاری دەکرێت لە یاسای نێودەوڵەتیدا، ئەوەی ڕونە شەڕکەریش وەک بەشێکی سەرەکی ئامانجی سەربازی دادەنرێت. هەمو ئەو کەسانەی کە بەشداری پرۆسەی جەنگ ناکەن دەبێت مامەڵەیەکی مرۆیان لەگەڵ بکرێت بەبێ جیاوازی.

لێپرسراویەتی لە جێبەجێکردنی ڕێسا نێودەوڵەتییەکان لە کاتی جەنگدا پەیوەستن بە فەرماندەو پلەدارە سەربازییەکان، کە نابێت لە بەرەکانی جەنگدا ئامانجی مەدەنی و سەربازی تێکەڵ بەیەک بکرێن. دەبینین لە کاتێکدا کە ئامانجی مەدەنی ڕووبەڕووی هێرش و پەلامارداری

---

[1] Orend, Brian. *The morality of war*, 2013.

[2] Protocol Additional to the Geneva Conventions of 12 August 1949, and relating to the Protection of Victims of International Armed Conflicts (Additional Protocol I) (adopted 8 June 1977, entered into force 7 December 1978) , Art. (52).

سەربازی دەبنەوە ئەوا لە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی وەک بەشێک لە سەرپێچیکەرانی ڕێسا و نەریتەکانی جەنگ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.[1] بۆیە بە بەردەوامی باس لەوە دەکرێت کە چۆن لە کاتی بەڕێوەچونی ململانێ چەکدارییەکان بەشێکی زۆری بەرپرسە سەربازیەکان زانیاری تەواویان نیە لەسەر ئەو بنەمایە، کە بەرپرسیاریەتی یەکەم لە کاتی ڕوبەڕوبونەوەکاندا پەیوەستن بە ئەوانەوە. ئەمەش بە یەکێک لەو هۆکارانە دادەنرێت کە ڕەخنەی لێگیراوە لە بواری پراکتیکدا. چونکە ئەنجامەکانی جەنگەکان لە ڕابردودا ئەوەی سەلماندەوە کە ئەم بنەمایە بە گرنگترین هۆکار دادەنرێت بۆ پاراستنی مەدەنیەکان، بەڵام لە بواری کردەیدا قوربانی و کارەساتی مرۆیی گەورەی لێکەوتۆتەوە. بۆیە بەشێک لەو فەرماندە سەربازییانە لە کاتی سەرپێچکردندا وەک تاوانباری جەنگ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. نابێت بە هیچ شێوەیەک دامەزراوەو شوێنەگشتیە خزمەتگوزارییەکان ڕوبەڕوی وێرانکاری و تێکدان ببنەوە، چونکە هەمو ئەو شوێنانە بەشێک نین لە ئامانجی سەربازی.[2] هەروەها لە چوارچێوەی پارێزگاریکردن لە کەسانی مەدەنی، دەبێت مافی ئافرەت و منداڵان و کەسانی تر، کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشدارنین لە کردەی جەنگ پارێزراو بن. هەمو ئەوانەی کە سەرپێچی ئەو بنەمایانە دەکەن ڕوبەڕوی دادگا نێودەوڵەتییەکان دەکرێنەوە. لێرەدا وەک نمونەیەکی بەرچاو لە پێشێلکارییەکانی جەنگ بەشێکی زۆری لە فەرماندە سەربازییەکانی جەنگی یوگسلافیا بە تاوانی جەنگ ڕوبەڕوی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی کرانەوە.

### ٣-٤ **بنەمای سێیەم: دادپەروەری دوای جەنگ** (Jus Post Bellum):

بنەمای (Jus post bellum) چەمکێکی لاتینیە، پەیوەستە بە ئەخلاقیاتی قۆناغی کۆتایی جەنگ، کە لێپرسراویەتی بونیادنانەوە دوای جەنگ لەخۆدەگرێت. لە تێروانینە کلاسیکەکاندا تەنانەت تا قۆناغەکانی دواتریش، لە چوارچێوەی تیۆری جەنگی ڕەوادا بە تەنها جەخت لەسەر دو بنەماکانی پێشوتر دەکرایەوە کە باسمانکرد. بەڵام لە قۆناغی هاوچەرخدا، هەبونی دو بنەما بە تەنها نابنە هۆی ئەوەی بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت، کە ئەم جەنگە بە ڕەوا دانرێت یاخود نا، بەڵکو لێرەدا بنەمایەکی گرنگ و سەرەکی ترمان هەیە، کە پەیوەستە بە پاش ڕودانی جەنگ. بۆیە بنەمای دادپەروەری دوای جەنگ چەمکێکی نوێترە، کە خاڵی جەختکردنەوە لە بڕیاردان و چۆنیەتی جەنگ دەگوازرێتەوە بۆ ئاستێکی گشتگیرتر و فراوانتر. بەم پێیە بنەمای دوای جەنگ بە بەشێکی سەربەخۆی تیۆری جەنگی ڕەوا دادەنرێت.[3] ئاشکرایە، کە جەنگ لەم تیۆرەدا خۆی لە سێ قۆناغی سەرەکیدا دەبینێتەوە، هەر سێ قۆناغەکە وەک تەواوکەری یەکتر دادەنرێن. گۆڕانکارییەکان کە سروشت و جەوهەری جەنگیان گرتەوە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر

---

(1) Coppieters, Bruno, and Nick Fotion, eds. *Moral constraints on war: Principles and cases*. Lexington Books, 2008:171.

(2) D. Brown, Gary. "Proportionality and Just War." *Journal of Military Ethics* 2, no. 3 (2003): 171.

(3) Österdahl, Inger, and Esther Van Zadel. "What will jus post bellum mean? Of new wine and old bottles." *Journal of Conflict & Security Law* 14, no. 2 (2009): 187.

دەرکەوتن و گەشەسەندنی ئەم بنەمایە سەرەکیە هەبوە. هەر لەم بەشەدا، وەک بەشێک لەم ڕوانگەیە، هزری بیرمەندانی وەک: بریان ئۆرێند[1] و گاری باس (Gary Bass)[2] و مایکل ۆلزەر[3] و لاری مای (Larry May)[4] و دەیڤد ڕۆدێن (David Rodin)[5] بە گرنگترین هزرمەندی قۆناغی پاش جەنگ دادەندرێن. ئەم بنەمایە لە تیۆری جەنگی ڕەوادا بە فراوانترین و پڕ کێشمەترین بابەت دادەنرێت، کە پەیوەندی بەهەمو ئەو گۆڕانکارییانەوە هەیە کە لە پاش جەنگ دێنەکایەوە. چەمکی (یاسای دوای کۆتای جەنگ) ئاماژەیە بۆ ئەو بیروباوەڕەی کە یاسای دوای جەنگی لەسەر دامەزراوە. ئەم یاسایە بەیەکێک لە پایە نوێیەکانی دادوەری جەنگ هەژماردەکرێت. کە گفتۆگۆ دەکات دەربارەی کێشەکان و داماڵینی چەک و دوبارە ڕێکخستنەوەی سیستەم و دادگاییکردنی تاوانبارانی جەنگ و چاکسازی سیاسی و ئابوری.[6] بە واتایەکی تر ئەو ئەنجامانە دەگرێتەوە، کە پێویستە لە قۆناغی دوای جەنگ دەستەبەر بکرێن. ئامانج لەم بنەمایە بریتیە لەدانانی چوارچێوەیەکی مۆڕاڵی بۆ گواستنەوە لە بارودۆخی جەنگەوە بۆ حاڵەتی ئاشتی بەردەوام، تێیدا ستراتیژێکی گشتگیر و درێژمەودای لەخۆبگرێت.[7]

ئەمەش چوارچێوەی مۆڕاڵی جەنگ بۆ ئاستێکی فراوان درێژدەکاتەوە، بە جۆرێک کە بە تەنها سەرکەوتن لە جەنگ و کۆتای هاتنی ناکرێت بە ڕەوا لەقەڵەم بدرێت. لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە چۆن جەنگ کۆتای پێدێت؟ ئەو گۆڕانکارییانە چین کە لە ڕێگەی جەنگەوە دێنەئاراوە؟ بەشێکی زۆر لە توێژەران لە قۆناغی ئێستادا جەختیان لەسەر ئەم پرانسیپە کردۆتەوە، کە پاڵنەری سەرەکی خۆی دەبینێتەوە لە هاتنەکایەوەی دادپەروەری (Justice) لە دوای جەنگ و ململانێیەکان (post conflict). ناکرێت لە ڕێگەی جەنگەوە بارودۆخەکە بگەڕێتەوە پێشوتر، بەڵکو دەبێت کار لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان بکرێت، بەشێوەیەک کە سەقامگیری سیاسی بێتەکایەوە. بەم شێوەیە وەسفی جەنگ دەکرێت کە "ئامانج لە جەنگ بریتییە لە حاڵەتی ئاشتی باشتر".[8] قۆناغی دوای جەنگ پرۆسەیەکی ئاشتبونەوەیە، ئاشتبونەوە لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا، کە بە قۆناغی ڕاگوزەری لە گواستنەوەی ململانێی بۆ ئاشتی لە ڕێگەی چەند

---

(1) Orend, Brian. "Justice after war." *Ethics & International Affairs* 16, no. 1 (2002): 43-56.
(2) Bass, Gary J. "Jus post bellum." *Philosophy & Public Affairs* 32, no. 4 (2004): 384-412.
(3) Walzer, Michael. "The aftermath of war: Reflections on jus post bellum." *Belgrade Philosophical Annual* 23 (2010): 11-20.
(4) May, Larry. *After war ends: A philosophical perspective*. Cambridge University Press, 2012.
(5) Rodin, David. "Ending war." *Ethics & International Affairs* 25, no. 3 (2011).
(6) Bass, Gary J. "Jus post bellum: (2004): 384-412.
(7) لەم بارەیەوە توێژەری ئەمەریکی مایکل گراودن (Michael Growden)، تێزی دکتۆرای لەسەر "پاپەندبونە مۆراڵیەکانی دوای جەنگ" پێشکەش بە زانکۆی (University of Colorado) کردوە، مایکل بەرگری لەو پرانسیپ و ستراتیژانە دەکات، کە پێویستە لە قۆناغی دوای جەنگ پەیڕەو بکرێت. (مایکل) دەیەوێت وەڵامێکی ڕون بۆ پرسیارەکانی دوای جەنگ لە چوارچێوەی تیۆری جەنگی ڕەوادا بداتەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
Growden, Michael A. "Postwar moral obligation: The duties of victory." PhD diss., University of Colorado at Boulder, 2014.
(8) B.H. Liddell Hart, Strategy (New York: Random House, 1974):338.

ڕێسای یاساییەوە دادەنرێت. قۆناغی دوای جەنگ بەشێوەیەکی سەرەکی گواستنەوەیە لە جەنگی ڕەواوە بۆ ئاشتی ڕەوا (Just peace)،[1] کە هەریەکە لە بیرمەندان (ئەرستۆ) و (ئاگۆستین) ئامانجی جەنگیان لە ئاشتی ڕەوادا بینیوەتەوە.[2]

لە ڕوی سیاسیەوە، ئەم پرۆسەیە زۆربەی کات بە قۆناغی گواستنەوەی سیاسی (Political transformation) ناودەبرێت. بەپێی ئەم بنەمایە دەبێت دادپەروەری بەشێوەیەکی ڕەوا دەستەبەر بکرێت بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت کار لەسەر پرۆسە دوبارە بونیادنانەوە و گەشەپێدان بکرێت. ئەوەی جێگەی گرنگیە لەم قۆناغەدا بریتییە لە گواستنەوەی توندوتیژی بۆ قۆناغی ئاشتی و دەستەبەرکردنی سەقامگیری، زۆرجار ئەو قۆناغە ناودەبرێت بە قۆناغی بونیادنانی ئاشتی لە پاش جەنگ (post-war peace building).[3] پرسیاری سەرەکی لە چوارچێوەی ئەم پرانسیپەدا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە چۆن دادپەروەری بەدەست دێت لە پاش جەنگدا؟ [4] ئەم پرانسیپە زۆرترین گفتوگۆ و قسەی لەسەر کراوە بە جۆرێک کە لە ڕەهەند و ئاستی جیاوازەوە هەوڵدراوە بابەتەکان شیبکرێتەوە. بۆ نمونە (ۆڵزەر) باوەڕی وایە کۆتای هاتنی جەنگ بە شێوەیەکی شەرعی هەنگاوی یەکەمە بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی و بردنەوەی ململانێکە.[5]

یەکێک لەو ئامانجە سەرەکیانەی کە لەم قۆناغەدا وەک گرنگترین و سەرەکترین بابەت جەختی لەسەر دەکرێتەوە، بریتییە لە دەستەبەرکردنی ئاشتی وەک ئامانجێکی باڵا لە پاش کۆتای هاتنی جەنگ. ئەم قۆناغە تایبەتمەندە بە ئاشتی و سەقامگیری و ئاسایشی تاکەوە، بۆیە لە هەمانکاتدا پرۆفیسۆر پۆڵ ئێچ وایز (Paul H. Wise) باس لە پەیوەندی نێوان تیۆری جەنگی ڕەواو ئاسایشی مرۆیی (Human Security) دەکات، کە بە جۆرێک بنەمای هاوبەشیان پێکەوە هەیە.[6] ئەمەش واتای ئەوەیە، کە تێز و گوتارەکانی تیۆری جەنگی ڕەوا بەشێکی دانەبڕاون لە چەمکی ئاسایشی مرۆیی. چونکە هەردوکیان پرسی ئاسایش و حکومڕانیەکی باش و گەشەپێدان وەک ئامانجێکی باڵا سەیردەکەن.

---

[1] ئاشتی ڕەوا، چەمکێکی ئاڵۆزە و چەندین بابەتی تر لە خۆیدا هەڵدەگرێت، کە کۆکراوەی هەر دوو چەمکی دادپەروەری و ئاشتیە، کە لە قۆناغی دوای جەنگ دەبێت هەریەکە لە دولایەنەکە بەشداربن. بەم پێیە قۆناغێك و سیستەمێك دێتە ئاراوە، کە دەستەبەری جەنگێکی ڕەوا دەکات. لەم بارەیەوە هەریەکە لە توێژەران (Pierre Allan and Alexis Keller) لە کتێبی (What is a Just Peace ?) بەشێوەیەکی گشتگیر و ورد کاریيان لەسەر ئەم چەمکە کردوە:

Allan, Pierre, and Alexis Keller. *What is a just peace?*. Oxford University Press, USA, 2006.

[2] Wise, Paul H. "The epidemiologic challenge to the conduct of just war: confronting indirect civilian casualties of war." *Daedalus* 146, no. 1 (2017): 147.

[3] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر قۆناغی بونیادنانی ئاشتی لە پاش جەنگ بڕوانە :

Lambourne, Wendy. "Post-conflict peacebuilding." *Security Dialogue* 31 (2000).

[4] Williams, Robert E., and Dan Caldwell. "Jus Post Bellum: Just war theory and the principles of just peace." *International studies perspectives* 7, no. 4 (2006): 309.

[5] Ibid,.

[6] Wise, Paul H. "The epidemiologic challenge to the conduct of just war: confronting indirect civilian casualties of war, (2017): 147.

هەر لەو نێوەندەشدا، یەکێک لە توێژەرانی هاوچەرخی ئەم بوارە (بریان ئۆریند)، کە بەڕێوەبەری خوێندنی نێودەوڵەتی و پرۆفیسۆرە لە زانکۆی واترلۆ و یەکێکە لەو توێژەرانەی، کە بنەمای دادپەروەری پاش جەنگی ئاوێتەی تیۆری جەنگی ڕەوا کردوە. ئەو پێی وایە جەنگی ڕەوا دەکرێت بڕیاڕی لەسەر بدرێت بەوەی تا چەند بەشدار دەبێت لە بەرگریکردن و جێگیرکردنی مافە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵە سیاسییەکان و هەروەها ئاسانکاری بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی تاک و کۆمەڵ. [1] ئەم ئەرگومێنتەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە لە پاش جەنگ مافەکانی مرۆڤ بنەمایەکی جەوهەرین بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی و دادپەروەری. چونکە یەکێک لە پێش مەرجەکانی ئەم تیۆرە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە تا چەند دوای جەنگ تاوانبارانی جەنگیش ڕووبەڕوی دادگایی کردن و سزادان دەبنەوە، بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری دوای جەنگ.

هەروەها دەبێت ئەو ڕاستیەش لەبەرچاو بگیرێت، کە قسەکردن لەمەڕ دوبارە بونیادنانەوەی پاش جەنگ، کارێکە بە تەنها یەک ڕەهەند و لایەن ناگرێتەخۆی، بەڵکو پرۆسەیەکی فرەلایەن و جۆراوجۆرە، بۆیە هەمیشە ئەم بابەتە مشتومڕی زۆر بەدوای خۆیدا دێنێت. دەتوانین لە هەڵسەنگاندنی ئەو بۆچونانەدا بڵێین، لە ڕوی تیۆرییەوە، بنەمای دادپەروەری لە پاش جەنگ ڕەنگدانەوەی خاسیەت و ڕوانگەی لیبراڵ دیموکراتە، کە جەخت لەسەر بونیادنان و پاراستنی پێکهاتەی ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی دەکەنەوە. هەروەها (مایکل وڵزەر)یش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بنەمای پاش جەنگ دەبێت کۆمەڵێک تەوەری سەرەکی لە خۆ بگرێت کە گرنگترینیان خۆی لە مافی چارەی خۆنوسین، مافە مەدەنییەکان، شەرعیەتی (گەل)ی و چاکەی گشتی دەبینێتەوە.[2] بەڵام لە یەکێک لە لێکۆڵینەوەکانیدا ئێرک پاترسن باس لە سێ بنەمای سەرەکی دەکات، کە دەبێت ببنە بەشێکی گرنگی قۆناغی پاش جەنگ ئەوانیش هەریەکە لە پرانسیپی "نیزام" (Order)[3] و "دادپەروەری"(Justice) و "ئاشتبونەوەن" (Reconciliation).[4] لە پێناو دەستەبەرکردنی دادپەروەری و ئاشتەوایی (لاری مای) لە کتێبی (Jus Post Bellum and Transitional Justice) تێزی دادپەروەری ڕاگوزەرەی دەخاتەڕو، هەرچەندە ئەم چەمکە کۆنترە، بەڵام لە قۆناغی دوای جەنگ بە یەکێک لە هەنگاوە سەرەکییەکانی ئەم پرۆسەیەدا دادەنرێت.[5]

---

[1] Orend, Brian. "Jus post bellum: The perspective of a just-war theorist." *Leiden Journal of International Law* 20, no. 3 (2007): 571-591.

[2] Walzer, Michael. "Just and unjust occupations." *Dissent* 51, no. 1 (2004): 62.

[3] لێرەدا وشەی نیزام بەکاردەهێنین، کە پێمان وایە لەڕوی ناوەڕۆکەوە لە وشەی "سیستەم"دروسترە. نیزام (Order) بنەمایەکی مۆراڵییە و بە بنەڕەتی ئاسایشی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دادەنرێت. لە چوارچێوەی تیۆری جەنگی ڕەوادا، ئەم بنەمایە بە مەرجێکی پێشینەیی دادەنرێن بۆ دادپەروەری.

[4] Patterson, Eric. "Jus post bellum and international conflict: order, justice, and reconciliation." *Michael Brough, John Lango und Harry van der Linden (Hrsg.), Rethinking the Just War Tradition. Albany: Suny* (2007): 35-52.

[5] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر چەمکی دادپەروەری ڕاگوزەری لە قۆناغی دوای جەنگ بڕوانە:

دادپەروەری لە چوارچێوەی شیکردنەوەکانی تیۆری جەنگی ڕەوادا پەیوەستە بە بونی مافەوە، وەک دادپەروەری ڕێزگرتن و پاراستنی مافەکانی تاکەکان دەگرێتەخۆ. لە ئەنجامی ئەمەدا جەنگ و کردەی جەنگ کاتێک ڕەواو دادپەروەر دەبێت، کە بە هیچ شێوەیەک نەبێتە هۆکارێک بۆ سەرپێچکردن لەو مافانە. لە ڕابردودا زۆرێک لە جەنگەکان پەیوەست بە هێنانەدی دادپەروەری لە دوای کۆتایهێنانی توندوتیژییەکان نەبون. نمونەی جەنگی ئەفغانستان و جەنگی عێراق (٢٠٠٣) وەک چەند جەنگێکی ناڕەوا لە کۆتایدا وێنادەکرێن. بەڵام لە چوارچێوەی تیۆری جەنگی ڕەوادا، ئەم بابەتە بۆتە تەوەری سەرەکی یەکێک لە گرنگترین بنەماکان. لێرەشدا کۆمەڵێک پرانسیپ هەن، کە دەکرێت لە قۆناغی دوای جەنگ پشتیان پێببەسترێت، وەک ئەمانەی خوارەوە:

**٣-٤-١ قەرەبوکردنەوە و مافی چارەی خۆنوسین:**

لەبەرئەوەی دەستدرێژی کردن تاوانێکە دەبێتەهۆی پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکانی تاک و دەوڵەت، بۆیە پێویستە لەسەر لایەنی دەستدرێژیکار قەرەبو بداتە قوربانیانی دەستدرێژی لێکراو، بەڵام نرخی قەرەبوەکە پەیوەستە بە سروشت و مەترسی توندوتیژییەکانەوە. هەروەها دەبێت جیاکاری بکرێت لە نێوان ئەو کەسانەی دوژمنکارییەکەیان ئەنجامداوە لە نێوان سەرکردەکان و مەدەنیەکان.[1] مافی چارەی خۆنوسین بە یەکێک لە هەنگاوە گرنگەکانی بنەمای دوای جەنگ هەژماردەکرێت، کە وەک بەشێک لە دەستەبەرکردنی دادپەروەری دادەنرێت.

وەک (وۆڵزەر) زۆر بە گرنگی جەختی لەسەر کردۆتەوە، بە گوێرەی ئەو کەسی سەرکەوتو لە هەنگاوی یەکەمدا دەبێت نیزام و سەقامگیری بگێڕێتەوە و مافی دیاریکردنی چارەنوس بدات بە لایەنی شکست. چونکە بەبێ بونی نیزام کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی سروشتی و تاکەکان ناتوانن بە ئاسایی بەردەوام بن لە ژیان.[2] وەک دەردەکەوێت ئەوەی لە تیۆری جەنگی ڕەواو تێزەکانی (وۆڵزەر) جەختی لەسەر دەکرێتەوە لە بنەمای قەرەبوکردنەوە و مافی چارەی خۆنوسین، خۆی دەبینێتەوە لە پرۆسەی داگیرکاری نێوان دەوڵەتان، کە پێویستە دەوڵەتی داگیرکەر ڕوبەڕوی دادپەروەری بکرێتەوە لە قۆناغی دوای جەنگدا. وەک قۆناغی دوای کۆڵۆنیالیزم، کە زۆربەی وڵاتانی داگیرکراو بونە دەوڵەتی سەربەخۆ بە یارمەتی وڵاتانی داگیرکەر. بەڵام بۆ سەردەمی ئێستاش بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دێتەکایەوە بۆ ئەنجامدانی پلانێکی تۆکمەی سیاسی هاوبەش لە نێوان کارەکتەرەکانی قۆناغی دوای جەنگ.

---

May, Larry, and Elizabeth Edenberg, eds. *Jus Post Bellum and Transitional Justice*. Cambridge University Press, 2013.

(1) Orend, Brian. *Michael Walzer on war and justice*. McGill-Queen's Press-MQUP, 2001:138.

(2) Walzer, Michael. *Arguing about war* :164.

**٣-٤-٢ داماڵینی چەک و چاکسازیکردن:**

بە هەمان شێوەی بنەمای قەرەبوکردنەوە، ئەوەی لە پرانسیپی داماڵینی چەکیش جەختی لەسەر دەکرێتەوە پەیوەستە بە پرۆسەی داگیرکاری نێوان دەوڵەتان. چەک داماڵینیش واتە دەوڵەتی دەستدرێژکەر لە چەک دابماڵدرێت، بەلایەنی کەمەوە تا ئەو ڕادەیەی کە نەبێتەهۆی هەڕەشە بۆ سەر ئەندامانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.[1] ئەم هەنگاوەش هاوکاتە لەگەڵ پرۆسەی بونیادنانەوەو چاکسازی، کە بەبێ ئەم پرانسیپە ناکرێت دەستەبەری مافەکانی تاک بکرێت. لە پێناو هێنانەکایەوە سیستەمێکی سەقامگیر دەبێت پرۆسەی چاکسازییە ئابوری و سیاسیەکان دەستپێ بکرێت، لەبارەیەوە، (ۆلزەر)یش پێویستی سیستەمێکی نوێی کە مافی تاکەکان بێنێتەکایەوە بە گرنگ وەسف دەکات.[2] لەگەڵ ئەمەشدا نابێت ئەو خاڵە لە یاد بکەین، کە لە دەستێوەردانەکانی ئەم دوایانەشدا ئەم بنەمایە ڕەنگدانەوەی پێداویستی و ڕەگەزێکی گرنگی سەقامگیری دوای جەنگە. بە مانایەکی تر، هەمو ئەو پێشهاتانەی لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگ دێنەئاراوە لە خۆدەگرێت. ناوەڕۆکی سەرەکی ئەم بنەمایە لە قۆناغی دوای جەنگ لەو ڕەهەندەوە سەرچاوە دەگرێت، کە پێویستە ئەوانەی بڕیار لەسەر جەنگ دەدەن، لەگەڵ خواستی دانیشتوان هاوئاهەنگییەک دروستبکەن، لە پێناو ڕێکخستن و ڕێگریکردنی سەرهەڵدانەوەی توندوتیژیەکان. لە هەمانکاتدا پرۆسەی چەکدانان و هەڵوەشاندنەوە و دوبارە یەکگرتنەوە ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگ دەبینێت لە هێنانەکایەوەی ئاشتی لەم قۆناغەدا.

٣-٤-٣ **دادگایکردنی تاوانباران و بەرپرسیاریەتی:**

بابەتی بەرپرسیاریەتی تاوانکاری بەیەکێک لە پرسە گرنگەکانی قۆناغی دوای جەنگ دادەنرێت، کە دەبێت ئەو کەسانەی تاوانیان ئەنجامداوە ڕوبەڕوی لێپرسینەوە ببنەوە.[3] (مایکڵ ۆلزەر) گرنگیەکی زۆری بە بابەتی دادگای کردنی تاوانبارانی جەنگ داوە، بە جۆرێک جەنگ ڕەوا نابێت ئەگەر بەشێوەیەکی سەرەکی تاوانبارانی جەنگ ڕوبەڕوی لێپرسراویەتی نەکرێنەوە.[4] دادگای تاوانکاری بەشێکی گرنگن لە دامەزراوەی سیستەمی دادپەروەری نێودەوڵەتی، کە پارێزگاری لە بنەماکانی مافی مرۆڤ دەکەن. یەکێک لە میکانیزمە سەرەکییەکانی دەستەبەرکردنی ئاشتەوایی بریتییە لە بەدیهێنانی دادپەروەری بۆ هەمو ئەو گروپ و لایەنانەی کە بەشێکن لە قوربانی جەنگ. دادپەروەری بەیەکێک لە بنەما هەرە سەرەکییەکان دادەنرێت، وەک پاپا پۆڵسی شەشەم (Pope Paul VI) پێی وایە "ئەگەر

---

(1) Walzer, Michael. *Arguing about war* :164.

(2) Walzer: Just and Unjust Wars, :113, 119.

(3) دەربارەی پەیوەندی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتی و تیۆری جەنگی ڕەوا بڕوانە:

Struett, Michael J. "War Crimes Trials and the Just War Tradition." In *Ethics, Authority, and War*, pp. 101-121. Palgrave Macmillan, New York, 2009.

(4) Walzer, Michael, Just and Unjust Wars: 288.

ئاشتیت دەوێت، ئەوا کار لە پێناو دادپەروەری بکە".[1] چونکە تەنها لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە دادپەروەری دەتوانین لە ڕوانینی ئاشتی تێبگەین. بۆیە پێویستە دادپەروەری لە قۆناغی پاش جەنگ دەستەبەر بکرێت لەڕێگەی دادگایکردنێکی ڕەوا بۆ تاوانبارانی جەنگ.

پرسی ئیدارەدان و بەدەستهێنانی ئاشتی و سەقامگیری لە پاش جەنگ، بۆتە جێگەی بابەتێکی هەستیار و پڕ کێشمەکێش، چونکە تائێستا ڕێکەوتننامەیەکی گشتگیر و نێودەوڵەتی نییە. یەکێک لەو بابەتانەی کە جێگەی بایەخە لە چوارچێوەی ئەم بنەمایەدا خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە کۆدەنگی نییە لەنێوان توێژەران لەسەر پرانسیپەکانی ئەم قۆناغە گرنگە، کە ئەم تیۆرە پێشبینی دەکات، ئەمەش بۆتە بابەتێک کە جۆرێک لە ناڕوونی و ئاڵۆزی دروستکردووە. هەروەک برایان ئۆڕێند کە خاوەنی ئەو بنەمایەیە، پێی وایە کە دەبێت ڕەزامەندبونێکی مۆڕاڵی هەبێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەپێناو دەستەبەرکردنی دادپەروەری لە پاش جەنگ، لەبەرئەوەی هیچ ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی دوا قۆناغی جەنگ نییە، هەروەها سەرکەوتنەکانی جەنگ لە دەستپێکردن و تەواوبونی یەکسان نییە بە دەستەبەرکردن و بەدیهێنانی ئاشتی و دادپەروەری لە پاش جەنگدا.[2] کەواتە قۆناغی دوای جەنگ وەچەرخانێکی قوڵ و ستراتیژییە، گوزارشت لە پرۆژەیەکی دورمەودا دەکات، کە بە تەنها ڕەهەندی سەرکەوتنی سەربازی نییە بەڵکو هەریەک لە ڕەهەندی سیاسیی و ئابوری دادپەروەری لە خۆدەگرێت.

وەک دەردەکەوێت، تیۆری جەنگی ڕەوا، بە تەنها لە بنەمای پاڵنەر و هۆکارەکانی بڕیاردان لە جەنگ کورت ناکرێتەوە، بەڵکو دەبێت هاوسەنگی هەبێت لە نێوان هەرسێ بنەماکان. هەر وەک بیریاری ئەمریکی جۆزێف نای (Joseph S. Nye Jr) لە نوێترین کتێبی بە ناوی (Do morals matter? presidents and foreign policy from FDR to trump) کە لە ساڵی (٢٠٢٠) دا بڵاوبۆتەوە، بانگەشەی ئەوە دەکات کە بیرکردنەوەی مۆڕاڵی دەبێت هەرسێ ڕەهەندەکە لە خۆبگرێت،[3] بە پاڵنەر و هۆکارەکان دەست پێ دەکات و هەروەها دەبێت بەشێواز و ئامرازی مۆڕاڵی بەڕێوەبچێت (واتا بەشێوازێک بێت کە قوربانی زۆر بەخۆیەوە نەبینێت) و ئەنجامەکانیش پەسندکراو و گونجاوبن لەگەڵ بنەماکانی تر. (کانت)یش لە یەکێک لە بەرهەمەکانیدا پێشنیاری جەنگ بۆ ئەم سێ قۆناغە سەرەکیە دەکات، کە بەیەکەوە بڕیار لە ڕەوایەتی ئەو جەنگە دەدەن و دەبێت دۆخی جەنگ گشتگیر بێت بە جۆرێک دادپەروەری و

[1] Clifford III, George M. "Jus post bellum: foundational principles and a proposed model." *Journal of Military Ethics* 11, no. 1 (2012): 47.

[2] imes, Kenneth R. "Intervention, just war, and US national security." *Theological Studies* 65, no. 1 (2004): 155.

[3] Nye Jr, Joseph S. Do morals matter presidents and foreign policy from fdr to trump. Oxford university press. (2020).

چارەسەرکردنی کێشەکانی دوای جەنگ لە خۆبگرێت.[1] بە مانایەکی تر تیۆری جەنگی ڕەوا بڕیار و ماف و دەرئەنجام پێکەوە گرێدەدات، کە پێکەوە ڕۆڵی کاریگەریان لەسەر جەنگ و چۆنیەتی بەڕێوەچونی هەیە. بنەماکانی جەنگی ڕەوا دەستەبەری ستانداریکی باوەڕپێکراو بۆ هەڵسەنگاندنێکی مۆڕاڵی بەڕێوەچونی جەنگ دەکەن.

**٣-٥ ئەنجام:**

جەنگ ئەو پرسە ئاڵۆزەیە، کە هەمیشە کۆمەڵێک بنەمای سەقامگیر و لە هەمانکاتدا بنەمای گۆڕاوی هەیە. بەڵام بەگشتی جەنگ ناتوانێت بۆ هەمیشەیی بەیەک سروشت و جەوهەر بمێنێتەوە. بۆیە بەدرێژایی مێژوی جەنگەکان لە کۆنەوە تا قۆناغی مۆدێرین، لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە کار لەسەر ڕەوایەتی کردەی جەنگ کراوە. ئاشکرایە، بەشێکی سەرەکی ئەو پاساو و بنەمایانەی کە پێویستە لەبەرچاوی بگیرین پێش دەستپێکردنی جەنگ و چۆنیەتی کۆتای پێهێنانی، لە ئارگیۆمێنت و دیبەیتەکانی فەلسەفەی مۆڕاڵەوە سەرچاوەیان گرتوە. بۆ ئەوەی جەنگ ڕێگەپێدراو بێت، لەگەڵ سەرهەڵدانی چەمکی تیۆری جەنگی ڕەواوە، چەندین بنەمای سەرەکی داڕێژراون کە بەپێی قۆناغە جیاوازەکان گەشەیان پێدراوە و ڕەوابونی جەنگیان پێوە بەند بوە. مێژوی تیۆری جەنگی ڕەواش هەوڵێکە بۆ لە قاڵبدانی پانتایی بەکارهێنانی هێز لەسەر بنەمای پانتای مۆڕاڵ. خاڵی دەستپێکیش بریتییە لە کێشانی سنور لە نێوان شێوازی جەنگی ڕەواو ناڕەوادا و پاشان بونیادنانی بنەماکانی بەشێکی سەرەکی بوە لەم تیۆرە. چونکە لە بەرامبەر جەنگی ڕەوادا، چەندین شێوازی تری بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی و دەستێوەردان هەن، بەڵام ئەوەی ئەم فۆرمە لە جەنگ جیادەکاتەوە، خۆی لە گرنگترین پرانسیپە سەرەکیەکانی ئەم تیۆرە دەبینێتەوە.

بۆیە لەئەنجامی ئەمەدا دەکرێت بگوترێت کاتێک جەنگ لەڕوی یاسایی و مۆڕاڵییەوە قبوڵکراو ڕێگە پێدراو دەبێت، کە لەگەڵ هەر سێ ئەو ئاستەی کە باسکران یەکبگرێتەوە. لە ڕوانگەی تیۆری جەنگی ڕەواوە، چەند پرانسیپ و مەرجێکی سەرەکی بۆ بونی هەر جەنگ و دەستێوەردانێک هەن، کە بەبێ بونیان ناکرێت بە جەنگێکی ڕەوا دابنرێت. ئەو مەرج و پرانسیپانە وادەکەن جەنگ لە پرۆسەی دوژمنکاری و شەڕخوازی دور بێت و ڕێ لە ناسەقامگیری و نەبونی ئاشتی و ڕەهەندە نەرێنیەکان بگرێت. هەر لێرەشەوە، ئەو ڕاستیە ڕون دەبێتەوە کە پەیوەندی توندوتۆڵی نێوان هۆکار و نیەتی جەنگ لەگەڵ شێوازەکانی بەڕێوەچون و ئەنجامەکان یەکدەگرنەوە لە ڕەوایەتی دان بە پاساوەکانی جەنگ. لە پێناو خستنەڕوی بۆچونی گەلێک لە تیۆرداڕێژەرانی تر دەربارەی پرسی سنورداکردنی جەنگ و توندوتیژی لە بەشی داهاتودا تیۆرە جیاوازەکان دەخەینەڕو. بەپێی هەڵسەنگاندنی ئەم تیۆرانە دەتوانین خاڵێکی گرنگ بە تەوەرەی ڕەوتی هزری تیۆری جەنگی ڕەوا دابنێن

(1) Kant, Immanuel. *The philosophy of law: an exposition of the fundamental principles of jurisprudence as the science of right*. The Lawbook Exchange, Ltd., 2001:218-222.

# بەشی چوارەم

## ڕەوایەتی جەنگ لە تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا

### ٤-١ دەسپێک

بابەتی هێز و توندوتیژی لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجانەی کە دەوڵەتان دەچنە جەنگەوە، بە چەقی تیۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی دادەنرێت. بەشێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی هێز و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی لەلایەن دەوڵەت و ئەکتەرەکانی تر پێویستی بە تێگەیشتن و لێکدانەوەکانی تیۆرە جیاوازەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان هەیە. چونکە جیاوازی گرنگ و سەرەکی هەیە لە نێوان بیرمەندان و تیۆرەکانی ئەم بوارە، کە لێکدانەوەی بە سودیان لە ڕەهەندی جیاوازەوە خستۆتەڕو. ئەم تیۆرانە لە ئاست و ڕوانگەی هەمەجۆری وەک پرۆسەی دروستکردنی بڕیاڕی ناوخۆیی، فاکتەری کەلتوری و سروشتی مرۆیی، تێگەیشتنیان بۆ ڕاگەیاندنی جەنگ خستۆتەڕو. لێرەدا پرسیارە سادەو گرنگەکە خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە چۆن پرسی ڕەوایەتی جەنگ لە نێوان تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتیدا لێکدانەوەی بۆ دەکرێت. ئەم بابەتە چەندین ڕوانگەی تیۆری جیاواز لە خۆدەگرێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی پەیوەست بە چۆنیەتی بەکارهێنانی هێز. هۆکاری سەرەکی پشت ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ تێگەشتنی فرەڕەهەند دەربارەی سروشتی مرۆڤ، تیۆری سیاسیی و سیاسەتی نێودەوڵەتی.

کاتێک کە قسە لەسەر ڕوانگەی تیۆری دەکرێت بۆ ئەوەی لە چ کاتێکدا جەنگ ڕەوا دەبێت و پاساو ئارگیومێنتەکان چین دەربارەی ئەم بابەتە، ئایا مۆڕاڵی جەنگ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا جێبەجێی دەبێت؟ بێگومان دەبێت لە ڕوانگە و ئاراستەو گریمانەی جیاوازەوە شیکردنەوە بۆ ئەم بابەتە بکرێت. بەشێک لە تیۆرە سەرەکیەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان ڕەخنەیان لە جەنگی ڕەوا گرتوە، کە بە یەکێک لە تیۆرە باڵادەستەکانی فەلسەفەی مۆڕاڵ دادەنرێت. بە جۆرێک لێکدانەوە بۆ توندوتیژی و جەنگ دەکەن، کە هیچ پاساوێکی ئەخلاقی، ڕەوایەتی پێ نادات، دیارترینیان ئارگیۆمێنتەکانی ئەم ئاراستیە لە تێز و بیرکردنەوەکانی هەر یەکە لە تیۆری ئاشتیخواز و تاڕادەیەکیش تیۆری فیمینیزم خۆیان دەبینەوە. بنەما ئەخلاقیەکان جێگەیەکی جەوهەریان نییە، لە بەرامبەر بەرژەوەندی و ئامانجەکان دەوڵەت کە تیۆری ڕیاڵیزم نوێنەرایەتی ئەم ئاراستەیە دەکات. ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکە پشت بە لێکدانەوەی نێوان تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا دەبەستێت. دیارە ئێمە لەم بەشەدا، مەبەستمان گەڕانە بەدوای چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکانی سەرەوە. لێرەدا ڕوانگە جیاوازەکانی تیۆرەکان وەک گۆڕاوێکی سەرەکی بۆ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی پشت جەنگ و ڕەوایەتیدانی بەکاردەهێنرێن.

## ٤-٢ تیۆری ئاشتیخواز (Pacifism):

ڕیشەی چەمکی ئاشتیخوازی بۆ وشەی لاتینی (pacificus) دەگەڕێتەوە، کە بە مانای هێنانەکایەوەی ئاشتی دێت.[1] تەوەرە سەرەکییەکانی تیۆری ئاشتیخواز چەندین ئاراستەی جیاواز لەخۆدەگرێت، ئەم تیۆرە بە توندی دژ بە هەڵگیرسانی جەنگ و توندوتیژی و دەستێوەردانە سەربازیەکان دەوەستێتەوە، چونکە پێیان وایە بنەمایەکی مۆراڵی بۆ جەنگ نییە و تێزەکانی تیۆری جەنگی ڕەوا ڕەتدەکەنەوە.[2] لایەنگرانی ئەم تیۆرە بە بەردەوامی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە جەنگ هەمیشە کردەیەکی نادادپەروەرانەیە و بە هیچ شێوەیەک پشتگیری ناکەن، چونکە بنەڕەتی مۆراڵ بۆ جەنگ ڕەتدەکەنەوە. هەروەها جەنگ وەک کردەیەکی هەڵە دەبینن، کە دەبێتە هۆکارێک بۆ کوشتن و سەرهەڵدانی توندوتیژی. هیچ هۆکارێکی ئەخلاقیش ڕێگە بە کوشتن نادات، بۆیە دەبێت بە بەردەوامی بە گومان بین دەربارەی پاساوەکانی جەنگ.[3] بۆچون و پاڵنەری سەرەکی ئەم تیۆرە ڕەنگدانەوەی دوو هۆکاری سەرەکین: یەکەم هۆکار دەگەڕێتەوە بۆ بونی تێروانینێکی ئاینی بۆ سروشتی مرۆڤ، کە بەشێکی زۆری لایەنگران و توێژەرانی بە تایبەت ئاینی مەسیحی جەخت لەسەر ئەم فاکتەرە دەکەنەوە لە پێناو ڕێگری کردن لە جەنگ و ململانێیەکان، ئەویش لە ڕێگەی خستنەڕوی دیدو تێڕوانینی ئاینی بە پشت بەستن بە ئەزمونە مێژوییەکانی ڕابردو. پاڵنەری دووەم خۆی دەبینێتەوە، لە جوڵانەوە سیاسیە ناتوندوتیژەیەکان، لە پێناو ئامانجەکانیان خۆیان بە تەواوەتی بە دور دەگرن لە هەر هۆکارێک، کە ببێتە هاتنەئاراوەی جەنگ و ململانێی چەکداری. لەم نێوەندەشدا باوەڕەیان وایە، کارنامەی سیاسیی لە ڕێگەی گفتۆگۆ و گوتاری مەدەنیانە جێبەجێدەکرێت.

لە تێڕوانیی ئەم تیۆرەدا، جەنگ و بنەما مۆراڵییەکان هاوتاو یەکانگیرنابن، وەک ئەوەی لە تیۆری جەنگی ڕەوادا جەختی لەسەر دەکرێتەوە.[4] چونکە لە بنەڕەتەوە دابەشکردنی جەنگ لە نێوان دوو بەرەی سەرەکی وەک جەنگی ڕەوا و ناڕەوا ڕەتدەکەنەوە. چونکە باوەڕیان وایە ناکرێت ئەم جۆرە دابەشکارییە بۆ چەمکی جەنگ بکەن. توێژەر جێنی تایچمان Jenny (Teichman) لە یەکێک لە کتێبە گرنگەکانی دا بە ناونیشانی (Pacifism and the Just War) بە وردی باسی ئەم پرسە ئەکات و ڕای دەگەیەنێت کە "تیۆری ئاشتیخواز دژی کردەی جەنگە".[5] بۆیە ئەوان باوەڕەیان وایە توندوتیژی و کردەوەی دوژمنکارانەی کە دەوڵەت پیادەیان دەکات پێویستی بە وەڵامدانەوە لە فۆرمی جەنگ نییە، بەڵکو جێگرەوەکەیان مەدەنی و

---

(1) Rivera, Lisa. "Encyclopedia of Global Justice.", Springer , New York (2011):803.

(2) Holmes, Robert L. "The Metaethics of Pacifism and Just War Theory." In *The Philosophical Forum*, vol. 46, no. 1, pp. 4. 2015.

(3) Bellamy, Alex J. "Is the war on terror just?." *International Relations* 19, no. 3 (2005): 275.

(4) Heywood, Andrew. *Global politics*, 2014: 267.

(5) Teichman, Jenny. "Pacifism and the just war: A study in applied philosophy." Oxford, Basil Blackwell, (1986).

ئاشتیانەیە، وەک چەندین ڕێگای تر کە زۆر کاریگەرترن و بە کەمترین توندوتیژی و وێرانکاری ئەنجام دەدرێن. ئەوەی کە ئەوان زیاتر جەختی لەسەر دەکەنەوە بۆ ڕۆژگاری ئێستا دەکرێت خۆی لە کەمپینی مەدەنی و سزا نێودەوڵەتیەکان ببینێتەوە.[1]

بانگەشەی سەرەکی لایەنگرانی ئەم تیۆرە ئەوەیە، کە هیچ فۆرمێک لە توندوتیژی و کوشتنی هاوولاتیان پاساوێکی ئەخلاقی نییە، بۆیە پشتگیری هیچ جۆرێک لە بەکارهینانی هێزناکەن. لە بواری پراکتیکیشدا لایەنگرانی تیۆری ئاشتیگەرایی ئاماژە بە نمونەی سەرکەوتنی بزوتنەوە ناتوندوتیژەکان دەدەن، بە ڕابەرایەتی (گاندی) و (مارتن لۆسەر کینگ)، کە توانیویانە ئامانجەکانی خۆیان بە دەست بهێنن دور لە توندوتیژی و کوشتن. بەڵام ئەم نمونانە لەلایەن لایەنگرانی تیۆرەکانی تر ڕەخنەی لێگیراوە، چونکە ئەم لێکدانەوانە پەیوەستن بە ئاستی ناوخۆیی دەوڵەتان. هەر بۆیە بە باوەڕی ئەوان، تیۆری ئاشتیخواز ناتوانێت وەڵامێکی باوەڕپێکەری هەبێت بۆ ئاستی نێودەوڵەتی، هەروەها چۆن مامەڵە لەگەل بەکارهێنانی هێز بکرێت لە حاڵەتی بەرگری کردن لە خود، لە کاتی ڕوبەڕوبونەوەی ڕەفتارێکی دەستدرێژیکەرانە، یان لە حاڵەتی دوا بژاردە چۆن مامەڵە بکرێت بۆ پاراستنی و ڕێگریکردن لە جینۆساید کوشتنی کەسانی بێتاوان. بۆیە بەڕای زۆرێک لە توێژەران ڕەتکردنەوەی ڕەهای جەنگ و توندوتیژی بژاردەیەکی واقیعی و لۆژیکی نییە.

بەشێوەیەکی گشتی، ئەم تیۆرە لە دوو ڕێگە و ئاراستەوە وەک هێزێکی گرنگ لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا کاردەکەن، ئەوانیش: تیۆری ئاشتیخوازی یاسایی (Legal Pacifism) هزر و ستراتیژی ئەم ئاراستەیە خۆی لە هێنانەکایەوەی دامەزراوەی یاسایی سەرو نەتەوەی دەبینێتەوە، لەم ڕوانگەوە ئاماژە بۆ دروست بونی کۆمەڵەی گەلان و ڕێکخراوی نەتەوەیە کگرتوەکان دەکەن. لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە پێیان وایە دەکرێت ڕێکخراوێکی یاسایی لە ئاستی سەرو نەتەوەی بێتەکایەوە بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی لە نێوان دەوڵەت و بەرژەوەندییە جیاوازەکاندا. پێشکەوتنی یاسای نێودەوڵەتی و دامەزراوەکان بەشێکی گرنگن لە هێنانەکایەوەی ژینگەیەکی ئاشتیخوازی کە بەلای بەشێکی زۆر لە لایەنگرانی ئەم تیۆرە هەنگاوێکی گرنگە بۆ ڕێگریکردن لە توندوتیژی.[2] جولانەوەی ئاشتیخواز (Pacifism Movement) فۆرم و ڕێگەی دووەمە کە جەختی لەسەر دەکەنەوە، بریتیە لە هەمو ئەو جولانەوە و خەباتە مەدەنیەی کە دەکرێت بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی لە ڕێگەی چالاکی

---

[1] Moseley, Alexander, *The Internet Encyclopedia of Philosophy* (IEP), Available at: < https://www.iep.utm.edu/pacifism/>(Accessed: 3 January 2018).
[2] Dower, Nigel. *The ethics of war and peace*. Vol. 3. Polity, 2009:22.

مەدەنییەوە. دەرکەوتنی ئەم ڕێگایە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هاتنەکایەوەی چەکی ناوەکی، لە پێناو ڕێگری کردنی چەندین جولانەوەو ڕێکخراو لە ئاستی جیهان دروست بون.[1]

بە پێچەوانەی ئەم تێگەیشتنەوە، تیۆری جەنگی ڕەوا ئەم جۆرە لە تێروانین قبوڵ ناکەن. چونکە باوەڕیان وایە بارودۆخێک دێتە کایەوە، کە هیچ ئامراز و بژاردەیەکی تر مانای نامێنێت و جەنگ دەبێتە پێویستەیەکی ناچاری. بۆیە دەکرێت بگوترێت، کە هەر دوو تیۆرەکە جەخت لەسەر بنەما و بەها مۆڕاڵیەکان دەکەنەوە. هەروەها بابەتەکانی وەک پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی دادپەروەریش پرسگەلێکی هاوبەشن لە نێوانیاندا. بەڵام خاڵی جیاوازی تیۆری جەنگی ڕەوا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە لە هەندێک بارودۆخدا دەکرێت جەنگ ڕێگەدراو بێت لە ڕوی ئەخلاقیەوە، ئەمەش بەپێچەوانەوەی تیۆری ئاشتیخوازە، کە جەنگ پاساوی ئەخلاقی نییە.

تیۆری ئاشتیخوازی خۆی لە چەندین فۆرم و شێوازی سەرەکیدا دەبینێتەوە، کە بەڕای بەشێکیان ئەم تیۆرەش پەیوەستە بە بژاردەی تاکەکان، کە وەک پرانسیپ و مافێک پەیرەودەکرێت. ئەم فۆرمە زۆرکات بە "ئاشتیخوازی تایبەتی" ناودەبرێت، کە تەنها وەک بابەتێکی تاکی جێبەجێ دەکرێت. لەبەرامبەر ئەم جۆرەدا فۆرمێکی تری ئاشتیخوازی هەیە، کە بەئاشتیخوازی "گەردونی" ناودەبرێت، ئەم شێوازەش دابەشی دوو بەشی سەرەکی وەک "هەمەکی" و "بەشەکی" دەکرێت، فۆرمی یەکەمیان هەمو بارۆدۆخێک دەگرێتەوە، بەڵام بەشەکی تەنها لە هەندێک حاڵەتدا جێبەجێ دەبێت. لە ئاشتیخوازی هەمەکیدا، لەڕوی مۆڕاڵییەوە بەکارهێنانی توندوتیژی ڕێگەدراو نییە، هەروەها جەنگ بەتەنها بابەتێکی هەڵە نیە بەڵکو تەنانەت توندوتیژی لە سەر ئاستی کەسی و بەرگری تاکەکانیش ڕێگەدراو نییە.[2] بەپێچەوانەوە، لە فۆرمی بەشەکیدا، لە چەند بارودۆخێکی تایبەتدا توندوتیژی لەڕوی مۆڕاڵییەوە ڕێگەپێدراو نییە.

تیۆری ئاشتیخوازی بەشەکی سێ فۆرمی سەرەکی وەک ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و کەسی لە خۆدەگرێت. فۆرمی نێودەوڵەتی دژی کردوەی جەنگن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بەڵام بەکارهێنانی بەشێک لە توندوتیژی ناوخۆیی قبوڵ دەکەن. شێوازی ئاشتیخوازی ناوخۆیی دژی بەکارهێنانی توندوتیژین لە ناوخۆدا وەک کردەیەکی سیاسی، هەریەکە لە (گاندی) و (مارتن لۆسەر کینگ) بە ڕابەرانی ئاشتیخوازی ناوخۆیی دادەنرین کە توندوتیژیان ڕەتکردۆتەوە. هەروەها ئاشتیخوازی کەسی دژی بەکارهێنانی توندوتیژین لەسەر ئاستی کەسی.[3] تەوەری سەرەکی باسەکانی تیۆری ئاشتیخوازی بریتییە لەو هزرەی کە دەکرێت سیاسەتی ناتوندوتیژی

---

[1] Fiala, Andrew, "Pacifism", *The Stanford Encyclopedia of Philosophy* (Fall 2018 Edition), Edward N. Zalta (ed.), Available at: <https://plato.stanford.edu/entries/pacifism/> (Accessed: 22 January 2018).
[2] Lee, Steven P. *Ethics and war: an introduction*. Cambridge University Press, 2012:pp, 23-24.
[3] Ibid,: 24.

بکرێتە جێگرەوەی جەنگ. بەڵام دیدی ئەم تیۆرە زیاتر وەک دیدێکی خەیاڵی وێنادەکرێت، چونکە ئەزمونی مێژوی مرۆڤایەتی ئەوە سەلماندوە، کە جەنگ بەشێکی گەورەی ئەو گۆڕانکاریانەیە. هەر بەم هۆیە ئەم تیۆرە ناتوانێت دەستەبەری هێنانەدی ئاشتی بکات لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا.

### ٤-٣ ڕیالیزم (Realism):

تیۆری ڕیالیزم بە یەکێک لە تیۆرە کاریگەر و سەرەکیەکانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت، کە زۆرجار لە ئەدەبیاتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا پێناسەی ڕیالیزم بە سیاسەتی ڕیالستی (Realpolitik) ئەکرێت. سەرەتای دەرکەوتنی وەک بوارێکی تیۆرگەرایی دەگەڕێتەوە بۆ پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شکستی بنەماکانی لیبڕالیزم لە پاراستن و دەستەبەرکردنی ئاشتی لە ئەوروپادا.[1] ڕیالیزم بۆ خۆی بەسەر دوو ڕەوتی جیاواز دابەش دەکرێت، کە یەکەمیان بە (ڕیالیزمی کلاسیک) و ئەویتر بە (ڕیالیزمی نوێ) ناوبانگیان دەرکردوە. لێرەدا دەکرێت پەیوەست بە بابەتی جەنگ و ڕەوایەتی، ئێمەش بە پەیڕەوکردنی ئەم دابەشکردنە دەخەینە بەر توێژینەوە، وەک ئەمانەی خوارەوە:

#### ٤-٣-١ ڕیالیزمی کلاسیک: سروشتی مرۆڤ، دەوڵەت و جەنگ:

لە دەیەکانی پاش جەنگی جیهانی یەکەم ئەم تیۆرە ڕەوتێکی خێرای بەخۆیەوە بینی، بە کەڵک وەرگرتن لە تێروانینەکانی پێشوتر دەربارەی سروشتی مرۆڤ و بابەتەکانی پەیوەست بە سیاسەت و دەوڵەتان. بۆیە شکستی ئایدیالیست و لیبڕاڵەکان لە ڕێگەگرتن لە سەرهەڵدانەوەی جەنگ و قەیرانەکان، یارمەتیی سەرهەڵدان و بەهێزبونی زیاتری ئەم ڕوانگەیەی لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا. یەکێک لەو توێژەرانەی کە لە دوای ئەو قۆناغە قسەی لەسەر گریمانەکانی ڕیالیزم کردوە بریتییە لە بیر و ڕای"ئەی.ئێچ. کار ( E.H. Carr) کە لە ساڵی (١٩٣٩) بە ڕەخنەگرتن لە شوێن و پێگەی لیبڕاڵەکان دەستی پێکرد و دوبارە هەستا بە داڕشتنەوەی چەمکی هاوسەنگی هێز و ئاسایشی بە کۆمەڵ لە چوارچێوەی دانپێدانان بە واقیعی زاڵبونی هێزی سەربازی.

بۆیە ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان ڕەنگدانەوەی هێزە جیهانییەکانە نەک ئەخلاق. چونکە ئەکتەرە سەرەکیەکان وەک دەوڵەتی نەتەوەی ئەکتەرێکی ئەخلاقی نین و ئەوەی دەستەبەری پاراستنی بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەی دەکات بریتییە لە هێزی سەربازی، لە ئەنجامی ئەمەشدا مانەوەی دەوڵەت لەسەر هەمو شتێکی ترەوەیە،

---

[1] Burchill, Scott, Andrew Linklater, Richard Devetak, Jack Donnelly, Terry Nardin, Matthew Paterson, Christian Reus-Smit, and Jacqui True. *Theories of international relations*. Palgrave Macmillan, 2013: 71.

تەنانەت بنەما مۆڕاڵییەکانیش.[1] ئاشکرایە، ئەم دیدو تیڕوانینە پاڕاگماتیانە بۆ جەنگ و سیاسەت دەگەڕێتەوە بۆ لێکدانەوەو بیرکردنەوەکانی ڕیالیزمی کلاسیکی، کە جەنگ پەسندکراوە وەک نۆرمێکی گەردونی لە مێژوی مرۆڤایەتیدا و حاڵەتی ئاشتی قۆناغێکی کاتیە و ناکرێت بە هەمیشەی بەردەوامی هەبێت. لە کاتێکدا بەهۆی لەبەرچاونەگرتنی ئاشتی بەشێوەیەکی تاڕادەیەک ڕەها، ئەم دیدە کلاسیکە بۆ لێکدانەوەی جەنگ دەشێ بە تەواوەتی ڕاڤەی دۆخەکە نەبێت.

ڕیاڵستە کلاسکییەکان بۆچونی تیۆری ئاشتیخواز دەربارەی جەنگ زۆر بە توندی ڕەتدەکەنەوە. چونکە بە بۆچونی ئەوان جەنگ بژاردەیەکی کراوەیە بە بەردەوامی لە پێناو هێزدا، و هێزیش بە پێویست دەزانن بۆمانەوە. هەروەها یەکێک لەو بابەتانەی زۆر جەختی لەسەر دەکەنەوە ئەوەیە، کە دەوڵەت هیچ پاپەندبونێکی ئەخلاقی لە بەرامبەر دەوڵەتانی تر لە ئەستۆدا نییە. چونکە یەکێک لە تیڕوانینە بنەڕەتییەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی مرۆڤ، کە سروشتێکی نەگۆڕی دوژمنکارانە و ڕەشبینانەیان هەیە، هەر ئەم دیدەش درێژدەکەنەوە بۆ ئاستی نێودەوڵەتی. وەک لە دیدو بۆچونی (تۆماس هۆبز) سەرچاوەی گرتوە، کە ژینگەی نێودەوڵەتی خۆی لە سیستەمێکی تەواو ئانارشی و ناڕێکخراو دەبینێتەوە، کە بنەمای هێزی باڵادەست حوکمی ئەم سیستەمە دەکات.[2] دەوڵەتان بە بەردەوامی بە دوای ئارەزوی زیاتر کردنی هێزی خۆیانن تا بەرزترین ئاست و مەودا، هەروەها زیادبونی هێز و هەژمونی دەوڵەتانی بەرامبەریش دەبێت هۆکاری مەترسی و نیگەرانی لەسەر دەوڵەتانی تر. هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ سروشتی خۆویستی و شەڕانگێزی مرۆڤ دەگەڕێتەوە.

**٤-٣-٢ڕیالیزمی نوێ (نیوڕیالیزم): سیستەمی نێودەوڵەتی و جەنگ:**

کێنیز ۆلتز (Kenneth Waltz) بە خاوەنی تیۆری ڕیالیزمی نوێ دادەنرێت. (ۆلتز) باوەڕی وایە تایبەتمەندی سەرەکی سیاسەتی نێودەوڵەتی پاشاگەردانیە. چونکە دەوڵەتان ناتوانن هاوکاری یەکتربکەن لەبەرئەوەی، کە دەسەلات و حکومەتێکی جیهانی لەئارادانییە. بۆیە بە ڕای ئەو هۆکاری سەرەکی ئەم فەوزایە دەگەڕێتەوە، بۆ خودی بونیادی سیستەمی نێودەوڵەتی، کە بونیادێکی پاشاگەردانیە و ئەمەش پاڵ بە دەوڵەتانەوە دەنێت، کە هێز کۆبکەنەوە.[3] (ۆلتز) لە کتێبەکانی وەک "مرۆڤ، دەوڵەت و جەنگ" ١٩٥٩ و "تیۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی ١٩٧٩" پێی وایە، جەنگ بەرهەمی کاریگەری بونیادی سیستەمی نێودەوڵەتییە. لە ئەنجامی ئەمەشدا لە سیستەمی نێودەوڵەتی جەنگ حاڵەتێکی پێشبینیکراوە، لەبەرئەوەی هیچ شتێک نیە، کە ڕێگریان

---

[1] Baylis, John and Smith, Steve: *The globalization of world politics*. Oxford: Oxford University Press, 2001. 2nd ed.142.

[2] Kirshner, Jonathan. "The tragedy of offensive realism: Classical realism and the rise of China." *European Journal of International Relations* 18, no. 1 (2012): 53-75.

[3] Snyder, Glenn H. "Mearsheimer's world—offensive realism and the struggle for security: a review essay." *International Security* 27, no. 1 (2002): 149.

لێبکات.[1] تێزە سەرەکیەکانی ڕیاڵیسەتە نوێیەکان ئەوەیە، لە سیاسەتی نێودەوڵەتی هیچ دەسەڵاتێکی باڵا بونی نییە بۆئەوەی فەرمان و بڕیارەکان بسەپێنێت و هەروەها مۆڕاڵێکی جیهانیش بۆ سنوردارکردنی ڕەفتارەکانی دەوڵەتان نییە.[2] لەم سیستەمەدا دەوڵەت ئەکتەری سەرەکییە کە لە دوای ڕێکەوتننامەی وێستفالیاوە لە ساڵی ١٦٤٨ وەک ڕەواترین ئەکتەر لە سیاسەتی نێودەوڵەتی دەردەکەوێت، کە هەموان بەدوای ئاسایش و مانەوەن وەک ئەرکی سەرەکیان لە نێو ئەو سیستەمەدا. لای ڕیاڵیزمی نوێ ڕەفتار و کردەوەی دەوڵەتان بەرئەنجامی بونیادی سیستمی نێودەوڵەتییە نەک لە تایبەتمەندییە ناوخۆییەکانی دەوڵەتان سەرچاوەی گرتبێت.

خاڵی دەستپێکی تیۆری ڕیاڵیزم ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچونەیە، کە پێیانوایە دەکرێت بەشێوەیەکی بنەڕەتی جەنگ بکرێتە شوێنکەوتوی بنەما مۆڕاڵیەکان. ئەوەی بەلای ئەوان جێگە گرنگیە بریتییە لەوەی چۆن هەوڵی مانەوە دەدەیت و بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆت دەپارێزێت، بۆیە دەکرێت بگوترێت بەرژەوەندی خودی لەپێش بنەمای ئەخلاقیدایە.[3] لەڕێگەی برەودان بەم تێزە، ڕیالستەکان جەنگ وەک پرسێکی حەتمی و پێویست دەبینن. ئەمەش وای کردوە کە سیستەمێکی جیهانی ئاشتیخواز نەیەتەکایەوە. چونکە لە تێڕوانینی ئەواندا جەنگ کردەیەکی تەواو سیاسیە (Political act)، بۆیە جێگەی بەها مۆڕاڵیەکان نابێتەوە لە پێناو سنوردانان. لە ئەنجامی ئەمەشدا ڕیاڵستەکان بابەتی جەنگ دەبەستنەوە بە سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەم پەیوەندییە بەتایبەت لە کارەکانی (کێنز ۆلتز) دەردەکەوێت، کە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیشدا وەک فۆرمەکانی تری سیاسەتکردن خۆی لە هەوڵدان بۆ هێز و دەسەڵات کاروباری نێودەوڵەتی لە نێوان ئەکتەرە سەرەکیەکان دەبینێتەوە، چونکە بونی کێبڕکێی بەردەوام بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سیسەتەمی نێودەوڵەتی دادەنرێت.[4]

لای ڕیاڵستەکان بنەما مۆڕاڵیەکان بەشێک نین لە ئامانجی دەوڵەت، هەروەها دەوڵەت پێوانە ناکرێت بە پێوەرە مۆڕاڵییەکان. وەک چۆن (هانس. جەی، مۆرگنساو) باس لەوە دەکات، کە کردەو ڕەفتاری دەوڵەت بە پرانسیپی مۆڕاڵی دیاری ناکرێت، بەپێچەوانەوە ئەوەی بڕیار لەسەر کرداری دەوڵەت دەدات بریتییە لە هێز و بەرژەوەندی.[5] لێرەدا جەنگ بە یەکێک لە ستراتیژە باو سەرەکیەکان دادەنرێت بۆ بەدەستهێنان و زیادکردنی هێز و بەرژەوەندی دەوڵەت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. کە بەهۆی ئەنارکیبونی بونیادی سیستەمی سیاسەتی نێودەوڵەتی سەرچاوە

---

[1] Waltz, Kenneth N. *Theory of international politics*. Waveland Press, 2010: 113.
[2] Donnelly, Jack. *Realism and international relations*. Cambridge University Press, 2000.
[3] Bull, Hedley. "Recapturing the just war for political theory." *World Politics* 31, no. 4 (1979): 588-599.
[4] Morgenthau, Hans, and Politics Among Nations. "The struggle for power and peace." *Nova York, Alfred Kopf* (1948): 27.
[5] Morgenthau, Hans Joachim. *Truth and power: essays of a decade, 1960-70*. Praeger, 1970.

دەگرێت، چونکە هیچ دەوڵەتێک لە ئاشتی و ئاسایشی خۆی دڵنیانیە، بۆیە لە پێناو پاراستنی خۆیان بەبەردەوام هەوڵی پرچەکردن و بەهێزی خۆیان دەدەن. بەپێی لێکدانەوەی ڕیالیستەکان بێت، جەنگەکان هۆکارن بۆ گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان لە پەیوەندی نێوان هێزەکاندا، بۆ نمونە جەنگی جیهانی دووەم هۆکارێک بو بۆ کەمبونەوەی ڕۆڵی بەریتانیا و فەڕەنسا سەرەڕای سەرکەوتنیشیان، هەروەها بوە هۆکارێک بۆ دەرکەوتنی زلهێزی نوێی وەک ئەمەریکاو یەکێتی سۆڤیەت لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا.[1] هەروەها (جۆن مێشایمەر) جەخت لەسەر هۆکاری سەرەکی لە پشت دەوڵەتەوە بۆ گەڕان بە دوای بەرژەوەندی و ئامادەی بۆ بونی جەنگ و توندوتیژی دەگەڕێتەوە بۆ خودی پێکهاتەی سیاسەتی نێودەوڵەتی، کە بونیادێکی ئانارکی هەیە.[2] بەڵام ئەم جۆرە بۆچونە ڕوبەڕوی ڕەخنە بۆتەوە و بە پێچەوانەوە، لای تیۆری ڕەوا لە چوارچێوەیەکی ئەخلاقیدا، ڕەهەندێکی دادپەروەری تێدایە.

شاراوە نیە، کە ڕیاڵستەکان بە گومانن لە جێبەجێکردنی بنەما مۆڕاڵیەکان و دادوەریکردنی ڕەفتاری کاروباری نێودەوڵەتی لەڕێگەی ئەو بنەمایانەوە.[3] یاخود بە مانایەکی تر ئەوان ئارگۆمێنتی زۆر لەسەر ڕەتکردنەوەو هەبوونی ئیتیکی جەنگ و ململانێی چەکداری ناکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوەی ئەوان زۆر جەختی لەسەر دەکەنەوە خۆی لە بەرژەوەندی دەوڵەت دەبینێتەوە، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە بەرژەوەندی تاکەکانەوە بەندە. لێرەدا (مۆرگنساو) وەک یەکێک لە داڕێژەرانی بنەماکانی ڕیاڵیزم پێی وایە باشترین شت بۆ حکومەت ئەوەیە کە پشت بە بەرژەوەندی خودی خۆی ببەستێت لە بەرامبەر ئەوەی گرنگی بە لایەنی مۆڕاڵی بدات.

بەشێوەیەکی گشتی، لە ئەدەبیاتی ڕیاڵستەکاندا پێگەی ئەخلاق لە بەرامبەر بەرژەوەندی و قازانج پێگەیەکی لاوەکی و پەراوێزخراوی هەیە. هەروەها بەدیهێنانی بەرژەوەندی و ئامانجە باڵاکانی دەوڵەت کارێکی نامۆڕاڵی نیە چونکە ئەمە ئەرکی یەکەمین و باڵای دەوڵەتە. جەنگ لای ڕیالیستەکان وەک پێویستەکی بەرگریکردن لە خود دادەنرێت لە پێناو بەرژەوەندی نەتەوەیدا، چونکە بەرژەوەندی نەتەوەی دیارترین و بەرجەستەترین بەهاو ئامانجە لای ڕیاڵیستەکان. بەڵام ئەوەی وێناکردنی دەوڵەت وەک تاکە یەکەی سیستەمە نێودەوڵەتی و لەبەر چاونەگرتنی گۆڕانکارییەکانی ئەو سیستەمە پرسێکن کە ڕیاڵستەکانی توشی ڕەخنەی سەرەکی کردۆتەوە.

**٤-٤ تیۆری جەنگی ڕەوا وەک ئاستێکی هاوبەش:**

لە ئەنجامی گفتوگۆی هەردوو تیۆری ئاشتیخواز و ڕیاڵیزمدا، لایەنگرانی تیۆری جەنگی ڕەوا پێیان وایە کە هەر دوو تیۆرەکەی تر ناتوانن بناغەیەکی بەهێزی ئەخلاقی پێشکەش بە سروشتی جەنگ بکەن. بەڵام بەپێی تیۆری جەنگی ڕەوا شیکردنەوەی جەنگ لە ڕوانگەیەکی

---

[1] Mingst, Karen A., Heather Elko McKibben, and Ivan M. Arreguin-Toft. *Essentials of international relations*. WW Norton & Company, 2018:114.
[2] Mearsheimer, John J.: *The tragedy of great power politics*. New York: Norton, 2001: 147-152.
[3] Orend, Brian. "Kant's ethics of war and peace: 164.

ئەخلاقیەوە، هەوڵێکە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی جیهانی لەسەر بنەمای دادپەروەری. زۆرێک لە توێژەران جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە تیۆری جەنگی ڕەوا بە خاڵی ناوەندی هەر دوو تیۆری ئاشتیخواز و ڕیاڵیزم دادەنرێت.[1] وەک پرۆفیسۆر نێتا کراوفۆرد ( Neta C. Crawford) باوەڕی وایە، کە تیۆری جەنگی ڕەوا دەکرێت بە کۆکەرەوەی دژەکان دابنرێت، بە واتایەکی تر ئەم تیۆرە هەریەکە لە تیۆری ڕیاڵستەکان و ئاشتیخواز بەیەکەوە گرێدەدات.[2]

لە تێڕوانینی ڕیاڵستەکاندا، جەنگ لە پێناو بەرگریکردنی خودی ڕوڵێکی گەورەی هەیە. بەڵام بە پێچەوانەوە لای لایەنگرنی جەنگی ڕەوا ئەو گرنگەیەی پێ نادرێت. خاڵێکی تر ئەوەیە، کە بۆ ڕیاڵیستەکان پاڵنەری سەرەکی بۆ دەوڵەت کە جێگەی نیگەرانی بێت خۆی لە مانەوە دەبینێتەوە. بەڵام توێژەرانی تیۆری جەنگی ڕەوا، وا سەیری دەوڵەت دەکەن، کە پشت ئەستورە بە بنەمای مانەوە و دادپەروەری (Survival and Justice) ئەمەش بە تێگەیشتنێکی بنەڕەتی و جیاواز لە تێڕوانینی ڕیاڵیسەکان دادەنرێت. هەر وەک لەم نەخشەیەی خوارەوە، لێکۆڵەر ڤالێری مۆرکیڤیسیوس (Valerie Morkevicius)، بنەمای تیۆری نێوان هەردو تیۆرەکە ڕوندەکاتەوە:[3] تیۆری جەنگی ڕەوا پرانسیپە بنەڕەتیەکانی دەخاتەڕو، وەک پرانسیپی جیهانی و تەواوی مرۆڤایەتی لەسەریان هاوڕان، کە لە ڕێگەیەوە دەیەوێت جەنگ سنورداربکات. هەروەها گریمانەی دادپەروەری جیهانی دەگرێتەخۆ. لە بەرامبەر ئەمەدا ڕیاڵستەکان پشت بە عەقڵانیەتی ئەکتەرەکان دەبەستن، کە بە دوای بەرژەوەندیە خودییەکانەوەن. لای ڕیالستەکانیش عەقلانیەت گریمانە دەکرێت بە جیهانی.[4] عەقڵانی کارەکتەرەکان بڕیار لەسەر بەدەستهێنانی بەژەوەندی نەتەوەیی دەدات و ئەمەش مۆڕاڵەتی جیهانی سنوردار دەکات.[5] وەک لەم خشتەیەی خوارەوە ئاراستە جیهانیەکانی هەر دوو تیۆرەکە ڕونکراوەتەوە:

---

[1] Lazar, Seth. "Evaluating the revisionist critique of just war theory." *Daedalus* 146, no. 1 (2017): 113.

[2] Crawford, Neta C. "Just war theory and the US counterterror war, (2003):3.

[3] Morkevičius, Valerie. "Power and order: the shared logics of realism and just war theory." *International Studies Quarterly* 59, no. 1 (2015): 19.

[4] Ibid,:18-19.

[5] Lier, Tiago de Almeida. "To war for rights: modern just war theory and paradoxes of liberal justice." PhD diss., Carleton University, 2007:153-154.

**هێلکاری ژمارە (٤-١)**

**بنەمای جیهانی تیۆری ڕیاڵیزم و  تیۆری جەنگی ڕەوا**




سەرچاوە: Morkevičius, Valerie. "Power and order: the shared logics of realism and just war theory." *International Studies Quarterly* 59, no. 1 (2015): 19.

سەربارى جیاوازى ئاڕاستەى تیۆریان، بەڵام لێرەدا ئاماژە بە گریمانە هاوبەشەکانى هەر دوو تیۆرە سەرەکیەکە دەدەن لە چوارچێوەى تێگەیشتنیان بۆ جەنگ، لە ڕێگەى سود وەرگرتن لە تێڕوانینەکانى (کێنز ۆلتز)، کە تەوەرى سەرەکى بۆچونەکانى خۆى دەبینێتەوە لە کتێبە ناسراوەکەى بە ناوى "تیۆرى سیاسەتى نێودەوڵەتى" (Theory of International Politics) و مایکل ۆڵزەر لە کتێبى (Just and unjust war). یەکێک لەو تەوەرە سەرەکیانەى کە هاوبەشە لە نێوان ڕیالستەکان و تیۆرى جەنگى ڕەوا خۆى لە تێروانیان بۆ بە سەنتەربونى دەوڵەت و سروشتى سیستەمە نێودەوڵەتى دەبینێتەوە. هەر دوو تیۆرەکە باوەڕیان بە سەنتەربونى دەوڵەت هەیە، چونکە لاى توێژەرانى تیۆرى جەنگى ڕەوا دەسەڵاتى شەرعى کە

بەیەکێک لە هێڵە گشتیەکانی ئەم تیۆرە دادەنرێت و خۆی دەبینێتەوە لە دەوڵەت.[1] هەڵبەتە ڕیاڵیزمەکانیش چەمکی دادپەروەری ڕەتناکەنەوە، بەڵام لە تێڕوانینی ئەواندا، دادپەروەری بژاردەیەکی ئارەزومەندانەیە. نەک وەک ئەوەی کە لای تیۆری جەنگی ڕەوا بە یەکێک لە گریمانە بنەڕەتیەکان دادەنرێت، کە ڕەوا بونی کۆی پرۆسەکەی پێوەبەندە. سەرەڕای بونی تێروانینی جیاواز لەگەڵ تیۆری جەنگی ڕەوا، بەڵام چەندین توێژەری ئەم بوارە باس لە گریمانەی هاوبەش دەکەن لە نێوان هەر دووکیاندا لە چوارچێوەی جەختکردنەوەیان لە جەنگ. دەتوانین لە هەڵسەنگاندنی ئەم بۆچونەدا، بڵێین کە هەڵبەتە ئەگەر بۆچونی هاوبەشیش هەبێت لەسەر دید و تێڕوانینەکانیان، بەڵام کە ڕوانگەی هەردوو تیۆرەکە جیاواز لەسەر تێگەشتنیان بۆ جەنگ دەردەکەوێت. تیۆری جەنگی ڕەوا جەخت لەوە دەکەنەوە، کە هەندێک لە جەنگەکان ڕەوادەبن، هەندێکی تریشیان ناڕەوا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەم تیۆرە بە هێڵی ناوەندی هەر دوو تیۆری ڕیاڵیزم و ئاشتیخوازی دادەنرێت. وەک دەردەکەوێت تیۆری جەنگی ڕەوا بەرامبەر بە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەلایەتییەکاندا لەگەڵ ڕەوتە هزریەکانی تردا وەک تیۆرێکی میانڕەو لە قەڵەمدەدرێت.

ۆڵزەر (پارادایمی ڕەوایەتی) داناوە، کە بیرۆکە سەرەکیەکەی بریتییە لەوەی کە جەنگ لە هەندی کات ڕەوایەتی هەیە لە گۆشەنیگای ئەخلاقییەوە، ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەی پارادایمی ڕەوایەتیە لە هەمو ڕێبازەکانی تری "ئاشتیخوازی" کە ڕەوایەتی دان بە جەنگ بەشێوەیەکی ڕەها ڕەتدەکاتەوە، هەروەها ڕێچکەی "توندوتیژی ڕەها" کە لەسەر ئەم بیرۆکەیە بنیاتنراوە، کە هیچ پەیوەندیەک لە نێوان جەنگ و بنەما ئەخلاقیەکان نییە، جەنگ گوزارشت دەکات لەو لێکدانەوە کەسیانەی دەوڵەتەکان و بەرژەوەندی نەتەوەیی لە هێز و ئاسایش و سەرچاوە سروشتیەکان و گەشەی ئابوری.[2]

## ٤-٥ لیبراڵیزم و جەنگ:

ئاشتی نێوان وڵاتە دیموکراتەکان وەک بەشێک لە پرۆژەی لیبراڵیزم لە تێز و بیرکردنەوەکانی (ئیمانۆیل کانت)ەوە سەرچاوەی گرتوە، کە لە چوارچێوەیەک بەناوی ئاشتی لە نێوان دەوڵەتە دیموکراتەکاندا خستوویەتیەڕوو. پێکهاتەی بیری لیبراڵیزم لەسەر ئازادیی مرۆڤەکان دامەزراوە، بە جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی بازرگانی و پەیوەندییە هاوکاریەکان لە کەمکردنەوەی جەنگ و بنیاتنانی ئاشتی لە نێوان دەوڵەتان دەستەبەر دەبێت.[3] بۆیە لیبراڵیزم بە یەکێک لە تیۆرە سەرەکیەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا دادەنرێت، باوەڕی باو و سەرەکی ئەم تیۆرە بریتییە لە ئازادی تاکەکان. بە پێچەوانەی ڕیالستەکان، بەڕای ئەوان بابەتی مۆڕاڵی و

---

[1] Morkevičius, Valerie. "Power and order: the shared logics of realism and just war Theory." *International Studies Quarterly* 59, no. 1 (2015): 11-22.

[2] Michael Walzer, Just and Unjust Warss: 51.

[3] Dunne, Tim. "Liberalism." *The globalization of world politics: An introduction to international relations* (2001): 100-13.

مافەكانی مرۆڤ بابەتگەلێكی ناوخۆیی و بێ پەیوەندی نین لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان تیۆری سیاسی لیبڕاڵیزم جەخت لەسەر نمونەی دیموكراتی لیبڕاڵی وەک باشترین فۆرم بۆ دەستەبەركردنی ماف و ئازادییەكانی تاكەكان دەكەنەوە. لەم نێوەندەشدا مافی چارەی خۆنوسین بە ڕێگەی ئاشتی مافی هەمو گەلانە. لیبراڵەكان خۆیان بە خاوەنی سنورداركردنی جەنگ لە نێوان نەتەوەو پێكهاتە جیاوازەكاندا دادەنێن.[1] لە هەمانكاتیشدا، جەنگ بە ڕێگەپێدراو وەک ئامرازێک بۆ چارەسەركردنی كێشە سیاسی و كۆمەڵایەتیە داواكراوەكانی ئەوانی تر دادەنێن.[2]

بیرمەندانی تیۆری لیبڕاڵیزم باوەڕیان وایە، كە تاک بە سروشت هاوكاری پێی قبوڵكراوترە لەپەنابردنە بەر جەنگ و شێوازی توندوتیژی. سەرەڕای ئەوەی كە پەیوەندی نێوان جەنگ و تیۆری لیبڕاڵیزم بە یەكێک لە پەیوەندییە ئاڵۆز و پڕ كێشەكان دادەنرێت. لیبراڵەكان بۆچونەكانیان بەشێوەیەک دەخەنەڕو، كە بە لای ئەوانەوە هەمیشە ڕەهەندی هاوكاری و ڕێگەچارەی ئاشتیانە بەسەر دیاردەی جەنگ و توندوتیژی باڵادەستە. بەڕای ئەوان، ئەوە تاكەكان نین، كە پەنا بۆ جەنگ دەبن، بەڵكو زۆر كات جەنگ خۆی دێتە پێشەوە لە ڕێگەی دەسەڵاتێكی سەربازی و تاكڕەوەوە، نەوەک خودی تاكەكان خواست و ئارەزوی جەنگیان هەبێت. ئەم خاڵەش بە تەواوەتی پێچەوانەی بۆچونی ڕیاڵیزمە كە بە بەردەوامی ئارەزوی جەنگیان وەک ڕەهەندێكی سروشتی لای مرۆڤ هەیە. لیبڕاڵەكان باوەڕیان وایە، كە دەكرێت ئاشتی دەستەبەر بكرێت بەلایەنی كەمەوە لەو دەوڵەتانەی كە خاوەنی سیتەمێكی دیموكراتین، بۆیە جۆرە دابەشكارییەک هەیە لای لیبڕاڵەكان بەوەی كە دەوڵەتانی دیموكرات ڕێگەی توندوتیژی و جەنگ بەكارناهێنن.[3]

بەگشتی سیاسەتی جیهانی لای لیبڕاڵەكان، وەک "كێڵگەیەكە كە گونجاوە بۆ كشتوكاڵ كردن" و تێیدا هەر دوو حاڵەتی بونی جەنگ و ئاشتی لەخۆدەگرێت.[4] لەم دیدەوە ئەوان باوەڕیان بەوە هەیە كە مەیلی دەوڵەت بۆ ڕۆشتن بەرەوە ئاشتی و جەنگ پەیوەستە بە سروشتی سیستەمی سیاسی و كارەكتەرە دەستوریەكەیەوە. بە جۆرێک كە ئەو دەوڵەتانەی كە سیستەمی سیاسیان دیموكراتی نییە، هەوڵی بەكارهێنانی هێز دەدەن لە پێناو دەستەبەركردنی ئامانجە ناوخۆیی و دەرەكیەكانیان، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو سیستەمە سیاسیانەی كە دیموكراتین، بە سروشتی خۆیان زیاتر ئاشتیخوازن و پشت بە ئامرازە ئاشتیەكان دەبەستن بە تایبەت لە

[1] Mingst, Karen A., Heather Elko McKibben, and Ivan M. Arreguin-Toft. *Essentials of international relations*. WW Norton & Company, 2018.

[2] Butler, Michael. *Selling a'just'war: Framing, legitimacy, and US military intervention*. Springer, 2012:3.

[3] Buchan, Bruce. "Explaining war and peace: Kant and liberal IR theory." *Alternatives* 27, no. 4 (2002): 407-428.

[4] Doyle, Michael W. "Ways of war and peace realism, liberalism, and socialism." (1998):19.

پەیوەندیان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی دیموکراتین.[1] بۆیە ئەوان زۆر جەخت لەسەر ئەو ڕژێمانە دەکەنەوە کە لە ناو خۆی خۆیان دیموکراتی نین و گیرۆدەی چەندین گرفت و ناکۆکی ناوخۆی بونەتەوە، ئەو ڕژێمانە بە ناوچەی جەنگ (The zone of war) لە قەڵەم دەدرێن وەک دەوڵەتانی شکستخواردو، چونکە بەشێوەیەکی سەرەکی سەرچاوەی جەنگن. لەبەرامبەر ئەمەدا ناوچەیەکی تر هەیە، کە بە ناوچەی ئاشتی دادەنرێن (A zone of peace) کە نوێنەرایەتی دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتی دەکات لە ڕێگەی دامەزراوەو بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان درێژە بە پاراستنی ئاشتی دەدەن. ڕێگەچارەی ئەوان بۆ ئانارشیەتی سیستەمی نێودەوڵەتی خۆی لە تیۆری ئاشتی دیموکراتی (Democratic peace theory)دا دەبینێتەوە[2] کە دەگەڕێتەوە بۆ تێزەکانی (کانت)، دەوڵەتان دەتوانن بەشێوەیەکی ئاشتیانە دەستەبەری ئاسایشی خۆیان بکەن بەبێ ئەوەی ڕوبەڕوی یەک ببنەوە.[3] لایەنگرانی تیۆری ئاشتی دێموکراتی باوەڕیان وایە، لە ئەنجامی ئەوەی کە دەوڵەتە دیموکراسیەکان خاوەن سیستەمێکی دامەزراوەی و ئازاد و لێپرسراون لەبەرامبەر هاووڵاتیانیان، بۆیە لە هەمانکاتدا لەڕەفتاری دەرەکیشیان پەنا بۆ توندوتیژ و جەنگ نابەن. لە ئەنجامی ئەم دابەشکاریەدا، دەوڵەتانی نادێموکرات ڕوبەڕوی دەستێوەردانی کردەی سەربازی دەبنەوە لەلایەن دەوڵەتانی دێموکراتیەوە لە پێناو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی و دیموکراسیدا.[4] بۆیە لای لیبراڵەکان سیستەمێکی دیموکراتی دەبێتە ڕێگری سەرەکی بۆ ڕودانی جەنگ، هەروەها ئەو جەنگانەی کە دێنەکایەوە ئامانجیان گۆڕینی ڕژێمە دیکتاتۆریەکانە بەرەو دیموکراسی و ئاشتیخوازی.

لە لای لیبراڵەکان هاوکار و پێکەوەیی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا حاڵەتێکی کاتی و ڕاگوزەر نییە، وەک ئەوەی ڕیالستەکان پێداگری لەسەر دەکەن. لیبراڵەکان، قبوڵی ئەوە دەکەن، کە دەوڵەت بەشێک لە خۆپەرستی تێدایە لە ژینگەی ئانارشیەتدا، بەڵام ئەوەی ئەوان جیادەکاتەوە لە تێروانینی ڕیالستەکان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە دەوڵەت لە ڕێگەی یاسای نێودەوڵەتیەوە ڕێگری دەکات لەو ئانارشیەتەی، کە ڕیاڵستەکات وێنای سیستەمی نێودەوڵەتی پێ دەکەن، ئەم ئامانجەش لە ڕێگەی فۆرم و پێکهاتەی سەرو نەتەوەی بە دەست دەهێنریت،[5] چونکە ئەوان بەشێوەیەکی سروشتی باوەڕیان هەیە کە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەی دروستکردنی کۆمەڵێک

---

[1] Heywood, Andrew. *Global politics*: 251.

[2] تیۆری ئاشتی دیموکراتی (Democratic peace theory) پەیوەندییەکی هەمەلایەنەی لەگەڵ نەریتی تیۆری لیبراڵیزمدا هەیە. ئاشتی دیموکراتی هەر وەك لە خودی زاراوەکە دیارە لە دوو وشەی ئاشتی و دیموکراسی پێکهاتوە. پەیوەست بونی ئەم دوو وشەیە ئاماژەی بە هێنانەکایەوەی سیستەمێك دەکات، کە ڕەهەندێکی بریتییە لە ئاشتی و ڕەهەندەکەی تریشی بریتییە لە دێموکراسی. نەریتی سەرەکی ئەم تیۆرە لەسەر ئەو گریمانەیە دامەزراوە کە دەوڵەتە دێموکراتەکان پەیوەندییەکی ئاشتیخوازنەیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. هەروەها لە دوای جەنگی ساردەوە چەندین بیرمەند وەك فۆکۆیاما (Fukuyama) تیۆرەکانیان لەژێر تیۆری ئاشتی دێموکراتی خراونەتەڕو. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم تیۆرە بڕوانە:

Doyle, Michael W. *Liberal peace: Selected essays*. Routledge, 2011.

[3] Doyle, Michael W. "Liberalism and world politics." *American political science review* 80, no. 4 (1986): 1151-1169.

[4] Doyle, Michael W. "Liberalism and World Politics: 1160.

[5] Ibid,:1160.

دامەزراوەو ڕێکخراوەوە، کە نوێنەرایەتی دەوڵەتان بکات دەتوانرێت کۆنترۆڵی ئەو بارودۆخە بکرێت کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەیە. لە بەرئەنجامیشدا لیبراڵەکان ئاشتی وەک حاڵەتێکی ئاسایی دەبینن، لەم ڕوانگەیەوە، ئەوان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئاشتی دەکرێت بە دەست بهێنرێت لە ڕێگەی بازرگانی ئازاد یاخود کۆی شێوازەکانی تری پشت بەیەکتر بەستن لە نێوان دەوڵەتاندا. ئەم هۆکارەش وادەکات بابەتی جەنگ لە نێوان ئەو دەوڵەتانە ببێتە بابەتێکی بیرلێنەکراوە لە ڕوی تێچون و ئابوریەوە.

(جۆن ڕاوڵز) لە بارەی ڕەوایەتیدان بە جەنگ و بەکارهێنانی کردەی سەربازی لە کتێبی (The law of peoples) جەخت لەسەر دوو هۆکاری سەرەکی دەکاتەوە، لە حاڵەتی یەکەمدا دەبێت ئەو جەنگە جەنگێکی بەرگریکاری بێت واتە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی لایەنێکی دەستدرێژیکارە، کە دەبێت ڕێگری لێبکرێت، لە حاڵەتی دووەمدا ڕەوایەتیدان بە جەنگ خۆی پەیوەستە بە دەستدرێژی و سەرپێچیکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ، کە بەشێوەیەکە دەبێت وەک دوا بژاردە بەکاربهێنرێت بەرامبەر ئەو ڕژێمانەی کە ڕێز لە ماف و ئازادی هاووڵاتیانی خۆیان ناگرن.[1] (ڕاوڵز) لێرەدا مەبەستی هەمو ئەو ڕژێمە لادەرانەیە لە یاسا (outlaw states) کە تاکەکانیان تووشی نەهامەتی و سەرپێچکردنی مافەکانی مرۆڤ بونەتەوە، باوەڕی وایە، کە ئەم دەوڵەتانە دەستدرێژیکار و ترسناکن بۆ سەر ژیانی هاووڵاتیانی خۆیان، بۆیە گۆڕانکاری لەم ڕژێمانەدا پێویستە بۆ ئەوەی تاکەکان هەست بە ئاسایش و پارێزراوی بکەن. لە پێناو ڕزگارکردنی ئەو کۆمەڵگایانە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بەسەریاندا جێبەجێ بکرێت و لەم بارودۆخەدا دەکرێت کردەی جەنگ ڕەوایەتی وەربگرێت. لە دوای ڕوداوی تیرۆرستی ١١سێپتەمبەری ٢٠٠١، بەشێکی زۆر لە لێکۆڵەرانی لیبراڵیزم بە شێوەیەکی چڕ ئارگیۆمێنتی پشتگریان بۆ بەکارهێنانی هێز لە چوارچێوەی دەستێوەردانی سەربازی لە پێناو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و پرۆسەی دیموکراسیدا پێشکەش کرد. هەروەها تێزەکانی جۆن ڕاولزیش سەبارەت بە دادپەروەری وەک یەکێک لە بیرمەندانی لیبراڵیزم نزیکە لە تێگەیشتنی تیۆری جەنگی ڕەوا، چونکە بەشێکی گرنگی ئەو تیۆرە پەیوەستە بە دادپەروەری لە جەنگدا، لە هەمانکاتیشدا لیبراڵەکان دادپەروەری وەک بەشێکی گرنگ لە بەکارهێنانی هێز و دەستێوەردانە سەربازیەکان دەبینن.

### ٤-٦ تیۆری فیمینیزم و جەنگ:

فیمینیزم بریتییە لە بزوتنەوەیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی، کە خەبات دەکەن بۆ کۆتایی پێهێنانی پاشکۆیەتی ڕەگەزی و لەگەڵ چەندین ئاراستە و تیۆری تر لە پێناو چارەسەرکردنی کێشە ئابوری و کۆمەڵایەتی پەیوەست بە جیاکاری ڕەگەزی. یەکێک لەو بابەت و پرسانەی کە بۆتە جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانی بەشێکی زۆری فیمینزمەکان خۆی دەبینێتەوە لە بابەتی

---

[1] Rawls, John. *The law of peoples: with" The idea of public reason revisited"*. Harvard University Press, 2001:79.

جەنگ و ڕەوایەتی دان بە ململانێی چەکداریدا. دەرکەوتنی ئەم تیۆرو میتۆدە بۆ لێکۆڵینەوە چەمکی ئاسایش و دیاردەی جەنگ، لەڕوانگەی ئەوانەوە بۆ شکستی تیۆرەکانی ئیتیک دەگەڕێتەوە لە لێکدانەوە شیکردنەوەیان بۆ ڕەوایەتیدان بە جەنگ و توندوتیژی بە پاساوی بنەمای مۆراڵی. فیمینیزمەکان لە چەند ئاستێکی جیاوازەوە، دێنە ناو بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان. بۆیە ئەوان ئەو ڕاستیە دەخەنەڕو که ئەم بوارە لە لایەن پیاوانەوە قۆرغکراوە و لەژێر هەژمون و دەسەڵات و ئایدیۆلۆژییەتی ئەوان دایە، ئەمەش بۆتە هۆکاری سەرەکی بەردەوامی جەنگ و توندوتیژی و ململانێ. بۆیە بەشێوەیەکی گشتی فیمینزمەکان زۆرتر گرنگی بە پرسەکانی "جەنگ" و " ئاشتی" دەدەن. بەڕای لایەنگرانی ئەو بوارە ناکرێت سەیری جەنگ بکرێت وەک دیاردەیەک کە نەتوانرێت ڕێگری لێبکرێت لە ژیانی سیاسیدا. بۆیە بەشێوەیەکی گشتی ئەوان قبوڵی پێویستی و ڕەوایەتیدان بەجەنگ لە چوارچێوەیەکی مۆڕاڵیدا ناکەن. بەڵکو ئەوان باوەڕیان وایە بونیادنانی کۆمەڵایەتی هەرەمی جیاوازی نێوان ژن و پیاو وا دەکات کە جەنگ شیاوی ڕودان بێت.[1] بۆیە جەنگ لەدیدی ئەوانەوە دیاردەیەکی جێندەریە. ئەوان چەندین ئارگۆمێنتی سەرنج ڕاکێش دەخەنەڕو لەوەی کە لە لێکەوتەکانی توندوتیژی و جەنگدا پشکی گەورە بەر ئەوان دەکەوێت بەبێ ئەوەی کە بەشداربن و دەسەڵاتیان هەبێت. هەروەها ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ژنان بەردەوام قوربانیی گەورەی توندوتیژیی سێکسی و دەستدرێژییەکانن لە جەنگدا. ئەو ئەنجامانەی لە پاش جەنگ دێنەئاراوە هەر لە پرۆسەی بونیادنانەوەی ئاشتی و گەشەپێدان و سەقامگیری چ کاریگەریەک لەسەر جێندەر بەجێ دەهێڵێت.

یەکێک لەو بابەتانەی کە بەلای فیمینزمەکان جێگەی بایەخە بریتییە لە پەیوەندی نێوان جەنگ و جێندەر، کاتێک کە ئەوان باسی جێندەر ئەکەن مەبەستیان لە پەیوەندی هەر دوو ڕەگەزە. ئەوان بە تەواوی دژن لە قبوڵکردنی جەنگ وەک کردەیەکی بەردەوام لە ژیانی سیاسیدا. خاڵێکی تر کە لەم تیۆرەدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە بریتییە لەوەی کە زۆری ڕێژەی ژن لە پرۆسەی سیاسیدا دەرفەتی ئاشتی و کەمکردنەوەی توندوتیژی و جەنگ کەم دەکاتەوە. لێرەدا دیدێکی (فۆکۆیاما) دەخەینەڕو، کە پێی وایە دیموکراتی خۆرئاوا زیاتر ئاشتیخوازترە لەچاو سیستەمەکانی دی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا. چونکە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەشداری سیاسیی ئافرەت لە ئاستێکی بەرزدایە و ئەمەش لە ئەنجامدا ڕێژەی توندوتیژی لە سیاسەتی دەرەوەدا کەم دەکاتەوە بەشێوەیەک کە ئاشتی زیاتر بێتەدی.[2]

یەکێکی تر لە ڕەخنە سەرەکییەکانی تیۆری فیمینزم بریتییە لە گرفتی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاو چەکی زیرەک و لێکدانەوەیان لە چوارچێوەی جەنگی ڕەوادا. بەڕای ئەوان ئەم تیۆرە ناتوانێت وەڵامی پێشکەوتنەکانی بواری تەکنۆلۆژیا بداتەوە بەشێوەیەکی سەرەکی، بە

---

[1] Hun, Sinem. "An Evaluation of Feminist Critiques of Just War Theory." *DEP* 20 (2014): 77.
[2] Fukuyama, Francis. "Women and the evolution of world politics." *Foreign Affairs* (1998): 24-40.

تایبەت لە گرنگترین بنەما و پرانسیپەکانی وەک هاوڕێژەی (Proportionality) و جیاکاری (Discrimination) لە نێوان هاووڵاتیانی مەدەنی و ئامانجە سەربازییەکاندا. بۆیە زۆرێک لە فیمیزمەکان گریمانە و بنەماکانی تیۆری جەنگی ڕەوا بە سنووردار دەزانن لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ جەنگی نوێ و ڕووبەڕووبونەوە سەربازییەکانی، لەوەش زیاتر بە دیدو بۆچونی ئەوان لە بنەما مۆڕاڵیەکانی تیۆری جەنگی ڕەوادا هیچ شوێن و پێگەیەک بە ڕەگەزی مێ نەدراوە لە دەستپێکردن و چونە جەنگەوە.[1] هەروەها بەشێک لە لایەنگرانیان تێزەکانی تیۆری جەنگی ڕەوا ڕەتدەکەنەوە، بۆ نمونە توێژەر لۆرا شوبێرگ (Laura Sjoberg) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تیۆری جەنگی ڕەوا بریتییە لە گوتارێک وەک لەوەی چوارچێوەیەکی مۆڕاڵی بێت.[2] وەک دەردەکەوێت، فێمینستەکان دیدێکی ڕەخنەییان بۆ پرسی ئاشتی و جەنگ هەیە. هۆکاری سەرەکیش بە ڕای ئەوان بۆ ئەو بونیاد و بنەڕەتانەی کە بونەتە هۆی جیاکاری لە بواری ڕەگەزیەوە دەگەڕێتەوە. لە ڕوانگەی ڕەخنەی فێمینیستەکانەوە، بابەتەکانی ئاسایش، جەنگ، ئاشتی و دادپەروەری پێویستی بە دوبارە پێداچونەوە هەیە.

### ٤–٧ تیۆری بونیادگەرا (کۆنستراکتیڤیزم) و جەنگ:

بۆیەکەم جار لە کۆتای ساڵانی (١٩٨٠)دا ئەم تیۆرە لەلایەن نیکۆلاس ئۆنف (Nicholas Onuf) وەک تیۆرێکی کاریگەری سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان پەرەی پێدەدرێت.[3] بونیادگەرا بە یەکێک لە تیۆرە سەرەکیەکانی دادەنرێت، لە دوای کۆتایی قۆناغی جەنگی سارد وەک تیۆرێکی سەرەکی بەرامبەر هەردوو تیۆری باوی لیبرالیزم و ڕیالیزم جێگە و پێگەی خۆی گرتوە. هەریەکە لە تیۆرە باڵادەستەکانی تری وەک تیۆری عەقڵانی لە لێکدانەوەکانیاندا جەختیان لە فاکتەری ماتریاڵی دەکردەوە. بەڵام ئەم تیۆرە بە تێگەیشتنێکی نوێی لەڕێگەی فاکتەری جیاواز لە تیۆرەکانی ڕابردو وەک شوناس (Identity)، نۆرم (Norm)، کەلتور (Culture) لە چوارچێوەی بونیادێکی کۆمەڵایەتی لێکدانەوە بۆ دیاردەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی دەکات. بە واتایەکیتر ئەوان بڕوایان وایە، کە بونیادی نێودەوڵەتی، لە سەرچاوەی ماددی و نامادی پێک هاتوە. پەیوەست بە دیاردەی جەنگ و هۆکارەکانی زۆرێک لە توێژەران باوەڕیان وایە کە ئەم تیۆرە کەمترین لێکدانەوەی بۆ ئەم بابەتە کردوە. لە ماوەی جەنگی ساردا هەر دوو تیۆری سەرەکی ڕیالیزم و لیبراڵەکان وەک دوو تیۆری سەرەکی، باڵادەستی لێکدانەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیان کردبو. دیدو تێڕوانینی لایەنگرانی ئەم تیۆرە بە جیاواز لە تیۆرە باڵادەستەکانی تر لێکدانەوە بۆ پرسی جەنگ و ئاشتی دەکەن، بە جۆرێک ئایدیای سەرەکی ئەم تیۆرە ئەوەیە کە جەنگ بونیاد دەنرێت لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا.

---

[1] Hun, Sinem. "An Evaluation of Feminist Critiques of Just War Theory." *DEP* 20 (2014): 9.

[2] Laura Sjoberg, "Gendered Realities Of The Immunity Principle"*International Studies Quarterly* (2006): 28.

[3] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دەرکەوتنی ئەم تیۆرە و گەشەسەندنی بڕوانە تێزەکانی نیکۆلا ئۆنف:
Onuf, Nicholas Greenwood. *World of our making: Rules and rule in social theory and international relations*. Routledge, 2012.

پێگەی بنەما مۆراڵیەکان لەچوارچێوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت.[1] لێکدانەوەکانی ئەم تیۆرە بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و سیاسەتەکانی دەوڵەت لە ڕێگەی بیروباوەڕەوە شێوە دەگرن، کە ئەم باوەڕانە هەریەکە لەو مۆراڵ دەربارەی دەوڵەت و مرۆڤبون و دادپەروەری.

ئەوەی بابەتی جەنگ و ئاشتی لای ئەم تیۆرە دیاری دەکات، خۆی لە شوناس و بەرژەوەندی دەوڵەتان دەبینێتەوە. چونکە ڕەفتاری دەوڵەت (state behavior) بەڕێوەدەبرێت لەڕێگەی خودی بەها و بەرژەوەندی دەوڵەتانە، کە بە پێی جیاوازی قۆناغەکان لە گۆڕان و بەردەوامی دان. بە لای ئەوانەوە پرسی جەنگ و ئاشتی وەک بابەتێکی جێگیر و نەگۆر ناتوانرێت بڕیاری لەسەر بدرێت، بەڵکو بە پێی گۆڕانکارییە مێژوی و قۆناغە مێژوییەکان ڕووبەڕووی گۆڕانکاری دەبنەوە. کردەوەی دەوڵەت لە بوونییادێکی دروستکراوی کۆمەڵایەتیەوە سەرچاوە دەگرێت و درێژ دەبێتەوە بۆ ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و سیستەمی نێودەوڵەتی. تەوەرەی سەرەکی ئەم تیۆرە بریتییە لە پێکهاتەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی ئایدیاکانەوە (Ideas) نەک هێزە ماددییەکان (Materiel forces) دیاری دەکرێت.[2] هەروەها بە بۆچونی توێژەرانی ئەم تیۆرە نۆرم و بەهاکان لە پاش قۆناغی جەنگی ساردا گۆڕانکاریان بەسەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا هێناوە. لە ئەنجامی ئەمەشدا شێواز و چۆنیەتی دەستپێکردنی جەنگ و کۆتای پێهێنانی گۆڕانکاری سەرەکیان بە خۆیەوە بینیوە. سەرەڕای ئەوەی زۆر جەخت لەسەر بونی دەسەڵاتێکی شەرعی لە سەر ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ بڕیاردان لە جەنگ کراوەتەوە، بەڵام قۆناغی پاش جەنگ کە دەبێت چۆن بێت پێگەیەکی سەرەکی لەم تیۆرەدا گرتوە. پەیوەست بە ئەگەری گۆڕانکاری لە بوار و بابەتی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانیش، ئەم تیۆرە باوەری وایە، کە ئەم گۆڕانکارییانە بەپێی گۆڕانی شووناس و ڕیسا و ناسنامەکانەوە دەبێت، کە ئەکتەرەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا دێت.

لێرەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە، لە ڕێگەی ئەو بنەمایانەی کە ئەم تیۆرە جەختی لەسەر دەکاتەوە دەکرێت بە دوای گرنگترین تێزەکانی ئەم تیۆرەدا بگەڕێین، کە پەیوەستن بە مۆڕاڵی جەنگەوە. ئەوەی لەم تیۆرەدا جێگەی بایەخە بریتییە لە ئەو کارلێک و پەیوەندی و ململانێیانەی کە لە نێوان کارەکتەراکاندا هەیە، بەڕای ئەوان تا لە کارەکتەر و شوناس و تایبەتمەندیان تێنەگەین ناتوانین لە توندوتیژی و جەنگی نێوان لایەنەکان بگەن. بۆیە کاتێک توێژەرانی ئەم تیۆرە باوەڕیان وایە کە ئەو ئایدیاو بەهاکانن پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان ئاراستە دەکەن، لە ئەنجامی ئەمەشدا تیۆری جەنگی ڕەوا بریتییە لە کۆمەڵێک ئایدیا، هەر وەک چۆن یاسای نێودەوڵەتیش بەشێکی ترە لە و ئایدیاو بەهایانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بونیادنراوە. ئەوەی

---

[1] Price, Richard. "The ethics of constructivism." *The Oxford handbook of international relations* (2008): 317.

[2] Wendt, Social Theory of International Politics, Cambridge, UK: Cambridge University Press, 1999:1.

لێرەدا جێگەی بایەخە ئەوەیە کە بەشێکی زۆری پێناسەو لێکدانەوەکان بۆ چەمکی جەنگ کراون پشتگیری ئاڕاستە کۆمەڵایەتیەکە دەکەن. هەروەها لە یەکێک لە تێڕوانینەکانی (ۆلزەر) ئەوەیە، کە جەنگ دروستکراوێکی کۆمەڵایەتیە (social creation).[1] وەک دەردەکەوێت تیۆری بونیادگەرا، جەنگی ڕەوا پەسند دەکات، وەک بەشێک لە بەها گۆڕاوەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی. لەبەرئەنجامی ئەو گۆڕانەش لە دوای جەنگی سارد قۆناغێکی نوێ لە دەستێوەردانی مرۆیی دێتەکایەوە.

بۆ هەڵسەنگاندن و ڕوبەڕوبونەوەی کێشەکانی پەیوەست بە جەنگ، ئەلێکساندر وێندت (Alexander Wendt) یەکێک لە بەناوبانگترین بیرمەندانی ئەم تیۆرییە، لە کتێبە ناسراوەکەی (تیۆری کۆمەڵایەتی سیاسەتی نێودەوڵەتی)دا چۆنیەتی بەکارهێنانی هێزو توندوتیژی لێکدەداتەوە. لە ڕێگەی ئاماژەدان بە سێ کەلتوری سەرەکی وەک هۆبزیانە (Hobbesian)، لۆکیانە (Lockean) و کانتیانە (Kantian) بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی لە چوارچێوەی سیستەمی نێودەوڵەتی لێکدەداتەوە.[2] هەروەها بە بڕوای (وێندت) کەلتوری هۆبزی بریتییە لە تێز و بیرکردنەوەکانی (تۆماس هۆبز)، کە (وێندت) وەسفی ئەم کەلتورە دەکات لە کەلتوری "دوژمن"، کە دەوڵەتان دان بە بنەما مۆڕاڵیەکاندا نانێن و توندوتیژی بونیاد دەنرێت لە ڕێگەی هێزەوە. بەڕای ئەوان کەلتوری هۆبزی وەک بیرکردنەوەی ڕیاڵیزمی کلاسیکی دادەنرێت.[3] کەلتوری لۆکیان بریتییە لە کەلتوری کێبڕکێی نێودەوڵەتی، کە ڕەفتاری دەوڵەتان سنوردارکراوە لە ڕێگەی دانپێدانانی سەروەری ئاڵوگۆر. باشترین نمونە بۆ کەلتوری لۆکیان بریتییە لە سیستەمی دەوڵەتی وێستڤالیا. لەم قۆناغەدا جەنگ و توندوتیژی ڕەفتارێکی پەسندکراوە، بەڵام لە ڕێگەی یاسا و بنەما مۆڕاڵیەکان سنوردارکراون.[4] دواهەمین کەلتور لای (وێندت) بریتییە لە کەلتوری کانتیان، کە بریتییە لە کەلتوری هاوڕیەتی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا. جەنگ چیتر وەک ڕێگایەکی یاسایی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان سەیرناکرێت و دەوڵەتان بەشێوەیەکی کۆدەنگی ڕوبەڕوی ئەو لایەنە دەبنەوە، کە دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر سیستەم.[5]

## ٨-٤ تیۆری مارکسیزم و جەنگ:

ئەم تیۆرە وەک تیۆرێکی ڕەخنەیی لە بەرامبەر تیۆرە باوەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا دەردەکەوێت، شیکردنەوەی پرس و بابەتەکان لە چوارچێوەی تیۆری مارکسیزمدا لە هۆکاری ئابوریەوە دەگوازرێنەوە بۆ ئاستی سیاسی. تێگەیشتنی ئابورییانەی مارکسیزم بۆ جەنگ بە ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگای سەرمایەداری دەست پێدەکات. لایەنگرانی ئەم تیۆرە باوەڕیان وایە کە

(1) Walzer, Just and Unjust Wars: 24.
(2) Wendt, Alexander. *Social theory of international politics*. Cambridge University Press, 1999, 246-312.
(3) Ibid,: 261.
(4) Ibid,: 270-297.
(5) Ibid,:298-306.

تیۆر ڕیالّیزم و لیبرالّیزم بە کۆی ئاڕاستەکانیانەوە توانای وەڵامدانەوەی پرسی ململانێی نێوان نەتەوەکانیان نییە. لێکدانەوەو شیکردنەوەکانی تیۆری مارکسیزم سەبارەت بە جەنگ لە چوارچێوەی ڕەهەندی ئابوریدا، کە جەوهەر و ڕیشەی جەنگ دەگێڕێتەوە بۆ بنەماو تێگەیشتنی سیستەمی ئابوری سەرمایەداری. هێڵە گشتیەکانی ئەم تیۆرە بریتییە لە جەخت کردنەوە لە سیستەمی سۆشیالیزم گرەنتی و پارێزەری ئاشتیە ئەوەی جێگەی ئاماژەپێدانە، جەنگ بریتییە لە فۆرمێکی توندوتیژی سیاسی، کە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە نێوان پێکهاتەو دەوڵەتە جیاوازەکان دادەنرێت.[1]

لە میانەی لێکدانەوەکانی ئەم تیۆرەدا، هەمو ئەو جەنگانەی کە ڕودەدەن پەیوەستن بە بەرژەوەندی چینی سەرمایەداری. یاخود بە مانایەکی تر جەنگەکان ڕودەدەن لە پێناو پارێزگاریکردن و مانەوەی سیستەمی ئابوری قۆرخکار.[2] بۆیە بۆ ئەوان جەنگ هەمیشە وەک بژاردەیەکی کراوەی پەیوەست بە جیاوازی چینایەتی دەبینن، کە سەرچاوەی ئەم جیاوازییە لە دابەشکاری ئابوری و بازرگانی جیهانیەوە سەری هەڵداوە. چینێکی دەستەبژێری دەسەڵاتدار کۆنترۆڵی ئابوری و دامەزراوەکان دەکات و لە ئەنجامی ئەمەشدا نادادپەروەری جیهانی لە نێوان دەوڵەتاندا لێدەکەوێتەوە. لە ڕوانگەی تیۆری مارکسیزمەوە، ئاشتی دەستەبەر نابێت، تاوەکو جیاوازی چینایەتی هەبێت.[3] ئەم تیۆرە نەبونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی (Social Justice) بە یەکێک لە کێشە بنەڕەتیەکان دادەنێت ، دەبێتە زەمینەی دەرکەوتنی هۆکارەکانی جەنگ لە نێوان نەتەوەکاندا، کە دوو فۆڕمی تێیدا سەرهەڵدەدات وەک چینی باڵادەست، کە کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی ئابوری کردوە و لەگەڵ چینی کەنارگیر، کە لە ئاستی خوارەوە خۆی دەبینێتەوەو دەبێتە سەرچاوەی دابینکەری چینی باڵادەست.

ئەوەی دەردەکەوێت لە ئەدەبیاتی مارکسیزمدا بریتییە لە جەختکردنەوە لە چەمکی ئاشتی بەرامبەر چەمکی جەنگ، کە بەشێوەیەکی سنووردارتر باسی لێوەکراوە. هەر لەم ڕوانگەشەوە ئەوان لەگەڵ تیۆری لیبرالّیزم دژ دەوەستنەوە سەبارەت بە جەنگەکانی لیبراڵ دیموکراتی، کە وەک بەشێکی سەرەکی لیبراڵەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە. پێیان وایە سیستەمی لیبراڵی جیهانی لە قەیراندا، لە ئەنجامیش دەگوێزێتەوە بۆ جۆرە سیستەمێکی تر کە دەتوانێت دەستەبەری ئاشتی بکات. بەڕای ئەم تیۆرە، سیستەمی سەرمایەداری دیموکراتی توانا سەربازی و داراییەکان بەکاردەهێنن بۆ دەست بەسەرداگرتنی سەرچاوەو خاکی زیاتر لە پێناو فراوانکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان.[4] لێرەوە دەردەکەوێت، کە خاڵی گرنگ ئەوەیە کە

---

[1] Kara, Karel. "On the Marxist Theory of War and Peace: A Study." *Journal of Peace Research* 5, no. 1 (1968): 1-27.

[2] Hough, Peter. *Understanding global security*. Routledge, 2008:5.

[3] Richmond, Oliver, Sandra Pogodda, and Jasmin Ramovic, eds. *The Palgrave handbook of disciplinary and regional approaches to peace*. Springer, 2016:59.

[4] Gamble, Andrew. Marxism after Communism: beyond Realism and Historicism. *Review of International Studies*. 25(1999):136.

چالاکی ئابوری و سیاسی یەکانگیرن لەگەڵ یەکتر، ئەمە سەرای ئەوەی کە بەرژەوەندییە ئابورییەکان کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی بڕیاری سیاسی هەیە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیدا. بەڵام ئەوەی لەم تیۆرەدا توشی ڕەخنەبوە خۆی دەبینێتەوە لە تەنها یەک هۆکارێک بۆ جەنگ ئەویش بریتییە لە ململانێی چینایەتی، کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی هۆکارەکانی تر وەک هۆکارێک بۆ جەنگ لەبەرچاو نەگیرێن.

### ٤-٩ تیۆرە نۆرماتیڤەکان و جەنگ (Normative Theory):

یەکێک لەو تێگەیشتنە سەرەکیانەی کە بەرامبەر تیۆرە باڵادەستەکانی وەک ڕیاڵیزم و لیبراڵیزم خۆی لە تیۆری نۆرماتیڤ دەبینێتەوە.[1] تێزەکانی ئەم ڕێبازە زیاتر پشت بە بەهای هاوبەش و کەلتوری سیاسی دەوڵەتان دەبەستن لە چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکیەکانیاندا. ئەم تیۆرەش لە چەندین ئاراستەو قوتابخانەی سەرەکی پێک دێت، کە ئایدی جەوهەری ئەم تیۆرە لە پشت بەستنیانە بە بنەما مۆڕاڵییەکان لە ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا. توێژەرانی ئەم تیۆرە خۆیان وەک جێگرەوای تیۆرە سەرەکیەکان دادانین لە لێکدانەوەکانی بابەت و کێشەکانی پەیوەست بە سیاسەتی نێودەوڵەتی. تیۆری جەنگی ڕەوا بە تایبەت بەپێی لێکدانەوەکانی (ۆڵزەر) لە پەیوەندی هاوبەشدایە لەگەڵ بیرکردنەوەکانی تیۆری نۆرماتیڤ. ئەم تیۆرەش لە چەندین گۆشەنیگای جیاواز پێک دێت دەربارەی شێوازی جەنگ و ڕەوایەتی پێدانی، کە بە کورتی لە خوارەوە گرنگترین ئاراستە و ڕێبازە فکریەکانی ئەم تیۆرە دەخەینەڕو:

#### ٤-٩-١ کۆمەڵگەرایی (communitarianism):

یەکێک لە ڕێبازە سەرەکیەکانی تیۆری نۆرماتیڤ، بریتییە لە ڕێبازی کۆمەڵگەرایی وەک بەشێکی سەرەکی لە تیۆری سیاسیدا. ئەوەی دەردەکەوێت لەمیانەی ڕاڤەکردنی ئەم تیۆرە خۆی لە گرنگی و ڕۆڵی کۆمەڵگا لە ژیانی سیاسی تاکەکاندا دەبینێتەوە. بیرمەندانی ئەم ڕێبازە بە پێچەوانەی گەردونگەراکان باوەڕیان بە تێزو بیرکردنەوەی دەرەوەی دەوڵەت نییە، بە جۆرێک ئەوان جەخت لەسەر بوونی چوارچێوەیەکی سنوردار دەکەنەوە لە بیرکردنەوەی مۆڕاڵی لە لێکدانەوەکانیان.[2] (ۆڵزەر) وەک یەکێک لە بیرمەندانی ئەم ڕێبازە بانگەشەی ئەوە دەکات، کە کۆمەڵگای سیاسی مافی ئەوەی هەیە بۆ پاراستنی هاوبەشی لە تێگەیشتن و بەها هاوبەشەکان، بەڵام لە هەمانکاتدا هیچ پابەندبونێکی نیە لە پێناو پاراستنی ئەو هاووڵاتیانەی لە دەرەوەی ئەو بەها هاوبەش و تێگەیشتنە هاوبەشەدان.[3] لێکدانەوە و ڕوانینەکانی (ۆڵزەر)

---

[1] بۆ زانیاری لەسەر تیۆری نۆرماتیڤەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بڕوانە:
Dyer, Hugh C. "Normative theory and international relations." In *The Study of International Relations*, pp. 172-185. Palgrave Macmillan, London, 1989.
[2] Brown, Chris. *International relations theory: New normative approaches*. No. 327. Columbia University Press,, 1992:62.
[3] Walzer, Michael. *Spheres of justice: A defense of pluralism and equality*. Basic books, 2008.

هاوکارە بۆ بینینی هاوبەشی تیۆری جەنگی ڕەوا لەگەڵ کۆمەڵگەرای بۆ تێگەشتنیان لە جەنگ لە چوارچێوەیەکی فراوانتر.

### ٤-٩-٢ گەردونگەرایی (Cosmopolitanism):

ئەم ئاڕاستەیە جەخت لەسەر بەهاو بنەما گەردونیەکان دەکەنەوە، کە هەمو مرۆڤێک لە سەر ئاستی گەردونی خاوەنیەتی، وەک مافی ژیان و ئازادی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ. لایەنگرانی ئەم ڕێبازە مافەکانی مرۆڤ وەک مافێکی بنەڕەتی بۆ تەواوی مرۆڤایەتی سەیر دەکەن و ناکرێت هیچ گەل و نەتەوەیەک لە ژێر هەر بیانوێکدا بێت، دەستبەرداریان ببێت. هەر لەم ڕوانگەشەوە دەستتێوەردانی سەربازی لەلایەن دەسەڵاتێکی باڵای شەرعیەوە بە پرسێکی ڕەوا لە قەڵەم دەدرێت. بەشێوەیەکی گشتی لە بابەتی بەکارهێنانی هێزی سەربازیدا دەوڵەت یەکەی سەرەکی و شەرعیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دەبێت یەکانگیر بێت لەگەڵ بەها مۆڕاڵیە گەردونییەکان.[1] توێژەر بوڵ (Bull) پێی وایە، کە ئامانجە هاوبەشەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەبنە بنەما بۆ هێنانەکایەی مۆڕاڵی نێودەوڵەتی، چونکە ئەم بەهایانە ڕێکەوتنێکی گشتیان لەسەرە.[2] مۆڕاڵی جیهانی هەیە کە بەسەر دەوڵەتاندا جێبەجێ دەبێت، تاکەکانی ئەو دەوڵەتانەش وەک بەشێک لە کۆمەڵگایەکی هاوبەش سەیر دەکرێن، کە ئاستی تاک و دەوڵەت دەگرێتەخۆ، بۆیە زۆر کات بە ئێتیکی نێودەوڵەتی وەسف دەکرێت (international ethics).

لایەنگرانی ئەم تیۆرە، جەنگ وەک کردەیەکی پۆزەتیف دەبینن، ئەگەر لە چوارچێوەی تێگەیشتن و پرانسیپە مۆڕاڵیە گەردونیەکاندا بێت، چونکە ئەوان هەر دەستێوەردان و بەکارهێنانێکی هێز بۆ بەرژەوەندی سیاسی ڕەتدەکەنەوە و ئەو شێوازە لە جەنگ بە کردەیەکی ڕەوا سەیر ناکرێت. لێرەدا بۆچونێک هەیە، کە ئەم بەها گەردونیانە دەبنە باوەڕێکی گشتی کە دەوڵەتان لە ڕەفتار و کردەوەکانیان پەیڕەوی لێ دەکەن، لەڕێگەی ئەو نۆڕمانەشەوە جڵەوی کردەوەی جەنگ دەکرێت. لەم ڕوانگەیەوە، تیۆری جەنگی ڕەوا (بە تایبەت لای وَلْزەر) خاوەن بنەما و تێزی سیاسی هاوبەشە لەگەڵ هەریەکە لە کۆمەڵگەری و گەردونگەریدا. بەڵام ئەوان بە پشت بەستنی زیاتر بە مافەکانی مرۆڤ لێکدانەوە بۆ ڕەوایەتی جەنگ دەکەن.

### ٤-٩-٣ ئەنجامگەرایی (Consequentialism):

بەیەکێک لە ئاراستەکانی فەلسەفی مۆڕاڵ دادەنرێت،[3] زۆر کات بە قوتابخانەی سودگەراش باس دەکرێت (utilitarianism). ئەم قوتابخانەیە لە هزری فەلسەفەی مۆڕاڵ گرنگی و

---

(1) Fabre, Cecile. “Cosmopolitanism, just war theory and legitimate authority.” International Affairs 84, no. 5 (2008): 963-976.

(2) Dower, Nigel. *The ethics of war and peace*, 2009:57.

(3) بۆ مانای قووڵی فەلسەفی چەمکی ئەنجامگەرایی (کانسیکوێنشیالیزم) دەتوانرێت سود لەم لێکۆڵینەوەیە وەربگیریت:
Hooker, Brad. "Consequentialism." In *The Routledge companion to ethics*, pp. 470-481. Routledge, 2010.

بایەخێکی زۆری پێدراوە، لێرەدا بابەتی ڕەواییبون و ناڕەوایی کردەیەک پەیوەستە بە خودی ئەنجامەکەوە، بەمانایەکی تر ئەو ئەنجامانەی بە هۆی خودی کردەوەو ڕەفتارەکە بە دەست هاتوون بڕیاری لەسەر دەدەن. بەپێی تێزەکانی ئەم ڕێبازە فەلسەفیە بێت کوشتن و جەنگ کاتێک ڕێگەپێدراو دەبێت کە تاک ئەم کردەیە وەک بەشێک لە بەرگری لە خود ئەنجام دەدات، چونکە مانەوەی پەیوەستە بە خودی ئەم کردارەوە. بنەمای سەرەکی ئەم قوتابخانەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە "زۆرترین چاکە بۆ زۆرترین ژمارە"، ئەمەش واتای هەرشتێک کە لە ئەنجامدا چاکەی تێیدا بێت ڕێگەدارو دەبێت لەڕوی ئەخلاقیەوە.[(1)] لە چوارچێوەی ئێتیکی سەربازیدا، ئەم تیۆرە پاساو دەهێنێتەوە، بۆ کردەیەکی بۆمبارانکردن و وێرانکردنی بەشێک لە هاوولاتیانی مەدەنی، ئەم کردەوەییە ڕەوایەتی وەردەگرێت، چونکە لەدواجاردا دەبێتە لە ناوبردنی یاخیبوەکان. ئەنجامگەراییەکان لەو باوەڕەدان کە دەستتێوەردانە سەربازییەکان کاتێک ڕێگەدراو دەبن کە دەستەبەری زۆرترین پێداویستی و ئاسایشی مرۆیی تاکەکان بکەن.[(2)] لەم تیۆرەدا ئەو دەرئەنجامانەی لە کردەیەکدا دێنەکایەوە (بە باش و خراپیەوە) بڕیاڕ لەسەر ڕەوایەتی بونیان دەدەن. هەروەها زۆرجار وەک تیۆری مۆڕاڵ هەژماردەکرێت بۆ ڕەوایەتیدان بە کردەوەی جەنگ لە پێناو بەرهەمهێنانی باشترین ئەنجام کە لەڕێگەی ئەو جەنگەوە دێنەکایەوە.

### ٤-٩-٤ ئەرکگەرایی (Deontology):

ئەرکگەرایی بە یەکێک لە ڕێبازە گرنگەکانی فەلسەفەی ئەخلاق دادەنرێت، کە سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانییەکان، دواتریش پەیوەست دەبێت بە تێز و بیرکردنەوەکانی فەلسەفەی کانت. ئەرکگەرایی (دیۆنتۆلۆجی) بە مانای ئەرک دێت، سیستەمێکی ئەخلاقییە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن، مۆڕاڵ پابەندبونێکە بە کۆمەڵێک ڕەفتاری دیاریکراو و ئەو نۆرم و بەهایانە ملکەچن بۆ پابەندبونێکی ئەخلاقی.[(3)] لە ئەرکگەراییدا بابەتی ڕەوابون و ناڕەوابونی ڕەفتارێک یاخود کردەیەک پەیوەستە بە لایەنی باشی و خراپی خودی ئەو کردەوەی کە ئەنجام دەدرێت. ئەم دیدەش وەک دەردەکەوێت پەیوەست نابێت بە خودی ئەو ئەنجامەی کە لە کۆتایی بە دەستدەهێنریت، بەڵکو تەنها خودی ڕەفتارەکە بڕیار لەسەر ڕەوایەتی ئەو بابەتە دەدات.[(4)]

---

[(1)] Walter Sinnott-Armstrong, ‘Consequentialism’ in *Stanford Encyclopedia of Philosophy*, 2019, Available at: http://plato.stanford.edu/entries/consequentialism/ (Accessed: 2 January 2019)

[(2)] Heinze, Eric. *Waging Humanitarian War: The Ethics, Law, and Politics of Humanitarian Intervention*. Suny Press, 2009:44.

[(3)] Larry Alexander & Michael Moore, ‘Deontological Ethics’, in *Stanford Encyclopedia of Philosophy*, 2019, Available at: http://plato.stanford.edu/entries/ethics-deontological/ (Accessed: 28 January 2019).

[(4)] Ibid,.

لایەنگرانی ئەم ئاڕاستەیە زۆر بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە ئارگیۆمێنتی ئەوە دەکەن، کە کوشتنی تەنها کەسێک ڕێگەپێدراو نییە لە پێناو ڕزگارکردنی سەد کەس، چونکە کوشتنی ئەو کەسە بە سەرپێچی کردنی ئەرک و ڕێسای دژ بە کوشتن دادەنرێت.[1] دەتوانین بڵێین ئەرکگەرایی چەمکێکە پێچەوانەی ئەنجامگەرایە، کە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئەنجامەکانەوە لێکنادرێتەوە. بەڵکو کاتێک پێویستە دەوڵەتان بڕیار لە جەنگ بدەن کە سەرپێچی پرانسیپەکان (ئەو پرانسیپانەی جیهانین وەک یاسایەکی مۆراڵی) بکرێت، بۆنمونە دەوڵەتێک دەستدرێژی دەکاتە سەر دەوڵەتێکی تر بەبێ بونی هیچ هۆکارێکی ڕەوا یاخود ئەگەری جینۆساید هەبێت ئەوا ئەو کاتە جەنگ دەبێتە ئەرک. هەردو بنەمای ئەنجامگەرای و ئەرکگەرای وەک نەریتی تیۆری نۆرماتیڤەکان بە ڕەخنەگرتنیان لە بەرامبەر تیۆرە باڵادەستەکانی پێشوتر ڕادەوەستن.

**٤-١٠ ئەنجام:**

جەنگ وەک یەکێکە لەو بابەتە گرنگ و کاریگەرانەی تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئاسان نییە لە یەک ڕوانگەوە شیکردنەوەی بۆ بکرێت. بۆیە لە ڕوانگەی جیاوازەوە لەم بابەتە دەکۆڵدرێتەوە، بە شێوەیەک لە نێوان بەشێک لەو تیۆرە سەرەکیانەی ئاماژەیان پێدران دیدو تێڕوانینی هاوبەش و دژ بەیەک لە خۆدەگرێت. هەندێ لەم تیۆرانە کاریان لەسەر ڕەتکردنەوەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی جەنگ کردوە، بە پێچەوانەی ئەمە، سەرەڕای ئەوەی کە جەنگ بە پێی یاسا نێودەوڵەتیەکان سنوردا کراوە، جەخت لەسەر پێویستی کردەی جەنگ دەکەنەوە، لە چەندین بارودۆخ و قۆناغدا کە بژاردەی تر بونی نامێنێت. بەشێکی زۆر لە تیۆرەکان بابەتی ئێتیکی جەنگ وەک بابەتێکی خەیاڵی دەبینن، کە ئامانجی بەرژەوەندی نەتەوەیی دەوڵەتان لە پشتیەوە بونی هەیە، نەک خودی خۆی بەهایەکی ڕاستەقینە بێت. بە پێچەوانەی ئەم ئاڕاستەیەشەوە، لایەنگرانی پرانسیپە مۆڕاڵیەکان ئەوە دەخەنەڕو کە بەهاو نۆرمە ئەخلاقییەکان کاریگەریەکی ڕاستەقینەیان لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی هەیە.

بۆیە لەکۆتاییدا، پێویستە بگوترێت، سەرەڕای جیاوازی ڕیشەی لە نێوان تیۆرەکاندا، لە چەندین لایەن و ڕوانگەوە یەکانگیر و هاوبەش دەبن، بۆ نمونە هەر دو تیۆری سەرەکی ئاشتیخواز و ڕیالیزم بونی پەیوەندی لە نێوان مۆڕاڵ و جەنگدا ناگرنەخۆ. لای تیۆری ئاشتیخواز جەنگ لەژێر هەر بارودۆخێکدا بێت وەک کردەیەکی نەگریس سەیردەکرێت. کە ئەمەش تاکە تیۆر و تێگەیشتن نیە بۆ ڕەوایەتی گریمانە و تێزەکانی پەیوەست بە جەنگەوە. ئەو تێگەیشتنانە بە پێچەوانەی بنەماکانی تیۆری جەنگی ڕەوایە، کە لە ڕێگەی چوارچێوەیەکی مۆڕاڵی وەک جێگرەوەی تیۆرەکانی پێشوتر دەردەکەوێت. هەروەکو ئاماژەی پێکرا جەنگی ڕەوا لە بەشێک لە بۆچون و کاری لە پێشینەی مۆڕاڵی خۆیدا گەلێک ڕەهەندی هاوبەشی لەگەڵ تیۆری نۆرماتیڤەکاندا هەیە. ئەم ڕەهەندە هاوبەشانە بە تایبەت پێوەندی بە تێڕوانینەکانیان دەربارەی دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤەوە لە ئاستی جیهانیەوە هەیە.

[1] Larry Alexander & Michael Moore, ‘Deontological Ethics , 2019.

# بەشی پێنجەم

# تیۆری جەنگی ڕەوا و تیرۆریزم

## ٥-١ دەسپێک

لە ڕابردودا دەوڵەتان بە هەڕەشەی سەرەکی ئاسایشی یەکتر دادەنران، هەروەها جەنگیش لە نێوان دەوڵەتە نەتەوەیەکان ڕوی دەدا. بەڵام لە ئێستادا تیرۆر بە یەکێک لە هەڕەشە سەرەکییەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتی دادەنرێت، بەشێکی زۆری ناوەندە ئەکادیمی، سەربازی و سیاسی بەخۆیەوە سەرقاڵکردوە. ئەمەش وای کردوە نەتوانرێت چەمکی تیرۆر لەچوارچێوەی یەک تێگەیشتندا کورت بکرێتەوە. چونکە لە بواری پراکتیکیشدا یەک جۆر و شێوازی دیاریکراومان لە توندوتیژی سیاسی لەسەر ئاستی جیهاندا نییە. ئەم جیاوازییە لە تێگەیشتن بۆ چەمکی تیرۆر وای کردوە کە بەشێکی زۆر لە گروپ و لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و دەوڵەتان بەپێی بەرژەوەندەییە جیاوازییەکانی خۆیان ئەم چەمکە ڕاڤە بکەن. لەئەنجامی ئەمەشدا، زۆرکات ئەم تێگەیشتنانە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئازادی و مافەکانی مرۆڤ دانراون، هەروەها بەپێچەوانەشەوە بەپێی تێگەیشتنەکانی تر جۆرێک لە ڕەوایەتی دراوە بە کردەی تیرۆرستی، کە لە هەردوو حاڵەتەکاندا چەندین مەترسی لەگەڵ خۆی دێنێتەکایەوە. چونکە بەهۆی ئەو تێگەیشتنە جیاوازانەی کە هەن، بەشێک لە کردەوە تیرۆرستیەکان دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی چەمکی تیرۆر و هاووڵاتیانی مەدەنی دەکەنە ئامانج.

ئەوەی لێرەدا جێگەی گرنگی پێدانە ئەوەیە چۆن و بە چ شێوازێک وەڵامی مەترسی و هەڕەشەکانی تیرۆر دەدرێتەوە. یەکێک لەو بابەتانەی بۆ وەڵامدانەوەی تیرۆر دێتەکایەوە، بریتیە لە تیۆری جەنگی ڕەوا. بۆیە گرنگە لێرەدا باس لە گرنگترین ئەو تێز و تێگەیشتانە بکرێت، کە ئەم تیۆرە لە پەیوەندی لەگەڵ تیرۆر دەیهێنێتەکایەوە. گرنگی ئەم بەشە لەوەدایە کە دەیەوێت پەیوەندی نیوان جەنگ و تیرۆر دەستنیشان بکات و چۆنێتی ئەم پەیوەندییە بخاتەڕو. بۆیە لەم بەشەدا بەشێوەیەکی چڕ هەوڵدراوە وەڵامی کۆمەڵێک پرسیار بدرێتەوە وەک: چەمکی تیرۆر چۆن پێناسەکراوە؟ ئایا کردەوە تیرۆرستیەکان ڕەوایەتیان هەیە؟ چۆن مامەڵە لەگەڵ تیرۆر دەکرێت؟ ئایا تیرۆر وەک جەنگ هەژماردەکرێت؟ بۆیە لەم بەشەدا شیکردنەوەکانی پەیوەست بە چەمکی تیرۆر و پەیوەندی نێوان تیرۆر و جەنگی ڕەوا بەشێوەیەکی سەرەکی لە خۆدەگرێت.

### ٢-٥ چەمکی تیرۆر:

توندوتیژی ڕەگەزێکی گرنگی سەردەم و قۆناغە مێژوییە جیاوازەکان بوە. بەڵام ئەوەی بۆتە خاڵی جیاوازی خۆی لە ئامانج و شێوازەکانی ئەنجامدانی ئەو توندوتیژییە دەبینێتەوە.[1] لە ڕابردودا ئەوەی مۆنۆپۆلی توندوتیژی و بەکارهێنانی هێزی کردوە، خۆی لە ئەکتەری سەرەکی دەوڵەتان بینیوەتەوە، بەڵام جیهانی باڵادەستی جیهانگیری و ئاڵۆزبونی پەیوەندییەکان، گۆڕانکاری بەسەر ڕۆڵی دەوڵەتدا لە مۆنۆپۆڵی کردنی توندوتیژی دێنێت. لەئەنجامیشدا، دەوڵەتان چیتر ڕوبەڕوی مەترسی و هەڕەشە نابنەوە، تەنها لەلایەن دەوڵەتانی تر، بەڵکو لەپاڵ ئەو مەترسیانە، هەڕەشەکان لەلایەن گروپە چەکدارییە نادەوڵەتیەکانەوە بونەتە جێگەی مەترسی سەرەکی. کاتێک کە سەرچاوەی هەڕەشەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت دەبێت هۆکارەکانی چۆنیەتی ڕوبەڕوبونەوەشیان بگۆردرێن. لەم نێوەندەدا، تیرۆر وەک یەکێک لە چەمکە ئاڵۆز و پڕ گرفتەکان لە چەندین ناوەندی سیاسی و حکومەتە جیاوازەکانەوە دەردەکەوێت و دیدی جیاواز دەربارەی سروشت و ڕەهەندەکانی دەخرێتەرو. هۆکاری سەرەکی ئەم جیاوازیەش دەکرێت بۆ ئاڵۆزی و جیاوازی لە خودی چەمکی تیرۆردا بگەڕێتەوە، کە بە پێی گۆڕانکارییەکان چەندین تێگەیشتن و ڕەهەندی جیاوازی لە خۆگرتوە،[2] لایەنێکی تری ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەس و دەوڵەتانەی کە پێناسەیان بۆ چەمکی تیرۆر کردوە، کە بەرژەوەندییەکانی خۆیان ڕەنگدانەوەی لەسەر دیاریکردنی شوناس و سروشتی تیرۆر هەبوە. بۆیە خاسیەت و تایبەتمەندبونی کەسی تیرۆر زۆرکات پرسێک بوە بۆتە جیاوازی لە چۆنیەتی وەڵامدانەوەی مەترسەکانی تیرۆر لە نێوان دەوڵەتاندا.

لەڕوی زاراوەناسییەوە، ڕەگ وڕیشەی چەمکی تیرۆر بە مانای سیستەم (System) یاخود ڕژێم (regime) ی تیرۆر هاتوە، کە لەلایەن ڕژێمی جاکوبینەکانەوە (Jacobin regime) لە چرکەساتی شۆڕشی فەرەنسی بەبێ بونی مانایەکی نەرێنی بەکاریان هێناوە.[3] دوابەدوای ئەوە، ئەم چەمکە جێبەجێکراوە بەسەر هەمو ئەو سیاسەت و ڕژێمانەی کە کاری توندوتیژی و ترسیان ئەنجامداوە و مانایەکی نەرێنی وەرگرتوە. بۆیە ئاماژە بە ئەوە دەکرێت، کە یەکەم بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ فەڕەنسا بە ناوی (terrorisme) وەک ئاماژەکردن بە بەکارهێنانی گرتن و لە سێدارەدان لەلایەن بەرهەڵستکارەکان لە پاش شۆڕشی فەرەنسی.[4] بەهۆی ئەو بارودۆخە ناوخۆییەی کە لە فەرەنسادا هەبو، گروپی چەکداری دوژمنکار سەریان

---

[1] Audu, Sunday Didam, and Eteete Michael Adam. "A Legal Responses to Global Terrorism for the Attainment of World Peace." *JL Pol'y & Globalization* 54 (2016): 22.

[2] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر گفتوگۆی پێوانەکردنی چەمکی تیرۆریزم بڕوانە:
LaFree, Gary. "Conceptualizing and measuring terrorism." *Routledge Handbook of Terrorism and Counterterrorism* (2018): 22-33.

[3] Primoratz, Igor. "What is terrorism?." *Journal of applied philosophy* 7, no. 2 (1990): 129.

[4] Hersh, M. A. "Terrorism, human rights and ethics: a modelling approach." *IFAC Proceedings Volumes* 39, no. 23 (2006): 8.

هەڵدا، لە پێناو بڵاوکردنەوەی ڕێوشوێنی توندوتیژ دژ بە ئەوانەی کە بەرەنگاری شۆڕش بون. دواتر زاراوەی  چەمکی تیرۆریزم بە بڵاوکرنەوەی ترسێکی پەڕگیر (extreme fear) ناسێنرا. لێرەدا ئەم ترسە دەبەسترێتەوە بە بونی ئامانجێک،[1] هەر وەک پسپۆڕانی بواری لێکۆڵینەوەی تیرۆر ئاماژەی پێدەکەن، بونی ئامانجەکە بڕیار لەسەر کردەی ترس و توندوتیژیەکە دەدات.

لێرەدا بە شێوەیەکی کورت چەند پێناسەیەکی تیرۆر دەخەینەڕو. تیرۆریزم بریتییە لە بەکارهێنانی هێز یان هەڕەشەی بەکارهێنانی لە پێناو ئامانجی گۆڕانکاری سیاسی. هەر لە هەمان تێگەیشتندا، تیرۆریزم پێناسە دەکرێت بە بەکارهێنانی هێز بەشێوەیەکی نارەوا، لەکاتێکدا کە هاووڵاتیانی مەدەنی دەبنە ئامانج.[2] تیرۆر بریتییە لە کوشتنێکی سیتەماتیک، مەبەستدار، پلانداڕێژەر و هەڕەشەکردن لە کەسانی بێتاوان بۆ دروستکردنی ترس وتۆقاندن لە پێناو دەست گەیشتن بە دەستکەوتنی سیاسی و تەکنیکی و کاریگەریدانان لەسەر جەماوەر بەگشتی.[3] بۆیە کورترین و سادەترین تێگەیشتن بۆ تیرۆر بریتییە لە بەکارهێنانی توندوتیژی و ترس وەکو ئامرازێکی سیاسی.[4] لە پێناسەی یەکێک لە لایەنگرانی ئەم تێڕوانینە بیرمەندی ئەمەریکی چۆمسکی (Chomsky) پێیوایە، تیرۆر خۆی لە بەکارهێنانی ئامرازی توندوتیژو بە ئامانجگرتنی دانیشتوانی مەدەنی لە پێناو هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی سیاسی، ئاینی و ئامانجی تر دەبینێتەوە.[5]

لە هەمان تێگەیشتندا، دیارترین توێژەری بواری تیرۆریزم بۆز گەنۆر (Boaz Ganor) تیرۆر پێناسە دەکات بە بەکارهێنانێکی مەبەستدار یاخود هەڕەشەکردن و بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بە مەدەنی یان ئامانجی مەدەنی لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە سیاسیەکانیان.[6] بەپێی ئەم پێناسەیە تیرۆر شتێک نییە جگە لە زنجیرەیەک کرداری توندوتیژی ئامانجدار بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی سیاسی. ئەم بەکارهێنانەی توندوتیژیەش زۆرینەی کات دەگەڕێنەوە بۆ کارەکتەرە نادەوڵەتیەکان، وەک توێژەران جۆنز و لیبیکی (Jones and Libicki) باوەڕیان وایە کە گروپە تیرۆرستیەکان بریتین لە کۆمەڵێک لە تاکەکان کە دەگەڕێنەوە بۆ قەوارەیەکی نادەوڵەتی کە تیرۆر بەکاردەهێنن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان.[7] بەڵام ئەوە لەو پێناسەیەدا دەردەکەوێت، کە تیرۆریزمی دەوڵەتی (state terrorism) فەرامۆش کردوە، لە کاتێکدا وەک

---

(1) Primoratz, Igor. "What is terrorism?:130.
(2) Coady, Cecil AJ. "Terrorism and innocence." *The Journal of Ethics* 8, no. 1 (2004): 38.
(3) Ibid,:38.
(4) Ibid,:38.
(5) Hunstad, Ida Kathrine. "Implications of power of definition: Terrorism, insurgency and al-Shabaab." Master's thesis, Norwegian University of Life Sciences, Ås, 2018:33.
(6) Ganor, Boaz. "Defining terrorism: Is one man's terrorist another man's freedom fighter?." *Police Practice and Research* 3, no. 4 (2002): 297.
(7) Hunstad, Ida Kathrine. "Implications of power of definition: Terrorism, insurgency and al-Shabaab." Master's thesis, Norwegian University of Life Sciences, Ås, 2018: 3.

جۆرێک لە تیرۆریزم دادەنرێت. سەرباری ئەم کەموکورتییە لەو تێگەیشتنەدا، ئەم توێژینەوە گرنگی بە تیرۆری کارەکتەرە نادەوڵەتیەکان دەدات.

سەرەڕای ڕای جیاواز لەسەر ئەم چەمکە، دەکرێت پێناسەی تیرۆر بکرێت، کە زۆرێک لە توێژەران تارادەیەکی زۆر لەگەڵی هاودەنگ بن، بە بەکارهێنان یاخود هەڕەشەی بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بە هاووڵاتیانی مەدەنی، لەلایەن گروپە نادەوڵەتیەکانەوە لە دەرەوەی گۆڕەپانی جەنگ. لەم ڕووەوە لێکۆڵینەوەی زۆر هەن، کە ئەم ڕاستیە دەردەخەن، لە پێناسەی یەکێک لە لایەنگرانی ئەم ئاڕاستەیە، گاریسۆن (Garrison) پێناسەی تیرۆریزم دەکات "بە بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ دروستکردنی ترس لە نێوان ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک (audience) لە پێناو دروستکردنی گۆڕانکاری لەو ژمارە زۆرەی خەڵک".[1] هەروەها هەر لە چوارچێوەی ئەم تێگەیشتنەدا وڵزەر (Walzer) پێناسەی تیرۆر دەکات بە کوشتنی کەسانی بێتاوان کە ئامانجی ئەم کوشتنە بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندنە.[2] ئەم ڕوانینەی وڵزەر بۆ پێناسەی تیرۆر، هەر دوو ڕەگەزی سەرەکی هەڕەمەکی و بێتاوان لەخۆدەگرێت. بە کورتی، کەسانی بێتاوانیش هەمو ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە بەهیچ شێوەیەک بەشدارنین لە جەنگدا، ئەم تێروانینەشی بە تەواوەتی لە بنەماکانی تیۆری جەنگی ڕەوا ڕەنگیداوەتەوە. فەرهەنگی ئۆکسفۆرد پێناسەی تیرۆر دەکات "بە بەکارهێنانی توندوتیژی و ترساندن بە تایبەت بۆ ئامانجی سیاسی".[3] لە دەربڕینی ئۆکسفۆردا تیرۆر بریتییە لە کۆمەڵێک ترس و هەڕەشە کە لە ژێر ئامانجی سیاسیدا دروست دەبن. یان تیرۆر پێناسە دەکەن بە ئازاردان و زیانگەیاندنێکی مەبەستداری کەسانی مەدەنی. لە هەمان تێگەشتندا پێناسەی تیرۆر دەکرێت بە کردەیەکی سیاسی یاخود چەند کردەوەیەکی بەدوایەکدا، لە بە ئامانجگرتنی دانیشتوان بەترس.[4] بۆیە دەکرێت بوترێت، بە ئامانجگرتنی هاووڵاتیانی مەدەنی بە یەکێک لەو خاڵانە دادەنرێت، کە تیرۆر لە توندوتیژییە سیاسییەکانی تر جیادەکاتەوە.

هەروەها مایکل ستۆل (Michael Stohl) ئەم تێزە بەم شێوەیە بەکاردەهێنێت، پێناسەی تیرۆر بەپرۆسەی پەیوەندی سیاسی (political communication) دەکات.[5] بەپێی ئەو پێناسە بێت تیرۆر بریتییە لە دروستکردنی توندوتیژی وەک گەیاندن و ناردنی پەیامێکی سیاسی. ئەگەر بە وردی لەو پێناسەیە ڕابمێنین، زۆر بە ڕونی دەتوانین ئاماژە بەو خاڵانە

---

(1) Garrison, Arthur. "Terrorism: The nature of its history." *Criminal Justice Studies: A Critical Journal of Crime, Law and Society* 16, no. 1 (2003): 40.
(2) Bethke Elshtain, Jean. "Terrorism, Regime Change, and Just War: Reflections on Michael Walzer." *Journal of Military Ethics* 6, no. 2 (2007): 132.
(3) Meisels, Tamar. "Defining terrorism–a typology." *Critical Review of International Social and Political Philosophy* 12, no. 3 (2009): 334.
(4) Corlett, J. Angelo. "Can terrorism be morally justified?." *Public Affairs Quarterly* 10, no. 3 (1996): 165.
(5) Dexter, Helen. "Terrorism and violence: another violence is possible?." *Critical Studies on Terrorism* 5, no. 1 (2012): 129.

بکەین، تیرۆر چالاکیەکی بە ئامانجدارە لە پێناو بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن. هەمو کردەیەکی توندوتیژی ناردنی پەیامێکە بۆ بەرامبەر، جا مەبەستدار بێت یاخود بێ مەبەست. بۆ نمونە تەقاندنەوەی پردێک کە پلانی بۆ دانراوە بۆ کردەیەکی وێرانکردن خۆی لە ناردنی پەیامێکە.[1] هەروەها کوشتنی زیندانیەک کە جێبەجێ دەکرێت وەک سزایەک، بەڵام ئامانجەکە بریتییە لە ناردنی پەیامێک. ئامانجی ناردنی ئەو پەیامەش بریتییە لە ترساندن و ناچارکردنی دوژمن و دانانی کاریگەری سیاسی و دەرونی. لێرەدا بە بەراورد بە تێگەشتنەکانی تر، پێناسەکەی مایکل تێروانینێکی نوێی لە خۆگرتوە. دەتوانین بڵێین، کە ئەم پێناسە تارادەیەکی زۆر ڕاڤەی چەمکی تیرۆر دەکات لە دیدی لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان تیرۆر و توندوتیژی، دیارە کە پەیوەندی و گەیاندنی نامە هەرگیز لە دەرەوەی کاری تیرۆرستی نەبوە، بەڵکو هەمیشە لە کرۆکیدا بوە.

لە هەمانکاتدا ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە، کە تیرۆر بە سروشت پرۆسەیەکی پەیوەندییە، کە هەریەکە لە توندوتیژی و پروپاگەندە پێکەوە دەگرێتەخۆ.[2] پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە قۆناغی ئێستادا دوری نێوان نەتەوەو دەوڵەتە جیاوازەکانی کەمکردۆتەوە، لە ئەنجامی ئەمەشدا ئاسانتر دەتوانرێت پەیوەندی دروست بکرێت. ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی ئەم پرۆسەیە لەبەرژەوەندی مرۆڤایەتیدابێت، ئەوا لە هەندێک ڕوانگەوە بۆتە هۆکارێک بۆ ئەوەی کارەکتەری تر بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بهێنن، بۆیە گروپە تیرۆریستەکان لە ئێستادا ئاسانتر توانای ڕێکخستن و کۆبونەوە و ئەنجامدانی چالاکیان هەیە و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و پەیوەندییەکان دەرفەتی خێراتر و ئاسانتریان پێ بەخشیوە.

هەرچەندە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەیتوانیوە پێناسەیەکی کۆدەنگ و گشتگیر بێنێتەکایەوە، کە تیایدا جێگای ڕەزامەندی هەموان بێت. بەڵام سەرەڕای ئەمە نزیکەی (٢٠) ڕێکەوتننامەو یاسا و بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش جەختیان لەسەر قەدەغەی کردەوەی تیرۆری دژ بە کەسانی مەدەنی کردوە.[3] ئەنجومەنی ئاسایشی لە چەندین بڕیاری جۆراوجۆردا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە نابێ هیچ دەوڵەتێک دژ بە دەوڵەتێکی دیکە کاری تیرۆریستی ئەنجام بدات یان هانی گرووپێکی چەکدار بدات لە پێناو ئەوەی زەمینە بۆ کاری تیرۆریستی بڕەخسێنێ. هەر لەو ڕوانگەیەوە، دوای کردەوە تیرۆریستیەکەی یانزەی سێپتەمبەر ئەنجومەنی ئاسایشی بڕیاری (١٣٧٣)ی لە ٢٠٠١ دەرکرد، بەپێی ئەو بڕیارە ئەو هێرشەی بە کارێکی تیرۆریستانە دانا، چونکە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی خستۆتە مەترسیەوە.[4] بڕیارەکە مافی بە هەر دەوڵەتێک دەدا کە روبەڕوی تیرۆر دەبێتەوە، پێویستە شێوازو کردەوەی گونجاو بگرێتەبەر بۆ وەڵامدانەوەی

---

[1] Dexter, Helen. "Terrorism and violence:129.

[2] Walker, Clive. "The war of words with terrorism: an assessment of three approaches to pursue and prevent." *Journal of Conflict and Security Law* 22, no. 3 (2017): 523.

[3] Edwards, Holli. "Does international law apply to the Islamic State." *Strategic Security Analysis* 1, no. 1 (2017).

[4] UN Security Council Resolution, (1373), 28 September 2001.

ئەو مەترسییە. لەم بڕیارەدا ئەنجومەنی ئاسایش ڕای گەیاند" کردەکان، ڕێگاکان و پیادەکردنی تیرۆریزم دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ مەبەست و بنەماکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، بەئاگاداریەوە دابینکردنی دارایی، پلاندانان، هاندانی کردەوەی تیرۆرستی بە هەمان شێوە لەگەڵ ئامانج و پرانسیپەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان دژ دەوەستێتەوە. بۆیە دەبێت دەوڵەتان بە هەمو شێوەیەک کار بکەن بۆ ڕێگری کردن لە کردەوەی تیرۆرستی وەک چۆن بڕیارەکەی جەختی لەسەر کردۆتەوە، بۆ بەرەنگاربونەوەی تیرۆریزم.[1]

هەروەها نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی (٢٠٠٤) لە بڕیاری (١٥٦٦)ی ئەنجومەنی ئاسایشدا پێناسەی تیرۆر دەکات بەم شێوەیە "کرداری تاوانکارییە کە دژی مەدەنیەکان ئەنجام دەدرێت بەو نیەتەی کە ببێتە هۆی مردن یاخود بریندار بونێکی سەخت یان بەبارمتەگرتن بە مەبەستی هاندانی حاڵەتی ترس و تۆقاندن لەناوخەڵکدا یان لە ناو گروپێکی دیاری کراو یاخود کەسێکی دیاریکراو. خەڵک دەترسێنن و حکومەت ناچاردەکەن یان دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان بە کردنی یان ڕێلێگرتن لە هەر کردارێک".[2] وەک دەردەکەوێت ئەم پێناسەیە گشتگیر نیە و ڕەگەز و ئامانجەکانی تیرۆریزمی لە خۆنەگرتوە، بۆیە زۆرکات وەک ڕەخنەیەک ڕوبەڕوی نەتەوە یەکگرتوەکان دەبێتەوە چونکە نەیتوانیوە پێناسەیەکە ورد و گشتگیر بێنێتەکایەوە.[3] بە هۆی نەبونی پێناسەیەکی نێودەوڵەتی گشتگیر بۆ چەمکی تیرۆر، بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش ڕوبەڕوی ڕەخنەی یاسایی دەبێتەوە. دەکرێت باس لەوە بکرێت کە لە دوای یانزەی سێپتەمبەرەوە هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان پەیوەست بە مەسەلەی تیرۆر کەوتۆتە ژێر ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، هەر لەو سۆنگەیەوە بڕیاری ئەوە دەدات کام ڕێکخراو یان کام گروپ تیرۆریستە.

وەک دەردەکەوێت هەرچەندە کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی هەوڵێکی زۆری دا بۆ پێناسەکردنی زاراوەی تیرۆر لەڕوی یاسای نێودەوڵەتیەوە، بەڵام سەرکەوتونەبوە لە گەیشتن بە تێگەشتنێکی گشتگیر و فراوان سەبارەت بە چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ چەمکی تیرۆر. ئەمە سەرەڕای ئەوەی، بەپێی ماددەی (٧) پەیڕەوی ڕۆمای دادگەی تاوانی نێودەوڵەتی، کردەوە تیرۆرستیەکانی وەک کوشتن، قەتلوعامکردن، بە کۆیلەکردن، ئەشکەنجەدان و ناچارکردنی خەڵک بە ڕاگواستن بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی دادەنرێن (against humanity crime).[4] بۆیە دەتوانرێت ئەو کەسانە دادگەیی بکرێن، کە تاوانی نێودەوڵەتیی وا ئەنجام دەدەن، ویژدانی مرۆڤایەتی

---

[1] Ibid,.

[2] UN Security Council Resolution 1566 (2004).

[3] دەربارەی ڕۆڵی (UN) لە بەرپەچدانەوەی تیرۆر بڕوانە لێکۆلینەوەیەکی بە بایەخی دەیڤد کوارترایت (David Cortright) و چەند توێژەرێکی تر، کە هەڵسەنگاندنیان بۆ بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و لیژنەی ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆر کردوە:
Hamilton, Lee H. *Uniting against terror: Cooperative nonmilitary responses to the global terrorist threat*. MIT Press, 2007.

[4] The *Rome Statute of the International Criminal Court*, 17 July 1998, 2187 UNTS 90. Art. (7).

دەهەژێنێ. وەک پشتگیریکردن لە جیاکردنەوەی یاساکانی تاوانی جەنگ و تاوان لەدژی مرۆڤایەتی و جینۆساید.

هەر لەم بارەیەوە پێناسەیەکی تر بۆ تیرۆر دەخەینەڕو، کە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە کراوە وەک "بە لەبەرچاوگرتنی سروشت و چوارچێوەکەی، لەوانەیە ببێتەهۆی تێکشکاندنی وڵاتێک یاخود ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی، کە ئەنجام دەدرێت بە ئامانجی تۆقاندنێکی زۆر لەناو خەڵکدا یاخود ناچارکردنێکی ناپێویست بۆ حکومەت یان ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بۆ ئەنجامدانی یاخود ئەنجام نەدانی کارێک، هەروەها ناسەقامگیری و تێکدانی سیاسەتە بنەڕەتیەکان، دەستور، ئابوری و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا یاخود لە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیدا.[1] بەپێی ئەم پێناسە بێت تیرۆر توندوتیژیەکی ناڕەوایە کە تیادا دژ بە کەسێکی مەدەنی یان دامەزراوەکانی دەوڵەت بەکاردەهێنرێت. هەروەها لە ڕێگای ئەنجامدانی ئەو توندوتیژییەوە، دەیانەوێت ڕەفتار و سیاسەتی دەوڵەتان ناچار بە گۆڕان بکەن.

تێگەیشتنی ئەمەریکاش بۆ تیرۆر بریتییە لە ئەو چالاکیانەی کە دەبنەهۆی توندوتیژی یاخود دەبنەهۆی مەترسی لەسەر ژیان، کە یاسای تاوانەکان پێشل دەکەن لە ویلایەتە یەکگرتوەکان یاخود لە هەر دەوڵەتێکی تر، وادەردەکەوێت کە ئەو نیەتانەیان هەیە: ١) تۆقاندن و توندوتیژی دژی دانیشتوانی مەدەنی ٢) کاریگەری دانان لەسەر سیاسەتەکانی حکومەت لەڕێگەی ترس و تۆقاندنەوە ٣) بۆ کاریگەری دانان لەسەر ڕەفتاری حکومەت لە ڕێگەی وێرانکاری گەورە، کوشتن (اغتیالات)، فڕاندن لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا. دامەزاروە جیاوازەکانی ئەمەریکا دیدو تێڕوانینی خۆیان بە جیاوازی خستۆتەڕو، لەم بارەیەوەش وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پێناسەی تیرۆر دەکات بە کارهێنانی توندوتیژیەکی مەبەستدار دژ بە کەسانی مەدەنی.[2] هەڵبەتە بەهۆی نەبونی پێناسەیەکی نێودەوڵەتی، پێناسەکردنی ئەمەریکاش بۆ ئەم چەمکە ڕەگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی و هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا بە هەڕەشە بۆ سەر تەواوی جیهان دادەنێت.

هەروەها یاسای دژە تیرۆری عێراق بەم شێوەیە چەمکی تیرۆر دەناسێنێت: "هەمو کارێکی تاوانکاری ئەنجام دراو لەلایەن تاکێکەوە یاخود گروپێکی ڕێکخراوە، کە تاکێک یان گروپێک لە تاکەکان یان گروپەکان یان دەزگایەکی فەرمی یان نافەرمی بە ئامانج دەگرێت یان دەبێتەهۆی زیانگەیاندن بە موڵک و ماڵی گشتی یان تایبەت بە ئامانجی تێکدانی ئاشتی، ئارامی و یەکێتی نەتەوەیی یان ترس و تۆقاندن لەنێو خەڵکدا بڵاودەکاتەوە یاخود دۆخێک دروست دەکات بە

---

[1] The European Union defines terrorism for legal/official purposes in Art.1 of the Framework Decision on Combating Terrorism (2002).

[2] Quansah, Egyir Kow. "Adherence to the Geneva Conventions by the United States of America during the War on Terror." Master's thesis, Norwegian University of Life Sciences, Ås, 2018:28.

مەبەستی بە دەستهێنانی ئامانجی تیرۆرستی".[1] هەروەها لە بەشێکی زۆری پێناسەکاندا ئاماژە بە بەکارهێنانی توندوتیژی بە مەبەست کراوەتەوە کە لەلایەن گروپە تیرۆرستیەکان ئەنجامدەدرێت. بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ ئامانجی سیاسیی دیاردەیەکی کۆنە، دەکرێت پەیوەست بێت بە ئاین، کەلتور و ڕەگەز و هۆکاری ترەوە. لە ڕابردودا لە بەشێکی زۆر لە دەوڵەت و ئاینەکاندا ئەم توندوتیژییە بونی هەبوە، بەڵام لە قۆناغی نوێدا زیاتر پەیوەستە بە توندڕەوی و گروپە چەکدارییە ئیسلامیەکان.

بەهۆی زۆری پێناسە و ئاڕاستە جیاوازەکان بەدەستهێنانی تێگەشتنێکی هاودەنگ ئاسان نییە بۆ ئەم چەمکە، ئەمەش مانای ئەوەیە لە چەند ئاستێکدا لە گۆڕانکاری دایە. سەرەڕای ئەوەی کە پێناسەیەکی زۆر بۆ چەمکی تیرۆر کراون، بەڵام بەشێکی زۆریش لە توێژەرانی ئەم بوارە پێناسەی هاوشێوەو نزیک لەیەکیان خستۆتەڕو. ئەگەر پێناسەیەکی تاڕادەیەک گشتگیر وفراوان بخەینەڕو، لێکۆڵەر و ئەکادیمی ئالێکس بێلمەی (Alex Bellamy) باوەڕی وایە دەبێت چەند ڕەگەزێکی سەرەکی لە خۆ بگرێت وەک: یەکەم_ تیرۆر توندوتیژیەکە پاڵنەری سەرەکی سیاسیە. دووەم_ لەلایەن کارەکتەرە نادەوڵەتیەکان ئەنجامدەدرێت. سێیەم_ بە ئامانجگرتنی کەسانی مەدەنی بە شێوەیەکی مەبەستدار. چوارەم_ لە پێناو ئامانجی دروستکردنی ترس و تۆقاندنە لە کۆمەڵگادا.[2] ڕاستە تیرۆر لەلایەن کارەکتەری نادەوڵەتی ئەنجام دەدرێت بەڵام هەندێ جار دەکرێت دەوڵەتێک لە پشتیەوە بێت.

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بڵێن، تیرۆریزم کردەیەکی سیاسی عەقلانیە بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئامانجی ویستراو لە ڕێگەی بەکارهێنانی توندوتیژی. تیرۆر کارێک نیە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی یان تاکە کەسی (personal gain). خاڵی هاوبەش لە ژمارەی پێناسەکاندا بەکارهێنانی توندوتیژی، ترسان و هەڕەشەی بەکارهینانی توندوتیژی دەگرێتەخۆ کەدژی کەسێک یاخود گروپێک لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجی ئاینی، سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەم توندوتیژییە دەکرێت ڕاستەوخۆ بێت دژ بە هاووڵاتیانی مەدەنی بۆ فشارخستەسەر حکومەت بێت یاخود ڕاستەوخۆ دژی حکومەتێک بێت بۆ فشار خستنەسەر حکومەتێکی تر[3] چونکە بۆ تیرۆرست ئەو ئامانجە ویستراوە بەهاو باڵایە، بۆیە ئەو ڕێگاو میکانیزمانە پەیڕەو دەکەن، کە دەبنە هۆکارێک بۆ کوشتنی کەسانی مەدەنی و وێرانکردنی کۆمەڵگا.

وەک ئەوەی دەردەکەوێت کە تیرۆریزم بە دوای قوربانیەکی دیاریکراوەوە نییە گرنگیش نییە لای کێ دەبێتە قوربانی بەڵکو دەگەڕێت بۆ ئامانجێکی دیاریکراو.[4] هەروەها کردەوەی

---

[1] Iraq’s Anti-Terrorism Law, (no. 13 of 2005).
[2] Bellamy, Alex J. "Is the war on terror just?." *International Relations* 19, no. 3 (2005): 283-284.
[3] Hersh, M. A. "Terrorism, human rights and ethics: a modelling approach." *IFAC Proceedings Volumes* 39, no. 23 (2006): 8.
[4] بۆچی تیرۆریستەکان لە پێناو کوشتنی کەسانی مەدەنی کردەوەی تیرۆرستی دەکەن؟ ئەوا بێگومان پشت ئەستورن بە چەندین هۆکار و کاریگەری فاکتەری جیاواز، بۆ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی تیرۆریزم بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

تیرۆرستی به ئەنجامدانێکی هەڕەمەکی دانانرێت، چونکە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان ڕێکخراوگەلێکین پێش ئەنجامدانی کردەوە تیرۆرستیەکانیان بەوردی لێکدانەوە بۆ هەنگاو کارەکانیان دەکەن. بۆیە گروپە تیرۆریستییەکان ستراتیژیانە بیردەکەنەوە، کە لەڕێگەی ئەنجامدانی هێرشی تیرۆریستییەوە دەیانەوێت بەشێک لە ئامانجە سەرەکیەکانیان بەدەستبهێنن. لە ئەمرۆشدا تیرۆر و کردەی تیرۆریستی بەکێک لە مەترسیدارترین هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی دادەنرێت. هێرشە تیرۆرستیەکان بۆ سەر کەسانی مەدەنی وەک کردەیەکی ڕەوا لەلایەن تیرۆرستانەوە دادەنرێت.

**٥_٣ تیرۆریزمی کۆن و نوێ:**

دەبێت ئەو ڕاستیە لەبەرچاو بگیرین، کە پسپۆڕانی بواری تیرۆریزم، پۆلێنی تیرۆرستان بە تیرۆریزمی کۆن و نوێی دەکەن، کە لە چەند ئاستەوە کردەو ئامانجەکانیان جیاواز دەبێت. لەم بارەیەوە، لێکۆڵینەوەکانی پیتەر نیومان (Peter R. Neumann) زیاتر تیشکی خستۆتەسەر ڕەهەندی پۆلێنبەندی کردەوەی تیرۆرستی، (نیومان) باوەڕی وایە دەکرێت لەم بارەیەوە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە شێواز و سروشتی تیرۆر جۆرێک لە پۆلێنکاری بهێنینە ئاراوە. بە تێڕوانینی ئەو هۆکاری سەرەکی بۆ گۆڕانکاری لە سروشتی تیرۆر دەکرێت پەیوەست بێت بەو بارودۆخە نوێیەی کە بەهۆی جیهانگیرییەوە هاتۆتەکایەوە، لێرەدا (نیومان) بە هەمانشێوەی (ماری کالدۆر) ئەو تێگەیشتەنە بۆ تیرۆر دەخاتەڕو. ئەو پێی وایە کە تیرۆریزمی کۆن لە ڕوی ڕێکخستن و پێکهاتەوە هەڕەمەکیە، لە ڕوی ئامانجیشەوە ناسیۆنالستی و مارکسییە، بەشێوەیەکی گشتی خۆبەدور دەگرن لە بەئامانجگرتنی کەسانی مەدەنی. بەڵام بەپێچەوانەوە، تیرۆریزمی نوێ زیاتر پشت بە دیدو تێڕوانینی توندڕەوی ئاینی دەبەستن و جیاکاری ناکەن لە نێوان ئامانجی سەربازی و مەدەنی، هەروەها لەڕوی ڕێکخستنەوە وەک تۆڕێک بەیەکەوەبەستراون، کە درێژکراوەی پلان و ئاراستەی جیهانین.[1] لە میانەی ئاماژەپێدان و ڕاڤەکردنی ئەم جیاکاریە هەوڵ دەدەین لە ڕێگەی ئەم نەخشەی ژمارە (٥) پۆلێنبەندی تیرۆریزمی کۆن و نوێ بخەینەڕو:

---

Bjørgo, Tore, ed. *Root causes of terrorism: Myths, reality and ways forward*. Routledge, 2004.

[1] Falkiner, Daniel. "Old & New Terrorism." *Global Policy* 3, no. 2 (2012): 253.

**خشتەی ژمارە (٥-١)**

**جیاوازی نێوان تیرۆریزمی کۆن و نوێ**

| | تیرۆریزمی کۆن (Old Terrorism) | تیرۆریزمی نوێ ( New Terorrism) |
|---|---|---|
| پێکهاتەی ڕێکخراوەی | هەڕەمی (Hierarchical) | وەک تۆڕێک (Networked) |
| مەودای کردەوەکانیان | لە ناوچەیەکی ناوخۆیی (home region) | لە دەرەوەی ناوچەی ناوخۆیی |
| پاڵنەرەکان | ئایدۆلۆژی سیاسی و ناسیۆنالستی | دەمارگیری ئاینی |
| تاکتیکەکان | توندوتیژی سنوردار | توندوتیژی پەڕگیر |
| تێڕوانینیان بۆ سیستەمی ویستڤالیا | پشتگیری سیستەم (System-Affirming) | وەک هەڕەشە بۆ سەر سیستەم (System threating) |

**سەرچاوە:** Gofas, Andreas. "'Old'vs.'New'Terrorism: What's in a Name?." *Uluslararası İlişkiler/International Relations* (2012): 21.

ئەم سادەکردنەوەیە لە پرۆسەی پۆلێنبەندی چەمکی تیرۆر، ئامانجەکەمان دەپێکێت. کاتێک کە ئاماژە بە تیرۆر دەکەین مەبەستمان تێگەیشتنە لە تیرۆرستی نوێ، کە خۆیان دەبینەوە لە بزوتنەوە جیهادییە توندڕەوەکان، کە لە ڕێگەی هێنانەکایەوەی شێوازی ڕێکخستن و کردەوەکانیان دەیانەوێت ئامانجەکانیان بە دەست بهێنن. ئەم گروپانە جیادەکرێنەوە لە چەمکی تیرۆر بە تێگەیشتنی کۆن، کە گروپگەلێکی سیاسی بون و ئامانجەکانیشان سیاسیی بوە لە ڕێگەی میکانیزمی توندوتیژەوە هەوڵیان بۆداوە. بەڵام گروپە نوێیەکان گروپەگەلێکی توندڕەوەی ئاینین و پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و ئامانجیشیان بە تەواوەتی جیاوازە. هەروەها میکانیزم و شێوازی زۆر توندوتیژ بەکاردەهێنن کە تێیدا زۆرترین مەدەنی بە ئامانج دەگرن. بیرمەند و توێژەرانیش بە سود وەرگرتن لەم دابەشکرایە، شیکردنەوەکانیان لە چوارچێوەی چەمکی نوێ خستۆتەڕو.

### ٥-٤ ڕەوایەتی کردەوەی تیرۆر:

بەشێوەیەکی گشتی، تیرۆر شێوەیەکە لە فۆرمەکانی توندوتیژی سیاسی. بۆیە چەند پرسیارێک کە لەگەڵ سەرهەڵدانی تیرور هاتونەتەکایەوە، وەک ئایا تیرۆر ڕەوایە؟ ئایا تیرۆر لە ڕووی مۆڕاڵیەوە کارێکی هەڵەیە؟ ئایە دەکرێت ڕەوایەتی بە هیچ کردەیەکی تیرۆرستی بدرێت یاخود تیرۆر هەمیشە ناڕەوایە؟ سەرەتا ئاماژەیەکی گشتی دەکرێت بە واتا و بانگەشەکانی ئەم

بابەتە، ئینجا ڕونکردنەوە دەربارەی ژمارەیەک لە بۆچونە سەرەکیەکانی دەخرێتە بەرچاو. بەشێوەیەکی گشتی وەک ئەوەی پێناسەی جیاواز بۆ تیرۆر کراوە، ئەم بابەتەش وەک پرسێکی پڕ مشتومڕ سەیرکراوە. هۆکارەکانی پشت کردەوەی تیرۆر فرەڕەهەندو جۆراوجۆن هەریەکە لە هۆکارە سیاسی، ئاینی، ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتی پێگەیەکی گرنگیان هەیە. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەش بیرمەندی فەلسەفەی مۆڕاڵ جەیمس جۆنسن (James Johnson) جەخت لەوەدەکاتەوە کە تیرۆریزم بە سروشت ئامانجی تێکدان و وێرانکردنی کۆمەڵگای سیاسیە و هێرش دەکاتە سەر هەمو خەڵکێک کە سود لەو کۆمەڵگایە دەبینین، ئەو فۆرمە لە توندوتیژیەی کە ئەمڕۆ ناودەبرێت بە تیرۆریزم بە سروشت کارێکی نەگریسە. چونکە هێرش دەکاتە سەر بنەماکانی کۆمەڵگای سیاسی، بۆیە هیچ دادپەروەریەک لە تیرۆریزم دا نیە.[1] لەم نێوەندەشدا، لێکدانەوە مۆڕاڵییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە شەرعیەت دان بە شێواز و ڕێکارەکانی پەیوەست بە بەرەنگاربونەوەی تیرۆر.

سەڕای ئەوەی ئەم بابەتە لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت و پرسێکی پڕ مشتومڕە، بەڵام کاتێک کە کردەیەکی تیرۆرستی ئەنجام دەدرێت، ئەوا لەلایەن زۆرینەی ناوەندەکان و خەڵکەوە ئیدانە دەکرێت و کردەوەکانیان وەک تاوان و خۆشیان وەک تاوانبار هەژماردەکرێن. جگەلەوەی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان هۆکاری وەک ئایدۆلۆژی، سیاسیی، ئابوری و دوژمنکاری ئامادەکراویان هەیە بۆ ئەنجامدانی کردەوەکانیان و ڕاکێشانی لایەنگرانیان. بەڵام سەرەڕای ئەم هۆکارانە، کردەوە تیرۆرستیەکان بە تەنها کردەوەیەکی تیرۆرستی نین، بەڵکو کردەوەیەکی نامۆڕاڵی (Immoral) و نایاساین (Illegal). بەشێکی زۆریش لە لێکۆڵەران جەخت لەسەر هەمان تێگەیشتن دەکەنەوە، بەدەستهێنانی ئامانجی سیاسی تیرۆریزم بیانوی مۆڕاڵی قبوڵناکات. ئەمەش بە پێچەوانەی جەنگەوەیە کە بەپێی ئەو بارودۆخەی دێتەکایەوە ڕەوایەتی وەردەگرێت لە ڕوی ئەخلاقیەوە .[2]

هەرچەندە بە لێکدانەوەی هەندێ لە توێژەران، جۆرێک ڕەوایەتی بەم پرسە دەدەن. بەڵام ئەم بیروبۆچونەش تەنها لێکدانەوەنییە بۆ کردەوەی تیرۆر، بەڵکو تێگەیشتنێکی پێچەوانەی ئەمەش هەیە. بۆیە دەتوانین بڵێین کە چەندین تیۆرەی جیاواز بۆ خستەنەڕوی ئارگۆمێنت لە پێناو ڕەوایەتی دان بە کردەوەی تیرۆر هەن. چونکە کاتێک کە دەوترێت تیرۆر توندوتیژیەکی سیاسیە، ئەوا دەکرێت پاڵنەری سیاسیش هەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کردەوەیە. یەکێک لە تیۆرەکان بریتییە لە ڕوانگەی فەلسەفەی مۆڕاڵی ئەنجامگەرایی (consequentialism) باوەڕیان وایە، ئەگەر ئەو هۆکارەی دەبێتەهۆی توندوتیژی و ترس بگاتە ئەنجامێکی باش ئەوا دەکرێت کردەوەی تیرۆر وەک بابەتێکی ڕەوا وێنا بکرێت.[3] ئەمەش بەیەکێک لە پڕ گرفتترین تێگەیشتنەکان دادەنرێت، چونکە ئەگەرێکی قورسە پێشبینی ئەوە بکرێت، کە چۆن کردەویەکی

[1] Price, Bryan C. "Terrorism as cancer: 283.
[2] Held, Virginia. "Terrorism and war." *The Journal of Ethics* 8, no. 1 (2004): 62.
[3] Hersh, M. A. "Terrorism, human rights and ethics: a modelling approach: 12.

توندوتیژ و تیرۆر دەبێتە هۆکارێک بۆ هێنانەکایەوەی ئەنجامێکی باش. بەشێکی تر لە توێژەران بوونی شێواز فۆرمی تیرۆرستی وەک ئامرازێک پەسند دەکەن. وەک شاین ئۆنێل (Shane O Neill) لە یەکێک لە لێکۆڵینەوەکانیدا بە ناوی خەبات دژ بە نادادپەروەری پشتگیری ئەو ڕایە دەکات کە ڕەوایەتی دەدەن بە ئەم فۆرمە لە توندوتیژییە لە پێناو ئامانجی سیاسیدا.[1] هەروەها بیرمەندی فەلسەفەی مۆڕاڵ ڤێرجینیا هێڵد (Virginia Held) باوەڕی وایە، تیرۆر لە چەند بارودۆخێکی تایبەت و بە چەند مەرجێکی دیاریکراو لە ڕوی مۆڕاڵییەوە ڕێگەدراو دەبێت،[2] ڕەنگە ئەمە لەو خەسڵەتە سەرچاوەی گرتبێت کە هیچ ڕێگایەکی تر نامێنێت بۆ گوزرارشتن کردن و بەرگریکردن لە مافە مۆڕاڵیەکان و ئازادی دەربڕین، بۆیە لەبارودۆخێکی ئەوادا توندوتیژی تاڕادەیەک ڕێگەدراو دەبێت.

لە هەمانکاتدا ئەم دیدە بە تیۆری ڕزگاریخوازی (Liberation theory) دەبەسترێتەوە، کە بەپێی لێکدانەوەکانی ئەم تیۆرە بێت کاتێک کە سەرکوتکردنی سیاسی توند هەبێت ئەوا کردەی تیرۆر ڕەوایەتی وەردەگرێت.[3] (هێڵد) زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە سیستەمی سیاسی هەڵدەستێت بە چەوسانەوەی گروپێک لە خەڵک و بەشداری سیاسیان پێی ناکرێت و لە مافەکانیان بێبەش دەکرێن.[4] لێرەدا تیرۆر گرێدەدرێت بە مافەوە، کە تیرۆر وەک ڕێگاو میکانزمێک بەکاردەهێنرێت نەک خۆی ئامانج بێت. لای (هێڵد) هەمیشە بۆشایەک هەیە بۆ ئەوەی لە هەندێک بارودۆخی تایبەت و دیاریکراودا تیرۆر ڕەوایەتی وەربگرێت، بۆیە ئەو کاری تیرۆرستی بەشێوەیەکی ڕەها ڕەت ناکاتەوە. تێڕوانینی ئەو توێژەرانە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ستەم و چەوساندنەوە و پێشێلکاری مافەکان بارودۆخێک دێنێتەکایەوە کە ئەو گروپانە بە مەبەستی پاراستنی مافەکانیان و ڕەتکردنەوەی جیاکاری، تیرۆر وەک ڕێگا و مکانزمێکی ڕەوا دەبێتە بژاردەیەک کە پەنای بۆ دەبەن.

دەکرێت ئەو لێکدانەوانە بۆ گروپە تیرۆرستیە ئیسلامیە توندڕەوەکانی ڕۆژگاری ئەمرۆ جیاواز بێت، کە تێیدا هۆکارێکی ڕەواو مەترسی لەناوچونی گروپێک بونی نەبێت، کە وەک کۆتا و تاکە ئامرازێکی بەرگری لە خۆکردن پەنای بۆ بەرن. بەڵام لەم بارەیەوە توێژەر دانیال ستاتمان (Daniel Statman) ڕەخنە لە ئارگیۆمێنتی نەبونی بژاردە دەگرێت، کە ناکرێت بەهۆی نەبونی بژاردەوە هەوڵ بۆ کوشتنی کەسانی بەرامبەر بدرێت.[5] لایەنگرانی ئەم ڕێبازە

---

[1] O'Neill, Shane. "Struggles against injustice: contemporary critical theory and political violence." *Journal of Global ethics* 6, no. 2 (2010): 127-139.
[2] Held, Virginia. "Terrorism, rights, and political goals." In *Terrorism*, pp. 65-79. Palgrave Macmillan, London, 2004.
[3] van Elk, Noreen Josefa. "Terrorism and the good life: toward a virtue-ethical framework for morally assessing terrorism and counter-terrorism." *Behavioral sciences of terrorism and political aggression* 9, no. 2 (2017): 143.
[4] Ibid., 190.
[5] Bauhn, Per. "Political terrorism and the rules of just war." *Ethics of terrorism & counterterrorism. Ontos Verlag, Frankfurt, Germany* (2005): 130.

ئاماژە بەوە دەکەن، کە باش و خراپی ڕەفتارەکان لە ڕێگەی ئەنجامەکانەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت. کەواتە بەشێک لە کردەوە تیرۆریستیەکان لەلایەن ئەنجامگەرایەکانەوە پاساویان پێ دەدرێت لەبەرئەوەی لە ڕێگەی ئەو کردەوانە ئەنجامە باشەکان زیاتر دەبن لە لێکەوتە خراپەکان.[1] دەتوانین ئەم هۆکارانەی سەرەوە وەها بخوێنینەوە، کە ئەو ئەنجامانەی بەهۆی کردەوەکەوە بەدەستهاتون؛ ڕەوابون و ناڕەوابونی ڕەفتارەکە دیاری دەکەن.

وەک ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، بەپێی ئەو کردەوانەی کە تیرۆرستان پەیڕەوی دەکەن لە ئامانجگرتنی کەسانی مەدەنی و بێتاوان، لە باری مۆڕاڵیەوە کارێکی ناڕەواو هەڵەیە و ڕێگەپێدراو نیە، چونکە کەسانی مەدەنی خاوەن پارێزبەندین و نابێت ڕوبەڕوی ترس و تۆقاندن ببنەوە. بۆیە زۆرێک لەو توێژەرانەی کە کردەوەی تیرۆر لەڕوی مۆڕاڵیەوە ڕەتدەکەنەوە پشت دەبەستن بە هەمان ئەو لێکدانەوانە، کە کردەوە تیرۆرستیەکان پاساوێکی مۆڕاڵیان نیە چونکە لە جەوهەردا هۆکارێکی ڕەوایان نیە.[2] بۆیە هەریەکە لە لێکۆڵەران سمیلانسکی و ۆڵزەر و کوادی (Michael Walzer, C.A.J Coady, and Saul Smilansky) بۆچونی پێچەوانە دەخەنەڕو، ئەوان باوەڕیان وایە، کە توندوتیژی دژ بە کەسانی ناشەڕکەر(مەدەنی) لە ڕوی مۆڕاڵیەوە کارێکی نەویستراوە.

توێژەر سی ئەی جەی کۆدی (C. A. J. Coady) بەپشتبەستن بە ئەو تێگەشتنەی کە تیرۆر سەرپێچی بنەماکانی (jus in bello) دەکات و بەبێ گوێدانە بێ تاوانبونەکەیان، هەمیشە کەسانی سیڤیل دەکاتە ئامانج، بۆیە تیرۆر لە هەمو کات و شوێنێکدا ڕەتدەکاتەوە و بەکارێکی بێ پاساو و ناڕەوا ناوی دەبات. چونکە کەسانی مەدەنی لە ڕوی مۆڕاڵییەوە پارێزبەندیان هەیە و کوشتنیان، لە هیچ بارودۆخێکدا و کاتێکدا بەهۆی ئەو مافەوە ڕێگە پێدراو نییە.[3] بەڵام ڕێکخراوە تیرۆرستیەکان هەوڵدەدەن خاسیەتی بێتاوانبون لە کەسانی مەدەنی وەربگرنەوە لەڕێگەی خستنە پاڵی بەرپرسیاریەتی بەشداربون لەو تاوانانەی کە حکومەتەکانیان ئەنجامی دەدەن، بەم جۆرە پاساو بۆ کوشتنی هاووڵاتییە مەدەنیەکان دەهێنێتەوە. بۆیە دەبێت شێواز و بارودۆخێک بهێنرێتە ئاراوە کە ئاگایی و باری دەرونی تاکەکان تیایدا لە قاڵب بدرێت و ئاڕاستە بکرێن بەو جۆرەی کە خۆیان دەیانەوێت. بەڵام ئەو بەڵگانەی بۆ ڕەوابونی کوشتنی هاووڵاتیانی سیڤیل دەیهێنەوە، لاوازن وتێڕوانین و ڕاڤەکانیان بێ کاریگەرن. هەروەها لای (ۆڵزەر) کردەوەی تیرۆرستی جیادەکرێتەوە لە فۆرمەکانی تری توندوتیژی سیاسیی، چونکە کردەوەی تیرۆر توندوتیژیەکی هەڕەمەکیە دژ بە کەسانی بێ تاوان ئەنجام دەدرێت بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی ترس.[4] ئەمەش بە تەواوەتی دژ بە ڕایەکەی (شاین ئۆنێلە)، کە باوەڕی هەبو بە

---

[1] Young, Robert. "Political terrorism as a weapon of the politically powerless." In *Terrorism*, pp. 55-64. Palgrave Macmillan, London, 2004.
[2] Ibid,.
[3] Coady, CAJ Tony. "Terrorism, morality, and supreme emergency." In *Terrorism*, pp. 80-96. Palgrave Macmillan, London, 2004:775.
[4] Walzer, Michael. "Terrorism and just war." *Philosophia* 34, no. 1 (2006): 3.

ڕەوایەتی تیرۆر وەک توندوتیژیەکی سیاسیی. بەهەمان تێگەیشتنی ۆلزەر و کۆدی، سمیلانسکی (Saul Smilansky) ڕەوایەتی کردەوەی تیرۆر ڕەتدەکاتەوە و پێی وایە تیرۆر بە ئامانجگرتنی مەبەسداری کەسانی مەدەنیە لەگەڵ توندوتیژی و کوشتن لە پێناو ئامانجی سیاسیدا.[1]

هەر لەو نێوەندەشدا، بیرمەندانی هاوچەرخی فەلسەفەی مۆراڵ وەک ئیگور پریمۆراتز (Igor Primoratz) ڕای دەگەیەنێت کە تیرۆریزم بە ڕەهایی کردەوەییەکی هەڵەیە.[2] هەروەها (مایکل ۆلزەر)یش پشتگیری ئەو ڕایە دەکات کە "هەمو کردەیەکی تیرۆر کردەوەیەکی هەڵەیە".[3] هەروەها بەگوێرەی تیۆری سەرەکی توێژینەوەکە، کردەی تیرۆر بە کردەوەیەکی نائەخلاقی و نالێپرسراوانە دادەنێت. دەبێت ئەو ڕاستیەش لەبەرچاوبگیرێت، کە توندوتیژی و ترس و تۆقین ئەگەر لەلایەن کارەکتەر نادەوڵەتیەکان بەکارهاتبێ، لە زۆربەی کەیسەکاندا سەرکەوتو نەبوە لە بەدیهێنانی ئامانجی سەرەکی ئەو گروپانە. بەڵام، توندوتیژی و تیرۆر بۆ دەوڵەت تێگەشتنێکی تری هەیە، لە زۆر نمونەدا توندوتیژی و تیرۆر لە واقیعدا بۆتە بەدیهێنانی ئامانجی دەوڵەت. چونکە دەوڵەت وەک خاوەن سەروەری باڵایە و "ماف" و "ڕەوایەتی" بەکارهێنانی لە واقیعدا پێدراوە.

ئەوەی لێرەدا وەک بنەما بۆ ئارگۆمێنتەکەمان دەمانەوێت دایبڕێژین ئەوەیە، کە لە ڕوانگەی تێگەیشتنی تیۆری جەنگی ڕەواوە، دەسەڵاتی سیاسی لە ڕوی مۆراڵییەوە دەتوانێت هێز بەکاربهێنێت، بۆیە بەپێی ئەو تێگەیشتنە بێت تیرۆر لەگەڵ ئەو بنەمایانە یەک ناگرێتەوە. تیرۆر، لە دەرەوەی بنەما یاسایی و سیاسی و مۆراڵییەکان توندوتیژی ئەنجام دەدات. بۆیە بەشێوەیەکی گشتی، تیرۆر و بەکارهێنانی هێز و ترس و تۆقاندن بۆ سەر هاووڵاتیانی مەدەنی و موڵک وماڵی گشتی لە پێناو بەژەوەندی سیاسی خۆیان کارێکی ناڕەواو نایاساییە و لە هیچ بارودۆخێکدا ڕێگەپێدراو نین. هەروەها بڕیاردان لە کردەوەی تیرۆرستی پەیوەست نییە بە دەسەڵاتێکی دروستی بڕیاڕدان. بەڵکو لەدەروەی ئەم لایەنەدا لەلایەن گروپێکەوە ئەنجام دەدرێت و لەسەر ئاستی ناوخۆی و نێودەوڵەتی دانیان پێدانەنراوە. ئەمەش بۆتە هۆکارێکی سەرەکی، کە تێیدا بنەما سەرەکیەکان و ڕێسا گرنگەکانی جەنگ وەک جیاکاری و هاوڕێژەی نەگرێتەخۆ.

ئەم بنەمایانەش وەک بەشێکی گرنگ جێگەی کراونەتەوە لە چوارچێوەی دەستور و یاسا ناوخۆیی و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان. بەم مانایە، کردەوەی تیرۆر بەشێک نیە لە "یاسای جەنگ"، چونکە تیرۆرستان خۆیان پابەند ناکەن بە ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی جەنگ، ئەمەش وای کردوە کە تێرۆر جیاواز بێت لە حاڵەتی جەنگی نێوان دەوڵەتان. لە باری مۆراڵیشەوە کوشتنی

---

[1] Smilansky, Saul. "Terrorism, justification, and illusion." *Ethics* 114, no. 4 (2004): 790.
[2] Ibid,:776.
[3] Walzer, Michael, 'Terrorism: A Critique of Excuses,' in Steven Luper-Foy (ed.), Problems of International Justice: Philosophical Essays (Boulder, Col.: Westview Press, 1988): 238.

کەسانی بێتاوان و مەدەنی ئەگەر لەپێناو هەر ئامانج و بەرژەوەندیەکدا بێت، قبوڵکراو نییە. زۆرینەی بۆچونەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە کردەی تیرۆر کارێکی ڕەوا نییە و لەگەڵ یاسا نێودەوڵەتیەکاندا یەکناگرێتەوە. تیرۆریستانیش بەبێ جیاوازیکردن ڕەوایەتی بە کوشتنی هاووڵاتیانی سیڤیل دەدات، وەک لە ژمارەی قوربانیان دەردەکەوێت، بەشێکی زۆریان کەسانی مەدەنی و بێ تاوانن.[1] بەم پێیە بە پشت بەست بە گریمانەی لێکدانەوەکان لە ڕوی مۆڕاڵیەوە، کردەوەی تیرۆر کارێکی نەویستراو هەڵەیە.

### ٥-٥ پەیوەندی تیرۆریزم و جەنگ:

بەشێوەیەکی گشتی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ڕونکراوەتەوە، کە لە چ بارۆدۆخێکدا ڕێگە بە دەوڵەت دەدرێت هێز بەکاربهێنێت. کاتێک کە باس لە جەنگ دەکرێت دەوڵەتان ناچاردەکرێن بە ڕێزگرتن لە ڕێسا نێودەوڵەتییەکان بە تایبەت یاسای پێکدادانی چەکداری. مێژوی مرۆڤایەتی ئەو ڕاستە دەردەخات، کە هەمو شارستانیەتەکان بە جۆرێک هەوڵی سنورداركردنی توندوتیژیان داوە لە پێناو دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئارامی لە نێوان نەتەوەو پێکهاتە جیاوازەکان. لەئەنجامی ئەمەش چەندین ڕێسا وەک بەشێک لە نەریت لە نێوان نەتەوەکاندا هاتونەتەکایەوە کە لە دواتر وەک بەشێک لە یاسا و بنەمای مۆڕاڵی ڕەنگیانداوەتەوە. لە تێگەیشتنی کلاسیکدا، ڕێسا نێودەوڵەتییەکان قەدەغەی بەکارهێنانی هێز تەنها جێبەجێ دەکرا بەسەر دەوڵەتان، بەپێی یاسای ناوخۆیی بۆ تاکەکان و کارەکتەرە نادەوڵەتیەکان قەدەغەبو هێز بەکاربهێنن.[2] بەپیی ئەم تێگەشتنە گروپە چەکدارییە نادەوڵەتییەکان بەشێک نەبون لە ڕێکخستنی یاسای جەنگ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

ئەوەی لێرەدا دەبێتە پرسیار، ئەوەیە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ کارەکتەرێکی وەک تیرۆریست دەکرێت، کە خاوەنی شوناس و تایبەتمەندی جیاوازە لە جەنگی نێوان دەوڵەتان. ئایا دەکرێت هەمان ئەو تێگەیشتنەی بۆ جەنگ هەیە لە یاسای نێودەوڵەتیدا دروست بێت بۆ جەنگی تیرۆر؟ دیدو تێروانینی جیاواز هەیە لەسەر ئەم بابەتە، بەشێک لە توێژەرانی هاوچەرخ بەشێوەیەک مامەڵە لەگەڵ چەمکی تیۆر دەکەن کە هەر دوو ڕەهەندی جەنگ و تاوان لە خۆدەگرێت. چونکە لە کردەوە تیرۆرییەکان جێگەیان دەبێتەوە لە چوارچێوەی ئەم تێگەیشتنە بۆ چەمکی جەنگ چونکە هەمان ئامانجی جەنگیان هەیە. هەمیشە پەیوەندی نێوان جەنگ و کردەی تیرۆر سروشتی پەیوەندیەکی ئاڵۆز وەردەگرێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەندێ لە ئامانجی هەر دووکیان لە پراکتیکدا هاوبەش دەردەکەون، هەروەها لە مێژوی جەنگدا لە کۆنەوە دەتوانرێت چەندین ڕەفتاری تیرۆرستی ببینرێت لە جەنگەکاندا. توێژەری ئەم بوارە پرۆفیسۆر جۆنثان وایت (Jonathan R. White) بەڵگە دێنێتەوە کە تیرۆر جیاوازە لە جەنگی کلاسیکی، لای ئەو

[1] van Elk, Noreen Josefa. "Terrorism and the good life: toward a virtue-ethical framework for morally assessing terrorism and counter-terrorism: (2017): 140.
[2] Sassòli, Marco. "Terrorism and war." *Journal of International Criminal Justice* 4, no. 5 (2006): 961.

تیرۆر لەدەرەوەی ڕێساکانی جەنگ و چالاکی تاوانکاری ڕودەدات، تیرۆر بەکارهێنانی توندوتیژییە یاخود هەڕەشەپێکردنی بە مەبەستی ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی.[1] هەروەها لێکۆڵەر ئان (Anne Schwenkenbecher) پێی وایە جەنگ، بریتییە لە ڕێگایەکی فیزیکی (مادی) و سەربازی بۆ ناچارکردنی دوژمن، بەڵام لە هەمانکاتدا ئامانجی تیرۆر لە بیروباوەڕی خەڵک و تێگەیشتن و کردەوەی بەشێوەیەکی سەرەکی ستراتیژێکی سایکۆلۆژییە. تێگەیشتن لە هەردوکیان وەک ڕێگای جیاواز لەبەکارهێنانی توندوتیژی بۆ ئامانجی سیاسی. بە واتایەکی تر ستراتیژی سیاسی توندوتیژی جیاوازن و تیرۆر شێوەیەک بێت لە فۆرمەکانی جەنگ.[2]

ساڵانێکی زۆر پێش ڕووداوی ١١سێپتەمبەر، ئەمەریکا مامەڵەی تاوانی لەگەڵ کردەی تیرۆریزم دەکرد، بەڵام دوای ئەو بەروارە قۆناغێکی نوێی دەست پێدەکات، کە ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆریزم وەک جەنگ دادەنرێت.[3] سەرۆکی ئەمەریکا (جۆرج بۆش) بە جەنگی دژ بە تیرۆر (war against terrorism)ی ناوبرد کە هەڕەشەیەکی جددیە بۆ سەر جیهان. هەروەها جەنگی دژ بە تیرۆر بە درێژترین جەنگ لە مێژووی ئەمەریکا دادەنرێت.[4] بەڵام ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە لەم جەنگەدا لایەنی ئاشتی و جەنگ و سەرکەوتن و شکستی سەربازی و دوژمن و کەسانی مەدەنی ڕون نیەو قورسە پێوانە بکرێن.

بۆیە توێژەران کۆکن نین، لەوەی کە جیاوازی لە نێوان جەنگ و تیرۆردا بکەن، بەڵکو ئەوان تیرۆر بە قۆناغێکی تری پێشکەوتنی جەنگ دادەنێن. بۆ نمونە توێژەر (Carr) لە یەکێک لە توێژینەوەکانی سەبارەت بە تیرۆریزم ڕای دەگەیەنێن، کە تیرۆریزم جەنگێکە دژ بە کەسانی مەدەنی وەک تەکتیکێک خاوەنی مێژوێکی دور و درێژە، هەروەها ئاماژە بەوەدەکات کە تیرۆریزم بەشێکە لە پێشکەوتنی جەنگ.[5] پێویستە وا لە جەنگ تێبگەین، وەک ڕاستی، بە نیەت و پێکدادانی چەکداری بەرفراوان لە کۆمەڵگای سیاسیدا. وادەردەکەوێت هەمو جەنگەکان بە وردی دەربارەی حکومڕانین. جەنگ ڕێگایەکی توندوتیژە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کێ چی دەڵێت و چی دەگوزەرێت لەسەر خاکەکەی.[6] بەڵام بە پێچەوانەی ئەم ڕایەوە، پسپۆڕی یاسای نێودەوڵەتی مارکۆ ساسۆڵی (Marco Sasso'li) بە ڕونی ئەوە دەخاتەڕو، کە لە کۆنەوە جەنگ ڕەفتارێکی یاساییانەیە لەیاسای نێودەوڵەتیدا، بەڵام لەهەمانکاتدا تیرۆر کردەیەکی

---

(1) White, Jonathan R. *Terrorism and homeland security*. Cengage Learning, 2013:6.

(2) Schwenkenbecher, Anne. "Terrorism, jus post bellum and the Prospect of Peace." In *The Nature of Peace and the Morality of Armed Conflict*, pp. 123-140. Palgrave Macmillan, Cham, 2017:127.

(3) Cavanaugh, Bywillimat. "Terrorist Enemies and Just War." *Christian Reflection* 12 (2004): 30.

(4) Bergen, Peter L. *The longest war: The enduring conflict between America and Al-Qaeda*. Simon and Schuster, 2011.

(5) Garrison, Arthur. "Terrorism: The nature of its history." *Criminal Justice Studies: A Critical Journal of Crime, Law and Society* 16, no. 1 (2003): 6.

(6) Ibid,.

نایاسایە.[1] بەشێوەیەکی گشتی تیرۆر وەک جەنگێکی کلاسیکی سەیرناکریت، بەڵکو وەک بەشێک لە دەرکەوتنی کارەکتەرە چەکدارییە نادەوڵەتیەکان دادەنرێت کە جۆری توندوتیژی و قوربانی جیاواز لە خۆدەگرێت. هەروەها دەکرێت جەنگی دژ بە تیرۆر لە چوارچێوەی لێکدانەوەکانی جەنگە نوێیەکان ڕاڤەبکەین، کە پێکدادانە چەکدارییەکان هەڵگری شوناسێکی نوێن.

جەنگ و تیرۆر دوو چەمکن ئاماژەن بۆ دیاردەیەکی توندوتیژی دەستەجەمعی (collective violence)، کە هەر دووکیان لە زمانێکی گشتی و باو لەلایەن سیاسیەکان و پسپۆڕانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنرێن. جەنگ وەک چەمکێکی کۆنتر، کە لە بەشی یەکەمیشدا شیکردنەوەمان بۆ کرد ناودەبرێت بە پێکدادانی سەربازی (Armed conflict) لە یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخدا. لە ڕوی یاساییەوە چەمکی جەنگ ئاسانتر دەتوانرێت پێناسەبکرێت، وەک لە چەمکی تیرۆر، کە لە نێوان دوو لایەن یان زیاتر ڕودەدات و خاوەن یاسای تایبەت بە خۆیەتی. چونکە جەنگ پێگەیەکی یاسای هەیە و شوناسێکی ئاشکراو زانراو لە خۆدەگرێت.

یاسای جەنگ پەیوەستە بە هەمو ئەو لایەنانەی کە بەشێکن لە جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەو پرۆتۆکۆلە نێودەوڵەتیەکان، بەشێوەیەک کە کارەکتەری سەرەکی خۆی لە دەوڵەتان دەبینێتەوە بەڵام کارەکتەرە نادەوڵەتیەکانیش دەگرێتەوە[2] بەپێی ئەو مەرج و ڕێسایانەی لەسەر ئەوانیش جێبەجێ دەکرێت. یاسای پێکدادانە چەکدارییەکان لە کۆمەڵێک ڕێساو بنەما پێک دێت بۆ ڕێکخستنی ململانێ و کێشە چەکدارییەکان، کە دەبێت لایەنەکانی بەشدار هەمیشە جیاکاری بکات لە نێوان لایەنی شەڕکەر و دانیشتوانی مەدەنی لە پێناو پاراستنی سەلامەتی کەسانی مەدەنی لە کاتی ڕودانی جەنگ و مامەڵەکردنێکی مرۆڤانە لەگەڵیان.[3] لە چوارچێوەی پەیوەندی نێوان تیرۆر و جەنگ دەکرێت پۆلێنی دوو بابەتی سەرەکی وەک ئەمەی خوارەوەی بکرێت.

### ٥-٥-١ تیرۆریزم وەک ململانێی چەکداری نێودەوڵەتی (International Armed Conflict):

لە پەیماننامە و پرۆتۆکۆڵەکانی یاسا پێکدادانی چەکداری نێودەوڵەتی لایەنەکانی جەنگی تێیدا ڕونکراوەتەوە و دەوڵەت ئەکتەر و بکەری سەرەکییە. لێرەدا پرسیارەکە لەوەوە دەست پێدەکات ئایا تیرۆر دەچێتە بواری پێکدادانی چەکداری نێودەوڵەتی؟ دوای ڕوداوی (١١) سێپتەمبەر، ئیدارەی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە چۆتە ناو جەنگی تیرۆرەوە، ئەو جەنگەش وەک پێکدادانی چەکداری نێودەوڵەتی دژ بە کارەکتەری نادەوڵەتی وێنا کرا، هەروەها وەک

---

[1] Sassòli, Marco. "Terrorism and war: 959.

[2] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پەیوەندی تیۆری جەنگی ڕەواو کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان بڕوانە:
Heinze, Eric, and Brent Steele, eds. *Ethics, authority, and war: non-state actors and the just war tradition*. Springer, 2009.

[3] Calcutt, Bill. "Just war theory and the war on terror." *Journal of Policing, Intelligence and Counter Terrorism* 6, no. 2 (2011): 113.

دیاردەیەکی تاوانکاری یان کۆمەڵایەتی (تیرۆریزم) دانرا.[1] هەرچەندە پێکدادانی چەکداری نێودەوڵەتی پەیوەستە بە کارەکتەری سەرەکی دەوڵەتەوە، کە دوو دەوڵەت یاخود زیاتر ڕووبەڕوی یەکتر دەبنەوە. بەڵام لە دوای ڕوداوی ١١سێپتەمبەروە ئەمەریکا جەنگی دژ بە تیرۆریزم بە جەنگێکی نێودەوڵەتی وەسف دەکات. وێڕای ئەوەی کە ئەو جەنگە لە نێوان دوو ئەکتەری دەوڵەتیشدا نیە. چونکە بە گوێرەی دیکۆمێنتە نێودەوڵەتیەکان، ڕێکەوتننامەکانی جنێڤ چوار و پرۆتۆکۆڵی یەکەم جێبەجێ دەکرێن لەسەر پێکدادانی چەکداری نێودەوڵەتی، یان بەشێوەیەکی وردتر هەمو ئەو کەیسانەی جەنگی ڕاگەیەنراو یان هەر پێکدادانێکی چەکداری دێتەکایەوە لە نێوان دوو لایەن یاخود زیاتر لە لایەنەکانی ڕێکەوتننامەکە. وەک ڕون و ئاشکرایە، تەنها دەوڵەتان دەتوانن ببن بە بەشێک لەو ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیانە، کارەکتەرە نادەوڵەتییەکانی تری وەک تیرۆریزم، کە دەوڵەت نین ناتوانن بەشێک بن لەو ڕێکەوتننامانە.[2]

لە نەریتی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیشدا، هیچ ئاماژەیەک نیە کە جەخت لە بۆچونی ئیدارەی ئەمەریکا، بکاتەوە بەشێوەیەک کە چەمکی پێکدادانی چەکداری نێودەوڵەتی لە ژێر عورفی نێودەوڵەتیدا زۆر گشتگیرتر و فراوانترە. چونکە پراکتیزی دەوڵەت وەک بەشێکی گرنگ لە یاسای نێودەوڵەتی، یاسای جەنگ بۆ پێکدادانی چەکداری جێبەجێ ناکرێت بۆ تێکهەڵچونی سەربازی لە نێوان دەوڵەت و کارەکتەرە نادەوڵەتیەکان.[3] پسپۆری یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی (مارکۆ ساسۆلی) باوەڕی وایە، کە بەشێک لە کردەی تیرۆریزم و جەنگی دژ بە تیرۆریزم دەگرێتەخۆ لەلایەن یاسای پێکدادانی چەکداری نێودەوڵەتی بە تایبەت وەک کۆی پرۆسەکانی جەنگ بەئاراستەی دژی هێزە چەکدارییەکان یاخود خاکی دەوڵەتێک لەلایەن هێزەکانی نوێنەرایەتی دەوڵەتێکی تر دەکەن. وەک ئەو نمونە بە کەیسی گروپی تیرۆرستی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان دەهێنێتەوە. لە هەمانکاتیشدا بەشێکی تر لە لایەنەکانی ئەم جەنگە زۆر بە ڕون و ئاشکرای ناچنە ژێر چوارچێوەی جێبەجێکردنی یاسای پێکدادانی چەکداری نێودەوڵەتی. بۆیە دەکرێت بوترێت بەپێی دیکۆمێنتە نێودەوڵەتییەکان کەمترین بەڵگە لەبەردەستە بۆ ئەوەی جەنگی دژ بە تیرۆریزم جێگەی بگرێتەوە لە یاسای پێکدادانی چەکداری نێودەوڵەتی. چونکە کارەکتەری تیرۆر لەگەڵ بنەماکانی ئەم یاسایە بەتەواوەتی یەکناگرێتەوە، کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەوڵەتان لەسەری ڕێکەوتون.[4]

سەرەڕای ئەمەش یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی هەمو ڕەفتار و کردەوەیەکی تیرۆرستی قەدەغەدەکات. بۆ نمونە ماددەی (٣٣) لە ڕێکەوتننامەی جنێڤی چوارەم باس لە "قەدەغەکردنی سزای بە کۆمەڵ و هەمو ڕێوشوێنێکی ئامادەکاری هەڕەشە و تیرۆر" دەکات، هەروەها لە

[1] Sassòli, Marco. "Terrorism and war." *Journal of International Criminal Justice* 4, no. 5 (2006): 963.
[2] Ibid,: 963.
[3] Sassoli, Marco. "Use and Abuse of the Laws of War in the War on Terrorism." *Law & Ineq.* 22 (2004): 195.
[4] Ibid,:199-200.

ماددەی (٤) ی پرۆتۆکۆڵی پاشکۆی دووەم "قەدەغەی کردەوەی تیرۆرستی دەکات دژ بە هاووڵاتیانی مەدەنی کە بەشدارنین لە پرۆسەی دوژمنکاری،[(1)] ئامانجی سەرەکی لەو ڕێساو بنەمایانەدا دڵنیاکردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە تاکەکان و دانیشتوانی مەدەنی نابێت ڕووبەڕوی سزای بە کۆمەڵ ببنەوە. بۆیە پرۆتۆکۆڵی یەکەم و دووم زۆر بە ڕونی قەدەغەی ئەو کردەوەو هەڕەشانە دەکەن، کە دەبنە هۆکارێک بۆ ترس و تۆقاندن لە نێوان هاووڵاتیاندا. هەروەها تیرۆرست نابێتە هەڵگری مافی شەڕکەر (Combatants)، کە بە ئەندامی هێزە چەکداریەکانی لایەنەکانی پێکدادانی چەکداری نێودەوڵەتی پێناسە دەکرێت،[(2)] کە مافی ئەوەیان پێدراوە بەشداری لە کردەوە جەنگیەکان بکەن و ڕوبەڕوی سزا نابنەوە لەسەر ئەم کردەوەیان. بەڵام ئەندامانی گروپە تیرۆرستیەکان ناگەرێنەوە بۆ لایەنەکانی ململانێی چەکداری نێودەوڵەتی، بۆیە هەڵگری پێگەی یاسای شەڕکەر نین.

## ٥-٥-٢ تیرۆریزم وەک ململانێی چەکداری نادەوڵەتی (Terrorism as Non-international Armed Conflict):

لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا پێکدادانە چەکدارییە هاوچەرخەکان بەشێوەیەکی سەرەکی هەڵگری شوناس و تایبەتمەندی  گروپە چەکدارییە نادەوڵەتیەکانن.[(3)] پێکدادانی چەکداری نادەوڵەتی هەر وەک لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێت، ئەو پێکدادانە دەگرێتەوە، کە لە ناوخۆی دەوڵەتێکدا ڕودەدەن، هەمو ئەوانەی کە ناودەبرێن بە یاخیبو یان هەڵگەڕاوەکان دەگرێتەخۆ لە دژی دەوڵەت یاخود لە دژی گروپێکی تر لە ناو دەوڵەتدا. ئەو گروپ و لایەنانەی کە بە پێکدادانی چەکداری نادەوڵەتی ناو دەبرێن، دەبێت کۆمەڵێک مەرج و شوناسی تایبەت بە خۆیان هەبێت بۆ ئەوەی یاسای جەنگیان بەسەردا جێبەجێ بکرێت. بۆ نمونە ئەو گروپ و لایەنانەی کە دژی حکومەت شەڕ دەکەن دەبێت خاوەن سوپایەکی ڕێکخراو بن و دەسەڵاتێکی لێپرسراوییان هەبێت و کردەوەکانیان لە چوارچێوەی خاکێکی دیاریکراو ئەنجام بدەن لە پێناو دڵنیابون و ڕێزگرتنی ڕێکەوتننامەکان. هەروەها حکومەتی شەرعیش لەبەرامبەر ئەمەدا دەبێت دانبنێت بەو گروپ و لایەنانە کە لە دژی شەڕ دەکەن،[(4)] ئەو بنەما و ڕێسایانە بۆ ئەوەیە کە ئەو گروپە چەکدارانەی لە ناوخۆی دەوڵەتیکدا دەجەنگن شوناسیان دیاربکرێت و ڕێز لە ڕێکەوتننامەکانی پەیوەست بە یاسای جەنگ بگرن و بەسەریاندا جێبەجێ بکرێت. هەمو پێکدادانی چەکداری ناچنە چوارچێوەی

---

(1) International Committee of the Red Cross. "The Geneva Conventions of 1949 and Their Additional Protocols." (2010).

(2) Protocol Additional to the Geneva Conventions of 12 August 1949, and relating to the Protection of Victims ofInternational Armed Conflicts (Additional Protocol I) (adopted 8 June 1977, entered into force 7 December 1978), Art. (44).

(3) بۆ خوێندنەوەی زیاتر لەسەر گروپە چەکدارییە نادەوڵەتییەکان بڕوانە ئەم توێژینەوەی خوارەوە:

Krause, Keith, and Jennifer Milliken. "Introduction: The challenge of non-state armed groups." *Contemporary Security Policy* 30, no. 2 (2009): 202-220.

(4) Rona, Gabor. "Interesting times for international humanitarian law: Challenges from the war on terror." *Fletcher F. World Aff.* 27 (2003): 59.

یاسای پێکادانی چەکداری نێودەوڵەتی و کارەکتەری سەرەکی تەنها دەوڵەت نابێت، بەڵکو بەشێکی تر لەو کردەوانە جێگەیان لە پێکادانی چەکداری نادەوڵەتی دەبێتەوە. چونکە لایەنەکانی پێکادانی چەکداری مافی ڕەهایان نییە لە هەڵبژاردنی شێواز و ڕێگاکانی جەنگ. ئەم پێکادانانەش بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان ڕێکخراون کە تێیدا مادەی سێیەمی هاوبەش لە هەر چوار ڕێکەوتننامەی جنێڤ و پرۆتۆکۆڵی دووەم جێبەجێ دەبێت بەسەریاندا. ماددەی هاوبەشی سێیەم لە چوار ڕێکەوتننامەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو پێکادانانە ڕوودەدات لە خاکی یەکێک لە دەوڵەتانی بەشدار لە ڕێکەوتننامەکە.[1] ئەو حاڵەتانەی لەناو سنوری وڵاتێکدا سەرهەڵدەدا لە کاری دوژمنکاری نێوان هێزە چەکدارەکان و گروپە چەکدارەکان.[2]

واتە ئەو ماددەیە بەسەر کۆی حاڵەتەکانی ئەو پێکادانە چەکداریانە جێبەجێ دەبێت، کە نێودەوڵەتی نین و لە خاکی وڵاتێکدا ڕوودەدەن کە بەشێکە لە ڕێککەوتننامەکە. ئەوەی دەردەکەوێت لە گرنگترین ڕێکەوتننامە و یاسا نێودەوڵەتییەکان، تیرۆر بەشێک نیە لە مامەڵەکردنی ئەو یاسایانەدا، ئەوەی کە زۆر جەختی لەسەر دەکرێتەوە پەیوەستە بە نادیاری کارەکتەر و شوناسی تیرۆر لەم چوارچێوەیەدا. یەکێک لە توێژەرە ناسراوەکان و ڕاوێژکاری یاسای ڕێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتی گابۆر ڕۆنە (Gabor Rona) بەم شێوایە ڕای خۆی دەردەبڕێت "لایەنەکان ماف و لێپرسراویەتیان هەیە. یاسای پێکادانی مرۆیی (یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی) بونی نییە بەبێ شوناسی لایەنەکان".[3]

کۆمیتەی ڕێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتی (International Committee of the Red Cross) لە تێڕوانێکی ڕاوێژکاریدا بۆ تیرۆریزم، ڕای خۆی بەشێوەیەکی ڕون بەم شێوەی خوارەوە دەردەبڕێت: تیرۆریزم دیاردەیەکە، بەشێوەی پراکتیکی و یاسای جەنگ ناتوانرێت دژی ئەو دیاردەیە بیت، بەڵکو تەنها دژی لایەنی ئەو پێکادانە چەکداریانەیە، کە شوناسیان زانراو ناسراو بێت. لەسەر بناغەی ئەو بەڵگە ڕاستیانەی لە بەردەستن گومان دەکرێت کە ئەو گروپە تیرۆرستیانە تایبەتمەندی ئەوەیان هەبێت وەک بەشێک بن لە لایەنی ململانێ لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی. یاسای پێکادنی چەکداری ڕێکخستنی کردەی تیرۆرستی لە کاتی ئاشتیدا ناکات.[4] هەرچەندە ئەمە بۆچونێکی گشتیە بۆ گروپە تیرۆرستیەکان، بەڵام ئەگەر ئامانجەکە شوناس بێت، دەکرێت ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش هەڵگری شوناس بێت، چونکە خاوەن ناوچەی سنوری جوگرافی و کارگێری خۆی بو. بۆیە

---

[1] Sassoli, Marco. "Use and Abuse of the Laws of War in the War on Terrorism:200.
[2] Geneva Conventions, common Art 3.
[3] Ibid,:60.
[4] ICRC, International humanitarian law and terrorism: Questions and answers. Retrievedfrom, (2004). Available at< http://www.icrc.org/eng/resources/documents/faq/terrorism-faq-050504.htm (Accessed: 2 August 2019).

بەپیی ناوەڕۆکی ئەو تێگەشتنە بێت، ئەم تێروانینەی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی بۆ داعش جیاواز دەبێت.

بەشێوەیەکی گشتی، یاسای جەنگ و پێکدادانە چەکدارییەکان لە قۆناغی ئێستادا، کە خۆی لە گرنگترین ڕێکەوتننامە و پرۆتۆکۆلەکانی جنێڤ بۆ ئیدارەدانی و ڕێکخستنی دەبینێتەوە، کە تێیدا پێکدادانی چەکداری دابەشی دوو بەشی سەرەکی دەکات، ئەوانیش پێکدادانی چەکداری نێودەوڵەتی و پێکدادانی چەکداری نادەوڵەتی. ئەوەی لە  چوارچێوەی تیرۆریزم دەردەکەوێت، سەرەڕای ئەوەی لە هەندێک بارودۆخ و کەیسدا بەشێک لە بنەماکانی ئەو یاسایەن بەسەر ئەو گروپە نادەوڵەتیانە جێبەجێ دەبن، بەڵام لێکۆڵەرانی ئەم بوارە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە ئەم ڕێسا و بنەمایانە کەیسی جەنگ دژ بە تیرۆریزم ناگرێتەخۆی بەپێی ئەو ڕیوشوێنانەی یاسای نێودەوڵەتی دیاری و پۆلێنی کردون. تیرۆر سەرپێچی پرانسیپە بنەڕەتییەکانی مرۆڤایەتی دەکات، هەروەها دەکەوێتە دەرەوەی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی.

لە ئێستادا پێکدادانە چەکدارییە نێودەوڵەتی و کارەکتەرە نادەوڵەتیەکان لە چەندین ڕەهەندەوە بەیەکداچون و ئەمەش بۆتە هێنانەکایەوەی پرسێکی پڕ مشتومڕی یاسایی. بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە لە ئاستی نێودەوڵەتی گرنگی بە کردەی تیرۆر نەدراوە، بەڵکو لە یاسای نێودەوڵەتیدا چەندین ئامرازی جیهانی بۆ قەدەغەکردن و سزادانی تیرۆر هەن،[1] سەرباری ڕێکەوتننامە هەرێمیەکان، کە جۆر و شێوازەکانی کردەوە تیرۆرستیەکان لە خۆدەگرن.[2] چونکە هەمو کردەوەیەکی تیرۆر دژ بە کەسانی مەدەنی قەدەغەکراوە بەپێی یاسای نێودەوەڵەتی مرۆیی، یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتی و یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ. بەشێوەیەکی گشتی ململانێی چەکداری نێوان دەوڵەتێک (یاخود هاوپەیمانەتییەک) لەگەڵ گروپێکی تیرۆرستی، ململانێی چەکداری دوولایەن نیە، کە بەشێک بن لە ڕێکەوتننامە و پرۆتۆکۆڵەکانی جنێڤ. بەڵام بەشێک لە گروپە چەکدارییە نادەوڵەتیەکان چ بە گوێرەی سروشتیان و پێگەیان و ئەو خاکەی لەژێر دەستیاندایە و پیادەی دەسەڵاتی خۆیانی تیدا دەکەن، بەشێک لە یاسا و ڕیسا نێودەوڵەتیەکانیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت.

**٥-٦ تیۆری جەنگی ڕەوا و تیرۆریزم :**

لەگەڵ سەرهەڵدانی شەپۆلەکانی تیرۆریزم چەندین پرسیار لەلایەن ناوەندی ئەکادیمیەکان، سیاسیەکان و شیکەرەوەانی سەربازی سەریان هەڵداوە، ئەویش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە لە توندوتیژییە مەترسیدارە دەکرێت. یەکێک لە پرسیارە گرنگ و بنەڕەتیەکە بریتییە لەوەی کە ئایا جەنگ دژ بە تیرۆریزم جەنگێکی ڕەوایە؟ لە پێناو

[1] شادی عەدنان (Shadi Adnan Alshdaifat) لە بەشێك لە كتێبی (یاسای نێودەوڵەتی  و بەكارهێنانی هێز دژ بە تیرۆریزم) گرنگترین ڕێكەوتننامەو پەیماننامە نێودەوڵەتی و هەرێمیەكان سەبارەت بە بەرەنگاربونەوەی تیرۆریزم زۆر بە وردی دەخاتەڕو.
Alshdaifat, Shadi Adnan. *International Law and the use of Force against Terrorism*. Cambridge Scholars Publishing, 2017

[2] Sassòli, Marco. "Terrorism and war: 975.

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە سەرەکیە، پشت دەبەستریت بە تێزو بیرکردنەوەکانی تیۆری جەنگی ڕەوا، کە تاچ ڕادەیەک جەنگ دژ بە تیرۆر جەنگێکی ڕەوایە. ئەوەی لە چوارچێوەی ئامانجی ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە شیکردنەوەی بۆ بکەین بە تایبەت پەیوەست بە تیۆری جەنگی ڕەوا دا بخەینەڕو، خۆی لە تیرۆریزم وەک کارەکتەری نادەوڵەتی دەبینێتەوە.

ئاشکرایە، تیرۆر شێواز و میکانیزمەکانی توندوتیژییەکی ڕێکخراو و تاوان ئەنجامدەدات، کە ئامانجی سیاسی لە پشتە، بەڵام تیۆری جەنگی ڕەوا ڕەتی تیرۆریزم دەکاتەوە وەک لایەنێکی شەڕکەری شەرعی. چونکە تیۆری جەنگی ڕەوا پێک دیت لە کۆمەڵێک ڕێساو نۆرم، هەوڵدەدات لە پێناو کۆنترۆڵکردن و سنورردانان بۆ توندوتیژی سەربازی. بەپێی لێکدانەوەکانی ئەم تیۆرە توندوتیژی سەربازی (military violence) ڕێگەپێدراو و ڕەوایە بەگوێرەی ئەو بنەمایانەی دەیان خاتەڕو. لە قۆناغە یەک بەدوایەکەکاندا ئەم تیۆرە گەشەی پێدراوە وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ گۆڕانکارییە سیاسی و پێشکەوتنەکان.

دەرکەوتنی کارەکتەری نادەوڵەتی تیرۆریزم بە یەکێک لە گۆڕانکارییەکان لە لێکۆڵینەوەی توندوتیژی سەربازی دادەنرێت، بە جۆرێک کە بە ئاڵنگاری بۆ مۆڕاڵی جەنگ دادەنرێت. لە دوای ڕوداوەکانی ١١سێپتەمبەر، ئەمەریکا بە ئاشکرای ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەوان لە جەنگێکی جیهانی دان لەدژی تیرۆر، هەروەها بە جەنگێکی ڕەوایان دانا. بۆ لێکدانەوەی چەمکی تیرۆ لە چوارچێوەی تیۆری جەنگی ڕەوادا توێژەری ناسراو (ئالێکس بێلمەی) ئاماژە بە چەند هۆکارێکی سەرەکی دەکات وەک ئەمانەی خوارەوە: تیۆری جەنگی ڕەوا بۆتە بەشێکی گرنگ لە زمانی ئەکادیمی و سیاسیەکانی خۆرئاوا کە بەشێوەیەکی بەردەوام جەختی لەسەر دەکەنەوە وەک بەشێکی گرنگ لە ڕەوایەتی بەکارهێنانی هێز لەڕوی مۆڕاڵیەوە.[1]

لە ڕابردوشدا سەرکردە سیاسیەکانی جیهان بە بەردەوامی ئاماژەیان بۆ ئەم چەمکە کردوە، وەک جەنگێکی ڕەوا بە تایبەت دژی تیرۆر و هەریەکە لە جەنگی عێراق و ئەفغانستان کە وەک نمونەی بەکارهێنانی ئەم تیۆرە ئاماژەی پێدەکرێت. هەر ئەو کاتەش (جۆرج دەبلیو بۆش) ڕایگەیان کە ئێمە کار دەکەین لە ڕێگەی جەنگی دژ بە تیرۆر بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و ئاشتی.[2] لە دوای ئەو قۆناغەوە، جەنگی تیرۆر وەک شێوازێکی باوی ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆر بۆ دروستکەرانی بڕیار و سیاسیەکان لە چوارچێوەی دنیابینینی تیۆری جەنگی ڕەواوە سەرچاوەی گرتوە. لێرەوە لە ڕێگەی جەنگ دژ بە تیرۆریزم جیهان دابەشی دوو ئاراستەی ڕاست و هەڵە یان باش و خراپ کراوە. هەرچەندە لەم بەشدا لێکۆڵینەوەکە ناچێتە سەر ڕەخنەکانی ئەم پەیوەندییە، بەڵام دوپاتکردنەوە لەسەر ئەم تێگەیشتنە ڕوبەڕوی نەیاریی و ڕەخنەیەکی زۆر بۆتەوەو وەک پرسێک مایەی ئاڵۆزییەکی زۆرە. بە تایبەت لە کاتێکدا لە مێژوی

---

[1] Bellamy, Alex J. "Is the war on terror just?." *International Relations* 19, no. 3 (2005): 282.
[2] Bush, George W, Remarks at 1 June graduation exercise of the United States Military Academy at West Point, New York. 2002, White House transcript. Available at www.whitehouse.gov/news/releases/2002/06/20020601- 3.html (Accessed 11 June 2019).

چەند دەیەی ڕابردودا، جەنگی دژ بە تیرۆر بەپشت بەستن بە بنەما مۆڕاڵییەکان بۆتە میکانیزمێک بۆ جۆرێک لە دەستتێوەردان و بەکارهێنانی هێز بە سودی ئابوری و سیاسیی و ئاسایشی دەوڵەتان.

خاڵێکی تر لەچوارچێوەی ئەم بابەتەدا ئاماژەی پێدەدرێت ئەوەیە، کە تیۆری جەنگی ڕەوا بەشێوەی سەرەکی بەستراوەتەوە بە تێگەشتنی خۆرئاوا بۆ جەنگ، کە تێیدا تێزو تێڕوانینە سەرەکیەکانی وەک دەسەڵاتێکی شەرعی و پارێزبەندی لایەنی ناشەڕکەر و جیاکاری و هاوڕێژەی لە خۆدەگرێت.[1] لە هەندێ ڕەهەندی دیکەدا (ئالێکس بێلمەی) بە گومانە لەوەی کە جەنگی دژ بە تیرۆر جەنگێکی ڕەوابێت، ئەو لە ڕێگەی خستەڕوی چەندین کەیسەوە دەیەوێت ئەوە پیشان بدات، کە چۆن جەنگی تیرۆر فراوان دەکرێت و لە پێناو بەرژەوەندی دەوڵەتان. تیۆری جەنگی ڕەوا ڕێگە بە جەنگی دەستپێشخەر (pre-emptive war) دەدات، بەڵام بە مەرجێک کە بەپێی بنەما سەرەکیەکانی ئەم تیۆرە بەڕێوەبچێت. هەڕەشەکە نزیک بێت لە ڕودان، لە پێناو ڕێگریکردن لەو هەڕەشەیە دەوڵەتان دەتوانن بچنە جەنگەوە.

ئەمەش وای کردوە ئاماژە بە هۆکارێکی تر بکرێت، کە لەئەنجامدا زمانێکی هاوبەش بێتەکایەوە بۆ بەستنەوەی جەنگ بە بنەما مۆڕاڵیەکان. بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو ڕەفتارانە ستانداردێکی نێودەوڵەتی وەربگرن لە بەکارهێنانی بنەمای تیۆری جەنگی ڕەوا. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم تیۆرە لە سەرەتای دەرکەوتنیدا، نەریتێکی خۆرئاوای هەیە، بەڵام بەپێی تێپەڕبونی کات بۆتە هۆی ئەوەی بیرکردنەوەکانی قبوڵکراوبن بۆ دەوڵەتانی جیهان و سەرکردەکان ڕەزامەندبن لەسەر تێز و پرانسیپەکانی ئەم تیۆرە.[2] وەک لێرەدا یەکێک لە توێژەرانی ئەم بوارە جەیمس جۆنسن (James Johnson) باوەڕی وایە، کە هەریەکە لە یاسای نێودەوڵەتی ململانێی چەکداری و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی هەردووکیان بەشێوەیەکی چونیەک هاوبەشن لەگەڵ داواکارییە مۆڕاڵیەکانی تیۆری جەنگی ڕەوا.[3] بەشێوەیەکی گشتی وەک بەشێکی زۆر لە توێژەران ئاماژەی پێ دەکەن، کە تیۆری جەنگی ڕەوا لەم بارەیەوە نزیکترینە کە خاوەنی "مۆرالی هاوبەشە" لە ڕەوایەتیدان لە بەکارهێنانی هێزدا. لەگەڵ ئەمەشدا لایەنگرانی تیۆری جەنگی ڕەوا ئارگیۆمێنتی ئەوە دەخەنەڕو کە بنەماکانی ئەم تیۆرە لەگەڵ کەیسی تیرۆردا ڕەزامەندە، بۆیە بە بۆچوونی ئەوان ڕێوشوێنە سەربازییەکان ڕێگەپێدراوان. تیۆری جەنگی ڕەوا ناچارە دان بنێت بە ڕەوایەتی جەنگی دژی تیرۆریزم چونکە لە ناوەڕۆکدا ئەو تیۆرە بۆ ئەوە دانراوە، کە جەنگ پێویستە بۆ ڕاگرتنی توندوتیژی. واتە جەنگەکە ناچارییە هیچ مامەڵەیەکی تر ناکرێت لەگەڵ تیرۆر تەنها بە ڕاگراتنی توندوتیژییەکانی نەبێت، ئەویش ڕێگەی بنەڕەتی لە ڕێگەی جەنگەوە دەکرێت، وەک پێویستیەکی مرۆیی و مۆڕاڵی.

[1] Bellamy, Alex J. "Is the war on terror just: 282.
[2] Ibid,:282.
[3] Ibid,:282.

### ٧-٥ شێوازەکانی ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆریزم (Counterterrorism models):

چۆنیەتی وەڵامدانەوەی توندوتیژی و هەڕەشەکانی تیرۆر بە یەکێک لە گرنگترین بابەتەکانی ئەدەبیانی لێکۆڵینەوەی تیرۆریزم دادەنرێت. بۆیە یەکێک لەو بابەت و پرسانەی لە کاتی باسکردنی تیرۆریزم دێتەکایەوە، پەیوەستە بە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو کردەوە پڕ لە توندوتیژییە. بەرەنگاربونەوەی تیرۆریزم (Counter-terrorism) پلان و ستراتیژێکی سیاسی و سەربازییە بۆ ڕوبەروبونەوە و ڕێگریکردن لە کردەوەی تیرۆر. لێرەدا توێژەران ئاماژە بە چەند شێوازێکی سەرەکی بەرەنگاربونەوەی تیرۆر دەکەن، کە دەوڵەتان وەک سیاسەت و ستراتیژیک بۆ مامەڵەکردن پەیڕەوی دەکەن. بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئەدەبیاتی مامەڵەکردن لەگەڵ تیرۆرزم سێ شێوازی باو و سەرەکی هەن، وەک شێوازی جەنگ (war model)، شێوازی دادپەروەری تاوانبار (criminal justice model)، نمونەی ئاشتەوەیی (reconciliatory model). لایەنگرانی شێوازی جەنگ بەشێوەی کردەی جەنگ سەیری تیرۆریزم دەکەن، بۆیە باوەڕیان وایە کێشەی سەربازی (Military problem) پێویستی بە چارەسەرێکی سەربازی هەیە (هەروەک لە خشتەی ژمارە (٦) زیاتر ڕون کراوەتەوە). ئەم پۆلێندبەندیە لە وەڵامدانەوەی تیرۆریزم پشت بە سروشت و کارەکتەر و ئامانجەکان دەبەستێت.[1]

لە ئەدەبیاتی ململانێ و ئاشتیدا، توێژەر مایکل بۆیەل (Michael Boyle) پێی وایە شێوازی جەنگ بۆ بەرەنگاربونەوەی تیرۆر تازەترە بە بەراورد بە شێوازەکانی تر، کە دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕوداوی ١١سێپتەمبەر.[2] بەڵام لەهەمانکاتدا، گشتگیرترین میکانیزمە کە بۆ وەڵامدانەوەی تیرۆریزم جێبەجێکراوە. ئەگەر بە وردی لەو شێوازە ڕابمێنین، بە ڕونی ئەوە دەردەکەوێت کە وەک شێوازی سەرەکی پەیڕەوکراوە بۆ وەڵامدانەوەی تیرۆر، کە پشتئەستورە بە بەکارهێنانی هێز بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دژ بە کردەی تیرۆریزم. چونکە کردەوە تیرۆرستیەکان زیاتر شێوە و کردەوەی جەنگ لەوەی کە وەک تاوانێکی ئاسایی ببینرێت.[3] بۆیە وەڵامدانەوەی ئەم کردەوانەش زیاتر دەبێت پشت بە شێوازی جەنگ ببەستێت. سەرەڕای بەکارهێنانی هێز لە ناوخۆی وڵاتدا، زۆربەی کات بژاردەی سەربازی لە ڕێگەی دەستێوەردانی دەرەکیەوە جێبەجێ دەکرێت. لەم تێگەشتنەشدا دەوڵەت وەک کارەکتەری سەرەکی بۆ کۆنترۆڵکردنی توندوتیژی ماف و ڕەوایەتی لە بەکارهێنانی پێدراوە. هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ئەم شێوازە وەک میکانزمێکی باو، هێز وەک شێوازێکی یەکلاکەرەوە دەبینێت بۆ پرسی تیرۆریزم.

---

(1) Perliger, Arie. "How democracies respond to terrorism: Regime characteristics, symbolic power and counterterrorism." *Security Studies* 21, no. 3 (2012): 493.
(2) Rineheart, Jason. "Counterterrorism and counterinsurgency." *Perspectives on Terrorism* 4, no. 5 (2010): 36.
(3) Buchanan, Allen, and Robert O. Keohane. "Toward a drone accountability regime." *Ethics & International Affairs* 29, no. 1 (2015): 15.

شێوازی دادپەروەری تاوانبار زۆر کات بە نمونەی یاسایش ناودەبرێت، چونکە تیرۆر وەک کردەیەکی تاوانکاری سەیر دەکات. بۆیە بۆ چارەسەکردنیشی پێویستی بە کۆمەڵێک میکانیزمی یاسای و دادوەری هەیە لە ڕێگەی سیاسەت و بڕیارەکان دادگا و جێبەجێکردنی یاسا ڕوبەڕوی ئەم کردەیە دەبێتەوە.[1] بەهێزی ئەو شێوازە پشت بە بەهێزی جێبەجێکردنی یاسا و بڕیارەکانی دادگا و دروستکەرانی بڕیار لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لە وەڵامدانەوەی تیرۆر دەبەستێت. لایەنگرانی ئەم شێوازە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە باشترین شێوازە بۆ وەڵامدانەوەی تیرۆر لە دورمەوددا، چونکە بە باوەڕی ئەوان بەکارهێنانی هێز تەنها لەماوەی کورتخایەندا دەتوانێت سەرکەوتوبێت لە وەڵامدانەوەی تیرۆردا.[2]

لێکۆڵەر مارتن شاو (Martin Shaw) پێی وایە لەم ڕێبازەدا پشت بە باڵادەستی "یاسا بەسەر هێزدا" دەبەسترێت کە دەکرێت تیرۆرستان لە ڕێگەی پرۆسەی دامەزراوە دادوەرییە جیهانیەکان یەکلای بکرێنەوە.[3] چونکە لەم شێوازەدا هێزی سەربازی بەکارناهێنرێت لە وەڵامدانەوەی تیرۆردا، کەواتە شێوازی دادپەروەری تاوانکاری پشت بە سیستەمی یاسای ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دەبەستێت بۆ لێکۆڵینەوە و سزادانی گومانلێکراوان. ئەم شێوازە بە بەشێکی گرنگ لە ئەدەبیاتی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە ئازادییەکان دادەنرێت. بەڵام ئەم جۆرە شێوازە ڕوبەڕوی ڕەخنەی سەرەکی بۆتەوە، نمونەش زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا ڕێگەیان نەدا تیرۆرستەکانی ناو کەمپی هۆڵ لە سوریا بگەڕێنەوە وڵاتەکەیان و لەوێ ڕبەڕوی دادگابینەوە، چونکە سیستەمی یاسایی و دادوەری ئەوان پێیان وایە سزاکان کەمترە، لەو تاوانە گەورانەی تیرۆریستان ئەنجامیان داوە و دواتر ببنەوە هەڕەشەیەک بۆ ئەو وڵاتانە.

لایەنگرانی مۆدێلی سێیەم دور دەکەوێتەوە لە هەردوو شێوازەکەی تر بۆ ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆریزم، ئەوان جەخت لە پرۆسەی ئاشتەوایی دەکەنەوە وەک یەکێک لە باشترین شێوازەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تیرۆریزم. بە وتەی توێژەری ئەم بوارە پیتەر (Peter C. Sederberg) لە یەکێک لە توێژینەوەکانی ئاماژەی بە پرۆسەی ئاشتەوایی کردوە وەک یەکێک لە ستراتیژەکانی بەرەنگاربونەوەی تیرۆریزم، کە لە بنەڕەتدا تیرۆریزم کێشەیەکی سیاسییە و پێویستی بە چاکسازی سیاسی هەیە لە ڕێگەی میکانیزمەکانی وەک دیپلۆماسی لە چارەسەرکردنی ئەم بابەتەدا.[4] بەپێی ئەم شێوازە بێت تیرۆریزم دەرئەنجامی کێشەی سیاسییە، کە ڕەنگدانەوەی ئەو پرسەیە کە هەندێک لە گروپە کۆمەڵایەتیەکان دەخرێنە دەرەوەی پرۆسەی

---

(1) Rineheart, Jason. "Counterterrorism and counterinsurgency." (2010):3.

(2) Carter, Brittnee Ashten. "Analyzing the Criminal Justice and Military Models of Counterterrorism: Evidence from the United States." PhD diss., University of Kansas, 2017:57.

(3) Bellamy, Alex J. "Is the war on terror just: 280.

(4) Peter C. Sederberg, “Conciliation as Counter-Terrorist Strategy,” Journal of Peace Research 32, no. 3 (1995): 295–312.

سیاسی.[1] ئەم شێوازە دەکرێت، بۆ بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکان شێوازێکی گونجاو بێت بۆ مامەڵەکردن، بەڵام بۆ گروپێکی تیرۆرستی وەک داعش ئەنجامێکی نابێت. هەرچەند لە ئێستادا ئەمەریکا دەیەوێت شێوازی سێهەم پەیڕەوبکات لە ئەفغانستان کە ئاشتەوایی دروست بکات لە نێوان تاڵیبان و حکومەت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە تا چەند سەرکەوتودەبێت، چونکە ئەوان بونی بەرامبەر قبوڵناکەن و ئایدۆلۆژییەکەیان لەسەر ئەوە بنیات نراوە.

دەتوانین بە دەرەنجامێک بگەین کە گۆڕانکاری لە سروشت و کارەکتەری گروپە تیرۆرستییەکان بە دور ناگرێت بەپێی کات. بۆیە لە میانەی ئەم گۆڕانکارییانەدا چۆنیەتی وەڵامدانەوەی هەڕەشەکانیش دەگۆڕێن. لەم بارەیەوە پاوڵ وێلکنسن (Paul Wilkinson) دەڵێت، دەتوانین بڵێن، کە سیاسەتێکی جیهانی جێگیر بۆ ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆر بونی نییە، بەڵکو هەر ململانێیەک پەیوەست بە تیرۆر تایبەتمەندی خۆی هەیە.[2] ئاشکرایە بەشێوەیەکی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوە بۆ ڕەهەندە سەربازیەکە دەکات، لە چۆنیەتی ڕوبەڕوبونەوەی گروپی تیرۆریستی وەک داعش، سەرباری گرنگی میکانیزمەکانی تر، بەڵام هەنگاوی سەرەکی و پێویست خۆی لە شێوازی سەربازی بەرامبەر ئەم گروپەدا دەبینێتەوە.

**خشتەی ژمارە (٥-٢)**

**پۆلێنبەندی شێوازی ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆریزم**

| شێوازی ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆریزم | تیرۆر وێنا دەکرێت وەک | پشت دەبەستێت بە |
|---|---|---|
| **شێوازی جەنگ** | کردەی جەنگ | سەربازی و بەکارهێنانی هێز |
| **شێوازی دادپەروەری تاوانبار** | تاوان | پۆلیس، جێبەجێکردنی یاسا و سیستەمی دادوەری |
| **شێوازی ئاشتەوایی** | کێشەی سیاسی | دیپلۆماسی/ یاسادانان بۆ چارەسەرکردنی |

**سەرچاوە:** Perliger, Arie. "How democracies respond to terrorism: Regime characteristics (2012): 494.

[1] Perliger, Arie. "How democracies respond to terrorism: Regime characteristics, symbolic power and counterterrorism." *Security Studies* 21, no. 3 (2012):493.
[2] Rineheart, Jason. "Counterterrorism and counterinsurgency: 32.

**٥-٨ ئەنجام:**

تیرۆر بەکارهێنانی هێز و توندوتیژییە بەشێوەیەکی نایاسایی و ناڕەوا دژ بە دانیشتوانی مەدەنی و موڵک و ماڵی گشتی لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی گروپە تیرۆریستییەکان. یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی هیچ پێناسەکی دیاریکراوی بۆ چەمکی تیرۆر نییە. چونکە یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی ئەم یاسایە ئەوەیە کە جیاکاری دەکات لە نێوان مەدەنی و جەنگاوەران و هەروەها شوێنی مەدەنی و ئامانجی سەربازی. بنەمای جیاکاری بناغەی یاسای نێودەوڵەتی مرۆییە، ئامانجی پارێزگاریکردن لە کەسانی مەدەنی و ڕێگریکردن لە هێرشی هەڕەمەکی و خراپ بەکارهێنانی چەک لە دژی هاووڵاتیانی مەدەنی.

بۆیە دەکرێت ئەوە بخرێتەڕو، کە بەهۆی پابەندنەبونی تیرۆر بە "یاسای جەنگ" و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لە جەنگی ئاسایی جیاوازترە و ڕەوایەتیان نیە لەڕوی مۆراڵیەوە بەهۆی بەئامانجگرتنی کەسانی بێتاوان و سیڤیلەوە. هەروەها شێوازی جۆراوجۆر بۆ وەڵامدانەوەی گروپە تیرۆریستییەکان هەن وەک ڕێگەچارەی یاسای و سیاسی و سەربازی، بەڵام بژاردەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی باوترین و باڵادەسترینیانە. بەشێوەیەکی گشتی، کاتێک کە باس لە تیۆری جەنگی ڕەوا دەکرێت بۆ ئەوەی وەک چوارچێوەیەکی تیۆری بەکاربهێنرێت پەیوەست دەبێت بە کارەکتەری سەرەکی وەک دەوڵەت کە خاوەن سەروەرییە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا. بەڵام بەپێی تێپەربونی قۆناغەکان کارەکتەری نوێی لە دەرەوەی کارەکتەری دەوڵەت، گەشەیان کردوە. لە پێناو وەڵامدانەوەی ئەو پرسە، ئەم بەشە لێکدانەوەی بۆ پەیوەندی نێوان تیرۆریزم و تیۆری جەنگی ڕەوا کرد، لە پەیوەندی تیرۆر بە جەنگەوە. وەک چوارچێوەیەکی ئیتیکی بەکاردەهێنرێت بریتیە لە تیۆری جەنگی ڕەوا. هەروەها جەنگ دژ بە تیرۆریزم کردەیەکی جیاوازترە لە جەنگی نێوان کارەکتەرە سەرەکییەکانی وەک دەوڵەت. لە بەشی دواتردا باس لە ڕەوایەتی جەنگی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش دەکەین، وەک یەکێک لە کەیسە گرنگەکان لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی تیۆری جەنگی ڕەوادا.

# بەشی شەشەم

# جەنگی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژ بە (داعش) لە عێراق

## ٦-١ دەسپێک

دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لە ساڵی ٢٠١٤ دا وەک بەهێزترین گروپی توندڕەوی جیهادی جیاواز لە گروپەکانی پێش خۆی دەرکەوت. کە گروپێکی تیرۆرستییە، لە پێناو ئامانجی سیاسیدا، تێیدا ئایدۆلۆژی (ئیسلام) و توندوتیژی بەیەکەوە گرێداوە. هۆکاری دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ بۆشایی سیاسی و ئەمنی ناوچەکە لە هەر دوو دەوڵەتی عێراق و سوریا. داعش وەک گروپێکی تیرۆریستی بە فۆرمێکی جیاواز، لە کاتی دەرکەوتنیەوە بە یەکێک لە هەڕەشە سەرەکییەکان بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دادەنرێت. ئەم ڕێکخراوە چەندین تاوانی وەک تاوانەکانی جینۆساید، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگی ئەنجامداوە، کە هەریەکە لەو تاوانانەی ئەم ڕێکخراوە ئەنجامی داون لە ڕیزی تاوانە نێودەوڵەتیەکاندا پۆلێندەکرێن. گەشەکردن و بڵاوبونەوەی بەم شێوازە بەرفراوان و کاریگەرە وایکرد، کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بیر لە وەڵامدانەوەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە بکاتەوە. لە پێناو دڵنیابون لە ئاشتی و دادپەروەری جیهان، دەبێت کردەی تیرۆر ڕابگیرێت بەگوێرەی یاسا نێودەوڵەتی و پێوەرە ئەخلاقیەکان.

لە ئێستادا سیاسەت و ستراتیژی نەتەوەیی دەوڵەتان بە تەنها وەڵامدەرەوەی هەڕەشە تیرۆرستیەکان نابن، چونکە هەڕەشەکان بە تەنها لە چوارچێوەی یەک سنوردا نەماون. سەرەڕای یاسا تایبەتیەکان بۆ بەرەنگاربونەوەی تیرۆریزم لە ناوخۆی دەوڵەتان، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بریتییە لە هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی و کارەکتەرە کاریگەرە نادەوڵەتیەکان، بە چەندین شێوازی جیاواز دژ بە هەڕەشەکانی تیرۆریزم کار دەکات. بۆیە دەوڵەتان پێویستە هاوکاری یەکتر بن لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهان وەک پابەندبونێکی نێودەوڵەتی (International obligations). بۆیە بە هۆی مەترسیی تیرۆر لەسەر کۆمەڵگەی مرۆیی و ئاشتی و ئارامیی جیهان، تا ئێستا چەندین ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی و ناوچەیی بۆ ڕوبەڕوبونەوە و لەناوبردنی تیرۆر گرێ دراون، دەوڵەتەکان پابەند دەکات دژ بە کردەوە تیرۆرستیەکان هاوکاری یەکتربکەن. لەم بەشەدا وەڵامی چەند پرسیارێکی سەرەکی دەدەینەوە لەوانە: ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی چیە؟ هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی چۆن پێکهاتوە؟

## ٦-٢ داعش: باکگراوندی مێژوی، بیروباوەڕ، و قەبارەی هێزی سەربازی و تاوان و حکومڕانی

### ٦-٢-١ پاشخانی مێژوی:

دەوڵەتی ئیسلامی ڕێکخراوێکی تازە نییە لە عێراقدا[1]، ڕیشەی ئەم ڕێکخراوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەندامانی ئەو گروپانەی کە لە ساڵی ٢٠٠٢ هاتون بۆ عێراق و ناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شامیان لەخۆیان ناوە. ڕەگ و ڕیشەکانی داعش لێرەوە سەرچاوە دەگرێت، پاشان لە ساڵی٢٠١٣ هێرشی چەکداری بەرفراوانیان کردە سەر پارێزگاکانی عێراق و سوریا لە نێوان ساڵانی (٢٠١٣-٢٠١٤) دا و هەرێمێکی بەرفراوانی لە ڕووبەڕی خاکی هەردوو وڵات داگیرکرد، کە لە پارێزگاکانی حەلەبی باکوری سوریا درێژ دەبویەوە بۆ پارێزگای دیالە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق. گروپەکە دەوڵەتێکی ئیسلامی دامەزراند و پەیکەری کارگێری بۆ دانا بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆی لە خەلافەتی ئیسلامی کۆن.[2] لە ڕوی سەربازیشەوە، لە ساڵی ٢٠١٤دا هێزی داعش پێک دەهات لە دەیان هەزار چەکدار، هەرچەندە بەشی زۆری چەکدارەکان هاووڵاتی عێراقی و سوری بون، هەزاران چەکداریش لە هەمولایەکی جیهانەوە پەیوەندییان بەریزەکانیەوە کردوە. بۆیە داعش ڕەگ و ڕیشەیەکی تاوانکاری دوورودرێژی لە عێراق هەیە، ئەو گروپە تۆمەتبار دەکرێن بە کوشتن و بریندارکردنی دەیان هەزار کەس لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ بۆ ٢٠١٣.[3]

لە ڕوی مێژوییەوە، ئەم ڕێکخراوە پێشتر بە چەندین ناو و شێوازی تر بونی هەبوە (لە ڕێگەی خشتەی ژمارە (٧) زیاتر دەرکەوتن و ناوی ئەم گروپە ڕون دەبێتەوە)، بۆیە داعش لە گروپێکەوە سەرچاوەی گرتوە، کە ناوی (کۆمەڵەی یەکتاپەرستی و جیهاد) بو. ئەم کۆمەڵەیە گروپێکی جیهادی بون، کە لە ساڵی ١٩٩٩ لە ئوردن دامەزرا، لە ژێر سەرکردایەتی کەسێکی ئوردنی توندڕەو بە ناوی (ئەبو مسعەب زەرقاوی)[4]، ئامانجی گروپەکە لە سەرەتادا ڕوخاندنی ڕژێمی پاشایەتی ئوردن بو،[5] هەروەها دامەزراندنی دەوڵەتێک بو، کە کار بە شەریعەتی

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Laub, Z., and J. Masters. "Islamic State in Iraq and Syria. Council on Foreign Relations." (2014).

[2] Al-Adnani, Muhammad “This is the Promise of Allah”, In Sunni Rebels declare New ‘Islamic Caliphate’, *AlJazeera*, (30 June 2014). Available at: http://www.aljazeera.com/news/middleeast/2014/06/isil-declares-newislamic-caliphate-201462917326669749.html (Accessed: 21 January 2020).

[3] Khdir, Rebaz R. “The International State Responsibility for the Acts of Terrorist Groups: The Case of Turkey and Islamic State in Iraq And Syria”, *Russian Journal of Legal Studies*, Vol. 4, Issue.1(2017): 32.

[4] دەربارەی ڕۆڵ و ژیان و پێگەی زەرقاوی بڕوانە:

Weaver, Mary Anne. "The short, violent life of Abu Musab al-Zarqawi." *The Atlantic* 8 (2006).

[5] Zelin, Aaron Y. "The war between ISIS and al-Qaeda for supremacy of the global jihadist movement." *The Washington Institute for Near East Policy* 20, no. 1 (2014):1.

ئیسلامی بکات. کاتێکیش، گروپەکە لە بەدیهێنانی ئامانجەکەیان شکستیان هێنا لە ئەردەن لە ساڵی ٢٠٠٢، هاتن بۆ عێراق. بەر لە سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش، لە مانگی (٨)ی ساڵی ٢٠٠٣، گروپەکەی زەرقاوی چەندین هێرشی چەکداریان بۆ سەر بارەگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، باڵوێزخانەی ئەردەن، بارەگای پۆلیسی سەربازی ئیتالیا، بنکەکانی پۆلیسی عێراقی و بارەگاکانی بەسەربازکردن، کۆمپانیا بیانییەکان، ئەو کەسانەی لە بواری مرۆییدا کاریان دەکرد ئەنجامدا، لەگەڵ کوشتنی سەدان کەسی مەدەنی.[1] ڕەگ وریشە سەرەتاییەکانی داعش دەگەڕێنەوە بۆ ڕێکخراوی تیرۆرستی ئەلقاعیدە،[2] کە لە عێراق دژ بە هێزە ناوخۆیی و هاوپەیمانییەکان کردەوەی تیرۆرستیان ئەنجامداوە. وەک دەردەکەوێت پێش ئەوەی داعش وەک ڕێکخراوێکی تیرۆرستی بناسرێت، لەسەرەتادا گروپێکی یاخیبوو لە عێراقدا.

**خشتەی ژمارە (٦-١)**

**ڕەوتی گەشەکردنی ناوی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی**

| ناوی گروپ | ساڵانی دەستپێکردن |
|---|---|
| کۆمەڵەی یەکتاپەرستی و جیهاد | ١٩٩٩ – ٢٠٠٤ |
| ئەلقاعیدە لە عێراق | ٢٠٠٤-٢٠٠٦ |
| ئەنجومەنی شورای مجاهیدین | ٢٠٠٦ |
| دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق | ٢٠٠٦ -٢٠١٣ |
| دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام | ٢٠١٣- ٢٠١٦ |

**سەرچاوە:** Zelin, Aaron Y. "The war between ISIS and al-Qaeda for supremacy of the global jihadist movement: 1.

بە درێژایی ئەم ماوەیە، لە ساڵی ٢٠١١، ئەم گروپە هێشتا هێرشی دەکردە سەر مەدەنیەکان و هێزە سەربازییە عێراقیەکان، بەڵام چیتر هەڕەشەیەکی جدی نەبو بۆ دەوڵەتی عێراق. بەڵام لە مانگی (٧) ی ساڵی٢٠١٢ [3] ئەبوبکر بەغدادی لێدوانێکی ئۆنلاینی دەرکرد و بانگەشەی ئەوەی کرد، کە گروپەکەی دەست بە قۆناغێکی نوێ دەکات بە پلانێک کە ناوی لێنا

[1] Gambill, Gary, “Abu Musab al-Zarqawi: A Biographical Sketch”, *Terrorism Monitor*, Vol. II, Issue. 24, 2004. Available at:< https://jamestown.org/program/abu-musab-al-zarqawi-a-biographical-sketch-2/> (Accessed: 21January 2019).

[2] دەربارەی دەرکەوتن و پێکهاتە و شوناسی ڕێکخراوی تیرۆرستی ئەڵقاعیدە وەك ڕێکخراوێکی جیهانی، لێکۆڵەر ( Margaret Mary) تێزی دکتورای لەسەر ئەم بابەتە پێشکەش بە زانکۆی (The University of Adelaide) ئوسترالیا کردوە. Egudo, Margaret Mary. "The Al-Qaeda transnational jihadist movement in historical context: understanding and countering religious and secular forms of terrorism." PhD diss., 2016.

[3] Lewis, Jessica D. "Al-QAedA in irAQ resurgent." *Middle East Security Report* 14 (2013).

(شکاندنی دیوارەکان).[1] بەغدادی لەو ڕاگەیاندنەی دا وتی گروپەکە دەگەڕێتەوە بۆ هەمان قۆناغی بەهێزی خۆی و کاری لە پێشینەش لە هێرشەکانیاندا دەدرێت بەڕزگارکردنی چەکدارە گیراوەکانیان. هەروەها داوای لە هاووڵاتیە سوننەکان و موسڵمانانی جیهان کرد، کە بەشداری ڕیزەکانیان ببن. بەغدادی سەرنجی ڕاکێشایە سەر ڕاپەڕینی سوریا لە دژی ڕژێمی بەشار ئەسەد و داوای لە جیهادییە سوننەکان کرد، کە نادادگەریی ڕژێم نەهێڵن بە ڕووبەڕووبونەوەی هێزی چەکداری و هیچ حوکمێک قبول نەکەن جگە لە یاسای ئیسلامی.[2] لە مانگی (٦) ساڵی ٢٠١٣، توندوتیژی پەرەی سەندەوە و چەندین هێرشی چەکداری کرانە سەر هاووڵاتیانی شیعە لە شوێنە ئاینییە پیرۆزەکان و هێزەکانی ئاسایشی عێراق لەلایەن داعشەوە.[3] لە مانگی (٧) ساڵی ٢٠١٣ ژمارەی قوربانیان لە مانگێکدا بۆ یەکەم جار دوای ساڵی ٢٠٠٨، لە ١٠٠٠ کەس تێپەری، لە کاتێکدا ئەو ژمارەیە تەنها ( ٣٠٠ بۆ٤٠٠) کەس بو لە مانگی (٩) ٢٠١٠ .[4]

هەرچەندە ئێمە نامانەوێ بەتەواوەتی لێکدانەوە بۆ هۆکارەکان بکەین، بەڵام ئەو هۆکارانەی کە بونەهۆی بەهێزبونەوەی داعش بریتیبون لە داڕشتنەوەی پەیکەری ڕێکخراوەکە، گەشەکردنی تواناى سەربازی، سەرهەڵدانی کێشە لە نێوان حکومەتی عێراق و هاووڵاتیانی سوننە و شکستی دەسەڵاتی سیاسی عێراق لە وەڵامدانەوەی داواکارییەکان و سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی لەسوریادا.[5] لەپاڵ ئەو هۆکارانە چەندین هۆکار و پاڵنەری سەرەکیتر هەبون بۆ دەرکەوتنی داعش بەم شێوازە بەهێزە، بۆشایی ئەمنی بە دەرچونی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق و سەرهەڵدانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی، بونە هۆکارێک بۆ شکستی سیاسی، سەربازی و ئاسایش، لە ئەنجامی ئەمەشدا ئەو دەوڵەتە شکستخواردوانە ڕووبەڕوی دەستێوەردانی دەرەکی ببونەوە، ئەمەش دەرفەتێک بو بۆ جەنگی گروپ و هێزە جیاوازەکان وەک جەنگێکی بە وەکالەت بۆ دەوڵەتانی تر.

لە ٢٠١٤/٦/٢٩، وتەبێژی داعش (ئەبو محمد العدنانی)، خەلافەتی ئیسلامی(Caliphate)[6] ڕاگەیاند و ناوی (ابوبکر بەغدادی) بە خەلیفە هێنا. (العدنانی) بانگەشەی ئەوەی کرد، کە لەمەودوا ناوی گروپەکەیان دەبێت بە دەوڵەتی ئیسلامی بهێنرێت لەگەڵ ناوی ئەلبەغدادی بە

---

[1] Youssef, Maamoun “Al-Qaida: We’re returning to Old Iraqi Strongholds”, *U.S. News and World Report, (*22 July 2012). Available at: https://www.usnews.com/news/world/articles/2012/07/22/al-qaida-were-returning-to-old-iraqstrongholds > (Accessed: 25 January 2019).

[2] Ibid,.

[3] Lewis, Jessica D. "Al-QAeda in Iraq resurgent." (2013):10.

[4] Ibdi,:7.

[5] Hashim, Ahmed S. "The Islamic State: From al-Qaeda Affiliate to Caliphate." *Middle East Policy* 21, no. 4 (2014): 72.

[6] خەلافەت: نیزامێکی حکومڕانی ئیسلامیە یان دەوڵەتێکی ئیسلامیە، دێتەکایەوە لە ڕێگەی خەلیفەوە، کە ڕێبەرێکی سیاسی و دینیە و جێنشینی پێغەمبەرەو هێز و دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی هەیە، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر چەمک و مێژوی خەلافەت بڕوانە:
Arnold, Thomas W. *The caliphate*. Routledge, 2016.

خەلیفەی موسڵمانان. هەر لەوکاتەدا داوای لە موسڵمانانی ناوخۆ و جیهان کرد، کە بەیعەت بە خەلیفە بدەن و پشتگیری بکەن. بۆیە ڕاگەیاندنی خەلافەت هەنگاوێکی گرنگ بو بۆ جیهادیزمی نوێ. لەم بارەیەشەوە ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەی هۆزە سوننەکان بەیعەتیان بە بەغدادی دا وەک خەلیفە.(1) بۆیە داعش بوە کارەکتەرێکی سەرەکی سیاسی و سەربازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەنانەت باکوری ئەفریقاش.(2)

وەک دەردەکەوێت داعش دابڕاو نییە لە مێژوی ئەو ڕێکخراو و ناوانەی کە لە پێش خۆی کردەی تیرۆریستیان ئەنجامداوە. بۆ نمونە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا داعشی بە گروپێکی تیرۆریستی ناوبرد، کە کارو چالاکیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠٠٤،(3) سەرباری ناونانیان بە "دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام" لەسەرەتای دامەزراندنیان، بەڵام لە دوای (٢٠١٦)وە ئەم ڕێکخراوە بە تەنها "دەوڵەتی ئیسلامی" بەکاردەهێنێت. پێویستە ئەو ڕاستیە بوترێت، کە داعش بە تەنها ڕێکخراوێکی تیرۆرستی نادەوڵەتی نییە، وەک ڕێکخراوە تیرۆستیەکانی پێش خۆی، بەڵکو شوناسێکی دەوڵەتی هەبو لە خاک و دانیشتوان و پیادەکردنی دەسەڵاتی لەژێر ناونیشانی خەلافەتی ئیسلامی. بۆیە لەم بارەیەوە تێگیشتنی جیاواز هەیە لەسەر پێکهاتەو پۆلێنبەندیکردنی وەک ڕێکخراوەکانی پێش خۆی، بەڵام ئەوەی هەر لەسەرەتاوە کردەوەکانی و مامەڵەکردنی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وەک کارەکتەرێکی ڕەوا بە شێوەیەکی گشتی ڕەتکراوەتەوە. وەک دەردەکەوێت ئەم ڕێکخراوە دیاردەیەکی نوێی نییە، بەڵکو بەشێوەیەک پەیوەندیدارە بە ڕێکخراوە تیرۆریستیەکانی پێش خۆی. بەڵام بێگومان ژینگە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکە کاریگەر بوە لەسەر دەرکەوتن و گەشەسەندنی بەشێوەیەکی بەهێز. کەواتە داعش بە ڕێکخراوێکی تیرۆرستی کە خاوەن ئامانجی سیاسیە و ڕەگ وڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ئیسلامی سیاسی دادەنرێت. هەروەها لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئەم ڕێکخراوە توانیویەتی لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی نەرمو و ئامرازەکانی پەیوەندی کردنەوە زیاتر گەشە بە بیر و کردەوەکانی خۆی بدات.

### ٦-٢-٢ بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژی دەوڵەتی ئیسلامی:

ئەم ڕێکخراوەش وەک زۆربەی گروپە تیرۆریستیەکانی تر بەتەواوی گروپێکی ئایدۆلۆژییە بەشیوەیەکی پراگماتیکی. ئایدۆلۆژی داعش بەندە بە بیروباوەری ئیسلامیەوە، کە بە سەلەفیزمی جیهادی ناسراوە.(4) وشەی (سەلەف) لە زماناوانیدا بە مانای (پێشینە) دێت. ئەو وشەیە

(1) Al-Adnani, Muhammad “This is the Promise of Allah”, In Sunni Rebels declare New ‘Islamic Caliphate’, 2014:366.

(2) Akram, Qudsia. "Islamic State of Iraq and Syria (ISIS): Major Power Politics in Middle East (2006-2016)." PhD diss., University of the Punjab, Lahore, 2019.

(3) Beccaro, Andrea. "Modern Irregular Warfare: The ISIS Case Study." *Small Wars & Insurgencies* 29, no. 2 (2018): 208.

(4) دەربارەی ڕیشەی سەلەفیزم و قۆناغەکانی گەشەسەندنی، بڕوانە تێزی دکتورای توێژەر (Said Yaqub Ibrahimi): Ibrahimi, Said Yaqub. "State Fragility and International Security: The Rise of Salafi-Jihadi Groups in a World of Fragile States." PhD diss., Carleton University, 2018.

بەکاردێت بۆ شوێنکەوتوانی پێغەمبەر.[1] کەواتە سەلەفی کەسێکە کە شوێن فەرمودەو سونەتی پاکی (موحەمەد) دەکەوێت. سەلەفیزم ڕێچکەییەکی ئیسلامیە کە بانگەشەی پاککردنەوەی باوەڕ و پراکتیکی موسڵمانان دەکات لە بیدعە و کوفر. ئەم ڕێبازە بانگی یەکتاپەرستی و بنبڕکردنی بتپەرستی و پابەندییەکی توندی قورئان و فەرمودەو یەکێتی موسڵمانان دەکات.[2] سەلەفیزم بەندە بە فەرمودەیەکی پێغەمبەرەوە، کە دەفەرموێت: "باشترینتان ئەو کەسانەن کە ئێستا شوێنی من دەکەون، دواتر ئەوانەن کە لەدوای ئەوانەوە دێن، دواتر ئەوانەن کە لە دوای ئەوانەوە دێن".[3] سەلەفیزم لە بنەمادا، دیموکراسی و هەمو ئایدۆلۆژییە مرۆییەکان و و عەقڵ و لۆجیک و ئارەزوی مرۆڤ ڕەت دەکاتەوە لەسەر بنەمای ڕەها بونی فرمانی خوایی. بەڵام وەکو هەمو ڕێبازە ئاینیەکانی تر ڕەوتی میانڕەو توندڕەو لە خۆدەگرێت، لەوانەیە هەمویان هەمان بۆچونیان هەبێت سەبارەت بە بیروباوەڕی ئیسلامی بەڵام جیاوازن لە لێکدانەوە و جێبەجێکردنی یاساکان. هەندێک لە سەلەفیەکان بەشداری سیاسەت ناکەن، بەڵام هەندێکی تریان دەیانەوێت دەوڵەتی ئیسلامی دابمەزرێنن لە ڕێگەی ئامرازی توندوتیژو گەڕانەوە بۆ شەڕکردن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان.[4]

وشەی (جیهاد)[5] لە زمانی عەرەبی بە مانای تێکۆشان دێت، کە زانایانی ئیسلام، جیهاد بە تێکۆشانی موسڵمانان لە ڕێگەی خودا پێناسە دەکەن.[6] بۆیە کەسێک کە لە ڕێگەی خودا دا تێکۆشان دەکات بە (مجاهد) دەناسرێت، چەمکی جیهاد چەمکێکی گشتگیرە، بۆتە جێگەی مشتومڕی زانایان هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی ئیسلامەوە زانایان جیهاد دابەش دەکەن بۆ دووبەشی سەرەکی وەک جیهادی ڕوحی و جیهادی شەڕکردن. بە گوێرەی ئەو توێژەرانە،

---

[1] Haron, Zulkarnain, and Nordin Hussin. "A Study of the Salafi Jihadist Doctrine and the Interpretation of Jihad by Al Jama'ah Al Islamiyah." *KEMANUSIAAN: The Asian Journal of Humanities* 20, no. 2 (2013).

[2] Moussalli, Ahmad. "Wahhabism, Salafism and Islamism: Who is the enemy." In *A Conflict Forum Monograph*, vol. 1, pp. 1-39. 2009:12-23.

[3] Bukhari, Muhammad bin Ismail. "Sahih Bukhari, translated by Muhammad Mohsin Khan." *Riyadh: Darussalam* (1997):364.

[4] لە نوێترین لێکۆڵینەوەیدا توێژەری ئەمەریکی پرۆفیسۆر مارک جۆرگینسمایەرە (Mark Juergensmeyer) لە کتێبی خودا لە شەڕدا (God at War)، بە ووردی پەیوەندی نێوان ئاین و توندوتیژی دەخاتەڕوو. مارک لە کتێبەکەیدا باس لە ڕوڵی ئاین وەک فاکتەرێکی سەرەکی لە ناو گروپە ئایینیە جیاوازیەکاندا دەکات. ئەم کتێبەی مارک بە سەرچاوەیەکی ئێجگار گرنگ دادەنرێت بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی تاک و شەڕکردن لە پێناو ئایندا لە ناو گروپە توندڕەوەکاندا، بەشێکی ئەم کتێبەش تەرخانکراوە بۆ چەکدارانی داعش بە پشت بەستن بە چاوپێکەوتنی مەیدانی، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
Juergensmeyer, Mark. *God at War: A Meditation on Religion and Warfare*. Oxford University Press, 2020.

[5] دەربارەی چەمکی ئایدۆلۆژی جیهادی سەلەفیزم، بڕوانە لێکۆڵینەوەی (مایکل ڕیان)، کە بە وردی باسی ئەم پرسە ئەکات :
Ryan, Michael WS. "Defeating ISIS and Al-Qaeda on the Ideological Battlefield: The Case for the Corporation Against Ideological Violence.", US Naval War College, Newport, RI (2018):15-20.

[6] Khadduri, Majid. *War and Peace in the Law of Islam*. Johns Hopkins Press, 1955:55.

جیهادی ڕوحی، تێکۆشانە دژ بە حەزو ئارەزوە بێسنورەکانی مرۆڤ، فەرمانکردن و هاندانە بۆ کاری چاکەکاری و دورکەوتنەوەییە لە خەراپەکاری. بەڵام جیهادی شەڕکردن بریتییە لە بەشداری کردن لە جەنگ لە پێناو خوادا.[1] دەکرێت بگوترێت کە سروشتی جیهادی شەڕکردن لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر و هەروەها لە نێوان خودی زانایانی ئیسلام و مەزهەبەکان، جیاوازە. کە بەلای بەشێکیانەوە تەنها شەڕکردن بۆ لایەنی بەرگری موسڵمانان دەگرێتەوە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، چەمکی (جیهاد) وەک بەشێک لە پرۆسەی داگیرکاری و گواستنەوەی پەیامی ئیسلام لەسەر ئاستی گەردونی دەناسێنن. ئەم ڕێکخراوەش هەڵگری ئایدۆلۆژی سەلەفیزمە لەگەڵ بەرنامە و پلان بۆ گەیشتن بە ئاستی جیهانی.[2] وەک دەردەکەوێت داعش ڕێکخراوێکی سەلەفی جیهادی سوننە مەزهەبە، کە بابەتەکانی وەک خەلافەت و جیهاد و دەوڵەتی ئیسلامی بە ئامرازە مۆدێرنەکان بەرهەمهێناوەتەوە.

### ٦-٢-٣ **قەبارەی هێزی سەربازی:**

پێکهاتەی ڕیکخراوی داعش خاوەن پێکهاتەیەکی بەهێز بو، چونکە چەندین هێزی پێکهێنەری گرنگی لەخۆدەگرت، کە بەشێکی زۆریان خاوەن ئەزمونی سەربازی بون. ئاشکرایە، قەبارەی هێزی داعش گۆڕاوە لە کاتێک بۆ کاتێکی تر و لە خەملاندنێکەوە بۆ خەملاندنێکی تر، ڕوانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ پێی وایە ژمارەی چەکداری ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی زیاتر بوە لە (٥٠) هەزار کەس، هەروەها بەپێی سەرچاوەیەکی ڕێکخراوەکە (٣٠) هەزار چەکداری هەبوە لە مانگی (٨) (٢٠١٤) دا، کە ئەو کات بە بەهێزترین قۆناغی داعش دادەنرێت.[3] بەڵام بە گوێرەی خەمڵاندنی (CIA) ئەمریکی ( کە پێدەچێت داتایەکی ورد بێت) هێزی چەکداری داعش بە (٢٠) بۆ (٣١) هەزار لە عێراق و سوریا لە مانگی (٩) ٢٠١٥ دا مەزندە دەکرێت.[4]

دوای خستنەڕوی ئەم داتایانە لە ڕاستیدا بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان (٩٠٪) چەکدارەکان لە عێراق، عێراقین و لە (٧٠ ٪) چەکدارەکان لە سوریادا، سورین.[5] هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر

---

(1) Khdir, Rebaz R. "The Jurisdiction of the International Criminal Court: The Crimes of the Islamic State in Iraq and Syria." PhD diss., Universidade do Minho, 2018:44.

(2) Vu, Tuong, and Patrick Van Orden. "Revolution and world order: the case of the Islamic State (ISIS)." *International Politics* 57, no. 1 (2020).

(3) Al Jazeera, Islamic State 'has 50,000 Fighters in Syria, (19 August 2014). Available at: http://www. aljazeera.com/news/middleeast/2014/08/islamic-state-50000-fighters-syria-2014819184258421392.html (Accessed: 10 July 2019).

(4) Sciutto, Jim and Jamie Crawford *et al*, "ISIS can 'muster' between 20,000 and 31,500 Fighters", *CNN*, (12 September 2014). Available at: http://edition.cnn.com/2014/09/11/world/meast/isis-syria-iraq/index.html (Accessed: 10 February 2019).

(5) Nakhoul, Samia, "Saddam's Former Army is Secret of Baghdadi's Success", *Reuters*, (16 June 2015). Available at:< http://www.reuters.com/article/us-mideast-crisis-baghdadi-insight-idUSKBN0OW1VN20150616> (Accessed: 10 February 2019).

چەکداری تیرۆرستی بیانی (Foreign Terrorist Fighters)[1] لە ڕیزەکانی داعشدا هەبون، بەڵام ئەوەی ڕون و ئاشکرایە ئەوەیە، کە سەرکردایەتی گروپەکە لەلایەن ئەفسەرانی پێشوی ڕژێمی بەعسی عێراقەوە سەرکردایەتی دەکران، بۆیە وەک دەردەکەوێت عێراق و سوریەکان لەپێشەنگدا بون بۆ وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی[2]، هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەکرێت بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە داعش دەیویست هەست و لایەنگری ئەو ناوچانە کە سوننە مەزهەب بون ڕابکێشێت، کە لە ژێر دەستی دابون، بە نزیکەی (٨) ملیۆن هاووڵاتی مەزندە دەکران. هەروەها چەندین خەمڵاندنی جیاواز هەیە سەبارەت بە چەکدارانی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ دا، بەڵام دەکرێت باس لەوە بکرێت کە دروسترینیان بریتی بێت لە خەمڵاندنی (UN) بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتە بێت، (١٥) هەزار چەکداری بیانی لە (٨٠) وڵاتی جیاوازەوە پەیوەندیان بە گروپە توندڕەوەکان و داعشەوە کردوە هەتاوەکو مانگی (١٠)٢٠١٤.[3] بەڵام لە خەمڵاندنێکی تری (UN) لە ساڵی ٢٠١٥ ڕێژەی شەڕکەرانی بیانی بەرزبۆتەوە بۆ (٣٠) لە (١٠٠) وڵاتی جیاوازەوە.[4]

گروپی سۆفان (The Soufan Group)یش[5] خەملاندنێکی کردوە بۆ چەکدارە بیانیەکان، کە پەیوەندیان بە داعشەوە کردوە بۆ نمونە، (٥) هەزار چەکدار لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا پەیوەندیان کردوە بەم ڕێکخراوە، (٤٧٠٠) چەکدار لە وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی کۆن و (٢٨٠) چەکدار لە باکوری ئەمریکا و (٨٧٥) چەکدار لە بەڵکان و (٨) هەزار لە مەغریب و (٨٢٤٠) چەکدار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و (٩٠٠) لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و (٦) هەزار چەکدار لە تونس و (٢٥٠٠) لە سعودیە و (٢) هەزار لە ئەردەنەوە تا مانگی (١٢) ٢٠١٥ پەیوەندیان کردوە.[6] وەک دەردەکەوێت، بەشێوەیەکی گشتی، قەبارەی هێزی داعش لە هەریەکە لە عێراقی

---

[1] مەبەست لە چەکداری تیرۆرستی بیانی هەمو ئەو کەسانەیە، کە سەفەریان کردوە بۆ دەوڵەتێکی تر جگە لە ئەو دەوڵەتەی کە نیشتەجێن یاخود هەڵگری ڕەگەزنامەن بە ئامانجی ئامادەکاری پلاندانان یاخود بەشداری لە کردەوەی تیرۆرستی یان بەشداری کاری ڕاهێنان بۆ کردەوەی تیرۆرستی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بڕیاری (٢١٧٨) ی ئەنجومەنی ئاسایش:
UNSC Resolution 2178, 24 September 2014.

[2] Hubbard, Ben, and Eric Schmitt. "Military skill and terrorist technique fuel success of ISIS." *New York Times* (2014) Available at: http://www.nytimes.com/2014/08/28/world/middleeast/army-know-how-seen-asfactor-in-isis-successes.html?_r=0 (Accessed: 10 February 2020).

[3] UN Monitoring. *Sixteenth Report of the Analytical Support and Sanctions Monitoring Team submitted pursuant to resolution 2161 (2014) concerning Al-Qaida and associated individuals and entities, 29.10. 2014, UN Doc*. S/2014/770.

[4] UN News Center, "Foreign Terrorist Fighters Pose „Significant and Evolving" Global Threat, Warns New UN Report," October 6, 2015.

[5] گروپی سۆفان، گروپێکی ڕاوێژکاری ئەمنی و هەواڵگیری جیهانیە، کە هاوکاری پێشکەش بە کەرتی تایبەت و گشتی دەکات لە مەبەستی پێدانی زانیار و سەرکەوتن لە پرۆسە و ژینگەیەکی مەترسیدار. بارەگای سەرەکی ئەم گروپە لە نیۆرکە لەگەڵ بونی نوێنەرایەتی لە چەندین دەوڵەتی جیاوازی وەك لەندن، قەتەر و سەنگافورە.

[6] *The Soufan Group*, Foreign fighters: An updated assessment of the flow of foreign fighters into Syria and Iraq, (2015), Available at: < https://wb-iisg.com/wp-content/uploads/bp attachments/4826/TSG_ForeignFightersUpflow.pdf> (Accessed: 25 October 2019).

و سوری و هێزە بیانیەکان پێک دێت، کە لە چەندین دەوڵەتی جیاوازەوە پەیوەندیان پێوەکردوە. ئەم ڕێکخراوە، گروپێکی چوونیەک نەبون، بەڵکو چەندین پێکهاتەی ناوخۆیی و نەتەوەی جیاواز لە خۆدەگرێت. دیاردەی پەیوەندیکردنی هاووڵاتیانی بیانی و ئەوروپی بەگروپە چەکدارەکانی دەرەوە، دیاردەیەکی نویَ نییە و تەنها پەیوەست نییە بە دەرکەوتنی داعشەوە. بەڵکو لە ڕابردوشدا چەندین نمونەی هاوشێوەی ئێستا بونی هەبوە، وەک پەیوەندیکردنی هاووڵاتیانی موسڵمانی نیشتەجیَ لە وڵاتانی خۆرئاوا بە مەیدانی جەنگ لە بۆسنە و ئەفغانستان و عێراقدا.

سەرەڕای ئەوەی کە پێکهاتەی شەڕکەرانی داعش هەمەجۆر و کەسانی بیانی سەر بە دەوڵەتی جیاواز لە خۆدەگرێت، بەڵام بەپێی بەشێک لە سەرچاوەکان، زۆرینەی فەرماندە سەربازییەکانی داعش خاوەنی ناسنامەی عێراقی بونە لەگەڵ هەڵگری چەند ناسنامەیەکی تر.[1] ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە بونی دابەشکاری مەزهەبی و جیاکاری هاوبەشی لە دەسەڵات وای کردوە عێراق ببێتە سەرچاوەیەک بۆ دەرکەوتن و گەشەسەندنی ڕێکخراوی داعش و بونی مەترسی ڕێکخراوی هاوشێوە لە داهاتودا. لێرەدا ئەوە ڕون دەبێتەوە کە بەشێکی زۆر لە سەرکردەکانی داعش کەسانێک بون کە پاشخانی سەربازیان زیاتر لە پاشخانی ئاینی هەبوە.

### ٦-٢-٤ تاوانەکانی دەوڵەتی ئیسلامی:

هەروەک ئاماژەی پێکرا، لەساڵی ٢٠١٤وە، ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لە ئەزمونی ماوەیەکی کەمی حکومڕانیان بە ناوی خەلافەتی ئیسلامی چەندین پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و تاوانی جەنگیان لە ناوچە جیاوازەکانی عێراق ئەنجامداوە. کە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ بنەماو پرانسیپە مرۆیی و ئەخلاقی و بەها جیهانیەکان یەکناگرنەوە.[2] لێکۆڵەری دیاری تیۆری جەنگی ڕەوا جێف ماکماهان (Jeff McMahon) باس لە هەمو ئەو کردەوە نامرۆڤایەتیانە دەکات، کە دەوڵەتی ئیسلامی ئەنجامی داون وەک سەربڕین لە شوێنە گشتیەکان کە ڕۆژانە ئەنجامیانداوە، لە سێدارەدان بەهۆی شمشێر سزایەک بو بۆ تاوانەکانی وەکو هەڵگەڕانەوە و خۆنەپاراستن لە شتە حەرامکراوەکان و کوفرو بێباوەڕی و هاوڕەگەزخوازی.[3] بابەتی دادگایکردنی تۆمەتباران لە ژێر دەسەڵاتی داعشدا، زۆربە کەمی جێبەجیَ دەکرا، بەڵام کاتێک لەلایەن پیاوە ئاینییە توندڕەوەکانەوە ئەنجام دەدرا بەشێوەیەک کە کۆی پرۆسەکە چەند خولەکێکی کەمی دەخایاند. بارمتەکراوەکان ئەشکەنجەدەدران و ئافرەتە بێباوەڕە گیراوەکان کە لە کەمینەی ئاینەکانی تر بون لە عێراقدا وەکو ئێزیدییەکان ڕوبەڕوی دەستدرێژی گەورە دەبونەوە. بە کۆیلەکردنی

---

[1] Zeidel, Ronen, and Hisham al-Hashimis. "A Phoenix Rising from the Ashes? Daesh after its Territorial Losses in Iraq and Syria." *Perspectives on Terrorism* 13, no. 3 (2019):38.
[2] Wood, Graeme. "What ISIS really wants." *The Atlantic* 315, no. 2 (2015).

[3] Tesón, Fernando R. ISIS and Just War Theory, December 9, 2015, Available at: https://www.lawfareblog.com/isis-and-just-war-theory(Accessed: 11 April 2019).

سێکسی (Sexual slavery)[1] بە یەکێکی تر لە تاوانەکان داعش دادەنرێت، کە بە تایبەت بەرامبەر کەمە ئاینیەکانی تر ئەنجامی داوە. داعش بەشێوەیەکی بەرنامەدارێژ و رێکخراو دەستدرێژی سێکسی دەکردە سەر ژنان و کچانی ئێزیدیەکان وەک کۆیلەی سێکسی بەکاریهێنان لەگەڵ تاوانی تری وەک ئەشکەنجەو مامەڵەی خراپ و هاوسەرگیری زۆرەملێ بە چەکدارانی داعش و کڕین وفرۆشتن وەک کۆیلە.[2] ئەم تاوانەش تاوانی جەنگ و دژ بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی دادەنرێت.[3]

هەروەها نەوجەوانان لە تەمەنێکی زۆر کەمەوە دەخرانە خزمەتی سەربازیەوەو لە یەکەکانی جەنگاوەراندا لە رێگەی ئەنجامدانیان لەسەر سەربازە گیراوەکان فێری تەکنیکی کوشتن دەکران. داعش کەسی خوار تەمەنی پێگەیشتوی وەک قەڵغانی مرۆیی و بۆ کاری تەقینەوە بەکارهێناوە، ئەمەش بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان بەشێکە لە تاوانی جەنگ.[4] لەکاتی جەنگیشدا، دڕەندەترین شێواز و تەکنیکی دژی سوپای عێراق و دانیشتوانی مەدەنی بەکارهێناوە. هەمو ئەو تاوانانەی کە لەلایەن دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی دیاریکراون وەک تاوانی نێودەوڵەتی و ئەنجامدەرانی تاوانەکان ڕوبەڕوی ئەو دادگایە دەبنەوە. ئەوانیش بریتین لە تاوانی جینۆساید[5]، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی،[6] تاوانی جەنگ و تاوانی دەستدرێژیکردن. بەپێی هەمو ئەو بەڵگە و دیکۆمێنتانەی

---

(1) وێرای هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ رێگریکردن و بەرەنگاربونەوەی، لە ئێستادا دەستدرێژی و توندوتیژی سێکسی لە کاتی ململانێکاندا گەشتۆتە ئاستێکی مەترسیدار. دەربارەی تاوانی بە کۆیلەکردنی سێکسی کە لەلایەن (ISIS) دژ بە کەمینە ئاینی بە تایبەت یەزیدییەکان ئەنجامی داوا، بڕوانە ئەم توێژینەوەیە:

El-Masri, Samar. "Prosecuting ISIS for the sexual slavery of the Yazidi women and girls." *The International Journal of Human Rights* 22, no. 8 (2018): 1047-1066.

(2) Human Rights Watch, “Iraq: ISIS Escapees describe Systematic Rape”, (14 April 2015). Available at: <https:// www.hrw.org/news/2015/04/14/iraq-isis-escapees-describe-systematic-rape> (Accessed: 28 April 2019).

(3) Corrie, Karen L. "Could the International Criminal Court Strategically Prosecute Modern Day Slavery?." *Journal of International Criminal Justice* 14, no. 2 (2016): 286.

(4) Stern, Jessica, and J. M. Berger. "HarperCollins." *ISIS, The State of Terror. New York* (2015): 210-213.

(5) بەپێی ماددەی دووەمی ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید پێناسەی ئەم کردەوەیە دەکات بەم شێوەیە: مەبەست لە جینۆساید سەرلەبەری یان بەشێکی قڕکردنی هەر گروپێکی نەتەوەیی، ئەتنیکی، ڕەگەزی یان ئایینیە. وەك: کوشتنی ئەندامانی گروپێك، زیانگەیاندنی جەستەیی یان ئەقڵی مەترسیدار بە ئەندامانی گروپەکە، بە ئەنقەست دروستکردنی دۆخێکی تایبەتیی ژیان بە گروپەکە، کە بەهۆیەوە دوچاری لەناوچونی فیزیکی هەمو یان بەشێك، ببنەوە، سەپاندنی چەند پێوەرێك کە ببنە هۆی نەزۆکی لەناو ئەندامانی گروپەکە، بەزۆر ڕاگواستنی منداڵ و جیاکردنەوەی ڕەگەزەکان لە یەکتری. بڕوانە:

Lippman, Matthew. "The convention on the prevention and punishment of the crime of genocide: fifty years later." *Ariz. J. Int'l & Comp. L.* 15 (1998): 415; May, Larry. *Genocide: A normative account*. Cambridge University Press, 2010.

(6) تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بریتین لە کۆمەڵێك تاوانی مەترسیدار دژ بە دانیشتوانی مەدەنی ئەنجام دەدرێن. هەرچەندە ئەو تاوانانە خاوەن مێژوێکی کۆنن، بەڵام ڕەگ و ڕیشەی بەکارهێنانی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم، دواتر وەك تاوانێکی نێودەوڵەتی لە ڕێکەوتننامە و پەیماننامە جیهانییەکان ناسێندرا، کە ئەنجامدەرانی ڕوبەڕوی دادگای نێودەوڵەتی دەکرێنەوە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم تاوانە بڕوانە:

May, Larry. *Crimes against humanity: A normative account*. Cambridge University Press, 2005.

کە لە بەردەستن، داعش تاوانی جینۆسایدی ئەنجامداوە بەتایبەت لە کەیسی جینۆسایدی ئێزیدییەکان کە تێیدا زیاتر لە پێنج هەزار کەس لە پێکهاتەی کەمینەی ئاینی ئێزیدییەکان کۆمەڵکوژ کران و ئەوانەشی بەدیل گیرابون کرانە کۆیلە.[1] هەروەها بەشێوەیەکی ڕێکخراو کەمینەکانی تری عێراق وەک شەبەک و تورکمانی شیعەو مەسیحیەکانی کردۆتە ئامانج. فەرمانی بە مەسیحییەکانی شاری موسڵ کرد یان ببنە موسڵمان یان جزیە بدەن یان شارەکە جێبهێڵن یان ڕووبەڕوی شمشێر ببنەوە.[2] داعش ئەندامانی پێکهاتەو کەمینە ئاینیەکانی کردۆتە ئامانج لە پێناو سڕینەوە و لە ناوبردنیان.

لە ئاستی دەرەوەدا، ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ دەری دەخەن، داعش لە ڕێگەی کوشتنی کەسانی مەدەنی و بە کۆیلەکردنی ئافرەتان و ئەنجامدانی توندوتیژی سێکسی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگی ئەنجامداوە. لەسەر ئاستی جیهانیش دەوڵەتان کاردانەوەیان هەبو لەسەرهێرشە توندوتیژەکانی داعش و دەستدرێژی و تاوانی سێکسی. بۆیە کارەکتەرە نێودەوڵەتی و دەوڵەتان تاوانەکانی ئەم ڕێکخراوەیان وەک بەشێک لە کردەوەی تاوانکاری جێنۆساید ناساند. لە سەرەتای ٢٠١٦ یەکێتی ئەوروپا لە بریارێکی دا ڕای گەیاند کە کردەوەی تاوانکاریەکانی داعش کە ئەنجامی داون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە جینۆساید ناساند[3] هەروەها ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا تاوانە دڕندەکانی داعش دژ بە ئێزیدییەکان و مەسیحییەکان و کەمینە ئاینیەکانی تر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە جینۆساید کرد.[4] هەمان تێگەیشتن لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی بەریتانیا ( UK House of Commons)[5] ، ئەنجومەنی نوێنەرانی ئوسترالیا[6]، و حکومەت و پەرلەمانی کەنەدا[1] و

[1] Stern, Jessica, and J. M. Berger. *New York* (2015).
[2] Human Rights Watch, "Iraq: Forced Marriage, Conversion for Yezidis", (11 October 2014). Available at: <https://www.hrw.org/news/2014/10/11/iraq-forced-marriage-conversion-yezidis> (Accessed: 12 March 2020).

[3] European Parliament resolution on recent attacks and abductions by Daesh in the Middle East, notably of Assyrians (2015/2599(RSP)), Available at: https://www.europarl.europa.eu/doceo/document/B-8-2015-0259_EN.html>(Accessed: 17 January 2020).
[4] Kerry, John, "Remarks on Daesh and Genocide" (speech, US Department of State, Washington, DC, 17 March 2016), Available at: http://www.state.gov/secretary/remarks/2016/03/254782.htm>(Accessed 2 March 2019).

[5] UK House of Commons, Daesh Genocide of Minorities Debate, Hansard, April 2016, Available at: https://hansard.parliament.uk/commons/2016-04-20/debates/16042036000001/DaeshGenocideOfMinorities>(Accessed: 10 November 2019).
[6] Australia Recognizes Crimes Committed by ISIS against Assyrians as Genocide," AINA, 2 May 2016, , Available at: http://www.aina.org/news/20160502022530.htm >(Accessed: 10 November 2019).

لەگەڵ چەندین دەوڵەتانی ئەوروپا خرایەڕو. بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاوبگرین، کە ناساندنی تاوانەکانی داعش لەلایەن زۆربەی زۆری ئەو دەوڵەتانەوە، ناساندنێکە لە ڕوی سیاسییەوەیە، نەک یاسایی چونکە میکانیزمەکانی دانپێدانانی جینۆساید لەڕوی یاساییەوە بەهۆی ڕوکنی مەعنەویەوە قورسترە.

لەبەرئەنجامی ئەو هێرشانە و داگیرکردنی چەند ناوچەیەکی لە عێراق، کە ژمارەیەکی زۆر لە سوننە نیشینەکان ئاوارەبون لە ناوچەکانی خۆیان بەپێی ڕاپۆرتێکی واشنتۆن پۆست نزیکەی چوار ملیۆن هاووڵاتی ئاوارەبون، ئەمەش کارەساتێکی مرۆیی گەورە بۆ ناوچە سوننەکان لێکەوتەوە.[2] هەر لە سۆنگەی ئەم هەڵسوکەوتانەش بو، لە (٢٠١٤/٨/١٥) ئەنجومەنی ئاسایش بە دەرکردنی بڕیاری ژمارە (٢١٧٠) جەختی لەسەر ئیدانەکردنی ڕێکخستنی داعش کردەوە، بە هۆی ئەو کردەوە تیرۆریستی و تاوانکارییە بەردەوامەی کە دەیکەن لە کوشتنی خەڵکی سیڤیل، لەناوبردنی دامودەزگا و شوێنە ئایینی و کەلتورییەکان و نەهێشتنی سەقامگیری.[3] وێڕای ئەمەش، داعش ناوچەو شوێنە گشتیەکان بۆ ئامانجی سەربازی بەکاردەهێنا، کە بەپێی یاسا مرۆییە نێودەوڵەتیەکان قەدەغەکراوان و پارێزراون، هەروەها لەکاتی ئۆپراسیۆنەکانیان هاووڵاتیانیان وەک قەڵغانی مرۆیی بەکاردەهێنا. هەر لەم دیدەوە بو، کە تاوانەکانی داعش وەک تاوانی جینۆساید و دژ بە مرۆڤایەتی ناسێنران و جۆرێک لە کۆدەنگی لە نێوان ئەو دەوڵەتانە دروست کرد، کە لە ئەنجامدا بوە هاتنەکایەوەی هاوپەیمانەتیەک بۆ چۆنیەتی ڕێگریکردن لە قوربانی مەدەنی زیاتر. ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ وڵاتان یاخود پاساوی دایە دەست دەوڵەتان کە دەستێوەردانی مرۆیی بکەن، بە ئامانجی ڕاگرتنی توندوتیژییەکان لە ڕێگەی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتیەوە.

## ٦-٢-٥ حکومرانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی:

ئەم ڕێکخراوە بە بەهێزترین ئەکتەری تیرۆری نادەوڵەتی لە جیهان دادەنرا، سەرەڕای ئەوەی کە خۆی وەک دەوڵەت دەناساند. ڕوبەرێکی زۆری لە خاکی عێراق و سوریادا کۆنترۆڵکردبو. ئەم گروپە هەوڵیدەدا دەوڵەتێکی ئیسلامی لەسەر بنەمای خەلافی ئیسلامی دابمەزرێنێت. ئاشکرایە، ئەم ڕێکخراوە وەک دیاردەیەکی بێ وێنە سەیردەکرا، چونکە بەپێچەوانەی ڕێکخراوە تیرۆرستیەکانی تر، خاوەنی خاکێکی (territorial basis) بەرفراوان

---

(1) Canadian House of Commons, 42nd Parliament, 1st Session, Number 74, 16 June 2016, Available at: https://www.ourcommons.ca/DocumentViewer/en/42-1/house/sitting-74/hansard> (Accessed: 10 November 2019).

(2) Martins, Alice, "ISIS: A Catastrophe for Sunnis," Washington Post, 23 November 2016, Available at: https://www.washingtonpost.com/sf/world/2016/11/23/isis-a-catastrophe-for-sunnis/?utm_term=.ca67c230eff4(Accessed: 1 January 2020).

(3) UN Security Council Resolution, (2170), 15 August 2014.

بو، کە پیادەی دەسەڵاتی دەکرد.[1] لەم بارەیەوە، توێژەر بینیدیتا بێرتی (Benedetta Berti) ئەوە دەخاتەڕو کە داعش ڕێکخراوێکی سەربازی تێکەڵە (hybrid military organization)، بە واتایەکی تر لە نێوان کارەکتەری نا دەوڵەتی چەکداری و دەوڵەتدایە.[2] هیچ یەکێک لە ڕێکخراوە جیهادیەکانی تر بەم شێوەیە نەیتوانیوە سەرچاوەو خاکی کۆنترۆڵکراویان لەژێر دەسەڵاتدا بێت. هەر لەسەرەتاوە دەستی بە پروپاگەندەیەکی زۆری لە وێناکردنی ڕێکخراوەکە وەک دەوڵەتێکی ئیسلامی لە ناوچەکە کرد. دانیال بیمان (Daniel Byman) باوەڕی وایە، کە ستراتیژی دەوڵەتی ئیسلامی بەزۆری پشت دەبەستێت بە بونیادنانی کلاسیکی دەوڵەت کە لەلایەن چارلس تیلی (Charles Tilly) خراوەتەڕو بەشێوەیەک کە "جەنگ دەوڵەت دروست دەکات".[3] نیەت و ستراتیژی ئەم ڕێکخراوە جیادەکرێتەوە لە گروپەکانی پێش خۆی کە هەر لەسەرەتاوە کاری لەسەر بونیادنانی دامەزراوەکانی دەوڵەت دەکردەوە[4] و لە ڕێکخستنی سوپا و چۆنیەتی وەڵامدانەوەی داواکاری و خزمەتگوزارییەکانی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتی دابون. هەروەها لەگەڵ هەبونی چەندین دامەزراوەی دادوەری و ئامرازەکانی جێبەجێکردنی یاسا لەو ناوچانەی لەژێر حکومڕانیدا بون.[5]

پسپۆری لێکۆڵینەوە جەنگ و ململانێی چەکداری ئۆدری کرونین (Audrey Kurth Cronin) گەشتۆتە چەمکێکی گشتگیر بۆ ئەم ڕێکخراوە، ڕاستە داعش تەکتیکی تیرۆرستی بەکاردەهێنێت، بەڵام بە تەنها ناکرێت وەک ڕێکخراوێکی تیرۆرستی بەبەراورد بە گروپەکانی پێشوتر سەیر بکرێت. چونکە داعش خاوەن هێزی سەربازی بەهێز و جۆرێک لە دامەزراوەی یاسایی و سیاسییە کە وەک ئەوەی باوەڕی پێیەتی بونیادنراوە لە خاکێکی دیاریکراو پیادەی دەسەڵاتی خۆی دەکات.[6] ئەمەش باشترین گەواهیدەرە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەی، کە داعش

---

[1] Tsagourias, Nicholas. "Self-defence against non-state actors: the interaction between self-defence as a primary rule and self-defence as a secondary rule." *Leiden Journal of International Law* 29, no. 3 (2016):801.

[2] Berti, Benedetta. "What's in a name? Re-conceptualizing non-state armed groups in the Middle East." *Palgrave Communications* 2, no. 1 (2016): 1.

[3] Byman, Daniel. "Understanding the Islamic state—A review essay." *International Security* 40, no. 4 (2016):140.

[4] دەربارەی خەونی بونیادنانی دەوڵەتی ئیسلامی لەلایەن (ISIS) بڕوانە، ئەم توێژینەوەیەی خوارەوە:
Clausen, Maria-Louise. Unity, Segregation, and Obedience: Islamic State's Use of Quranic Verses and How It Relates to State-Building, Studies in Conflict & Terrorism, (2020):1-18.

[5] توێژەر مارا ڕێفکی (Mara Revki) توێژینەوەیەکی فرەڕەهەند دەخاتەڕو دەربارەی بنەما یاساییەکانی حکومڕانی داعش و دامەزراوەکانی بەڕێوەبردنی، بۆ زانیاری بڕوانە:
Revkin, Mara. "The legal foundations of the Islamic State." *The Brookings Project on US Relations with the Islamic World* 23 (2016).

[6] Cronin, Audrey Kurth. "ISIS is not a terrorist group: Why counterterrorism won't stop the latest jihadist threat." Foreign Aff. 94 (2015), Available at: https://www.foreignaffairs.com/articles/middle-east/2015-02-18/isis-not-terrorist-group>(Accessed: 18 April 2020).

ڕێکخراوێکی تیرۆرستی جیاواز بو بەشێوەیەک کە بەشێک لە خەسڵەتەکانی کیانێکی سەربەخۆی لەخۆگرتبو.

بۆیە دەکرێت بگوترێت، بەشێکی زۆری ئەرکەکانی حکومەتێکی سەربەخۆی خاوەن شەرعیەتی ئەنجامدەدا، وەک دەستەبەر کردنی پێداویستی تەندروستی، خزمەتگوزارییە گشتیەکان، دەستەبەرکردنی پۆلیس و لایەنی ئەمنی، کۆنترۆڵکردنی نرخی بازاڕ و شمەک، بونی دادگا بەپێی ئەو تێگەیشتنەی خۆیان بۆ پرۆسەی حکومڕانی هەیان بو. لەگەڵ بونی چەندین دامەزراوەی ئابوری بۆ کۆکردنەوەی باج و ڕێکخستنی لایەنی دارایی.[1] هەروەها بەپێی خەملاندنی هەندێک لە سەرچاوەکان ئەم ڕێکخراوە (١ تا ٣) ملیۆن دۆلار داهاتی ڕۆژانەی فرۆشتنی نەوتی ئەو ناوچانە بوە کە لەژێر دەستی دابون،[2] لەگەڵ چەندین سەرچاوەی دارایی تر.[3] بەپێی خەملاندنی ڕاپۆرتی توێژینەوەی کۆنگرێس (Congressional Research Services) داعش لە ساڵی ٢٠١٤ دا لە نێوان (٣٥ بۆ ٤٥ ملیۆن دۆلار) داهاتی لە ڕێگەی سەرانەوە دەست کەوتوە.[4]

بۆیە کاتێک باس لە داعش دەکرێت، وەک هێزە نادەوڵەتیەکانی[5] پێشوتر دانانرێت، چونکە داعش وەک هاوشێوەی دەوڵەتێک لە بەڕێوەبردنی ناوخۆیی مامەڵەی دەکرد.[6] بۆیەکەم جار لە مێژوی هاوچەرخدا گروپێکی تیرۆرستی بتوانێت ئەوەندە خاکی لەژێر دەستدا بێت و سیستەمێکی هاوشێوەی دەوڵەتێکی شمولی بونیادبنێت.[7] ئەم ڕێکخراوە کاری لەسەر

---

(1) Beauchamp, Zack 'The 9 Biggest Myths about ISIS', Vox Media, 1 October 2014, Available at: https://www.vox.com/2015/11/15/18093496/isis-myths-iraq>(Accessed: 12 January 2020).

(2) Monshipouri, Mahmood, Claude E. Welch Jr, and Khashayar Nikazmrad. "Protecting human rights in the era of uncertainty: How not to lose the war against ISIS." *Journal of Human Rights* 16, no. 1 (2017): 9.

(3) داعش بە یەکێك لە دەوڵەمەنترین گروپە تیرۆرستییەکان دادەنرێت، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر داتاو و سەرچاوە جیاوازەکانی دارایی ئەم ڕێکخراوە، بڕوانە توێژینەوەی گشتگیری پرۆفیسۆر (Nicholas Ryder):

Ryder, Nicholas. "Out with the old and… in with the old? A critical review of the Financial War on Terrorism on the Islamic State of Iraq and Levant." *Studies in Conflict & Terrorism* 41, no. 2 (2018): 79-95.

(4) Rosen, Liana. "Islamic state financing and US policy approaches." Congressional Research Service (2015):10.

(5) هێزە چەکدارییە نادەوڵەتییەکان بریتیین لەو هێزانەی لە دەرەوەی دامەزراوە دەستوری و حوکمڕانیەکانن، لێرەدا مەبەستمان ئەو هێزانەیە کە پەیوەستن بە تیرۆر لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، دەبنە هەڕەشیە بۆ سەر ئاسایشی دەوڵەتان.

(6) دەربارەی بونیاد و پێکهاتەی داعش بڕوانە، هێڵکاری توێژەران (Nick Thompson and Atika Shubert) لە ماڵپەری (CNN):

Thompson and Shubert, The anatomy of ISIS: How the 'Islamic State' is run, from oil to beheadings, January 14, 2015, , Available at: https://edition.cnn.com/2014/09/18/world/meast/isis-syria-iraq-hierarchy/index.html> (Accessed 29 March 2019).

(7) Filipec, Ondrej. *The Islamic State: From Terrorism to Totalitarian Insurgency*. Taylor & Francis, 2020.

بەدەستهێنانی شەرعیەتی ناوخۆی دەکرد لە نێوان دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە پیادەی دەسەڵاتی دەکرد. لەڕاستیدا ئەم بۆچوونەی دوایی کاڵ و کرچی لە بیرکردنەوەدا پێوەدیارە، چونکە شەرعیەتی دەرەکی بەشێک نەبو لە ستراتیژی ئەو ڕێکخراوە، چونکە داعش توندڕەوترین سیاسەتی پەیڕەو دەکرد بۆیە لە ئاستی دەرەکیدا جێگەی قبوڵکردن نەبو. ئاشکرایە، یاسای نێودەوڵەتی پشت بە چەمکی دەوڵەت دەبەستێت. دەوڵەتیش بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە سەروەری دەبەستێت، کە گوزارشتی لێ دەکرێت بەشێوەی ناوخۆیی لە دامەزراوەکانی دەوڵەت و لەسەر ئاستی دەرەکیش وەک کەسێکی یاسایی دادەنرێت.[1] سەروەری لەخۆیدا بەردەوامی دەدات بە ماف و ئەرکە یاساییەکان لە خاکێکی دیاریکراودا، بەبێ ئەو هەرێمەش کەسایەتیە یاسایەکە بە دەوڵەت دانانرێت.[2] هەروەها کیانی داعش پێوەرە سەرەکیەکانی ڕێکەوتننامەی مۆنتیڤیدۆ (Montevideo Convention)[3] هەمو ئەو بنەمایانەی دیاری کردون، کە پێویستە لە دەوڵەتێکدا هەبێت.[4] بۆیە تێگەیشتنی داعش بۆ دەوڵەت جیاواز بو لە تێگەشتنی دەوڵەتی مۆدێرن، کە لە شەرعیەتی ناوخۆیی و دەرەکی پێک دێت.

ئەم شێوازە بیرکردنەوەیەش بە ئاشکرا بانگەشەی ئەوەیە، کە داعش باوەڕی بە سنوری نێوان عێراق و سوریا نیە، چونکە بە باوەڕئەوان ئەو سنورانە دەستکردن و لە ڕێگەی پرۆسەی کۆلۆنیالیزم کێشراون.[5] سەرەڕای ئەو ناوەی کە بە ناویەوە دامەزرابو لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی کارەکتەرێکی دەوڵەتی نەبوو.[6] بۆیە ئامرازەکانی توندوتیژی و ئەشکەنجەدان و سڕینەوەی کەمینە ئاینیەکانی تر لە هەناوی ئەو ڕیکخراوەدا وەک ستراتیژ سەیردەکرا. لە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم ڕێکخراوە بە چەندین فۆرمی جیاوازی وەک، گروپی توندڕەوی سوونە مەزهەب، بزوتنەوەی ئیسلامی، دەوڵەتی دیفاکتۆ، ڕێکخراوی سەرو نەتەوەیی و چەندین شوناسی تر وەسفکراوە. بەڵام لە ڕاستیدا، دەتوانین داعش وەها ناوزەدبکەین کە کارەکتەرێکی چەکداری نادەوڵەتیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆیە هەندێک وێناکردنی بە تەنها وەک گروپێکی تیرۆرستی بەشێک لە تێگەیشتنی هەڵە دێنێتەکایەوە چونکە

[1] Shaw, Malcolm, International Law, 7th ed., Cambridge: Cambridge University Press, 2014:1.

[2] Ibid,:1.

[3] ڕێکەوتننامەی مۆنتیڤیدیۆ بریتییە لەو ڕێکەوتننامەی کە لە ساڵی (1933) لە وڵاتی ئۆرۆگوای ئیمزاکرا، سەبارەت بە ماف و ئەرکی دەوڵەت. وەك تیۆری دروست بونی دەوڵەت دادەنرێت، کە دواتر بوە بەشێك لە نەریتی یاسای نێودەوڵەتی، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
Grant, Thomas D. "Defining statehood: The Montevideo Convention and its discontents." *Colum. J. Transnat'l L.* 37 (1998).

[4] Flasch, Olivia. "The legality of the air strikes against ISIL in Syria: new insights on the extraterritorial use of force against non-state actors." *Journal on the Use of Force and International Law* 3, no. 1 (2016):47.

[5] Gerges, Fawaz A. *Isis: A history*. Princeton University Press, 2017:25.

[6] Shany, Yuval, Amichai Cohen, and Tal Mimran. "ISIS: Is the Islamic State Really a State?." *The Israel Democracy Institute* 14 (2014).

ستراتیژ و شێوازی ئەم گروپە تێکەڵەیەکە لە شێوازی تیرۆرستی و جەنگی کلاسیکی بە سود وەرگرتن لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا.[1]

### ٦-٢-٦ هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی جیهان (Threat to World Peace):

گومانی تێدانییە تیرۆر و توندوتیژی کە لەلایەن گروپە توندڕەوەکانەوە جێبەجێ دەکرێت بە هەڕەشەیەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ سەر ئاشتی و ئاسایش. ئەم هەڕەشەیەش درێژدەبێتەوە لە ناسەقامگیری ناوخۆیی و ناوچەی کە تیرۆرستان پیادەی دەسەڵاتی خۆیان دەکەن بۆ ئاستی جیهان.[2] ستراتیژی داعش لە سەرەتادا بەشێوەیەک بو کە جەختی لەسەر دوژمنە نزیکەکان دەکردەوە، بە تایبەت لەو ناوچانەی لە ژێر دەستیدابون وەک عێراق و سوریا و بەشێک لە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام دواتر گۆڕانکاری سەرەکی لەو ستراتیژە هاتەئاراوە، بە شێوەیەک کە پەڵیان هاویشت بۆ دوژمنی دور، لەم بارەیەشەوە لێپرسراویەتی چەندین کردەوەی تیرۆرستی لە ئەوروپا و ناوچەی تر گرتە ئەستۆ.[3] هەر لەسەرەتای دەرکەوتنیشیەوە دەوڵەتانی ئەوروپا و ئەمریکاو هاوپەیمانانییەکانیان وەک بەشێک لە ستراتیژی دژ خرانەڕو.

بەشێوەیەکی گشتی، هەڕەشەی سەرەکی داعش بۆ ئاسایشی جیهان و بە تایبەت دەوڵەتانی خۆرئاوا خۆی لە تیرۆریزمی ناوخۆیی دەبینیەوە.[4] سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم جۆرە لە تیرۆریزم ڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدە بە سەرچاوەو پاڵنەری سەرەکی دەرکەوتنی دادەنرێت. هەروەها تیرۆریزمی ناوخۆی لای داعش بە شێوەیەکی فراوانتر لە خۆرئاوادا گەشەی کرد، چونکە یەکێک لە ئامانجەکانی داعش خۆی بریتییە لە شەڕ دژی خۆرئاوا و کارکردن بۆ تێکدانی ئارامی و سەقامگیریان، لەم پێناوەشدا کاری لەسەر هاووڵاتییە موسڵمانە نیشتەجێیەکان دەکرد بۆ کاری توندوتیژ و تیرۆر. لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٤ بۆ ٢٠١٧) داعش زیاتر لە (١٤٠)

---

[1] ئەم ڕێکخراوە جیاواز لە گروپە تیرۆرستییەکانی پێش خۆی زۆر بە گشتگیرتر و کاریگەرتر پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا لە پێناو بانگەشە و کردەوەکانی بەکارهێناوە، بۆ دەرخستنی ئەو کاریگەرییەو رۆڵی میدیا لە بەهێزی کردەوەکانی ئەم ڕێکخراوە، بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

Semati, Mehdi, and Piotr M. Szpunar. "ISIS beyond the spectacle: communication media, networked publics, terrorism." (2018).

[2] Burchill, Richard. "Jihadist insurgency and the prospects for peace and security." *Small Wars & Insurgencies* 27, no. 5 (2016): 958.

[3] Munir, Muhammad, and Muhammad Shafiq. "Global Threat: A Comparative Analysis of Al-Qaeda and the Islamic State (IS)." *IPRI JOURNAL* 16, no. 2 (2016): 2.

[4] دەکرێت تیرۆریزمی ناوخۆیی وەك کارێکی تیرۆریستی وەسف بکرێت، کە بە ئەنجام دەگەیەنرێت لەلایەن ئەو تاك و هاوڵاتیانەی کە لە دایکبوی ئەو وڵاتانەن کە کارە تیرۆریستەکەی بە ئەنجام دەگەیەنن، لە پێناو ئامانجێکی سیاسیی، ئایدۆلۆژی یاخود ئاینیدا. ئەم مۆدێلە لە تیرۆریزم بە تیرۆریزمی ناوخۆیی (Domestic Terrorism) ناودەبردرێت، چونکە ئەنجامدەران لەم شێوازەدا پەیوەستن بەناوخۆیی ئەو وڵاتانەی کە کارە تیرۆریستەکانیان ئەنجام دەدەن. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر تیرۆریزمی ناوخۆیی لە خۆرئاوا بڕوانە ئەم توێژینەوەیەی خوارەوە:

Crone, Manni, and Martin Harrow. "Homegrown terrorism in the West." *Terrorism and Political Violence* 23, no. 4 (2011): 521-536.

کردەوەی تیرۆرستی لە (٣٠) دەوڵەتی جیاواز ئەنجامداوە.[1] بۆ نمونە ڕوداوی هێرشی تیرۆرستی شاری مانجستەری بەریتانیا، کە چەندین هاووڵاتی مەدەنی بونە قوربانی و بە گەورەترین هێرشی تیرۆرستی دادەنرێت لە دوای هێرشی تیرۆرستی ٢٠٠٥ ی لەندەن.[2]

بۆیە ئەم گروپە کردەوە تیرۆرستیەکانی سنوردار نەبون تەنها لە ناوچەیەک یان دەوڵەتێکی دیاریکراو. هەر کردەویەک لە دەرەوە ئەو ڕاستیەی دەسەلماند، کە داعش بە تەنها لە سوریا و عێراق خەریکی هەژمون و کۆنترۆڵکردن نیە و سەرچاوەی مرۆیی و ئایدۆلۆژی زۆری لە بەردەستدایە بۆ کاری تیرۆرستی لە دەرەوەی ئەو ناوچەیەدا.[3] هەروەها کردەوە تیرۆستیەکەی پاریس لە (٢٠١٥) و کردەوە خۆکوژییەکی بەلجیکا (٢٠١٦) ئەو ڕاستیەیان پیشاندا کە داعش تۆڕێکی تیرۆرستی جیهانیە و بە هەڕەشەیەک دادەنرێت بۆ سەر ئاشتی جیهانی.[4] بەتایبەت دوای ڕوداوی تیرۆرستی پاریس گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر شێوازە وەڵامدانەوەی هەڕەشەکانی ئەم ڕێکخراوەدا هات.[5] بەڵای لێکۆڵەر هارلین گامبیر (Harleen Gambhir) لە پەیمانگای لێکۆڵینەوە لە جەنگ (Institute for the Study of War)، ستراتیژی داعش خۆی دەبینێتەوە لە سێ ئاڵقەی سەرەکی کە بەشێوەیەکی بونیادی داڕێژراون: ئاڵقەی ناوخۆیی، نزیک و ئاڵقەی دەرەکی،[6] ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە داعش ستراتیژی کارکردنی زۆر فراوان بوە و هەریەکە لە ئاستی ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتی گرتۆتەخۆ.

داعش هاوشێوەی زۆربەی گروپە تیرۆریستییەکان، بەڵام بەشێوەیەکی کاریگەرتر توندوتیژی بەکارهێناوەو ویستویەتی لەڕێگەی بەکارهێنانی پروپاگەندەوە بە بەشێک لە

---

[1] Gürer, Cüneyt. "Presenting a Strategic Model to Understand Spillover Effects of ISIS Terrorism." *Connections* 16, no. 2 (2017):40

[2] Malik, Muhammad Sajjad. "Da'esh and Global Terrorism: Analyzing Nexus and Threats." *Asian Journal of Middle Eastern and Islamic Studies* 12, no. 1 (2018):121.
[3] Ibid,:121.
[4] Mir,A 'Is making inroads in Pakistan', Asia Times, (27 June 2016), Available at: https://asiatimes.com/2016/06/is-making-inroads-in-pakistan/ (Accessed 2 March 2019).

[5] لێکۆڵەری ناسراوی ئەم بوارە پیتەر نیومان، لە ڕێگەی کتێبی ( Radicalized: New Jihadists and the Threat to the West)، سەرچاوەی ئەو هەڕەشە و مەترسیانە بە تایبەت بۆ ڕۆژئاوا ڕوندەکاتەوە، کە چۆن شەپۆلێکی نوێی بزوتنەوە جیهادیە توندڕەوەکان بە پشتگیری داعش گەورەترین مەترسیان دروستکردوە، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بەرهەمەکەی (نیومان) بڕوانە:
Neumann, Peter R. *Radicalized: new jihadists and the threat to the West*. Bloomsbury Publishing, 2016.
[6] Gambhir, Harleen. "ISIS Global Intelligence Summary." *Institute for the Study of War* 1 (2015), Available at< http://www.understandingwar.org/sites/default/files/ISIS%20INTSUM_Final.pdf(Accessed 22 July 2019).

ئامانجەکانی بگات. بەپێی داتا و ڕاپۆرتەکانی دەزگای میدیای (CNN) لە ساڵی ٢٠١٤ ئەو کردەوە تیرۆرستیانەی کە داعش لە (٢٩) دەوڵەتی جیاواز ئەنجامیداون بەلایەنی کەمەوە (٢٠٤٣) کەسی مەدەنی کوژراون.[1] هەر بەپێی ئەو ڕاپۆرتە بێت ئەو هێرشانەی لە دەرەوەی خاکی عێراق و سوریادا بون، زیاتر لە ٨٠ کردەوەی تیرۆریستیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقای باشور و ٢٧ کردەوەیان لە ئاسیا و ئوسترالیا، ١٨ کردەوەیان لە وڵاتانی ئەوروپا و ٨ کردەوەی تیرۆرستی لە ئەمەریکا ئەنجامدراون. هەمو ئەو کرەوە تیرۆرستیانە تا کۆتای ٢٠١٦ ئەژمارکراون، وەک دەردەکەوێت داعش زۆر بەرفراوانی چالاکیەکانی خۆی لەسەر ئاسایشی جیهاندا دابەشکردوە. بەڵگەی زۆر لە بەردەستدانە و دەیسەلمێنن کە داعش هەڕەشەیەکی سەرەکی بۆ ئاشتی و سەقامگیری جیهان دروستکردبو. ئەم گروپە سەرکەوتوبوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا وەک تۆڕێکی بەهێز بۆ بەکارهێنانی سەرچاوەی مرۆیی بەتایبەت لە دەوڵەتانی ئەوروپا.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ئیندێکسی تیرۆریزمی جیهانی (Global Terorism Index) کردەوە تیرۆرستیەکان بە ڕێژەی ٨٠ ٪ زیادیان کردوە لە ساڵی ٢٠١٤ دا، ئەمەش بەرزترین ڕێژەی کردەوەی تیرۆرستیە.[2] دەکرێت ئاماژە بکرێت بەو ڕاستیەی کە زیادبونی ئەو کردەوە تیرۆرستیانە بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەست بون بە دەرکەوتنی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی. بەگوێرەی یەکێک لە ڕاپۆرتەکان بێت لە ماوەی نێوان (٢٠٠٢ بۆ ٢٠١٥) زیاتر لە ٤٩٠٠ کردەوەی تیرۆرستی ئەنجامدراون لە ڕێگەی گروپ و ڕێکخراوەکانی سەر بە دەوڵەتی ئیسلامی، لە ڕێگەی ئەو هێرشانە زیاتر لە (٣١) هەزار کەس بونە قوربانی و (٤١) هەزاریش بریندار و (١١) هەزار کەسیش بارمتەو فڕێنراوان.[3] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هێرشەکانی داعش لە ئاستی جیهاندا، دەکرێت ئاماژە بە داتاکانی توێژینەوەی هەریەکە لە (نەیت ڕۆسنبلات) و (چارلی وینتەر) و (ڕاجان بەسرە) بکەین، کە ژمارەی ئەو هێرشانەی لە ماوەی ساڵی ٢٠١٦ لە ئاستی جیهاندا ئەنجامدراون دەخەنەڕو، کە زۆرینەی هێرشەکان لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شامەوە ئەنجامدراون بەرێژەی (٧٤٪) بە بەراورد بە گروپەکانی تری ئەم ڕێکخراوە.[4] سەرهەڵدانی داعش بەشێوەیەکی زۆر ئاستی توندوتیژی گروپە چەکدارییەکانی زیاد کرد.

---

[1] Lister, Tim, Ray Sanchez, Mark Bixler, Sean O'Key, Michael Hogenmiller, and Mohammed Tawfeeq. "ISIS goes global: 143 attacks in 29 countries have killed 2,043." *CNN World,(13 February 2017)* (2018).

[2] Index, Global Terrorism. "Measuring and understanding the impact of terrorism." *Institute for Economics and Peace* (2015).

[3] Brady, Erika. "An analysis of patterns of change arising from the Syrian Conflict: Islamic terrorism, refugee flows and political destabilization in Europe." *Contemporary Voices: St Andrews Journal of International Relations* 8, no. 1 (2017):55.
[4] Rosenblatt, Nate, Charlie Winter, and Rajan Basra. "Islamic State Propaganda and Attacks." *Perspectives on Terrorism* 13, no. 5 (2019): 39-60.

بەمەبەستی خستنەڕوی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لەسەر ژمارەی ئەنجامدانی کردەوە تیرۆرستیەکان بڕوانە ئەم خشتەی خوارەوە:

**خشتەی ژمارە (٦-٢)**

**هێرشە تیرۆرستییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە ئاستی جیهان لە ساڵی ٢٠١٦**

| لێپرسراویەتی گروپەکان | ژمارەی هێرش | ڕێژەی سەدی | تێکڕای هەر هەفتەیەک |
|---|---|---|---|
| دەوڵەتی ئیسلامی لە میسر. | ١٧٥ | ٪٨ | ٣.١ |
| دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام. | ١٥٧٨ | ٪٧٤ | ٢٨.٢ |
| گروپی خوڕاسانی دەوڵەتی ئیسلامی (Khorasan).[1] | ١١٧ | ٪٦ | ٢.١ |
| دەوڵەتی ئیسلامی لە تەڕابلس. | ١٩٣ | ٪٩ | ٣.٤ |
| ئەو هێرشانەی سەرچاوەیان لە داعش وەرگرتوە. | ٢٨ | ٪١ | ٠.٥ |
| گروپەکانی تری سەر بە داعش | ٣٠ | ٪١ | ٠.٥ |
| کۆی هێرشەکان لە ئاستی جیهان. | ٢١٢١ | ١٠٠ | ٣٥.٤ |

**سەرچاوە:** Rosenblatt, Nate, Charlie Winter, and Rajan Basra. "Islamic State Propaganda and Attacks." *Perspectives on Terrorism* 13, no. 5 (2019):46.

دەکرێت ئاماژە بە یەکێک تر لە ڕاپرسیەکان بکەین، کە لەلایەن سەنتەری توێژینەوە (Center Research Pew) کە لە ٣٨ دەوڵەتی ئەوروپاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا ئەنجامدراوە، لە نێوان هەشت هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی وەک داعش، گۆڕانی کەش

(1) دەوڵەتی ئیسلامی لە خۆراسان بەو ڕێکخراوە تیرۆرستە دەوترێت ،کە لە هەریەکە لە پاکستان و ئەفغانستان و ئاسای ناوەڕاست کردەوەی تیرۆرستی ئەنجامدەدەن، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم ڕێکخراوە بڕوانە:
Giustozzi, Antonio. *The Islamic State in Khorasan: Afghanistan, Pakistan and the New Central Asian Jihad*. Oxford University Press, 2018.

و هەوا، هێرشی ئەلیکترۆنی، بارودۆخی ئابوری نێودەوڵەتی و کاریگەری ڕوسیا و چەندین هەڕەشەی تر، مەترسی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لە ڕیزبەندی یەکەمدایە بە ڕێژەیەکی بەرزتر بەبەراورد بە هەڕەشەکانی تر.[1] ئەمەش بە تایبەت دوای ڕوداوە تیرۆریستیەکەی پاریس هات، کە لە دوای ئەو ڕوداوە ستراتیژی ئەم ڕێکخراوە گۆڕانکاری بەسەردا هات بە جۆرێک ئاڕاستەی بەرەو جیهانی دەرەوە دەرۆیشت، ئەم هەنگاوەش بوە هۆی ئەوەی بەرپەچدانەوەی ئەم ڕێکخراو گشتگیر تر و فراوانتر بێت.[2] بۆیە بەشێکی زۆری سەرکردەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا هەڕەشەکانی داعشیان بۆ سەر تەواوی ئاشتی و سەقامگیری لەقەڵەمدا، کە داعش توانای هەیە ببێتە هۆکارێک بۆ هاندانی توندڕەوی ئیسلامیزم بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆرستی نەک بە تەنها لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش. وەک داتاکان خستیانەڕو لە ماوەی گەشەسەندنی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی مەترسی تیرۆر لەسەر ئاسایشی جیهان گەشتۆتە ئاستێکی زۆر باڵا. بۆیە بەپێی لێکدانەوەکانی توێژینەوەکە بابەتی تیرۆر بە سەرەکیترین پاڵنەری سیاسەتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دادەنێت.

ڕێژەی پشتگیری بۆ شەڕی دژ بە داعش لە نێوان ڕای گشتی جیهانیدا جیاوازە، لە ڕێگەی ئەو خشتەیەی خوارەوە دەکرێت پشتگیری دەوڵەتان لەسەر ئاستی جیهان بۆ جەنگی هاوپەیمانان بە ڕابەرایەتی ئەمەریکا دژ بە داعش بخەینەڕو، هەروەها لەگەڵ ڕێژەی بایەخیان بە داعش لە نێوان دەوڵەتە جیاوازەکانی جیهان. لە ڕێگەی ئەو ڕاپرسیەوە ئاست و جیاوازی دید و بۆچونی هاووڵاتیان لەسەر ئەم جەنگە و ڕێکخراوە ڕون دەبێتەوە، ئەم ڕاپرسیەش لە بەهاری (٢٠١٥) لەلایەن دامەزراوەی (Pew Institute in Washington) ئەنجامدراوە.

[1] Poushter, Jacob and Manevich,Dorothy, Globally, People Point to ISIS and Climate Change as Leading Security Threats, August 1 2017 Available at:< https://www.pewresearch.org/global/2017/08/01/globally-people-point-to-isis-and-climate-change-as-leading-security-threats/(Accessed: 16 January 2020).

[2] Byman, D. L. ISIS' Big Mistake: Why Going Global Might End Badly. Foreign Affairs, (2015, November 15), Available at: https://www.foreignaffairs.com/articles/france/2015-11-15/isis-big-mistake>(Accessed: 12 October 2019).

## خشتەی ژمارە (٦-٣)

## ڕێژەی پشتگیری ڕای جیهانی دژ بە داعش

| دەوڵەتان | ئایا پشتگیری کردەوە سەربازیەکانی ئەمەریکا دەکەیت دژ بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ٪ | زۆر بایەخ بە گروپی چەکداری دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا ئەدەیت ٪ |
|---|---|---|
| ڕوسیا | 14 | 18 |
| پاکستان | 18 | 15 |
| ئەرجەنتین | 22 | 34 |
| فەنزۆلیا | 26 | 28 |
| پیرۆ | 26 | 37 |
| مالیزیا | 28 | 22 |
| شیلی | 31 | 31 |
| ئۆکرانیا | 31 | 8 |
| مەکسیک | 36 | 24 |
| ئەفریقای باشور | 39 | 25 |
| ئەسوبیا | 42 | 38 |
| سەنیگال | 45 | 36 |
| بەرازیل | 46 | 46 |
| تورکیا | 50 | 36 |
| فەلەستین | 54 | 55 |
| تەنزانیا | 54 | 51 |
| ڤێتنام | 56 | 31 |
| یابان | 59 | 72 |
| پۆڵندا | 65 | 30 |
| ئیندۆنیسا | 66 | 67 |
| غانا | 66 | 45 |
| هیندستان | 66 | 45 |
| ئەلمانیا | 67 | 71 |
| ئیسپانیا | 68 | 79 |

| | | |
|---|---|---|
| بەریتانیا | 68 | 69 |
| کەنەدا | 68 | 59 |
| ئۆگەندا | 69 | 39 |
| نێجریا | 71 | 37 |
| ئیتالیا | 71 | 69 |
| فلیپین | 72 | 49 |
| کینیا | 77 | 35 |
| ئوردن | 77 | 61 |
| کۆریای باشور | 78 | 74 |
| لوبنان | 78 | 84 |
| ئوسترالیا | 79 | 71 |
| ئیسرائیل | 79 | 41 |
| ئەمەریکا | 81 | 74 |
| فەرەنسا | 83 | 73 |

**سەرچاوە:** Tausch, Arno. "The Solitude of the West in the Fight against Terror." In *Islamism, Arab Spring, and the Future of Democracy*, pp. 289-309. Springer, Cham, 2019:291.

وەک لەداتاکانی نەخشەیەی سەرەوەدا دەیبینین، کەمتر لە ٥٠٪ دانیشتوانی هەریەکە لە ڕوسیا، پاکستان، ئەرجەنتین، فنزوێلا، پیرۆ، مالیزیا، ئۆکراینا، شیلی، ئەفریقای باشور، سەنیگال، ئەسیوبیا و چەند دەوڵەتێکی تر پشتگیری کردەوە سەربازیەکانی ئەمەریکا دژ بە داعش دەکەن. بەرزترین پشتگیری، کە زیاترە لە نیوەی دانیشتوان بۆ جەنگی دژ بە داعش لە دەوڵەتانی فەرەنسا، ئیسرائیل، ئەمەریکا، کۆریای باشور، ئوردن، کینیا، لوبنان، ئیسپانیا، بەریتانیا، ئیتالیا، ئەلمانیا، کەندا، پۆلندا و چەندین دەوڵەتی تر. هەروەها بەپێی ڕاپرسی داتاکانی ئەم دامەزراوەیە بێت ٥٩٪ دانیشتوان لەسەر ئاستی جیهان پشتگیری لە کردەوە سەربازییەکانی ئەمەریکا دژ بە داعش دەکەن و ٤٧٪ دانیشتوانی ئەو ڕاپرسیە نیگەران لەگەڵ داعش.[1]

(1) Tausch, Arno. "The Solitude of the West in the Fight against Terror, 2019:292.

## ٦-٣ پێکهێنان و پۆلێنبەندی هاوپەیمانیەتییەکان:

چەمکی هاوپەیمانیەتی دژ بە تیرۆر (coalition against terror) بەشێوەیەکی گشتی بۆ هاوپەیمانیەتێکی فرەڕەهەند بەکاردێت کە پێکهاتوە لە چەندین دەوڵەت بۆ ڕووبەڕوبونەوەی تیرۆر. توێژەری بە ناوبانگی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هۆلستی (Ole Holsti) باوەڕی وایە هاوپەیمانەتییەکان ڕەهەندێکی گەردونی پەیوەندییەکانن لە نێوان یەکە سیاسییەکان بەبێ ڕەچاوکردنی کات و شوێن.[1] هاوپەیمانیەتیە سەربازییەکان پرسێکی گرنگن و پێویستیان بە وردەکاری بەڕێوەچون هەیە لە هەمو ئاستەکان، کە بۆ ماوەی چەندین سەدە دەبێت پێکهێنراون لە نێوان دەوڵەتان.[2] چونکە سەنتەری سیاسەتی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی سەرەکی کارلێکی ململانێ و هاوکارییە لە نێوان ئەکتەرەکاندا. بۆیە لە ساڵی (١٨١٥)وە هاوپەیمانیەتیە سەربازیەکان بە ڕێژەی ٤٠ ٪ جەنگەکانی نێوان دەوڵەتان پێکدەهێنن.[3]

لە ژینگەی ئاسایشی دوای جەنگی سارد، ئەمەریکا توانی بونیادنانی هاوپەیمانییەتی بێنێتەکایەوە بۆ بەڕێوەبردنی هەڕەشە ئەمنیەکان.[4] هاوپەیمانی سەربازی بریتییە لە دوو دەوڵەت یان زیاتر، کە تێیدا پێکەوە هێز بەکاردەهێن دژ بە لایەنێکی تر لە قەیرانێکی نێودەوڵەتیدا.[5] کە بەلایەنی کەمەوە دەبێت قەیرانێک یاخود ململانێیەک هەبێت لەگەڵ ئامانجێکی هاوبەش کە دەوڵەتانی هاوپەیمانیەتیەکە لەسەری ڕێکەوتبن.[6] بە مانایەکی تر، هاوپەیمانیەتیەکی کاتی دێتەئاراوە لە نێوان چەند دەوڵەت و لایەنێکدا بۆ وەڵامدانەوەی هەڕەشەیەکی ئاسایشی هاوبەش. وەک گلین ئێچ سنایدەر (Glenn H. Snyder) باوەڕی وایە، کە دەوڵەتان لەگەڵ بەرژەوەندیی ئەمنی (security interests) دەچنە هاوپەیمانیەتییەکی فەرمی یاخود هاوپەیمانیەتییەکی تایبەت لە پێناو بەرژەوەندی هاوبەشی ئەمنی.[7] لەم تێگەشتنەدا دوژمن یان بەرژەوەندی هاوبەش دەبێتە فاکتەرێکی کاریگەر بۆ هێنانەکایەوەی هەوڵی هاوبەش دەوڵەتانی جیهان.

بابەتی هاوپەیمانییەتی لێکدانەوەی جیاواز و دژ لە خۆدەگرێت، یەکێک لەو بابەتانەی کە بۆتە جێگەی پرسیار ئەوەیە بۆچی هاوپەیمانییەتەکان لە قۆناغی هاوچەرخ پێکهێنراون؟ لەم

---

(1) Hopmann, P. Terrence, and John D. Sullivan. *Unity and disintegration in international alliances: Comparative studies*. New York: Wiley, 1973:2.

(2) McInnis, Kathleen J. "Lessons in coalition warfare: Past, present and implications for the future." *International Politics Reviews* 1, no. 2 (2013):89.

(3) Wolford, Scott, and Emily Hencken Ritter. "National leaders, political security, and the formation of military coalitions." *International Studies Quarterly* 60, no. 3 (2016): 540.

(4) McInnis, Kathleen J. "Lessons in coalition warfare: Past, present and implications for the future: 89.

(5) Wolford, Scott. *The politics of military coalitions*. Cambridge University Press, 2015:14.

(6) Ibid,:14.

(7) Snyder, Glenn H. *Alliance politics*. Cornell University Press, 1997:165-166.

بارەیەوە لێکۆڵەر کریپس (Kreps) دەڵێت تەنانەت هاوپەیمانیە فرەلایەنەکانیش ئەگەر شەرعیەتیشیان هەبێت و دەرفەتیش دروست بکات بۆ بەرپرسیاریەتی هاوبەش، وەڵامی فرەلایەنیش بەدەست بهێنن، زۆر سنوردارن لە چالاکیەکان.[1] هەروەها نۆرماتیڤەکانیش ئارگیۆمێنتی ئەوە دەکەن کە هاوپەیمانیەتیەکان پێکهێنراون بۆ برەودان بە شەرعیەتی نێودەوڵەتی. لە بەرامبەر ئەمەدا ڕیاڵستی بونیادی باوەڕیان وایە، کە دەوڵەت زلهێزەکان خۆیان دوورە پەرێز دەگرن لە هاوپەیمانیەتی.[2] هەڵبەتە ئەمە بە مانای ئەوە نیە ڕۆڵی هاوپەیمانەتیەکان فەرامۆش بکرێت. چونکە هاوپەیمانیەتی سەربازی، سیما و تایبەتمەندی بەشێکی زۆری مێژوی جەنگەکان لە قۆناغی ڕابردو و هاوچەرخدا پێک دەهێنێت.

قۆناغی دوای ڕوداوە تیرۆرستیەکانی ١١سێپتەمبەر و دەرکەوتنی مەترسی تیرۆر لە هەڕەشەیەکی ناوخۆییەوە بوە هەڕەشەیەکی جیهانی، پێویستی هاوپەیمانیەتی بە تایبەت لە ڕەهەندی سەربازی بە ڕابەرایەتی ئەمەریکا هێنایە پێشەوە. ئەم هاوپەیمانیەتیانە هەریەکە لە ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمیاتی بونەتە بەشێک لە سیما دیارەکانی ئەو قۆناغە.[3] بۆیە وەک توێژەر یوسف وەنانیدی (Jusuf Wanandi) باوەڕی وایە، کە ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆیزمی نێودەوڵەتی پێویستی بە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هەیە.[4] بە بۆچونی هەریەکە لە پاتریک مێلۆ و ستیفن سیدمان (Patrick A. Mello  and Stephen M. Saideman) جەنگ لەسەدەی بیست و یەکدا بە شێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە جەنگی هەمەلایەنە، کەمتر دەوڵەتان بە تەنها دەچنە جەنگەوە.[5] هەروەها سیستەمی دیموکراتی دەوڵەتانیش پشتگیری بەشداری دەوڵەتان دەکات لە دروستکردنی بەرەیەکی فراوان بۆ بەگژداجونەوەی هەڕەشەکان.

هەر لە چوارچێوەی ئەم تێگەیشتنەدا، توێژەر پیتەر دیکسۆن (Peter Dixon) باوەڕی وایە، کە ئەو ئایدیا گشتگیرەی دوای ئەم قۆناغە گەشەی پێدراوە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆری نێودەوڵەتی هەریەکە لە کاری پۆلیس، کردەوەی سەربازی، کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگیری و کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان و ڕێوشوێنی پارەدارکردن دەگرێتەخۆ، کە ئەمانەش دەستەبەردەکرێن لە ڕێگەی هاوپەیمانیەتیە جیهانییەکان.[6] لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، پرسی تیرۆر بە سەرەکیترین هۆکاری سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دادەنێت.

---

(1) Kreps, Sarah E. *Coalitions of convenience: United States military interventions after the cold war*. Oxford University Press on Demand, 2011:6.

(2) Ibid,:5.
(3) Wanandi, Jusuf. "A global coalition against international terrorism." *International Security* 26, no. 4 (2002):184.
(4) Ibid,:184-189.
(5) Mello, Patrick A., and Stephen M. Saideman. "The politics of multinational military operations." (2019):2.
(6) Risnes, Olivier. "Methods for Preventing Terrorist Attacks under Question." In *Ethics in Counter-Terrorism*, pp. 197-206. Brill Nijhoff, 2018:204.

جەنگی دژ بە تیرۆر مانایەکی فراوانتر لەخۆدەگرێت، نەک تەنها بەگژداچونەوەی سەربازی، بەڵکو بەپێی جۆری هاوپەیمانیەتیەکە دەکرێت ڕەهەندی سەربازی، ئابوری و هەواڵگیری لە خۆبگرێت. سەرەتای هاوپەیمانیەتی دژ بە تیرۆریزم دەگەڕێتەوە بۆ ڕوداوی ١١سێپتەمبەر، کە تێیدا ئەمەریکا کەمپینێکی سەربازی دژ بە گروپی تیرۆرستی تاڵیبان و ئەلقاعیدە ڕاگەیاند وەک ستراتیژێکی دور مەودای دژ بە تیرۆریزم.[1] هەوڵە نێودەوڵەتیەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە سەرکردایەتی ئەمەریکا بە یەکێک لە سیما دیارەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی لە قۆناغی دوای جەنگی سارد دادەنرێت. هەروەها لە دوای ئەو بەروارەوە ئەمەریکا بەشێوەی فەرمی چەمکی هاوپەیمانی دژ بە تیرۆر بەکاردەهێنێت. یەکێک لەو پرسیارانەی کە دەکرێت خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە بۆچی دەوڵەتان بەشداردەبن لەو هاوپەیمانیەتیە کە پێشەنگی ئەمەریکا دێنەکایەوە؟ دەکرێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسە چەند شیکردنەوەیەک بۆ چۆنیەتی هاتنەکایەوەی هاوپەیمانیەتیەکان بخرێتەڕو، کە بەشێوەیەکی سەرەکی دەبێت بگەڕێنەوە بۆ لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە هاوپەیمانیەکان و جەنگ و ململانێکان.

بەشێوەیەکی گشتی سێ ڕوانگەی تیۆری هەیە، پەیوەست بە بەشداریکردن لە هاوپەیمانیەتیەک، ئەوانیش پشت دەبەستن بە هەریەکە:لە ئاستی سیستەم (system-level)، ئاستی دوانەی (dyad-level) و ئاستی دەوڵەت (state-level). لە ئاستی سیستەم سودو توانای دەوڵەتانی بەشدار لە هاوپەیمانەتیەکە بەشێوەیەکی یەکسان دابەش ناکرێت بەڵکو پشت بە هێزی دەوڵەتان بەشێوەی ڕێژەیی دەبەستێت. لەسەر ئاستی دوانەیدا (dyad-level) ، بونی هاوبەشی کەلتوری و سیستەم لەگەڵ ئەمەریکا دەبێتە هۆی هاتنەکایەوەی بەرژەوەندی ئاسایشی هاوبەش و زیادبونی پاڵنەر بۆ بەشداری کردن لە هاوپەیمانیەتی.[2] هەروەها لە ئاستی دەوڵەت (state-level) چەندین هۆکار هەن بۆبەشداریکردن لە هاوپەیمانیەتی ئەمەریکا، هەڕەشە مەترسیدارە ئەمنییەکان وا لە بەشێک لە سەرکردەکان دەکەن هەوڵی پارێزگاریکردن لە سەرچاوە ماددیەکان بدەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هەڕەشانە، ئەمەش دەشێ ڕێگربێت لە وڵاتێک لە پەیوەندیکردن بە هاوپەیمانیەتی سەربازیی.[3] بەپێچەوانەی ئەمەوە، بەشێکی تر لە سەرکردەکانی دەوڵەتان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو هەڕەشە ئاسایشیەکانیان پێیان باشترە، لە ڕێگەی ناردنی هێزێکی بچوکی چەکدار بەشداری لە هاوپەیمانیەتی بکەن لە پێناو فەراهەمکردنی پابەندبونێکی ئەمنی لەلایەن ئەمەریکاوە، لەبەرامبەر ئەو بەشداریکردنە.[4] بەڵام ئەم ڕایە مەرج نییە بەتەواوەتی بەڵگەهێنانەوەیەکی دروست بێت چونکە لە قۆناغی ئەمرۆدا دەبینین دەوڵەتانی جیاواز لەڕوی سیستەمی سیاسی و کەلتوریەوە پێکەوە بەشدارن لە وەڵامدانەوەی هەڕەشەکان،

---

(1) Bensahel, Nora. "A coalition of coalitions: International cooperation against terrorism." *Coastal Management* 29, no. 1 (2006):35.

(2) Tago, Atsushi. "Why do states join US-led military coalitions?: The compulsion of the coalition's missions and legitimacy." *International Relations of the Asia-Pacific* 7, no. 2 (2007):180.

(3) Ibid,:180

(4) Ibid,:180-181.

کاری هاوبەش لە نێوان دەوڵەتە جیاوازەکان دژ بە داعش نمونەیەکی بەردەستە. بۆیە دەتوانین وێنای ئەوە بکەین، کە شێوازی مەترسییە ئاسایشیە هاوبەشەکان پێویستی هێنانەکایەوەی کاری هاوبەش دەستەبەردەکات.

دەتوانین بە دەرەنجامێک بگەین، کە کردەوەی گروپە تیرۆرستەکان گشتگیرە لە سنوری سیاسی وڵاتێک تێپەردەکات، ئەمەش وادەکات کە ڕوبەڕوبونەوەی پێویستی بە هاوکاری و هەمانگی هەبێت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. ئاشتی و ئاسایشی دەوڵەتانیش بەیەکداچوە و پەیوەندیدارن بەیەک، بە جۆرێک کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن. بۆیە هاوپەیمانەتییەکان ڕۆڵێکی ئێجگار گەورە دەبینن لە بەرەنگاربونەوەی هەڕەشەکانی تیرۆر، چونکە دەوڵەتان دەتوانن دەستەبەری زانیاری و هاوکارییەکان بکەن کە بە تەنها دەوڵەتێک فەراهەم نابێت. چونکە گروپە تیرۆرستیەکان وەک تۆرێکی بەیەکەوە گرێدراون لە نێوان دەوڵەتاندا تەنها بە پشتگیری نێودەوڵەتی دەکرێت دابپردرێن و کردەوەکانیان سنوردار بکرێت. لەم بارەیەوە ئەنجومەنی ئاسایش جەختی کردۆتەوە لە پێکهێنانی هەوڵی جیهانی بۆ وەڵامدانەوەی هەڕەشەکانی تیرۆر بۆ سەر ئاسایشی جیهان، کە دەبێت هاوکاری و هاوپەیمانەتیەکی بەهێز هەبێت لە ئاستی نێودەوڵەتی. بۆیە ئەم هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتیانە دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەر بگێرن لە جیبەجێکردنی ستراتیژی بەرەنگاربونەوەی هەڕەشەکانی تیرۆردا.

سەبارەت بە پۆلێنبەندی هاوپەیمانیەتیەکان چەندین جۆرمان هەیە، کە زۆر پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە بەشێوەیەک کە لەوانەیە لە هاوپەیمانیەتیەکدا چەندین جۆر لە خۆبگرێت و تەواوکەری یەکتربن، کە بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژەیان پێ دەدەین:

**یەکەم**: یەکێک لە هاوپەیمانیەتیە سەرەکیەکان کە بۆ وەڵامدانەوەی تیرۆرستان دێتەئاراوە بریتییە لە هاوپەیمانییەتی سەربازی (The Military Coalition) ، کە پشت بە کردەوەی سەربازی بە شێوازی وشکانی و ئاسمانی دەبەستێت. لە دوای ڕوداوی ١١ی سێپتەمبەر چەندین هاوپەیمانییەتی سەربازی بۆ وەڵامدانەوەی مەترسی و هەڕەشەکانی تیرۆرستان هاتونەتەکایەوە، کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هەژمونی بەسەر ئەو هاوپەیمانییە سەربازیانەدا هەبوە، بۆ نمونە هاوپەیمانی دژ بە ڕێکخراوی تیرۆرستی تالیبان لە ئەفغانستان لەگەڵ چەندین دەوڵەتی سەرەکی تر.[1] هەروەها شێوازی ئەو هاوپەیمانییەتە بەپێی سروشتی ئامانجەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، هەندێک کات ڕاستەوخۆ لەو هێزانە پێک دێت کە هاوپەیمانیەتیەکەیان پێک هێناوە، یان لە حاڵەتی دووەم لە ڕێگەی هێزە لۆکاڵیەکان کردەوە سەربازییەکان ئەنجام دەدەن.

**دووەم**: هاوپەیمانیەتی دارایی (The Financial Coalition): یەکێک لە قورسترین ڕێگرییەکان لە وەڵامدانەوەی تیرۆریزم لە بنبڕکردنی سەرچاوە داراییەکانیان خۆی دەبینێتەوە.

(1) Bensahel, Nora. "A coalition of coalitions: International cooperation against terrorism." (2006):36.

بەرەنگاربونەوەی تیرۆر بابەتێکی فرەڕەهەندە و چەندین ئاست لە خۆدەگرێت، یەکێک لەو بابەتانە بریتییە لە هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئاستی دارایی تیرۆرستان. گروپە تیرۆرستیەکان لە چەندین سەرچاوەی جیاوازەوە پشتگیری دارایی دەکرێن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بۆیە ڕێگریکردن و نەهێشتنی ئەو سەرچاوانە پێویستی بە کاری پێکەوەی نێوان دەوڵەتان هەیە.[1] هاوکاری نێودەوڵەتی لە جەنگی داراییدا دژ بە تیرۆریزم لە هەمو هاوپەیمانەتیەکانی تر ڕونترە، کە دەوڵەتان و دامەزراوەکان لەسەر کۆمەڵێک بنەمای سەرەکی ڕێک دەکەون بۆ ڕێکخستنی کارو چالاکیەکانیان.[2] بەهێزترین میکانیزمیش بۆ ئەم جۆرە لە هاوپەیمانیەتیە بریتییە لە دەست بەسەرداگرتنی سەرچاوە داراییەکانی تیرۆرستان.[3] وەک بەپێی داتای وەزارەتی خەزێنەی ئەمەریکی بێت لە ساڵی ٢٠٠٤ وە نزیکەی (٢٠٠) ملیۆن دۆلار پەیوەست بە گروپە تیرۆرستیەکان بلۆک کراوە.[4] لە ئێستادا بە ئاسانی پێدان و گواستنەوەی لایەنی دارایی بۆ گرپە تیرۆرستیەکان ئەنجام دەدرێت. بۆیە بەرەنگاربونەوەی گروپە تیرۆرستیەکان بەبێ بونی بنبڕکردنی سەرچاوە دارایەکانیان ئامانجەکانی دەستەبەرناکات.

**سێیەم**: تیرۆریزم بە تەنها لە ناوچەیەکی دیاریکراو نامێنێتەوە، بەڵکو بۆ دەرەوەی سنوری دەوڵەتان گەشەدەکات. بۆیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پێویستە هاوپەیمانیەتیەک هەبێت کە یاسا جێبەجی بکات (The Law Enforcement Coalition). هەروەها پێویستە هاوکاری هەبێت لە یاسای ناوخۆیی دەوڵەتان بۆ چۆنیەتی بەرەنگاربونەوەی تیرۆریزم، چونکە لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی پێویستیان بە ئاڵوگۆڕی زانیاری هەیە سەبارەت بە کەسانی گومانلێکراو. بونی ئەو هاوپەیمانیەتیە یارمەتی دەوڵەتان دەدات لە گۆڕانکاری و پێداچونەوە لە یاسا ناوخۆیەکانیان سەبارەت بە کەسانی تیرۆر و گومانلێکراو.[5] لێرەدا ئەوە ڕون دەبێتەوە کە پلان و ئەنجامدانی کردەوە تیرۆریستیەکان پەیوەندیدارن بە زیاتر لە چەند دەوڵەتێک، بۆیە زۆرکات تیرۆرستان سوود لە ئازادی و کرانەوەی دەوڵەتە دیموکراتییەکان وەردەگرن.

**چوارەم**: هاوپەیمانیەتی هەواڵگیری (The Intelligence Coalition)، لە قۆناغی ئێستادا ئەم هاوپەیمانیەتیە بەیەکێک لە گرنگترین هاوپەیمانیەتیەکان دادەنرێن بۆ ڕووبەڕوبونەوەی تیرۆریزم. ئەم هاوپەیمانیەتیە پەیوەستە بە چۆنیەتی دەستەکەوتنی زانیاری و ئاڵوگۆڕکردنی لە نێوان

---

(1) Bensahel, Nora. "A coalition of coalitions: International cooperation against terrorism." (2006):37.

(2) Ibid,:37.

(3) پرۆفیسۆر ئان کلۆنان (Anne L. Clunan) لە زانکۆی ستانفۆر، لە یەکێك لە توێژینەوەکانیدا، باس لە ڕۆڵی پێکەوەیی نێودەوڵەتی دەکات لە ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆر لە لایەنی دارایدا، بە تایبەت ئەو کەیسی ڕێکخراوی تیرۆرستی ئەڵقاعیدە بە نمونە وەردەگرێت، پێی وایە لە هەمو لایەنەکانی تر بۆ وەڵامدانەوەی تیرۆرستان سەرکەوتوتربوە، بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەیەوە بڕوانە:
Clunan, Anne L. "The fight against terrorist financing." *Political Science Quarterly* 121, no. 4 (2006): 569-596.

(4) Bensahel, Nora. "A coalition of coalitions: International cooperation against terrorism." (2006):37.

(5) Ibid,.

دەوڵەتانی هاوپەیمانیەتیەکە لە پێناو ڕێگری لە کردەوە تیرۆریستیەکان. ئەم هاوپەیمانیەتیە بەشێکی پەیوەندی بە شکستی پلانەکانی گروپە تیرۆریستەکانەوە هەیە و لایەنێکی تر پەیوەندی بە سەرچاوە و بڵاوکردنەوەی میتۆد و هزری تیرۆریستیەوە هەیە.[1] لەدوای ١١سێپتەمبەرەوە ئەمەریکا بەبەردەوامی کاری لەسەر دروستکردنی هاوپەیمانیەتی و هاوکاری نێوان دەوڵەتان کردوە لە بەدەست گەیشتنی زانیاری و کاری هەواڵگیری. لە ئەمڕۆدا ئاسایشی بەکۆمەڵ بەشێکی سەرەکی پشت بە هاوکاری نێودەوڵەتی لە بواری هەواڵگیری دەبەستێت.[2] هەروەها ئەم هاوپەیمانییەتە بۆتە بەشێکی گرنگ لە بەرەنگاربونەوەی تیرۆریزم و ڕێگریکردن لە کردەوە تیرۆرستەیەکان لە داهاتودا. بێگومان سەرکەوتن بەسەر تیرۆردا پێویستی بە هاوپەیمانیەتیەکی بەهێز هەیە لە بواری هەواڵگیریدا، کە فەراهەمی زانیاری لەسەر سروشت و ئامانج و نییەتی گروپە توندڕەوەکان بکات.

**پێنجەم**: هاوپەیمانیەتی بونیادنانەوە (The Reconstruction Coalition)، ئەو ناوچانەی کە گروپە تیرۆرستیەکانی گەشەدەکەن، ناوچەیەکن، کە تێیدا دەسەڵاتی سیاسی لە وەڵامدانەوەی داخوازییە گشتییەکانی هاووڵاتیان شکستی هێناوە. بۆیە زۆرکات بە بۆشای سیاسیی ناوزەند دەکرێت، لە ئەنجامی ئەمەشدا ناسەقامگیری بە هەمو شێوازەکانی دێتە ئاراوە.[3] حکومەتی ناوەندی توانای هەڵسوکەوتکردنی بەسەر بەشێک لەخاکی وڵاتدا نامێنێت و دانیشتوانی ئەو ناوچانەی دەرفەتی کار و دەست گەیشتنیان بە خزمەتگوزارییە گشتیەکان لە کەمترین ئاستدا دەبێت، بۆیە دەبنە ژینگەیەکی گونجاو بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی گروپە توندڕەو و تیرۆرستیەکان. کاتێک کە ئامانجەکە بریتیی بێت لە ڕێگریکردن لە تیرۆرستان و لە ناوبردنیان، دەبێت کار لەسەر ئەو هۆکارانە بکرێت، کە دەبنە دەرفەتێک بۆ دەرکەوتی گروپە تیرۆرستیەکان.[4]

سیاسەت و ستراتیژی سەرکەوتو لە بەرەنگاربونەوەی تیرۆردا دەبێت دور مەودا بێت و پلانی بونیادنانەوەی ئەو ناوچانە بگرێتەخۆ کە زەمینەی دەرکەوتنی گروپە چەکدارییە توندڕەوەکانی ڕەخساندوە. لەم پرۆسەیدا دەوڵەتان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان کار لەسەر پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی و بونیادنانی ئاشتی و سەقامگیری دەکەن. ئەوەی لەم هاوپەیمانیەتیە جێگەی بایەخە پەیوەستە بە قۆناغی دوای جەنگ (Post-war) کە هەنگاوە دور مەودایەکان لە هێنانەکایەوەی ئاسایش و ئاشتەواو بونیادنانی دەوڵەت و حکومڕانیەکی باش لە

[1] Wanandi, Jusuf. "A global coalition against international terrorism." *International Security* 26, no. 4 (2002):185.
[2] Rudner, Martin. "Hunters and gatherers: The intelligence coalition against Islamic terrorism." *International Journal of Intelligence and CounterIntelligence* 17, no. 2 (2004).
[3] Bensahel, Nora. "A coalition of coalitions: International cooperation against terrorism." (2006):40.
[4] Ibid,.40.

خۆدەگرێت. هەروەها لە ڕێگەی گەشەپێدانی مرۆییەوە کار لەسەر ئەو هۆکارانە بکرێت کە بونەتە هۆی گەشەسەندنی تیرۆر بۆ ئەوەی زەمینە گەشەسەندنی تیرۆر نەمێنێ.

بەشێوەیەکی گشتی، لە دوای جەنگی سارد ژمارەی دەستێوەردانەکان لە ڕێگەی هاوپەیمانیە سەربازییەکان بەرەو زیادبون چون. بۆیە بەکارهێنانی هێز لەلایەن هاوپەیمانیەتی دەوڵەتەکانەوە لە ئێستادا دیاردەیەکی باوە و بەشێکی گرنگی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێکدەهێنن. بونی بەرژەوەندی هاوبەش یاخود هەڕەشەیەکی هاوبەش هۆکاری کاریگەری هاتنەئارای هاوپەیمانەتیەکانە، کە سەرەتا لە هاوپەیمانیەتی سەربازییەوە دەست پێدەکەن و دەکرێت بۆ بوارەکانی وەک هەواڵگیری، ئابوری، بونیادنەوە بگرێتەخۆ. هەروەها ئەم هاوپەیمانیەتیانە لە چەندین دەوڵەتی جیاواز لە ئاستی دیموکراسی و ڕۆڵ و کاریگەرییان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێکدەهێنرێن.

**٦-٤ هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی بۆ ڕوبەڕوبونەوەی داعش:**

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا تیرۆریزم، پرسێکی جیهانییە و کاریگەری لەسەر زۆرینەی دەوڵەتان هەیە. لەڕێگەی بەئامانجگرتنی کەسانی مەدەنی، تیرۆر داڕێژراوە بۆ بونیادنانی ترس لەڕێگەی هێرشەکانیان، کە هەڕەشەن بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی و ئابوری و کەسی. ئەم هەڕەشانەی تیرۆر بۆ سەر ئاسایشی تاک و دەوڵەت، پێویستی بە وەڵامدانەوەی فراوان هەیە. بۆیە پشتگیری بۆ کاریگەری دانان لە سەر چۆنیەتی ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆریزم لە دەرەوەی سنورەکانی دەوڵەتێکی دیاریکراو درێژ دەبێتەوە.[1] لە دوای ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی وەک یەکێک لە مەترسیدارترین هەڕەشەکانی سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی وێناکرا، بۆیە پێویستی وەڵامدانەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەک هەنگاوێکی سەرەکی و گرنگ لە نێوان دەوڵەتاندا بینرا.

کاتێک داعش زۆر بەخێرایی گەشەیسەندو بەشێکی زۆری خاکی عێراق و سوریای کۆنترۆڵکرد، هێزە ناوخۆییەکان توانای وەڵامدانەوەیان سنووردداربو، بەبێ بونی هێزی نێودەوڵەتی شکست بەم ڕێکخراوە بۆ هێزە ناوخۆییەکان کارێکی ئەستەم بو. لەوکاتەدا پرسیاری گرنگ خۆی لەوەدا دەبینیەوە کە چۆن وەڵامی ئەو گروپە تیرۆرستیە دەدرێتەوە. وەک لە بڕیاڕی نەتەوە یەکگرتوەکانی ژمارە (٢١٧٠)ی ساڵی (٢٠١٤) کە بە دەق دەڵێت "تیرۆر بە هەمو شێوازەکان و وێنەکانیەوە بە یەکێک لە مەترسیدارترین هەڕەشەکان بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دادەنرێت".[2] لە ئەنجامی ئەم تێگەیشتنە بۆ کەیسی تیرۆر و ڕێکخراوی

---

[1] Almutawa, Ahmed. "Terrorism measures in Bahrain: proportionality and the interplay between security, civil liberties and political stability." *The International Journal of Human Rights* 22, no. 8 (2018).

[2] UN Security Council Resolution, (2170), 15 August 2014.

تیرۆرستی داعش، هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی[1] هاتەئاراوە. لە بەرواری (١٠) سێپتەمبەری ٢٠١٤ سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمەریکا (باراک ئۆباما) دروستکردنی هاوپەیمانی جیهانی ڕاگەیاند بۆ تێکشکاندن و لەناوبردنی کۆتایی دەوڵەتی ئیسلامی. کە (باراک ئۆباما) داوای ستراتیژێکی گشتگیری کرد بۆ لە ناوبردنی ئەو گرووپە تیرۆریستیە.[2] دوای کەوتنی شاری موسڵ جێگری ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا بێن ڕۆدس (Ben Rhodes) بەم شێوەیە وەسفی بارودۆخەکەی کرد "زۆر ڕون و ئاشکرایە، کە پێویستە دوبارە دەستێوەردان لە عێراق بکەینەوە".[3] لە چوارچێوەی کاردانەوەی وڵاتەکان بۆ هەڕەشەکانی ئەم ڕێکخراوە، بۆیە ئەم هاوپەیمانیەتیە بە ڕابەرایەتی ئەمەریکا هاتەکایەوە بۆ تێکشکاندنی داعش، لە ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤دا، ئەمەریکا ناوی لە هێرش و پەلامار بۆ سەر داعش نا: ئۆپەراسیۆنی ورەبەرز (Operation Inherent Resolve) (عملیه العزم الصلب) (OIR)، دواتر (٦٠) دەوڵەت و ڕێکخراوە جیهانیەکان ڕەزامەندییان بۆ بەشداری کردن بە شێوازی سەربازی و لۆجستی یان بە هەردوو شێوازەکە بۆ بەشداری ئەو کەمپینە جیهانیە دەربڕی.

لەپاڵ دەوڵەتانی بەشدار لە هاوپەیمانیەتیەکە چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی وەک یەکێتی ئەوروپا (EU)، ناتۆ(NATO)، ئینتەرپول (Interpol)، کۆمکاری عەرەبی (Arab league) و کۆمەڵەی دەوڵەتانی کەنار و بیابان (the Community of Sahel-Saharan States) بەشداربون.[4] هەرچەندە ڕوسیاو چین وەک دوو ئەندامی هەمیشەی ئەنجومەنی ئاسایش بەشێوەیەکی فەرمی بەشێک نەبون لە ئەم هاوپەیمانیەتیە. بەڵام ئەم هاوپەیمانیەتیە بە گشتگیر دادەنرێت، کە زۆرجار بە فرەڕەهەند وەسف دەکرێت، بەهۆی بەشداری فراوانی دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە سەرەکیەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. لە مانگی (١٢) ی ٢٠١٤ لە برۆکسل ئەم (٦٠) لایەنە ڕەزامەندیان دەربڕی، کە خۆیان ڕێکبخەن لە ژێر (٥) هێڵی کارکردندا، لەکاتێکدا کە ستراتیژی ئەمەریکا (٩) هێڵی کارکردنی دەگرتەخۆ، کە بەلایەنی کەمەوە دوو وڵات سەرکردایەتی هەر هێڵێک (ستراتیژێک) بکەن:[5]

---

[1] لێرەدا ئێمە دەستەواژەی "هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی" بەکاردەهێنین، هەرچەند خۆی بەشێوە فەرمیەکەی زاراوەی گڵۆباڵ (Global) بەکارهاتوە، چونکە ئەم دەستەواژەیە گشتگیرترە و هەریەکە لە دەوڵەتان، کارەکتەرە نادەوڵەتەکان و ڕێکخراوەکانی لە خۆدەگرێت.

[2] Hudson, David, 'President Obama: "We Will Degrade and Ultimately Destroy ISIS', White House blog, 10 September 2014, , Available at:< https://obamawhitehouse.archives.gov/blog/2014/09/10/president-obama-we-will-degrade-and-ultimately-destroy-isil> (Accessed:10 October 2019).

[3] Rhodes, Ben. *The world as it is: A memoir of the Obama White House*. Random House Trade Paperbacks, 2019:290.

[4] Knights, Michael, International Engagement in Iraq Is Tied to Military Presence, (February 21, 2019) https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/view/international-engagement-in-iraq-is-tied-to-military-presence>(Accessed: 27 February 2020).

[5] Allen, John, then Special Presidential Envoy for the Global Coalition to Counter-ISIL, Doha, Qatar, June 3, 2015, Aviliable at< https://www.brookings.edu/wp-

یەکەم: پشتگیری چالاکی سەربازی: پەرەپێدانی تواناکان و مەشقپێکردنی، کە لەلایەن (ئەمەریکا و عێراق) بەڕێوەدەچێت.

دووەم: ڕێگرتن و وەستانی تیرۆرستە شەڕکەرە بیانیەکان لەلایەن (هۆڵندا و تورکیا).

سێیەم: بڕینی پشتگیری دارایی ڕێکخراوی داعش، سەرپەرشتی دەکرێت لەلایەن (ئیتالیا، سعودیە و ئەمەریکا).

چوارەم: هاوکاری و یارمەتی مرۆیی ( ئەڵمانیا و ئیمارات).

پێنجەم: دەرخستنی سروشتی داعش ( ئیمارات، بەریتانیا و ئەمەریکا).

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی فراوانەوە لێی بڕوانین، ئەم هاوپەیمانیەتیە چەندین ئاستی فرەڕەهەند لە خۆدەگرێت، وەک هێرشی سەربازی و هەواڵگیری و بلۆککردنی سەرچاوە داراییەکان و کاری میدیای بۆ وەڵامدانەوەی پروپاگەندەکانی داعش. لە دوای ئەوەی کە ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستە کردەوەکانی خۆی لە دەرەوەی سنور و ژێر دەسەڵاتی خۆی گواستەوە بۆ ئاستیکی جیهانی، بارودۆخێکی هێنایەکایەوە، کە تێیدا ئاشتی و ئاسایشی جیهان بکەوێتە مەترسیەوە. بۆیە ئامانجی سەرەکی لەو هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی بۆ وەڵامدانەوەی داعش خۆی لە پارێزگاریکردن لە ئاسایشی دەوڵەتان دەبینێتەوە. هەرچەندە ڕوداوی (١١) سێپتەمبەریش بوە هۆی هاتنەئاراوەی هاوپەیمانیەتێکی سەربازی بۆ وەڵامدانەوەی تیرۆریزم، بەڵام ئەو هاوپەیمانیەتیەی دژ بە داعش گشتگیرتر و فراوانتر بو بە چەندین ستراتیژی سیاسی، ئابوری، سەربازی و مرۆیی کاری لەسەر وەڵامدانەوەی تیرۆر دەکات.[1] ئەم هاوپەیمانیەتیە لەپاڵ هێرشی ئاسمانی، کاری هاوکاری هەواڵگیری کۆنترۆڵی سەرچاوە داراییەکانی ئەم ڕێکخراوەی دەگرتەخۆ. چونکە سەرچاوە دارایەکانی ئەم ڕێکخراوە بەیەکێک لە کارە گرنگەکان دادەنرا بەهۆی دەوڵەمەندی ئەو ڕێکخراوە لە دەست گەیشتن بە سەرچاوەی جیاوازی وەک نەوت و کاری قاچاخ و چەندین سەرچاوەی ئابوری تر.[2]

خاڵێکی تری پێویست بە ئاماژەکردن بریتییە لە قەبارەی هێزی سەربازی هاوپەیمانەتیەکە. کەمپینی سەربازی، (١٧)ی ئۆگەستی ٢٠١٤ دەستی پێکرد بە سەرکردایەتی ئەمەریکا، دواتر

---

content/uploads/2015/04/2015-0601-Brookings-Doha-Forum-Final.pdf>>(Accessed: 1 April 2019).

[1] توێژەر سانو کینیکارا (Sanu Kainikara)، گرنگترین ستراتیژە سەرەکیەکانی (باراك ئۆباما) بۆ لەناوبردنی داعش دەخاتەڕو، کە بەشێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە کەمپینی سەربازی و هەواڵگیری و زانیاری، توێژەر زیاتر دەیەوێت پشت بە بڕاردەی سیاسیش ببەسترێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
Kainikara, Sanu. "The Articulated Strategy to Fight the Islamic State: Is It Self-Defeating?." *Strategic Analysis* 39, no. 1 (2015): 16-21.
[2] Bouzis, Kathleen. "Countering the Islamic State: US counterterrorism measures." *Studies in Conflict & Terrorism* 38, no. 10 (2015): 8.

دەوڵەتی جیاواز پەیوەندییان کرد بە ئەم کەمپینەوە، بەشداریکردن دوو ڕێگەی سەرەکی لە خۆدەگرێت، یەکێکیان پەیوەست بو بە هێرشی ئاسمانی و بە ئامانجگرتنی پێگەو شوێنی تیرۆرستان، ڕێگەی دووەمیش بریتیە لە مەشق پێکردنی هێزە لۆکاڵییەکان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی مەیدانی تیرۆرستان. ئامانجی هەر دووکیان خۆی دەبینێتەوە لە بەهێزکردنی سوپای لۆکاڵی، بۆ ئەوەی بەسەر دەوڵەتی ئیسلامی سەرکەوتن بەدەستبهێنن و هێزی وشکانی خۆیان بەکارنەهێنن.[1] وەک ئەوەی داتاکان دەری دەخەن کە زۆرترین چالاکیە سەربازییەکان لە ڕێگەی هێزی ئاسمانیەوە (Air power)[2] بەئەنجام گەیەنراون بۆ نمونە تەنها لە ساڵی ٢٠١٦ دا ئەم هاوپەیمانیەتیە (٥) هەزار هێرشی ئاسمانی ئەنجامداوە و حەوت هەزار ئامانجی پێکاوە و سێ ملیاری بۆ چالاکیە سەربازییەکان خەرجی بوە. دواتر تورکیا کەمپینی بەشداریەکی فراوان کرد بە ڕێگە پێدان بە بنکەی سەربازی و فرۆکەی هاوپەیمانن، کە ئاسمانی تورکیا بەکاربهێنن بۆ هێرشەکانیان دژی داعش لە سوریا و عێراق.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم هاوپەیمانیەتیە پشتی بە هێرشی ئاسمانی و پرچەکردن و یارمەتیدانی هێزە لۆکالیەکان بەستوە.[3] ئەوەی لە ڕێگەی داتای هێرشە ئاسمانیەکان دەردەکەوێت بەشێک لەو دەوڵەتانەی کە بەشداری ئەو هاوپەیمانیەتیان کردوە، تەنها بەشداربون نەک کردەی سەربازیان بەکارهێنا بێت، بەڵکو خودی ئەمەریکا ئەنجامدەری سەرەکی هێرشە سەربازیەکان بوە. هەروەها زیاتر لە (٣٦) دەوڵەتی تر هاوکاری مرۆییان پێشکەش بە قوربانیان کردوە لە عێراقدا.[4] وەک دەردەکەوێت تەنها ژمارەیەکی کەم لە دەوڵەتانی بەشدار لە هاوپەیمانیەتیەکە بەشداربون لەڕێگەی هێزی ئاسمانیەوە. بەشێکی تر لە ئەندامانی ئەو هاوپەیمانیەتیە بەڕێگەی هاوکاری مرۆیی، ڕاهێنانی سەربازی و هەواڵگیری و بەشێکی تریشیان تەنها بە پشتگیری سیاسی بەشدار بون. هەروەها ڕای گشتی دەوڵەتانی عەرەبیش پێشتگری دەستێوەردانی ئەم هاوپەیمانیەتییەیان کردوە، وەک سەنتەری عەرەبی بۆ توێژینەوە (Arab Center for Research and Policy Studies) ئاماژە بە ڕای گشتی چەندین دەوڵەتی عەرەبی دەکات. بەپێی ڕاپرسیەکە هەریەکە لە دەوڵەتانی (تونس، میسر، فەلەستین،

---

[1] Cronk, Terri Moon. “Carter: Counter-ISIL Defense Ministers Unanimously Support Objectives,” DOD News, February 11, 2016, Available at:< http://www.defense.gov/News-Article-View/Article/655155/carter-counter-isil-defense-ministersunanimously-support-objectives>(Accessed: 28 April 2019).

[2] هێزی ئاسمانی (Air power) پێناسەدەکرێت بە توانای هێزێکی کاریگەر لە ئاسمان و بۆشایدا بۆ کاریگەردانان لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Warden, John A. *The air campaign: planning for combat*. iUniverse, 1998.

[3] McInnis, Kathleen J. "Coalition contributions to countering the Islamic State." Congressional Research Service, the Library of Congress, 2016.

[4] Bouzis, Kathleen. "Countering the Islamic State: US counterterrorism measures." *Studies in Conflict & Terrorism* 38, no. 10 (2015):2.

سعودیە، لوبنان و عێراق) بەشدارییان کردوە. بەرزترین ئاستی بەشداری لە پشتگیری ئەم هاوپەیمانیەتیە لە لوبنان و نزمترین ئاستیش هەریەکە لە میسر، سعودیە و فەلەستینە.[1]

واتە جیاوازی قەبارەی بەشداری هەریەکەیان جیاواز بو لە نێوان دەوڵەتانی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی. بەشێک لە توێژەران بەشداریکردنی دەوڵەت دەگێڕنەوە بۆ کەلتوری ستراتیژی دەوڵەتان کە کاریگەری لەسەر دروستکەرانی بڕیار لە ناوخۆی دەوڵەتدا هەیە.[2] بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی بەشداری دەوڵەتان لە هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دەگەڕێتەوە بۆ ڕوبەڕوبونەوەو ڕێگریکردن لە هەڕەشەکانی سەر بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی دەوڵەت.[3] بەرژەوەندی نەتەوەی دەوڵەتانیش بەپێی جۆری ئەو هەڕەشانە جیاواز دەبێت. بەڵام ئەوەی ڕونە بەشداری سەرەکی و ئەنجامدانی کردەوە سەربازییەکان بەشێوەی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەمەریکا، کە سەرکردایەتی ئەم هاوپەیمانیەتیە دەکا.[4] ئەو دەوڵەتانەی بەشێوەیەکی سەرەکی بەشدار بون لە ئەنجامدانی کردەوەی سەربازی نزیکەی ٢٠ دەوڵەت بون.[5] دەکرێت هۆکاری سەرەکی پشت بەشداریکردنی دەوڵەتان بگەڕێتەوە بۆ هەڕەشەکانی داعش، ئەویش بەهۆی بونی ژمارەیەکی زۆر لە چەکداری بیانی لە ڕیزەکانی ئەو ڕێکخراوەدا.[6]

### ٦_٥ دەرئەنجام:

تیرۆر بە یەکێک لە سەرەکترین و ئالۆزترین هەڕەشەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دادەنرێت. وەڵامدانەوەی ئەو هەڕەشانەش لە دەرەوەی توانای تەنها دەوڵەتێکە، بۆیە هاوپەیمانیەتیە نێودەوڵەتیەکان بەشێکی گرنگن لە بەرەنگاربونەوەی هەڕەشەکانی تیرۆریزم. دەرکەوتنی

---

(1) بۆزانیاری زیاتر لەسەر دەتا و ڕای دەوڵەتە عەرەبیەکان بڕوانە:
The Military Campaign against the Islamic State in Iraq and the Levant: Arab Public Opinion, Arab Center for Research and Policy Studies, 11 November, 2014, Available at, https://www.dohainstitute.org/en/lists/ACRPS-PDFDocumentLibrary/Arab_Public_Opinion_on_ISIL_and_the_Coalition_against_ISIL_the_Full_Report.pdf >(Accessed: 1 April 2019).

(2) Doeser, Fredrik, and Joakim Eidenfalk. "Using strategic culture to understand participation in expeditionary operations: Australia, Poland, and the coalition against the Islamic State." *Contemporary Security Policy* 40, no. 1 (2019).

(3) Massie, Justin. "Why Canada Goes to War: Explaining Combat Participation in US-led Coalitions." *Canadian Journal of Political Science/Revue canadienne de science politique* (2019):3.

(4) Ruys, Tom, Luca Ferro, and Tim Haesebrouck. "Parliamentary war powers and the role of international law in foreign troop deployment decisions: The US-led coalition against “Islamic State” in Iraq and Syria." *International Journal of Constitutional Law* 17, no. 1 (2019):119.

(5) Saideman, Stephen M. "The ambivalent coalition: doing the least one can do against the Islamic state." *Contemporary security policy* 37, no. 2 (2016): 291.

(6) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پاڵنەری سەرەکی بەشداری دەوڵەتان بەپێی جیاوازی سیستەم و بەرژەوەندیان بڕوانە:
Saideman, Stephen M. "The ambivalent coalition: doing the least one can do against the Islamic state." *Contemporary security policy* 37, no. 2 (2016): 289-305.

دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) وەک ڕێکخراویکی تیرۆرستی نادەوڵەتی بوە هەڕەشەیەک بۆ ئاشتی و ئاسایشی جیهان. سەرەڕای ئەوەی کە داعش ڕێکخراوێکی تیرۆرستیە بەڵام ئامانجی دامەزراندنی خەلافەتێکی ئیسلامی جیهانیە. ئەم ڕێکخراوە چەندین تاوانی وەک تاوانەکانی جینۆساید، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگی ئەنجامداوە، کە هەریەکە لەو تاوانانەی ئەم ڕێکخراوە ئەنجامی داون لە ڕیزی تاوانە نێودەوڵەتیەکاندا پۆلێن دەکرێن. گەشەکردن و بڵاوبونەوەی بەم شێوازە بەرفراوان و کاریگەرە وایکرد، کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بیر لە وەڵامدانەوەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە بکاتەوە. چونکە لە پێناو دڵنیابون لە ئاشتی و دادپەروەری جیهان، پێویستە کردەی تیرۆر ڕابگیرێت بەگوێرەی یاسا نێودەوڵەتی و پێوەرە ئەخلاقییەکان. لە ئەنجامی ئەو هەڕەشانە هاوپەیمانەتی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربونەوەی تیرۆر بە پێشەنگی ئەمەریکا هاتەکایەوە. دوای خستنەڕوی چەمکی داعش و سەرهەڵدان و پێکهاتەو بەشداری دەوڵەتان لەم هاوپەیمانیەتیە، ڕەوایەتی ڕاگەیاندنی جەنگ لەلایەن ئەم هاوپەیمانیەتیەوە دژ بە داعش لە بەشی داهاتو دەخرێتە بەرباس و لە چوارچێوەی پێوەرە ئەخلاقیەکان شیکردنەوەی بۆ دەکرێت.

# بەشی حەوتەم

## ڕەوایەتی جەنگی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش_عێراق

### ١-٧ دەسپێک

بنەمای دادپەروەری لە ڕەفتاری جەنگدا، بە یەکێک لە بابەتەس گرنگەکانی تیۆری جەنگی ڕەوا دادەنرێت، کە بۆ ماوەی چەندین سەدە گەشەی پێدراوە. لە قۆناغی ئێستاشدا، لە ڕێکەوتننامە و پەیمانامە نێودەوڵەتیەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. بەشێوەیەکی گشتی ئەم بنەمایە خۆی لە کۆمەڵێک ڕێوشوێن و ڕێسا دەبینێتەوە کە دەبێت هاووڵاتیانی مەدەنی پارێزراوبن و ڕەوایەتی بە ئامانجگرتنی شەڕکەر دیاری بکات. وەک (ۆڵزەر) باوەڕی وایە، کە لەڕێگەی ئەو پێوەر و بنەمایانە ڕەوایەتی بە بەکارهێنانی توندوتیژی دەدرێت لە ئاستی نێودەوڵەتی.[1] یاسای پێکدادانی سەربازی سەیری جەنگ دەکات وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی مرۆیی، هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی لە ئاستی سەرکردە سەربازییەکان و تاکەکان، کە دەبێت لایەنەکانی بەشدار لە جەنگ پێوەی پابەندبن (کارەکتەرە دەوڵەتی و نادەوڵەتیەکان).[2] پێویستە لەسەر لایەنەکان جیاکاری بکەن لە نێوان دانیشتوانی مەدەنی و شەڕکەران و یان ئەوانەی وازیان لە شەڕو پرۆسەی دوژمنکاری هێناوە. لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە ڕاگەیاندنێکی سەرۆکی پێشوتری ئەمەریکا (باراک ئۆباما) بدەین، کە دەڵێت: "ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هێزی سەربازی بەکاردەهێنێت، بە تاکلایەنەش ئەگەر پێویست بکات، کاتێک کە خەڵکانی ئێمە هەڕەشەیان لەسەر بێت، کاتێک ژیانمان گرەوی لەسەر بکرێت، کاتێک ئاسایشی هاوپەیمانانمان لە مەترسیدا بێت. لەم بارودۆخەدا پێویستە پرسیاری قورس بکەین دەربارەی ئەوەی کە کردەوەکانمان هاوڕێژەو کاریگەر و ڕەوان".[3] لێرەدا ئۆباما مەبەستەکەی ئەوەیە، کە ڕای بگەیەنێت پێویستە جەنگەکان لە ڕێگەی جێبەجێکردنی بنەماکانی تیۆری جەنگی ڕەواوە بەڕێوەبچن.

سەرەڕای تێپەڕبونی کات و قۆناغە جیاوازەکان تائێستاش بنەماکانی تیۆری جەنگی ڕەوا بەشێکی گرنگن لە تێگەیشتن و بەکارهێنان لە جەنگە هاوچەرخەکان. هەر وەک لەبەشەکانی پێشودا ڕونمان کردەوە، کە ئەم تیۆرە بەسەر کارەکتەرە نادەوڵەتیەکانیش جێبەجێ دەکرێت، لەم تێگەیشتنەشەوە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕوبەڕوی یەکێک لە ترسناکترین کارەکتەری نادەوڵەتی ئیسلامی وەستا. لەم بەشەدا لێکدانەوە شیکردنەوە بۆ گرنگترین بنەماکانی تیۆری جەنگی ڕەوا ، کە هەردوو بنەمای (jus ad bellum and jus in bello) لە خۆدەگرێت، لە چواچێوەی کەیسی دەوڵەتی ئیسلامی دەکەین. بە واتایەکی تر لەم بەشەدا شیکردنەوە بۆ

---

[1] Walzer, Michael, just and unjust wars, 1977: 21.

[2] Calcutt, Bill. "Just war theory and the war on terror." *Journal of Policing, Intelligence and Counter Terrorism* 6, no. 2 (2011): 112.

[3] Emba, Christine, Just War Theory: A primer, Nov 30, 2015, Available at< [https://www.washingtonpost.com/news/in-theory/wp/2015/11/30/just-war-theory-a-primer/](https://www.washingtonpost.com/news/in-theory/wp/2015/11/30/just-war-theory-a-primer/)>(Accessed: 11 March 2019).

هەردوو پێوەر و بنەمای پاڵنەر و ئامانج و نیەتەکان لەگەڵ ڕەفتار و ئامرازە بەکارهاتوەکان دەکرێت. لێرەدا وەڵامی بەشێک لە ئەو پرسیارە دەدەینەوە، کە تا چەند جەنگی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش جەنگێکی ڕەوایە؟ بەشێوەیەکی سەرەکی ئامانجی ئەم بەشە لەبەر ڕۆشنایی تێزەکانی تیۆریەکە هەڵدەستێت بە شیکردنەو لێکدانەوەی ڕەوایەتی جەنگی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی بۆ لەناوبردنی دەوڵەتی ئیسلامی.

**٢-٧ هۆکارێکی ڕەوا:**

یەکەم هۆکار بۆ ئەوەی جەنگێک بەڕەوا دابندرێت، لە بونی هۆکارێکی ڕەوا، کە دەوڵەتان وەک پاساوێکی سەرەکی بۆ چوونە جەنگ بەکاری دەهێنن. بەمانایەکی تر هۆکارەکانی پشت جەنگ دەبێت بەرهەمی پاساودان و بەڵگەهێنانەوەی بابەتی و مۆڕاڵی بن. هۆکاری ڕەواش پەیوەندی بە مافی بەرگری کردنەوە هەیە لە بەرامبەر ئەو دەستدرێژیانەی دەکرێنەسەر لایەنێک بە شێوەیەکی ناڕەوا. پرسیاری سەرەکی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە وەڵامدانەوەی هەڕەشەکانی تیرۆر لەگەڵ پێوەری هۆکارێکی ڕەوادا یەکدەگرێتەوە. هەروەک لە بەشەکانی پێشوتر ڕونکرایەوە، تیرۆریزم بەشێوەیەکی گشتی بە کردەوەیەکی نایاسای و نامۆڕاڵی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا دانراوە.[1] لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەینەوە کە سەرەڕای بونی ڕای جیاواز، بەڵام ڕاستیەکە ئەوەیە، کە کردەی تیرۆر هیچ هۆکارێکی مۆڕاڵی و یاسایی قبوڵناکات.

هەروەها تیۆری جەنگی ڕەوا قەدەغەی تیرۆر و کردەوەی تیرۆرستی کردوە، واتە لە کەیسی دەوڵەتی ئیسلامی هیچ هۆکارێکی ڕەوا بونی نییە لە هێنانەکایەوە ئەو ئامانجانەی هەوڵی بۆ دەدەن، چونکە کردەوەکانیان لە چوارچێوەی کاری تیرۆرستی پۆلێن دەکرێت. کاتێک دەوڵەتان ڕوبەڕوی هەڕەشەی مەترسی ئاسایش دەبنەوە دەبێت بیر لە ڕێگاچارەیەک بکرێتەوە بۆ وەڵامدانەوەی. لە کەیسی داعش، هاوپەیمانان خاوەنی هۆکارێکی ڕەوا بون، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا لە وەڵامدانەوەی فۆڕمێکی نوێی لە تیرۆریزم. لەبەرئەوە هۆکاری ڕەوا پێناسە دەکرێت بە وەڵامدانەوەی ڕەفتارێکی دەستدرێژیکەرانە، لەم دۆخەدا دەوڵەتان مافیان هەیە لە بەکارهێنانی هێز دژ بە ئەو ڕەفتارە. هەر لەسەرەتاوە ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش دەستی بە پرۆسەی کوشتاری گەورە کرد، هەریەکە لە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوان جەنگ و جینۆسایدی ئەنجامدا.

بەڵگەی زۆر لە بەردەستدان و دەیسەلمێنن، کە جەنگ دژ بە داعش هۆکاری ڕەوای لە پشت بوە. بە بۆچونی توێژەری زانکۆی ئۆکسفۆرد گولیەم دەیڤید (Gwilym David Blunt) جەنگی هاوپەیمانان دژ بە ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش جەنگێکی ڕەوایە، چونکە هۆکارێکی ڕەوای هەیە لە وەڵامدانەوەی کردەوەکانی داعش کە ڕوبەرێکی زۆری خاکی عێراق و سوریای

[1] Snauwaert, Dale T. "The Bush doctrine and just war theory." *The online journal of peace and conflict resolution* 6, no. 1 (2004): 128.

داگیرکردوە.[1] سەرەڕای ئەمەش داعش بە بەرنامە و بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی هەوڵەی ئەوەیدا، کردەوە تیرۆرییەکانی بگوازێتەوە بۆ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا. لەم بارەیەوەش هێرشەکانی سەر فەرەنسا و بەلجیکا و چەندین شوێنی تر ئەوەیان سەلماند، کە داعش هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر ڕۆژئاوا. هەروەک بیرمەندی ئەمەریکی ماک ماهان بەم شێوەیە باسی ئەم مەترسیە دەکات: "بە هێرشەکان لە پاریس و تێکشکاندنی فرۆکەی سەرنیشینەکەی ڕوسیا، دەوڵەتی ئیسلامی مەیدانی جەنگەکەی هێنایە ئەو دیوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (واتە مەیدانی جەنگی فراوانتر کرد) ئامانجی جەنگەکانی دامەزراندنی خەلافەتی نوێ بو لە هەمو شوێنەکان هەتاوەکو کۆی جیهان دەگرێتەوە، هەروەها لەناوبردنی بێباوەڕەکان و ملکەچکردنی و گۆڕینی دین بەشێکی تر بو لە ستراتیژی ڕێکخراوەکە لە پێناو هێنانەکایەوەی قوربانی زیاتر."[2]

ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە (مکماهان) سەبارەت بە چۆنیەتی وەڵامدانەوەی داعش هاوڕایە لەگەڵ تەواوی ئەو توێژەرانەی، کە لە بونی هۆکارێکی ڕەوادا لایەنگری جەنگی دژ بە داعش دەکەن. کاتێک کە دەوڵەتی ئیسلامی بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان هێرشی کردە سەر عێراق، کە هیچ شەرعیەتێکی نەبو لە ئەنجامدانی ئەو کردەوانە، حکومەتی عێراقی داوای لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد لەچوارچێوەی بنەمای "بەرگریکردن لەخود" وەڵامی کردەوەکانی داعش بدرێتەوە. چونکە داعش هەر بەتەنها مەترسی نیيە بۆ سەر دەوڵەتێکی دیاریکراو، بەڵکو بە یەکێک لە هەڕەشە مەترسیدارەکان دادەنرێت، بۆسەر ئاسایشی تەواوی جیهان، هەروەک خۆشیان لە بنەماو ئایدۆلۆژی دروست بونیانەوە جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە.

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەلایەن هاوپەیمانیەتیەکی سەربازی گونجاو نوێنەرایەتی دەکرێت، کە خاوەنی هۆکارێکی ڕەوان بۆ جەنگ دژ بە داعش. ئەم هۆکارەش خۆی لە دوو بنەمای سەرەکی دەبینێتەوە:

یەکەم پەیوەستە بە مافی دەستێوەردانی مرۆیی لە پارێزگاری و ڕزگارکردنی دانیشتوانی مەدەنی لە سوریا و عێراقدا، کە بونە قوربانی سەرەکی ئەم ڕێکخراوە.

بنەمای دووەمەیش پەیوەستە بە مافی بەرگری شەرعی، لە وەڵامدانەوەی کردەوەکانی داعش.[3] لێکۆڵەری مۆڕاڵی جەنگ پرۆفیسۆر جەیمس پاتسیون (James Pattison)، بەڵگە بۆ ئەوە دەهێنێتەوە کە داعش پێشێلکاری بنەماکانی مافی مرۆڤی کردوە، کە لەگەڵ هۆکارێکی ڕەوادا

---

[1] David Blunt, Wilym, Are we fighting a just war against the Islamic state, October 13, 2014, Available at, https://blog.politics.ox.ac.uk/fighting-just-war-islamic-state/> (Accessed: 22 February 2019).
[2] Teson, Fernando R., ISIS and Just War Theory,December 9, 2015, Available at< https://www.lawfareblog.com/isis-and-just war-theory> (Accessed: 10 April 2019).
[3] Ibid,.

یەکدەگرێتەوە.[1] ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە دەوڵەتان خاوەنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان نین، بەڵکو لەپاڵ ئەو ئامانجانەی کە دەبنە رێگری لە دەستدرێژییەکانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی هەریەکە لە زلهێزەکان خاوەنی چەندین کارنامەو ئامانجی هاوبەش و جیاوازن. بە گشتی لێپرسراویەتی مۆراڵی (Moral Responsibility) هەیە بەرامبەر هەمو ئەو هەڕەشە و دەستدرێژیانەی، کە هیچ پاساوێکیان نییە.

**٣-٧ نیەتێکی دروست:**

خوێندنەوە بۆ نیەتێکی دروست لە جەنگدا چەمکێکی ئێجگار ئاڵۆزە، لێرەدا هەوڵ دەدەین بە سادەیی دەربارەی بدوێین. یەکێک لە بنەما گرنگەکانی تر بۆ ئەوەی جەنگێک ڕەوا بێت، دەبێت نیەتێکی دروستی هەبێت، بەشێک لە توێژەران وەک گومانێک بەردەوام سەیری ئەم بابەتە دەکەن. چونکە بابەتی دەستێوەردانەکان لە ڕابردودا ئەوەی سەلماندەوە، کە بەشێک لە نیەتەکان پەیوەست بون بەرژەوەندی هێزە سەرەکییەکان لە جیاتی ئەوەی بەشی سەرەکی خۆی ببینێتەوە لە پاراستنی ئاسایش و بەرژەوەندی تاکەکان لە ژیانی سیاسی و دورکەوتنەوە لە پاڵنەری خراپ.[2] پاڵنەرەکان بۆ بڕیاردان لە جەنگ لەلایەن دەوڵەتەوە نابێت پاڵنەری تۆڵەکردنەوە و سزادان بن یاخود بەرژەوەندی تایبەتی. گرنگی ئەم بنەمایە لەوەدا دەردەکەوێت کاتێ کە دەوڵەت جەنگ هەڵبگیرسێنێ، پێویستە لە پێناوی بە دەستهێنانی ئاشتی ڕەوادایە بێت، چونکە بە تەنها بونی هۆکاری ڕەوا ناتوانێت دەستەبەری جەنگێکی ڕەوا بکات بەبێ بونی نیەتێکی دروست. بەم شێوەیە دەتوانرێت دەستەبەری دادپەروەری لە بەڕێوەبردنی جەنگدا هەروەها دادپەروەری لە دوای جەنگ بکرێت. نابێت شێوازی کوشتنی سیاسی و ئەشکەنجە و کاری خراپەکاری بەکارهاتبێت چونکە دەبێتەهۆی ئاستەنگ لە بەردەم بە دەستهێنانی ئاشتی ڕەوا لە دوای کۆتای هاتنی جەنگ.[3]

ئەم بنەمایە ئامانجێکی پابەندکراوی هەیە، ئەوەش ئەوەیە، کە دەبێت هۆکاریەکانی چونە ناوجەنگ ڕابگەیەندرێت، کە خۆی لەخۆیدا پاڵنەری کرداری و ڕاستی دەگرێتەوە کە بۆتە هۆکاری هەڵگیرسانی جەنگ. دواتر دەبێت دەوڵەت هۆکارێکی ڕەوای هەبێت بۆ بڕیاردان لە جەنگ و دەبێت خۆی ئامادەبکات بۆ داواکاری ئەو ئامانجانەی کە پەیوەندیدارن بە

---

[1] Pattison, James, The ethics of British intervention in Syria, Available at, December 4, 2015<http://blog.policy.manchester.ac.uk/posts/2015/12/the-ethics-of-british-intervention-in-syria/ (Accessed: 28 April 2019).

[2] Johnson, James Turner. *Morality & contemporary warfare*. Yale University Press, 2001.
[3] James F. Childress: *Moral Responsibility in Conflict: Essays on Nonviolence, War and Conscience*, Baton Rouge: Louisiana State Univ. Press, 1982: 78-79.

هۆکارەکەییەوە، هۆکاری ڕەواش نابێت ببێتە (پاساوێک) بۆ داواکاری ناڕەوا.[1] واتە بونی نیەت لەگەڵ ئامانج و مەبەستی دەستتێوەردان پێوەندی دروست دەکات.

لە کەیسی دەوڵەتی ئیسلامی دەکرێت، باس لەوە بکرێت کە نیەتێکی دروست بینرا، لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە بۆ ڕێگریکردن لە کۆمەڵکوژی و جێنوساید. بۆیە دەکرێت بگوترێت کە بەکارهێنانی هێز لەلایەن هاوپەیمانی سەربازییەوە، دژ بە داعش ڕۆڵێکی گرنگ و یەکلاکەرەوەی گێرا لە وەساتاندن و ڕێگریکردن لە خوێنڕێژی. بەڵام ئەگەر نیەتێکی ڕاست ببەستینەوە بە قۆناغی دوای جەنگ، گومان دەخرێتەسەر ئەم بنەمایە. چونکە دەکرێت ئامانجەکە تێشکاندنی داعش بێت بەڵام هیچ پلان و بیرکردنەوەیەک بۆ ئاشتی دورمەودا نەبێت. ئەمەش دەکرێت وەک بەشێکی تری ئەم نیەتە بخرێتەڕو. بۆیە بەشێک لە ڕەخنەگران بە گومانەوە سەیری ئەم بابەتە دەکەن، باوەڕیان وایە کە  تیۆری جەنگی ڕەوا لەلایەن سەرکردە سیاسیەکانەوە وەک بەشێک لە پروپاگەندە لە پێناو شەرعیەتدان بە جەنگێکی ناڕەوا بەکاردەهێنرێت. بۆ نمونە ئەندرۆ فیالا (Andrew Fiala) پێی وایە کە سیاسییەکان چەمکی جەنگی ڕەوا بۆ پاساودان بە جەنگەکانیان و دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی جەنگ بەکاردەهێنن.[2] ئەمەش لە کاتێکدایە کە جیاکاری دەکرێت لە نێوان نیەتی ڕاگەیەنراو نیەتی ڕانەگەیەنراو (شاراوە) بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ، بۆ نمونە وەک ساغکردنەوەی چەک لەلایەن دەوڵەتە زلهێزەکانەوە و ئامادەسازی جەنگ بۆ وێرانکردنی ناوچەکە و دواتر ئاوەدانکردنەوەی لەلایەن کۆمپانیاکانی ئەو زلهێزانەوە. بەڵام (وڵزەر) خۆی ئەو ڕاستییەی نەشاردۆتەوە کە پاڵنەرەکان هەمیشە تێکەڵاون و خواستێکی مۆراڵی تەواوەتی لە ژیانی سیاسیدا بونی نیە.[3] بۆیە ناتوانین ڕێگە لەوەبگرین یاخود بزانین کە ئایا ئەم وڵاتە زلهێزانە نیەتی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هەبوە یاخود نا؟ بەڵام ئامانجی سەرەکی لە ڕێگریکردن لە کارەساتی مرۆیی زیاتر بەدەستهاتوە.

**٤-٧ دەرفەتی سەرکەوتن:**

چەمکی "پێشبینی بەرزی سەرکەوتن"، لە زمانی ئینگلیزیدا چەندین وشەی جیاوازی تری بۆ بەکاردەهێنرێت وەک دەرفەت (chance)، هیوا (hope)، ئەگەر (possibility)، پێشبینی (expectation)، ڕوانگە (prospect)، گونجان (likelihood). هەمو ئەو تێگەیشتن و چەمکانە جەختکردنەوەیە لە یەک تێگەیشتنی هاوبەش ئەوەیش ئەوەیە، کە دەبێت دروستکەرانی بڕیار توانای پێشبینکردنیان هەبێت لە ئەگەری پەسەندکراوی سەرکەوتن (reasonable expectation of success)، تەنها پێشبینیەکی پەسەندکراو نەک زەمانەتی تەواو،[4] ئێلیشتن

[1] Robert E. Williams: ”*Jus Post Bellum: Just War Theory and the Principles of Just Peace*“, *International Studies Perspectives*, Vol. 7, No. 4, 2006: 313.
[2] Peperkamp, Lonneke. "Jus Post Bellum and the nature of peace." PhD diss., Oisterwijk: Wolf Legal Publishers, 2017:201-202.
[3] Walzer, Michael,  *Just and Unjust Wars*: 23.
[4] Harbour, Frances V. "Reasonable probability of success as a moral criterion in the western just war tradition." *Journal of Military Ethics* 10, no. 3 (2011): 230-241.

(Elshtain)، پێی وایە یەکێک لەو بابەتانەی کە پێویستە پێش دەستێوەردان و بەکارهێنانی هێز دوپاتبکرێتەوە، ئەوەیە کە دەبێت دەرفەتێکی گونجاو بۆ سەرکەوتن هەبێت.[1]

واتە پێویستە ئەو جەنگە دەرفەتی سەرکەوتنی هەبێت و دەستکەوتەکانی زیاتر بن لە زیانەکانی و هەروەها دەرئەنجامەکان ڕەواو دادپەروەر بن. ئەم پرانسیپەش چوارچێوەیەکی ئەوەندە کورتی نییە، بۆ نمونە دابینکردنی هەلومەرجی ئاشتی دەتوانی بەشێک لە بەرنامەی ڕێگەگرتن لە سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی و ناسەقامگیری بێت. بەڵام دەرفەتی سەرکەوتن بە تایبەت پێش دەسپێکردنی جەنگ بابەتێکی ڕێژەییە و دەکەوێتە سەر سروشت و بارودۆخ و مامەڵەی عەقڵانی لە بڕیاردان. هەروەها ئامانج لەم بنەمایە ڕێگریکردنە لە توندوتیژی بۆیە بنەمایەکی گرنگ و پێویستە لە تێزی جەنگی ڕەوادا. ئەم بنەمایەش بە یەکێک لە بابەتە پڕ مشتومڕەکان دادەنرێت. چونکە بەشە گرنگەکەی سەرکەوتن لە جەنگ پەیوەستە بە هەمو ئەو سیاسەت و ستراتیژانەی کە لەدوای قۆناغی تەواو بونی جەنگ دێنەکایەوە. (ۆلزەر) جەختی کردۆتەوە لەسەر بەهەندوەرگرتنی هەر ئەگەرێکی پێشبینکراو بۆ سەرکەوتنی جەنگ کە تاڕادەیەکی زۆر قورسە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەر گۆڕانکاریەک کە زۆر قورسە بۆ پێشبینیکردن.[2] بەڵام پێویستە سیاسییەکان و ستراتیژ بەدەستەکان چوارچێوەیەکیان بۆ ئاشتییەکی دورمەودا لە خەیاڵدا بێت پێش دەستپێکردنی جەنگەکە. پرۆفیسۆری بواری دادوەری زانکۆی برینستۆن ڕۆبێرت جۆرج (Robert P. George) باوەڕی وایە، لە جەنگی دژ بە تیرۆریزم پێویستی دەرفەتی سەرکەوتن مانای ئەوەیە هێزە، بە تایبەت هێزی کوشندە، کە پێویستە هۆکارێکی دەرفەتی سەرکەوتوی باشی هەبێت لە پێناو ڕێگریکردن لە کردەوە تیرۆرستیەکان لە داهاتودا.[3] هەندێک لە تێڕوانینی تر بابەتەکە بەرەو ئاستێکی ئاڵۆزتر دەبن، کە زیاتر جەخت لەسەر ڕەتکردنەوەی دەرفەتی سەرکەوتن دەکەنەوە، بە جۆرێک کە کۆتایی جەنگی تیرۆر پەیوەستە بە کۆتای هەڕەشەکانی. ئەم ئامانجەش بە کارێکی مەحاڵ دەبینن، چونکە گروپە تیرۆریستییەکان چەندین ڕێگا و تەکتیکی جیاواز بەکاردەهێنن و شکستهێنانیان لە ناوچەیەکدا مانای کۆتای هێنانی هەڕەشەی تیرۆر نییە.[4]

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە، کە ئایا دەرفەتی سەرکەوتن لە جەنگی دژ بەداعش هەیە؟ دەکرێت باس لەوە بکرێت کە چۆن جەنگی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی دەرفەتی سەرکەوتنی هەبوە. چونکە ناکرێت بە تەنها سەرکەوتن کورت بکرێتەوە لە تێکشکاندنی ئەو گروپە تیرۆرستیە لە ڕوی سەربازیەوە و گەڕانەوەی قۆناغەکە بۆ پێش

---

[1] Elshtain, J.B., Just War Against Terror: The Burden Of American Power In A Violent World (New York, Basic Books, 2008: 8.

[2] Walzer, Michael, *Just and Unjust Wars*: 107.

[3] Latkovic, Mark S. "Just-War Theory, Catholic Morality, and the Response to International Terrorism." In The Catholic Faith. San Francisco: Ignatius Press, 2002.

[4] Tripodi, Paolo, and Jessica Wolfendale, eds. *New wars and new soldiers: Military ethics in the contemporary world*, 2012:23.

دەرکەوتنی داعش. چونکە مەترسییەکانی پەیوەست بە بونی ڕێکخراوی داعش تەنها پەیوەندیدار نیە بە لەناوبردنی سەربازی، بەڵکو نیگەرانییەکان لەبارەی ئایندە و لێکەوتەکانی ڕێکخراوەکە لە ئایندەدا یەکێکی ترە لە پرسە گرنگەکان. بۆیە (ۆڵزەر) لە یەکێک لە نوسینەکانی دا سەبارەت بە پەیوەندی نێوان تیۆری جەنگی ڕەوا و دەوڵەتی ئیسلامی باس لەوە دەکات، کە هەرچۆنێک بێت دەبێت ڕووبەڕوی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستە مەترسیدار ببێتەوە، بەڵام سەبارەت بە دەرفەتی سەرکەوتن ئەو پێی وایە کە بەپێی بنەماکانی ئەم تیۆرە و یاسای نێودەوڵەتی ئەم جەنگە دەرفەتی سەرکەوتنی نییە.[1]

دیدو تێڕوانینی (ۆڵزەر) بۆ چەمکی سەرکەوتن لە کۆتایەکی ڕەواوە دەست پێدەکات، ئەو باوەڕی وایە کە دەبێت لە هەنگاوەکانی سەرەتادا ڕەچاوی دەستەبەرکردنی بکرێت. ئەو ئاماژە دەکات کە چۆن کۆتایەکی ڕەوا دێتەکایەوە، کە تا چەند پێکهاتەکان لە دوای جەنگ دەرفەتیان دەبێت بۆ نمونە لە پاش لە ناوبردنی داعش چی دێتەئاراوە؟ ئایا دوبارە سوننەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش دەخرێنەوە ژێر دەسەڵاتی حکومڕانی شیعە؟ ۆڵزەر لەڕێگەی خستنەڕوی ئەم پرسیارانە دەیەوێت بەڕونی ئەوە بخاتەڕو کە دەرفەتی سەرکەوتن لە جەنگی دژ بە داعش نییە. ئەوەی لەو تێگەیشتنەدا دەردەکەوێت ئەوەیە مەرج نیە هۆکارێکی ڕەوا، بەدیهێنانی دەرفەتی سەرکەوتن بێت.[2]

لێرەدا پێویستە بڵێین، سەرکەوتن لای (ۆڵزەر) بریتی نییە لەسەرکەوتنی سەربازی، بەڵکو کۆتاییەکی ڕەوا لای ئەو سەرکەوتنی تەواوەتیە، بۆیە پێی وایە لەبەر نەهاتنەدی کۆتایی ڕەوا دەرفەتی سەرکەوتنی نیە. بەڵام بەپێچەوانەی لێکدانەوەکانی ۆڵزەر، (مکماهان) ڕای دەگەیەنێت، کە کۆتایەکەی ڕەوە ئەگەری هێنانەدی هەیە چونکە ئامانجە کە سادەیە کە بریتییە لەڕزگارکردنی قوربانیانی داعش.[3] لێرەدا ئەمەش بە جیاوازی بنەڕەتی و سەرەکی نێوان بۆچونی ئەو دوو بیرمەندە دادەنرێت، کە لە کاتێکدا بۆ ۆڵزەر ئاشتی ڕاستەقینە مەحاڵە، بەڵام لای (ماکماهان) ئامانجی جەنگەکە پێداویستی و ئامانجێکی هەنوکەیە. لەم ڕوانگەیەوە، ۆڵزەر ئەم جەنگە بە ناڕەوا سەیردەکات چونکە باوەڕی بە سەرکەوتنی ئەم جەنگە نیە. هۆکارێکی قبوڵکراو بۆ سەرکەوتن لای ۆڵزەر بریتییە لە دادپەروەری لە جەنگدا، ئەم دادپەروەریەش پێویستە ئامانجی کۆتاییەکی ڕەوا بێت. کرۆکی بۆچوونەکە بەم شێوەیە کە دەرفەتی سەرکەوتن بە گێڕانەوەی بارودۆخەکە بۆ پێش سەرهەڵدانی داعش نایەتەکایەوە.

---

[1] Walzer, Michael, What kind of a war is this?, December 3, 2015, Available at, https://www.dissentmagazine.org/blog/france-us-uk-air-strikes-isis-just-war-theory> (Accessed: 28 April 2019).

[2] Ibid,.

[3] McMahan, Jeff, Sryia is a modern-day holocaust. We must act. The Washngton Post. Novermber 30, 2015. Aviliable at: https://www.washingtonpost.com/news/in-theory/wp/2015/11/30/syria-is-a-modern-day-holocaust-we-must-act/(Accessed: 1 August 2020).

بۆیه کەمپینی جەنگ دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی دید و لێکدانەوەی جیاواز دەگرێتەخۆ. بەشێوەیەک کە پێیان وایە ئەم جەنگە لەگەڵ یاسا و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و بنەماکانی ڕەوایەتی مۆراڵی جەنگ یەکناگرێتەوە. ئەم بارۆدۆخە بوە هۆی هێنانە ئارای دۆخێک، کە لەم جەنگەدا دەرفەتی سەرکەوتنێکی ڕەوای نەبێت. لەم بارەیەوە فەرماندەی خانەنیشنکراوی هێزی ئاسمانی ویلایەتە یەکگرتوەکان جۆن مایکل (Jhon Michael Loh) لە وتارێکی دا بەراورد لە نێوان جەنگی (گەردەلولی بیابان) لەگەڵ کەمپینی جەنگی داعش دەکات، کە ئەوە ڕون دەکاتەوە کە چۆن جەنگ دەبێت کۆتایەکی سەرکەوتوی هەبێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا و ئامانجەکانی ڕون بن. بەڵام ئەو باوەڕی وایە ئەم جەنگە دەرفەتی کۆتاییەکی سەرکەوتوی نیەو تێیدا ئامانجەکان ڕون و ئاشکرا نین، بە بەراورد بە جەنگی یەکەمی کەنداو کە لە ڕێگەی هاوپەیمانیەتیەکی فراوان و بەهێز لەگەڵ ڕەزامەندی نەتەوە یەکگرتوەکان توانای ئامانجەکانی خۆی بەدەست بهێنێت. بەپێچەوانەی ئەو جەنگەوە، کەیسی جەنگ دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی جەنگێک نییە کە ڕەوا بێت و لەسەر بنەما مۆڕاڵیەکان بڕیاری لەسەر درابێت.[1] بەلای (جۆن مایکل) وە جەنگی دژ بە داعش جەنگێکە دەکرێت بە ماندوکەر وەسف بکرێت لە جیاتی بردنەوە لە جەنگ. لێکدانەوەی "جۆن" لەسەر ئەو بنەمایەیە کە ڕەخنە لە بەرپرسانی هاوپەیمانیەتی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی دەگرێت بەوەی کە تەنها پێوانەی سەرکەوتن لە کوشتنی ژمارەی چەکدارانی ئەو ڕێکخراوە کورت دەکەنەوە بەجۆرێک لە ڕێگەی پیشاندانی داتاکانی کوژراوان قسە لەسەر سەرکەوتن دەکەن، بەڵکو دەبێت بەپێچەوانەوە لە ڕێگەی خستەڕوی ئامانج و ستراتیژی ڕون قسە لەسەر سەرکەوتن و قۆناغی دوای جەنگ بکرێت.

بۆیە بەڕای ئەو ژمارەی کوشتن نابێتە هۆکارێک بۆ پێوانەکردنی سەرکەوتن لە جەنگدا.[2] هەر دوو ئەکادیمی ئەمەریکی ڕۆبێرت شارپ و جێنفەر جێفریز ( Robert Sharp and Jennifer Jefferis) لە وتارێکیاندا بە ناوی تیۆری جەنگی ڕەوا و داعش، ئەم تیۆرە بەکاردەبەن بۆ لێکدانەوەی جەنگی دژ بە داعش، باوەڕیان وایە کە سنورداركردنی ئەگەری سەرکەوتن پەیوەست نیە بە توانای ئێمە بە ڕوبەڕوبونەوە بەڵکو پەیوەستە بە ئامادەیمان لە پشتگیری کردن.[3] بەشێوەیەکی گشتی لە کەیسی بەکارهێنانی هێز دژ بە تیرۆریزم قورسە پێشبینی دەرفەتی سەرکەوتن بکرێت، ئەمەش بەپێچەوانەی جەنگی کلاسیکیەوە، کە بە ئاسانتر دەرفەتی سەرکەوتن یەکلادەکرێتەوە.

---

[1] Michael Loh, John, ISIS campaign is unjustified, Feb 06, 2016, Available at, https://www.dailypress.com/opinion/dp-nws-oped-loh-0207-20160206-story.html> (Accessed: 16 March 2019).

[2] Ibid,.

[3] Sharp , Robert Jefferis, Jennifer, A "Just" War against ISIS?, October 2, 2014 Available at:< https://nationalinterest.org/feature/just-war-against-isis-11388> (Accessed: 1 March 2019).

ئەم هاوپەیمانییەتە هۆکارێکی ڕەوای لە وەڵامدانەوەی کردەوە دڕندەکانی داعش هەبوە. بەڵام لە بنەمای دەرفەتی سەرکەوتن بەکارهێنانی هێز دژ بە گرووپی تیرۆرستی داعش توشی نادڵنیایی و ناڕونی دەبێتەوە.[1] بۆیە ئەگەر شیکردنەوە بۆ بەکارهێنانی هێز بکرێت لەلایەن ئەو هاوپەیمانیەتیە کە ئەمەریکا ڕابەرایەتی دەکات، لە چوارچێوەی قوتابخانەی تیۆری ڕەوا، ئەوا بەتەنها هۆکارێکی ڕەوا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو دەبێت بنەماکانی تریش لەم کەیسەدا بە تایبەت دەرفەتێکی باش بۆ سەرکەوتن ڕەچاوبکرێت. ئەگەر لە ڕوانگەی دەستێوەردانە سەربازیەکانی ڕابردوی ئەمەریکا سەیری کەیسی بەکارهێنانی هێز دژ بە داعش بکرێت، ئەوا دەکرێت بگووترێت کە دەرفەتی سەرکەوتن جێگەی گومانە. بۆیە لە تێگەیشتنێکی بەرتەسکدا پێشبینی شکستی داعش لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە گریمانیەکی چاوەڕوانکراو بو، کە لەو کاتەدا داعش وەک هەڕەشەیەکی سەرەکی دەبینرا بۆ سەر ژیانی هاووڵاتیانی مەدەنی. بەڵام لە تێگەیشتنی فراواندا بۆ سەرکەوتن دەبێت ژیانی تاکەکانی ئەو ناوچەیە باشتر بێت ئاشتی و ئاسایش زیاتر بێتەکایەوە. لایەنگرانی ئەم تێگەشتنە باوەڕیان وایە، هێرشە سەربازیەکان نابنە هۆکارێک بۆ چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکان لە عێراقدا کە بونەتەهۆی سەرهەڵدانی داعش.[2]

لە ڕێگەی ئەو کردەوە سەربازیانەی کە ئەمەریکا ئەنجامی داون دەکرێت هەڵسەنگاندنێکی مێژوی بکرێت کە لە تێگەیشتنی درێژخایەن و فراواندا سەرکەوتو نەبون. بۆ نمونە ئاماژە بە کەیسی تاڵیبان دەدرێت لە ساڵی ٢٠٠١ دا، سەرەڕای بونی هۆکارێکی ڕەوا لە بەکارهێنانی هێزدا بۆ پارێزگاری کردن لە هاووڵاتیان لە بەرامبەر تاڵیبان و ڕێگریکردن لە کردەوەی تیرۆرستی زیاتر، بەڵام بەکارهێنانی ئەو هێزە نەبۆتە هۆکارێک بۆ باشترکردنی دانیشتوانی ئەفغانستان. هەروەها هەمان تێگەیشتن لە کەیسی عێراق لەدوای ٢٠٠٣ و، کەیسی بەکارهێنانی هێز لە لیبیا ڕاستە، کە ئاشتیەکی ڕەواو سەقامگیری بۆ کاتێکی درێژخایەن نەهێناوەتە ئاراوە.[3]

توێژەران بە گومانن لە دوبارە بونەوەی ئەو کەیسانە بە جۆرێک کە نەتوانرێت دەرفەتێکی گونجاو بۆ سەرکەوتن بێتەئاراوە. بۆیە دەکرێت باس لەوە بکرێت کە سەرەڕای بونی هۆکارێکی ڕەوا لە ڕێگری کردن لە کردەوە دڕەندەکانی داعش و مەترسیەکانی لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکە. بەڵام بەکارهێنانی هێز لەلایەن هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتیەوە دەرفەتێکی باشی بۆ سەرکەوتن نییە وەک ئەوەی لە تێگەیشتنی تیۆری جەنگی ڕەوادا جەختی لەسەرکراوەتەوە، کە دەبێت لەڕێگەی کۆتایەکی ڕەواوە بڕیاری لەسەر بدرێت. چونکە جەنگی ڕەوا پێویستە دەرفەتی

---

[1] Life Matters Journal Articles, why the campaign against ISIS must end: a just war analysis, Jun 9, 2015, https://www.rehumanizeintl.org/post/2015-06-09-why-the-campaign-against-isis-must-end-a-just-war-analysis> (Accessed: 12 July 2019).

[2] O'Driscoll, Dylan Defeating the Islamic State will take more than Gunpowder, Available at, http://www.meri-k.org/publication/defeating-the-islamic-state-will-take-more-than-gunpowder/> (Accessed: 1 March 2020).

[3] Idid,.

بونیادنانی ئاشتییەکی بەردەوام لەخۆبگرێت.[1] بە سروشت جەنگی دژ بە تیرۆریزم جەنگێکی درێژخایەنە، بۆیە ئامانج و سەرکەوتنەکانیش لەم جەنگەدا ناڕونن، لەبەرئەنجامی ئەمەشدا دەکرێت دەرفەتی سەرکەوتن زۆر سنورداربێت. هەروەها دەرفەتی سەرکەوتن دەبێتە کرۆکی قۆناغی پاش جەنگ و وادەکات کە ئەو ئەنجامانەی لە جەنگ دەکەونەوە ڕەواو دادپەروەر بن.

**٥-٧ دوا بژاردە:**

ئەم بنەمایە پەیوەستە بە هۆکارێکی ڕەواوە، کاتێک کە هێز بەکاردەهێنرێت کە هۆکارێکی ڕەوا هەبێت و هیچ بژاردەیەکی تر جگە لە بەکارهێنانی هێز نەبێت. واتە ئەگەر ئامانجی هۆکاری ڕەوا لەڕێگەی ئامرازەکانی تر دەستەبەربکرێت ئەوا جەنگ دەبێتە کردەییەکی ناپێویست و ناڕەوا، بەڵام کاتێک هۆکارێکی ڕەوا هەبێت، ئەوا دەبێتە پێویستی وەک دوا بژاردە هەژماردەکرێت.[2] ئاشکرایە، پێش دەستپێکردنی جەنگ چەندین بژاردەی ترهەیە، کە دەوڵەتان دەتوانن وەک چارەسەرێکی سیاسی و دیپلۆماسی بیگرنەبەر. دوا بژاردە وەک ڕێگەپێدانێکی ڕەوایە بۆ بەکارهێنانی هێز، کە هەمو بژاردە ئاشتیەکان شیکراونەوەو هەروەها کەمتر کاریگەر و تێچوی زیاترن لە دەستەبەرکردنی ئامانجەکان. لەم ڕوانگەیەوە فیشەر (Fisher) باوەڕی وایە جەنگ بەشێوەیەک قبوڵکراوە، کە بژاردەکانی تر تێیدا هەلی سەرکەوتنیان کەم بێت.[3]

بەشێوەیەکی گشتی ئەم بنەمایە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پێویستە لەسەر دەوڵەتان کە بە خێرای بڕیار لە هەڵگیرساندنی جەنگ نەدەن و سود وەربگرن لە هەمو بژاردە گونجاوەکانی تر بە تایبەت دانوستاندنی دیپلۆماسی پێش جەنگ و دڵنیابون لەوەی کە جەنگ بژاردەی کۆتاییە. بیرو بۆچونی جیاواز هەن لەسەر شێواز و چۆنیەتی وەڵامدانەوەی گروپە تیرۆریستیە چەکدارییەکان، بەشێکیان ئاماژە بە چارەسەری سیاسی و دیپلۆماسی دەکەن، لە پێناو بە دوور ون لە بەکارهێنانی هێز دژ بە تیرۆریزم توێژەر شادی عەدنان (Shadi Adnan Alshdaifat) چەند بژاردەیەکی وەک دانوسان، ناوەندگیری نێودەوڵەتی، لێکۆڵینەوە و ڕۆڵی ڕێکخراوە هەرێمیەکان دەخاتەڕو.[4] بەڵام زۆرینەیان لەسەر ئەوە کۆکن، کە باوترین چارەسەر خۆی لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەبینێتەوە. بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیە لەبەرچاوبگیرێت کە مامەڵەکردن لەگەڵ تیرۆر وەک جەنگی کلاسیکی نیە و پرسێکی ئێجگار ئاڵۆزە و ناتوانرێت بە ئاسانی وەڵامبدرێتەوە. لێرەدا دەکرێت تێبینی ئەوە بکرێت ئەمە زیاتر پەیوەستە بە

[1] Brough, Michael W., John W. Lango, and Harry Van der Linden, eds. *Rethinking the just war tradition*. SUNY Press, 2007.

[2] Aloyo, Eanom. *The last of last resort*. No. 1. Working Paper, the Hague institute for global justice, 2014.

[3] Fisher, David. "Morality and war: Can war be just in the twenty-first century?." *Scientia Militaria: South African Journal of Military Studies* 40, no. 2 (2012): 174-177.

[4] Alshdaifat, Shadi Adnan. *International Law and the use of Force against Terrorism*. Cambridge Scholars Publishing, 2017: 219-271.

ڕێگەچارەی نێوان دەوڵەتان، نەک کەیسێکی تیۆری وەک دەوڵەتی ئیسلامی، چونکە کردەی تیرۆر هیچ پاساوێکی مۆراڵی و یاسای نیە بۆ ئەنجامدانی. وەک لەم بارەیەوە (ۆلزەر) پێی وایە ڕێگەی سەربازی لەگەڵ تیرۆریزم دوا بژاردەیە و ئاشنایە بە ئێمە[1]، دەیڤد رۆ (David Wroe) لە ڕاپۆرتێکیدا پشتگیری ئەو ڕایە دەکات، کە بژاردەی دیپلۆماسی ڕاستەوخۆ بونی نییە و هەروەها بونی گفتۆگۆکردن لەگەڵ ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی پرسێکی بەرجەستە نییە.[2] ئەو تاوانکاریانەی کە ئەم ڕێکخراوە تیرۆرستیە ئەنجامی داون، بۆ وەڵامدانەوەیان هیچ بژاردەیەکی تر جگە لە بەکارهێنانی هێز بونی نیە. بێگومان هاوپەیمانی نێودەوڵەتی وەک کۆتا بژاردە و پاڵنەری سەرەکی پەنای بۆ بەکارهێنانی هێز لە دژی داعش بردوە.

هەرچەندە زۆرینەی دروستکەرانی بڕیاڕ و توێژەران لەسەر ئەوە کۆک بون، کە دەبێت وەک کۆتا بژاردە مامەڵە لەگەڵ داعشدا بکرێت. چونکە ناکرێت پرۆسەی دانوستاندن و دیپلۆماسی لەگەڵ گروپی تیرۆرستی ئەنجام بدرێت و بەشداریپێکردنیان لە پرۆسەی سیاسی بە شێوازێک لە شێوازەکان ئەم کارە دەبێت جۆرێک لە شەرعیەت پێدانی نێودەوڵەتی بەم گروپە. بەڵام سەرەڕای ئەم بۆچونە، ڕێگەی ئاشتی و گفتوگۆ بە تەواوەتی ڕەتنەکراوەتەوە. چونکە ڕێگەی دانوستان و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ وەک میکانیزمێک بۆ مامەڵەکردن و وەڵامدانەوەی گروپە تیرۆریستیەکان لە چوارچێوەی ئامرازەکانی چارەسەری ململانێکان وەک بژاردەیەک دادەنرێت.

بەپشت بەستن بەو ڕایەی کە پێشتریش دەوڵەتان چونەتە دانوستاندنەوە لەگەڵ ئەو گروپانەی کە بە تیرۆرست لەقەڵەم دەدرێن بۆ نمونە (IRA) لە ئیرلەندا، (Eoka) لە قوبرس، (PLO) لە فەلەستین، (FMLN) لە سلفادۆر (Farc) لە کۆلۆمبیا.[3] هەمو ئەمانە نمونەن لەسەر بونی دانوستاندن و گفتۆگۆ لەگەڵ ئەو گروپە چەکدارانە. بەڵام لە دوای ڕوداوی ١١سێپتەمبەرەوە بەشێوەیەکی سەرەکی شێوازی سەربازی گیراوەتەبەر بۆ وەڵامدانەوەی هەڕەشەکانی تیرۆر. چونکە پسپۆرانی بواری تیرۆر جۆرێک لە پۆلێنبەندی دەکەن بۆ تیرۆر بەشێوەیەک کە بە تیرۆرستی کۆن و تیرۆرستی نوێی ناوزەند دەکەن. گروپە تیرۆرستیە کۆنەکان زیاتر گروپگەلێکی سیاسی بون و ئامانجیان بەشداری سیاسی بوە لە پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵاتدا، بۆیە مامەڵە کردن و دانوسان لەگەڵ ئەم گروپانە دەکرێت دەستکەوت

---

(1) Walzer, Michael,*'Arguing About War:* 53.

(2) Wroe, David, How the 'just war' theory applies to Australia's fight against the Islamic State, October 3,2014, available at: https://www.smh.com.au/politics/federal/how-the-just-war-theory-applies-to-australias-fight-against-the-islamic-state-20141003-10px8t.html >(Accessed: 8 July 2019).

(3) Pecht, Manjana. "International responses to ISIS (and why they are failing)." (2016).*Stockholm International Peace Research Institute* https://www.sipri.org/commentary/essay/2016/international-responses-isis-and-why-they-are-failing (Accessed: 21 March 2019).

و چارەسەری سیاسیی و دیپلۆماسی لێبکەوێتەوە. بەپێچەوانەی ئەوانەوە، گروپە تیرۆرستییە نوێیەکان جیاوازن و زیاتر گروپی جیهادی توندڕەو ئایدۆلۆژین، بۆیە توێژەران باوەڕیان وایە کە شێواز و ڕێگەی دانوستاندن لەگەڵ ئەم گروپانە ئەنجامێکی عەقڵانی لێناکەوێتەوە.[1]

بەشێکی زۆر لە شارەزایانی بواری تیرۆریزم، گروپی تیرۆرستی داعش بە تەواوەتی جیاواز دەبینن لەڕێکخراوە تیرۆریستیەکانی پێش خۆی، بۆیە ڕێگەی دانوستاندن ناکرێت وەک بژاردەیەکی عەقڵانی و واقیعیانە وێنابکرێت. هەروەها هەڕەشەکانی داعش هەر بە تەنها لە ناوچەیەکی دیارکراودا کورت نەبوونەتەوە. چونکە بنەما هزرییەکانی دروست بونی ئەم ڕێکخراوە پەیوەست بوە بە دامەزراندنی خەلافەتێکی ئیسلامی لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژی سەلەفی جیهادی، کە تەواوی بەها مرۆڤایەتییەکان و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ ڕەتدەکاتەوە، ئەمەش وەک هەڕەشەیەک بۆ تەواوی جیهان سەیر دەکرێت. داعش جیهان دابەشی دوو بەرە دەکات، ئەوانیش بریتین لە بەرەی باوەڕدار و ئیسلام لەگەڵ بەرەی بێباوەر و کوفر، کە تەنها ئەم دوو بەرەیە هەیە و ئاراستەی سێیەم بونی نییە. جیهان لە ئەمرۆدا دابەشی ئەم دووبەرەیە بوە و داعش بە هەمو شێوەیەک ئاراستەی کوفر ڕەتدەکاتەوە. بۆیە تەنها ڕێگە بۆ دەربازبون و ڕزگاربون بریتییە لە هێنانەکایەوەی خەلافەتێک کە تەواوی موسڵمانان لە خۆبگرێت.[2] هەروەک یەکێک لە دیبلۆماتکارە بە ناوبانگەکانی بریتانیا جۆنثان پاول (jonathan powell) باوەڕی وایە ستراتیژی ڕێکخراوی داعش بە جۆرێک توندوتیژ و مەترسیدار بوە لەسەر ژیان و کۆمەڵگا کە جیاواز بوە لە ڕێکخراوەکانی پێشوتر، بەڵام ئەم ڕێکخراوە خاوەنی لە وڵاتاندا شوێنکەوتەی زۆربوە، هەر وەک ئەو پشتگیریە دەخاتەڕو کە چۆن نزیکەی دوو هەزار چەکدار توانیان دەست بگرن بەسەر شارێکی گەورەی وەک موسڵ.[3]

لە لایەکی ترەوە، سەرەڕای شکستی چەندین ئەزمونی جەنگی دژ بە تیرۆر کە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتیان بە ئامرازی سەربازی بەستوە، بەڵام دەکرێت ئەوە بخرێتەڕو کە ڕێگەی سەربازی وەک چارەسەری کۆتایی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. تەنانەت لە زۆرینەی کەیسەکانی تیرۆردا بەکارهێنانی هێزی سەربازی بژاردەی یەکەم بوە، بەهۆی ئەو مەترسیە گەورەی لە هەڕەشەکانی سەرچاوەی گرتوە. ئەو ئایدۆلۆژییە ناوەکیەی داعشی لەسەر دامەزراوە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کردەوەکانیان، بۆیە ئەمەش وادەکات پرۆسەی گفتوگۆ و دانوستاندن نەتوانێت گۆڕانکاری ڕیشەی لە دنیابینین و کردەوەکانیان دروست بکات. لە دەرئەنجامیشدا، ناتوانرێت لە ڕێگەی دیپلۆماسی و دانوستاندنەوەی مامەڵە لەگەڵ گروپێکی وەک داعش بکرێت، کە داواکاری قبوڵنەکراو گفتۆگۆ لەسەر نەکراویان هەیە.

---

[1] Neumann, Peter, and Peter R. Neumann. *Old and new terrorism*. Vol. 4. Polity, 2009.
[2] Glenn, Cameron. "Al Qaeda v ISIS: Ideology & Strategy." *Woodrow Wilson International Center for Scholars, September* 28 (2015), available at: https://www.wilsoncenter.org/article/al-qaeda-v-isis-ideology-strategy>(Accessed: 19 July 2019).
[3] Powell, Jonathan. "Negotiate with ISIS." *The Atlantic* (2016).

بەم پێیەش بنەمای دوابژاردە لەگەڵ کەیسی جەنگی هاوپەیمانان دژ بە داعش بەپێی پێوەری جەنگی ڕەوا یەکدەگرێتەوە.

### ٦-٧ دەسەڵاتێکی ڕەوا (بنەما یاساییەکانی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش لە عێراق):

ئاشکرایە، پاساوە یاساییەکان بۆ وەڵامدانەوەی هێرشی سەربازی نێودەوڵەتی دژ بە کارەکتەرەی تیرۆری نادەوڵەتی پرسێکی ئاڵۆزە. نابێت بەشێوەیەکی تاک لایەنە بڕیار لەسەر دەستێوەردان و بەکارهێنانی هێز بدرێت، بەڵکو دەبێت جۆرێک لە کۆدەنگی هەبێت نێوان ئەندامانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. چونکە سیستەمی یاسای نێودەوڵەتی ناتوانێت بەشێوەی تاکلایانە بڕیار لەسەر بەکارهێنانی هێز بدات، بەڵکو دەبێت بەشێوازی کۆدەنگی بێت. هەروەها دەبێت بەکارهێنانی ئەو هێزەش لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و پارێزگاریکردن لە بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئاشتی و ئاسایشی جیهانی بێت. لە ڕابردودا بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی وەک میکانیزمی سەرەکی و شەرعی بە یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکان پەنای بۆ دەبردرا، بەڵام دواتر بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان سنورداركرا بۆ چەند حاڵەت و بارودۆخی دیاریکراو. هەریەکە لە لێکۆڵەران ئینمارک و میکالێزن (Michaelsen and Enemark) گفتوگۆی ئەوە دەکەن کە لە هەندێک حاڵەتدا هاوپەیمانیەتی دەوڵەتەکان دەتوانن بڕیاربدەن بۆ چونە ناو جەنگ، وەک هاوپەیمانیەتیەک لە چوارچێوەی هەرێمێکی دیاریکراو، لەوانەیە زیاتر درک بە کێشەکانی دوای جەنگ بکەن، کە زیاتر ئاشنا دەبن لە ئەکتەر و ئەو کەسانەی بەشدارن، هەروەها زیاتر سودمەند دەبن لە گێڕانەوەی ئاشتی.[1] واتە بڕیاردان لە جەنگ دەبێت بە جۆرێک بێت کە دەسەڵاتێکی شەرعی کۆدەنگ بێت و بەرژەوەندی گشتی و مافەکانی مرۆڤ و ئاشتی جیهانی لە خۆبگرێت.

لە کەیسی ڕوبەڕوبونەوەی داعشدا، بونی دەسەڵاتێکی یاسایی و شەرعی بە گرنگ دادەنرێت بۆ بڕیاردان لە دەستتێوەردانی سەربازی. لەهەمانکاتدا، تاوانەکان و دەستدرێژیەکانی دەوڵەتی ئیسلام ڕون و ئاشکرابون، ئەمەش وای کرد بەخێرایی بیر لە وەڵامدانەوەی بەکارهێنانی هێز بکرێت وەک ئەرکێک بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. لەلایەکی ترەوە، جەنگ دژی لایەنێکی تیرۆریستی کە ڕێز لە بنەماو ڕێساکانی جەنگ ناگرێت بە یەکێک لە پرسە ئاڵۆزەکان دادەنرێ. چونکە ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش هەمو میکانزمێک و شێوازێکی بەدەر لە ڕێساکانی جەنگ بەکاردەهێنێت بۆ کوشتن و وێرانکردنی دانیشتوانی مەدەنی. سەرەڕای ئەمەش ئەم ڕێکخراوە وەک هەڕەشەیەکی سەرەکی دەبینرا، بۆیە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی پێویستی بە کۆدەنگ هەبو، هەر لەم بارەیەشەوە ئەنجومەنی ئاسایش داعشی، بە یەکێک لە مەترسیدارترین

[1] C. Enemark and C. Michaelsen, ‘Just war doctrine and the invasion of Iraq’, in: Australian Journal of Politics & History 51 (2005): 557.

هەڕەشەکان بۆ سەر ئاشتی ناوچەکە دانا. لەبەرئەوەی ڕووبەڕووبونەوەی ئەم ڕێکخراوە لە دەرەوەی هێزو توانای دەوڵەتێکی وەک عێراق بو کە بە دەوڵەتێکی شکستخواردو لە بەڕێوەبردن دادەنرا. بۆیە بەکارهێنانی هێزی دەرەکی وەک پێویستیەک سەیر دەکرا. بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تۆکمە لە پاساوەکانی بەکارهێنانی هێز لەلایەن هاوپەیمانانەوە بدوێین، دەبێ لە هەمانکاتدا لە چەند لای جیاوازەوە هەوڵی پشکنین و هەڵکۆڵینی بۆ بدەین. بۆیە لەم بەشەدا شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ گرنگترین بنەما یاساییەکانی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی لە بەکارهێنانی هێز لە خاکی وڵاتێکی تر دەخەینەڕو:

### ٧_٦_١بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش (U.N. Security Council Authorization):

بەپێی ماددەی (٢) بڕگە (٤)ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان بەکارهێنانی هێز لە دژی یەکێتی خاک و سەربەخۆی سیاسی دەوڵەتان قەدەغەکراوە.[1] بەڵام لەژێر بەندی حەوتەمدا، ئەنجومەنی ئاسایش دەتوانێت هێز بەکاربهێنێت لە کاتێکدا کە هەڕەشەیەک هەبێت بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی. بنەمای سەرەکی یاسایی بۆ ئەوەی دەوڵەتێک دەستێواردان لە سەروەری دەوڵەتێکی تر بکات بەبێ بونی ڕەزامەندی و داواکاری، بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشە، بە یەکەمین میکانیزم دادەنرێت، کە خاوەن ڕەوایەتیە لە دەستێوەردان و بەکارهێنانی هێزدا، تا ئەو ڕادەیەی کە بەلای بەشێکی زۆر لە توێژەرانی یاسای نێودەوڵەتی بە تەنها ڕێگەی شەرعی و یاسی دادەنرێت.[2] هەر وەک بەگوێرەی ماددەی (٢٤)ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان کە دەڵێت" ئەندامانی لێپرسراویەتی سەرەکیان داوە بە ئەنجومەنی ئاسایش بۆ پارێزگاریکردن لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، هەروەها ڕەزامەندن لەسەر جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لەژێر ئەنجومەنی ئاسایشدا".[3] هەروەها لە ماددەی (٤٢) پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕێگە بە ئەنجومەنی ئاسایش دەدات بۆ بەکارهێنانی هێز "بەپێی پێویستی بۆ پارێزگاری کردن یاخود گەڕانەوەی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لەکاتێکدا کە بژاردەکانی تری چارەسەر بەردەست نەبن.[4] بەشێوەیەکی گشتی، لە ژێر پەیماننامەی (UN) دەوڵەت تەنها لە دوو بارودۆخدا دەتوانێت هێز بەکاربهێنێت: لە حاڵەتی بەرگریکردن ئەگەر ڕووبەڕوی هێرشێکی کرداری و نزیک لە ڕودان بێت، یاخود ڕەزامەندی ئەنجومەنی ئاسایشی هەبێت.[5] لێرەدا ئێمە هەوڵی شیکردنەوەی بەکارهێنانی هێز دژ بە داعش لەم چوارچێوەیەدا دەدەین.

---

[1] The UN Charter, Art.2.(4).

[2] ڕێکخراوی (UN) بە سەرەکترین و بنەڕەترین دامەزراوە دادەنرێت بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکان. بۆیە تاکە هۆکاری عەقلانی بۆ دامەزراندنی ئەم دامەزراوەیە لە ساڵی (1945) بریتی بوە لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لەگەڵ دابینکردنی میکانیزمی گونجاو بۆ ڕێگرىکردن لە ڕودانی پێکدادانی چەکداری لە داهاتودا.

[3] The U.N. Charter art. 24.

[4] The U.N. Charter art. 42

[5] Posner, Eric A., and Alan O. Sykes. "Optimal War and Jus Ad Bellum." *Geo. LJ* 93 (2004): 993.

لە کەیسی داعشدا، ئەنجومەنی ئاسایش چەند بڕیارێکی دەرکردوە، کە بایەخ بە مەترسی هەڕەشەکانی ئەو ڕێکخراوە دەدات. بە تایبەت بڕیاری (٢١٧٠) و (٢١٧١)، (٢١٩٩)، (٢١٧٨) کە نەتەوە یەکگرتوەکان داوا لە دەوڵەتان دەکات، کە چەند هەنگاوێک بنێن، کە ئەمانە بگرێتەخۆی وەک: ڕووبەڕووبونەوەی لایەنی دارایی تیرۆرستان، یارمەتیدانی مرۆیی، زۆر بە ڕونی و ئاشکرای ئەوە ڕادەگەیەنێت کە "تیرۆریزم یەکێکە لە هەڕەشە سەرەکیەکان بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی".[1] ئامانجی ئەم بڕیارە خۆی لە ڕاگرتنی کردەوەی تیرۆرستی ناوخۆیی لە هەندێک لە دەوڵەتان دەبینیەوە بە تایبەت لە ڕێگریکردن لە هاووڵاتیانی ئەو دەوڵەتانە بۆ پەیوەندیکردن بەو ڕێکخراوە. بۆیە ئەوەی دەردەکەوێت ئەوەیە ئەنجومەنی ئاسایش بە ڕون و ئاشکرای ڕێگەدان بە بەکارهێنانی هێز ناگرێتەخۆ.

لە دوای ڕوداوی تیرۆرستی (٢٠١٥)ی پاریس، فەرەنسا پرۆژە بڕیارێکی پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایش کرد، لە ئەنجامدا بە کۆی دەنگی ئەندامان بڕیاری ژمارە (٢٢٤٩) لە ساڵی (٢٠١٥) هاتەکایەوە. ئەم بڕیارە داوا دەکات کە دەوڵەتانی ئەندام توانایان هەیە بۆ ئەنجامدانی "هەمو ڕێکارێکی پێویست"، بگونجێت لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی و پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان، لەو خاکەی کە لە سوریا و عێراق لە ژێر کۆنترۆڵی داعشدایە.[2] بۆیە بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە "هەمو ڕێکارێکی پێویست" (all necessary means) بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر ئەنجام بدرێت، لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش، بە ڕای بەشێک لە دەوڵەتانی ئەندام بەکارهێنانی هێزیش دەگرێتەوە. بە تایبەت دوای ڕوداوە تیرۆریستیەکانی پاریس، بە کۆی دەنگ ئەنجومەنی ئاسایش داوای کرد پێویستە هەمو دەوڵەتان کە توانایان هەیە بێنە پاڵ ئەو هاوپەیمانیەتیە لە پێناو بەگژداچونەوەی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش وەک دوژمنێکی هاوبەش. بەڵام ئەوەی لەو بڕیارە دەردەکەوێت بە شێوەی ڕون و ئاشکرا ئاماژە بە بڕیار (decide) و ڕێگەدانی (authorise) بەکارهێنانی هێز ناکات، بەڵکو لە زاراوەی داوالێکردن (calls upon) بەکاردەهێنێت. بۆیە بەڕای توێژەرانی یاسای نێودەوڵەتی زمانێکی نەرم و شاراوەی بەکارهێناوە.[3] لێکۆڵەرە یاساییەکان ئاماژە بە ئەوە دەکەن، کە ئەو زمانە نابێتە هۆی ئەوەی کە هێزێکی پابەندکەری هەبێت بۆ بەکارهێنانی هێز.

سەرەڕای ئەوەی کە تێگەیشتنی گشتی بۆ بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بەکارهێنانی هێزی تێیدا جێگەی دەبێتەوە، بەڵام وەک بنەمایەکی یاسایی جەنگی دژ بە داعش ڕووبەڕوی لێکدانەوە و ڕاڤەی جیاواز دەبێتەوە. بەشێک لە توێژەران لێکدانەوەی ئەوەی بۆ دەکەن کە لەبەر هۆکاری

---

[1] UN Security Council Resolution, (2178), 24 September 2014.
[2] UN Security Council Resolution, (2249), 20 November 2015.

[3] Akande, Dapo and Milnovic, Marko 'The Constructive Ambiguity of the Security Council's ISIS Resolution', EJIL:Talk!, 21 November 2015, Available at: < https://www.ejiltalk.org/the-constructive-ambiguity-of-the-security-councils-isis-resolution/> (Accessed 12 December 2019).

سیاسی ئەنجومەنی ئاسایش ڕێگەنادات بە دەسەڵاتپێدانی بەکارهێنانی هێز دژ بە داعش.[1] کۆدەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش کە خۆی لە پێنج ئەندامە هەمیشەیەکەدا دەبینێتەوە دروست نابێت. چونکە ماددەی (٢٧) پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان مافی ڤیتۆی داوەتە ئەندامە هەمیشەیەکانی ئەنجومەنی ئاسایش.[2] لێرەدا بەرژەوەندی و هۆکاری سیاسی بڕیار لەسەر ئەم بابەتە دەدات و داواکاریەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی لەلایەن ڕووسیا و چین ڕەتدەکرێتەوە.[3] بۆیە هەر لەسەرەتاوە ئەمەریکا خۆی بە دور گرت لە پێشکەشکردنی داواکاری بۆ بڕیاردان لە بەکارهێنانی هێز لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە. چونکە پێشتریش ڕوسیا و چین پرۆژە بڕیاری فەڕەنسایان ڕەتکردبۆوە سەبارەت بە بەکارهێنانی هێز لە سوریادا.

بەشێوەیەکی گشتی ئەنجومەنی ئاسایش لەژێر دابەش بونی فاکتەرە سیاسیەکاندایە و گەیشتن بە بڕیاری بەکارهێنانی هێز کە لەلایەن ئەمەریکاوە سەرکردایەتی بکرێت زۆر قورس دەبێت. بەڵام چەندین دەرچەی یاسای تر هەبون، بەکارهێنانی هێز بە تایبەت مافی بەرگری لە خود بەشێوەی تاک و بە کۆمەڵ بگرێتەخۆ. وەک دەردەکەوت زۆرینەی ئەو دەوڵەتانەی کە بەشداری هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتیان کرد، پشتیان بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش نەبەستوە بۆ پاساوە یاساییەکانیان. بۆیە سەرچاوە یاساییەکانی تر بەشی سەرەکی بنەما یاساییەکانی ئەو هاوپەیمانەتیە پێکدەهێنا.

**٧_٦_٢ ماددەی (٥١) لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان:**

بەکارهێنانی هێز بەشێوەی تاک لایەن لەیاسای نێودەوڵەتیدا قەدەغەکراوە، بەڵام ماددەی (٥١)ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕێگە بە دەوڵەتێک دەدات، بەبێ بونی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش هێز بەکاربهێنێت. وەک لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا دەردەکەوێت بەکارهێنانی هێز قەدەغەنەکراوە، بەڵام ئەم ماددەیەش وەک بنەمایەکی یاسایی بۆ بەکارهێنانی هێز وەک مافێکی بەرگری ڕەوا بەشێوەی تاک بێت یاخود دەستەجەمعی سەیر دەکرێت. هەروەها مافی بەرگری خود پێویستی بە دەسەڵاتپێدانی ئەنجومەنی ئاسایش و ڕەزامەندی دەوڵەتی خانەخوێ نیە. کەیسی بەکارهێنانی هێز بە شێوەی مافی بەرگری وەک حاڵەتێکی بەدەر بەشێکی گرنگە لە عورفی یاسای نێودەوڵەتی.[4] ماددەی (٥١) لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان دەڵێت "هیچ شتێک لەو پەیماننامەی بەردەست نابێتە هۆی لاوازکردنی مافی جەوهەری بەرگری ڕەوای تاک و بەکۆمەڵ، ئەگەر هێرشێکی چەکداری ڕویدا لە دژی دەوڵەتێکی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان، هەتا ئەنجومەنی ئاسایش ڕێ و شوێنی پێویست

[1] Gonzalez, Olivia, The Pen and the Sword: Legal Justifications for the United States' Engagement Against the Islamic State of Iraq and Syria (ISIS), 39 FORDHAM INT'L L.J. 130, 141-42 (2015):142.

[2] The U.N Charter, Art.27.

[3] Gonzalez, Olivia, The Pen and the Sword: 142.

[4] Kretzmer, David. "The inherent right to self-defence and proportionality in jus ad bellum." *European Journal of International Law* 24, no. 1 (2013): 241.

دەگرێتەبەر بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهان. ئەو کارانە کە لەلایەن دەوڵەتانی ئەندام ئەنجام دەدرێن لە پیادەکردنی مافی پاراستنی ڕەوا، دەبێت دەستبەجێ ئەنجومەنی ئاسایشیان لێ ئاگاداربکرێتەوە و بەهیچ شێوەیەک کاریگەری ناخاتەسەر دەسەڵاتی و بەرپرسیاریەتی ئەنجومەنی ئاسایش لەژێر ڕۆشنایی ئەم پەیماننامەیەدا، بۆ گرتنەبەری هەر کارێک لە هەر کاتێکی پێویستدا، کە پێویست بێت بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهان".[1] مافی بەرگری ڕەوا وەک بەشێکی گرنگ لە تیۆری جەنگی ڕەوا جێگەی بۆتەوە، باشترین نمونەش لێرەدا هۆکارێکی ڕەوایە، کە وەک مافی بەرگری لە خود لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا هەیە.[2] بۆیە کەمپینی سەربازی هاوپەیمانان دژ بە داعش پشت دەبەستێت بەو بنەمایە، هەر دوو شێوازی سەرەکی بەگری خودی تاک و بەکۆمەڵ لەخۆدەگرێت.

دەکرێت خوێندنەوە بۆ ئەم ماددەیە لە کەیسی داعشدا بەم شێوەیە بکرێت: بەشێکی زۆری دەوڵەتان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە تایبەت ئەمەریکا پشتگیری ئەو بنەمای هێرش و بەکارهێنانی هێزە دەکات وەک بەشێک لە پرانسیپی بەرگری ڕەوا، لە ئەگەری هێرشێک کە نزیکە ڕوبدات و تائێستا ڕوی نەداوە. بۆ نمونە دوای هێرشە تیرۆرستیەکەی پاریس لە ساڵی ٢٠١٥ دا سەرۆکی ئەو کاتەی فەرەنسا ڕاگەیاند کە ئەوان لەگەڵ داعشدا دەچنە جەنگەوە، کە لەم بارەیەوە ئەم هێرشە سەربازیانە وەک مافی بەرگری ڕەوا دادەنرێت بۆ فەرەنسا کە بەپێی یاسا ئەو مافە دەدات بە دەوڵەتێک کە ڕوبەڕوی هەڕەشەی سەربازی ببێتەوە. هەرچەندە کە بە شێوازێکی ڕون و ئاشکرا باسی لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی نەکردوە دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی، بەڵام هەندێک لە بەشداربوانی هاوپەیمانیەتیەکە ئاماژەیان کردوە، بە بەکارهێنانی هێز لە ژێر ڕۆشنای ئەم ماددەیە وەک بنەمایەکی یاسایی بەکارهێنراوە بۆ ئەنجامدانی کردەی سەربازی لەلایەن هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتیەوە. هەروەها لە لوتکەی کۆبونەوەی ناتۆ لە برۆکسل جەخت لەسەر هاوکاری بۆ بەرەنگاربونەوەی داعش کراوەتەوە، لەسەر ئاستی هەرێمایەتیش ڕێکخراوی کۆمکاری عەرەبی پێشنییاری بەکارهێنانی کردەی سەربازی دژی ئەم ڕێکخراوە دەکات. لەم بەشەدا شیکرنەوەی زیاتر لەسەر مافی بەرگری تاک و بە کۆمەڵ وەک ئەمە خوارەوە دەخەینەڕو:

### ٧_٦_٢_١ بەرگری بە کۆمەڵ (Collective Self-Defense):

لە ئەمرۆدا بابەتی تیرۆر بە سەرەکیترین پاڵنەری سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دادەنێت. بژاردەی ڕێگەدانی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ بەکارهێنانی هێز دژ بە ڕێکخراوی داعش خۆی لە مافی بەرگری خود بەشێوەی تاک لایەنە یان بە کۆمەڵ لە چوارچێوەی پەیماننامەی نەتەوە یەگرتوەکاندا دەبینێتەوە. ئاسایش و بەرگری بە کۆمەڵ

[1] The U.N Charter, Art.51.

[2] Brown, Chris, Andrew R. Hom, Cian O'Driscoll, and Kurt Mills. "Revisionist just war theory and the impossibility of a moral victory." *Moral Victories: The Ethics of Winning Wars* (2017): 85-100.

پەیوەست و بەیەکەوە پەیوەندیدارن، حاڵەتی ئاسایشی بە کۆمەڵ بریتییە لە حاڵەتی پاراستنی مافی دەوڵەت، لە وەڵامدانەوە دژ بە سەرپێچی یاسا، لە ڕێگەی جێبەجێکردنی کردارێکی بە کۆمەڵ.[1] لە چوارچێوەی ئاسایشی بە کۆمەڵدا، بەپێی بەندی حەوتەمی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان دەتوانرێت لە حاڵەتێکدا هێز بەکاربهێنرێت، کە دەستدرێژیکردن بۆ سەر مافی ئارامی و ئاسایش و سەقامگیری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و هاووڵاتیان ڕوبدات.

لەم چوارچێوەیەدا هێرشکردنە سەر دەوڵەتێک بە هێرشکردنە سەر تەواوی ئەندامان دادەنرێت، بۆیە وەڵامدانەوەشی پێوستە بەشێوەی کۆمەڵ بێت. بەڵام لێرەدا پرسیارە سەرەکیەکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ئایا ماددەی (٥١) درێژ دەبێتەوە بۆ مافی بەرگری بە کۆمەڵ دژ بە کارەکتەرێکی نادەوڵەتی لە خاکی دەوڵەتێکی تردا؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە تێگەیشتنە هاوچەرخەکان بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەو ڕاستە دەبەستن کە عورفی یاسای نێودەوڵەتی گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە و لە ئەمرۆدا جۆری هەڕەشەکان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا لە دەوڵەتەوە گوازراوەتەوە بۆ کارەکتەرە نادەوڵەتیەکان. بە تایبەت دوای ڕوداوە تیرۆرستیەکەی ١١سێپتەمبەر، کارەکتەرە چەکدارییە نادەوڵەتیەکان بەخێرای گەشەیانسەندوە. لە یاسای نێودەوڵەتیدا بەشێوەیەکی ڕون و ئاشکرا باس لە مافی دەوڵەت نەکراوە لە بەکارهێنانی هێز بەشێوەی بەرگری بە کۆمەڵ لە خاکی دەوڵەتێکی تردا. بەڵام لێکدانەوە تازەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مافی بەکارهێنانی هێز دەدەنە دەوڵەت لە بەرامبەر کارەکتەرە نادەوڵەتیەکان لە چوارچێوەی تێگەیشتنیان لە ماددەی (٥١)دا.

بە بۆچونی لێکۆڵەری یاسای نێودەوڵەتی ئۆلیڤیا فلاش (Olivia Flasch) پەسندکردنێکی جیهانی هەیە سەبارەت بەوەی کە ئەمەریکا مافی بەکارهێنانی هێزی هەیە لە دەرەوەی سنورەکانی دەوڵەتەکەی وەک بەشێک لە بەرگری خودی بە کۆمەڵ کە لەئەنجامی وەڵامدانەوەی بۆ ڕوداوەکانی ١١سێپتەمپەر هاتۆتەکایەوە.[2] بەڵام ئەنجومەنی ئاسایش خۆ لە فراوانکردنی ئەم تێگەیشتنە دەپارێزێت، بۆیە لەو بڕیارانەی کە لە دوای ١١سێپتەمبەرەوە دەری کردوە سەبارەت بە تیرۆریزم زیاتر گرنگی بە ئامرازە ئاشتیەکان دەدات نەک خستەنەڕوی مافی بەرگری.[3]

تێروانینی دادگای دادی نێودەوڵەتی ((International Court of Justice (ICJ) لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە پێویستە ئەو کردەوە چەکدارییە کە ئەنجام دەدرێت لەلایەن کارەکتەرە نادەوڵەتیەکان بدرێتە پاڵ دەوڵەت بۆ ئەوەی مافی بەرگری شەرعی هەبێت.[4] بەڵام ئەو ڕایەی دادگای دادی نێودەوڵەتی بە ڕایەکی ڕون و گشتگیر دانانرێت و ناتوانرێت لە هەمو کەیسێکدا

---

[1] Kelsen, Hans. "Collective security and collective self-defense under the Charter of the United Nations." *American Journal of International Law* 42, no. 4 (1948).

[2] Flasch, Olivia. "The legality of the air strikes against ISIL in Syria: new insights on the extraterritorial use of force against non-state actors, (2016): 48.

[3] Ibid,:48.

[4] Ibid,:48.

پشتی پێببسترێت. کەواتە وەک دەردەکەوێت کۆدەنگیەک نییە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر بونیادنانی نۆرم و بنەمایەکی یاسایی کە تێیدا بە ڕونی جێگەی کارەکتەرە چەکدارییە نادەوڵەتیەکان بکاتەوە. بەڵام سەرەڕای نەبونی ئەم کۆدەنگییە وەک بابەتێکی دیفاکتۆ لە هەڵسوکەوت کردنی دەوڵەتان پیادە دەکرێت. لەم کەیسەشدا ئەم داواکاریە بەڕونی دەردەکەوێت، حکومەتی ئەمەریکا داواکارییەکی پێگەشتوە، لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە کە بەڕونی داوای یارمەتی دەکات لە ئەمەریکا کە دژی داعش بجەنگێت. بە پشت بەستن بە داواکاری عێراق، کردەوەکانی ئەمەریکا بریتین لە بەرگریکردن لە خود لە جیاتی عێراق لە دژی هەڕەشە بەردەوامەکانی داعش.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو بنەمایەشدا بەشێک لە دەوڵەتان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پشتگیریان بۆ بەکارهێنانی هێز کردەوە وەک بنەمای بەرگری خودی بەکۆمەڵ. بۆ نمونە دەوڵەتی کەنەدا جەختی لە بەکارهێنانی هێز کردەوە لە چوارچێوەی مافی بەرگری بە کۆمەڵ بەپێی ماددەی (٥١) پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان.[1] بە هەمان شێوەی کەنەدا، هەریەکە لە دەوڵەتانی فەرەنسا، ئوستراڵیا، تورکیا و چەندین دەوڵەتی تر لە نامەیەکیاندا بۆ ئەنجومەنی ئاسایش ئاماژەیان بە هەمان بنەما و پاساو کردەوە بۆ بەکارهێنانی هێز. هەرچەندە جەنگی دژ بە داعش بە جەنگێکی نادەوڵەتی لەقەڵەم دەدرێت، بەڵام بە سەرنجدان بە هەڕەشەکانی ئەم ڕێکخراوە دەکرێت بنەمای بەرگری بە کۆمەڵ بگرێتەخۆ وەک بەشێک لە یاسا نێودەوڵەتیەکان. چونکە یەکێک لە لێکدانەوەکان خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە داعش بە ڕژێمێکی دیفاکتۆ (A de facto regime) دادەنێن، کە پیادە دەسەڵات لە خاکێکی دیاریکراودا دەکات.[2]

لە کاتێکدا ئەم دیدە ڕەنگە بە تەواوەتی ڕاڤەی پرسەکە نەکات، بەڵام ئەگەر بێتو لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە لێی بڕونین، بەهۆی مەترسی هەڕەشەکانی ئەو ڕێکخراوە لەسەر ئاسایشی جیهان، دەوڵەتان پابەند دەکات دژ بە هەڕەشەکانی ئەو ڕێکخراوە بوەستنەوە لە چوارچێوەی پیادەکردنی مافی بەرگری بە کۆمەڵ. هەروەک لێرەدا جەیمس جیفری ( James F. Jeffrey) پێی وایە داعش دوژمن و هەڕەشەیەکی بێ هاوتایە بۆ ئاسایشی جیهان.[3] لە هەمانکاتدا ئەم جۆرە بۆچونە دەکرێت شەرعییەتی لە بەرەنگاربونەوەی تیرۆریزم بە تایبەت داعش وەک هەڕەشەیەکی نێودەوڵەتییە وەرگرتبێ.

**٧_٦_٢_٢مافی بەرگری خود** (The Right to Self-defence):

مافی بەرگری خود بە یەکێک لە بنەما یاساییە گرنگەکان دادەنرێت، کە تێیدا هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی بۆ وەڵامدانەوەی هەڕەشەکانی داعش پشتی پێ بەستوە. مافی بەرگری خود

[1] Flasch, Olivia. "The legality of the air strikes against ISIL in Syria:16.
[2] Ibid,:16.
[3] Jeffrey, James F. Assessing the Strategic Threat from ISIS, 2015, Available at< https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/view/assessing-the-strategic-threat-from-isis>(Accessed: 22 February 2020).

دەگەڕێتەوە بۆ دوو سەرچاوەی سەرەکی ئەوانیش بریتین لە عورفی یاسای نێودەوڵەتی و ماددەی (٥١)ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان.[1] یەکێک لە مەرجە سەرەکیەکانی مافی بەرگری لە خود بریتییە لە بونی ڕودانی هێرشێکی چەکداری. لەم ڕوانگەیەوە، بەیاننامەی ئەنجومەنی ئاسایش لە ڕاگەیاندنێکدا پشتگیری لە هێرشی گشتگیر و فراوانکرد کە لەلایەن داعشەوە لە عێراقدا ئەنجامدراوە.[2] بەڵام هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش چەندین پرسی یاسایی بەدوای خۆیدا هێنا، کە لە نێوان سیاسیەکان و توێژەرانی یاسای نێودەوڵەتی جیاواز خراوەتەڕو، گرنگترین ئەو پرس و بابەتانەش پەیوەستن بە بەکارهێنانی هێز، مافی بەرگری ڕەوا (Self-defence) و دەستێوەردانی مرۆیی. بەشێوەیەکی گشتی، ئەمەش پەیوەستە بە کارەکتەرە نادەوڵەتیەکان، کە چۆن لە ڕوی یاساییەوە هێرشە چەکدارەکانیان بە هەمان شێوەی دەوڵەتە دادەنرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کردەوەی شەڕکەرە نادەوڵەتییەکان دەتوانرێت بە هەمان شێوەی دەوڵەت بێت.

ئەمە لەکاتێکدا، لە دوای کردەوە تیرۆرستیەکانی ١١سێپتەمبەرەوە دەرگا لەسەر ئەو ڕایە کراوەتەوە کە مافی بەرگری خود دژ بە کارەکتەرێکی نادەوڵەتیەوە بابەتێکی یاساییە هاوشێوەی دەوڵەت. هەروەها ماددەی (٥١) بە وردی ئەوەی دیاری نەکردوە کە ئەو هێرشە چەکدارییە دەبێت بە تەنها لەلایەن دەوڵەتەوە ئەنجام بدرێت.[3] بەشێک لە لێکدانەوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە تیرۆر هەڕەشەیەکی نائاسایە بۆیە دەکرێت جۆری وەڵامدانەوەکانیشی بەهەمانشێوە بێت. بۆیە ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر چۆنیەتی هەڕەشەکانی تیرۆردا هاتوە، پێویستی بە چوارچێوەیەکی یاسای نەرم هەیە کە بتوانرێت وەڵامێکی خێرای ئەو کردەیە بدرێتەوە. ئەمەریکا پێشتر لەگەڵ هاوپەیمانەکانی هێزی سەربازی دژ بە ڕێکخراوی تیرۆرستی نادەوڵەتیەکان لە ئەفغانستان بەکارهێناوە بە پاساوی مافی بەرگری خود. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ئەم دەستێوەردانە وەک مافی بەرگری خود قبوڵکرا. بەشێک لە توێژەران ئەم حاڵەتەش بە گۆڕانکارییەکی گرنگی نەریتی یاسای نێودەوڵەتی دادەنێن.[4] لەدوای ئەم قۆناغەش دەوڵەتان هێزیان بەکارهێناوە دژ بە کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان لەژێر لێکدانەوەکانی بەرگری خود. چونکە ئەم لێکدانەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە گروپە تیرۆرستیە نادەوڵەتیەکان بونەتە هەڕەشەیەکی سەرەکی بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان و بە توندی پەرەیان سەندوە. ئەم چەمکەش بە دورنیە لە تەمومژیی و نادیاری، بۆیە ئەم پێوەرە وەک شێوازێکی قبوڵکراو سەیر ناکرێت، هەر وەک پرۆفیسۆری یاسای نێودەوڵەتی لە زانکۆی میشیگان مۆنیکا حەکیمی (Monica Hakimi) پێی وایە، کە ئەم پێوەرە دەبێتەهۆی

---

(1) Kelsen, Hans. "Collective security and collective self-defense under the Charter of the United Nations: (1948).

(2) UN Security Council Resolution, (2170), 15 August 2014.

(3) O'Connor, Laurie. "Legality of the use of force in Syria against Islamic State and the Khorasan Group." *Journal on the Use of Force and International Law* 3, no. 1 (2016):15.

(4) Ibid,:15.

تێکدانی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، کە تەنها چەند دەوڵەتێک گرنگی بە ئەم پێوەرە دەدەن.[1]

کاتێک ئەم چوارچێوەیە فراوان دەکەین، ئەمەریکا گفتوگۆ دەکات لە سەر شێوازێکی تر وەک مافی بەرگری خود_ پارێزی (Pre-emptive self-defence)، کە کرۆکەکەی خۆی دەبینێتەوە لە بەرگری خود. لەم شێوازەدا دەوڵەت کاتێک ڕووبەڕوی هەڕەشەیەکی ڕاستەوخو کاریگەر دەبێتەوە دەتوانێت بەشێوەی تاک لایەنە هێز دژ بەو هەڕەشەیە بەکار بهێنێت. چونکە لەم حاڵەتدا هێرشە چەکداریەکە زۆر بەڕونی بونی هەیە و نزیکە لە ڕودان. کردەی سەربازی وەک وەڵامدانەوەیەک دەبێت لە پێناو ڕێگری کردن لەو هێرشە چاوەڕوانکراوە. هەرچەندە ڕایەکی گشتگیر و قبوڵکراوی لەسەر نیە، بەڵام لە دوای ڕوداوی ١١سێپتەمبەر ئەمەریکا گەشەی زۆری بەم بنەمایەداوەو بەکاریهێناوە وەک پاساوێکی یاسایی بۆ دەستێوەردان لە جەنگی دژ بە تیرۆریزم. ئەم بنەمایە بەیەکێک لە بنەماکانی بەکارهێنانی هێز لەلایەن ئەمەریکاوە دادەنرێت.

ئەمەریکا لە کەیسی ڕووبەڕوبونەوەی داعشدا، دوبارە گرنگی بە ئەم بنەمایەداوە، بەشێوەیەک کە ئەم ڕێکخراوەش بۆ بەشێک لە ڕێکخراوی تیرۆرستی قاعیدە دەگەڕێتەوە. بۆیە ئەمەریکا مافی بەکارهێنانی هێزی پێش وەختەی بەرامبەر داعش هەیە.[2] لە دوای ئەوکاتەوە، لەلایەن ئەمەریکا و دەوڵەتانی خۆرئاوا تیرۆر وەک هەڕەشەیەکی وجودی (existential threat) دادەنرا. ئەمەش قۆناغێک دێنێتەکایەوە، کە دەکرێت بە حاڵەتی لەناکاو ناوببرێت، کە وادەکات دەوڵەتان دەستکراوەبن لە ئەنجامدانی هەر ڕێگەچارەیەک بۆ وەڵامدانەوەی ئەو هەڕەشەیە. بەڵام لەم بارەیەوە جێسیکا وۆلفندال (wolfendale Jessica)، ئەوە دەخاتەڕو، کە هەڕەشەکانی تیرۆریزمی نادەوڵەتی بەو ئاستە نییە، کە هەڕەشەیەکی وجودی بێت بۆ سەر نەتەوەیەک یان کۆمەڵگایەک.[3] ماکماهان ئەوە ڕاستیە باس دەکات، کە بەپێی زۆرینەی لایەنگران بێت جەنگی خۆپارێزی (preventive war) بە سێ مەرجی سەرەکی و عەقڵانی شەرعیەت وەردەگرێت: (١) بەڵگەی زۆر بەهێز هەبێت کە دەوڵەتێک یاخود گروپێکی نادەوڵەتی بەشێوەیەکی نارەوا هێرشیان کردبێتەسەر دەوڵەتێک یان کۆمەڵگایەکی تر.(٢) بۆ ڕێگریکردن لە هەڕەشەیەک لە ئێستادا، کە ئەگەری هەیە دواتر نەتوانرێت ڕێگری لێ بکرێت. (٣) هەمو ئامرازە ئاشتی و دیپلۆماسیەکان جگە لە جەنگ بێ کاریگەر بن لە چارەسەرکردنی کێشەکەدا.[4] لەم

[1] Hakimi, Monica. "The Jus ad Bellum's Regulatory Form." *American Journal of International Law* 112, no. 2 (2018).

[2] Feinberg, Myriam. "The legality of the international coalition against ISIS: the fluidity of international law." *Justice* 57 (2016):27.

[3] Wolfendale, Jessica. "Terrorism, security, and the threat of counterterrorism." *Studies in Conflict & Terrorism* 30, no. 1 (2007): 75-92.

[4] Betz, Adam. "Preventive Environmental Wars." *Journal of Military Ethics* 18, no. 3 (2019): 227.

چوارچێوەیەدا، دەیڤد گارین (David J. Garren)، پێی وایە، کە ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی لە پێناو ڕێگری کردن لە هەڕەشەکانی داعشدا، دەتوانن هێرش بکەنە سەر ئەم ڕێکخراوە وەک بەشێک لە جەنگی خۆپارێزی، چونکە لە هەمو کاتێکدا وەک هەڕەشەیەکی سەرەکی دەبینرێت.[1]

زۆرکات قۆناغی دوای ١١سێپتەمبەر بە گەڕانەوە بۆ سەدەی نۆزدە ناودەبرێت، کە دەوڵەتان بە پاساوی ڕێگریکردن لە هەڕەشەیەک کە ڕودەدات بەشێوەی تاک لایەنە هێزیان لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا بەکاردەهێنا. بۆیە بەکارهێنانی هێز لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە هەڕەشەکان جێگەی گومانە و زۆرکات لە بنەما یاسایی و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان دور دەکەوێتەوە. چونکە ئیدارەی (جۆرج بۆش) دەیویست کۆدەنگیەک لەسەر ئەم بابەتە دروست بکات بەوەی کە هەڕەشەی تیرۆر پێویستی بە وەڵامدانەوەیەکی خێرا هەیە. بەڵام چونکە خودی چەمکی تیرۆر پێناسەو ڕایەکی گشتگیری لەسەر نییە، بەهەمان شێوەش ئەم بنەمایە لە بەکارهێنانی دژ بە هەڕەشەکانی تیرۆر جێگەی ڕای جیاوازە. بەڵام دەکرێت ئەم تێگەیشتنە ئەوەمان پێبڵێت، کە جۆرێک لە بە ئاسایشکردن (securitization)[2] کەیسی تیرۆر هەیە، بە تایبەت لەلایەن ئەمەریکاوە هەوڵی بۆ دەدرێت سەرەتای ئەم پرۆسەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆکی پێشوی ئەمەریکا (جۆرج دەبلیو بۆش). کە تێیدا جەنگ وەک جەنگێکی مافی بەرگری لە پێناو وەڵامدانەوەی هەڕەشەیەکی حەتمی بونیاد دەنرێت.

لەم کەیسەشدا، ئەمەریکا پێویستە پیشانی بدات کە تێوەگلان لە جەنگ پێویستی بوە بۆ بەرگریکردن لە خۆی بەشێوەیەکی تاک لایەنە. تەنانەت ئەگەر هێرشی چەکداریش ڕویدا تێوەگلانەکە دەبێت لەسەر پێوەری ئاسایشی نێودەوڵەتی بێت بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهان. پرسیارە سەرەکیەکە ئەوەیە کە ئایا چالاکیەکانی داعش بە هێرشی چەکداری دادەنرێت؟ لێرەدا توێژەری یاسایی (مارک وێلەر) باوەڕی وایە، بەرگری خود تەنها لە کاتێکدا جێبەجێ دەبێت کە هێرشە چەکداریەکە ڕاستەقینەیە و نزیکە لەڕودان. هەروەها لە دوای ڕوداوی ١١ سێپتەمبەر دەتوانرێت قبوڵی ئەوە بکرێت کە کارەکتەرە نادەوڵەتیەکانیش دەتوانن کردەوەی وێرانکەر و گەورە بە ئەندازەی هێرشی چەکداری (armed attack) ئەنجام بدەن بەو مانایەی کە لە مادەی ٥١ ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا هاتوە.

بۆیە (مارک) پەیوەندی بەرگری خود بە هێز و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا گرێدەدات، کە پێی وایە، پێویستی ئەمەریکا بە بەرگری خود پەیوەستە بە بنکەی هێزە چەکدارەکانی لە هەولێر،

[1] Garren, David J. "Preventive War: Shortcomings Classical and Contemporary." *Journal of Military Ethics* 18, no. 3 (2019): 11.

[2] تیۆری بە ئاسایشکردن (securitisation theory) لە دوای جەنگی ساردەوە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا سەریهەڵداوە و پەیوەستە بە قوتابخانەی کۆپنهاگن بۆ لێکۆڵینەوە ئاسایشی، کە تێیدا پرسێکی سیاسی دەبێتە هەڕەشەیەکی ئەمنی و وەك هەڕەشەیەکی وجودی (existential threats) سەیردەکرێت، کە پێویستی بە وەڵامدانەوەی خێرا و بەپەلە هەیە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دەرکەوتن و بنەما سەرەکیەکانی بە ئاسایشکردن بڕوانە:

Balzacq, Thierry, ed. *Understanding securitisation theory: How security problems emerge and dissolve*. Routledge, 2010.

له کاتێکدا کە ئەو شارە کەوتە بەردەم هەڕەشە و پێشڕەوییەکانی داعش. ئەمەش وەک پشتگیریەکی سەرەکی بە هێرشی چەکداری ڕاستەقینە هەژماردەکرێت. هەروەها کوشتنی بارمتەکانیش بەتایبەت بارمتەی دەوڵەتانی خۆرئاوا وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە تر دەبینرا.[1] لە نامەیەکیدا بۆ سکرتێری نەتەوە یەکگرتوەکان نوێنەری هەمیشەی ئەمەریکا لە نەتەوە یەکگرتوەکان، سامنسە جەی پاوەر (Samantha J. Power) ڕای گەیاند "دەوڵەتان پێویستە بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن، بە گوێرەی مافە تاکی و کۆمەڵیەکان بۆ بەرگری لە خود" هەر وەکو لە مادەی (٥١) ڕێکەوتننامەی (UN)دا هاتوە.[2] چونکە ئەمەریکا پێوایە، کە ئەو هەڕەشانە بە تەنها پەیوەست نین بە عێراقەوە بەڵکو بەشێکی زۆری دەوڵەتان دەگرێتەوە.

سەرباری تێڕوانینی جیاواز، بەڵام مافی بەرگری خود دژ بە کارەکتەرە نادەوڵەتیەکان دەکرێت وەک پاساو بنەمایەکی یاسای دابنرێت، لەژێر پێوەری ئەوەی دەوڵەتێک بێ توانایە یان بێ ئیرادەیە (unable or unwilling)[3] لە ڕێگریکردن لەو هێرشە چەکدارییە، یان بە واتایەکی تر توانای کۆنترۆڵی نییە بەسەر تەواوی یەکێتی خاکی دەوڵەتەکەدا. واتە دەوڵەتانی تر لێپرسراویەتی ڕێگری کردن لە هێرشە چەکدارییەکان دەگرنە ئەستۆ. هەروەها بەشێکی زۆری دەوڵەتە کاریگەرەکانی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی ئەو ڕێسا یاسایە بەشدار بون لە ئەنجامدانی کردەوە سەربازییەکان دژ بە داعش. بەشێوەیەکی گشتی، ماددەی (٥١) بەیەکێک لە پاساوە گرنگەکانی بەکارهێنانی هێز دادەنرێت لە دەرەوەی ڕێگەدانی ئەنجومەنی ئاسایش، لەم ڕوانگەشەوە ئەمەریکا وەک دەرچەیەکی یاسای و پاساوێک لە کەیسی تیرۆردا پەنای بۆ بردوە.

### ٧_٦_٣ڕەزامەندی (Consent):

دەستێوەردانی سەربازی نێودەوڵەتی لەڕێگەی ڕەزامەندی دەوڵەتی خاوەن کێشەکە پێناسەدەکرێت بە هاوکاری سەربازی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ناردنی هێزی سەربازی دەوڵەتێک بۆ ئەو دەوڵەتەی کە داواکاریەکەی کردوە.[4] ئەم بابەتە ناودەبرێت بەچەمکێکی تر، کە خۆی لە دەستێوەردان لە ڕێگەی داواکاری (request) دەبینێتەوە ئەم چەمکەش بە چەندین شێوەی تر بەکاردەهێنرێت وەک  هاوکاری سەربازی لە ڕێگەی داواکاریەوە، ڕەزامەندی بەکارهێنانی هێز

---

[1] Weller,M. Islamic State crisis: What force does international law allow?: (2014).

[2] Gross, Oren. "Unresolved Legal Questions Concerning Operation Inherent Resolve." *Tex. Int'l LJ* 52 (2017).

[3] ئەم بنەمایە لە چوارچێوەی مافی بەرگری خود کە لەلایەن کارەکتەری نادەوڵەتییەوە، ئەنجام دەدرێت هاتوتەکایەوە، ئەم کارەکتەرە نادەوڵەتییە هەستاوە بە ئەنجامدانی هێرشێکی چەکداری ڕاستەقینە. بۆ زانیاری لەسەر ئەم ڕێبازە بڕوانە ئەم توێژینەوەیە:
Deeks, Ashley S. "Unwilling or unable: toward a normative framework for extraterritorial self-defense." *Va. J. Int'l L.* 52 (2011): 483.

[4] Perisic, Petra. "Intervention by Invitation–When Can Consent from a Host State Justify Foreign Military Intervention?." *Russian Law Journal* 7, no. 4 (2019):5.

یان دەستێوەردانی دەرەکی سەربازی.[1] بنەمای ڕەزامەندی کاتێک دێتەئاراوە کە دەوڵەتێک بێ توانایە یاخود بێ ئیرادەیە لە وەڵامدانەوە و ڕێگریکردن لە هەڕەشەیەک کە لە چوارچێوەی خاکی ئەو دەوڵەتە دایە، بۆیە پەنا دەباتە بەر داواکاری بۆ بەکارهێنانی هێزی دەرەکی. لە ماوەی ئەم ساڵانەی دوایدا، چەندین حاڵەتی ئەم شێوازە لە دەستێوەردان ڕوویانداوە وەک: دەستێوەردانی فەرەنسا لە مالی، هێرشی فڕۆکەی بێ فرۆکەوانی ئەمەریکا لە پاکستان، سۆماڵ، یەمەن، دەستێوەردانی ڕوسیا لە ئۆکرانیا، دەستێوەردانی سعودیە لە یەمەن.[2] یاسای نێودەوڵەتی ڕێگە بە دەوڵەتێک دەدات کە داوای هاوکاری دەرەکی بکات، ئەم داواکارییە هاوکاری سەربازیش لە خۆدەگرێت بۆ شکست پێهێنانی گروپە چەکدارییەکان لە ناو خاکی ئەو دەوڵەتە.[3]

بۆیە ڕەزامەندی دەستەبەری بنەمایەکی یاسایی دەکات بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەوڵەتێک لە بەرامبەر خاکی دەوڵەتێکی تر. ئەم ڕەزامەندیشە ناکرێت وەک حاڵەتێکی بەدەر لە بەکارنەهێنانی هێز و پێچەوانەی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتوەکان و یاسای نێودەوڵەتی سەیربکرێت، چونکە ئەم حاڵەتە دژ بە یەکێتی خاک و سەربەخۆی سیاسی نییە.[4] بەشێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی هێز لەلایەن دەوڵەتێکەوە لە دژی خاکی دەوڵەتێکی تر قەدەغەکراوە لەچوارچێوەی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان. بەڵام بنەمای ڕەزامەندی دەرکەوتەی یەکسانی سەروەری دەوڵەتانە. بەڵام ئەم پرانسیپە نابێت ڕێگربێت لە پێوەری بەکارهێنانی هێز لە ژێر بەندی حەوتەمدا. ئەمەش بەشێوەکی گشتی مانای ئەوەیە ئەگەر دەوڵەتێک داواکاری هەبێت بۆ هاوکاری لە دەوڵەتێک یان هاوپەیمانیەتیەک، ئەوا ئەو دەوڵەتە یان هاوپەیمانیەتیە ئازادە لە بەکارهێنانی هێز لە چوارچێوەی سنوری داواکاری ئەو نەتەوەیە، بەڵام پێویستە ئەو داواکاریە ڕون و ئاشکرا بێت. هەروەها ئەو حکومەتەی ئەو داواکارییە پێشکەش دەکات پێویستە خاوەن شەرعیەتی ناوخۆیی و لە ئاستی دەرەکیشدا دانپێدانراو بێت.

دوای ئەوەی کە داعش هەڕەشەیەکی سەرەکی لەسەر دەوڵەتی عێراق دروستکردبو، لە دەرئەنجامی ئەم بارودۆخەدا عێراق بە داواکاری فەرمی داوای لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد بۆ ئەوەی هاوکاری سەربازی لە ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆردا بکەن.[5] لە هەمانکاتدا لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ئاشتی و ئاسایش لە عێراق، لە (١٥ سێپتەمبەری ٢٠١٤) کە لە پاریس ئەنجامدرا بە

---

[1] Visser, Laura. "May the force be with you: The legal classification of intervention by invitation." *Netherlands International Law Review* 66, no. 1 (2019).
[2] Ibid,:6.
[3] O'Connor, Laurie. "Legality of the use of force in Syria against Islamic State and the Khorasan Group: (2016):4.
[4] Byrne, Max. "Consent and the use of force: an examination of 'intervention by invitation'as a basis for US drone strikes in Pakistan, Somalia and Yemen." *Journal on the Use of Force and International Law* 3, no. 1 (2016).
[5] Bannelier-Christakis, Karine. "Military interventions against ISIL in Iraq, Syria and Libya, and the legal basis of consent." *Leiden Journal of International Law* 29, no. 3 (2016).

بەشداری بەشێکی زۆری دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە داعش بە تەنها هەڕەشە نیە بۆ عێراق بەڵکو هەڕەشەیەکە بۆ تەواوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. بۆیە پێویستە لە ڕێگەی هاوکاری نێودەوڵەتی لەناوببرێت و پشتگیری داواکەی حکومەتی عێراق بکرێت.[1] بەم پێیە لە بەرواری ٢٠ سێپتەمبەری ٢٠١٤ لە نامەیەکدا بۆ ئەنجومەنی ئاسایش، حکومەتی شەرعی و یاسای عێراق داوای لە ئەمەریکا کرد کە سەرکردایەتی هەوڵێکی نێودەوڵەتی بکات دژ بە پێگە سەربازیەکانی داعش.[2] ئەو داواکاریەی عێراق وەک مافی بەرگیرییەکی ڕەوای کۆدەنگ دادەنرێت.

سەرەڕای ئەوەی عێراق زۆر بە ڕون و ئاشکرای داوای دەستێوەردانی سەربازی کرد، بەڵام عێراق وەک دەوڵەتی داواکار مافی سنورردانان و هەڵوەشاندنەوەی ئەو داواکاریەی لە هەر کات و ساتێکدا هەیە. لەپاڵ ئەمەشدا، داعش وەک گروپێکی تیرۆرستی هیچ هۆکارێکی ڕەوای نەبو لە ئەنجامدانی کردەوەکانی. بۆیە دەبینین ئەم داواکارییەی عێراق کاریگەری لەسەر بەشداری سەربازی دەوڵەتان هەبو. هەر لەوکاتەدا سەرۆکی پێشوی ئەمەریکا (ئۆباما) جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە ئەم کردەوە سەربازیەی لەسەر داواکاری حکومەتی عێراقی بۆ بەرەنگاربونەوەی ڕێکخراوێکی تیرۆرستی داعش ئەنجامدراوە.[3]

هەروەها لەسەرەتادا پەرلەمانی بەریتانیا دەسەڵاتی پێدانی هێرشی ئاسمانی تەنها لە عێراقدادەرکرد. ئەمەش وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ داواکاری حکومەتی عێراقی، بەڵام ڕەتیکردەوە کردەی ئاسمانی لە سوریادا ئەنجام بدات. وەک چۆن لە (٢٠١٤/٩/٢٦) پەرلەمانی بەریتانیا ئەم داواکاریە ڕەسمیەی قبوڵکرد بە دەنگی (٥٢٤ بە ٤٣) دەنگ بەم شێوەی خوارەوە:- "پەرلەمان ئیدانەی ئەو کردەوە بەربەریانەی داعش دەکات لە دژی خەڵکی عێراق کە ئەمانە دەگرێتەوە سوننی، شیعە، کورد، مسیحییەکان، ئێزیدییەکان کە بۆتە قەیرانێکی مرۆیی، هەروەها دان دەنێتیت بە ئەو مەترسیانەی کە داعش خستویەتیە سەر یەکپارچەی خاکی عێراق بەو داواکارییانەی حکومەتی عێراق بۆ پشتوانی سەربازی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە گشتی و داواکاری تایبەتی لە حکومەتی بەریتانیا بۆ ئەو پشتوانییە. هەروەها دان دەنێت بەو مەترسیانەی کە داعش خستویەتیە سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی و بە ڕاستەوخۆیی بەریتانیا لە ڕێگەی پشتگیریکردنی تیرۆریستەکانەوە و کوشتنی بارمتە بەریتانییەکان، پشتوانی لە هاوپەیمانیەتیەکی بەرفراوان دەکات، کە ببێتەهۆی پشتوانی سەربازی بۆ حکومەتی عێراقی بەشێوەیەک وڵاتانی

---

[1] بۆ زانیاری لەسەر وردەکاری کۆنفراسەکە بڕوانە:
International Conference on Peace and Security in Iraq, Paris, 15 September 2014. Available at: https://www.gouvernement.fr/en/international-conference-on-peace-and-security-in-iraq(Accessed 9 July 2020).

[2] O'Connor, Laurie. "Legality of the use of force in Syria against Islamic State and the Khorasan Group, (2016):5.

[3] Statement by the President, The White House, 7 August 2014, Available at www.whitehouse.gov/the-press-office/2014/08/07/statement-president >(Accessed 28 October 2019).

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بگرێتەوە. زیاتر لەمەش پشتوانی دەکات لە حکومەتی عێراقی بۆ داواکارییەکانی دەربارەی پشتوانی نێودەوڵەتی بۆ بەرگریکردن لە خۆی دژی داعش و ئەو مەترسیانەی کە خستویەتیە سەر عێراق  و هاووڵاتیەکانی و دەستەبەرکردنی بنەمای یاسایی بۆ ئەنجامدانی کردەوە لە عێراق".[1]

ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر دەوڵەتێک داوای هاوکاری لە دەوڵەتێکی تر یاخود هاوپەیمانیەک کرد، ئەوا ئەو دەوڵەتە یان هاوپەیمانیەتیە ئازادن لە بەکارهێنانی هێز لە سنوری ئەو دەوڵەتەی داوای کردوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە ڕێگەدانی دەوڵەتەکەیە، بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی. ئامانجی سەرەکی دەوڵەتی داواکراو لە یارمەتی سەربازی بریتیە لە ڕووبەڕووبونەوە دژ بە کارەکتەرێکی نادەوڵەتی یان کەسێکی دیاریکراو لە خاکی ئەو دەوڵەتدا.[2] دوای ئەو هەنگاوەی بەریتانیا، هەریەکە لە دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی وەک فەرەنسا، ئوستوڕاڵیا و چەندین دەوڵەتی تر بە ئەنجامدانی هاوکاری سەربازی وەڵامی داواکارییەکەی عێراقیان دایەوە. هەروەک ڕاوێژکاری یاسای وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا (Brian Egan) ڕای گەیاند، کە ئەمریکا پشت بە هەردوو بنەمای ڕەزامەندی و بەرگری خود دەبەستێت لە بەکارهێنانی هێز دژ بە داعش.[3]

لەهەمانکاتدا، مارک وێلەر (Marc Weller) پسپۆری یاسای نێودەوڵەتی لە زانکۆی کێمبریج، پێوایە هەبونی ڕەزامەندی یاخود داواکاری بۆ دەستێوەردان لەلایەن عێراقەوە کۆتا پاساوە بۆ ئەنجامدانی هێرشە نێودەوڵەتییەکان.[4] بەڵام بەپێچەوانەی ئەو ڕایەوە، بەشێکی تر لە توێژەران پێیان وایە، کە بە تەنها بەبونی ڕەزامەندی ناتوانرێت بە یاسایی بونی ئەو دەستێوەردانە ڕەچاوبکرێت. چونکە پێویستە ڕەچاوی یاساکانی تریش بکرێت بە تایبەت یاسای مافەکانی مرۆڤ.[5] هەروەها بۆی هەیە دەستێوەردان بە ڕێگەی داواکاری و ڕەزامەندی وەک فاکتەری سیاسی بەکاربهێنرێت. لەبەرانبەر ئەمەدا، دەکرێت بگوترێت سەرباری ڕای جیاواز، بەڵام لە بواری پراکتیکدا ڕەزامەندیەکی گشتی هەیە لەسەر ئەوەی کە کردەوە سەربازییەکانی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی داواکاری حکومەتی عێراق بوە. چونکە دەکرێت

---

(1) House of Commons of the UK 2014, Available at: https://publications.parliament.uk/pa/cm201415/cmhansrd/cm140926/debtext/140926-.htm>(Accessed 2 March 2020).

(2) Visser, Laura. "May the force be with you: The legal classification of intervention by invitation, (2019).

(3) Gross, Oren. "Unresolved Legal Questions Concerning Operation Inherent Resolve, (2017):235.

(4) Weller,M. Islamic State crisis: What force does international law allow?: (2014).

(5) Pearlstein, Deborah. Bombing Iraq Doesn’t Just Pose Serious Questions of Domestic Law, International Law May Be a Problem, Too,(2015) Available at:
< http://opiniojuris.org/2014/06/18/bombing-iraq-doesnt-just-pose-serious-questions-domestic-law-international-law-may-problem/> (Accessed: 3 January 2019).

ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە حکومەتی عێراقی چەندین جار بەشێوەی فەرمی ئەوەی ڕاگەیاندوە کە هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی کارەکانی ئەنجامدەدات لەژێر بنەماو ڕەزامەندی ئاشکرای (express consent) عێراق.[1] هەروەها داواکارییەکەی حکومەتی عێراق گونجاوە لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی و ڕێکەوتننامە دوانەیی و فرەڕەهەندەکان و هاوتایە لەگەڵ ڕەچاوکردنی سەروەری تەواوەتی نەتەوەیی و دەستوری.[2] سەرباری ئەوەی دەکرێت ئاماژە بە چەندین سەرچاوەی تر بدەین بۆ پاساو هێنانەوە بۆ بەکارهێنانی هێز، بەڵام بنەمای ڕەزامەندی بوە چەترێکی یاسایی بۆ بەکارهێنانی هێز لەلایەن ئەمەریکاو چەندین دەوڵەتی بەشدار لە هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی.

**٧_٦_٤ دەستێوەردانی مرۆیی (Humanitarian Intervention):**

بنەمای کۆتایی بۆ ڕەوایەتی دان بە جەنگی دژ بە داعش خۆی لە دەستێوەردانی مرۆیی دەبینێتەوە. ئەم چەمکە بەشێکە لە داب ونەریتی یاسایی نێودەوڵەتی، وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ سەرپێچی مافەکانی مرۆڤ دێتەکایەوە.[3] دەستێوەردانی مرۆیی و مافەکانی مرۆڤ پەیوەستن بەیەکەوە و لە کۆمەڵێک بەها و پرانسیپی جیهانی قبوڵکراو کە گرێنتی مافی تاکەکان دەکەن پێکدێن.[4] شێواز و بنەماکانی دەستێوەردان لەدوای قۆناغی جەنگی سارد پێشکەوتن و گەشەسەندنی گەورەیان بەخۆیەوە بینیوە.[5] پێناسە دەکرێت بە جەنگێک لە پێناو بەرگریکردن لە هاووڵاتیانی دەوڵەتێک لە هێرش و دەستدرێژی دەوڵەتەکە خۆی یان گروپەکانی تر لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە. دەستێوەردانی مرۆیش جۆرێکە لە بەرگری لە دانیشتوان و هاووڵاتیانی مەدەنی لە پێناو ڕزگارکردنیان لە کارەسات و قوربانی.[6] بۆیە چەمکی دەستێوەردانی مرۆیی لە ڕێبازی هێزی سەربازییدا، نوێنەرایەتی گۆڕانکارییەکی گرنگ دەکات. ئەو گۆڕانکارییە خۆی دەبینێتەوە، لە گواستنەوەی دەستێوەردانی کلاسیک، کە پاڵنەری سەرەکی بریتی بو لە بەرژەوەندی نەتەوەیی، بەڵام بۆ دەستێوەردانی مرۆیی پاڵنەری سەرەکی خۆی دەبینێتەوە لە لایەنی مرۆیی.[7] ئەم شێوازە لە دەستێوەردان زیاتر پشت بە بیانوە مۆڕاڵی

[1] Bannelier-Christakis, Karine. "Military interventions against ISIL in Iraq, Syria and Libya, and the legal basis of consent, (2016):751.

[2] Ibid,:751.

[3] Wheeler, Nicholas J. *Saving strangers: Humanitarian intervention in international society*. OUP Oxford, 2000.

[4] پرۆفیسۆری بابەتی مافی مرۆڤ جاك دۆنەڵی (Jack Donnelly)، تێزێکی لەم بارەیەوە پەرەپێداوە لە میانەی پەیوەندی نێوان دەستێوەردانی مرۆیی و مافەکانی مرۆڤ، بۆ زیاتر ئاشنابون بە ئارگێومێنتەکانی (دۆنەڵی) بڕوانە:
Donnelly, Jack. *Universal human rights in theory and practice*. Cornell University Press, 2013.

[5] بۆ دیارترین دەستێوەردانە مرۆییەکان لە مێژودا بڕوانە:
Hough, Peter. *Understanding global security*, 2014:126-127.

[6] Ibid,.

[7] Alshdaifat, Shadi Adnan. *International Law and the use of Force against Terrorism*, 2017:174.

و مرۆییەکان دەبەستێت، وەک لەوەی پشت بە پەیماننامەو یاسا نوسراوە نێودەوڵەتییەکان ببەستێت. چونکە بنەما یاساییەکانی لە چوارچێوەی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا بەشێوەی ئاشکرا ئاماژەیان پێنەکراوە. بەڵام ئەم پەیماننامەیە و یاسای مافەکانی مرۆڤ دەری دەخەن، کە جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کارە پێشینە سەرەکیەکانی (فەرمانێکی حەتمیە) بۆ ئاشتی و سەقامگیری نێودەوڵەتی.[1]

لە ئەنجامی ئەمەشدا، دیدو تێڕوانینی نویێ خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە دەستێوەردانی مرۆیی پشتگیریەکی گەورەی لە سیستەمی یاسای نێودەوڵەتیدا هەیە (کە ئەمەش خاوەن ناوەڕۆکێکی یاساییە).[2] بە تایبەت کاتێک کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە بڕیاردان لە بەکارهێنانی هێز دژ بە سەرپێچییەکان شکست دەهێنێت. ئەوا دەستێوەردانی مرۆیی وەک شەرعیەتێکی مۆڕاڵی دەبێتە ئەرکێکی پێویست بۆ ڕزگارکردنی قوربانیان. بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاوبگیرێت، کە زلهێزەکان لە هەندێک کەیس دەستێوەردان دەکەن و هەندێکی تر پەراوێز دەکەن. ئەمەش ئەو پرسیارە دێنێتە پێشەوە، کە ئایا دەوڵەتان لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان دەستێوەردان دەکەن یاخود بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ. بۆ نمونە لە ڕابردودا سەرکەوتو نەبوە، لە پاراستنی ئاشتی لە ڕواندا، کە نزیکەی یەک ملیۆن مرۆڤ بوە قوربانی، کە دەتوانرا لە ڕێگەی دەستێوەردانی مرۆیەوە ڕێگە لەم کارەساتە بگیرێت.

لەهەمان کاتدا، پێویستی دەستێوەردانی مرۆیی بە یەکێک لە ئارگۆمێنتەکانی بەکارهێنانی هێز دادەنرێت و وەک بنەمایەکی یاسایی پشتی پێ دەبەسترێت. چونکە دەستێوەردانی مرۆیی ڕێگە دەدات بە دەوڵەتێک کە دەستێوەردان بۆ ڕێگریکردن لە سەرپێچیەکانی مافی مرۆڤ کە دژ بە هاووڵاتیانی خۆی ئەنجامی دەدات بکات. ئەو بارۆدۆخەی کە لە ئەنجامی هێرشەکانی داعش دروست بو، مافی دەستێوەردانی مرۆیی هێنایەکایەوە، کە بەرئەنجامی تاوانەکانی داعش بەشێک لە پێکهاتە ئاینەییەکانی وەک ئێزیدییەکان بە هەزاران کەسی پێویستیان بەڕزگارکردن هەبو.[3] ئەم بنەمایە پێشتریش لە کەیسی دەستێوەردانی ناتۆ دژ بە سیربیا (Serbia) لە پێناو ڕێگری کردن لە پاکتاوی ڕەگەزی ئەلبانەکان (Albanians) لە ساڵی (١٩٩٩) وەک بیانوێکی یاسایی و مرۆیی بەکارهاتوە. بۆیە ئەمەریکا وەسفی دەستێوەردانی ڕزگارکردنی ئێزیدییەکان لە هێرشەکانی داعش بە هەمان تێگەیشتنی دەستێوەردانی پێشو کرد، کە بەئامانجی پارێزگاریکردن لە دانیشتوانی مەدەنی کردەی سەربازییان بەکارهێناوە. وەک دەردەکەوێت لە دوای جەنگی سارد بنەمای دەستێوەردانی مرۆیی زۆر بە خێرای گەشەی سەندوەو لە چەندین کەیسی

---

[1] هەرچەندە دنیای ئەمرۆی سیاسەتی نێودەوڵەتی زیاتر بەرەو باڵادەستی هێز دەڕوات لە بەرامبەر پاشەکشێی مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ، دەستێوەردانی مرۆیی و بەدیموکراسیکردن، ئەمەش بە گۆڕانکاریەکی سەرەکی دادەنرێت لە سەر سەقامگیری سیستەمی نێودەوڵەتی.

[2] Hurd, Ian. "Is humanitarian intervention legal? The rule of law in an incoherent world." *Ethics & International Affairs* 25, no. 3 (2011).

[3] Scharf, Michael P. "How the war against ISIS changed international law." *Case W. Res. J. Int'l L.* 48. (2016).

جیاواز دەستێوەردانەکان لە پێناو دانیشتوانی مەدەنی بە پشتبەست بە پاڵنەری مرۆیی ئەنجامدراون. پسپۆری یاسای نێودەوڵەتی (مارک وێلەر) باوەڕی وایە کە دەستێوەردانی مرۆیی تاک لایەنە هێشتا بابەتێکە جێگەی مشتومڕە لە نێوان دەوڵەتان و توێژەرە یاساییەکان، بەڵام زیاتر جەختکردنەوە لە مافی هاووڵاتی و دانیشتوانی مەدەنی لەسەر بنەمای سەروەری شایەنی پاساوە بۆ کردەیەکی بەهێز لە بارودۆخێکی زۆر قورس و ئەوپەڕی پێویستی مرۆیی.[1]

هەرچەندە لە جەنگی ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆردا، کەمتر ئاماژە بە هۆکاری دەستێوەردانی مرۆیی دەکرێت. بەڵام ئەمەریکا هەوڵە چەکداری و مرۆییەکانی لێکداوە بۆ پاراستنی مەدەنیەکان. وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ ئەو هەڕەشانە، (ئۆباما) ڕەوایەتی بە کردەوەکانی خۆی داوە بە ئاماژەکردن بە لێپرسراویەتی ئەمەریکا بەرامبەر پارێزگاریکردن و ڕونەدانی کۆمەڵکوژی. لە چاوپێکەوتنێکی نیۆرک تایمزدا لەگەڵ تۆماس فریدمان، (ئۆباما) وتی "کاتێک بارودۆخێکی دەگمەن دەبێت، کە هەڕەشەی جینۆساید هەیە، وڵاتەکە دەیەوێت کە ئێمە لەوێ بین ئەوا ئەو کات کۆدەنگیەکی بەهێزت هەیە، کە ئەو هاووڵاتیانە دەبێت بپارێزیت، تۆش توانای ئەم کارەت هەیە، لەو کاتەدا لێپرسراویەتی دەکەوێتەسەر شان کە دەبێت ئەنجامی بدەین".[2] هەروەها لە چوارچێوەی قەیرانی مرۆیی یەزیدییەکاندا، (ئۆباما) ڕای گەیاند، کە پاساوی دەستێوەردانی مرۆیی هۆکار و فاکتەری یەکەمە بۆ بەشداری لە جەنگی هاوپەیمانان دژ بە داعش.[3]

لە دەنگدانەوەی تێڕوانینەکەی ئۆباما، (مکماهان)یش بڕوای وایە، کە ئەم جەنگە دەتوانرێت بیانوی بۆ بهێنرێتەوە وەک دەستێوەردانی مرۆیی.[4] چونکە کارەکانی داعش مەترسی ئەمنی گەورەیان بۆسەر دەوڵەتی عێراق دروستکرد. ئەم گروپە ژمارەیەکی بەرفراوان هێرشی بە ئەنجام گەیاند؛ لەوانەش لە دژی هاووڵاتیانی مەدەنی، و هەروەها کاری تاوانکاری تری لەسەرتاسەری وڵات ئەنجامداوە. لە ئەنجامی ئەمەدا زەمینەی لەبارکرد بۆ ئەوەی دەوڵەتان بیر لە بڕیاردان بکەنەوە، بۆیە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویست بو لە چوارچێوەی دەستێوەردانی مرۆیی هەوڵی ڕزگارکردنی ئەو دانیشتوانە بدات.[5] هەروەها یەکێک لە خاڵە گرنگەکان ئەوەیە کە لە دەستێوەردانی مرۆیدا، جەنگ نەک بە تەنها ڕێگەدراو دەبێت، بەڵکو دەبێتە پابەندبونێکی مۆڕاڵی. لەم بارەیەوە، توێژەر فێرناندۆ تیسۆن (Fernando R. Tesón)، ڕای دەگەیەنێت

(1) Weller,M. Islamic State crisis: What force does international law allow?: (2014).

(2) Friedman, Thomas L. "Obama on the World: President Obama Talks to Thomas L. Friedman About Iraq, Putin and Israel," The New York Times, August 8, 2014, ), Available at: http://www.nytimes.com/2014/08/09/opinion/president-obamathomas-l-friedman-iraq-and-world-affairs.html>(Accessed: 28 October 2019).

(3) Gonzalez, Olivia, The Pen and the Sword: Legal Justifications for the United States' Engagement Against the Islamic State of Iraq and Syria (ISIS): (2015):137.

(4) Teson, Fernando R., ISIS and Just War Theory, 2015.

(5) Weller,M. Islamic State crisis: What force does international law allow?: (2014).

جەنگ دژ بە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش ئەرکێکی مۆڕاڵیە.[1] لە هەمانکاتیشدا، جەنگی دژ بە تیرۆریزم لەگەڵ یاسا و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ هاوتایە. بەهۆی دەستدرێژی و تاوانکارییەکانی داعش بارودۆخێکی بەدوای خۆیدا هێنا، کە بوە هۆکاری خوڵقاندنی کارەساتێکی مرۆیی گەورە، دواجار ئەم تەنگژانە، لە توانای دەوڵەتی عێراق گەورەتر بون و ئەنجام پێویستی کردەی سەربازی لە پێناو هۆکاری مرۆیی پاساوێکی بەهێزی هێنایەکایەوە. بۆیە دەستێوەردانی دەرەکی لە پێناو کەمکردنەوەی کارەساتە مرۆییەکان و قوربانیانی هاووڵاتیان و کەمکردنەوەی ژمارەی ئاوارەکان، دەبێتە مافێک لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا.

**٧-٧ ئامراز و ڕەفتاری جەنگ:**

بنەمای (Jus in bello) پەیوەستە بە ڕەفتاری جەنگەوە، کە کۆمەڵێک پرانسیپ لە خۆدەگرێت. ئەم پرانسیپانەش بونە بەشێکی گرنگ لە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان.[2] سەبارەت دەوڵەتانی ئەندامی هاوپەیمانەتیی دژی داعش، پابەند دەکرێن بە چەندین ڕێکەوتننامە و پرۆتۆکۆڵی نێودەوڵەتی[3] لە چۆنیەتی بەکارهێنانی هێزدا لە پێناو پارێزگاریکردن لە مافی کەسانی بێتاوان. پرسی جێبەجێ کردنی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی یان یاسای جەنگ بەسەر جەنگە هاوچەرخەکان بە یەکێک لە پرسە کێشە لەسەرەکان دادەنرێت. ئەو ئامراز و شێوازانەی کە لە جەنگدا بەکاردەهێنرێن دەبێت بەشێوەیەک بن کەس و ئامانجی مەدەنی تێیدا پارێزراوبێت. بە واتایەکی تر تاچ ڕادەیەک هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی پابەندن بە جێبەجێکردنی یاسای مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی.

**٧-٧-١ هاوڕێژەیی (تناسب):**

بنەمای هاوڕێژەی بریتییە لە سنوردارکردنی بەکارهێنانی هێز بەبڕی پێویست بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی سەربازی بەبێ تێچونی مرۆیی.[4] بەپێی ئەو پەیماننامانەی لەبەردەستن، ئەم بنەمایە بۆتە بەشێکی گرنگ لە یاسای نێودەوڵەتی.[5] ئەگەر لە جەنگە کلاسیکەکاندا، جێبەجێکردنی ئەم بنەمایە قورس بێت، ئەوا بێگومان لە جەنگی دژ بە تیرۆریزم زۆر ئاڵۆزتر و قورستر دەبێت. چونکە چۆنیەتی بەڕێوەچونی جەنگ پەیوەستە بە ئەو چەک و شێوازانەی کە

---

(1) Tesón, Fernando R. "The Case for Armed Intervention against the Islamic State of Iraq and Syria." *The Independent Review* 21, no. 2 (2016): 186.

(2) Protocol Additional to the Geneva Conventions of 12 August 1949, and Relating to the Protecting of Victims of International Armed Conflicts (Protocol I), art. 11, Dec. 12, 1977, 1125 U.N.T.S.

(3) دیارە هەوڵێکی زۆر لە مێژینە هەیە بۆ پارێزگاریکردن لە کەمکردنەوەی قوربانیانی جەنگ، بەڵام ئەم هەوڵ و ڕێکەوتننامە جیهانیانە ئەوەندە گشتگیر نین و ڕەنگدانەوەی گشتی و تەواوەتی بنەماکانی ئێستای مافەکانی مرۆڤ نین. چونکە جەنگ دیاردەیەکە لەگەڵ هەر پێشکەوتنێکی تەکنەلۆژی و کۆمەڵایەتیدا، پرس و ئاڵۆزی ئەخلاقی و یاسای دێنێتەئاراوە.

(4) Coates, Anthony J. "The Ethics of War, Nueva York." (1997):208.

(5) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بنەمای هاوڕێژە (تناسب) لە یاسای نێودەوڵەتی بڕوانە:

Newton, M. and May, L., 2014. *Proportionality in International Law*. Oxford University Press.

بۆ جەنگەکە پێویستن پەیڕەو بکرێن. چەندە هێز پێویستە بۆ ئەو جەنگە پێویستە ئەوەندە بەکاربهێنرێت. بە جۆرێک بێت لە پێناو دەستەبەرکردنی ئامانجەکان یەکبگرێتەوە. بەشێکی زۆر لە توێژەران ئاماژە بەو ڕاستیە دەکەن، کە هەڕەشەکانی تیرۆر چەندە مەترسیدارن، میکانیزم و شێوازەکانی ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆریش جێگەی مەترسین، کە بەشێوازێک بێن بنەماکانی مافی مرۆڤی تێیدا پێشێل بکرێت.

لەبابەتی گونجان و هاوڕێژەیدا لە کەیسی داعشدا، پێویستە جەخت لەسەر بابەتی بەکارهێنانی درۆن (فرۆکەی بێ فرۆکەوان)[1] بکرێت. چونکە بەشێکی زۆری هێرشە ئاسمانیەکان لەلایەن ئەم جۆرە لە چەکە ئاسمانیە وە ئەنجام دراون. درۆن بەشێوەیەکی ڕەسمی بە فرۆکەی بێ فرۆکەوان ناسێنراوە، خراوەتە خزمەتی سەربازی بەشێوەیەکی پلەبەندی لەلایەن ئەمەریکاوە و لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا لەبواری هێزی ئاسمانیدا بەکارهێنراوە. ئەم فرۆکەیە لە دورەوە کۆنترۆڵ دەکرێت بۆ پێکانی ئامانجە سەربازییەکان و سەرەتای بەکارهێنانی وەک بەشێک لە کاری چاودێریکردن بەکارهاتوە.[2] بابەتی یاسایی درۆن بە یەکێک لە بابەت و پرسە ئاڵۆز و پڕ ئارگیۆمێنتەکان لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیدا دادەنرێن. چونکە بەپێی یاساکانی پێکدادانی چەکداری بێت بەکارهێنانی درۆن لە کردەوە سەربازییە ئاسمانیەکان ناگرێتەخۆ و بۆیە بەشێکی زۆری لێکۆڵەران پێیانوایە بەکارهێنانی درۆن کردوەیەکی نا مۆڕاڵیە و کۆتاییەکی ڕەوای نابێت لە جەنگەکاندا.[3]

لەسەر ئاستی جیهان، کەمپینی سەربازی دژ بە تیرۆرستان لەڕێگەی ئەو ستراتیژ و سیاسەتی پەیڕەو دەکرێت، جۆرێک لە سنوردار بونی بنەمای هاوڕێژە (تناسب) هێناوەتەکایەوە. لە ڕابردودا ڕێگا و شێوازەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی جەنگ بەشێوەیەک کە مەترسی کەم بکاتەوە سنوردارتر بو، بەڵام لەم دواییانەدا ئەم ئامرازانە گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا هاتوە. یەکێک لە پێشکەوتنەکانی کە لەماوەی چەند دەیەکی ڕابردو ڕویداوە بریتیبو لە هاتنەکایەوەی چەکی درۆن (فرۆکەی بێ فرۆکەوان). هەرچەندە درۆن لە جەنگی دوەمی جیهانی تاقیکراوەتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی لە جەنگی دژ بە تیرۆر بەکارهێنراوە. بەشێک لە توێژەران جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە بەکارهێنانی درۆن لە جەنگدا دەبێتەهۆی ئەوەی بنەمای جیاکردنەوەی نێوان مەدەنی و سەربازی بەو شێوازەی کە تیۆری جەنگی ڕەوا خستویەتیە ڕو

---

(1) هەرچەندە وشەی درۆن (Drone) وشەیەکی کوردی نیە، بەڵام پێمان وایە لە وشەی (فرۆکەی بێ فرۆکەوان) گونجاوترە لە بەکارهێناندا، چونکە درۆن پەیوەستە بە بواری سەربازی و هێرشی ئاسمانی، بۆیە لە پاڵ وشە کوردیەکە، وشەی (درۆن) وەکو سەرەکی بەکاردەهێنین.

(2) Khen, Hilly Moodrick-Even. "Reaffirming the Distinction between Combatants and Civilians: The Cases of the Israeli Army's' Hannibal Directive'and the United States' Drone Airstrikes against ISIS." *Ariz. J. Int'l & Comp. L.* 33 (2016): 790.

(3) Weiner, Allen S., Ethics and the Global War on Terror: Can Conflicts with Non-State Actors Be Fought in a Just Way?, March 8,2017, Available at, https://www.amacad.org/news/ethics-and-global-war-terror-can-conflicts-non-state-actors-be-fought-just-way> (Accessed: 4 July 2019).

نەمێنێت. هەروەها درۆن (فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان) بنەمای لێپرسراویەتی مۆڕاڵی لە پێناو پاراستنی مەدەنیان پێشێل دەکات. جیاوازیکردن لە نێوان کوشتنی بە ئەنقەست و کوشتنی بێ مەبەست لە تیۆری جەنگی ڕەوا زۆر جەختی لەسەر ئەو بنەمایە کردۆتەوە و دواتریش هەمان تێگەیشتن لە پرۆتۆکۆڵی یەکەمی جنێڤ مادده (٥١) ڕەنگی داوەتەوە. چونکە هەمو پرۆسەیەکی چەکدری، کە ببێتە هۆکارێک بۆ گیان لەدەستدان و برینداربونی مەدەنی و زیانگەیاندن بە ئامانجیان قەدەغەکردوە. بەڵام بەپێی شایەتحاڵانی کەسانی مەدەنی، ئاستی زیانگەیاندن بە ژێرخانی ئەو ناوچانەی کە هێرشە ئاسمانیەکانی تێیدا ئەنجامدراوە لەلایەن هێزە هاوپەیمانیەکان ئیجگار بەرزە.[1] بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی (UN) بێت لە پرۆسەی سەربازی گرتنەوەی موسڵ نزیکەی (٢٠) هەزار خانو وێران بون و زیانیان بەرکەوتوە. [2] کاتێک بنەمای هاوڕێژەی پێشێل دەکرێت ژێرخانی ئابوری وڵاتیش شکست دەهێنێت و زەمینەی مانەوەی ژینگەی توندوتیژی درێژدەکاتەوە. ئەمەش لەگەڵ بنەماکانی تیۆری جەنگی ڕەوادا یەکناگرێتەوە. بۆیە لێپرسراویەتی لایەنەکانی هاوپەیمانیەتیەکە قورس دەکات لە قەرەبوکردنەوەی زیان لێکەوتوان لە قۆناغی دوای جەنگ.

بەکارهێنانی درۆن (فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان) لە خزمەتی کاروباری جەنگدا، وەچەرخانێکی گەورەی لە جۆر و شێوازی جەنگدا لە دونیادا هێناوەتە ئاراوە. یەکێک لەو وەچەرخانانە خۆی لە پشت بەستن بە هێرشی ئاسمانی زیاتر لە بونی هێزی زەمینی دەبینێتەوە.[3] بۆیە لەم ساڵانەی دوایدا، بەکارهێنانی درۆن بە گوڕێکی زۆرەوە، بۆتە مایەی گفتۆگۆ لە ناوەندا ئەکادیمی و ڕای گشتیدا. لە ئیدارەی (باراک ئۆباما) بەکارهێنانی بە مەبەستی کوشتنی کەسانی تر لە دەرەوەی خاکی ئەمەریکا لە چالاکیە کتوپڕەکاندا زۆر زیادی کرد. هەروەها وێرای پشتگیری هاووڵاتیانی ئەمەریکی لە بەکارهێنانیدا، بەپێی ڕاپرسی سەنتەری توێژینەوەی (Pew Research Center) بێت زۆرینەی ڕای گشتی دەوڵەتان بە تایبەت ئەورروپا دژ بە بەکارهێنانی درۆنن.[4] درۆنەکان (فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان) بە شێوەیەکی سەرەکی لە پاکستان،

---

[1] Mosul after the Battle Reparations for civilian harm and the future of Ninewa, Ceasefire Centre for Civilian Rights and Minority Rights Group International January 2020, Available at: https://www.justice.gov/eoir/page/file/1236876/download>(Accessed: 7 March 2020).
[2] UN-Habitat. Launches Mosul Portal – Data and Assessments Platform for Humanitarian and Development Actors, 13 Jul 2017, Available at: https://reliefweb.int/report/iraq/un-habitat-launches-mosul-portal-data-and-assessments-platform-humanitarian-and>(Accessed: 21 March 2020).

[3] لەم بارەیەوە گریگۆریو چامایو (Grégoire Chamayou) لە کتێبی تیۆرەی درۆندا (A Theory of the Drone) باس لە ڕەهەندەکانی پشت بەکارهێنانی ئەم جۆر و شێوازە لە جەنگدا دەکاتەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
Chamayou, Grégoire. *Drone theory*. Penguin UK, 2015.
[4] Drake, Bruce, Obama and drone strikes: Support but questions at home, opposition abroad, MAY 24, 2013, Available at: https://www.pewresearch.org/fact-tank/2013/05/24/obama-and-drone-strikes-support-but-questions-at-home-opposition-abroad/>(Accessed: 11 April 2020).

یەمەن، ئەفغانستان، لیبا و چەندین شوێنی تر بەکارهێنراون. هەر لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی هاوپەیمانییەتی دژ بە داعش، بەشێوەیەک درۆن وەک هێزێکی سەرەکی بەکارهێنراوە. بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی گرنگی و مشتومڕە یاسایی بونی بەکارهێنانی درۆنە، کە تا چەند لەگەڵ بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی یەکدەگرێتەوە.

ئاشکرایە درۆن لە مەیدانی جەنگدا چەندین سودی سەربازی لە تێکشاندنی هێزی بەرامبەر و کەمی تێچوی کردەوە سەربازییەکان هەیە. بەڵام ئایا بەکارهێنانی ئەم فرۆکەیە دەبێتە سەرپێچی کردنی بنەمای هاوڕێژە و بە ئامانجگرتنی دانیشتوانی مەدەنی. ئەڤێری پلاو (Avery Plaw) پرۆفیسۆر لە زانکۆی (University of Massachusetts) باوەڕی وایە کە "درۆن ژیانی ئەمەریکیەکان و ئەوانی تریش ڕزگار دەکات".[1] بەڵام پرسیارە سەرەکیەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا لە باری مۆراڵییەوە هێرشی چەکداری ئەم جۆرە لە چەکە ئاسمانیە ڕەوایە؟ ئەم پرسە لە ئەمرۆدا بە یەکێک لە پڕ کێشەترین بابەتەکانی ئەدەبیاتی جەنگ دادەنرێت. چونکە لە یاسای نێودەوڵەتی مرۆییدا بابەتێکی نوێیە و بەبەردەوامی لە ئێستادا جێگەی گفتوگۆیە. لە کاتێکدا کە لایەنگرانی بەکارهێنانی دەیانەوێت بەرزتر نیشانیبدەن و بە بابەتێکی پەیوەست بە پێوەرە مۆراڵییەکان بیخەنەڕو. بەشێک لە پسپۆڕانی ئەم بوارە باوەڕیان وایە، کە نەک هەر لە ڕوی ئەخلاقیەوە ڕێگەدراوە، بەڵکو ئەرکێکی مۆراڵیەوە بەهۆی وردی لە ئامانج و لێکەوتنەوەی کەمترین زیان. براد‌لی ستراوسەر (Bradley J. Strawser) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە درۆن چەکێکی مۆراڵیە.[2] بەڵام بەپێچەوانەی ئەم ڕایە، هەر وەک یەکێک لە توێژەرەکانی پەیوەست بە بابەتی درۆن (فرۆکەی بێ فرۆکەوان) لە یاسای نێودەوڵەتیدا ماثیۆ ئاربۆ (Mathtew Arbo) پێیوایە، کە بەپێی تیۆری جەنگی ڕەوا بەکارهێنانی لەگەڵ پرانسیپی جیاکاری یەکناگرێتەوە.[3] بۆیە بەشێکی زۆر لە توێژەرانی یاسای نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەوەن، کە بەکارهێنانی درۆن (فرۆکەی بێ فرۆکەوان) بە تایبەت لە جەنگی دژ بە تیرۆریزم پێویستی بە ڕێساو ڕێکخستنی نێودەوڵەتی گشگیری تازە هەیە.

سەرەڕای ئەوەی بە بەردەوامی بڕیاردەرانی دەوڵەتانی هاوپەیمانان ئاماژەیان بە بنەماکانی ئەم تیۆرە کردوە. بۆ نمونە لێرەدا هەریەکە لە ئەندام پەرلەمانانی بەریتانیا (Alan Johnson and Mark Pritchard) ئاماژە دەکەن کە بۆمبارانکردن و هێرشە ئاسمانیەکان لە چوارچێوەی پشتگیری بنەماکانی تیۆری جەنگی ڕەوادایە.[4] بەڵام لە بواری پراکتیکیدا، داتا و

---

[1] Chamayou, GrŽgoire. *A Theory of the Drone*. New Press, 2015:136.

[2] Bradley J. Strawser, “Moral Predators: The Duty to Employ Uninhabited Aerial Vehicles,” Journal of Military Ethics 9, no. 4 (2010): 342.

[3] Arbo, Matthew, The ISIL Strategy and the Just War Tradition, Oct 3, 2014, Available at, https://erlc.com/resource-library/articles/the-isil-strategy-and-the-just-war-tradition> (Accessed: 20 February 2019).

[4] Finlay, Christopher J., Just and Unjust Wars in Syria: the Questionable Ethics of Bombing ISIS, The Stockholm Centre for the Ethics of War and Peace Available at:<

زانیاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پێچەوانەی ئەو ڕایانەیە، لە ڕاپۆرتێکی تری چاودێری مافەکانی مرۆڤدا، ئاماژە بە ڕاستیەک دەکرێت کە تەنها یەک هێرشی ئاسمانی هاوپەیمانان لە موسڵ (١٧-٣ ٢٠١٧) دا بۆ (٢) چەکداری داعش زیاتر لە (٢٠٠) قوربانی مەدەنی لێدەکەوێتەوە.[1] وەک ئەوەی لە ڕاپۆرتەکاندا دەردەکەوێ، هێزە عێراقیەکان و هێرشی هاوپەیمانەکان بە جۆرێک بوە، کە ئامراز و شێوازی پێویستیان نەگرتۆتەبەر بۆ پاراستنی مەدەنیەکان. ئەمەش وای کردوە، کە کێشەی متمانە لە نێوان خەڵکی ناوچەکانی جەنگ و هێزە شەڕکەرەکان بێتەکایەوە. چونکە هەمو ئامراز و شێوازە لە جەنگ پەیڕەوکراوە زۆرترین قوربانی گیانی و مادی لێکەوتۆتەوە ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە ئەم جەنگە تاڕادەیەکی زۆر ناهاوڕێژەی بوە (Disproportionate) لە بەکارهێنانی ئامراز و شێوازی پەیڕەوکردنی جەنگەکە. هەروەها دەکرێت ئەوەش بخرێتەڕو کە نەبونی هێزێکی زەمینی پتەو ڕێکخراو لەلایەن هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتییەوە لە جەنگی دژ بە داعش، دەرفەتی قوربانی سیڤیل و وێرانکاری ناپێویستی زۆر هێنایەکایەوە.

زیاد لەوەش، بەپێی ڕاپۆرتێکی تری نەتەوە یەکگرتوەکان لە پرۆسەی گرتنەوەی ئەو شارەدا، زیاتر لە پێنج هەزار بینای نیشتەجێبون لە موسڵی کۆندا وێران بون.[2]. هەروەها بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بێت، هێزی هاوپەیمانان و هێزە عێراقییەکان سەرپێچی بنەماو ڕێساکانی جەنگیان لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەکی وێرانکەری (Improvised Assisted Munitions Rocket) لە ناوچەی مەدەنی کردەوە.[3] هەر بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان و ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان، هێزی هاوپەیمانان بە ڕابەرایەتی ئەمەریکا چەکی قەدەغەکراو بەکارهێناوە لە شاری موسڵ. یەکێک لەو چەکە قەدەغەکراوانەی کە لە ناوچەی مەدەنی بەکارهاتوە بریتییە لە چەکی فسفۆری سپی (white phosphorus).[4] ئەم جۆرە چەکە بە چەکێکی سوتێنەر و کیمیای دەناسرێت، بۆیە بەپێی

---

http://stockholmcentre.org/just-and-unjust-wars-in-syria-the-questionable-ethics-of-bombing-isis/#more-852(Accessed: 23 January 2020).

[1] Watch, Human Rights, “Iraq: Civilian Casualties Mount in West Mosul” Coalition, Iraqi Forces Taking Inadequate Precautions, (June 6, 2017). Available at:< https://www.hrw.org/news/2017/06/06/iraq-civilian-casualties-mount-west-mosul> (Accessed: 23 January 2020).

[2] Mosul after the Battle Reparations for civilian harm and the future of Ninewa,2020:9.
[3] Kalin, Stephen, Iraq and allies violated international law in Mosul battle: Amnesty, JULY 11, 2017, Available at:< https://www.reuters.com/article/us-mideast-crisis-iraq-civilians/iraq-and-allies-violated-international-law-in-mosul-battle-amnesty-idUSKBN19W0CR (Accessed: 10 January 2020).

[4] Barnard, Anne 10 June 2017, *U.S.-Led Forces Said to Have Used White Phosphorus in Syria* Aviliable at, https://www.nytimes.com/2017/06/10/world/middleeast/raqqa-syria-white-phosphorus.html(Accessed: 17 April 2020).

یاسایی نێودەوڵەتی بەکارهێنانی لە جەنگدا قەدەغەکراوە. ئەمەش بەتەواوەتی دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ ماددەی (٣٥) پرۆتۆکۆڵی پاشکۆی یەکەمی (جنێڤ)،  جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە لایەنەکانی شەڕ نابێت ئەو جۆرە چەکانە بەکاربهێنن، کە زیانی ناپێویستی لێبکەوێتەوە، چونکە شێواز و ئامرازەکانی جەنگ لە بەکارهێناندا بێسنور نین.[1]

یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکان گرتنەبەری ڕێکار و شێوازی هەڕەمەکی لەدژی کەسانی مەدەنی قەدەغە دەکەن. عێراق بەشێکە لە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی پەیوەست بە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی، بۆیە لێپرسراویەتی جێبەجێکردنی ئەو یاسا و ڕێسایانەی دەکەوێتە ئەستۆ. لە کۆی حاڵەتەکاندا پێویستە لەسەر فەرماندە سەربازیەکان دەستنیشانی ئەوە بکەن، کە چ جۆرە چەکێک لە ناوچەی نیشتەجێبونی مەدەنی بەکاردەهێنرێت لە پێناو کەمترین قوربانیانی مەدەنی. گرنگی ئەم بابەتە بە جۆرێکە، بەشێک لە ڕەهەندی پێکهێنانی شەرعیەتی بەکارهێنانی هێز پەیوەستە بە ڕێژەی قوربانیانی مەدەنی. بە ئەزمون وەرگرتن لە جەنگی دژ بە تیرۆر دژ بە تاڵیبان لە ئەفغانستان، ئەوە دەردەکەوێت کە سەرەڕای بەکارهێنانی چەکی زیرەک و فرۆکەی بێ فرۆکەوان ژمارەی قوربانیانی مەدەنی زۆر بەرزە بە بەراورد بە جەنگەکانی پێشو، ئەمەش ئەو ڕاستیە دەردەخات، کە لە شێوازی بەرەنگاربونەوەی تیرۆردا بنەمای جیاکاری لە نێوان ئامانجی سەربازی و مەدەنیدا کارێکی قورس دەبێت ئەگەر تەنانەن چەکی زۆر پێشکەوتوش بەکاربهێنرێت. ئەو ئەنجامەی کە دەتوانین لەو پێشێلکاریانە وەری بگرین، ئەوەیە کە هێزەکانی ئەم هاوپەیمانیەتیە و هێزە لۆکاڵیەکان ئەو ئامراز و شێوازەی گرتویانەتەبەر لە کەمترین بارودۆخدا پەیوەست بون بە نەریت و بنەماکانی تیۆری جەنگی ڕەوا، ئەمەش پێگەی ڕەوایەتی ئەم جەنگە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

## ٢-٧-٧ جیاکاری کردن (Discrimination):

بنەمای جیاکاری بە گرنگترین بنەمای (jus in bello) دادەنرێت، کە وەک ڕێسایەکی گەردونی لە یاسای نێودەوڵەتی وێنادەکرێت. ئەم بنەمایە خۆی لە جیاوازی کردن لە نێوان کەسی شەڕکەر (Combatants) و کەسانی مەدەنی دەبینێتەوە، ئەوەی یەکەم ئامانجی سەربازییە بەڵام کەسانی مەدەنی پارێزبەندیان هەیە نابێت بە هیچ شێوەیەک لە کردەوە سەربازییەکاندا بە ئامانج بگیرێن.[2] سەرەڕای ئاڵۆزی ئەم چەمکە، بەڵام  پێگەیەکی گەورەی لە یاسا نێودەوڵەتیەکان پەیداکردوە. پارێزگاریکردن لە کەسانی مەدەنی بوارێکە لە زۆر ڕوەوە کاری لەسەر کراوە، بۆیە ئەم چەمکە بە کۆنترین بنەما و ڕێسای جەنگ دادەنرێت.[3] (وڵزەر) بەم شێوەیە شەڕکەر دەناسێنێت:  شەڕکەر ئەو پۆلەیە لە خەڵک، کە جیاکراوەتەوە لە جیهانی

---

[1] Additional Protocol I, Article 35.

[2] Erskine, Toni. *Embedded cosmopolitanism: duties to strangers and enemies in a world of'dislocated communities'*. Oxford University Press, 2008:188.

[3] van Dongen, Yvonne Coleta Liduina Maria. "The protection of civilian populations in time of armed conflict.", University of Groningen (1991).

چالاکیە ئاشتیەکان، ڕاهێنراون بۆ شەڕکردن، چەکیان بۆ دابینکراوە، کە داوایان لێ دەکرێت شەڕبکەن بەپێی فەرمان، ئەم ڕاستیەش بەشێوەیەکی بنەڕەتی سەرباز جیادەکاتەوە لە مەدەنی.

لەلایەکی ترەوە مەدەنیەکان بێ تاوانن، لەبەرئەوەی هیچ شتێکیان نەکردوە، کە ببێتەهۆی زیاندگەیاندن بە بەرانبەرەکانیان، بۆیە دەبێت پارێزراون بن لە هێرش، بە گوێرەی بۆچونەکانی هێنری شو (Henry Shue) پارێزبەندی مەدەنی بریتییە لە جەخت کردنەوە لەسەر بنەما ئەخلاقیەکان (پرانسیپی زیان نەگەیاندن) ئەمەش مانای ئەوەیە، کە کەسێک زیاننەگەیاندوە بە کەسێکی تر ئەمەش بنەمایەکی بنەڕەتی و زۆر ڕاشکاوانەیە و جێگەی گفتوگۆنیە بەپێی بنەما ئەخلاقییەکان.[1] یەکێک لە بنەما گرنگەکانی بەڕێوەچونی جەنگ بۆ ئەوەی دڵنیایی هەبێت لە بەڕێوەچونی جەنگ بەشێوەیەکی ڕەوا بریتییە لە بونی پرانسیپی جیاکاری، ئەمەش بە مانای ئەوەدێت، کە هێز نابێت بەشێوازی ناجیاکاری بەکاربهێنرێت. ئەم جیاکاریەش دەبێتە هێنانەکایەوەی ئامانجی ڕەوا و ناڕەوا. کە شەڕکەر دەبێتە ئامانجی سەربازی و مافی چەک هەڵگرتن و بەشداری لە پرۆسەی جەنگ و بریندابون و کوشتنی هەیە. بەپێچەوانەشەوە مەدەنییەکان مافی پاراستنیان لە توندوتیژی هەیە.[2] یاسای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی دەوڵەتان پابەند دەکات بۆ ڕێگەگرتن لە پێشێلکارییەکان لە کاتی پێکدادانە چەکدارییە ناوخۆییەکاندا.

ئەوەی ئێمە لێرەدا وەک بنەما بۆ ئارگۆمێنتەکەمان دەمانەوێت دایبڕێژین ئەوەیە، کە بەشێوەی سەرەکی ڕوبەڕوبونەوەی داعش، پشتی بە کارهێنانی هێزی ئاسمانی و ئەنجامدانی کردە سەربازیەکان لە ڕێگەی فڕۆکەو بە ئامانجگرتنی شوێنی تیرۆرستان لە ڕێگەی موشەکە دور هاوێژەکان دەبەست. وەک دەردەکەوێت، کە ئەمە شێوازێکی کلاسیک نیە لە جەنگ، کە تێیدا بە ئاسانتر ئامانجی سەربازی و ئامانجی مەدەنی لێک جیادەکرێتەوە. بەڵام لەم شێوازە لە جەنگ ئامانجەکان توشی تێکەڵ بون دەبن و ئەگەر بە پلان و ستراتیژێکی مرۆیانە بیر لە پەلاماردانەکان نەکرێتەوە قوربانیەکان زیاتر دەبن. چونکە هێرشە ئاسمانیەکان لە ڕوی مۆراڵیەوە پڕ گرفت و کێشەن، بە تایبەت لە کەیسی دەوڵەتی ئیسلامی، کە تێیدا کۆنترۆڵی شارەکانی کرد بو.

شێوازی جەنگی داعش لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە شێوازێکی نوێی بە خۆوەگرتبو، کە زۆرکات بە جەنگە نوێیەکان ناودەبرێن، ئاشکرایە لەم شێوازەدا بونی قوربانی مەدەنی پێشبینی کراوە. بۆیە پێویستە لەسەر لایەنەکان بە جۆرێک مامەڵەبکەن کە بنەمای جیاکاری تاڕادەیەکی زۆر پارێزراو بێت. چونکە بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان هێرش کردنە سەر کەسانی مەدەنی کە

---

(1) Primoratz, Igor, ed. *Civilian immunity in war*. Oxford University Press, 2007.

(2) Khen, Hilly Moodrick-Even. "Reaffirming the Distinction between Combatants and Civilians: The Cases of the Israeli Army's' Hannibal Directive'and the United States' Drone Airstrikes against ISIS." *Ariz. J. Int'l & Comp. L.* 33 (2016).

تێیدا بێنە کوشتن و بریندار بون بە تاوانی جەنگ دادەنرێت.[1] هەروەک بەشێک لە راپۆرتەکانی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە داعش قەڵغانی مرۆیی بەکارهێناوە لە روبەروبونەوەکانیدا ئەمەش بۆئەوەی جیاکاری نەکرێت لە نێوان کەسانی مەدەنی و چەکدارە تیرۆرستەکان. بەشێک لە دەوڵەتانی ئەندام لە هاوپەیمانتیەکە و توێژەران باس لە جیاکاری دەکەن لە ئامانجەکانیان و بەرێوەچونی بەشێوەیەکی ورد، لەم بارەیەوە ئەریک بۆندز (Eric Bonds) باوەڕی وایە، کە جەنگی هاوپەیمانان دژ بە "داعش بە وردترین جەنگ لە مێژودا دادەنرێت".[2]

بەپێچەوانەی ئەو رایە، بەپێی ئەو داتایانەی کە لەلایەن رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بڵاوکراوەنەتەوە، ژمارەی قوربانیانی کەسی مەدەنی زۆر بەرزە. بۆیە هەر لەسەرەتای دەستپێکردنیەوە، ئەم هاوپەیمانیاتیە روبەڕوی رەخنەیەکی زۆر بۆتەوە، لەژێر رۆشنای ئەو قوربانیانەی لە رێگەی ئەنجامدانی هێرشە ئاسمانیەکانی ئەو هاوپەیمانەتیە هاتوونەکایەوە. بە جۆرێک کە رێژەی قوربانیانی مەدەنی لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە. یەکێک لە راپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان خەملاندنێک دەکات بۆ ژمارەی قوربانی مەدەنی کە تێیدا بە زیاتر لە (٢٥٠٠) کەسەی مەدەنی ئاماژەی بۆ کراوە.[3] هەروەها رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە راپۆرتەکانیاندا جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە جەنگی هاوپەیمانان و هێزە عێراقیەکان دژ بە تیرۆرستان سەرپێچی بنەمایەکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی لە بە ئامانجگرتنی کەسانی مەدەنی کراوە. هەروەها لەڕوی بونیادی ئەو شارە بە تەواوەتی وێرانکرا کە بە جۆرێک کە بنەمای بەکارهێنانی هێزی پێویست بە هەند وەرنەگیراوە. بەگوێرەی زۆربەی داتا و راپۆرتە نێودەوڵەتیەکان، کە گرنگترینیان وەک (Amnesty International) و (Airwars)[4] زۆر بە رونی ئاماژە بە بەرزی ئاستی قوربانیانی مەدەنی دەکەن، بە جۆرێک ئەو قوربانی و وێرانکاریەی لە دەرئەنجامی هێرشی ئاسمانی ئەو هاوپەیمانیەتیە هاتونەکایەوە بەلایەنی کەمەوە چەندین جار زیاترە لە قوربانیانی هاوپەیمانیەتیەکانی پێش خۆی. لەم بارەیەوە لە راپۆرتێکدا

---

[1] Dinstein, Yoram. *The conduct of hostilities under the law of international armed conflict*. Cambridge University Press, 2016.

[2] Bonds, Eric. "Humanitized violence: Targeted killings and civilian deaths in the US war against the Islamic State." *Current Sociology* 67, no. 3 (2019): 439.

[3] Report on the Protection of Civilians in the context of the Ninewa Operations and the retaking of Mosul City, 17 October 2016 – 10 July 2017, Available at, file:///C:/Users/AMIN4PC/Downloads/Mosul_report_17Oct2016-10Jul2017_FINAL_as_of_31_October_2017%20(1).pdf >(Accessed: 2 March 2019).

[4] (Airwars) رێکخراوێکی سەربەخۆیە لە ساڵی (2014) وە دامەزراوە بۆ بە دیکۆمێنتکردن و کۆکردنەوەی ئاماری هێرشە ئاسمانیەکان لە جەنگدا، بارەگاری سەرەکی ئەم رێکخراوە لە لەندەنە.

ڕیان دیڤرۆ (Ryan Devereaux) ڕای دەگەیەنێت هێرشی هاوپەیمانان دژ بە داعش لە ڕێگەی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان قوربانی مەدەنی زۆری لێکەوتۆتەوە.[1]

بەهەمان شێوە هێزی هاوپەیمانان و هێزە عێراقییەکان چەندین شێوازی هەڕەمەکیان بەکارهێناوە و خەڵکی مەدەنیان کردۆتە قوربانی و لەگەڵ بەرەوپێشچونی شەڕەکە کردارەکانیان کەمترین جیاکاری کراوە. بۆ نمونە ئاماژە بە شەڕی گرتنەوەی موسڵ دەدرێت کە تێیدا قوربانی مەدەنی زۆری لێکەوتۆتەوە.[2] هاوپەیمانان (٢٩) هەزار بۆمبیان بەسەر شارەکەدا بەرداوەتەوە لە ڕێگەی فرۆکە شەڕکەرەکان و هەروەها بەکارهێنانی درۆن لەگەڵ چەندین جۆری چەکی تری وەک تۆپ و ڕۆکێت و موشەک و هاوەندا. لە موسڵدا دەزگا ڕاگەیاندنەکان لە دوای شەڕەکە خەملاندنیان کردوە کە (٩٠٠٠- ١١٠٠٠) مەدەنی بونەتە قوربانی، کە نزیکەی یەک لە سەر سێیان دەکەوێتە ئەستۆی هاوپەیمانان و هێزە عێراقیەکان.[3] ئەم داتایەش بە بەرزترین ڕێژەی قوربانیانی مەدەنی دادەنرێت، کە لێپرسراویەتی سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆی هێزەکانی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی و هێزە عێراقیەکان، چونکە ڕێسا بنەڕەتییەکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتیان جێبەجێ نەکردوە، کە قەدەغەکردنی هەمو کارێکی توندوتیژی دژ بە مەدەنییەکان و شوێنەکانیان دەگرێتەخۆ. وەک لە ئاستێکی تردا بۆ ڕای گشتی، (ۆلزەر) ئەو ڕاستیە دەخاتەڕو، کە قورسە بەرگری لەم جەنگە ئاسمانییە بکرێت کە کوشتنی کەسانی بێ تاوان زیاترە لەشەڕکەرانی داعش.[4] ئەمەش پێچەوانەی ماددەی (٤٨)ی پرۆتۆکۆڵی پاشکۆی یەکەمی (جنێڤ)ە، کە بە ڕونی داوا لەلایەنەکانی پێکدادانی چەکداری دەکات کە دەبێت جیاکاری بکەن و تەنها ئامانجی سەربازی بە ئامانج بگیرێت.[5] سەرەڕای بێ پێشینەی نمونەی جەنگی دژ بە داعش، بەڵام ئامراز و شێوازەکان لەم جەنگەدا بەشێوەیەک پەیرەوکراون لە چوارچیوەی تیۆری جەنگی ڕەوادا ڕوبەروی ڕەخنەو سەرنجی زۆر بۆتەوە.

ئەم پێشێلکاریانەش ڕەگ و ڕیشەی پێشینەیان هەیە، وەک نیکۆلاس ویلر (Nicholas Wheeler) بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە، کە لە ماوەی ساڵانی نەوەدەکانەوە، دەوڵەتانی خۆرئاوا لە دەستەبەرکردنی هاوسەنگی لە نێوان پارێزگاریکردن لە مەدەنی و خستنەڕوی سەربازیدا شکستیان هێناوە.[6] لەم ڕووەوە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر هەن، کە دەریدەخەن سەرپێچی زۆر و

---

(1) Devereaux, Ryan. "As France bombs ISIS, civilians are caught in the middle." *The Intercept* (2015), Available at, <https://theintercept.com/2015/11/19/as-france-bombs-isis-civilians-are-caught-in-the-middle/ >(Accessed: 24 March 2019).

(2) Amnesty International. "At Any Cost: The Civilian Catastrophe in West Mosul, Iraq." (2017).

(3) George, Susannah. "Mosul is a Graveyard: Final IS Battle Kills 9,000 Civilians." (2017), Available at, https://apnews.com/bbea7094fb954838a2fdc11278d65460/Mosul-is-a-graveyard:-Final-IS-battle-kills-9,000-civilians >(Accessed: 18 February 2019).

(4) Walzer, Michael, What kind of a war is this?, December 3, 2015.

(5) Additional Protocol I, at Article 48.

(6) Wheeler, Nicholas J. "Humanitarian Intervention after September 11, 2001." *Just Intervention,* Washington, DC: Georgetown University Press) (2003): 194.

فراوان ڕویانداوە. بەگوێرەی یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی (Amnesty International) بێت هێزەکانی سەر بە حکومەتی عێراق سەرپێچی گەورەیان ئەنجامداوە لە یاسا نێودەوڵەتیە مرۆییەکان. ڕاپۆرتەکە بە تایبەت ئاماژە بە پێشلکاریەکانی مافەکانی مرۆڤ کە لەلایەن هێزەکانی عێراق لە پرۆسەی گرتنەوەی موسڵ دەکات.(1) بە جۆرێک کە بەپێی ڕاپۆرتەکە بێت هێزە عێراقیەکان لە جیاکردنەوەی مەدەنیەکان، شکستیان هێنا بە جۆرێک کە پرۆسە سەربازەکانیان ناجیاکەرەوە بوە، لەبەرئەوەی جۆر و چۆنیەتی ئەو چەکانەی بەکارهێنراون بۆ ئەو ناوچە مەدەنی نیشتەجێبوانە گونجاو نەبوە. ئەمەش وێرانکاری ناپێویستی لەو شارەدا هێناوەتەکایەوە. هەر بۆ پشتگیری ئەم بابەتە دەکرێت، ئاماژە بە سەرچاوەیەکی تر بکرێت، وەک ڕادیۆی نیشتمانی ئەمەریکا کە توانی ناو و شوناسی پێنج هەزار کەسی مەدەنی لە ئەو کەسانەی، کە بونە قوربانی ئاشکرا بکات. بەڵام دەکرێت ئاماژە بەو ڕاستیە بکرێت کە لێپرسراوانی ناوخۆیی عێراق و بەرپرسانی هاوپەیمانان ژمارەی جیاواز دەڵێن سەبارەت بە قوربانیە مەدەنیەکان، دەسەڵاتی فیدراڵی عێراق زۆر خاون لە پێدانی زانیاری، هەروەها لە هەمانکاتدا سەرۆک وەزیرانی پێشوی عێراق (حیدەر عەبادی) ڕایگەیاند ژمارەی قوربانیانی مەدەنی نزیکەی (١٢٦٠) کەسە.(2) بەڵام بەپێی ڕاپۆرتە ناوخۆییەکان بێت لە ماوەی (دە) مانگ دوای کۆتای هاتنی جەنگ لە هەفتەی یەکەمی پرۆسی گەڕاندا نزیکەی هەزار جەستەی کەسانی مەدەنیان دۆزیوەتەوە. ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە ژمارەی قوربانیە مەدەنییەکان لە ئاستێکی بەرزدا بوە.(3) پێشێلکاری یاساکانی جەنگ لە تێکدان و وێرانکردنی ماڵ و شوێنی نیشتەجێ بونی مەدەنی بە تاوانی جەنگ دادەنرێت.(4) دەکرێت ئەوە بوترێت، لەبەرئەوەی کە هێزە عێراقیەکان بە زۆری شیعە بون، ئەمەش بۆتە هۆکارێک کە ئەم هێزانە وەک پرسێکی مەزهەبی سەیری جەنگەکە بکەن و لە خەمی ناوچە سوننەکاندا لەڕوی وێرانکاری و تێکدانەوە نەبن.

داتاو دیکۆمێنتەکانی ڕاپۆرتی سەنتەری توێژینەوەی (Ceasefire Centre for Civilian Rights and Minority Rights Group International) کە بەشێکی زۆری پشتی بە چاوپێکەوتنی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بەستوە، ئاماژە بە ڕای بەشێک لە هاووڵاتیانی مەدەنی دەکات کە باس لە پێشێلکارییەکانی هێزە عێراقیەکان دەکات لە بە ئامانجگرتنی دانیشتوانی سوننەکان، هەروەها بەپێی قسەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە کردەوەکانی هێزە عێراقییەکان

(1) Amnesty International. "At Any Cost: 24.

(2) Apnews, Iraq PM says Mosul abuses not systematc,' Associated Press,September 16th 2017, Available at www.apnews.com/a4848b07448b4ced9d06a2d17a5073af >(Accessed: 27 February 2019).

(3) Airwars, Credibility Gap United Kingdom civilian harm assessments for the battles of Mosul and Raqqa, 22 March, 2017, Available at: https://airwars.org/wp-content/uploads/2018/09/Credibility-Gap-Airwars-submission-to-UK-Parlt-Defence-Select-Committee-Sept-2018.pdf >(Accessed: 11 March 2019).

(4) ICC Statute, Art. 8(2)(e)(xii).

هاوشێوەی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش.[1] لە هەمانکاتدا ژێرخانی ئەو شارە و دامەزاوەکانی حکومەت و شوێنە مەدەنیەکان ڕووبەڕوی وێرانکاری بونەتەوە لەلایەن هێرشی ئاسمانی هاوپەیمانان و لە وشکانیش هێزە عێراقیەکان بەشدار بون لە تێکدان و زیانگەیاندنە.[2] ئەم ڕاپۆرتەش دەرهاویشتەی ئەو پێشێلکارییە سەرەکیانەیە بە تایبەت لە جەنگی گرتنەوەی موسڵ، کە هێزە نێودەوڵەتی و ناوخۆیی ئەنجامیانداون. لەم ڕوانگەیەوە ڕاپۆرتەکانی یونامیش (UNAMI) و (Office of the High Commissioner for Human Rights) ئاماژە دەکەن، کە دووەم ڕێژەی قوربانیانی کەسانی مەدەنی لە جەنگی موسڵ دەخاتە پاڵ هێرشی ئاسمانی هاوپەیمانان.[3] ئەم بەڵگانە لەگەڵ بنەماکانی ئەم تیۆرە لە دژایەتی تەواودان، کە باوەڕیان بە پێوەرە عەقلانی و ئەخلاقییەکان لە کاتی بەڕێوەچونی پرۆسەی جەنگ هەیە. بەشێوەیەکی گشتی بەپێی خەملاندنی ڕاپۆرتەکانی یونامی ماڵپەڕی (Iraqi Body Count) بە تەنها لە پارێزگای نەینەوە، لە ماوەی جەنگدا (٢٠-٤٠) هەزار هاووڵاتی مەدەنی بونەتە قوربانی داعش و هێزەکانی هاوپەیمانان.[4] بەم پێە دەردەکەوێت، کە بەشێک لەو هێرشانە بە جۆرێک ئەنجامدراون، کە ئامانجی مەدەنی و سەربازی تێکەڵاو بون و نەتوانراوە، تایبەتمەندی سەربازی لەبەرچاوبگیرێت.

دەتوانین لە هەڵسەنگاندنی ئەم بۆچونانەی سەرەوە بڵێین، کە پێشلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ کە لەلایەن هێزەکانی عێراق و هاوپەیمانان ئەنجامدراون لە جەنگی دژبە داعش، بەبەڵگە سەلمێنراون. دەرکەوتنی چەند بەڵگەیەکی ڤیدیۆیی لە (ئایاری ٢٠١٧) کە تێیاندا ئەفسەرانی یەکەی بەرپەرچدانەوەی خێرای سەر بە وەزارەتی ناوخۆ ئەشکەنجەو گولەبارانی گومانلێکراوانی داعش و خێزانەکانیان دەکەن.[5] هەرچەندە سەرۆک وەزیران پێشو (عەبادی) وتی، لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان لە پێشێلکاریەکانی ئۆپراسیۆنی موسڵ دەریدەخەن، کە ئەو پێشێلکاریانە لەلایەن چەند کەسێکەوە ئەنجام دراون و بەشێوەی بەرنامەڕێژی نەبون.[6]

---

[1] Mosul after the Battle Reparations for civilian harm and the future of Ninewa, Ceasefire Centre for Civilian Rights and Minority Rights Group International January 2020.

[2] Ibid.

[3] UNAMI,and OHCHR Report on the Protection of Civilians in the Context of Ninewa Operations and the Retaking of Mosul City, 17 October 2016 – 10 July 2017, Available at: https://reliefweb.int/sites/reliefweb.int/files/resources/Mosul_report%2017Oct2016-10Jul201731%20October_2017.pdf>(Accessed: 11 March).

[4] Iraqi Body Count. (2019). Retrieved July 1, 2019, from, Available at: https://www.iraqbodycount.org/database/ >(Accessed: 23 March).

[5] Leah Whitson, Sarah, (Human Rights Watch), "Winning Battles, but Losing the War for a United Iraq," *The Star*, May 27, 2017, Available at: https://www.hrw.org/news/2017/05/27/winning-battles-losing-war-united-iraq.>(Accessed: 11 March 2019).

[6] The Latest: Iraq PM says Mosul abuses not systematic, *Associated Press*, September 16, 2017. https://www.apnews.com/a4848b07448b4ced9d06a2d17a5073af> (accessed on November 2, 2019).

بەهەمانشێوە، سەرەڕایی بەڵێنی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێکۆڵینەوە لە وێرانکردنی گوندو ماڵی عەرەبە سوننەکان لەلایە هێزەکانی حکومەتی هەرێم، کە لە لایەن (هیومان ڕایتس ۆوچ) ەوە بە بەڵگە تۆمارکراون، ئەوەندەی توێژەران ئاگاداربن تا ئێستا بەرپرسان لێپرسینەوەیان لەگەڵ هیچ فەرماندە و سەربازێک نەکردوە کە فەرمان یان بەشداربیان لە وێرانکارییەکان کردوە.[1]

بەشێکی زۆر لە هێزە عێراقیەکان لەسەرجەم بەرەکانی شەڕی داعش ئاشنا نەکراون بە پیادەکردنی بەها و پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی، یاساکانی بەرەنگاربونەوە و پاراستنی خەڵکی سیڤیل. چونکە بەشێک لەو هێزانە پێکهاتبون لە کەسانی خۆبەش و گروپە جیاوازەکان بە تایبەت لە لایەنە شیعیەکان، کە پێشتر بە بڕیار و فتوای مەزهەبی چەکیان هەڵگرتبو بۆ ڕوبەڕوبونەوەی داعش. ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییە شێواز و ئامرازەکانی بەکارهاتوی ئیدارەدانی ئەم جەنگە، نیشاندەری ئەزمونێکی شکستخواردوی کۆنترۆڵکردنەوەیە، هەڵبەتە ئەمەش لەگەڵ بنەماکانی تیۆری جەنگی ڕەوادا یەکناگرنەوە.

ڕاپۆرتێکی تری ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی (ئامنستی ئینتەناشناڵ) باس لە دەستدرێژییەکان بۆ سەر ئامانجی مەدەنی دەکات. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە هێزە کوردییەکان لەو ناوچانەی کە لە دەستی داعش ڕزگارکراون ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوونی هەزاران خێزانی عەرەبیان ڕوخاندوە و ڕێگەیان نەداوە ئەو خێزانانە بگەڕێنەوە. بۆیە بەپێی ڕاپۆرتەکە بێت هێزە کوردییەکان پێدەچێت تاوانی جەنگیان ئەنجامدابێت.[2] هەرچەندە وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی ئەو ڕاپۆرتانەی داوەتەوە و نکۆڵیان لە وێران بونی ماڵ و شوێنی نیشتەجێبونی مەدەنی نەکردوە، بەڵام ئەوەیان ڕونکردۆتەوە کە هۆکاری سەرەکی تێکچونی شوێنە مەدەنییەکان دەگێڕنەوە بۆ بۆردومانی هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان. بەڵام ڕاپۆتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان پشتیان بە شایەتی کەسانی ئەو ناوچانە بەستوە، کە ڕوبەڕوی ڕاگواستن و قوربانی بونەتەوە.

وێڕای پاساوی دەستتێوەردانی سەربازی بۆ کەمکردنەوەی قەیرانی مرۆیی و ڕێگەخۆشبکەن بۆ بەرقەرارکردنی سەقامگیری. هەمو ئەو داتا و زانیاریانەی خرانەڕو بە مەبەستی ئەوەن بزانین تا چەند ئەو ئامراز و شێوازانەی لەم جەنگەدا پەیرەوکراون لەگەڵ بنەما و نەریتی تیۆری جەنگی ڕەوا یەکانگیرنین. بەشێوەیەکی گشتی، سەرپێچی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن هێزەکانی عێراق و گروپە چەکدارییەکان ئەنجامدراون لە جەنگی دژ بە داعش. لەوانەش کوشتن و گوڵەبارانی بە کۆمەڵ و بێسەروشوێنکردن و ئەشکەنجەو وێرانکردنی

---

[1] Human Rights Watch (Organization). *Marked with an" x": Iraqi Kurdish Forces' Destruction of Villages, Homes in Conflict with ISIS*. Human Rights Watch, 2016:7.

[2] BBC, Iraq conflict: Kurdish forces 'destroyed Arab homes', 20 January 2016, Available at: https://www.bbc.com/news/world-middle-east-35352242> (Accessed on November 20, 2019).

بەرفراوانیماڵی سوننەکان لەو ناوچانەی لەژێر دەستی داعش بون. پرانسیپی جیاکاری بە سەرەکترین بنەمای مۆراڵی جەنگ دادەنرێت.

وەک دەردەکەوێت، بنەمای جیاکاری تاڕادەیەکی زۆر لە نێوان کەسی مەدەنی و ئەو کەسانەی کە گومانلێکراون بە کردەوەی تیرۆر پێشێل کراوە. چونکە کەسانێکی زۆر تەنها گومانی ئەندام بونیان لەناو داعش لێدەکرێ، بەبێ هیچ بەڵگەیەک لەدژیان، کە تاوانی گەورەیان ئەنجام دابێ بە تایبەت بۆ منداڵان ڕوبەڕوی سزادان بونەتەوە. دەبێت ئەو ڕاستە باس بکرێت، کە چاوپۆشی کردن لە پێشێلکارییە سەرەکیەکانی هێزە ئەمنیەکانی عێراق و هێرشی هاوپەیمانان، کێشەیەکی گەورە بۆ بەرقەرارکردنی دادپەروەری و بەرپرسیارێتی و هەوڵی فراوانتری ئاشتەوایی لە عێراقی دوای جەنگی تیرۆر دروست دەکات. هەروەها ڕێزگرتن لە پرانسیپەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی بە یەکێک لە پایەکانی شەرعیەتی نێودەوڵەتی لە بەکارهێنانی هێز دژ بە تیرۆریزم دانپێدانراو بێت. بەشێکی زۆری سەرپێچی هێزەکانی هاوپەیمانان بەڵگە نەویستن و لەلایەن ڕێکخراوە هەرێمی و جیهانیەکان پشتڕاستکراونەتەوە. بۆیە ڕەخنەگران بەڵگەی ئەوە دەخەنەڕو، کە بە بەکارهێنانی ئەم شێوازە لە جەنگدا ناتوانین بگەینە ئەنجامێکی ڕەوا. ئەم بارودۆخەش دەبێتە ڕێگری لە دەستەبەرکردنی دادپەروەری بۆ قوربانیانی جەنگ چونکە دەوڵەتانی بەشدار لەم کردەوانە خۆیان لە ئەستۆگرتنی لێپرسراویەتی بە دور دەگرن.

**٧-٨ ئەنجام:**

تیۆری جەنگی ڕەوا بەیەکێک لە تیۆرە سەرەکییەکانی مۆراڵی جەنگ دادەنرێت، کە وەک میکانزمێک بۆ چەندین کەیسی ڕاگەیاندنی جەنگ بەکاردەهێنرێت کە ئەگەر جەنگێک ڕەوا بێت دەبێت بەپێی تێگەیشتن و بنەماکانی ئەو تیۆرە بڕیاڕی لەسەر بدرێت. بەڵام بەمەرج و لە چەند بارودۆخێکی دیاریکراودا. کە گرنترین ئەو مەرج و بنەمایەش بریتین لە: پێویستە بەکارهێنانی هێز هۆکارێکی ڕەوای هەبێت، ئامانجێکی ڕەوای هەبێت، دەرفەتی سەرکەوتنی ڕون بێت، کۆتا بژاردە بێت و لەلایەن دەسەڵاتێکی شەرعیەوە بەکۆدەنگی دەوڵەتان بڕیاری لەسەر بدرێت و بنەمای جیاکاری و هاوڕێژەی لەخۆبگرێت. دەوڵەتی ئیسلامی بە هەڕەشەیەکی سەرەکی بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی ناوخۆیی، هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی دادەنرێت. بۆیە لەم بەشەدا تیۆری جەنگی ڕەوا وەک بنەمایەکی تیۆری جێبەجێکرا بۆ تێگەیشتن لە دەستێوەردانی سەربازی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە ڕێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق. لە ئەنجامدا دەکرێت بگوترێت کە جەنگی ڕوبەڕوبونەوەی دەوڵەتی ئیسلامی لەلایەن هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی بنەما یەکەم ودووەم خاوەنی کۆمەڵێک پرانسیپی سەرەکی تیۆری جەنگی ڕەوایە وەک بونی هۆکارێکی ڕەوا، دوا بژاردە، دەسەڵاتێکی ڕەوا بۆ بڕیاردان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی چەند پرەنسیپێکی گرنگی ئەو تیۆرە نییە، کە ئەویش بریتییە لە نیەتێکی دروست و بونی دەرفەتی سەرکەوتن کە ئاشتیەکی ڕەوا بێنێتەکایەوە، هەروەها جەنگی دژ بە

داعش، کە لەلایەن ئەمەریکاوە سەرۆکایەتی دەکرێت، تاڕادەیەکی زۆر پرانسیپەکانی وەک جیاکاری و هاوڕێژەبونی لە خۆنەگرتوە. ئەوەی لە جەنگی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش دەردەکەوێت بریتییە لەوەی کە ئەم جەنگە سەرەتای دەست پێکردن و وەڵامدانەوەی هەڕەشەکانی ڕێکخراوی تیرۆرستی ڕەوا بوە. چونکە ئەم جەنگە ئامانجێکی ڕەوای هەبوە.

بەسەرنجدان بە پرانسیپەکانی هاوڕێژەیی و جیاکاری، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە لە شێواز و بەکارهێنانەکانیاندا هێزەکانی هاوپەیمانان و هێزە عێراقییەکان سەرپێچی و پێشێلی ئەو بنەمایانەیان کردوە. بەم پێیەش لەم جەنگەدا ڕێژەی قوربانی کەسانی مەدەنی لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە و زۆرینەی ژێرخانی ئابوری ئەو ناوچانەی جەنگی تێدا بوە ڕوبەڕوی وێرانکاری بۆتەوە. بەپێی ئەم لێکدانەوەیە، شێواز و ئامرازەکانی بەکارهێنراوی ئەم جەنگە بەشێوەیەکی زۆر لەگەڵ بنەما ئەخلاقییەکاندا یەک ناگرێتەوە. بەپێی ئەو تێزانەی، کە ئەم تیۆرە دەیان خاتەڕو، ڕاگەیاندنی جەنگ بەشێوەیەکی ڕەوا تەنها بەشێکە لەو بنەمایانەی کە ئەم تیۆرە جەختی لەسەر دەکاتەوە، بەشێکی تر کە ڕەوایەتی جەنگ دیاری دەکات بریتییە لەوەی کە هێزە براوەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ پێدراوەکانی جەنگ دەکەن، لەم پێناوەشدا لە بەشی داهاتو گرنگترین ئەو هەڵسەنگاندنانە دەخەینەڕو کە پەیوەستن بە کۆتای جەنگ بەشێوەیەکی ڕەوا بێت و ئاشتی و سەقامگیری دەستەبەر دەکرێت. چونکە بە تەنها تێکشکاندنی داعش لە ڕوی سەربازیەوە لە کۆتایدا ئەنجامێکی ڕەوای ناگەیەنێت. لە بەشی داهاتودا دەبینین، کە تاچ ڕادەیەک بنەما لێپرسراویەتی و دادپەروەری لە قۆناغی دوای جەنگدا ڕەنگی داوەتەوە و ڕۆڵی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی لە هەنگاونانی بۆ پاراستن و پەرەپێدانی دادپەروەری و ئاشتی لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.

## بەشی هەشتەم

## دادپەروەری و ئاشتی دوای جەنگ (Jus Post Bellum) لە جەنگی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش لە عێراق

### ٨_١ دەسپێک

یەکێک لە ئامانجە باڵاکان لە بەکارهێنانی هێزدا بریتییە لە دەستەبەرکردنی سەقامگیریی و ئاسایشی نێودەوڵەتی. لە تیۆری جەنگی ڕەوای کلاسیکدا قۆناغی دوای جەنگ و چۆنیەتی هێنانەکایەوەی ئاشتی وەک بەشێکی سەرەکی سەیرنەکراوە، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتر بۆتە بنەمایەکی سەرەکی ئەم تیۆرە. هەروەها لە ڕێگەی ئامانجاکانی کۆتایی بڕیاری لەسەر ئەوەدەدرێت، کە چ جۆرە جەنگێک ڕەوا دەبێت. چونکە جەنگی ڕەوا لە کۆتایدا دەبیت ببێتە بنەمایەک بۆ دامەزراندن و هاتنەکایەوەی ئاشتی ڕەوا. هەروەها ئەم بنەمایە بەشێکە لە تیۆرەکەی (مایکل وۆڵزەر) کە باسی لە قۆناغی پاش جەنگ کردوە. ئەگەر لە ڕابردودا بونی هۆکارێکی ڕەوا پاساوی جەنگێکی ڕەوای بوبێت، ئەوا دەبێت لە ئێستادا ئەو جەنگە سەرەڕای هەمو ئەو هۆکارانەی کە وەک بنەمای سەرەکی ڕەوایەتی سەیردەکرێن ئەوا دەبێت کۆتاییەکی ڕەواشی هەبێت.

ڕێکخراوی تیرۆستی داعش زۆر بەخێرای بەشێکی زۆری خاکی لە عێراق و سوریای خستەژێر دەسەڵاتی خۆی، بەڵام لەڕێگەی هاوپەیمانیەتی دژ بەم ڕێکخراوە لە ساڵی ٢٠١٨ دا بەتەواوەتی ئەو خاکەی لەژێر دەستدا نەما. ڕاستیەکی بەڵگەنەویست هەیە، کە بەتەنها لەناوبردنی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش و وەرگرتنەوەی زۆرینەی ئەو خاکەی کە ئەو ڕێکخراوە بەدەستی هێنابو، ناتوانرێت بڕیار لەسەر سەرکەوتن و ڕەوایەتی ئەو جەنگە بدرێت. بە مانایەکی تر، لە ناوبردنی هەر گروپێکی تیرۆرستی لەڕوی سەربازییەوە ناتوانرێت دەستەبەری قۆناغی ئاشتی و ئاسایش لە دورمەودا بکات. چونکە بەپێی ئەو تێز و گریمانانەی کە لە چوارچێوەی تیۆری جەنگی ڕەوا پشتمان پێبەستوە، ڕەوایەتی جەنگ پەیوەندیدارە بە کۆی ئەو قۆناغ و پرانسیپانەی کە بۆ ڕەوایەتی جەنگ دەیان گرێتەخۆی. لەدوای کردەوەی سەربازی کە بە تێکشکاندنی داعش کۆتاییهات لەڕوی سەربازییەوە، هەنگاوی دواتر دەبێت چارەسەری سیاسی و پرۆسەکانی ئاوەدانی و سەقامگیری سیاسی دەست پێ بکات. چونکە ڕونە کە لێپرسراویەتی جێبەجێکردنی بنەمای (jus post bellum) بەشێوەیەکی سەرەکی سیاسییە نەک بژاردەیەکی سەربازی. بۆیە دەکرێت جەنگ بەشێوەیەکی ڕەوا دەست پێ بکات و هەمو ئەو بنەمایانەی کە لە مافی چونە جەنگەوە جەختیان لەسەر دەکرێتەوە هەبن، بەڵام کۆتاییەکی ڕەوای نەبێت لە دەستەبەرکردنی ئاشتی و دادپەروەری. لێرەدا وەڵامی چەند پرسێکی گرنگ دەدرێتەوە، وەک: ئایا پێویستە کۆتای جەنگ چۆن بێت؟ کە لە ڕێگەی ئاشتی ڕەواوە دەکرێت ئەم کۆتایە هەڵبسەنگێنرێت. بۆیە لەم بەشەدا گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە

لەکاتێکدا ئەنجامەکان ڕون نەبن چۆن دەکرێت کۆتاییەکی سەرکەوتوی هەبێت؟ ئایا کۆتایی داعش لەڕوی سەربازیەوە بەمانای کۆتایی توندوتیژی و دەستەبەرکردنی ئاشتی دێت؟ یان چۆن پێناسە و دەستنیشانی سەرکەوتن دەکرێت؟ ئایا زیادبونی ئاسایشی ڕۆژئاوا و کەمبونەوەی هێرشە تیرۆریستیەکان لە قۆناغێکدا بە سەرکەوتن دادەنرێت؟ هەروەها دادپەروەری و پرۆسەی دادگایکرنی تاوانبارانی جەنگ چۆن بەڕێوەدەچێت؟ لەم بەشەدا بەشێوەی سەرەکی هەوڵدەدرێت وەڵامی کۆی ئەو پرسیارانەی سەرەوە بدرێتەوە لە چوارچێوەی پرانسیپەکانی ئەم تیۆرەدا. بۆیە بۆئەوەی جەنگ کۆتایەکی ڕەوای هەبێت، دەبێت باس لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەم کۆتایە ڕەوایە بکەین، کە بەشێوەیەکی سەرەکی بریتیین لە داداگایکردنی تاوانباران و بونیادنانی ئاشتی و ئاسایش و ئاوەدانکردنەوە.

**٢_٨ دادگایکردنی تاوانبارانی جەنگ و بنەمای لێپرسراویەتی:**

بابەتی بەرپرسیاریەتی تاوانکاری بەیەکێک لە بابەت گرنگەکانی قۆناغی پاش جەنگ دادەنرێت، کە دەبێت ئەو کەسانەی تاوانیان ئەنجامداوە ڕوبەڕوی لێپرسینەوە ببنەوە. (مایکڵ وۆلزەر) گرنگیەکی زۆری بە بابەتی دادگای کردنی تاوانبارانی جەنگ داوە، بە جۆرێک کە جەنگ ڕەوا نابێت ئەگەر بەشێوەیەکی سەرەکی تاوانبارانی جەنگ ڕوبەڕوی لێپرسینەوە نەکرێنەوە.(1) دادگای تاوانکاری بەشێکی گرنگن لە دامەزراوەی سیستەمی دادپەروەری نێودەوڵەتی، کە پارێزگاری لە بنەماکانی مافی مرۆڤ دەکەن. یەکێک لە میکانیزمە سەرەکییەکانی دەستەبەرکردنی ئاشتەوایی بریتییە لە بەدیهێنانی دادپەروەری بۆ هەمو ئەو گروپ و لایەنانەی کە بەشێکن لە قوربانی جەنگ. دادپەروەری بەیەکێک لە بنەما هەرە سەرەکیەکان دادەنرێت، چونکە تەنها لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە دادپەروەری دەتوانین لە ڕوانینی ئاشتی تێبگەین.

بۆیە پێویستە دادپەروەری لە قۆناغی پاش جەنگ لەڕێگەی دادگایکردنێکی ڕەوا بۆ تاوانبارانی جەنگ دەستەبەر بکرێت. تاوانبارانی جەنگ بەپێی سەرپێچیکردنی بنەماو پرانسیپەکانی تیۆری جەنگی ڕەوا دەستنیشان دەکرێن کە چەندین شێوازی جیاواز لە خۆدەگرێت. بۆیە ئەم پرسە لەنێو ئەدەبیات و بنیادنانی ئاشتی وەک بابەتێک هەمیشە بە هەستیارییەوە پێداگیری لەسەر دەکرێ. چونکە یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکانی پرۆسەی ئاشتەوایی بریتییە لە دادپەروەری بۆ هەمو ئەوانەی کە قوربانی جەنگن. لای یاساناسی ئەڵمانی ڕۆبێرت مۆهال (Robert von Mohl) هەمان ڕوانین ئامادەی هەیە و تیایدا باوەڕی وایە، هۆکاری کۆتایی بۆ جەنگ بریتییە لە گێڕانەوەی یاسا و ئاشتی.(2) بیرمەندی یاسای نێودەوڵەتی (لاری مەی) لایەنگری ئەم بۆچونە دەکات و باوەڕی وایە دادپەروەری دوای جەنگ دەبێتە مەرجێکی پێشینەی بۆ پرۆسەی ئاشتەوایی و دوبارە بونیادنانەوەی کۆمەڵگا.(3) یەکێک لە

(1) Walzer, Michael Just and Unjust Wars: 288.

(2) Simon, Hendrik. "The myth of liberum ius ad bellum: justifying war in 19th-century legal theory and political practice:126.

(3) May, Larry. *Contingent Pacifism*. Cambridge University Press, 2015:176.

ئامانجە سەرەکییەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی پارێزگاری کردنە لە ئاشتی جیهانی، لەم نێوەندەشدا دامەزراوە یاسای و دادوەرییە نێودەوڵەتییەکان لە قۆناغی دوای جەنگ و ململانێی بە هەنگاوی بنەڕەتی دادەنرێن، لە گێرانەوەی پرۆسەی ئاشتی. چونکە لە دوای هەر جەنگێک کە تێیدا تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، جینۆساید و تاوانی جەنگ ڕویاندابێت، دەبێت ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە دادگایی بکرێت و دادپەروەری بەسەریاندا بچەسپێت.

ئاشکرایە، ئەو تاوانانەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە عێراق ئەنجامی داون، خۆی لە هەریەکە لە تاوانە نێودەوڵەتییەکانی وەک جینۆساید، تاوانە دژی مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ لەخۆدەگرن. لەهەمانکاتدا لەپێناو بە سزاگەیاندنی تاوانبارانی جەنگ، بەپێی داتاو ڕاپرسیەکان بێت دانیشتوانی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی داعش و ئاوارەکان باوەڕیان وایە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی تۆکمە پرۆسەی ئاشتەوایی سەرکەوتوبێت، پێویستە دادپەروەری دوای جەنگ دەستەبەربکرێت. پرسیارە سەرەکیە لێرەدا ئەوەیە، ئایا دەوڵەتان و ئەندامانی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی، پاش بەزاندنی داعش، دەتوانن لە هەمبەر ئەو تاوانانەی کە ئەم گروپە ئەنجامیداون چی بکەن؟ لە چ ڕێگە و میکانیزمێکەوە، دەکرێ ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە بە سزای خۆیان بگەن؟ لە هەمانکاتدا دەکرێت بپرسیت ئایا پرۆسەی دادگایکردنی تۆمەتباران دادپەروەری تێدایە هەر وەک لە گریمانەکانی تیۆری جەنگی ڕەوا جەختی لەسەر دەکرێتەوە؟ لەم بەشەدا شیکردنەوە لە گرنگترین ئەو شێواز و ڕیگایانە کە پەیوەستن بە دادگایکردنی تاوانبارانی جەنگ و بنەمای لێپرسراویەتی دوای جەنگ دەردەکەوێت.

### ٨_٢_١ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (International Criminal Court):

هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی دادگا نێودەوڵەتی، بابەتێکی تازە نییە. یەکەم پرۆژە بۆ دامەزراندنی دادگایەکی هەمیشەی تاوانکاری نێودەوڵەتی دەگەڕێتەوە بۆ پێشنیاری لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوری نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٨٨٢.[1] لەم پێشنیارەدا بونی دادگایەکی تاوانکاری نێودەوڵەتی وە میکانزمێک بە پێویست دادەنرا بۆ هەمو ئەوانەی پێشێلکاری پەیماننامەی جنێڤ ساڵی ١٨٦٤ و یاسای جەنگ دەکەن.[2] بەڵام ئەو تێز و پێشنیارانە لەو کاتەدا نەچونە بواری کرداری بەهۆی بارودۆخ و ململانێی سیاسییەکانی ئەو کات. هەروەها لە دوای ئەم قۆناغەشدا چەندین هەوڵی تر دراون بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەم دادگایە بێتەکایەوە بە تایبەت دوای هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم، کە زۆر بە فراوانی یاسا و پەیماننامەکانی پەیوەست بە جەنگ پێشێلکرابون. دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بریتییە لە دامەزراوەیەکی تاوانکاری نێودەوڵەتی، کە دامەزراوە دوای ڕێکەوتننامەی ڕۆما، کە لە ساڵی

---

[1] Jackson Maogoto, “Early Efforts to Establish an International Criminal Court”, In José Doria and Hans-peter Gaser *et al* (eds.), *The Legal Regime of the International Criminal Court*, Vol. 19, (Leiden *et al*: Martinus Nijhoff Publishers, 2009): 5.

[2] Schabas, William A. *An introduction to the international criminal court*. Cambridge University Press, 2011:2.

١٩٩٨ بڕیاری لەسەردراوە و لەساڵی ٢٠٠٢ چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.[1] ئەم دادگایە دادگایەکی هەمیشەییە، کە تێیدا کەسایەتی یاسای نێودەوڵەتی هەیە.[2] یەکێک لەو مەرجانەی ئەو دادگایە هەیەتی پەیوەستە بە ئەندامییەتی ئەو دەوڵەتەی کە تاوانەکەی تێیدا ئەنجام دەدرێت. بەڵام ئەو دادگایانە دامەزراوەن وەک بەشێکی گرنگ لە ستراکچەری یاسای نێودەوڵەتی، کە بەسەر تاکەکان لە جیاتی خودی دەوڵەتان جێبەجێ دەبن.[3] بۆیە دادگا نێودەوڵەتیەکان بە میکانزمێکی گونجاو دادەنرێن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کێشە و پرسانەی پەیوەستن بە دادگایکردنی تاوانبارانی دژ بە ئاشتی و سەقامگیری.[4] هەروەها ئەم دادگایە تایبەتمەندە بە دادگاییکردنی تاوانە نێودەوڵەتییەکانی وەک جینۆساید، تاوانەکانی دژە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ.

هەرچەند داعش کارەکتەرێکی نادەوڵەتییە، بەڵام تاوانەکانی سەرپێچی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتیەکانە. بۆیە، ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە، بەرپرسیارێتیی سزاییان دەکەوێتە سەر و، دەکرێت لە دادگە نێودەوڵەتییەکانیش دادگەیی بکرێن. بەپێی ماددەکانی (٥) هەتا (٨)ی پەیڕەو، ئەو تاوانانەی دادگاکە دەتوانێ سەیریان بکات بریتیین لە: تاوانی جینۆساید، تاوانە دژە مرۆییەکان، تاوانەکانی جەنگ و تاوانی دوژمنکاری.[5] بەپێی ماددەی (١٣) لە پەیڕەو، دادگا لە سێ حاڵەتدا دەتوانێ دەسەڵاتەکانی خۆی دەربارەی ئەو تاوانانەی، کە ئەنجام دراون بەکار بهێنێ، وەک ئەمانەی خوارەوە:[6]

أ) ئەگەر دەوڵەتێکی ئەندام بەپێی ماددەی (١٤)، لە حاڵەتی ڕودانی تاوانێک (دۆسییەکە) ڕەوانەی لای داواکاری گشتیی بکات.

ب) ئەگەر ئەنجومەنی ئاسایش بەپێی بەندی حەوتەم لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان، لە حاڵەتی ڕودانی تاوانێک یان چەند تاوانێک، ڕەوانەی داواکاری گشتیی بکات.

---

(1) See the Rome Statute of the ICC (The ICC Statute) (adopted 17 July 1998, entered into force 1 July 2002) 2187 UNTS 90.

(2) بۆ زانیاری لەسەر پاشخان و بونیادی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بڕوانە:

Al-Saiedi,A. and Coughlin, K. et al. Never Forget: Views on Peace and Justice Within Conflict-Affected Communities in Northern Iraq,June 2020 , Available at: https://hhi.harvard.edu/sites/default/files/publications/neverforget_eng3.pdf?fbclid=IwAR3WelM5T1_BTlrlxdItYAgIezx-U30bMOTa2TL-Qgfv7lQv_CThF9QEyJI(accessed 7 June 2020).

Schabas, William A. *An introduction to the international criminal court*. Cambridge University Press, 2011.

(3) بارەگای سەرەکی ئەم دادگایە لە لەشاری لاهای-ە لە وڵاتی هۆڵەندا، بەڵام دەتوانرێت لەهەرشوێنێك پێویستبێت دادگاییەکانی بەڕێوە بەرێت. ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی، کە ئەندامن لەم دادگایە (123) دەوڵەتە و لە چەندین دامەزارەوەی بەڕێوەبردن پێك دێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

The ICC Statute, Art. 3.

(4) Orend, Brian, War and International Justice, 230; May, Larry, After War Ends, 82.

(5) The ICC Statute, Art. 5-8.

(6) The ICC Statute, Art. 13.

ج) ئەگەر داواکاری گشتیی دادگەی تاوانی نێودەوڵەتی، بەپێی بەندی (١٥)ی پەیڕەو، ڕاستەوخۆ دەست بە لێکۆڵینەوە بکات لەو تاوانانەی ڕویان داوە.

عێراق ئەندامی ڕێککەوتننامەی ڕۆما نییە، کە داعش لەسەر خاکی ئەو دەوڵەتە تاوانی ئەنجام داوە، واتە جێبەجێکردنی ماددەی (١٣) بڕگەی (ا) لەسەر ئەوان جێبەجێ ناکرێت. بۆیە دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (ICC) تایبەتمەندی نییە لەو تاوانانەی کە لە عێراقدا ڕودەدەن. سەربارى ئەوەی یەکێتی ئەوروپاو ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان داوایان لە عێراق کردوە بۆ ئەوەی ببێتە ئەندام لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و ڕێگەدان بە دادگای کردنی تاوانەکانی جینۆساید، تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی. بەڵام عێراق هیچ ئاماژەیەکی دەرنەخستوە بۆ ئەوەی ببێتە ئەندام لەو ڕێکخراوە، هەر وەک سەرۆک وەزیرانی ئەوکات (حەیدەر عەبادی) بە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ڕاگەیاند، کە هیچ بەرنامەیەکیان بۆ ئەندام بون لەو دادگایە نییە.

تەنانەت ئەگەر دەوڵەتێک ئەندام نەبێت، دەتوانێت دۆسیەکە بە ڕاگەیاندنێک دەسەڵاتی دادگایەکە پەسندبکات بۆ دادگای کردنی ئەو تاوانانەی کە لە سنوری خاکە ڕویانداوە. ئەمەش بەپێی ماددەی (١٢) بڕگەی (٣)، ئەگەر بێت و دەوڵەتێک کە ئەندام نییە لە دادگاکە، ئەوا دەتوانێ بەپێی ڕاگەیاندراوێک لە لای بەڕێوەبەری تۆماری دادگا، قبوڵی ئەوە بکات دادگا دەسەڵاتەکانی خۆی بەکار بهێنێ، دەربارەی ئەو تاوانەی کە لەسەر خاکی وڵاتەکەی ئەنجامدراون.[1] بەڵام عێراق تەنانەت ڕاگەیاندنەکەشی نەکرد بۆ ئەوەی بەشێوازی کاتی ئەو دۆسیەیە بچێتە دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی. میکانیزمێکی تر بۆ گێرانەوەی ئەم دۆسیەیەی کە تاوانەکانی عێراق ڕویانداوە بۆ بەردەم ئەم دادگایە بریتییە لە ئەنجومەنی ئاسایش، کە دەیتوانی بەپرۆژە بڕیارێک دۆسیەکە بخاتە بەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی (١٣) بڕگەی (٢). ئەمە وەک باشترین بژاردە سەیر دەکرا، بۆ لێکۆڵینەوە لەلایەن دادگاکەوە سەبارەت بەو تاوانانەی ئەنجام دراون. بەڵام وەک دەرکەوت ئەنجومەنی ئاسایش ئەم بابەتەی پشتگوێخست و دۆسیەکەی نەگەڕاندەوە بۆ ئەم دادگایە. چونکە لەم حاڵەتەدا، ویست و ئیرادەی نێودەوڵەتی لە پشت دادگاوە دەبێت بۆ سزادانی تۆمەتباران.

ئەوەی کە لێرەدا دەردەکەوێت، ئەوەیە، کە هۆکاری پشت ئەم بابەتە ڕەهەندی سیاسی هەیە. هەروەک چۆن پێشتر، لە کاتی ڕەوانەکردنی کێشەی سوریا بۆ دادگا، بە (١٣) دەنگی ڕازی و (٢) دەنگی ناڕازی، شکستی هێنا.[2] چونکە هەریەکە لە ئەمەریکا و ڕوسیا ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشن و هەردووکیشیان ئەکتەرن لەو کێشە و ململانێیانەی

---

[1] The ICC Statute, Art. 12.

[2] Russia, China block Security Council Referral of Syria to International Criminal Court, *UN News Centre*, (22 May 2020). Available at: http://www.un.org/apps/news/story.asp?NewsID=47860#.WIFQ59IrLIV>(Accessed: 22 January 2020).

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە لەسەر خاکی عێراق و سوریا هێزی چەکدارییان هەیە و، بە کردەوە تێکەڵ بە جەنگەکەن. لە کاتی لێکۆڵینەوەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، لێکۆڵینەوە لە چالاکیی سەربازیی ئەو وڵاتانەیش بکرێت، ئەمەیش ترسێک لای ئەو دەوڵەتانە دروست دەکات. بەپێی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ بێت ئەم هێزانانە تێوەگلاون لە تاوانی گەورە و سەرپێچی کردن لە بنەماکانی یاسای جەنگ.[(1)] هەروەها گروپە چەکدارییە ناوخۆییەکان و هێزەکانی عێراقیش سەرپێچی یاساو ڕێسا نێودەوڵەتییەکانیان کردوە.[(2)] هەروەها لە هەمانکاتیشدا، دەوڵەتی (چین)یش دژ بە گواستنەوەی کەیسی تاوانبارانی جەنگ بو بۆ ئەم دادگایە، چونکە ترسی هەبو کە پرۆسەی لێکۆڵینەوەکان فراوانتر بکرێن بۆ ئاستی حکومەت و سەرۆکی سوریاش بگرێتەوە.[(3)]

بۆیە وەک هۆکارێکی سیاسی ئەنجومەنی ئاسایش، بەگوێرەی میکانیزمەکانی هیچ هەوڵدانێکی نەکرد بۆ گواستنەوەی ئەم دۆسیەیە بۆ بەردەم دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی. لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستیە کە ئەو بارودۆخەی داعشی بەرهەمهێنا زۆر ئاڵۆزتر و پڕ کێشەترە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە ئەو تاوانانەی کە داعش ئەنجامی داون. هەروەها بەهۆی زۆری لایەنە بەشدارەکان و ئەنجامدانی تاوانی جەنگ لە خاکی عێراقدا وای کرد ئەم کەیسە نەچێتە بەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی. هەروەها ئەگەر عێراق ببێتە ئەندام، ئەندامانی هێزەکانی ئەمەریکا و ئەوانەی پێشێلکاری دەکەن لەسەر خاکی عێراقدا ڕوبەڕوی دادگاییکردن دەبنەوە، بۆیە بونی ئەمەریکا لە عێراق خۆی بۆتە بەشێک لە فشار بۆ نەبونە ئەندام بۆ ئەوەی هاووڵاتی و سەربازەکانی لە دادگایکردنی ئەم دادگایە بە دوربن.

### ٨_٢_٢ دادگای کاتیی نێودەوڵەتی تایبەت (ad hoc tribunal):

ئەم جۆرە دادگا تایبەتییە نێودەوڵەتییانە لە ڕێگەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشەوە بەشێوەیەکی کاتی لە دوای تەواوبونی جەنگ دروست دەکرێن، وەک دادگاییەکانی نۆرمبێرگ و یۆگۆسلاڤیا و چەندین دادگای کاتی تر. ئەم دادگایە بە یەکێک لە میکانیزمەکانی سزادانی تاوانبارانی تاوانە گەورەکان بۆ لێپرسینەوە و دادگاییکردنی دۆسیەکانیان دادەنرێت. پاش کۆتایی هاتنی جەنگی سارد ژمارەیەک تاوان لە سنوری خاکی یۆگۆسلاڤیای پێشو ئەنجامدران، لە وەڵامی ئەمانە ئەنجومەنی ئاسایش، دادگای یۆگۆسلاڤیای (International criminal tribunal for the former yugoslavia ICTY) دامەزراند لە بەرواری ٢٥-٥-١٩٩٣ بە بڕیاری ژمارە (٨٢٧) لە ژێر ڕۆشنای بەندی حەوتی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان وەک

(1) Watch, Human Rights, “Russia/Syria: War Crimes in Month of Bombing Aleppo”, (1 December 2016). Available at: https://www.hrw.org/news/2016/12/01/russia/syria-war-crimes-month-bombing-aleppo> (Accessed: 22 January 2020).

(2) Amnesty International, “The State of the World’s Human Rights: Report 2017-2018”, 2018: 203- 351.

(3) El-Masri, Samar. "Prosecuting ISIS for the sexual slavery of the Yazidi women and girls." (2018): 13.

هەنگاوێک بۆ گێرانەوەی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.[1] دادگایەکە هەستا بە دادگایکردنی سەرانی سیاسی و سەربازی یۆگۆسلاڤیای کۆن بۆ ئەنجامدانی تاوان لە سنوری خاکەکەی.[2] بەهەمان شێوەی دادگای یۆگۆسلاڤیا، ئەنجومەنی ئاسایش دادگای ڕوەندای (International Criminal Tribunal for Rwanda) بەناوی (دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ڕواندا) دامەزراند، لە ڕێکەوتی (١٩٩٤/١١/٨) بە بڕیاری ژمارە (٩٥٥) لەژێر ڕۆشنای پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان، لە وەڵامی ئەو تاوانانەی ئەنجامدران لەلایەن ڕەواندییەکانەوە لە نێوان (١٩٩٤/١/١) بۆ (١٩٩٤/١٢/٣١).[3] ئەمەش دادگایەکی کاتی بو، بۆ دادگای کردنی ئەو کەسانەی کە بەرپرسیار بون لە ئەنجامدانی جێنۆساید[4] و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی[5] و پێشێلکاری پەیماننامە وڕێساکانی پەیوەست بە جەنگ دامەزرا.[6]

ئەندامەکانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش ژمارەیەکی زۆر لە شەڕکەرانی بیانی لە خۆدەگرت، بۆیە تەنانەت پێش لە ناوبردنی داعش لەڕوی سەربازییەوە بەشێک لە دەوڵەتانی خۆرئاوا پێشنیاری دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتیان بە پێویست دادەنا. چونکە هەمو ئەو تاوانانەی داعش ئەنجامی داون لە کوشتنی بە کۆمەڵ، دەستدرێژی سێکسی، جێنۆساید و تاوانی جەنگ پێویست بو ڕوبەڕوی دادپەروەری ببنەوە. لە ساڵی (٢٠١٩) لەکۆبونەوەی کۆمەڵەی گشتی، هۆڵەندا کۆبونەوەیەکی ڕێکخست لە پێناو خستنەڕوی میکانیزمەکانی دادگایکردنی چەکدارانانی داعش، کە دادگای کاتی (ad hoc tribunal) یەکێک بو لە پێشنیارە سەرەکییەکان و هانی دەوڵەتانی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دا بۆ ئەوەی پێکەوە کار لەسەر دروستکردنی ئەم دادگایە بکەن.[7] لێرەدا بۆچونێک هەیە، کە لەکاتێکدا دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بەهۆی نەبونی ئەندامیەتی عێراق تایبەتمەند نییە. بۆیە بەڕای پسپۆڕانی یاسای نێودەوڵەتی، بونی دادگایەکی نێودەوڵەتی دەتوانێت دادپەروەری زیاتر بێنێتەکایەوە لە بەرامبەر دادگا ناوخۆییەکان. بۆیە دەکرا دادگایەکی کاتی هاوشێوەی ئەو دادگایانەی پێشو دروست بکرێت بۆ دادگای کردنی تاوانبارانی جەنگ. بەڵام ئەم میکانیزمەش بە هۆکاری سیاسی،

---

(1) The Statute of the International Criminal Tribunal for the Former Yugoslavia (The ICTY Statute) (adopted 25 May 1993, as amended 6 September 2016) UN Doc. S/Res/827.
(2) Ibid,: Art. 1
(3) The Statute of the International Criminal Tribunal for Rwanda (The ICTR Statute) (adopted 8 November 1994, as amended 16 December 2009) UN Doc. S/Res/ 955, Art.1.
(4) Ibid,: Art. 2.
(5) Ibid,: Art. 3.
(6) Ibid,: Art. 4.

(7) Speech by Minister of Foreign Affairs Stef Blok Justice after ISIS, Government of Netherlands, Available at, https://www.government.nl/documents/speeches/2019/09/26/speech-foreign-minister-blok-at-accountability-for-atrocity-crimes-committed-by-daesh%E2%80%99-flagship-event>(Accessed: 1 October 2019.

پشتگوێی خرا،[1] کە هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش ڕێکنەکەوتون. ئەویش بەهۆی ئەوەی هەریەکە لە دەوڵەتانی ئەمەریکا و ڕوسیا چەندین تاوان و پێشێلکاریان ئەنجامداوە. هەڵبەتە ئەمە بە مانای ئەوە نیە، کە بونی دادگایەکی لەوشێوەیە بتوانرێت بە ئاسانی بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە هەر یەکە لە دەوڵەتان بەپێی بەرژەوەندی خۆیان دابەشبونە و هەروەها تێچوی ئەو دادگایانەش لە باری داراییەوە زۆرە. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە، دەکرێت دادگایەکی ئەوا سەرباری بەربەستەکانی، بکەر و تاوانبارانی جەنگ ڕوبەڕوی لێپرسراویەتێکی دادپەروەرانە بکاتەوە.

**٨_٢_٣ دادگایەکی تێکەڵاوی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی (Hybrid Court):**

ئەم جۆرە دادگایە بە دادگایەکی بە نێودەوڵەتی کراو دەناسرێت، زۆرکات پێیان دەوترێت نەوەی سێیەمی دادگای تاوانکارییە نێودەوڵەتیەکان، کە لە کۆتای سەدەی ڕابردو دەرکەوتوە. بە گشتی ئەم دادگایانە بەشێوەیەکی کاتی دادەمەزرێن کە ڕەهەندی نێودەوڵەتی و ناوخۆیان هەیە. هەروەها ئەم جۆرە دادگایە بە ڕێکەوتن لە نێوان نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەو دەوڵەتەی دەیەوێت دادگاکە دروست بکرێت، دێتەکایەوە. ئەو دادگایانەش وەک هەمو دادگا تاوانکارییە نێودەوڵەتییەکان مامەڵە لە پێشێلکاریەکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤ دەکەن. کە لە ستافێکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی پێک دێن.[2] ئەم دادگایەش میکانزمێکی گونجاو بو لەجیاتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، لەم بارەیەشەوە چەندین دەوڵەت پێشنیاری دامەزراندنیان کرد.[3] وەک پێشتر باسکرا، ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش شێوازێکی بێ وێنە و جیاواز بو لە ڕێکخراوە تیرۆریستیەکانی پێش خۆی بە جۆرێک کە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە لە چەندین وڵات و نەتەوەی جیاواز پێکهاتبون. بۆیە لە دوای قۆناغی شکستی ئەو ڕێکخراوە لەڕوی سەربازییەوە، دید و پێشنیاری زۆر لەسەر بابەتی چۆنیەتی بەدەستهێنانی ڕەوایەتی و دادپەروەری بۆ ئەندامان و خێزانەکانی ئەو ڕێکخراوە باسی سەرەکی بو.

لێرەدا یەکێک لە بژارەکان کە باسکرا، دەبو ئامادەکاری بۆ بکرایە، ئەویش بریتیبو لە هێنانەکایەوەی دادگایەکی هاوبەش کە بە (Hybrid) دەناسرێت. بانگەشەی سەرەکی لایەنگرانی ئەم دادگایە ئەوە بو، لەڕێگەی دادگایەکی هاوبەشی دەکرێت ستاندارە نێودەوڵەتییەکان بۆ

---

(1) بۆ تێگەیشتن لە سەر پرۆسەی دادپەروەری لە نێوان دیالۆگی سیاسەت و یاسادا، پرۆفسیۆر کێنز ڕۆدمان ( Kenneth A. Rodman) توێژینەوەیەکی بە بایەخی ئەنجامداوە لەم بارەیەوە وەك:

Rodman, Kenneth A. "Justice as a dialogue between law and politics: embedding the International Criminal Court within conflict management and peacebuilding." *Journal of International Criminal Justice* 12, no. 3 (2014): 437-469.

(2) Dickinson, Laura A. "The promise of hybrid courts." *American Journal of International Law* 97, no. 2 (2003): 295.

(3) بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کەیسەکانی ئەم دادگایە و چۆنیەتی بەڕێوەچونی دەکرێت سود لەم توێژینەوانە وەربگیرێت:

Ambos, Kai, and Mohamed Othman. *New Approaches in International Criminal Justice: Kosovo, East Timor, Sierra Leone and Cambodia*. edition iuscrim, 2003.

کەیسی دادگایکردن و چۆنیەتی بەڕێوەچونی دەستەبەر بکرێت.[1] بە بۆچونی هەندێک لە توێژەرانی یاسایی ئەم جۆرە لە دادگایە دەتوانێ ڕێگایەکی گونجاو بێت لە نێوان دادگا نێودەوڵەتی، کە لە هەلومەرجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەمرۆدا ئاسۆیەکی ڕون لەبەردەم جێبەجێبونیدا بەدیناکرێت، لەگەڵ دادگا ناوخۆییەکان. ئاندرێو جی. ڕایتر ( Andrew G. Reiter) پشتگیری ئەم دادگایە دەکات و پێی وایە ئەم دادگایە باشترین بژاردەیە بۆ دادگایکردنی تۆمەتبارانی ئەندامانی داعش، چونکە دادگا کاتییەکان خەرجی و تێچونێکی ئێجگار زۆریان پێویستە بەبەراورد بەم دادگایە، هەروەها بونی دادگایەکی هاوشێوەیە کاریگەرییەکی گەورە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەجێدەهێڵێت.[2]

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە (٢١ی ئەیلولی ٢٠١٧) ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بە کۆی دەنگ بڕیاری (٢٣٧٩) لەسەر دروستکردنی تیمێکی لێکۆڵینەوە بە سەرۆکایەتی "کەریم ئەحمەد خان" دەرکرد[3] بۆ کۆکردنەوەو پاراستنی بەڵگەی تاوانە گەورەکان، کە لەلایەن داعش لە عێراق ئەنجام دراون،[4] کە بەریتانیا ئامادەکاری ڕەشنوسی بڕیارەکەیە و ئەمەریکاش تێیدا بەشداری پرۆسەکەی کردوە.[5] بەڵام هەندێک پرسیاری سەرەکی ڕوبەڕوی ئەو تیمە دەبێتەوە، وەک: ئەوەی لە ڕوی دارایی و تەکنیکیەوە کێ پشتگیری ئەو تیمە دەکات؟ ئەو بەڵگەو دیکۆمێنتانەی دەستی دەکەوێت لە چ دادگایەکی ناوخۆی، هاوبەش یاخود نێودەوڵەتی بەکار دەهێنرێن؟ و ڕەچاوی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان دەکرێت. ئەوەی دەردەکەوێت لە بواری پراکتیکی دا ئەم تیمە هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی هاوکاری تەکنیکی دامەزراوە دادوەریەکانی عێراق لە کۆکردنەوەی زانیاری و دیکۆمێنت دەربارەی تاوانەکانی داعش، کە لە عێراقدا ئەنجامی داون.

بەهەمانشێوە پێشتر، دوای بەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس، دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان، بژاردەی جۆراجۆری لەبەردەستدا بو بۆ چۆنێتیی دادگاییکردنی سەرانی ڕژێمی بەعس، بەڵام دواجار ئەرکەکە بە دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق سپێردرا. هەروەها لە کەیسی عێراقدا ئەم تیمە بۆ لێکۆڵینەوە دەبو کاری لەسەر ئەو سەرپێچیە یاساییەکان کردبایە، کە لەلایەن هێزەکانی دەرەوەی داعش ئەنجامدراون. بۆیە ئەنجومەنەکە لە تیشک خستنەسەر ئەو پێشێلکاریانەی

---

[1] Reiter, Andrew G. How To Put ISIS Members On Trial: The best way the only real option is a new hybrid international tribunal, Jul 10, 2019, Available at: https://arcdigital.media/how-to-put-isis-members-on-trial-de8cfc154859> (accessed 3 March 2010).

[2] Ibid,.

[3] بۆ زانیاری لەسەر تیمی لێکۆڵینەوە، لە تاوانەکانی داعش لە عێراقدا بڕوانە ئەم توێژینەوەیە:
Van Schaack, Beth. "The Iraq investigative team and prospects for justice for the Yazidi genocide." *Journal of International Criminal Justice* 16, no. 1 (2018): 113-139.

[4] UN Security Council Resolution 2379, September 2017.

[5] Kaufman, Zachary D. "The Prospects, Problems and Proliferation of Recent UN Investigations of International Law Violations." *Journal of International Criminal Justice* 16, no. 1 (2018): 3.

لەلایەن هێزەکانی سەر بە حکومەت ئەنجام دراون لە چوارچێوەی هەمان بڕیاردا شکستی هێنا.[1] ئەوەی دەردەکەوێت ئەوەیە، کە بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش بڕیارێکی گشتگیر و گەورە نییە لە بەرامبەر ئاستی ئەو تاوانانەی کە لەخاکی عێراق ڕوویانداوە. هەروەها هاوکاری نێوان حکومەتی عێراق و تیمی لێکۆلینەوەی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان هاوکاریەکی ئەوەندە گەورەی لێنەکەوتەوە، کە ببێتە هۆکارێک بۆ ئەگەری هاتنەئارای جۆرێک لە دادپەروەرییە.

یەکێکی تر لەو ئەگەرانەی کە باسی لێوە دەکرێت، لە ئاستی پێکهێنانی دادگایەکی لەم شێوەیە پەیوەستە بە سزای لەسێدارەدان، کە بەهەمو شێوەیەک لەلایەن دەوڵەتانی ئەوروپا ڕەتدەکرێتەوە. بۆیە پێویست بو حکومەتی عێراق لەو کاتەدا ڕازیبێت بە هەڵپەساردنی سزای لە سێدارەدان.[2] بەڵام لەم بارەیەشەوە، پێشینەیەکی نزیک هەیە: حکومەتی لوبنانی ڕازیبو بە هەڵپەساردنی سزای لە سێدارەدان بۆ ئەو کەیسانەی دادگای تایبەتی لوبنان وەک بەشێک لە ڕێکەوتنی حکومەت لەگەڵ نەتەوە یەکگرتوەکان.[3]

دەتوانین لە هەڵسەنگاندنی ئەم بۆچونەدا بڵێن، ئەم دادگایە بەیەکێک لە میکانیزمەکانی سەپاندنی دادپەروەری دادەنرێت لە قۆناغی پاش جەنگ بۆ ئەوەی ڕێگری لە سەرپێچی مافەکانی مرۆڤ بکات و پرۆسەی ئاشتی بێنێتەکایەوە. بۆیە بەڕای زۆرێک لە توێژەران بە یەکێک لە بژاردە گونجاوەکان دادەنرا، بۆدەستەبەرکردنی دادپەروەری لە کەیسی تاوانەکانی داعش. لەم بارەیەوە دەوڵەتی سوید بە پشتگیری هۆڵەندا، پرۆپۆزەلێکی بۆ دامەزراندنی دادگایەکی هاوبەش خستەڕو، کە هەر دوو ڕەگەزی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لە خۆبگرێت.[4] چەندین نمونەی ئەم جۆرە دادگایە پێشتر دامەزرێندراون، وەک تەیموری خۆرهەڵات، سیرالیۆن، کۆسۆڤۆ، کەمبۆدیا و بۆسنە.[5] توێژەران ئاماژە بەوە دەکەن، کە کەموکوڕتی دادگای تاوانکاری

---

[1] Meek, J.G. et al., 'US Ignores Evidence of Atrocities by Blacklisted Iraqi Military Unit', ABC News, 31 March 2017, Available at: https://abcnews.go.com/International/us-ignores-evidence-atrocities-blacklisted-iraqi-military-unit/story?id=47745913 (accessed 5 March 2020).

[2] Dworkin, Anthony, A tribunal for ISIS fighter? 31st May, 2019, Available at:https://www.ecfr.eu/article/commentary_a_tribunal_for_isis_fighters> (accessed 3 March 2020).

[3] Factsheet: Special Tribunal for Lebanon, Special Tribunal for Lebanon-United Nations, http://www.un.org/apps/news/infocus/lebanon/tribunal/factsheet.shtml (accessed on November 2, 2019).

[4] Kersten, Mark, Options on the Table: A Hybrid Tribunal to Prosecute ISIL fighters, 18 september 2019, Available at: https://justiceinconflict.org/2019/09/18/options-on-the-table-a-hybrid-tribunal-to-prosecute-isil-fighters/>> (accessed 22 March 20120).

[5] Hybrid Justice project, Available at: <https://hybridjustice.com/about/>(accessed 18 March 2020).

نێودەوڵەتی وای کردوە، لە چەندین کەیسی جیاواز ئەم جۆرە دادگایە دابمەزرێت.[1] لە کەیسی داعشدا، دەوڵەتانی ئەوروپی لەڕێگەی ئەو پڕۆژانەی پێشکەشیان کردوە بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری لە پاش جەنگدا، بە پێشەنگی دەستپێشخەری بۆ دامەزراندنی دادگایەکی هاوشێوە دادەنرێن. بەهۆی گەورەیی ئەو تاوانانەی ئەنجام دراون و بونی چەکدارانی وڵاتانی بیانی لەناو داعش، دادگایەکی هاوبەش دەکرا میکانیزمێکی گونجاو بێت وەک ئەرکی سەرشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕۆڵ گێرانیان لە پشتگیری کردنی هەوڵە دادوەریە دروست و سەربەخۆکان. بەڵام ئەم دادگایەش وەک میکانیزمەکانی پێشوتر، پشتگوێخرا، کە دەکرا پرۆسەی دادپەروەری و لێپرسراویەتی تاڕادەیەکی زۆر دەستەبەر بکرێت.

وەک دەبینرێت، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە گرتنەبەری ڕێگایەکی دروست لە میکانیزمەکانی دادپەروەری ڕاگوزەری (mechanism justice transitional) سەرکەوتو نەبوە.[2] هۆکاری سەرەکی پەیوەست بەم بابەتە، دەکرێت دوبارە پەیوەندی بە خۆدزینەوە بێت لە بەرپرسیاریەتی تاوانکاری، کە تێیدا بەرپرسانی سیاسی و سەربازی و هێزە چەکدارییەکان بخاتە بەردەم لێپرسراویەتی. دیارە بێگومان لە ناو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش هەست بە جۆرێک لە جیاوازی تێڕوانینەکان دەکرێت. بە جۆرێک بەشێک لە دەوڵەتانی ئەوروپی خواستی ئەوەیان هەبوە، کە لە پرۆسەی دادوەریکردنەکە لایەنی نێودەوڵەتی بەشداربێت، بەڵام هەرچی پەیوەستە بە ئەمەریکاوە ئەو داواکاریانە لە ئاستێکی باڵادا نەبون بۆئەوەی لە داهاتوودا نەبێتە مایەی ئاڵۆزی. بە تایبەت لە کاتێکدا کە کار لەسەر ئامادەکاری دارشتنی چەندین داواکاری دژ بە سەرپێچی هێزەکانی ئەمەریکا دەکرێت. هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بە ئامانجی بەرقەرارکردنی دادپەروەری بە تایبەت بۆ بەشێک لە قوربانیانی دەست داعش بەشێوەیەکی خێرا و پێویست نەبو، چونکە پرۆسە دادگایکردن و سزادانەی ئەندامانی داعش، کە لە عێراق بەڕێوەدەچێ زۆر خێراتر ئەنجامدەدرێن. ئەمەش بۆتە جێگەی ڕەخنەی هاوپەیمانییەتی لە دەست پێشخەرییە نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕێکار و مافە یاساییەکان.

---

[1] دەرباری کەیس و چۆنیەتی بەڕێوەچونی دادگای تێکەڵاو، بڕوانە تێزی دکتۆرای سارا ولیامز (Sarah Williams) کە پێشکەشی زانکۆی درهامی (Durham University) کردوە:

Williams, Sarah. "Hybrid and Internationalized Criminal Tribunals: Jurisdictional Issues." PhD diss., Durham University, 2009.

[2] ئامانجی ئەم قۆناغە بریتییە لە جێبەجێکردنی پرۆسەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان و بەدیکۆمێنتکردنی بەڵگەکان لەسەر کەسانی تۆمەتبار، کە زۆرجار بە دادپەروەریی گەڕێندراوە (Restorative Justice) ناودەبرێت. ئەم پرۆسەیە کۆمەڵێك میکانیزم لە خۆدەگرێت کە دەبێت دادگاکان پەیڕەوی بکەن لە کردارە دادوەرییەکان بەرامبەر بە ئەنجامدەرانی تاوان و هەروەها بابەتی قەرەبوکردنەوەی زیانەکانیش دەگرێتەخۆ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

Roht-Arriaza, Naomi, and Javier Mariezcurrena, eds. *Transitional justice in the twenty-first century: beyond truth versus justice*. Cambridge University Press, 2006.

**٨_٢_٤ دادگاییە ناوخۆییەکان (نیشتمانیەکان) و دۆسییەی تاوانەکانی داعش:**

وەک ڕێسایەکی گشتی لە یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتیدا بەپێی تایبەتمەندی هەرێمی، وڵاتان بەرپرسیاریەتی یاسایی سەرەکیان هەیە بۆ دادگاییکردنی تاوانە نێودەوڵەتییەکان. داعش تاوانەکانی ئەنجام داوە لە سنوری خاکی عێراق و سوریادا و زۆرینەی پلە بەرزەکانیان هاووڵاتی ئەم دوو وڵاتەن، بۆیە میکانیزمی تاوانکارییە سەرەکیەکان بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی تاوانەکانی داعش دادگا ناوخۆییەکانن. لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی تاوانە نێودەوڵەتییەکانی جینۆساید، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانەکانی جەنگ پێویستیان بە سیستەمێکی دادوەری ئاڵۆز هەیە، کە گرەنتی دادوەری و شەفاف بکات. گرنگترین ڕەگەزەکانی دادوەری و شەفافی بریتییە لە ویست، توانین، (ڕاستی و دروستی) لە پرۆسەی دادگایکردندا. نەبونی یەکێکیان لە سیستەمی دادوەری، وا دەکات، کە چالاک و کاریگەری نەبێت. عێراق دەیەوێت دادگایی چەکدارە تۆمەتبارەکانی داعش بکات. لایەنگرانی ئەم میکانیزمە پێیان وایە، ئەم بژاردەیە میکانزمێکی گونجاوە بۆ دادگای کردنی تۆمەتبارانی جەنگ. لەڕاستیدا ئەم بۆچونەی دوایی کاڵ و کرچی لە بیرکردنەوەدا پێوەدیارە و ڕەنگە بە دیوێکیشدا لەگەڵ ڕای پێشتر دژی یەک بن. چونکە کێشەکە توانا و ڕەسەنایەتی پرۆسەی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنی تاوانەکانە. عێراق لەم بابەتەدا چارەسەرێکی یاسایی ئەوتۆی پێ نییە. چونکە یاسای سزادانی عێراق[1] تاوانە نێودەوڵەتیەکانی وەک جینۆساید و تاوانی دژی مرۆڤایەتی نەگرتۆتەخۆ. بۆیە یاسای جێبەجێکراو سەبارەت بەو تاوانانەی کە داعش لە عێراق دا ئەنجامیداون، لە بەردەم دادگا عێراقیەکاندا بریتییە لە یاسای دژە تیرۆری عێراق.

یاساکانی دژە تیرۆر، کە لەلایەن حکومەتی عێراقی کاریان پێدەکرێ، ڕێگەی بە دادوەران داوە سزای ژمارەیەکی بەرفراوان لە خەڵک بدەن بە هەندێک لەوانەشەوە کە بە تاوانێکی دیاریکراوەوە تێوەنەگلاون. بۆ نمونە وەک ئەو پزیشکانەی لە نەخۆشخانەکانی داعش کاریان کردوە یان چێشتلێنەرەکان، کە خواردنیان بۆ چەکدارانی داعش ئامادەکردوە. یاساکانی دژە تیرۆر سزای زۆر توندیان تێدایە، وەک زیندانی هەتاهەتایی و سزای لە سێدارەدان تەنانەت بۆ تەنها تۆمەتی ئەندام بون لەناو داعشدا.[2] لەکاتێکدا کە نەتەوە یەکگرتوەکان دژ بە سەپاندنی سزای لە سێدارەدانە، کە لە دادگا ناوخۆییەکانی عێراق لە چوارچێوەی یاسای دژ بە تیرۆر بەشێوەیەکی فراوان جێبەجێ دەکرێت.

لەبەرئەوەی دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ نییە، زۆر کات ئەم یاسایە بەشێوەیەکی خراپ و بۆ تۆڵەکردنەوە لە نەیارە سیاسییەکان جێبەجێ دەکرێت. ئەمەش زۆربەی کات لەلایەن

---

[1] یاسای سزادانی عێراقی دەگەرێتەوە بۆ ساڵی (١٩٦٩)، بەجۆرێك دەرکراوە، کە تێیدا، تاوانە نێودەوڵەتییەکان ناگرێتەخۆ، بۆیە زۆرکات جەخت لەسەر هەموارکردنەوەی کراوەتەوە.

[2] Watch, Human Rights, Iraq: Flawed Prosecution of ISIS Suspects Undermines Justice for Victims, December 5, 2017, Available at: https://www.hrw.org/news/2017/12/05/iraq-flawed-prosecution-isis-suspects>() https://hybridjustice.com/about/>(accessed 28 March 2010).

تویژەران و چاودێران توشی ڕەخنە بۆتەوە لە جێبەجێکردنی سزای لە سێدارەدان و نەبونی شەفافیەت لە پرۆسەی دادگایەکاندا، بۆ نمونە سەنتەری توێژینەوەی ئەمریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ (Centre for Human Rights- American Bar Association) هەڵسەنگاندێک بۆ ئەو یاسایە دەکات، بەشێوەیەک، کە بەشێک لە ماددەکانی سەرپێچی بنەماکانی مافی مرۆڤن و ناڕونییەکی زۆری لە برگە و چۆنیەتی دەستنیشانکردنی شوناسی تیرۆر و کەسانی تیرۆرست دەگرێتەخۆ.[1] بۆیە بەشێکی زۆر لە توێژەران و دەوڵەتان بە گومانن لە دادگا نیشتمانیەکان لە دادگای کردنی تاوانبارانی جەنگ و شەڕکەرانی داعش بەپێی ستاندارەکانی یاسا نێودەوڵەتییەکان. بۆیە پشتبەستن بە یاساکانی دژە تیرۆر[2] بۆ دادگایکردن و سزادانی ئەندام و لایەنگرانی داعش، کاریگەری خراپ لەسەر پرۆسەی ئاشتەوایی دروست دەکات لەو ناوچانەی کە داعش دەسەڵاتی سەربازی و مەدەنی سەپاندبو. هەر یەکە لە توێژەران جۆناس پاریلۆ- پلێسنەر، مایکڵ پریگنت و کایتلن گۆف (Jonas Parello-Plesner, Michael Pregent, Katelyn Gough) لە توێژینەوەکەیاندا، گومان دەخەنەسەر دادگایکردنی شەڕکەرە گومانلێکراوەکانی سەر بە داعش لە ناوخۆی عێراقدا، بە جۆرێک کە نەتوانرێت دادپەروەری بۆ کەمینەکانی وەک ئێزدییەکان دەستەبەر بکات، بۆیە ڕەنگە پێویستی بە ڕێوشوێنی نێودەوڵەتی هەبێت.[3] چونکە خودی یاساکە بە هۆکارێکی کاریگەر بۆ مەبەستی تۆڵەکردنەوە لە پێکهاتە کەمینەکان و سزادانی بە کۆمەڵ و پەراوێزخستنیان دادەنرێت.

یەکێک لە ڕاپۆرتە گشتگیرەکان دەربارەی سەرپێچیەکانی دادگا ناوخۆییەکان خۆی دەبینێتەوە لە ڕاپۆرتی چاودێری مافەکانی مرۆڤ (Human Rights Watch) بەپێی داتاکانی ئەو ڕێکخراوە بێت لە ساڵی ٢٠١٤ وە لە عێراق ژمارەی تەواوی ئەو کەسانەی وەک

---

[1] American Bar Association (ABA) Center for Human Rights, Compliance of Iraq's Anti-Terrorism Law (2005) with international human rights standards, June 2014, Available at: <https://www.americanbar.org/content/dam/aba/administrative/human_rights/ABA%20Center%20for%20Human%20Rights%20Analysis%20of%20Iraq%20CT%20Law.pdf> (Accessed: 8 January 2020).

[2] یاسای دژە تیرۆر بەهۆی زۆری جێبەجێکردنی سزایی لە سێدارەدان ڕوبەڕوی ڕەخنەیەکی زۆر بۆتەوە، لەلایەن توێژەران و ڕێکخراوە جیهانیەکان لەم بارەیەوە بڕوانە ڕاپۆرتێکی یونامی :
UNAMI, Human Rights in the Administration of Justice in Iraq: Trials under the anti-terrorism laws and implications for justice, accountability and social cohesion in the aftermath of ISIL, January 2020 Baghdad, Iraq, Available at: https://www.ohchr.org/Documents/Countries/IQ/UNAMI_Report_HRAdministrationJustice_Iraq_28January2020.pdf (Accessed: 10 February 2020).

[3] Parello-Plesner, Jonas, Pregent, Michael, Gough, Katelyn, Stabilizing and Reconstructing Iraq: A Challenging Path Ahead, Hudson institute, February 21, 2018:5.

گومانلێکراوی داعش دەستگیرکراون، بەلانی کەم بە (بیست هەزار) کەس دەخەملێنرێن.[1] بەشێک لەو خەڵکانە چەند مانگێکی لە سەنتەرەکانی ڕاگرتن بەسەر بردوە، کە بەهەڵە وەک ئەندامی داعش ناسێندراون، پاش ئەوەی لەو ناوچانەدا هەلاتون کە لە ژێر دەستی داعش دا بون. بۆیە بەپێی بەشێک لەو ڕاپۆرتانە بێت، دادگاکان شکستیان هێناوە، لە پێدانی مافەکانی ڕێکاری دادگایکردن بە ڕاگیراوەکان، کە یاسای عێراقی گرێنتی دەکات وەکو: ئامادەکردنیان بۆ ماوەی ٢٤ سەعات لەبەردەم دادگا، پێدانی مافی هەبونی پارێزەر لە قۆناغی سەرەتای دادگایکردندا، هەروەها زانیاری دان بە خێزانەکانیان سەبارەت بە ڕاگرتنیان، ئەشکەنجەن دانیان بۆ داناپێدانان کەئەندامی داعش بن.[2] لەو ڕاپۆرتە زۆر بە وردی باس لە سەرپێچیەکانی دەسەلاتدارانی عێراق کراوە، لە بەرامبەر تۆمەتبارانی داعش، بە جۆرێک کە مامەڵەیەکی نامرۆڤانە و نابەرپرسانەیان ئەنجامداوە. بۆیە هەر لەسەرەتاوە ترسێکی نێودەوڵەتی هەبوە، بەوەی کە پرۆسەی دادگایکردنەکان لەگەڵ پێوەر و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان نەگونجێن. لەم بارەیەوە پارێزەری عێراقی (زیاد سعید)، ئەو ڕاستیە دەخاتەڕو، کە بەشێکی زۆر لەو دادوەرانەی کە بەشدارن لە پرۆسەی دادگایکردنی تۆمەتبارانی داعش سەر بە ئەو لایەنانەن کە قوربانی دەست داعش بون، بۆیە ئەمەش وادەکات کە بڕیارەکانیان لە ژێر کاریگەری هەستی تۆڵەکردنەوە و توڕەیەوە بن.[3] ترسان لە گروپە چەکدارییەکان لەلایەن خەڵکی نیشتەجێی ئەو ناوچانە ترسێکی ڕەوایە، چونکە ئەو هێزە میلیشیایانە پێشینەیان لەکاری تۆڵەسەندنەوەدا هەیە.

جێی ئاماژەپێکردنە، سەرەڕای ئەوەی کە لەم حاڵەتەدا ڕێکارەکان ئاسانتر و خێراترن، بەڵام نەبونی ستراتیژێکی نەتەوەیی بۆ تاوانە گەورەکان بەیەکێکی تر لە کەم وکورتییەکانی پرۆسەی دادوەری تۆمەتبارانی داعش دادەنرێت. ئاشکرایە ئەو تاوانانەی کە داعش ئەنجامی داون لە پۆلێنی تاوانە گەورەکانن، کە پێویستیان بە ستراتیژ و میکانیزمی نیشتمانی هەیە. نەبونی ئەو ستراتیژە وای کردوە پرۆسەی دادگای کردنەکان پڕ کەم کورتی بن و دادوەرکان بەرچاویان ڕون نەبێت لە چۆنیەتی مامەڵەکردن. هەر لەمبارەیەوە بەشێک لە دادوەرەکان بە ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤیان وتوە، کە نەبونی ستراتیژێک بۆ هاوکاری و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ تاوانە گەورەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان وای کردوە بە تەنها پشت ببەسترێت بە یاسای ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆر لە تۆمەتبار و گومانلێکراوانی داعشدا. کە بەپێی ئەو یاسایەش دەتوانرێت ژمارەیەکی زۆر لە کەسانێک کە بەشدار نەبوبن لە کردەوەی توندوتیژی و ئەندامی ڕێکخراوی داعش نەبوبن ڕوبەڕوی سزا بکاتەوە.[4]

---

[1] Watch, Human Rights, “Iraq: Flawed Prosecution of ISIS Suspects”, (5 December 2017). Available at: <https:// www.hrw.org/news/2017/12/05/iraq-flawed-prosecution-isis-suspects> (Accessed: 5 January 2020).

[2] Ibid,.

[3] Revkin, Mara. "The Limits of Punishment: Transitional Justice and Violent Extremism (Iraq Case Study)." *Institute for Integrated Transitions.*(2018):19.

[4] Ibid.

بەرپرسانی دادوەری بڕیاری سزای گومانلێکراوانی داعش بە پشتگیری کردنی گرووپەکە یان کوشتن و تاوانی تر بە پێی یاسای دژە تیرۆر دەدەن. بەپێی مادده (٤)ی یاسای تیرۆرستی ئەو کەسەی، کە کردوەی تیرۆر ئەنجامدەدات لەگەڵ ئەو کەسەی کە هاوکاری دەکات بە هەمان شێوەی یەک سزا دەدرێن.[1] ئەمەش مانای ئەوەیە کەسێک کاری تەکسی بۆ داعش بکات لەگەڵ کەسێک شەرکەری داعش بێت و ئەنجامدەری کاری تیرۆریستی بێت وەک یەک سزا دەدرێن. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە گومانلێکراوان ڕووبەڕوی لە سێدارەدان بونەتەوە. لە ئەنجامی ئەمەشدا بەشێک لەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیانە هۆشداریان داوە لە چۆنیەتی بەڕێوەچونی دادگایکردنی تاوانباران، بۆ نمونە کەیس هەبوە تەنها دە دەقەی خایاندوە و ڕێگەنەدارەوە کەسی تاوانبار بەرگری لە خۆیان بکەن.[2] ئەمەش بە تەواوەتی پێشێلکاری ماددەی (١٤) پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسیەکانی (١٩٦٦)ە، کە لەو ماددەیەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە، کە کەسی تۆمەتباری دەبێت کاتی تەواوی پێ بدرێت و ئاسانکاری بۆ بکرێت بۆ بەرگری کردن لە خۆی.[3] ڕەخنەگرانی ئەم تێروانینە وەها بەڵگەدێننەوە کە لێکۆڵینەوەو دادگایکردنی هەزاران گومانلێکراوی داعش لە پرۆسەیەکدا، کە پەلەی زۆری تێدا دەکرێ بەردەوامە و پرۆسەیەکی بەپەلەی لەم جۆرە دەستەبەری مافە یاساییەکانی گومانلێکراو ناکات.[4]

بەم شێوەیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەپێی توێژینەوە و شیکردنەوە مەیدانیەکانیان، نیگەرانن لە ناڕونی پرۆسەکە و دەستنیشان کردنی خەڵک وەک لایەنگری داعش لەسەر بنەمای لیستی داواکراوان. لێکۆڵەرانی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ ژمارەیەکی زۆر داواکارییان لەلایەن خێزانی دەستگیرکراوە گومانلێکراوەکانی داعش بەدەست گەیشتووە، کە دەڵێن دراوسێ یان کەسێکی تر پێشنیازی کردوە ناوی کەس و کاریان

---

[1] Mehra, Tanya, Bringing (Foreign) Terrorist Fighters to Justice in a Post-ISIS Landscape Part I: Prosecution by Iraqi and Syrian Courts, 22 Dec 2017, Available at: https://icct.nl/publication/bringing-foreign-terrorist-fighters-to-justice-in-a-post-isis-landscape-part-i-prosecution-by-iraqi-and-syrian-courts/> (Accessed 6 March 2010).

[2] Both, Maxine, what do Iraq's prosecutions of ISIS members mean for transitional justice?, Available at: https://www.themantle.com/international-affairs/holding-isis-accountable-iraq-and-beyond>https://hybridjustice.com/about/>(Accessed 12 March 2020).

[3] Article 14(3)(b) of the International Covenant on Civil and Political Rights.

[4] لەم بارەیەوە، مارا ڕیفکین (Mara Revkin) لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن لە ڕێگەی پیشاندانی چەند کەیسێك بەشێوەی مەیدانی لە شاری موسڵ مامەڵەکردنی نادادپەروەریانەی دامەزراواوە دادوەریەکانی عێراق لەڕێگەی سەپاندنی سزای قورس و لە سێدارەدان بۆ بەشێك لە دانیشتوانی پێشتری ژێر دەستی داعش دەخاتەڕوو، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
Revkin, Mara Iraq's Harsh Approach to Punishing Islamic State 'Collaborators' Stands to Have Counterproductive Consequences, 11 June 2018. Available at: https://www.lawfareblog.com/iraqs-harsh-approach-punishing-islamic-state-collaborators-stands-have-counterproductive (Accessed 5 June 2020).

بخرێته ناو یەکێک لە "لیستەکانی داواکراوانەوە" لەبەرئەوەی ناکۆکی خێڵەکی یان خێزانی یان شەخسیان هەبوە.[(1)] ئەمەش بە تەواوەتی دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ ڕێساکانی پرۆتۆکۆڵی پاشکۆی دووەمی جنێڤ (١٩٧٧)، کە لە ماددەی (٦) هاتوە "تۆمەتبار بێ تاوانە تا ساغبونەوەی تاوانەکەی و نابێت ڕوبەڕوی هیچ ناچاربونێک ببێتەوە و بڕیارەکانی دادگا دەبێت زەمانەتی سەربەخۆی بگرێتەخۆ".[(2)]

لە ئەنجامدا، دەبێتە هۆی لاوازکردنی هەوڵەکان لە دادگایکردنی دادگەرانەی گومانلێکراوانی داعش. لە هەموی گرنگتر، ستراتیژێکی نیشتمانی نییە کە دڵنیایی بدات لە پرۆسەیەکی یاسای دروست بۆ سزادانی ئەوانەی لە پشت ئەنجامدانی تاوانی گەورەوە بون. سزادانی بەربڵاوی ئەوانەی پەیوەندیان بە داعشەوە هەبوە بەپێی یاسای دژە تیرۆر، ئەگەرچی بەشداریشیان زۆر کەم بوبێ لەناو گروپەکە، لە داهاتودا ڕەنگە ببێتە هۆی دروستکردنی بەربەست لە بەردەم ئاشتەوایی و چاکسازی لەناو کۆمەڵگادا.[(3)] لەم بارەیەوە سارا لی وویتسن (Sarah Leah Whitson)، بەڕێوەبەری هیومان ڕایتس ۆوچ بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، وتی، "عێراق بەم جۆرە مامەڵەکردنەی لەگەڵ دادگایکردنەکانی ئەندامانی داعش ئەو هەلە لە دەست دەدات، کە نیشانی هاووڵاتییەکانی خۆیی و جیهان و داعشیش بدات کە نەتەوەیەکە یاساو داپەروەری تێیدا سەروەرەو لە توانایدا هەیە ئاشتەوایی بهێنێ بۆ ئەو کۆمەڵگانەی کاریگەری ئەم شەڕەیان لەسەر هەبوە."[(4)] ئەم ڕاپۆرتانە بایەخ بە شێوازی لێکۆڵینەوە و دەستگیرکردن و گرتنەبەری ڕێکارە یاساییەکان لەدژی گومانلێکراوانی داعش لە عێراق دەدەن. بۆیە ڕاپۆرتەکان کەموکوڕتی سەرەکی یاسایی دەخەنەڕو کە لە ئەنجامدا دەبنەهۆی لاوازکردنی هەوڵەکان لە دادگایکردنێکی ڕەوای ئەندام و چەکدارانی داعش. بە گوێرەی ڕاپرسییەک کە لەم دواییەدالە سەنتەری توێژینەوەی (Harvard Humanitarian Initiative) سەر بە زانکۆی هارڤارد کراوە. لە ڕێگەی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی مەیدانی پشتگیری ئەو ڕاستییە دەکات، کە قوربانی دەستی داعش و دانیشتوانی ناوچەکانی ژێر دەستی باوەڕ و متمانەیان بە دامەزراوە دادوەریەکانی عێراق بۆ گێرانەوەی بنەمای لێپرسراویەتی و دادپەروەری نییە.[(5)]

---

[(1)] Watch, Human Rights, "Iraq: Displacement, Detention of Suspected "ISIS families", news release, March 5, 2017, Available at: https://www.hrw.org/news/2017/03/05/iraq-displacement-detention-suspected-isis-families> (Accessed 26 March 2020).

[(2)] Protocol Additional to the Geneva Conventions of 12 August 1949, and Relating to the Protection of Victims of Non-International Armed Conflicts (Protocol II).

[(3)] Watch, Human Rights, Iraq: Flawed Prosecution of ISIS Suspects Undermines Justice for Victims, December 5, 2017, Available at: https://www.hrw.org/news/2017/12/05/iraq-flawed-prosecution-isis-suspects>() https://hybridjustice.com/about/>(accessed 28 March 2020).

[(4)] Ibid,.

[(5)] Al-Saiedi,A. and Coughlin, K. et al. Never Forget: Views on Peace and Justice Within Conflict-Affected Communities in Northern Iraq,June 2020.

پاش وردبونەوە لە شێوازەکانی گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش، سەبارەت بەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە، ئەوا دەگەینە ئەو ئەنجامە، کە چەندین میکانیزمی ناوخۆی و نێودەوڵەتی بونیان هەیە بۆ دادگایکردنی تاوانبارانی داعش دوای جەنگ، هەندێک لەو میکانیزمانەی سەرەکین و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بایەخی گەورەیان هەیە،[1] بەڵام ئەوەی لە عێراقدا پەنای بۆ براوە بریتییە لە دادگا ناوخۆییەکان. ئەوانیش ڕوبەڕوی ئاستەنگی جێبەجێکردنی دادوەری ڕاستەقینە دەبنەوە. پرۆسەی دادوەری ڕاستەقینە کاتێک دێتەکایەوە کە دادگاکان توانای ئەوەیان هەبێت (کردەیەکی تاوانکاری بێلایەنی ئەنجام بدەن)، بەڵام وەک دەردەکەوێت لە دادگا ناوخۆییەکانی عێراق ئەمە قورسە ڕوبدات. چونکە ئەو دادگایانە ناتوانن بێلایەن و دادپەروەر بن، دەکرێتە هۆکارەکانی زۆربن، سەرەکترینیان ئەوەیە، ئەنجومەنی دادوەری و دادگاکان لە عێراقدا ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی مەزهەبەکانن. چونکە پێشتر ئەزمونی دادگاییەکانی عێراق ئەو ڕاستیانەیان سەلماندوە. هەروەها هەست بە جۆرێک لە هەڵویستی دوفاقی دەکرێت لەلایەن دەوڵەتانی ئەوروپییشەوە، کە ڕەتیان کردوە چەکدارە شەڕکەرەکانیان وەربگرنەوەو لە دادگا ناوخۆییەکانی خۆیان دادگایان بکەن. هەر بەم هۆیە بەم کردەوەیان ڕوبەڕوی ڕەخنەیەکی زۆری ڕێکخراوە یاسایی و مرۆییەکان بونەوە،[2] کە ئەوان لەیەکاتدا ڕەخنە لە سیستەمی دادوەری عێراق دەگرن بەوەی سزاکانیان قورسە و لەلایەکی تریشەوە شەڕکەرە بیانیەکانیان بۆ ئەو سیستەمە دادوارە بەجێهێشتوە. لە ڕاستیدا ئەمەش جۆرێکە لە دژیەکبون و پاساو بۆ پێویستی نێوانیان نییە.

عێراق یاسای تایبەتی سەبارەت بە تاوانە گەورەکان وەک تاوانی جینۆساید و تاوانی جەنگ نییە، تۆمەتبارەکان بەپێی یاسای دژ تیرۆریی عێراقی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. هەروەها دادگا ناوخۆییەکان ئەزمونیان لە پرۆسەی دادگای تاوانکارییە گەورەکان نییە. دادگا عێراقیەکان میکانیزمی سەرەکین بۆ دادوەری تاوانکاری لە دۆسیەی چەکدارانی داعشدا. عێراق سەرقاڵی بەڕێوەبردنی پرۆسەی دادگایکردنی هەزاران گومانلێکراوی دەوڵەتی ئیسلامین، بەبێ هەبونی ستراتیژێک کە بەپێی یاسا عێراقی و نێودەوڵەتییەکان گرنگی بە تاوانە گەورەکان بدات. ئەم شێوازە هەڕەمەکی و پێشێلکاریە بەربڵاوەی کە لە پرۆسەی یاساییدا دەکرێ، ڕەنگە قوربانیانی دەست تاوانە گەورەکانی داعش لە هێنانەدی مافەکانیان لە پرۆسەیەکی دادوەری و دادگەرانە بێبەش بکات. وەک ئەوەی دەردەکەوێت، حکومەتی عێراقی هیچ ستراتیژێکی نیشتمانیان نیە لە

---

[1] سەرەڕای ئەم میکانیزم و دادگا نێودەوڵەتیانە، پرۆپۆزەلێکی رۆمانی_ئیسپانی پێشکەش بە کۆمەڵەی گشتی (UN) کراوە لە ساڵی (2015)دا بۆ دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی ڕوبەڕبونەوەی تیرۆریزم (international counter-terrorism court) وەك بەشێك لە وەڵامدانەوەی یاسای نێودەوڵەتی بۆ گەشەکردنی گروپە تیرۆرستیەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

Edwards, Holli. "Does international law apply to the Islamic State." *Strategic Security Analysis* 1, no. 1 (2017).

[2] بۆ ڕەخنەگرتنی بەشێك لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوە مرۆییەکان سەبارەت بەم پرسە بڕوانە:

Foltyn,S. ‘Inside the Iraqi Courts Sentencing Foreign Isis Fighters to Death’, The Guardian, 2 June 2019, , Available at: https://www.theguardian.com/world/2019/jun/02/inside-the-iraqi-courtssentencing-foreign-isis-fighters-to-death (accessed 23 June 2020).

گرنگیدان بە دان بە دادگایکردن و سزادانی ئەوانەی لە پشت ئەنجامدانی تاوانی گەورەوە بون. ئەمەش پێچەوانەی ماددەکانی پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکانی ساڵی (١٩٦٦)، کە مافی دادگایەکی سەربەخۆ بە میکانیزمێکی سەرەکی بۆ پرۆسەی دادپەروەری دادەنرێت، کە ماددەکانی (١٤ تا ٢٦) لە خۆ دەگرێت.[1] چونکە پێویستە لەسەر دەوڵەتان ئەو سیاسەت و پێوەرانەی کە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆر دەیگرنەبەر بە تەواوی لەگەڵ بنەماکانی یاسای مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی بگونجێت.

نەبونی چوارچێوەیەکی یاسای و نیشتمانی ناوخۆیی بۆ دادگایکردنی کەیسە تاوانکارییە گەورەکان لە عێراقدا بەیەکێک لە لەمپەرە سەرەکیەکان دادەنرێت لەبەردەم بە ئەنجامگەیاندنی پرۆسەی دادپەروەری. لە میانەی ئەم ڕێکار و میکانیزمانەدا، ناتوانرێت لە ڕێگەی ئەم دادگا ناوخۆیانە دادپەروەری بۆ قوربانیانی جەنگی داعش لە عێراقدا بێتەدی. بەجێهێشتنی پرسی دادگاییکردنی تاوانبارانی جەنگ بۆ دادگا ناوخۆییەکانی عێراق، بچوکردنەوەی تاوانە نێودەوڵەتیەکانە لە چوارچێوەی سیستەمێکی دادوەری نالێپرسراودا. وێڕای ئەوەی کە دادگایکردنی نێودەوڵەتی یان تێکەڵ کات و تێچونی زۆرترە، بەڵام ئەنجامێکی دادپەروەرانەتری هەیە. دادپەروەری، کە لە چوارچێوەی تیۆری جەنگی ڕەوادا بەرێوەدەچێت بنەماو ڕەهەندێکی گرنگە بۆ هێنانەکایەوەی ئاشتی. بەم پێیە کە نەتوانرێت دادپەروەری دەستەبەربکرێت لە دوای جەنگ، ئەوا بێگومان کاریگەری لەسەر ڕەوایەتی جەنگەکە دەبێت.

**٨_٣بونیادنانی ئاشتی و ئاسایش لە دەوڵەتێکی شکستخواردودا:**

لە دوتوێی ئەم بەشەدا، دەردەکەوێ کە قۆناغی دوای جەنگی داعش ڕوبەڕوی کۆمەڵێ ئاڵنگاری بنەڕەتی لە دەستەبەرکردنی ئاشتی و دادپەروەریدا دەبێتەوە. ئەوەی کە پێویستە ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە بۆچی ئاشتی و سەقامگیری لە ڕێگای ئەم جەنگەوە لە قۆناغی پاش داعش دەستەبەر ناکرێت. بە کورتی لە دیدی ئەم تیۆرەدا، قۆناغی پاش جەنگ ساتەوەختی هەستپێکردن و دەستنشانکردن و گەڕانە بە دوای چارەسەردا. دەرکەوتنی تیرۆر پەیوەستە بە هۆکارە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، بۆیە روبەڕوبونەوەشی لە بارودۆخی ئەمڕۆدا پێویستی بە نەخشە و پلانێکی گشتگیر  هەیە، کە پێویستە ئەم پلانە بواری ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بگرێتەوە، نەک تەنها لایەنی سەربازی. چونکە لە ئەمڕۆدا دەوڵەتی لاواز و شکستخواردو وەک هەڕەشەیەک بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی دەبینرێت. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت لە چەند بوارێکی جیاواز بدوێین، وەک لە پرسیارەکەدا دیارە، کە فەراهەمبونی ئەم پرۆسەیەی پێوە بەندە، لەوانە:

---

[1] Assembly, UN General. "International Covenant on Civil and Political Rights. Adopted by the General Assembly of the United Nations on 19 December 1966."

## ٨_٣_١ ئاڵنگاری بونیادنانی ئاشتی و ئاشتبونەوە (Challenges facing peace and reconciliation):

یەکێک لە پرسیارە سەرەکییەکان لە دوای جەنگ بریتییە لەو پرسەی چۆن ئاشتی بونیاد دەنرێت. ئەم ئامانجە دەبێت بونیادنانی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و ژینگەیەکی دور مەودا بێت لە خۆشگوزەرانی و دادپەروەری وەک بنەمایەکی پێویست بۆ ئاشتیەکی ڕاستەقینە. ئەم ئامانجەش بەشێوازێک کاریگەر و دەستەبەر دەکرێت، دەبێت کۆی شێواز و فۆرمەکانی توندوتیژی سیاسی لە قۆناغی پاش جەنگدا کەمبکرێتەوە. لەم بارەیەوەش (وٚڵزەر) دوپاتی ئەم بابەتە دەکاتەوە بە جۆرێک کە ئامانجی سەرەکی تیۆری جەنگی ڕەوا بریتییە لە هێنانەکایەوەی ئاشتیەک کە باشتر بێت لە قۆناغەکانی پێش دەستپێکردنی جەنگ.[1] ئەوەی لە قۆناغی دادپەروەری پاش جەنگ جەختی لەسەر دەکرێتەوە بریتییە لە ئاشتی لە چوارچێوەیەکی ناوخۆی، وەک (وٚڵزەر) پێی وایە ئامانجی سەرەکی ئەو قۆناغە خۆی دەبینێتەوە لە دەستەبەرکردنی ژینگەیەک بۆ هێنانەکایەوە ئاشتی ناوخۆیی کە لە چوارچێوەی سنورەکانی کۆمەڵگا دەستەبەر دەبێت.[2] ئاشتی ئامانجێکی بەڵگەنەویستی ئەم تیۆرەیە، کە بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە کام لە جەنگەکان ڕێگەپێدراون.

چەمکی ئاشتی فرەڕەهەند و چەندین مانای جیاواز لە خۆدەگرێت. بەڵام ئاشتی لە چوارچێوەی ئەم تیۆرەدا، ئامانجی هاوکاری دەوڵەتە بۆ گەیشتن بە قۆناغی پێکەوەژیانی ئاشتیانە (peaceful coexistence).[3] داعش بابەتی پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی گەیاندە ئاستێکی مەترسیدار، بەجۆرێک توندوتیژییەکان بەڕادەیەک گواسترانەوە بۆ ئاستی ململانێی ئیتنیکی لە نێوان پێکهاتەکانی عێراق. بۆیە پرۆسەی ئاشتەوای نیشتمانی وەک یەکێک لە پرۆسەکانی دەستەبەرکردنی دادپەروەری لە قۆناغی دوای جەنگ وێنا کرا. چونکە لە پێناو دەستەبەرکردنی ئاشتی بە تەنها پرۆسەی دادپەروەری هەنگاوی کۆتای نییە، بەڵکو دەبێت پرۆسەی ئاشتەوایش ببێتە هەنگاوێکی گرنگ بۆ دەستەبەرکرنی قۆناغێکی نویێ.[4] لە دوای شکستپێهێنانی داعش لە ڕوی سەربازییەوە، هەنگاوی یەکەم بریتییە لە بەدیهێنانی سەقامگیری و بونیادنانەوەی ژێرخانی وێرانکراو و گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان. بە جۆرێک کە نادڵنیایی و ناسەقامگیری بۆ داهاتو درێژنەبێتەوە. چونکە کاتێک عێراق وەک دەوڵەتێکی شکستخواردو

---

(1) Walzer, Michael, *Just and Unjust Wars:* 121.
(2) Ibid,: 122.
(3) Rathour, Mansi. "Just War To Just Peace: Jus Post Bellum For A Lasting Peace." , Thesis,University of Leiden, (2018):21.
(4) پرسی ئاشتی و ئاشتبوونەوە لە قۆناغی دوا جەنگ، یەکێکە لە هەرە دیاردە ئاڵۆز و بەربڵاوەکان لە ئاستی دونیادا، لە چەند دەییەکی ڕابردودا. لە ڕوی تیۆریەوە توێژەر ئیلیزابێس پۆرتەر (Elisabeth Porter) توێژینەوەیەکی بە پێزی دەربارەی پەیوەندی دادپەروەری، ئاشتی و ئاشتبونەوە دەخاتەڕو.
Porter, Elisabeth. *Connecting peace, justice, and reconciliation*. Lynne Rienner Publishers, Incorporated, 2015.

نەتوانێت بە ئەرکە سەرەکییەکانی خۆی هەڵبستێت و کێڵگەیەک بێت بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی، ئەوا لە ئەنجامیشدا ئاشتی و سەقامگیری نێودەوڵەتیش ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبێتەوە.

دوابەدوای کەوتنی داعش، دەستەبەرکردنی ئاشتی یەکێک لەو بابەتانەیە لە چوارچێوەی تیۆری جەنگی ڕەوادا گرنگی پێدەدرێت. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای دەرکەوتنی ئەم ڕێکخراوە، هەڕەشەی ڕێکخراوی تیرۆرستی (داعش) دەگەڕێتەوە، بۆ ململانێی سیاسی لە دوای ڕوخانی ڕژێمی سیاسی عێراق لە (٢٠٠٣)دا. پرسە سەرەکیەکان لە دوای ئەو قۆناغەوە دەستپێدەکەن، کە تێیدا پرۆسەی دوبارە بونیادنانەوەی (Rebuilding) عێراق شکست دەهێنێت، لێرە بەدواوە شەڕی ئیتنی و مەزهەبی دەبێتە سیما و تایبەتمەندی ئەم قۆناغە. لێکۆڵەر یعقوب ئیبراهیمی (S. Yaqub Ibrahimi) لە زانکۆی کارلتۆن (Carleton University) باس لەوە دەکات، کە چۆن دەوڵەتی شکستخواردوی عێراق لە دوای ٢٠٠٣ وە، بۆتە ژینگەیەکی گونجاو بۆ دەرکەوتنی گروپ و ڕێکخراوە تیرۆرستییەکان. (ئیبراهیمی) لە توێژینەوەکەیدا تیشک دەخاتەسەر ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان دەوڵەتی شکستخوارد و تیرۆریزمدا هەیە.[1] بە کورتی، دیدو تێڕوانینی (ئیبراهیمی) ئەوەیە کێشەکان ڕەگ و ڕیشەی خۆیان هەن بۆ ڕێگریکردن لە ژینگەی تیرۆر پێویستە چارەسەر بکرێن.

بۆیە زۆرینەی شەڕکەرانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش سەر بە دانیشتوانی سوننە مەزهەب بون، کە لەژێر حکومڕانی زۆرینەی شیعە توشی لەدەستدانی دەسەڵات ببونەوە. هەریەکە لە توێژەران شێلی کولبیرسەن و لیندا ڕۆبنسەن (Shelly Culbertson, Linda Robinson) ئاماژە بە حکومڕانی شیعە دەکەن، کە بەیەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی چەوسانەوەی دانیشتوانی سوننەکان دادەنرێن. ئەوان ئاماژە دەسەڵاتی سەرۆک وەزیرانی پێشو (نوری مالیکی) دێننەوە، کە چۆن کارنامەیەکی تایفەگەری لە پەراوێزخستنی سوننەکان هەبوە. هەروەها لە بەرامبەریشدا ئاماژە بە ڕوداوی توندوتیژییەکانی (حەوێجە) دێننەوە، کە سوننەکان بە توندوتیژی گوزراشتنیان لە پێداویستی ئەو ناوچانە دەکردەوە. لە ئەنجامی ئەم دۆخەدا هەزاران کەس ڕوبەڕوی گرتن و زیندانی کردن بونەوە، ئەمەش دەرفەتی پەیوەندیکردن بە گروپە تیرۆریستیەکانی ئاسانتر کرد.[2] لە ئەزمونی دوای ڕژێمی سەددام، سیستەمێکی سیاسی و حکومڕانی و ئەمنی وا نەهاتۆتەکایەوە، کە جێگەی ڕەزامەندی و متمانەی پێکهاتە جیاوازەکان بێت، ئەمەش دەرفەتی سەرهەڵدانی ڕادیکالیزمی هێناوەتەکایەوە.

---

[1] Ibrahimi, S. Yaqub. "Violence-producing dynamics of fragile states: How state fragility in Iraq contributed to the emergence of Islamic State." *Terrorism and Political Violence* (2018): 1-23.

[2] Culbertson, Shelly, and Linda Robinson. *Making Victory Count After Defeating ISIS: Stabilization Challenges in Mosul and Beyond*. RAND Corporation, 2017:53.

بە واتایەکی دیکە، بەگشتی ئەو توندوتیژیەی کە لە ڕێکخراوی تیرۆرستی داعشدا بەرجەستەببو، بەشێکی زۆری بۆ کەڵەکەبونی کێشەکان لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا دەگەڕێتەوە. بۆیە توێژران، بەشێک لە گروپە جیهادییە توندڕەوەکان بە نوێنەرایەتی بەشێکی زۆر لە خەڵکی توڕەی لە دەسەڵاتی زۆرینەی شیعە دادەنرێن، کە لە دواتردا ڕێکخراوی تیرۆرستی داعشی لێهاتە بەرهەم. ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت، بەشی زۆری سیاسەتەکانی ڕابردو کاریگەری لەسەر پرۆسە ئەنجامدانی توندوتیژی و سەرهەڵدانی گروپە تیرۆرستی و جیهادیەکان هەبوە. ڕاستە بەشێوەیەکی سەرەکی شار و ناوچە سونییەکان کەوتونەتە ژێر کاریگەری چەوسانەوە، بەڵام ناوچە شیعە مەزهەبو و دانیشتوانەکەشی ڕوبەڕوی قوربانی بونەتەوە و زیانیان بەرکەوتوە. بۆیە لە قۆناغی دوای داعش، پرۆسەی ئاشتەوەی لەسەر ئاستی لۆکاڵی و نیشتمانی هەنگاوی سەرەکی و پێویست بو. چونکە ئەوەی پێشتر دەرکەوت، سەلماندنی ئەو ڕاستیە بو، کە پرۆسەی نەبونی ئاشتەوایی دەرگای توندوتیژی و دروست بونی گروپی تیرۆرستی بە کراوەی دەهێڵێتەوە. هەوڵەکانی پرۆسەی ئاشتەوایی بەشێکی سەرەکی لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکانەوە بەڕێوەدەچێت، بەڵام تائێستا سیاسەتێکی ڕون و بەرنامەی جێبەجێکردن یان ڕێگەخۆشکردن لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە بەدی ناکرێت.

بابەتی پرۆسەی ئاشتەوای نیشتمانی بابەتێکی تازە نییە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ دوای پرۆسەی گۆڕینی ڕژێمی سیاسیی عێراق لە ٢٠٠٣ دا. لە دوای ئەو قۆناغەش بە بەردەوامی ڕاپۆرتە بیانییەکان جەختیان لەسەر پرۆسەی ئاشتەوای نیشتمانی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکان کردۆتەوە. ئەم پرۆسەیەش پەیوەندی بە چەندین هەنگاوی کردەی حکمڕانیەوە هەیە، کە دەبێت شەرعیەتی دەسەڵاتی سیاسی پارێزراوبێت. لەم بارەوەیەوە دەکرێت بگوترێت ئاشتەوایی پەیوەستە بە پرۆسەی بونیاندنانی نەتەوە (Nation building)[1] وەک توێژەری خوان لێنز (Juan Linz) باوەڕی وایە، کە بونیادنانی نەتەوە تەنها دوای بونیادنانی دەوڵەت دێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکانی بونیادنانی دەوڵەت سەرکەوتودەبێت، ئەگەر هاونیشتمانی ئەو دەوڵەتە باوەڕێکیان لەلا دروست بێت، کە ئەو دەوڵەتە شەرعیەتی هەیە و نوێنەرایەت هاووڵاتیان دەکات.[2]

لە عێراقدا لە دوای ڕوخاندنی ڕژێمی پێشوەوە، پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە شکستی هێناوە. هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە حکومەت نەیتوانیوە ئەو باوەڕە لای خەڵک دروست بکات، کە دەوڵەت نوێنەرایەتی بەرژەوەندی و خواستەکانیان دەکات. ئەمەش لە ئەنجامدا بۆشایی شەرعیەتی هێناوەتەکایەوە، کە دابەشبونی مەزهەبی و نەتەوەیی یەکێکە لە

---

[1] پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە، پرۆسەیەکی فرەڕەهەندە، لە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەدا، عێراق یەکێکە لەو کەیسانەی کە بەبەردەوامی جێگەی بایەخی توێژەرانە، وەك نمونەیەکی شکست لە پرۆسەی نەتەوەسازی و گواستنەوەی دیموکراسی دوای جەنگ.

[2] Juan Linz, ‘State building and nation building,’ *European Review* (1993): 355-369.

تایبەتمەندییەکانی.[1] دیارە گومان لەوەدا نیە، کە هەمو کردوەیەکی تیرۆر پێویستی بە پاشخان و ژینگەیەکی لەبار هەیە بۆ دەرکەوتنی. لێرەدا ئەگەر ئاشتەوایی نیشتمانی ڕاستەقینە دوای ڕوخاندنی رژێمی سەدام هاتبایەکایەوە، عێراق توشی مەترسی داعش و تیرۆر نەدەبۆوە. چونکە دروست بونی تیرۆر لە ژینگەیەکی ئاشتیدا کارێکی زۆر قورسە. لەم ڕوانگەیەشەوە، ڕێگریکردن لە توندوتیژی و هێنانەکایەوەی ژینگەیەکی سەقامگیر ئامانجی لە پێشینەی تیۆری جەنگی ڕەوایە.

**٨_٣_٢ شەرعیەتی لاواز (Poor legitimacy):**

ئەرکەکانی دەوڵەتی خاوەن سەروەری لە ڕێگەی چەندین دامەزراوەوەی وەک حکومڕانیەکی کاریگەر، مۆنۆپۆڵکردنی بەکارهێنانی هێز و وەڵامدانەوەی خواست و پێداویستی هاوولاتیان جێبەجێ دەکرێن. چونکە ڕۆڵی دەوڵەت خۆی لە پارێزگاری کردن لە سیستەم و یاسا دەبینێتەوە. جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دەوڵەت لەڕێگەی سێ گۆڕاوی وەک شەرعیەت (legitimacy)، دەسەلات (authority) و تواناوە (capacity) پێوانە دەکرێت.[2] شەرعیەتی دەسەلات پەیوەست نیە بە هێزی توندوتیژی دەوڵەت و دەزگاکانی. لە تێگەیشتنی مۆدێرندا، ئالۆگۆڕی دەسەلات و دەستەبەرکردنی ئاسایشی کۆمەلایەتی و چەسپاندنی بنەماکانی دادپەروەری و حکومەتێکی خاوەن دامەزراوەی لە وەلامدانەوەی خزمەتگوزارییەکانی هاوولاتیان دەستەبەری ئەو شەرعیەتە دەکات. بابەتی شەرعیەت بە یەکێک لە پرسە گرنگەکانی دوای جەنگ دادەنرێت. چونکە شەرعیەت وشەیەک یان ناوێک نیە، بەڵکو چەمکێکە بۆ کۆمەڵێک پرۆسەی ئالۆز لە شێوازی سیستەمی حوکمڕانیدا. بۆ گەرەنتی کردنی ئەم مەبەستەش پێویستە بنەمای سەروەری یاسا، ئاسایش، بنەمای پێکەوەگونجان و دابینکردنی مافەکانی هاوولاتیان دەستەبەربکرێن.

لە ئەدەبیاتی سیاسیدا، شەرعیەت بە سەرەکیترین و بنەڕەتیرین بنەمای پرۆسەی سەقامگیری سەرکەوتو دادەنرێت. وەک ئەوەی ڕەخنەگران بانگەشەی بۆ دەکەن و لە ڕاستیدا وایە، داعش خۆی بەرهەمی شکستی شەرعیەتی سیاسییە، لەو دەوڵەتانەی کە تێیدا دەرکەوتوە. چونکە فۆرمی سیستەمە سیاسی و حکومەت ڕوبەڕوی لە دەستدانی شەرعیەتی سیاسیی بۆتەوە. لە ئەنجامیشدا دەوڵەتێکی شکستخواردو سەری هەڵداوەو بۆشایەکی ئەمنی بۆ ئەنجامدانی کردەی تیرۆرستی دروست بوە. بۆیە ستراتیژی دور مەودا بۆ ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆر پەیوەستە بە دەستەبەرکردنی شێوازێک لە حوکمڕانی، کە لێپرسراوبێت بەرامبەر

[1] Mansour, Renad. "Rebuilding the Iraqi State: Stabilisation, Governance and Reconciliation." *Brussels: Directorate-General for External Policies* (2018):13-14.
[2] Mansour, Renad. "Rebuilding the Iraqi State: Stabilisation, Governance and Reconciliation:3-4.

شەرعیەتی هاووڵاتیان، کە لە ڕێگەیەوە ئاشتی و سەقامگیری دێنێتەکایەوە.[1] بنەماکانی شەرعیەتیش لە مافەکانی تاکەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، لە جیاتی مافەکانی دەوڵەت. پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ڕەزامەندی گشتی و نزمی ئاستی توندوتیژی لەهەر کۆمەڵگایەک هەیە، کە تێیدا ڕەزامەندی گشتی دەستەبەر بکرێت، کەمترین ئاستی توندوتیژی سیاسی تێیدا بونی دەبێت.

(دانیاڵ بایمان) لە زانکۆی جۆرج تاون لە وتارێکی فۆرین پۆڵەسی، ئەو ئارگیومێنتە دەخاتەڕو کە لەڕوی سەربازییەوە لە ناوبردنی داعش بە سەرکەوتن ئەژمارناکرێت، بەڵکو لە ڕێگەی حوکمڕانیەکی بە توانا و بەهێزەوە دەستەبەر دەکرێت.[2] لەهەمانکاتدا، مکانتس (McCants) توێژەرێکە پشتگیری ئەو بۆچونە دەکات، کە لایەنگرە توندڕەوە جیهادییەکان بەردەوام دەبن لە کاری یاخیبون (Insurgencies)، لە ڕێگەی سود وەرگرتن لە ناسەقامگیری سیاسی و ئاشوبی کۆمەڵایەتی، کە لەسەرەتادا بونە هۆکاری دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی.[3] ئەوەی لە میانەی ئەم توێژینەوەیە بەهەند وەردەگیرێت ئەوەیە، کە ئەڵتەرناتیڤی سەرەکی بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی خۆی لە چارەسەرکردنی هۆکارەکانی پشت توندوتیژدا دەبینێتەوە، کە بونیادنانی شەرعیەتی و حکومڕانیەکی بەهێز لەخۆبگرێت. چونکە چارەسەرکردنی ئەم هۆکارانە وادەکات، کە پێش بەسەرهەڵدانی مەترسیەکانی تیرۆر لە ناوخۆدا بگیرێت. ڕەنگە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە کارێکی ئاسان نەبێت، بەڵام سەرلەنوێ دارشتنەوەی سیستەمی حوکمڕانی لە عێراق، کە پشت بە شەرعیەتی دامەزراوە دەستوری و دیموکراسییەکان ببەستێت، ڕەنگە ببێتە ڕێگاچارەیەک بۆ ئەو کێشە و ئاڵنگاریە زۆرانەی، کە بونیان هەن.

### ٨_٣_٣ نەبونی دەسەڵات و توانا (Lack of authority):

دەسەڵاتی دەوڵەت پشت بە کاریگەری و شەرعیەتی هێزی مادی (physical force) دەبەستێت. هێزی مادیش لە قۆناغی هاوچەرخ ئاماژەیە، بە دامودەزگای ئەمنی، کە هێزی بەرگری و ئاسایش لە خۆدەگرێت.[4] دەسەڵات بریتییە لە توانای دەوڵەت لە بەکارهێنانی هێز بەشێوەی شەرعی لە چوارچێوەی یەکێتی خاکیدا (territory).[5] تواناش ئاماژەیە بۆ دەست گەیشتن بە سەرچاوە گرنگەکان، قەبارەی ئابوری دەوڵەت و هەروەها لەگەڵ توانای

---

[1] Katulis, Brian, Siwar al-Assad, and William Morris. "One year later: Assessing the Coalition Campaign against ISIS." *Middle East Policy* 22, no. 4 (2015): 3.

[2] Byman, Daniel. "What Comes After ISIS?." *Foreign Policy* 22 (2019).

[3] Massé, Léa Eveline Jeanne Stéphanie. "Losing Mood (s): Examining Jihadi Supporters' Responses to ISIS'Territorial Decline." *Terrorism and Political Violence* (2020):2.

[4] Charles Tilly, "War-Making and State-Making as Organized Crime," in Bringing the State Back, edited by P. Evans, D. Rueschemeyer, and T. Skocpol (New York: Cambridge University Press, 1985: 170–81.

[5] Carment, David, Stewart Prest, and Yiagadeesen Samy. *Security, development and the fragile state: Bridging the gap between theory and policy*. Routledge, 2009:85.

دەستکەوتنی ئامرازە پێویستەکانی حکومڕانی.[1] لە ڕێگەی ئەم سێ پێوەرەوە، دەشێ هەڵسەنگاندن بۆ توانای دەوڵەت بکرێت. وەک دەردەکەوێت عێراق لە دوای ئەو قۆناغەوە بەرەو دەوڵەتێک هەنگاوی ناوە، کە بە دەوڵەتی شکستخواردو (fragile state) یان لاواز ( weak state) ناودەبرێت. یەکێک لە خەسڵەتە هەرە سەرەکییەکانی ئەم دەوڵەتە پەیوەستە بە نەبونی شوناسێکی یەکگرتو، چونکە عێراق هەڵگری هەریەکە لە نەبونی شەرعیەت و دەسەڵات و توانایە. لە ئەنجامی ئەم دۆخەدا، بۆتە ژینگەی دەرکەوتنی گروپە جیهادییە توندڕەوەکان. دوای ڕوخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لە پێناو بونیادنانی سوپایەکی نوێ بە کارنامەو سیاسەتێکی تازە، سوپای عێراق هەڵوەشێنرایەوە. سەرباری خەرجکردنی بودجەو داهاتێکی زۆر لە سێکتەری ئاسایشی عێراق، بەڵام نەتوانراوە سوپایەکی نیشتمانی و دامەزراوەی بێتەکایەوە.

لە هەمانکاتدا سیاسەتی ڕیشەکێشکردنی بەعس (deBa’athification) ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە و بە یەکێک لەو هۆکارە گرنگانە دادەنرێت، کە بۆشایەکی گەورەی ئاسایشی لە عێراقدا دروستکرد. ئەم هەنگاوەش ڕێژەیەکی بەرزی لە دانیشتوانی سوننەکان لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا بێکار کردو. بۆیە ئەم سیاسەتی ڕیشەکێشی بەعس، کاریگەرییەکی گەورەی هەبو لە بەشدار نەبونی عەرەبی سوننەدا لە دەسەڵات و بونیادنانەوەی عێراقدا. لە دەرئەنجامی ئەمەشدا ناسەقامگیری سیاسیشی هێنایەکایەوە. لە دوای ٢٠٠٣ بابەتی سوپاو ئاسایشی عێراق بە یەکێک لە گرنگترین پرسەکان دانراوە، کە بە جۆرێک بۆ داهاتوی ستراتیجی بەرگری ئاسایشی نەتەوەیی لە عێراق پشتیان پێ ببەسترێت.[2] ئەم ڕاستیەش ئاماژەیە بۆ دۆخیکی ئاڵۆز، کە لاوازی دەسەڵاتی دەوڵەت ڕۆڵێکی کاریگەری دەبینێت.

هەندێ ڕاستی یارمەتیمان دەدات هەتا ئارگومێنتەکەمان بە ئاسانی داڕێژین. لەم چوارچێوەیەدا، توێژەر یعقوب ئیبراهیمی، لە یەکێک لە توێژینەوەکانی لە ڕێگەی چەند فیگەرێکەوە پەیوەندنی نێوان دەرکەوتنی داعش و دەوڵەتی شکستخواردوی عێراق دەخاتەڕو. ئەمەیش ڕەنگدانەوەی سیاسەتی هەڵەی حکومەتی ناوەندیی بەغدایە، لە پاش ساڵی ٢٠٠٣ و پەراوێزخستنی سوننەکان لە دەسەڵات و پەیڕەوکردنی سیاسەتی مەزهەبی. لەبەرئەنجامی ئەو سیاسەتانە، نەبونی کار و بەرزی ڕێژەی بێکاری لە ناوچە سوننە نیشینەکاندا لە ئاستێکی مەترسیدار بوە. ئەمەش ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی هەبوە لە دۆزینەوەی کەناڵی تر بۆ دەربڕینی ئەو پەراوێزخستنەی ڕوبەڕویان دەبێتەوە. لە ڕێگەی ئەو نەخشەی خوارەوە هۆکارە ناوخۆییەکانی بارودۆخی دەرکەوتنی داعش و ئەنجامدانی کردەوە سەربازییەکان لەلایەن داعشەوە دەخەینەڕو، کە لە ئەنجامی شکستی دەوڵەتی عێراقەوە هاتونەکایەوە.

---

[1] Carment, David, Stewart Prest, and Yiagadeesen Samy. *Security, development and the fragile state*: 56.

[2] Monshipouri, Mahmood, Claude E. Welch Jr, and Khashayar Nikazmrad. "Protecting human rights in the era of uncertainty: How not to lose the war against ISIS: (2017): 5.

## هێلکاری ژمارە (٨-١)

## مۆدێلی گشتی دەرکەوتنی داعش




سەرچاوە: Ibrahimi, S. Yaqub. "Violence-producing dynamics of fragile states: How state fragility in Iraq contributed to the emergence of Islamic State, (2020): 6.

توێژینەوەکە ناچێتەسەر ئەوەی کە چۆن مامەڵە لەگەڵ هەمو ئەو ئاڵۆزیانەدا بکرێ، کە ڕابردو بۆی بەجێهێشتوین، بەڵکو دەتوانین باس لە پەیوەندنی ڕاستەوخۆی نێوان دەوڵەتی شکستخوارد و گەشەسەندنی تیرۆر و گروپە توندڕەوەکان بکەین، کە چۆن پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت شکست دەهێنێت. ئەم هاوکێشەیەش دەتوانرێت لە ئەزمونی دوای کەوتنی ڕژێمی سەددام دەربکەوێت، کە چۆن ئەم پرۆسەیە شکستی هێناوە. ڕەخنەگران زۆر بە گرنگیەوە باس لە شکستی جەنگی عێراق دەکەن، کە بە هۆکارێکی سەرەکی دەرکەوتن و گەشەکردنی

ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دادەنێن.[1] بۆیە بەبێ دامەزراوەکانی دەوڵەت کە نوێنەرایەتی تەواوی پێکهاتەکانی هاونیشتیمانیان بکەن دەرفەتی بونیادنانی نەتەوە بونی نابێت.

لێرەدا دەکرێت ئاماژە بکرێت بە هەمان شێوەی هاوپەیمانییەتی جەنگی ٢٠٠٣، هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی هیچ ستراتیژ و سیاسەتێکیان نەبوە، بۆ چۆنیەتی گواستنەوەی عێراق بۆ قۆناغی بونیادنانی دەوڵەتێکی خاوەن دەسەڵات و شەرعیەت. ئەم ئارگۆمێنتەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە بۆشای سیاسی (political vacuum) هاتۆتەئاراوە، کە ژینگەیەکی لەباری بۆ گروپە چەکداریە توندڕەوەکان دروستکردوە. چونکە پرسیاری هەرە زەحمەتەکە پەیوەستە بە قۆناغی پاش جەنگ. بۆیە لێرەدا دەکرێت پشت بەو ئارگۆمێنتە ببەسترێت، کە دەرکەوتی گروپە جیهادی و توندڕەوەکان لە عێراقدا بۆ ئەو ژینگەیەی کە لە دوای ئەو قۆناغەدا هاتەکایەوە دەگەڕێتەوە. پرۆسەی شکستی بونیادنانی نەتەوە لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق یەکێک بو هەڕەشە سەرەکیەکانی ئەو قۆناغە. چونکە پرۆسەی ئاشتەوایی پاش جەنگ، هەنگاوی گەورەی بۆنەنرا. وەک ئەکادیمی و سیاسی عێراقی علی عەللاوی (Ali Allawi) لە بەرهەمێکیدا بە ناونیشانی (داگیرکردنی عێراق: بردنەوەی شەڕ و دۆڕاندنی ئاشتی The Occupation of Iraq: winning the war, losing the peace)، عەللاوی باس لە شکستی هاوپەیمانان دەکات بێ توانا بون لە دەستەبەرکردنی ئاشتی لە قۆناغی دوای جەنگ، بە تایبەت لە ڕێگەی دورخستنەوەی پێکهاتەی سوننە لە بەشداریکردن لە هاوبەشی دەسەڵاتی سیاسی.[2] لێرەوە دەبینین، کە چۆن شکستی شەرعیەت و توانا و دەسەڵات بە یەکێک لە مەترسیە بەردەوامەکان دادەنرێت، کە هەمیشە لە ڕۆڵێکی کاریگەر و ئاڵۆز دەبینن لە نەگەیشتن بە ئاشتییەکی دورمەودا.

هەروەها وەک ئەوەی ڕەخنەگران بانگەشەی بۆ دەکەن، قۆناغی حکومڕانی نوری مالیکی (٢٠٠٦-٢٠١٤)[3] لە ڕێگەی چەسپاندنی سیاسەتی جیاکاری و مەزهەبی بەیەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی لە ناسەقامگیری و تێکشاندنی بونیادنانی شەرعیەتی دەسەڵاتی سیاسی دادەنرێت. لە ئەنجامی ئەمەدا زەمینەی لەبارکرد بۆ ئەوەی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی شکستخواردو لە ناوچەکەدا. هەروەها یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی دەرکەوتنی داعش و داگیرکردنی موسڵ و بەشێکی گەورەی خاکی عێراق بەرئەنجامی سیاسەتە مەزهەبیەکانی

---

(1) Brands, Hal, and Peter Feaver. "Was the Rise of ISIS Inevitable?." *Survival* 59, no. 3 (2017): 14.

(2) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شکستی پرۆسەی ئاشتی لە دوای داگیرکردنی عێراق ٢٠٠٣ بڕوانە:

Allawi, Ali A. *The occupation of Iraq: Winning the war, losing the peace*. Yale University Press, 2008.

(3) توێژەر توبی دۆج (Toby Dodge) توێژینەوەیەکی بە نرخی هەیە، دەربارەی دەرکەوتنی شێوازی دەسەڵاتی تاکڕەو مەزهەبی لەلایەن ماوەی حکومڕانی نوری مالیکی و چۆنیەتی بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی کەسی و سیاسی خۆی و مانەوەی لە دەسەڵات و پەراوێزخستنی پێکهاتەکانی تر، بۆ زانیاری زیاتر لەهەمبەر ئەم پرسە بڕوانە:

Dodge, Toby. "State and society in Iraq ten years after regime change: the rise of a new authoritarianism." *International Affairs* 89, no. 2 (2013): 241-257.

مالیکی بون.[1] لە دەرئەنجامی پیادەکردنی ئەو سیاسەتە ستەمکاریانە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، زۆرینەی سوننەکان گەشتنە ئەو باوەڕەی، کە ئەڵتەرناتیڤی داعش لە حکومەتی عێراقی باشترە.[2]

دەکرێت ئاماژە بە ئەو ڕاستیە بکرێت، کە پێش ئەوەی داعش گروپێکی جیهادی جیهانی بێت، ئەوا بزوتنەوەیەکی یاخی سوننە مەزهەب بوە. بۆیە لە پێناو ڕێگریکردن لە فراوانبون و سەرهەڵنەدانەوەی گروپی تیرۆرستی بە فۆرم و شێوەی جیاواز، دەبێت هەمان ئەو هەڵانەی ئەو قۆناغە دوبارە نەکرێنەوە. دەتوانین لە هەڵسەنگاندنی ئەم بۆچونەدا بڵێین، کە هەڵبەتە ئەگەر ناکۆکیەکان لەسەر بەرژەوەندییەکان بێت، ڕەنگە گەیشتن بە ڕێکەوتن ئاسانتر بێت، بەڵام کاتێک کە ناکۆکی لەسەر بنەما بنەڕەتیەکان بێت ئەوا کێشەکان بەو ئاسانییە نابن. بۆیە لەڕێگەی خستنەڕوی ئەو ڕاپۆرتانەی ئاماژەیان پێکرا، دەردەکەوێت پاش بەزاندنی داعش، پرۆسەی بونیادنانەوەی ئاشتی نەبۆتە بایەتێک، کە هەنگاوی سەرەکی بۆ بنرێت و سود لە وانەکانی ڕابردو وەربگیرێت.

## ٨_٣_٤ پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە و چەکداماڵینی گروپە چەکدارەکان لە عێراق (Disarmament):

لە سەرەتای پێناسەکردنی جەنگ، ئاماژەمان بەوەکرد، جەنگ وەک فۆرمێک لە توندوتیژی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە. لە نێو ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتیە، دەکرێت هۆکارەکانی توندوتیژی گەشەبکەن و دواجاریش لە شێوەو فۆرمی جیاواز خۆیان دەربخەنەوە دەبینین سەرەتای دەرکەوتنی ڕێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گروپە چەکدارانەی بەشێوازی جیاواز چەکدار بون. دوای ئەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش دەست بەسەر بەشێکی زۆر لە خاکی عێراقدا دەگرێت، ئەمە دەبێت دەرفەتێک بۆ دەوڵەتانی دراوسی بۆ دەستێوەردان لە ڕوبەڕوبونەوەی داعش لەڕێگەی پرچەککردنی بەشێکی زۆری ئەو ڕێکخراوانە کە لەڕوی ئایدۆلۆژی و بەرژەوەندییەوە یەکدەگرنەوە. لە دوای داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە، مەترسی لەسەر شارەکانی تریش دروست بو، بۆیە (سیستانی) مەرجەعی باڵای شیعەکان لە عێراق لە هەمان ساڵدا فەتوای (الجهاد الكفائي) دا. سیستانی لەو فەتوایەدا داوای لە خەڵکانی خۆبەخش و ئەو کەسانە کرد، کە توانای چەکهەڵگرتنیان هەیە بۆ پارێزگاریکردن لە شارەکانی عێراق چەکهەڵبگرن. ئەم هێزانە زۆرینەیان سەر بە هێز و لایەنە شیعەکان،[3] کە لە ماوەی شەڕی داعشدا بە فتوای مەرجەعە باڵایەکانی شیعە پێکهێنراون، کە ناو دەبرێن بە

---

[1] Abdulrahman, Salam Abdulqadir. "The occupation of Iraq: winning the war, losing the peace." (2019): 6.

[2] Brands, Hal, and Peter Feaver. "Was the Rise of ISIS Inevitable?.", (2017):40.

[3] Gulmohamad, Zana, The Evolution of Iraq’s Hashd al-Sha’abi (Popular Mobilization Forces)" pp. 259-301 in P. O. Amour (ed.) "The Regional Order in the Gulf Region and the Middle East: Regional Rivalries and Security Alliances" , Palgrave Macmillan. 2020.

حەشدی شەعبی (Popular Mobilization Forces) ژمارەی چەکدارەکانیان لە نێوان (١٠٠-١٢٠) هەزار چەکدار دەبێت و بەسەر نزیکەی پەنجا گروپی جیاواز دابەش بون.[1] لە دوای شکستی سوپای عێراق، هاتنەکایەوەی حەشد پەیوەست بو بە ساتەوەختێکی تایبەت و قەیراناوی، کە هەمو هێز و بەرە دژ بەیەکەکانی یەکخستبو لە پێناو بەرەنگاربونەوەی داعش. لەسەرەتادا ئەم هێزانە وەک پرۆسەیەکی کاتی سەیریان دەکرا، بەڵام ئەوەی چاودێری بارودۆخی ئاسایشی ناوچەکە بێت، بۆی دەردەکەوێت کە کۆمەڵێک هۆکاری سەرەکی ئەم هێزانەیان هێنایەکایەوە.

یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکیەکانی ئەم سوپایە بریتییە لە نارێکی و پەرتەوازەیی، کە بەشێوەی سوپای مۆدێرن رێکنەخراوەو هەڵگری ئاستی هۆشیاری سەربازی و یاساکانی جەنگ نین. بەپێی راپۆرتێکی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی بێت (International Crisis Group) زۆرینەی ئەندامانی حەشد تەنانەت خوێندنی سەرەتای و ناوەندیان تەواو نەکردوە.[2] ئەو نەوەیە لە چەکدار کە خاوەنی باکگراوندی سەربازی و خوێندەواری نین زۆر بە ئاسانتر دەتوانرێت بەکاربهێنرێن بۆ شەڕی مەزهەبی و ناکۆکیە ناوخۆییەکان. دواتر هێزە و لایەن شعیەکان بەبێ ڕەزامەندی لایەنی سوونەکان لە ڕێگەی پەرلەمانەوە چوارچێوەیەکی یاسایان بۆ ئەو گروپانە دەرکرد. کە لە (٢٦-١٢-٢٠١٦)دا بەپێی یاسای ژمارە (٤٠)، کە بە "یاسای دەستەی حەشدی شەعبی" ناسراوە، ئەم گرووپانە رەوایەتی وەربگرن و وەکو بەشێک لە هێزە چەکدارەکان و سوپای عێراق هەژمار بکرێن و ئەم بڕیارە شەرعیەتی یاسایی بۆ مسۆگەر کردن.

هێزەکانی حەشدی شەعبی پێکدێن لە چەندین گروپ و هێزی مەزهەبی، کە لە ڕێگەی هێزی سەربازییەوە دەیانەوێت کۆنترۆڵیان بەسەر دەسەڵاتی سیاسیەوە هەبێت. بەهۆی ململانێکانەوە و بەردەوامی دان بە میلیشیاکان بۆتە کارێکی ئاسایی، ئەمەش بە یەکێک لە ئاستەنگەکان دادەنرێت و بەشێکە لە پرۆسەیەکی گشتگیرتر و فراوانتر، کە پەیوەستە بە ریفۆرمی کەرتی

---

[1] Mansour, Renad & Jabar, Faleh. 'The Popular Mobilization Forces and Iraq's Future', Carnegie Middle East Center Paper, 28 April 2017. Available at https://carnegie-mec.org/2017/04/28/popular-mobilization-forces-and-iraq-s-future-pub-68810 (Accessed 18 June 2019).

[2] International Crisis Group, "Fight or Flight: The Desperate Plight of Iraq's 'Generation 2000,'" Middle East Report 169 (2016), Avliable at: https://www.crisisgroup.org/middle-east-north-africa/gulf-and-arabian-peninsula/iraq/fight-or-flight-desperate-plight-iraq-s-generation-2000(Accessed 2 June 2019).

ئاسایشەوە، کە لە عێراقدا بە یەکێک لە کێشەکانی بەردەم حکومڕانی دادەنرێت، کە تائێستاش نەتوانراوە سوپایەکی نیشتمانی جێگەی باوەڕی پێکهاتە جیاوازەکان دروست بکرێت.[1]

ئەگەر ئەم هەنگاوە لەسەرەتای بەرەنگاری داعش پێویست و کاریگەر بوبێت لە تێکشکاندنی داعش، دەبینین دوبارە بونی چەک لەلایەن ئەو گروپانەوە لە دەرەوەی هێزی ڕەسمی دەوڵەت وەک مەترسیەک وێنا دەکرێت، لە قۆناغی پاش جەنگ، دەبێت کار لەسەر داماڵینی چەک لەو گروپ و هێزانە بکرێت بۆ ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی توندوتیژی و ڕێگریکردن لە دەرفەتی شەڕی ناوخۆیی، کە هەمیشە لە عێراقدا بژاردەیەکی کراوە بو. بۆیە یەکێک لە گرنگترین مەترسی و هەڕەشەکان لە دوای لە ناوبردنی داعش لە ڕوی سەربازییەوە بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسی و سەروەری دەوڵەت بریتیە لە مامەڵەکردنی ئەو هەمو هێز و پێکهاتە جیاوازانەیە کە چەک بەدەستن و لە دەروەی هێزی نیشتمانین.

ڕاستە هێزەکانی حەشدی شەعبی ڕۆڵی سەرەکیان هەبوە، لە ڕوبەڕوبونەوەی داعشدا . بەڵام ڕۆڵی ئەو هێز و گروپانە لە دوای قۆناغی داعش جێگەی پرسیار و گومانە. بەڕای بەشێکی زۆر لە توێژەران پێکهێنانی ئەم هێزانە وەک دامەزراوەی سەربازی نوێ کە زیاتر پشت بە ئایدۆلۆژی و بیرکردنەوەی مەزهەبی دەبەستن بە یەکێک لە هەڕەشەکانی دوای داعش دادەنرێت. چونکە ئەو هێزانە شەڕ دەکەن لە پێناو مەزهەب نەک دەوڵەت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستیە، (کێنث پۆلاک) هێزە چەکدارەکانی حەشد بە کێشەیەکی سیاسی و سەربازی ناو دەبات.[2] بۆیە لە باری سیاسییەوە، ئەم هێزانە پێویستە بە پرۆسەیەکی ریفۆرمی ڕیشەیدا تێپەڕن لە پێناو بەدامەزراوەیکردن و سەربەخۆیان. چونکە ناتوانرێت قسە لەسەر ئاشتی بکرێت لە دوای جەنگ، ئەگەر چاکسازی لە بواری ئاسایشدا ڕونەدات، ئەم چاکسازیەش خۆی دەبینێتەوە لە سێ بابەتی سەرەکی وەک چەکدانان (Disarmament)[3]، هەڵوەشاندنەوە (Demobilisation)[4]، ڕێکخستنەوە (Reintegration).[5] لەسەرەتای ساڵانی (١٩٩٠)

---

[1] ریفۆرمی سێکتەری ئاسایش بەشێکی گرنگی پرۆسەی بونیادنانەوە لە قۆناغی پاش جەنگ و وەك بابەتێکی سەرەکی ئەدەبیاتی سیاسی و ئاسایشی سەیردەکرێت، لەم بارەیەوە هەریەکە لە لێکۆڵەران (Bryden, Alan, and Heiner Hänggi) چەند توێژینەوەیەکی بەنرخیان خستۆتەڕو، لەوانە:

Bryden, Alan, and Heiner Hänggi. "Reforming and reconstructing the security sector." *Security governance in post-conflict peacebuilding* (2005).

[2] Pollack, Kenneth, Iraq Situation Report, Part I: The military campaign against ISIS, March 28, 2016, Available at: https://www.brookings.edu/blog/markaz/2016/03/28/iraq-situation-report-part-i-the-military-campaign-against-isis/ (Accessed 3 March 2020).

[3] چەکداماڵین (Disarmament): بریتیە لە کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن، کۆنترۆڵکردن، داماڵینی چەکە سوکەکان، جبەخانەکان، تەقینەوە سوك و قورسەکان لە شەڕکەرەکان و هەروەها لە خەڵکی مەدەنیش. چەکداماڵین پرۆگرامی لێپرسراویەتی گەشەپێدان ئیدارەدانی چەك دەگرێتەخۆ.

[4] هەڵوەشاندنەوە (Demobilisation): بریتییە لە شێوازێکی فەرمی کۆنترۆڵکردن و کۆتایهێنانی کاری شەڕکەرە چالاکەکان لە هێزە چەکداریەکان و گروپە چەکداریەکانی تر.

[5] ڕێکخستنەوە (Reintegration): بریتیە لە پرۆسەی پێدانی مەدەنی بۆ شەڕکەرەکانی پێشو و پێدانی کار و داهاتێکی بەردەوامیان هەبێت. بەشێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوری لە چوارچێوەی کاتێکی دیاریکراودان، کە

ژمارەی ململانێ و پێکدادانە چەکدارییەکان زیادیان کردوە، لە هەمانکاتدا پرۆسەی چەکدانان و هەڵوەشاندنەوە و دوبارە یەکگرتنەوە (DDR) رۆڵێکی ئێجگار گرنگی بینوە لە هێنانەکایەوەی ئاشتی لە قۆناغی دوای جەنگدا،[1] هەر بۆیە ئەم پرۆسەیە بۆتە بەشێکی گرنگ پرۆسەی ئاشتی پارێزی سەر بە (UN). لەم بارەیەشەوە چەندین ئەزمونی سەرکەوتویی ئەم پرۆسەیە هەن، لە لێکۆڵینەوەیەکی سەنتەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سەر بە زانکۆی سکوڵی ئابوری و سیاسی لندەن (LSE Middle East Centre Report) توێژەری ئاماژە بە چەند کەیسێکی وەک نیپاڵ و سریلانکا دەکات، سەرەڕای جەنگی ناوخۆیی و ناسەقامگیرییەکی زۆر، بەڵام لە قۆناغی دوای جەنگ توانراوە ئاشتی دەستەبەر بکرێت لە ڕێگەی جێبەجێکردنی (DDR)، توێژەری ئەم لێکۆڵینەوەیە هەمان پرۆسە بۆ هێزەکانی حەشد لە عێراقدا دەخاتەڕوو.[2] وێڕای ئەوەی کە ئەم سیاسەتە لە چەندین وڵاتدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، بەڵام ئەم پرۆسەیە دەکرێت هاوتابێت لەگەڵ چەندین گۆڕانکاری ڕادیکاڵی تر بۆئەوەی بتوانرێت بە کردەی جێبەجێ بکرێت، ڕەنگە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە کارێکی ئاسان نەبێت.

لەسەر بنەمای هەمان تێگەیشتن، هەردوو توێژەر دیالن ئودریسکۆڵ دەیڤ ڤان زوونن (Dylan ODriscoll and Dave van Zoonen) ئاماژە بە قۆناغی دوای داعش دەدەن، بە تایبەت لە پرۆسەی چەکداماڵین و سێکتەری ئاسایش، بە ڕای ئەوان پرانسیپی سەرەکی بریتییە لە پێکەوەی و هەمەچەشنی بۆ ئەوەی پردی متمانە دروست بکرێت لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا.[3] بۆچونی ئەوان ئەوەیە، کە دەبێت بۆ ڕێگرتن لە خراپ بەکارهینانی دەسەڵاتیان، وەک چارەسەرێکی سەرەکی هێزەکانی حەشد شەعبی هەڵبوەشێندرێتەوە و بەشێوازێکی تر تێکەڵ بە هێزە فەرمیەکانی سوپا عێراق بکرێن. ئەوان ئاماژە دەکەن بەوەی، کە بونی گروپە چەکداریەکانی وەک حەشد بە یەکێک لە کێشە گەورەکانی دوای داعش دادەنرێت، بۆیە هەنگاوی سەرەکی دەبێت دوای ئەو قۆناغە چەکداماڵین بێت لەو گروپانە، هەروەها بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ئەو پرۆسە لە لایەن نەتەوە یەکگرتوەکان یان بانکی جیهانیەوە (World Bank)

---

ئاستی ناوخۆی کۆمەڵگادا ڕوودەدات. بەشێکە لە گەشەپێدانی گشتی وڵات و لیپرسراویەتی نیشتمانی، کە زۆر کات پێویستی بە هاوکاری دەرەکی درێژخایەن هەیە، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ستراتیژی چەکداماڵین دوای جەنگ بڕوانە.
Al-Khafaji, Hayder. "Iraq's popular mobilisation forces: the possibilities for Disarmament, Demobilisation & Reintegration." (2019):5.

[1] بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی سەرکەوتویی کەیسەکانی ئەم پرۆسەیە ،بڕوانە ڕاپۆرت و داتابەیسی بانکی نێودەوڵەتی:
Nezam, Taies & Alexandre Marc, 'Disarmament, Demobilization and Reintegration', World Bank Social Development Department, No. 119, February 2009, Available at: https://siteresources.worldbank.org/EXTSOCIALDEVELOPMENT/Resources/244362-1164107274725/DDRFinal3-print.pdf (Accessed 24 March 2020).

[2] Al-Khafaji, Hayder. "Iraq's popular mobilisation forces: the possibilities for Disarmament, Demobilisation & Reintegration." (2019).
[3] O'Driscoll, Dylan, and Dave van Zoonen. "The Future of Iraq: Is Reintegration Possible?." *Middle East Policy* 24, no. 3 (2017).

پشتگیری بکرێت.[1] پاڵپشتی لایەنی نێودەوڵەتی بۆ پرۆسەی چەکدانان و هەڵوەشاندنەوەیان و بونیان بەبەشێک لە سیستەمی ئەمنی گشتی هەنگاوێکی ئێجگار گەورە دەبو. چونکە نەخشەڕێگای بەدیهێنانی پرۆسەی ئاشتەوایی پێویستی بەوە هەبو، کە حکومەتی عێراق هێزە ئەمنیەکان هەمەجۆربکات و بەشداری بە پێکهاتە ناوخۆییەکان بکات بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی و سەقامگیری.

پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە و ڕێکخستنەوەی هێزە مەزهەبیە چەکدارەکانی عێراق پێویست بو کاری لەپێشینەی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی بێت، چونکە ئەم پرۆسەیە ڕونە بەبێ هاوکاری نێودەوڵەتی دەستەبەرناکرێت. بەڵام لە قۆناغی دوای جەنگ بەپێچەوانەوە، مەترسی ئەم هێزانە وەک هەڕەشەیەک دژ بە ئاسایشی دەوڵەتی عێراق زیادیان کرد. لەبەرئەوەی کە ستراتیژ و سیاسەتێکی دوبارە بونیادنانەوە نییە لە کۆمەڵگای پاش جەنگی داعش، بەشێک لە هێزەکانی حەشد دەستیان کردوە بە گێڕانەوەی ئەندامانی پێشوی داعش، ئەوانەی کە بە هۆکاری دەستکەوتنی دارایی و ژیانیان پەیوەندیان پێوەکردبون. لەمیانەی ئەم پرۆسەیەدا، لە نووسینێکی گۆڤاری فۆرن پۆڵەسی (Foreign Policy)دا مەترسی پرچەکردنەوەی چەکدارانی داعش لەلایەن گروپەکانی حەشد دەخاتەڕو.[2] هەروەها بەگوێرەی کەسانی ناوچەکە بێت، ئەم گروپانە لەڕێگەی فشار و بڵاوکردنەوەی ترس و پێدانی پارەوە دەیانەوێت چەکدارانی پێشوتر بگرنەخۆ. ئامانجی سەرەکی گروپەکانی حەشدیش ئەوەیە، کە کاریگەری سیاسی و ئارامی لە ناوچە سوونیەکان زیادبکەن، لە پێناو ئەو ئامانجانەش پێویستیان بە ئەندامانی سوننەکان هەیە.[3] ئەمەش هەوڵدانە بۆ بێدەسەڵات و لاوازکردنیان و سەپاندنی ئەجێندای خۆیان لە بەڕێوەبردنی شارەکەدا. گومانی تێدانییە وەک هەمو ئاماژەکان، دەریدەخەن کە ئەم پرۆسەیەش کاریگەری گەورەی دەبێت لە بونیادنانەوەی ئاشتی و بەریەکەوتنی پێکهاتەکان. سەرەتای پرۆسەکەش لە هەڵوەشێاندنەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبیەوە دەست پێدەکات.

لە پوختەی ئەم بۆچونانەدا ئەوەی دەتوانرێت بوترێت ئەوەیە، ئەم پرسە کۆمەڵێک ڕەهەندی قوڵی هەیە، گرووپە چەکدارییەکانی حەشدی شەعبی، وەکو هەڕەشەیەک لەسەر ئایندەی کەمینە ئاینی و پێکهاتەکانی تر دەبیندرێت. چونکە ئەوان ترسی گۆڕینی دیمۆگرافی و هەستکردنێکی زۆر بە پەراوێزخستن هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر هەستکردن بە نادڵنیایی لەسەر ئایندەیان. عێراقی دوای داعش بە دەوڵەتی لاواز و میلیشای بەهێز دادەنرێت. چونکە لەدوای بە یاسایکردنی ئەو گروپ و هێزانە ئەرکی حکومەتی زۆر قورس کردوە لە گرتنەبەری

---

[1] O'Driscoll, Dylan, and Dave van Zoonen. "The Future of Iraq: Is Reintegration Possible?:38.
[2] Mironova, Vera, Mohammed Hussein, Islamic State Fighters Are Back, and This Time They're Taking Up Arms With Shiite Militias, October 15, 2018, Available at: https://foreignpolicy.com/2018/10/15/islamic-state-fighters-are-back-and-this-time-theyre-taking-up-arms-with-shiite-militias/ (Accessed 15 April 2020).
[3] Ibid,.

ستراتیژێکی نیشتمانی بۆ ڕێکخستنەوەی سوپا دور لە بنەمای مەزهەبی و تایفی. بەم پێیە ململانێی مەزهەبی وەک تۆوی ناسەقامگیری، هەمیشە ڕێگەخۆشکەرێکی باش بوە.

**٨_٣_٥ پرسی گەڕانەوەی ئاوارەکان:**

دوای ئەوەی بەشێکی زۆری خاکی عێراق کەوتە ژێر دەستی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش، بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئەو ناوچانە توشی ئاوارەیی بونەوە بە تایبەت لە پارێزگای نەینەوا. بەپێی خەملاندنی ڕاپۆرتی (UN) بێت زیاتر لە (٣) ملیۆن هاووڵاتی لە ناوخۆدا ئاوارەبون، ئەمە لە کاتێکدا کە زیاتر لە هەشت ملیۆن کەس پێویستی بە هاوکاری مرۆیی هەبوە.[1] لە قۆناغی دوای داعش، پرسی گەڕانەوەی ئاوارەکان بە یەکێک لە بابەتە گرنگەکان دادەنرێت. چونکە دەستپێکردن بە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان مەرجێکی پێشوەختەیە لە پێناو ڕیگرتن لە توندوتیژی و دەستەبەرکردنی فۆڕمێکی دیاریکراو لە بەڕێوەبردنی هاوبەش.

لە ڕاپۆتێکدا سەنتەری توێژینەوەی مێری ( Middle East Research Institute MERI) سەبارەت بە بەربەستەکانی بەردەم گەڕانەوە و سەقامگیری ئاوارەکان، ئاماژەیان بە چەندین هۆکاری سەرەکی کردوە. لە ڕێگەی ئەم خشتەیەی خوارەوە فاکتەرە جیاوازە هەرە سەرەکییەکانی بەردەم نەگەڕانەوەی ئاوارەکان بە وردی خراوەتەڕو.

**خشتەی ژمارە (٨-١)**

**بەربەستەکانی گەڕانەوەی ئاوارەکان و هۆکارەکانی ناسەقامگیری**

[1] Higel, Lahib. *Iraq's Displacement Crisis: Security and Protection*. Ceasefire Centre for Civilian Rights, 2016:1.

| قەزا | بەربەستە سەرەکییەکانی گەڕانەوە | هۆکارە سەرەکییەکانی ناسەقامگیری |
|---|---|---|
| حەمدانیە | - ترس.<br>- خرابونی شوێنی نیشتەجێبون.<br>- گۆڕینی دیمۆگرافی و جیاکاری. | - نیگەرانی ناسەقامگیری و بەربڵاوی گروپە چەکدارییەکانی حەشدی شەعبی.<br>- قەرەبونەکردنەوە و پێداویستییەکانی ئاوەدانکردنەوە.<br>- نەبونی هەماهەنگی ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ دەسەڵاتە ناوچەیەکان.<br>- ململانێی حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان. |
| موسڵ | - ترس.<br>- نەبونی دەرفەتی بژێوی و خزمەتگوزاری.<br>- نیگەرانی بێ ئاسایشی، پەیدابونی.<br>چەندین گروپی چەکداری.<br>هەمەجۆر، هێرشی داعش، بونی مین لەو ناوچایەدا. | - گرفتەکانی بەردەم ئاشتەوایی و پێکەوە ژیان.<br>- گەندەڵی بەرفراوان لە حکومەتە خۆجێییەکان.<br>- لاوازی ڕێکاری لێپرسینەوە و دادوەری.<br>- هاوبەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان دانیشتوانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای موسڵ.<br>کەوتوتە ژێر کاریگەری تۆڵەسەندنەوە لە یەکدی.<br>- ئەگەری پێکدادانی سیاسی لە دژی زیادبونی ڕۆڵی گرووپە چەکدارییە شیعەکان لە شارەکە.<br>- پەراوێزخستنی زۆرینەی دانیشتوان (ئافرەت و منداڵ و گەنج). |
| شێخان | - گۆڕینی دیمۆگرافیای قەزاکە.<br>- کێشەی ئەمنی.<br>- وێرانبونی شوێنی نیشتەجێبون. | - بونی ڕێژەیەکی زۆر لە ئاوارەکان. |
| شنگال | - کێشەکانی ئەمنی<br>- نەبونی هەوڵێکی جددی بۆ ئاوادانکردنەوەی قەزاکە.<br>- کێشەکانی خانوبەرە و زەوی ئاوارە و گەڕاوەکان. | - نەبونی دەرفەتی بژێوی، کە دەبێتە هۆی زیاتر نالەباری.<br>- نەبونی هەوڵی جددی بۆ ئاشتەوایی و چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕابردو.<br>- بونی چەندین گرووپی چەکداری و ئەمنی جۆراوجۆر، کە کۆنترۆڵی ژینگەی سیاسی و ئەمنی شارەکەیان لە ڕێگەی پەراوێزخستن کردوە. |

| | | |
|---|---|---|
| | | - نەبونی هێزێکی ئەمنی هاوبەش، کە بۆشایی ئەمنی پڕبکاتەوە و ڕێگە لە سەرهەڵدانەوەی داعش بگرێ. |
| تەلەعفەر | - نەبونی بژێوی.<br>- کێشەکانی خانووبەرە و زەوی ئاوارە و گەڕاوەکان.<br>- هەروەها سستی پرۆسەی ئاوادانکردنەوە.<br>- کێشەی ئەمنی. | - جیاکاری و گێچەڵ بە تایبەت بۆ ئەو خێزانانەی، کە تاکە ژنێک بەرێوەیان دەبا.<br>- بۆ گەنج: خراپی پەروەردە و خوێندن و دەرفەتی کار.<br>- ناکۆکی نێوان شیعە و سوننەی قەزاکە.<br>- بونی چەندین گرووپی ئەمنی جۆراوجۆر، کە شیعە تیایدا باڵادەستە و وا دەبینرێ زیاتر خزمەتی پێکهاتەی شیعەی شارەکە بکەن. |
| تلکێف | - بەدۆکیومێنت نەکردن و کێشەی خانوبەرە و زەوی.<br>- نەبونی سەرچاوەی دارایی بۆ گەڕانەوە.<br>- وێرانبونی شوێنی نیشتەجێبون. | - بونی چەندین گروپی چەکداری و ئەمنی.<br>- گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکە کاریگەری لەسەر پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی دەکات.<br>- نەبونی متمانە لەنێوان گروپەکان.<br>ونوێنەرایەتی نەکردنی کەمینەکان.<br>- جیناکۆکبونی قەزاکە لەنێوان هەولێروبەغدا.<br>- زیادبونی ئاکتەری ئەمنی نادەوڵەتی.<br>- کارنەکردن لەزەوییە کشتوکاڵییەکان.<br>لەبەرهۆکاری مین وکەمی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە.<br>- قەرەبونەکردنەوەی زیانلێکەوتوان.<br>- فراوانبونی لێکترازانی گروپەکان لەگەڵ یەکتری. |

سەرچاوە: Johansen, Henriette, Palani, Kamaran, Ala'Aldeen, Dlawer, Ninewa Plains and Ninewa Barriers to Return and Community Resilience A Meta-Analysis of Existing Western Studies and Literature, Middle East Research Institute, 2019:4-5.

وەک لەم نەخشەیەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، گرنگترین مەترسییەکان پەیوەستن بە ناسەقامگیری و هەستنەکردن بە ئاسایش، بەربڵاوی گروپە چەکدارییەکانی حەشدی شەعبی بونەتە بەربەست و فاکتەری سەرەکی نەگەڕانەوەی بەشێکی زۆری ئاوارەکان. ڕەنگە سەربکێشێت بۆ دابڕاندنی بەشێک لە پێکهاتەکان و هەست نەکردن بە نوێنەرایەتی کردن. هەروەها دەسەڵات و حکومەتی عێراق بێتوانایە لە وەڵامدانەوەی پێداویستیەکانی هاووڵاتیان. بەربەستەکانی بەردەم ئاوارەکان زۆرن و دەسەڵاتی سیاسیش کەمتەرخەم بوە لە کەمکردنەوەی بێ متمانەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە. بەشێوەیەک دانیشتوانی ئەو ناوچانە

نەبوونە سەنتەری دیالۆگێکی بنیادنەر بەمەبەستی دۆزینەوەی هاوکێشەیەک بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانە. زیاتر لەوەش، سنورداربونی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و هەستنەکردن بە ئاسایش، دواجار بە ڕێگری گەورە دادەنرێن لە پرۆسەی گەڕانەوەی ئاوارەکان. چونکە بەبێ پرۆسەی ئاشتەوایی و ئاوەدانکردنەوە ناتوانرێت گەڕانەوەی ئاوارەکان سەرکەوتوبێت. نزمی ئاستی پرۆسەی ئاوادانکردنەوەی ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێر دەستی داعش دۆخەکەی ئاڵۆزترکردوە. هەروەها بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتیش ڕۆڵێکی ئەوەندە گەورەی نەبوە لە دوبارە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەدا، کە پێویست بو بەرپرسیارێتی ئەم پرۆسەیە لە ئەستۆبگرن. ئەمەش وادەکات بەپێی تێزەکانی تیۆری جەنگی ڕەوا ئەم دەستتێوەردانە سەربازییە ڕوبەڕوی ڕەخنەی سەرەکی ببێتەوە، بەهۆی پابەندنەبون بە پلانێکی تۆکمە بۆ قۆناغی دوای جەنگ.

ئەم ڕێگریانە لەگەڵ بنەماکانی دوای جەنگ لە دژایەتی تەواودان، کە دەبو دەرفەتی ئاشتی و سەقامگیری بێنێتەکایەوە. سەرباری ئەو مەترسییە ئاشکرا و گەورانەی باسکران، هێشتا کێشەی سەرەکی لە بواری گەڕانەوەی ئاوارەکانی عێراق هەیە. ئیزەدۆرە گاتس (Isadora Gotts) بە پشت بەستن بە توێژینەوەیەکی مەیدانی و چاوپێکەوتنی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی پێشتر لە ژێر دەستی داعش ئازادکراون، بە تایبەت پارێزگای نەینەوا، ئەو ڕاستیە دەخاتەڕو، کە چۆن ئابوری ئەو ناوچانە کۆنترۆڵکراوە لەلایەن هێزە و گروپە چەکدارییەکانی سەر بە حەشد، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی زۆر خراپ لەسەر پرۆسەی دوبارە بونیادنانەوەی ئەو ناوچانە دەبێت.[1] حکومڕانیەکی لاواز و بونی ئەو هەمو گروپە چەکدارە جیاوازانە ژینگەیەکی ئابوری زۆر خراپ و نالێپرسراوی لەو ناوچانە هێناوەتەکایەوە، کە ئەکتەرە لۆکاڵیەکان تەنها بەدوای دەستکەوتی خۆیانەوەن.

هەروەها لەبەرکارتێکردنی ئەم فاکتەرە جۆراوجۆرانەیە کە هۆکارەکانی بارگرژی بەریەکەوتن ئەگەری زۆرە بۆ ئەو کەسانەی کە گەڕاونەتەوە.[2] ئەوەش گەورەترین زیانی لە ئاشتەوایی داوە، بۆیە دەبینین ناسەقامگیری لە عێراقدا بەرەوبەرزبونەوە دەڕوات، بە گوێرەی نوێترین ڕاپۆرتی دامەزراوەی ڤیژن ئۆف هیومانیتی (vision of humanity)، کە تایبەتە بە پۆلێنکردنی سەقامگیری وڵاتان. هەر بە گوێرەی ڕاپۆرتی ٢٠٢٠ی دامەزراوەکە، عێراق لە ریزبەندی سێیەمە لە ڕوی نائارامی و سەقامگیرییەوە.[3] لە ڕوانگەی پێکهاتەکانەوە، ئاماژەیەکی

[1] Gotts, Isadora. "The business of recycling war scrap: the Hashd al-Sha῾abi's role in Mosul's post-conflict economy." (2020).

[2] ژمارەیەکی زۆر لە منداڵانی خێزانەکانی داعش کە لە کەمپەکان دەژین بێبەشکراون لە بونی ناسنامە و شوناس و هیچ سیاسەتێکی ڕون نیە بۆ ئەوان، ئەمەش پێچەوانەی ڕێسا نێودەوڵەتییەکانە. بۆیە دەکرێت ببنە مەترسی و هەڕەشەیەك بۆ دوبارە گێرانەوەی توندوتیژی .

[3] Global Peace Index 2020 Vision of Humanity, institute for economics & peace, Available at< http://visionofhumanity.org/app/uploads/2020/06/GPI_2020_web.pdf (Accessed 6 April 2020).

باش بۆ ڕەوشی ئاسایش و سەقامگیری لە قۆناغی دوای ڕزگارکردن نییە. تیۆری جەنگی ڕەوا نەک هەر بە تەنها کۆنترۆڵی توندوتیژی دەکات، بەڵکو تیۆرەیەکە ئامانجی ئەوەیە، کە ئاشتییەکی دور مەودا بهێنێتە ئاراوە پشت ئەستور بە بنبڕکردنی هۆکارەکانی توندوتیژی. بەڵام وەک دەردەکەوێت لە دۆخی سیاسی دوای جەنگ، دابڕانێک هەیە، لە نێوان قەیران و چارەسەردا، کە ببێتە گواستنەوە بۆ وەچارخانێکی سەقامگیرتر. بۆیە لە تەوەرەی داهاتو قسە لەسەر ئەو ئارگۆمێنتە دەکرێت، کە سەرکەوتنی سەربازی بە تەنها مانای گەیشتن نەبێت بە ئاشتی لە قۆناغی دوای جەنگ.

**٨_٤ ئایندەی ئاشتی لە دوای کەوتنی داعش:**

چەمکی سەرکەوتن بەیەکێک لە بابەتە گرنگ وسەرەکییەکانی ئەدەبیاتی جەنگ دادەنرێت، کە چۆن لە قۆناغی مۆدێرندا بە تەنها کورت ناکرێتەوە لە سەرکەوتنی سەربازی (Military triumphalism)، بەڵکو بە پرۆسەیەکی گشتگیرتر و فراوانتر دادەنرێت و پێویستە هەریەکە لە بنەماکانی ئاشتی، دادپەروەری و نیزام لە خۆبگرێت. ئەوەی ئێمە لێرەدا وەک بنەما بۆ ئارگۆمێنتەکەمان دەمانەوێت دایبڕێژین ئەوەیە کە جەنگی ڕەوا بەندە بە دەستەبەرکردنی ئاشتی و سەقامگیریەکی درێژخایەن، کە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان لەخۆبگرێت. سەرەڕای تێگەیشتن و ڕای جیاواز، بەڵام لەنێو تێگەیشتنی تیۆری ڕەوادا چەمکی سەرکەوتن بابەتێکی پڕ بایەخە، کە بە تەنها سەرکەوتنی سەربازیدا کورت ناکرێتەوە، چونکە پرۆسەی سەقامگیری دورمەودا پێویستی بە چارەسەرکردنی کێشە سیاسیە کەڵەکەبوەکان هەیە.

سەرکەوتنی سەربازی ڕەنگە وەک چارەسەرێکی هەمیشەی بێتە پێش چاو لەم جەنگەدا، بەڵام بە دڵنیایەوە ئاڵۆزیەکانی ئەم پرۆسە بە هەند وەرنەگیراون. بۆیە ئەم ئاڵۆزیانە دەکرێت ڕێگربن لەبەردەم هەر پرۆسەیەکی سەقامگیر، کە لە داهاتودا بێتەپێش. ڕەنگە لە ڕوی سەربازییەوە سەرکەوتن بەدەست بهێنیت، بەڵام پرسیارە سەرەکیەکە دەبێت ئەوە بێت، کە ئایە ئاشتیت بردۆتەوە؟ لێرەدا دەکرێت ئاماژە بکەین بە لێکۆڵینەوەیەکی ئاڤشین شای (Afshin Shahi) کە بەراوردی نێوان سەرکەوتن بە سەر ڕێکخراوی تیرۆرستی تاڵیبان و دەوڵەتی ئیسلامی دەکات کە چۆن لە ڕوی سەربازییەوە پێوانەی سەرکەوتن کراوە.[1] توێژەر (ئاڤشین شای) لە ڕێگەی توێژینەوەیەکی مەیدانی ئەوە دەخاتەڕو، کە داعش هەوڵی داوە جۆرێک لە شەرعیەتی ناوخۆیی (کە شەرعیەتی کۆنەخوازی retrospective legitimacy بۆ بەکاردەهێنێت) بەدەست بهێنێت لە ڕێگەی جێبەجیکردنی یاسایەکانیان بە جۆرێک لە دادپەروەری لە بەردەم یاسادا توانیویەتی سەرنجی بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئەو ناوچانە ڕابکێشێت. هەروەها لە هەمان تێگەیشتندا هەریەکە لە توێژەران تۆبی دۆج و بیکا واسەر (Toby Dodge and Becca Wasser) نمونەی ئەوە دێننەوە، کە پێش داعش، لە عێراقدا

[1] Shahi, Afshin, and Amer Mohamad. "Talibanization of the Islamic State and the quest for retrospective legitimacy." *Asian Affairs* 50, no. 4 (2019): 520-545.

ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە ڕوی سەربازییەوە تێکشکاوە، بەڵام لەبەرئەوەی کێشە سیاسییەکان چارەسەرنەکراون، لە قۆناغەکانی داهاتو، ڕێکخراوی داعش زۆر بە بەهێزتر لە ئەلقاعیدە سەرهەڵدەدات.[1]

هەرچەندە بەشێوەیەکی فەرمی (دۆناڵد ترامپ) لە مانگی (٢)ی ٢٠١٩ ڕایگەیاند، کە دەوڵەتی ئیسلامی لە سوریا و عێراقدا بە تەواوەتی تێکشکێنراوە.[2] بەڵام لە هەمانکاتدا ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی پێشو جۆن بۆڵتن (Joh Bolton) وەڵامی لێدوانەکەی سەرۆکی ئەمەریکای دایەوە، کە هەڕەشەکانی داعش کۆتای نەهاتوەو داعش وەک هەڕەشەیەک دەمێنێتەوە.[3] ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیە کە کۆتایهاتنی جەنگ بە تەنها لە ڕاگەیاندنی سیاسی کورت ناکرێتەوە. لەم چوارچێوەیەدا بیر و بۆچونی ستیفن وۆڵت (Stephen M. Walt) بە جۆرێکە، کە پشتگیری ئەو ڕایە دەکات کە دەوڵەتی ئیسلامی کۆتای نەهاتوە و ئەگەری بەهێزبونەوەی هەیە. چونکە بەربەستی گەورەتر ماون و ئەم جۆرە لە سیاسەتی پەراوێزخستنە، ڕەنگە ببنە هۆی ئەوەی پاڵ بە خەڵکەوە بنێن، کە خۆیان ڕێگەو شێوازی تر لە دەرەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت بگرنەبەر.[4] چونکە هەمو ئەو هۆکارانەی کە ئەم ڕێکخراوەیان دروستکردوە، بونیان ماوە.

لەم بارەیەوە توێژەری ئەمەریکی کێنث پۆلاک (Kenneth M Pollack) وەک یەکێک لە دیارترین کەسایەتییە ئەکادیمییەکان لە ئینستیتیوتی برۆکینگز باوەڕی وایە کە سەرکەوتن تەنها بە باڵادەستی سەرکەوتنی سەربازی فەراهەم نابێت ئەگەر خاوەن چوارچێوەیەکی سیاسیی نەبێت، بۆیە بە ڕای ئەو دەبێت پلانێک هەبێت، کە سەرکەوتنی سەربازی بکات بە دەستکەوتی سیاسی.[5] (کێنث پۆلاک) وەک لیکۆڵەرێک و نوسەرێک ناسراوە بەشارەزایی ناوچەکە، بە چاوێکی ڕەخنەیەوە باس لە داهاتو ئەم جەنگە دەکات، بەشێوەیەک ناتوانرێت باس لە هیچ جۆرە پلانێک بکرێت بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیری و بونیادنانەوە. پۆلاک دەیەوێت ئەو ڕاستیە بخاتەڕو کە چۆن لە دوای داگیرکردنی عێراق لە ٢٠٠٣ و کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ٢٠١١ دا، هیچ پلانێک بۆ دوای ئەو قۆناغانە بونی نەبوە و ئەو ئەنجامانەشی هاتوونەدی بەرهەمی ئەو بێ پلانییە بوە. هەروەها ئەوەی ئەو زۆر جەختی لەسەر دەکاتەوە، خۆی دەبینێتەوە لە باڵادەستی پلانی سەربازی بەسەر لایەنی مەدەنیدا. چونکە تەنها پشت بەستن بە لایەنی سەربازی بەبێ هاوسەنگی لە لایەنی مەدەنی بە مانای ئەوە دێت، کە هیچ توانایەکی

[1] Dodge, T., & Wasser, B. *The Crisis of the Iraqi State. Adelphi Series, 54(447-448),* (2014):31.

[2] Walt, Stephen M. ISIS is a Survivor, Aug.27, 2019, Available at< https://www.belfercenter.org/publication/isis-survivor > (Accessed 26 February 2020).

[3] Ibid,.

[4] Ibid,.

[5] Pollack, Kenneth, Iraq Situation Report, Part I: The military campaign against ISIS, March 28, 2016.

بڕیاڕدان و گۆڕانکاری و گەشەپێدانی نییە. بەم پێیە پلان و سیاسەتی دوای قۆناغەکان کورتکراوەتەوە بۆ سەرکەوتنی سەربازی، لەم دۆخەشدا بونی ئاڵۆزی و جەنگی ناوخۆی و مەزهەبی لە عێراقدا بژاردەیەکی کراوەیە. لە هەمانکاتدا لەبەردەم پرۆسەیەکی سەربازی گەورەداین، کە دەردەکەوێت بە هەمانشێوەی ئەزمونی ڕابردو بێ هیچ پلانێک لە دۆخێکی وەهادا دەتوانین ئەو دەرئەنجامە هەڵێنجێنین، کە سەقامگیری ڕەهەندێکی باڵای پەیوەست بە ڕەهەندی سەربازییەوە بوە نەک سەقامگیری سیاسی. چونکە پرسی دەستەبەرکردنی ئاشتی بنەمایەکی قووڵی سیاسی هەیە، بۆیە هەمیشە دەستەبەرکردنی ئاشتی و سەقامگیری دەستەبەرکردنێکی کاتی بوە.

بەکارهێنانی هێزیش لە چوارچێوەی دەستێوەردانی مرۆیی، دەبێت ئامانجەکە گشتی بێت. هەر لەم بارەیەوە دەکرێت باس لەوە بکرێت ژینگەی پشتگیری بۆ گروپە تیرۆرستییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ڕەنگدانەوەی فاکتەرەکانی ئاسایشی مرۆیی، کە هەریەکە لە ئاسایشی ئابوری، سیاسی و کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت. بەشێک لە توێژەرانیش هاتنەکای ئەم گروپە تیرۆریستیە دەگەڕێننەوە بۆ ئەنجامی ئەوەی کە هێزە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان پشتیان بە ئامرازی سەربازی بەستوە، بە مانایەکی تر مەبەست لەوەیە کە ئاسایشی سەربازی بە تەنها ناتوانێت دەستەبەری ئاسایش تاک، بەشێوە فراوانەکەی بکات. (ۆلزەر) وەک بیرمەندی هاوچەرخی تیۆری جەنگی ڕەوا، بە گومانە لە داهاتوی جەنگی دژ بە داعش، لە چەندین شوێن بابەتی ئەوەی ئایا تا چەند ئاشتی و دادپەروەری دوای ئەو جەنگ دەستەبەردەبێت؟ بابەت و پرسێکی پڕبایەخە، هەر ئەمەش بۆتە هۆکاری سەرەکی ئەوەی، کە بە ڕون و ئاشکرای بڵێت ئەم جەنگە لە دەستەبەرکردنی کۆتایەکی ڕەوادا، جەنگێکی ڕەوا نیە. بە سود وەرگرتن لە ئەزمونی جەنگی دژ بە تیرۆر، ناتوانرێت باس لە سەرکەوتن بکرێت بەسەر ئەم ڕێکخراوەدا. چونکە نابێ وەک دیاردەیەکی کاتی و ڕاگوزارییی سەیری ئەم ڕێکخراوە بکرێت بەڵکو دەبێت وەک پرسێکی دورمەودا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

ڕەخنەیەکی تر کە لەم بارەیەوە دەگیرێت ئەمەیە کە ئەزمونەکانی پێشتوتری دەستێوەردانەکانی ئەمەریکا سەرکەوتونەبون لە دابینکردنی ئاشتی و سەقامگیری. مەترسیەکان بەبۆچونی توێژەر و ئەکادیمی ئەلیکسەندەر (C. Alexander Ohlers) سەقامگیری دوای جەنگ بە یەکێک لە هەڕەشە و دادەنرێت، کە گەورەترە لە جەنگە سەرەکیەکە.[1] (ئەلیکسەندەر) لە ڕێگەی خستەنەڕوی چەند ئەزمونێکی پێشتر دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت، کە کۆتایی جەنگ ناتوانێت دەستەبەری ئاشتی و سەقامگری دواتر بکات. ئەمەریکا و هێزەکانی ناتۆ بە کەمتر لە ساڵێک تالیبانیان دورخستەوە، بەڵام پرۆسەی بەرەنگاربونەوەی ئەم گروپە و هەوڵەکانی

---

[1] Ohlers, C. Alexander. Iraq: Post-conflict Stabilization Redux, (2019), Available at: https://www.fpri.org/article/2017/02/iraq-post-conflict-stabilization-redux/ (Accessed 19 February 2020).

بونیادنانی دەوڵەت بونە درێژترین جەنگی ئەمەریکا. لە هەمان کەیسدا، لە ماوەی کەمتر لە چەند مانگێک ئەمەریکا توانا ڕژێمی سەدام حسێن لە دەسەلاّت بگۆڕێت، بەلاّم بەشداری لە بەرەنگاربونەوەی گروپە هەڵگەڕاوەکان و پرۆژەی بونیادنانی دەوڵەت دەیەیەکی زیاترە بەردەوامە. هەروەها هەمان ئەنجامیش دوبارە بۆتەوە لە کەیسی لیبیا، کە چۆن لە دوای ڕوخاندنی ڕژێمەکە، ئەو ولاّتە لە پاش جەنگ ڕوبەڕوی قۆناغێکی سەخت دەبێتەوە.[1] لە کەیسی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش، (ئەلیکسەندەر) پێی وایە کە ستراتیژی ئەمەریکا وەک سەرکردایەتی ئەو هاوپەیمانیەتیە جەختکردنەوەییە لە ستراتیژ و پلانێکی کورتخایەن و بەرتەسک، لە قۆناغی دوای جەنگدا خاوەنی ستراتیژێکی درێژمەودا نیە بۆ هێنانەکایەوەی سەقامگیری دوای جەنگ.[2] باشترین گەواهیدەرە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە، لە مێژوی چەند دەیەی ڕابردودا، خواستی ئەمەریکا ئەوە بوە زیاتر پشت بە سەرکەوتنی سەربازی ببەستێت و ئەم خواستەش بە ڕوی سیاسەتی دەرەوەدا ڕەنگیداوەتەوە.[3]

لە نوێترین لێکۆڵینەوەیاندا هەریەکە لە توێژەران ڕۆبێرتۆ بیلۆنی و ئایرن کۆستاتینتیک (Roberto Belloni & Irene Costantini) دیدێکی ڕەخنەی بۆ پەیوەندی نێوان دەستێوەردانە سەربازییە نێودەوڵەتیەکانی ئەمەریکاو بونیادنانی سەقامگیری دەخەنەڕو. ئەوان ئاماژە بە کەیسی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دەکەن، کە تێیدا ئەم دەستێوەردانە سەربازە هیچ ئاماژەیەک بە پرسی حکومڕانی و پرۆسەی ئاشتی و سەقامگیری نەکردوە.[4] بە باوەڕی ئەوان ئەرکی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە، لە پێناو هێنانەکایەوەی سەقامگیری و ڕێگریکردن لە دوبارە سەرهەڵدانەوەی گروپی تیرۆرستی پێویستە بە تەنها پشت بە سەرکەوتنی سەربازی نەبەسترێت. چونکە بەبێ پرۆسەی ئاشتەوایی و ئاوەدانکردنەوە و حکومڕانیەکی خاوەن شەرعیەتی گەل، ناتوانرێت هەوڵی بونیادنانی سەقامگیری بدرێت.[5] هەرچەندە هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی ئەوەی ڕاگەیاندوە، کە کار دەکەن بۆ هێنانەکایەی سەقامگیری و پرۆسەی ئاشتەوایی، لەم بارەیەوە هاوکاری حکومەتی عێراق دەبن.[6] بەلاّم لە بواری کرداریدا هەوڵە

---

(1) Ohlers, C. Alexander. Iraq: Post-conflict Stabilization,2019.

(2) Ibid,.

(3) پرۆفیسۆر جەیمس لێبوفیك (James H. Lebovic) لە زانکۆی (George Washington University) لە کتێبی (Planning to Fail: The US Wars in Vietnam, Iraq, and Afghanistan) دیدێکی رەخنەی قوڵ دەربارەی شکستی سیاسەتی ئەمەریکی لە بڕیاردانی جەنگ لە چەندین کەیسی جیاواز دەخاتەڕو. کە نەتوانراوە ئامانجەکانی پشت ئەو جەنگانە دەستەبەر بکرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە قۆناغێك هاتۆتەکاییەوە زۆر خراپتر بوە. لەم کتێبەدا وەلاّمێکی ڕەخنەی بۆ چەندین پرسی پەیوەست بە جەنگ لە ستراتیژ و سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا خراوەتەڕو:

Lebovic, James H. *Planning to Fail: The US Wars in Vietnam, Iraq, and Afghanistan*. Oxford University Press, 2019.

(4) Belloni, Roberto, and Irene Costantini. "From liberal statebuilding to counterinsurgency and stabilization: The International intervention in Iraq." *Ethnopolitics* 18, no. 5 (2019):6.

(5) Ibid,:6-8.

(6) Global Coalition. How the coalition is stabilising the liberated areas. Global Coalition against Daesh (2017, February 15). Available at http://theglobalcoalition.org/en/how-the-coalition-is-stabilisingliberated-areas/ (Accessed 27 May 2020).

نێودەوڵەتییەکان زۆر سنورداربون و هەڵگری ستراتیژ و پلانێکی تۆکمە نەبون. تێزی سەرەکی پشت ئەم لێکدانەوانە ئەوەیە کە بە تەنها سەرکەوتنی سەربازی ناتوانێت زەمانەتی نەگەڕانەوەی داعش بکات. لە ساتی نوسینی ئەم دوا بەشەدا، دەبینین کە ئەگەرەکانی دەستەبەرنەکردنی ئاشتی و سەقامگیری زیاتر و زیاتر دەبن.

هەروەک باسمانکرد ناوەڕۆکی سەرەکی ئەم تیروانینە بریتییە لەوەی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش، زیاتر هاوپەیمانیەتیەکی سەربازییە بۆ لە ناوبردنی داعش. بەهۆی سیاسەتە هەمیشە کورتخایەنەکانی ئەمەریکا، ئەم هاوپەیمانیەتیەش خاوەنی نەخشە ڕێگایەکی سیاسیی بۆ دوای تێکشکاندنی داعش لەڕوی سەربازیەوە نەبوە. ئەگەر لە ڕوانگەی تیۆری جەنگی ڕەواوە بڕوانین، ئەوە دەبێت ئاماژە بەو ڕاستییە بکرێت بە تەنها ناکرێت لە گۆشەنیگای تەواو سەربازییەوە لێکبدرێتەوە. ئەمەش بەیەکێک لە مەترسیەکانی دوای قۆناغی جەنگ وێنا دەکرێت. لەوناوچانەی کە ڕوبەڕوی وێرانکاری بونەتەوە، حکومەت شکستی هێناوە لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان، کە ڕوبەڕوی وێرانکاریەکی زۆر بونەتەوە ئەمەش بە یەکێک لە مەترسیەکان دادەنرێت لە نەگەیشتن بە سەقامگیری، چونکە پێش هەمو شتێک پێویستیان بە خزمەتگوزاریە گشتیەکان هەیە. وەک ئەوەی لە بەشەکانی پێشوتر ئاماژەمان پێدا یەکێک لە کارە گرنگەکانی هاوپەیمانیەتیەکان بریتی بوە لە هاوپەیمانیەتی بونیادنانەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانیە لە ستراتیژی ڕوبەڕوبونەوەی داعشدا، پرۆسەی بونیادنەوە نەبۆتە جێگەی بایەخی گەورەی کارەکتەرەکانی ئەم هاوپەیمانیەتیە، ئەمە لەکاتێکدا کە ئابوری عێراق ڕێخۆشکەر نیە بۆ پرۆسەی بونیادنانەوە. ئەمەش وادەکات بڕوامان بە ئەگەرەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتیەکی ڕەوا نەبێت.

هەر دەوڵەتیک دەست بە جەنگ بکات دەبێت هۆکارێکی ڕەوای هەبێت و پابەندی یاساکانی جەنگ بێت. بەڵام ئەو پێوەرانە بۆ جەنگێکی ڕەوا بەس نین. چونکە جەنگی ڕەوا پێویستە کۆتایەکی ڕەوای هەبێت. جەنگ ئەگەر بەشێوەیەکی یاسایانەش بکرێت لەپێناو هۆکارێکی ڕەوا لەوانەیە هەرچۆنێک بێت کۆتایەکی ڕەوا بەدەست نەهێنێت. ئەگەر هاتو ئاشتییەکی دورمەودا هۆکارێکی بنەڕەتی بێت بۆ جەنگ و لەڕوی مۆڕاڵیەوە پاساوەکەی دروستکردنی ئاشتی بێت. لێرەدا دادپەروەری دوای جەنگ پێوەری سەرەکیە و ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت بۆ بڕیاردان لەسەر ئەخلاقیەتی جەنگدا. لەکاتێکدا هەردوو بنەمای یەکەم و دووەم برەودانە بە سیاسەتێکی سەربازی ئەخلاقی، بەڵام بنەمای سێیەم چارەسەری بابەتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی دەگرێتەخۆ، کە دەکرێت چارەسەرنەکردنی ئەو گرفتانە ببنە بەربەست لەبەردەم ئاشتی دوا جەنگ.[1] ئەگەر تیۆری جەنگی ڕەوا، ڕێگە بە توندوتیژی بدات بۆ هێنانەکایەوەی ئاشتی، کەواتە جەنگی ڕەوا بریتی دەبێت لە پێکدادانی چەکداری، کە بونیادنانی ئاشتی تەواوەتی بەدوادا دێت. بۆیە توێژینەوەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە لە جەنگی

[1] McCready, Doug. "Ending the war right: Jus post bellum and the just war tradition." *Journal of Military Ethics* 8, no. 1 (2009): 68.

ڕەوادا پێویستە دروستکەرانی بڕیار پلانیان هەبێت بۆ ئاشتیەکی دورمەودا، پێش دەستپێکردنی جەنگەکە، ئەم پلانە دەکرێت کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ستراتیژی سەربازی جەنگەکە هەبێت.

لەوەوە دەکرێ ئەوە بگوترێ کە توێژەران و دروستکەرانی بڕیار بە گومانن لە بونیادنانی سەقامگیری و ئاشتی. (ۆڵزەر) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە چ ڕودەدات لە دوای جەنگ، دان دەنێت بەوەی کە دەوڵەتان هۆکارێکی ڕەوایان هەیە بۆ بەزاندنی داعش، بەڵام ئەو وا بیرناکاتەوە ئەو سەرکەوتنە بەڕەوایەتی تێپەڕێت.[1] چونکە ناوەڕۆکی سەرەکی لێکدانەوە و هزرەکانی (ۆڵزەر) ڕەخنەگرتنە لە نەبونی بنەما و ستراتیژی دوای کەوتنی داعش. لە کاتێکدا داعش هیچ ڕوبەرێکی خاکی بە تەواوەتی بەدەستەوە نەماوە، بەڵام هێشتا وەک هێزێکی کاریگەر لە عێراقدا لە داهاتودا پێشبینیکراوە. چونکە هەمو ئەو بنەمایانەی کە پێویست بون لە قۆناغی پاش جەنگ پەیڕەونەکراون و دادپەروەری و ئاشتی نەتوانراوە دەستەبەر بکرێت. کاتێک کە دەوڵەتێک بێتوانایە لە تێگەیشتن لە کێشەکان، هەمیشە هەوڵدەدات سەرکەوتنە کاتییەکان وەها لێکبداتەوە، کە سەرکەوتنی کۆتاییە. لە ئەنجامی ئەمەدا ئاشتی نایەتە ئاراوە چونکە خاوەن ستراتیش و سیاسەتێکی دورمەودا لە پشت ئەم سەرکەوتنە نییە.[2] وەک دەرئەنجامێکی ئەو ڕاڤەی سەرەوە، دەتوانرێت ئەم دیدە وەها لێکبدرێتەوە، کە لەم جەنگەدا پشت بە بەڕێوەبردنی ململانێ (Conflict management) بەستراوە، لەوەی پێداگیری بکرێت لەسەر چارەسەری ململانێ (Conflict resolution). چونکە چارەسەری ململانێ پەیوەستە بە بنبڕکردنی ئەو هۆکارانەی کە ململانێیان دروستکردوە. بۆیە ئەوەی لە عێراقدا دەگوزەرێت خۆی لەم تێگەیشتنە گشتیەدا دەبینێتەوە کە ڕێگری لە توندوتیژی دەکات، بەشێوەیەکی کاتی، بەڵام لەبەرئەوەی چارەسەری ململانێکان نەکراوە لە داهاتودا بە فۆرم و شێوازی تر سەریان هەڵداوەتەوە.

لە بەرئەنجامی ئەم تێگەیشتنەدایە کە تیۆرداڕێژەرانی تیۆری جەنگی ڕەوا باوەڕیان وایە، کە کۆتای ڕەوا قورسە بێتەدی لەڕێگەی جەنگی دژ بە داعش. چونکە ئەم کۆتاییە پێویستی بە پێکهاتەیەکی نوێی سیاسی هەیە، ئەمەش لە بواری جێبەجێکردندا لە دەرەوەی ئەگەرەکاندایە.[3] گرفتی ئەم سەرکەوتنە سەربازییە، ئەوەیە کە ئەم سەرکەوتنە بە شێواز و ئاڕاستەیەک نییە کە بچێتە خزمەتی لایەنی سیاسی و ئابوری و ئاشتی لە بەڕێوەبردنی وڵات. لە هەمانکاتدا داعش

---

[1] Tesón, Fernando R. "The Case for Armed Intervention against the Islamic State of Iraq and Syria." *The Independent Review* 21, no. 2 (2016): 191.

[2] توێژەر کاثرین زمیرمان (Katherine Zimmerman) لە دامەزراوەی (The American Enterprise Institute) دیدێکی ڕەخنەی لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر گروپە سەلەفیە جیهادیەکان دەخاتەڕو. لە هەمانکاتدا پێشنیاری چەندین سیاسەت و ستراتیژ دەکات کە پێویستە ئەمەریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی پەیڕەوی بەکەن وەك میکانیزمی گونجاو بۆ بەرەنگاربونەوەی گروپە سەلەفیە جیهادیەکان لە جیهاندا، بۆ زانیاری زیاتر بروانە:

Zimmerman, Katherine. "Beyond Counterterrorism: Defeating the Salafi-Jihadi Movement." *AEI paper & Studies* (2019): COV.

[3] Teson, Fernando R., ISIS and Just War Theory,December 9, 2015.

بەرهەمی شکستی حکومڕانی و دەسەڵاتە، بۆیە نەهێشتنی ئەو مەترسیە، ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە چارەسەری سیاسیەوە نەک تەنها سەرکەوتنی سەربازی. ڕەنگە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە کارێکی ئاسان نەبێت، بەڵام میکانزمێکی واقیعیانەیە و پێوستی بە دیاریکردنی قۆناغێکی گواستنەوەیە بۆ ئەوەی پێشکەوتن لەم بوارانەدا بێتەکایەوە.

بە گشتی دەتوانین بڵێین، ئەو توێژەرانەی ڕەخنەیان لە چۆنیەتی ڕاگەیاندنی سەرکەوتن بە سەر تیرۆردا گرتوە سودیان لە شیکردنەوەی ئەزمونی جەنگەکانی ڕابردو وەرگرتوە. لە دوای ١١سێپتەمبەرەوە، ئەمەریکا کار لەسەر سەرکەوتنی سەربازی و کوشتنی زۆترین تیرۆرست دەکات بە بێ بونی ستراتیژی بونیادنانەوەی ئەو ناوچانەی کە بونەتە سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئەو گروپە توندڕەوانە. بۆیە ئەمەریکا نمونەیەکی سەرکەوتوی لەو ناوچانەدا نییە و هەوڵە نێودەوڵەتیەکان بۆ بەرەنگاربونەوەی تیرۆر بە سنوردار دادەنرێن. وەک پرۆفیسۆری کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی جۆرج تاون پاوڵ میلەر (Paul D. Miller) دیدێکی ڕەخنەی دەخاتەڕو بەرامبەر ستراتیژی ئەمەریکا، ئەوەیش خۆی لە کوشتن تا ئەو ڕادەیەی گونجاوە دەبینێتەوە، لەبەرامبەر کەمترین گرنگیان بە دادپەروەری و ئاشتی هەمیشەیی داوە لەو ناوچانەی کە گروپە تیرۆرستیەکان کردەوەکانیان تێیدا ئەنجام دەدەن.[1] بۆیە ئەم ستراتیشە بێ کاریگەر دەبێت ئەگەر پرۆسەی بونیادنانەوە لە خۆنەگرێت، چونکە ڕونە گروپە جیهادییەکان لەو ناوچانە گەشەدەکەن کە جەنگی ناوخۆیی، دەوڵەتی شکستخواردو، توندوتیژی و نەبونی سەقامگیری تێدایە. بۆمبارانکردنی بێسنوری گروپە جیهادییەکان بەبێ بوونی کارنامەیەکی سیاسیی دەبێتە درێژکردنەوەی توندوتیژیەکان، چونکە بۆ گەیشتن بە کۆتای تەنها یەک ڕێگا هەیە ئەویش بونیادنانی ئاشتیەکی ڕەوایە.[2]

لە دوای قۆناغی ٢٠٠٣ ئەمەریکا بارودۆخێکی دروستکرد، کە پێویستی بە بونیادنانی ئاشتی و سەقامگیری لە پاش جەنگ هەبو، بەڵام ئەوەی ڕون بوە لەو قۆناغەدا بێ پلانی بو بۆ چۆنیەتی دەستەبەرکردنی ئەو ئاشتیە. لەڕێگەی ئەو بارودۆخەدا زەمینەی دەرکەوتنی ڕێکخراو و گروپە تیرۆرستیەکان و گەشەسەندنیان بەشێوەیەکی زۆر فراوان بەرزبۆتەوە. لە ڕوی سیاسیەوە، ئەمەریکا شکستی هێناوە لە دەستەبەرکردنی ئاشتی و سەقامگیری لە دوای جەنگ. لە ڕوی مۆراڵیشەوە، ژینگەیەکی جۆرێک لە ئاژاوەگێری بەرهەمهێنا،[3] چونکە بە گوێرەی داتاکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ژمارەی گروپە تیرۆریستییەکان لە ٢٠٠٢ (٢٨) گروپ و لە ٢٠٠٩ (٤٤) گروپ بوو بێت، ئەو ئەو ژمارەیە لە ئێستا بەرزبۆتەوە بۆ زیاتر لە (٦٠) گروپ،

---

[1] Miller, Paul D, What a just war against Islamic State looks like, January 21, 2016, Available at: https://providencemag.com/2016/01/what-just-war-against-the-islamic-state-looks-like/(Accessed 26 March 2020).
[2] Ibid,.
[3] Sullivan, Shannon. "Jus Post Bellum: Post--War Responsibilities." PhD diss., Duke University, 2015.38.

ئەمەش وەک بەڵگەیەک دەخرێتەڕو بۆ شکستی ستراتیژەکانی وەڵامدانەوەی تیرۆر.[1] لە کەیسی دوای داعش، دەکرێت هەست بەو گۆڕانکارییە بکرێت کە سیاسەتی ئەمەریکا بۆ قۆناغی دوای جەنگ لە پاشەکشێدایە. ئەو هەنگاوانەی، کە پێویستە بنرێن دەبێت بە ئاقاری ئەم چارەسەرەدا بڕۆن. کە تا ئەم باوەڕەش نەبێتە هاندەری سەرەکی، لە ڕێگەی جەنگەوە ناتوانرێت ئاشتی و سەقامگیری دەستەبەر بکرێت.

**٨_٥ ئەنجام:**

پرسی ئەوەی کە کۆتای جەنگ چۆن دەبێت، بەیەکێک لە بابەت گرنگ و پڕ هەستیارەکانی ڕەوایەتی جەنگ دادەنرێت. کۆتای جەنگ بەشێوەیەکی ڕەوا پێویستی بە نیەت، سەرچاوە و پلان هەیە. پێوانەکردنی کۆتایەکی ڕەوا بۆ جەنگ خۆی لە دەرئەنجامێک کە ژینگەی نێودەوڵەتی دەبێت زۆر سەقامگیرتر بێت دەبینێتەوە لە قۆناغی پێش جەنگ. لێرەدا تیۆری جەنگی ڕەوا بە شێواز و میکانیزمی گونجاو جەخت لە دەستەبەری ئەو بنەمایانە دەکاتەوە و دەیەوێت پێکدادانە چەکدارییەکان بەشێوەیەکی ڕەوا کۆتاییان پێبێت. ئاشکرایە دروستکردنی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و ڕووبەڕووبونەوەی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش چارەسەرێکی کاریگەر بو تاو ئەو ڕادەیەی کە مەترسی کردەوەی تیرۆرستی کەمکردەوە، بۆیە دەتوانرێت بگوترێت کە سەرکەوتو بوە لە چارەسەرێکی کورت مەودادا. بەڵام پرسیارە سەرەکیەکە پەیوەستە بە بونی هۆکارەکانی سەرهەڵدان و دروست بونی تیرۆر لە ناوچەیەکی دیاریکراودا و دواتر گواستنەوەی بۆ ئاستی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

لەم بارەیەوە لە قۆناغی پاش جەنگ دا لە کەیسی ڕووبەڕووبونەوەی داعشدا ئەو سەقامگیرییەی دێتەکایەوە کاتیە، چونکە چارەسەرەکان بە ئاڕاستەی هێنانەکایەوەی دادپەروەریدا نین. بەهۆی نەبونی ستراتیژێکی نەتەوەیی بۆ تاوانە گەورەکان لە عێراقدا، نەتوانراوە تاوانبارانی جەنگی داعش ڕووبەڕوی دادپەروەری بکرێنەوە، لە هەمانکاتدا، هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی بەرپرسیاریەتی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری تاوانکاری لە ئەستۆ نەگرتوە. ڕێکەوتنێکی سیاسی نییە، کە پرۆسەی ئاشتەوایی لە نێوان پێکهاتەکاندا لەخۆبگرێت. چونکە شەرعیەت و حکومڕانیەکی باش ئەو میکانیزمە بنەڕەتین بۆ سەرهەڵنەدانەوەی ئەو بارودۆخەی کە دەبنە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی تیرۆر. سەرکەوتنی سەربازیش پێوەری سەرەکی بۆ گەیشتن بە دادپەروەری و سەقامگیری لە دوای جەنگ نییە. هەر بۆیە چاوەڕی ناکرێت توندوتیژی لە داهاتوێکی نزیک کۆتای بێت، هەروەک چۆن گروپە تیرۆرستییەکانی پێشوتر لە فۆرم و شێوازێکی تر سەریانهەڵداوەتەوە.

---

[1] Chesney, Robert. Is the War Model of Counterterrorism a Failure? A Response to Micah Zenko, August 25, 2017, Avliable at< https://www.lawfareblog.com/war-model-counterterrorism-failure-response-micah-zenko>(Accessed 12 March 2020).

# ئەنجام وپێشنیار

له دوای شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئارگۆمێنتە سەرەکییەکان سەبارەت بە جەنگی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژ بە تیرۆریزم لە چوارچێوەی تیۆری جەنگی ڕەوادا، توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجام و پێشنیارانەی خوارەوە:

**یەکەم: ئەنجامەکان:**

١. تیۆری جەنگی ڕەوا لەژێر هەندێک مەرج و بارودۆخدا ڕێگە بە جەنگ دەدات و پشتگیری دەستێوەردانی سەربازی دەکات. بۆیە لە ڕوی تیۆرییەوە، جەنگی ڕەوا دەستەبەری تێگەیشتنێکی وردی کردوە بۆ قۆناغەکانی جەنگ و لە چ کاتێک دەوڵەتان دەچنە جەنگ و داهاتوی قۆناغی دوای جەنگ چۆن دەبێت، کە هەوڵدەدات ئاشتی تێیدا بێنێتەکایەوە.

٢. توێژینەوەکە پیشانی دەدات بۆ ئەوەی جەنگ ڕێگەپێدراو بێت لەگەڵ سەرهەڵدانی چەمکی تیۆری جەنگی ڕەوا، چەندین بنەمای سەرەکی داڕێژراون، کە بەپێی قۆناغە جیاوازەکان گەشەیان پێدراوە و ڕەوابونی جەنگیان پێوە بەند بوە. مێژوی تیۆری جەنگی ڕەوا هەوڵێکە بۆ لە قاڵبدانی پانتایی بەکارهێنانی هێز لەسەر بنەمای پانتای مۆڕاڵ. کێشانی سنور لە نێوان شێوازی جەنگی ڕەواو ناڕەوادا و پاشان بونیادنانی بنەماکانی بەشێکی سەرەکی بوە.

٣. تیۆری جەنگی ڕەوا بریتییە لە ڕەوتێکی هزری، فەلسەفی، سیاسی و مۆڕاڵی بەرفراوان کە چەندین بیرمەند و تیۆرداڕێژەر لە خۆدەگرێت. ئەم تیۆرە مێژوێکی دور و درێژی لە ڕۆژئاوادا هەیە، دەتوانرێت بگەڕێندرێتەوە بۆ بیرمەندان (ئاگۆستین و ئەکوینی). لە سەردەمی هاوچەرخیش ئەم تیۆرە گشگیرتر و فراوانتر دەبێت و سێ قۆناغی سەرەکی وەک (پێش جەنگ، کاتی ڕودانی جەنگ و قۆناغی دوای جەنگ) دەگرێتەخۆ.

٤. پێویستە دروستکەرانی بڕیار بارودۆخەکانی پێش جەنگ بە هەند وەربگرن بۆ چونە ناو جەنگ. ئەم قۆناغەش چەند مەرجێکی سەرەکی لە خۆدەگرێت، کە پێویستە لە ڕوی ئەخلاقییەوە پاساوداربن بۆ بڕیاردان لەسەر جەنگ کە ئەمانە دەگرێتەوە: (هۆکارێکی ڕەوا، نیەتێکی دروست، دەسەڵاتێکی شەرعی، ئەگەری سەرکەوتن، دوا بژاردەو هاوڕێژە). هۆکارێکی ڕەوا بریتییە لە گرنگترین پێوەر، کە دەبێت لە قۆناغی چونە جەنگەوە ڕەچاوبکرێت. بە کورتی پێویستە کۆمەڵگای سیاسی تەنها کاتێک بچێتە جەنگەوە وەک وەڵامدانەوەی کارێکی دەستدرێژیکەر. نیەتی دروست پێویستی بەوەیە کە قوربانیەکی زۆری لێنەکەوێتەوە. دەسەڵاتی شەرعیش ڕێگایەکە بۆ کەمکردنەوەی ڕودانی جەنگ، ڕێکخستنی ڕاگەیاندنی جەنگ بەشێوازێک کە تەنها سەرکردەی کۆمەڵگای سیاسی بڕیار لەسەر ئەمەبدات. پێویستە بڕیاربەدەست هەڵسەنگاندنێکی ورد و بێلایەن بکەن بۆ ئەو بارودۆخانەی کە لەڕودانی جەنگ دێنەپێشەوە.

٥. قۆناغی دووەم پەیوەستە بە ڕەفتاری جەنگەوە (jus in bello): بە گوێرەی پێوەرە ئەخلاقییەکان ئەو بنەمایانە دەگرێتەخۆی، پێویستە لە کاتی بەڕێوەچونی جەنگدا لەبەرچاوبگیرێن، وەک گرنگترین ئەو بنەمایانەی کە مافی ئەو کەسانە دەپارێزێن کە جەنگاوەر نین و بەشێک نین لە پرۆسەی جەنگ. ئەمەش ئەو مانایە دەگەیەنێت خەڵکی مەدەنی نابێت بە هیچ نیەتێکەوە ئازار بدرێن و بە ئامانج بگیرێن. ئەم بنەمایەش خۆی لە دوو پرانسیپی سەرەکی وەک جیاکاری و هاوڕێژەی دەبینێتەوە. بنەمای هاوڕێژە مانای ئەوەیە، کە ئەو هێزەی کە بەکاردەهێنرێت لە پێناو ئامانجە ڕەوایەکەدا دەبێت بە جۆرێک بێت کە زیادەڕەوی تێیدا نەکرێت و لە باری مۆراڵییەوە قبوڵکراو بێت. ئەم بنەمایەش بەتەواوەتی لە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیدا ڕەنگیداوەتەوە.

٦. قۆناغی سێیەمیش (jus post bellum) ئەو بنەمایانە دەگرێتەوە، کە دەیەوێت ئاشتی ڕەوا دەستەبەربێت لە نێوان دەوڵەتاندا. ئەم پرانسیپە بەبەراورد بە دوو بنەمایەکەی تر تازەترە لە ئەدەبیاتی تیۆری جەنگی ڕەوادا بە چارەسەری ململانێ (Resolution of conflict) ناودەبرێت. چوارچێوەیەکی مۆراڵی پێشکەش دەکات بۆ گواستنەوە لە قۆناغی جەنگ و توندوتیژیەوە بۆ هێنانەکایەوە ئاشتیەکی بەردەوام. هەر لەم قۆناغەدا دادپەروەری لە دوای جەنگ دەستەبەر دەکرێت لەڕێگەی دادگایکردنێکی ڕەوا بۆ تاوانبارانی جەنگ. تاوانبارانی جەنگ بەپێی سەرپێچیکردنی بنەماو پرانسیپەکانی تیۆری جەنگی ڕەوا دەستنیشان دەکرێن، کە چەندین شێوازی جیاواز لە خۆدەگرێت. بۆیە بەشێوەیەکی گشتی ئەم تێگەیشتنە، ڕوانینێکی هاوچەرخە بۆ جەنگی ڕەوا.

٧. ناکرێت پێشبینی ئەوە بکرێت، کە بنەماکانی تیۆری جەنگی ڕەوا هەمیشە بەشێوەیەکی وردو تەواو جێبەجێبکرێن، ئەمە لەکاتێکدا کە تێزو بنەماکانی ئەم تیۆرە نەخشە ڕێگای لێک جیاکردنەوەی جەنگی ڕەواو ناڕەوایە لە بەکارهێنانی توندوتیژی سیاسیدا. ڕون بۆوە، کە هێزی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ئەمەریکا توانی بگات بە هەندێک لە پێوەرەکانی جەنگی ڕەوا، هەروەها شکستهێنان لە هەندێک لە بنەماکانی تردا. هەروەک لەم توێژینەوەیەدا باسکراوە، ئەگەر هاتو هەمو پێوەرەکان ئامادەیان نەبو، پێویست و گرنگە پێوەرەکانی تر بونیان هەبێت. بەڵام بۆئەوەی جەنگێگ بە ڕەوا دابنرێت، پێویستە بگەین بە هەمو پێوەرەکان. لەبەرئەوە دەستێوەردان بەشێوازێکی بەشەکی ڕەوایە، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە بەشێکی تریشی ناڕەوایە.

٨. جەنگی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی، خاوەن ڕەوایەتی دەستپێکردنی جەنگە، ئەویش بە پشت بەستن بە داڕشتنی بنەماکانی و خوڵقاندنی ڕەوایەتێک بۆ بڕیاردان لە سەر جەنگ. چونکە خاوەن هۆکارێکی ڕەوایە لە پاراستنی دانیشتوانی مەدەنی و بنەما یاساییەکانی وەک دەستێوەردانی مرۆیی و بەرگری خود و داواکاری حکومەتی عێراق بۆ ڕەزامەندی دەستێوەردان دەسەڵاتێکی ڕەوای بەخشیوەتە ئەم هاوپەیمانیەتییە. بەڵام لە هەنگاوی دووەمدا،

كه خۆی له ئامرازەكانی جەنگدا دەبینێتەوە، ئەم هاوپەیمانیەتیە ڕوبەڕوی سەرپێچی بنەماكانی یاسای جەنگ و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی بۆتەوە. لەمیانەی ئەم پرۆسەیەدا، بەهۆی تێكەڵكردنی ئامانجی مەدەنی و سەربازی و لاوازی جیاكاركردن قوربانیانی مەدەنی ئاستێكی بەرزی تۆماركردووە و ئەنجامدا له ڕەوایەتی ئەم جەنگەی كەمكردۆتەوە. دەتوانین بڵێین ئەم هاوپەیمانیەتیە له ئامانجە ڕاستەوخۆ و كاتیەكەدا سەركەوتو بوە، كه خۆی دەبینێتەوە له ڕێگریكردن له فراوانخوازی داعش و شكستپێهنانی حكومڕانی و گێڕانەوەی ئەو ناوچانەی داگیری كردبون. بەڵام ئەگەر ئامانجەكە گەورەتر ببینین وەک ئەوەی تیۆری جەنگی ڕەوا بۆ ئێمەی وێنا دەكات، بۆ قۆناغی دوای جەنگ، كه خەسڵەتە سەرەكیەكەی بریتییە له ئامانجی هێنانەكایەی ئاشتییەكی دور مەودا لەڕێگەی دامەزراوەی سیاسی خاوەن شەرعیەت، سەروەری یاسا، ئازادی له توندوتیژی  و مافەكانی مرۆڤ ئەنجامێكی ڕونی نییە.

٩. هەوڵە نێودەوڵەتییەكان به ئامانجی بەرقەراركردنی دادپەروەری به تایبەت بۆ بەشێک له قوربانیانی دەست داعش بەشێوەیەكی خێرا و پێویست نەبوە. بەهۆی نەبونی ستراتیژێک بۆ هاوكاری و چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ تاوانە گەورەكان له عێراقدا، دادگا ناوخۆییەكان شكستیان هێناوە لەوەی كه ئامانجە سەرەكییەكانی پرۆسەی لێپرسراویەتی تاوانكاری له دادگایكردنی تاوانبارانی جەنگ بەجێ بگەیەنن.

١٠. هێشتا عێراق له ژێر مەترسی تیرۆر ڕزگاری نەبوە، له هەمانكاتدا ئەو هۆكارانەی كه دەرهاوێشتەی تیرۆرن وەک حوكمڕانییەتێكی لاواز، نەبونی دەسەڵات و توانا، گروپە چەكدارییەكان، ئاوارەیەكی زۆر وەک هەڕەشەیەكی ستراتیژی هەن.

١١.  تەنها چارەسەری سەربازی نابێتە هۆی كۆتایی هێنان به توندوتیژی. بۆیە سەرەڕای تێكشكانی داعش، بەڵام قۆناغی پاش جەنگ نەبۆتە هۆكاری دروستكردنی متمامە و هەستكردن به دڵنیایی و سەقامگیری. ئەگەرچی لەدەستدانی زۆرینەی ڕوبەری جوگرافیای ژێر كۆنترۆڵی و تەنانەت ڕاگەیاندنی كۆتایی جەنگ، بەڵام دوبارە سەرنجەكان بۆ چۆنێتی چالاكیی ئەو ڕێكخراوە تیرۆریستییە و هەڕەشە و مەترسییەكانی دەچێت. بەبێ هەوڵێكی لەم چەشنە و ویستێكی سیاسی بۆ ئاشتی و دادپەروەری لەنێوان كارەكتەرە كاریگەرانەی ناوچەكە، توندوتیژیە درێژخایەنەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام دەبن.

١٢. سەرەڕای ئەوەی ئەم جەنگە بۆتە هۆی ڕزگاركردنی چەندین ملیۆن هاووڵاتی مەدەنی له ژێر دڕەندەترین گروپی تیرۆریستی و هەروەها ڕێگریكردن له ڕودانی قوربانی و جینۆسایدی گەورەتر. بەڵام هەنووكە دیدێكی ڕۆشن بۆ ئاینده نییە، شكستی داعش له ڕوی سەربازیەوە به مانای كۆتایی توندونیژی نیە، بۆیە پێشبینی ناكرێت له داهاتوێكی نزیكدا ئاشتی و سەقامگیری دەستەبەر بكرێت، سەرهەڵدانی گروپ و ڕێكخراوی تیرۆرستی به ناو شێوازی تر هەمیشە بژاردەیەكی كراوەیە. كۆتاییپێهێنانی سەركەوتوانە بۆ جەنگە (بێ كۆتایەكان)ی ئەمەریكا پرۆسەیەكی زۆر گشتگیرترە وەک لەوەی كه بانگەشەی بۆ دەكرێت. سەركەوتن له جەنگ

پێویستە یەکانگیربێت لەگەڵ هەوڵدان بۆ سیاسەتێکی گرنگ بۆ گۆڕانکاریکردن لە دیدو ڕۆڵی ئەمەریکا لە جیهاندا. هەروەها هەوڵێکی زۆری پێویستە بۆ گۆڕانکاری لە بارودۆخ بۆ زیادکردنی کاریگەریدانان لەسەر گروپە جیهادیە توندڕەوەکان و هەروەها گەشەپێدان و بەهێزکردنی بژاردە جیاوازەکان لە پێناو دەستەبەرکردنی ئاشتی و سەقامگیری. پێویستە کۆی ستراتیژەکانییتر بخرێنەگەڕ بە تایبەت بەهێزکردنی یاسا ناوخۆییەکان بۆ ڕێگریکردن لە شەڕکەرانی بیانی و گەشەپێدانی حکومڕانییەکی باش و سەرکەوتو لەو ناوچانەی کە تیرۆرستان گەشەیان تێیدا کردوە.

١٣. توێژینەوەی تر لە ڕەهەند و لایەنەکانی تیۆری جەنگی ڕەوا لە چوارچێوەی ئەم کەیسەدا بۆ داهاتو بە گرنگ دادەنرێت، کە دەکرێت ببێتە هەنگاوێکی گرنگ و بە بەها لە وەڵامدانەوەی پرسەکانی تری پەیوەست بە ئەم بابەتەوە. لە کاتێکدا پرسی جەنگی ڕەوا و پەیوەست بە کەیسی تیرۆر بابەتێکی گرنگە، نەبونی ئەدەبیاتی زۆر لەو بوارەدا، ئەنجامدانی توێژینەوەی داهاتو لەم بوارەدا دەکاتە پێویستی.

## پێشنیارەکان:

### بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، لایەنە پەیوەندیدارە نێودەوڵەتییەکان:

١. پێویستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پاڵپشتی هەمو هەوڵێک بکات بۆ هێنانەکایەی میکانیزمی گونجاو بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری بۆ قوربانیانی جەنگ و پێشێلکارییەکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی.

٢. ئەرکی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەنجومەنی مافی مرۆڤە، کە برەو بە بابەتی لێپێچینەوە بدەن لە عێراق لە پێناو زامنکردنی دادپەروەری و هەمو ئەو کەسانەی توندوتیژی و پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤیان ئەنجامداوە، لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.

٣. حکومەتی عێراق پێویستی بە پلان و بەرنامەیەکی تۆکمەی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی هەیە، بۆ دابینکردنی ئاسایش و هاوکاری مرۆیی بۆ ئاوارەکان و ئەم کێشە چەکدارییە ناوخۆییەی، کە لەئێستادا لە عێراق لە ئارادایە.

٤. دابینکردنی هاوکاری و پشتگیری تەکنیکی بۆ حکومەتی عێراق لە پێناو هێنانەکایەی پلانێک بۆ قەرەبوکردنەوەیەکی گشتگیر و گونجاو بۆ قوربانیانی دەستی داعش.

٥. لە پێناو باشترکردنی ژێرخان و دەرفەتی بژێوی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لەو ناوچەنەی ڕوبەڕوی جەنگ بونەتەوە، پێویستە کار بکرێت بۆ دروستکردنی سندوقێکی گشتگیری قەرەبوکردنەوە بۆ ئەو کەسانەی کە لە ئەنجامی هێرشەکانی هاوپەیمانان لەماوەی جەنگدا زەرەرمەندبون و زیانیان بەرکەوتوە.

